ئیرڤین دی. یالۆم

# کاتێ نیچە گریا

وەر ێڕانی
دڵشاد هیوا

کوردستان - هەولێر
٢٠٠٦



**ناوی کتێب: کاتێك نیچە ریا**

- وەر ێڕانی: دلشاد هیوا
- نەخشەسازی ناوەوە: ۆران جمال رواندزی
- بەرگ: سەیوان سەعیدیان
- سەرپەرشتی چاپ: هێمن نەجات
- ژمارەی سپاردن: ٣٩٨
- تیراژ: ١٠٠٠ دانه
- چاپی یەکەم ٢٠٠٦
- نرخ: ٦٠٠٠ دینار
- چاپخانە: چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە

زنجیرەی کتێب –٦٦– (١٦٩)

ناونیشان
دەز ای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی
پۆستی ئەلکترۆنی: asokareem@ maktoob.co
ژمارەی تەلەفۆن : 2260311
www.mukiryani.com

PDF4Kurd

پێشکەشە بە ﴿سەرکەوت حەمە کەریم﴾

ئەو هاوڕێیەی ئێوارەیەك چووە بناری مەرگ و

گەڕایەوە پێدەشتی ژیان.





Date: Thu, 04 Aug 2005
Subject: When Nietzsche wept

Dear Dilshad Hiwa,
I am pleased to have the book published in kurdish.

Irvin Yalom M.D.
Professor Emeritus of Psychiatry
Stanford University

سێ شەممە، ٠٤/ ٢٠٠٥/٠٨

کاتێ کە نیچە گریا

بەڕێز دڵشاد هیوا

دڵخۆشم بەوەی کە کتێبەکەم بە زمانی کوردی بڵاوبۆتەوە.

*ئیرڤین یالۆم ئێم. دی.*

*پرۆفیسۆری فەخری چارەسەری دەروونی*

*زانکۆی ستانفۆرد*

# (١)

**دەنگی ژامەکانی سانسلڤادۆرە، یۆزیف بروێریان لە خەو ڕاپەڕاند. سەعاتە قورسە زێڕینەکەی لە گیرفانی هێلەکەکەی دەرهێنا: کاتژمێر نۆ بوو. بۆ چەندەمین جار ئەو کارتە لێوار زیوینەی خوێندەوە کە ڕۆژی بەرێ بە دەستی گەیشتبوو:**

**٢١ ئۆکتۆبەری ١٨٨٢**

**دکتۆر بروێر،**

**دەبێ لەمەڕ بابەتێکی گرنگەوە لەگەڵتاندا بدوێم. ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانی لەمەترسیدایە. سبەی کاتژمێر نۆ لە کافێی سۆرینتۆ چاوەڕوانتان دەبم.**

**لۆ سالۆمێ**



چ ڕووقایمە! ساڵەها بوو کە ڕووبەڕووی بوێرییەکی لەو جۆرە نەببۆوە. ئەو هیچ لۆسالۆمێیەکی نەدەناسی، ئەدرەسی سەر پاکەتەکەیشی نەدەزانی. ئەو توانایەشی نەبوو ئاگاداری ئەم کەسە بکاتەوە کە کاتژمێر نۆ بۆ ئەو گونجاو نییە، خانم بروێریش هەرگیز و بە هیچ کلۆجێ خۆشی لەوە نەدەهات کە بە تەنێ قاوەڵتی بکات. دکتۆر بروێر لە کاتی بەسەربردنی پشوودا بوو، هیچ پەیوەندییەکیشی بە "بابەتگەلی گرنگەوە" نەبوو، لە ڕاستیدا ئەو بۆیە هاتبوو تا لە "بابەتە گرنگەکان" هەڵبێت.

لەگەڵ ئەمەشدا لە سەری سەعات نۆدا لە کافێی سۆرینتۆ دانیشتبوو و ڕوخساری موشتەریەکانی تری دابووە بەر نیگا و لە خۆی دەپرسی کە دەبێ کام یەك لە خانمەکان لۆ سالۆمێ بێت.

"سینیۆر، حەزتان لە قاوە هەیە؟"

بروێر لە وەڵامی گارسۆنەکەدا بە جوڵانی سەری ئاماژەی بەڵێی بۆ کرد. ئەو کوڕێکی جاهێڵی سیانزە چواردەساڵان بوو کە پرچە تەڕەکەی بۆ پشتەوە شانە کردبوو.

بەڕاست چەنێ بوو کە بەدەم خەیاڵکردنەوە لەویا دانیشتبوو و لە خۆیدا ڕۆچووبوو؟ بۆ چەندەمین جار تەماشای سەعاتە بەرکییەکەی کرد، دیسانەوە دە خولەك لە ژیانی بە هەدەر چووبوو، بەڵام داخۆ بۆچیش؟

وەك هەمیشە بیری لای بێرتا بوو. بێرتای خوێنگەرم کە دووساڵی ڕەبەق چارەسەری دەکرد. کەوتە یادی قسە تانەئامێزەکانی ئەو: " دکتۆر بروێر بۆ ترستان لە من هەیە؟" هەروەها ئەو قسەیەشی هێنایەوە بیری خۆی کە دوای ئەوەی دکتۆر ئاگاداری کردەوە کە ئیتر ناتوانێ درێژە بە تیمارکردنی ئەو بدات، بە بروێری گوت: "من چاوەڕوان دەمێنم، ئێوە تەنیا پیاوی ژیانی من دەبن."

لە خۆی ڕاخوڕی، تەواو! بەس بکە! دەست لە بیروخەیاڵ هەڵگرە! ئەی چاوانت بەکەڵکی چی دێن؟ تەماشای دەوروبەرکە! لێگەڕێ دونیا ببینێت!

بروێر کوپەکەی بەرزکردەوە و بۆنی خۆشی قاوەکەی بە چەند بینێکی قووڵەوە لەگەڵ هەوای ساردی مانگی ئۆکتۆبەری ڤینیسیادا هەڵمژی. سەری وەرگێڕا و سەیریکرد هەموو مێزەکانی کافێی سۆرینتۆ پڕ لە کەسانێك بوون کە بۆ قاوەڵتیکردن هاتبوون، زۆربەشیان گەشتیار یاخود خەڵکانی بەتەمەن بوون. هەندێ لە موشتەرییەکان ڕۆژنامە بەدەستێکیانەوە و فنجانی قاوەیش

به دەستەکەی تریانەوە بوو. لە پشتی مێزەکانەوە دوکەڵ، لە شێوەی هەورووهاڵێکدا کە لە باڵندەی شین دەچوو لە هەوادا بەرزدەبۆوە. ڕوی نۆکەندی گراند هێمن بوو، بەڵام هێڵێك لە قەیاخێکی تەنیاوە کە لە جوولەدا بە جێمابوو و ڕووناکییەکی کزی گۆڕەپانەکەی بەرەو دووکەنارەکە دەبرد. قەیاخەکانی تر هێشتا لە خەودا بوون و بەسترابوونەوە بە ئەستوونگەلێکی خواروخێچەوە و لەملا و ئەولای نۆکەندەکەوە سەریان دەرهێنا بوو، وەك چەند ڕمێك بوون کە دەستێکی گەورە ئەوانەی بێئامانج پەرت کردبێت.

بروێر بە خۆی گوت: "ئەی نەفامی پیر حەقت بوو، چاوانت بکەرەوە، وا لە پێناوی خۆشی ڤییەنادا خەڵك لە پەڕانپەڕی جیهانەوە دێن، خەڵکانێك کە لە مەرگ هەڵدێن تاوەکو لەم جوانییە چێژێکی تایبەت بە خۆیان ببینن. بەبێ تەماشاکردن چەندێ لە ژیانم بە فیڕۆداوە؟ یان بەبێ ئەوەی کە بە ڕاستی ببینم تەماشام کردووە؟" دوێنێ بە تەنیا چووبووە گەڕانێ، بە دەوری دورگەی مۆرانۆدا گەڕابوو، لەگەڵ ئەوەشدا نە هیچی بینیبوو، نەهەستی بەهیچ کردبوو، تەنانەت هیچ وێنەیەکی لە دیبەیەوە نەگواستبۆوە بۆ مێشکی. خەیاڵ و هەست و چاوی لای بێرتا بوو. جوانییەکی فریودەر، نیگای ئارەزوومەندانەی، گەرمای ئەو لەشە ئاشنایە و هەناسە خێراکانی کاتێ کە نۆرینی بۆ دەکرد یان ماساژی دەدا. ئەمانە وێنەگەلێکی بەهێز و زیندووبوون کە ئەگەر ساتێك چاودێری خۆی نەبوایە، ئەوا هێرشیان دەکردە سەری و خەیاڵی ئەویان ڕام دەکرد. لە خۆی دەپرسی ئایا ئەمە قیسمەتی منە؟ ئایا بەنەفرەتکراوم کە تا هەتایە سەحنەیەك بم و یادگارییەکانی بێرتام تێدا نمایش بکرێت؟

دەنگی لێخشانی قاچی کورسی کەسێك لە بەردەرێژی کافێکە کە لە مێزەکەی تەنیشتییەوە هەستا، ئەوی وەخۆ هێنایەوە و دووبارە بەدوای لۆسالۆمێدا گەڕایەوە.

ئای، هات! ئێستا ژنێك لە کەناری دێل کاربۆنەوە[1] بەرەوخوار دەهات، دەهاتە ناو تارمی کافێکەوە. دەبێ خۆی بێت، بەڵام ئایا ئەو دەیتوانی ئەو کارتە بنووسێت؟ ژنێکی لەخۆبایی و لاواز بە پاڵتۆیەکی چەرمەوە کە ئێستا بە ڕێکردنێکی گرانەوە لە نێوان مێزە پڕەکاندا بەرەو ئەو هەنگاوی دەنا. کاتێ کە نزیکتربۆوە، بروێر ئەوی وەك گەنجێك بینی، هەتا ڕەنگە لە بێرتا

1- Riva del Carbon



جاهێڵتر، ڕەنگە هێشتا قوتابییەك بێت، بەڵام هەنگاوەکانی بە لەخۆباییبوونێکی زۆرەوە دەنا. بێگومان لەگەڵ هەبوونی ئەم کەسێتییە کاریزمییەیدا، پێشڕەوییەکی زۆر دەکات.

لۆسالۆمێ بە مکوڕی و بەبێ بچوکترین پاوەپایەك بەرەو لای ئەو دەهات، چۆن وەها دڵنیابوو کە ئەوە بروێرە؟ بروێر بەخێرایی دەستی چەپی هێنا بە ڕیشە سورەکەیدا تاوەکو وردەنانی بەیانی پێوەنەمێنێت. بە دەستی ڕاستیشی چاکەتە ڕەشەکەی و یەخەکەی بەجۆرێ ساف و مورەتەب کرد کە زۆر بەرزنەبێتەوە. ژنە لەماوەیەکی یەك مەتری دوور لەئەوەوە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو وەستا و بۆ ساتێك بە وردی لێیڕوانی. بەجارێك جەنجاڵی مێشکی بروێر نەما و ئیتر بۆ لێڕوانین پێویستی بە هەوڵوکۆشش نەبوو. ئێستا تۆڕی چاوی و مێشکی وێنەی لۆسالۆمێیان بێ هیچ گرفتێك دەدایە یەکتری و داووخواستانە ئەویان بۆ ئاگایی دەگواستەوە. ژنێکی سەرسوڕهێنەر بە جوانییەکی نائاساییەوە، هەنییەی بەرز و چەنەیەکی پتەو و جوان، چاوانی شینی پرشنگدار، لێوانی گۆشتن و هەستبزوێن و پرچی زەر و زیوینی کە بەبێ هیچ ڕازاندنە و تەنانەت ئارایشێکیش بە شێوەیەك کە گەردنی بەرزوباریکی ژنە بەجوانی دەبینرا، لە سەرەوە بەسترابوو. لە هەمووی زیاتر خۆشی لەو تاڵەموەوانە دەهات کە لە ڕوی بەستندا بەرگرییانکردبوو و لە هەموو لایەکەوە بەرهەڵدا ببوون. سێ هەنگاوی تری نا و دواتر لەتەنیشت مێزەکەی ئەو وەستا. "دکتۆر بروێر من لۆسالۆمێم، ڕێگا دەدەن؟" ئاماژەی بۆ کورسییەك کرد و بەبێ ئەوەی کە بروێر بوارێك بۆ بەخێرهاتنی ئەو بدات، دانیشت. لە ڕاستیدا دەبایە بروێر هەستایە و ئیکلام بکێشێ و بە مەبەستی ماچکردنی دەستی بگرێت و کورسییەکەی بۆ وەکێشێ.

بروێر شادومانانە پلێکی تەقاند و گوتی: "لاوۆ! قاوەیەك بۆ خانم. شیروقاوە؟"

پرسیارگەرانە سەیری خانم سالۆمێی کرد، ئەویش سەری بە نیشانەی ڕەزامەندی لەقاند و سەرباری هەوای ساردی بەیانیش پاڵتۆ چەرمەکەی لەبەرخۆی داکەند.

"بەڵێ، شیروقاوە."

بروێر و ئەو ژنەی کە بە بەرامبەری دانیشتبوو، بۆ ساتێك بێدەنگ بوون. پاشێ لۆسالۆمێ بە دیقەتەوە سەیری چاوانی کرد و دەستی بە قسان کرد: "من دۆستێکم هەیە کە زۆر نائومێد و نارەحەتە. ترسی ئەوەم هەیە کە ڕەنگە لە داهاتوویەکی نزیکدا خۆی بکوژێت. ئەم بابەتە بۆ من

لێدانێکی زۆر گەورە و بە ئازارە و جگە لەوە بەهۆی ئەوەی کە گوایە منیش بەشێکم تێدا هەیە بە ڕادەیەکی زۆر خەمباری منە. بەهەرحاڵ من دەتوانم بچمە ژێرباری ئەمە و بەسەریدا زاڵ بم، بەڵام..." ـ ژنە بەرەو ئەو چەمایەوە و دەنگی کزکرد ـ "... بەڵام ئەوە لەدەستدانێکی گەورەترە لەم قسانە، باوەڕبکەن مەرگی ئەم پیاوە بۆ ئێوە و بۆ کولتووری ئەوروپا و بۆ هەموومان دواهاتی دژواری لێدەکەوێتەوە."

بروێر دەیویست دژایەتی بکات، دەیویست بڵێت: "کیژۆڵەخانم، بێگومان ئێوە زیادی پیادەنێن." بەڵام نەیتوانی ئەم وشانە بێنێتە سەر زمانی، شتێ کە لە کچانی هاوسونعی ئەودا بەشێوەی بێپەروایی دەردەکەوت، لە ئەودا ئەو خۆنواندنە نەبوو. هەر ئەمەش بوو کە ئەوی بە لە پێشتر دەهێنایە بەرچاو. نەدەکرا وا بە ئاسانی ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی ئەو لەبەرچاو نەگیرێت.

"ئەم بەڕێزە، ئەم دۆستەی کە لەبارەیەوە ئەدوێن کێیە؟ ئایا من دەیناسم؟"

"هێشتا نەخێر! بەڵام بە زوویی ناوی دەکەوێتە سەر زاران. ناوی فرێدریک نیچەیە ڕەنگە ئەم نامەیەی ڕیچارد واگنەر بۆ پرۆفیسۆر نیچە زیاتر یاریدەمان بدات." لۆسالۆمێ نامەیەکی لە جزدانە دەستییەکەی دەرهێنا، بەرگەکەی لێکردەوە و بۆ بروێری ڕاگرت. "بەڵام دەبێت لە سەرەتاوە شتێك بزانن، نیچە نە گومان دەکات کە من لێرەم و نە دەیشزانێت کە ئەم نامەیە لای منە."

ئەم دانپیانانەی خاتوو سالۆمێ بووە هۆی دوودڵی بروێر" کەوایە ئەسڵەن دەکرێت ئەم نامەیە بخوێنمەوە؟ نامەیەك کە پرۆفیسۆر نیچە نازانێت ئێستا ئەم خانمە دەیداتە دەستی من، یان تەنانە نایشزانێت کە لای ئەویشە؟ ئەوەی چۆن دەستکەوتووە؟ قەرزیکردووە یا دزیویەتی؟

زۆرێك لە سیفاتی پیشەکەی بەهایەکی زۆریان بۆ بروێر هەبوو. ئەو ڕاستگۆ و بەڕێز بوو، لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا نێوبانگی هەبوو.

لە ڤییەنادا، پزیشکی ماڵباتی زانایان، هونەرمەندان و بیریارانی ناوداری وەك برامس[2]، بروکە[3] و بێرنتانۆ[4]بوو. لە چل ساڵیدا لە تەواوی ئەوروپادا ناوبانگی چاکی هەبوو، کەسایەتی ناودار لە سەرتاسەری جیهانەوە بە سەفەری دوورودرێژ دەهاتنەلای تاوەکو چارەسەریان بکات. لەگەڵ

---

2- Brahms
3- Brueke
4- Brentano



ئەمانەشدا لە هەموو ئەمانە زیاتر ڕێزی بۆ *ڕاستگۆیی* خۆی دادەنا. لە هەموو ژیانیدا کاری ناڕەوای ئەنجام نەدابوو. مەگەر ئەوەی کە هەوەس و چێژی بە گوناه بۆ بژمێرن. چێژ و تاسە و ئارەزوییەکی خەیاڵی کە تایبەت بوو بە بێرتا. نەك ئەوجۆرەی کە بۆ هاوسەرەکەی هەیەتی.

لەبەر ئەوە لە وەرگرتنی ئەو نامەیەی کە لۆسالۆمێ بەرەوڕووی گرتبوو، دوودڵ بوو. بەڵام ئەم دوودڵییە تەنیا ماوەیەکی کورت درێژەی کێشا.

لە چاوانی شینی نائاسایی و نەرمی ژنەی ڕوانی و نامەکەی لێگرت کە مێژووی ١٠ ژانویەی ١٨٧٢ی پێوە بوو و بە سەردێڕی "دۆستی ئازیزی من!" دەستی پێکردبوو" خەت هێنرابوو بە دەوری چەند پەرەگرافێکدا:

*ئێستا ئێوە کارێك بڵاودەکەنەوە کە بێهاوتایە. شتێ کە کتێبەکەی ئێوە لە تێکڕای ئەوانیتر جیادەکاتەوە، دڵنیابییەکی کامڵە، کە لەو سیفەتەدا جیاوازی سەوداییەکی تێدا ئەدرکێندرێت. بەبێ ئەم شێوەیە چلۆن دەکرا ئارەزووی پڕتاسەی من و هاوسەرم بەدی بێت و جارێك شایەتی ئەو بابەتە بین کە شتێك لەدەرەوە بەرەوئێمە بێت، کە خوازیارە بە تەواوی ئێمە ڕام بکات؟ ئێمە کتێبەکەتمان ـ هەرکەسە بۆخۆیی و شەوانەش بە یەکەوە ـ دووجار خوێندەوە" خۆشبەختین لەوەی کە لە ئێستادا دوو نوسخەمان لە کتێبەکەتان لایە. ئەگەرنا لەسەر یەك نوسخە شەڕمان دەبوو. بەڵام ئێوە نەخۆشن، ئایا وەڕزیشن؟ ئای! لەم حاڵەتەدا حەزدەکەم بتوانم بە ڕێگایەك ئەم وەڕزییەتان نەهێڵم. دەبێ چۆن دەست بەم کارە بکەم؟ ئایا ساخڵەمی بێسورو سنووری من بۆ ئێوە بەسە؟ تەنانەت ئەگەر بەسیش نەبێت، دۆستانە ئەوەم لێوەربگرن!*

*لەگەڵ سڵاوی دۆستانە*

*ڕیچارد واگنەر*

ڕیچارد واگنەر! بروێر لەگەڵ تەواوی دنیابینی ڤییەنایی خۆی و لەگەڵ هەبوونی دۆستایەتی و پەیوەندی بە مرۆڤە گەورەکانی سەردەمی خۆیەوە، بە قورسی کەوتە ژێرکاریگەرییەوە. نامەیەك و ئەوەش هەروا بەدەستی خودی ئوستاد نووسرابوو! بەڵام دیسانەوە بە خێرایی خۆی کۆکردەوە.

"کیژۆڵەی ئازیز، ئەم نامەیە بێحەد سەرنجڕاکێشە، بەڵام ڕەنگە وا باشتربێت کە بە من بڵێن بزانم چی کارێك لە دەستی من دێت تا بۆتانی بکەم؟"

لۆسالۆمێ دووبارە چەمایەوە و لە کاتێکدا کە هێشتا دەستکێشەکانی دانەکەندبوو، بە ئارامی دەستی بەسەر دەستی بروێریدا هێنا و گوتی: "نیچە نەخۆشە، زۆر نەخۆش. ئەو پێویستی بە یارمەتی ئێوە هەیە."

"ناڕەحەتی ئەو چییە؟ نیشانەکانی چین؟" بروێر لەم دیدارە گێژببوو، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئێستا سەرقاڵی ڕشتەی ناسراوەکەی بوو، شادومان بوو.

"سەرئێشە. لەهەمووشتێ زیاتر سەرئێشەیەکی تاقەت پڕوکێنی هەیە، سەرباری ئەو حاڵەتەیش هێڵنجدان ئازاری دەدات و کوێریش هەڕەشەی لێدەکات. ماوەیەکە بینایی بەرەو کزی دەڕوات و لەگەڵ ئەوەشدا ئازاری گەدەی هەیە، هیچ دەرمانێك تێرخەوی ناکات. وای لێهاتووە کە ڕێژەیەکی بەرچاو مۆرفین بەکاردەهێنێت. ژانەسەری هەیە و هەندێ جاریش لە ڕۆژدا دوچاری حاڵەتی وەك دەریاگیرۆیی* دەبێت."

شیکردنەوەی بێشوماری نیشانەی نەخۆشییەکان، بۆ بروێر کە ڕۆژانە لە نێوانی بیست تا بیست و پێنج نەخۆشی دەرماندەکرد، نە تازە بوو نە هەوڵێکی تایبەتیشی دەویست. بەڵام ئەو بۆیە هاتبوو تاوەکو بە تایبەتی لەمجۆرە کێشە بێنرخانەی کارەکەی کەمێ ئاسوودە بێت. بەڵام لۆسالۆمێ بە ڕاشکاوییەکی وەهاوە قسە دەکرد، کە بروێر بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی بە دیقەتەوە گوێ لە قسەکانی نەگرێت.

---

* دەریاگیرۆیی: نەخۆشییەکە لە دەریادا تووشی مرۆڤ دەبێت و ئەبێتە هۆی ڕشانەوە. و.ك



"کیژۆڵە خانمی ئازیز، دەربارەی پرسیارەکەی ئێوە دەبێ بڵێم کە بێگومان بە تەواوی ئارەزوومەوە ئامادەی بینینی هاوڕێکەتانم. ئەمەش شتێکی بەڵگەنەویستە، ئاخر من پزیشکم، هەرچی بگوترێ کەمە، بەڵام ڕێگام بدەن شتێکتان لێبپرسم، لە پێناوی ئەم هاوڕێیەتاندا بۆچی سوود لە ڕێگای ڕاستەوخۆ وەرناگرن؟ بۆچی نامەیەکم بۆ نانووسن بۆ ڤییەنا و داوای کاتی دیدارێك ناکەن؟" بروێر بە چاوانی لە پێشخزمەتەکە دەگەڕا، تاوەکو حسابەکەی لێبخوازێت. لەو بیرەدا بوو کە ئەگەر لە کاتی خۆیدا بگاتەوە هۆتێل ئەوا ماتیلدە غافڵگیردەکات.

لێ ئەم خانمە جاهێڵە بێباکە ڕێگەی نەدەدا کەوا بەم ئاسانییە ڕزگاری بکەن. "دکتۆری بەڕێز تەنیا چەند دەقەیەکی تر، تکاتان لێدەکەم. بە ڕادەیەکی پێویست ناتوانرێ باس لە نالەباری تەندروستی نیچە و هەروەها لە بەهێزی خەمباری ئەو بکرێت."

"من بە هەموو ئارەزوییەکەوە باوەڕ بە قسەکانتان دەکەم، بەڵام دەبێ بۆ چەندەمین جار پرسیارتان لێبکەم، بەهۆی چییەوەیە کە خودی پرۆفیسۆر نیچە بەمەبەستی ڕاوێژی پزیشکی نایەت بۆ لام بۆ ڤییەنا؟ یانناڕواتە لای پزیشکێکی تر لە ئیتالیا؟ ئەم دۆستەی ئێوە لە کوێ دەژی؟ بەڵکو بتوانم لەوشارەدا یەکێ لە هاوکارانم ڕاسپێرم بۆ یارمەتیدانی ئێوە. بۆچی هاتوونەتە لای من؟ ئەسڵەن لە کوێ زانیتان کە من لە ڤییەنام؟ هەروا چۆن زانیتان کە من حەزم لە ئۆپێرایە و حەیرانی واگنەرم؟"

بە هیچ جۆرێك شەرمەزاری لە ڕوخساری لۆسالۆمێدا دیارنەبوو. کاتێ کە بروێر دەستی بە بۆمبارانی ئەوکرد بە پرسیارەکانی خۆی، زەردەی دەهاتێ و لەگەڵ زیادبوونی ژمارەی پرسیارەکانیدا خەندەی ئەو گاڵتەئامێزانەتر دەبوو.

"کیژۆڵەخانم، بەجۆرێك زەردەخەنە دەکەن کە دەڵێی نهێنییەکی پۆشراو دەپارێزن. بێگومان خۆشیتان لە مەتەڵ دێت؟"

"پرسیار لە دوای پرسیار دکتۆر بروێر سەرسوڕهێنەرە. هێشتا چەند دەقەیەك نابێت کە ئێمە پێکەوە قسەدەکەین، چەندێ پرسیاری گێژو وڕکەر هاتوونەتە ئاراوە، ئەمەیش بۆخۆی بۆ گفتوگۆکانی ئایندەمان مایەی ئومێدەوارییە. ڕێگابدەن زیاتر باسی نەخۆشەکەمانتان بۆ بکەم."

"نەخۆشەکە*مان*!" لە کاتێکدا کە برۆیر لە بێباکی ئەو حەپەسابوو، لۆسالۆمێ درێژەی پێدا: "نیچە بە ڕادەیەکی زۆر سودی لە توانای پزیشکی ئەڵمانیا و سویسرا و ئیتالیا وەرگرتووە. هیچ دکتۆرێك ناتوانێت نارەحەتی ئەو دەستنیشان بکات یان لە نیشانەکانی ئەو کەمبکاتەوە. بە قسەی خۆی ئەو لە بیست و چوار مانگی ڕابردوودا، بە ژماردنی مانگەکان لەگەڵ باشترین دکتۆرەکانی ئەوروپادا ڕاوێژی کردووە. وازی لە زادگە و دۆستانی خۆی هێناوە و دەستبەرداری ناونیشانی پرۆفیسۆری زانکۆ بووە. ئەو بووە بە مرۆڤێکی پەرێشان و نائارام. بەردەوام لە دوای ئاووهەوایەك دەگەڕێت کە تەحەمولی تێدا بکات. ئارەزووی ئەوە دەکات کە یەك دوو ڕۆژێك سەرئێشەکەی کەمبێتەوە."

ژنەی جاهێڵ بۆ ساتێك بێدەنگ بوو. کوپی قاوەکە بەرەو دەمی برد و قومێکی فڕکرد، لەگەڵ ئەمەدا برۆیریش چاوی لێنەدەترووکان.

"کیژۆڵەخانمی بەڕێز،هەڵبەت نەخۆشانێکی زۆر لە بارودۆخێکی نائاسایی، یان پاساونەویستدا بەرەو لای من دێن. بەڵام بەهەموو ڕاشکاوییەکەوە دەڵێم کە من ناتوانم پەرجو بخولقێنم. لەمەڕ شتێکی وەهاوە ـ کوێری، هێڵنج، ژانەسەر، گاستریت، بێهێزی، بێخەوی ـ کە هاوکارانێکی زۆر کارامە ڕاوێژیان لاکراوە و هیچ کارێکیان لەدەست نەهاتووە، ئومێدێکی کەم هەیە کە من لەناو بیست و پێنجەمین پزیشکی زۆرباشدا کە ئەو لە بیست و پێنج مانگدا لێیانگەڕاوە، سەرکەوتنێکی زیاتر بەدەست بهێنم و بەڵام ناسەرکەوتوو نەبم."

برۆیر پاڵی لێدایەوە و پورۆیەکی* دەرهێنا و دایگیرساند. چینێکی ناسك و شینی لە دوکەڵ کردە دەرەوە چاوەڕێی کرد تا نیشتەوە و درێژەی پێدا: "بەهەرحاڵ پێشنیارەکەم دووبارە دەکەمەوە، کە لە کلینیکەکەی خۆم پێشوازی لە پرۆفیسۆر نیچە دەکەم. هەڵبەت لەوانەیە کە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکی وەکو ئەمە سەخت و نارەحەت، لە دەرەوەی توانای پزیشکی ئەمساڵ واتا ساڵی ١٨٨٢ دا بێت. ڕەنگبێ دۆستەکەی ئێوە نەوەیەك بێت زوو هاتبێتە دونیاوە."

* جگەرەی چرووت کە ئەستوورە و دوکەڵی زۆر دەکات. و.ک.



"زوو هاتۆتە دنیاوە؟" سالۆمێ پێکەنی. "چی تێڕوانینێکی ڕوناکبینانەیە! چەندین جار هەمان وتەم لە نیچە بیستووە! ئەمەش بە تەواوی من دەگەیەنێتە ئەو بڕوایەی کە ئێوە پزیشکێکی گونجاون بۆ ئەو."

لەگەڵ ئەوەی کە حاڵەتی برۆیر وەك کەسێك بوو کە دەیویست کافێکە بەجێبهێڵێت، سەرباری ئەوەیش کە خەیاڵی دەکرد و ماتیلدەی دەهێنایە پێشچاوی خۆی کە جلکی پۆشیوە و ئامادەیە، و بە نائارامییەوە لە ژووری هۆتێلەکەدا دێت و دەچێت، لە ناکاودا یەکپارچە بووە گوێ. "دەبێت ئەم بابەتەم بۆ ڕوونکەنەوە!"

"ئەو زیاتر خۆی وەك فەیلەسوفێك دەبینێت کە لە دوای مردنی ناوبانگ پەیدا دەکات، فەیلەسوفێك کە هێشتا دونیا ئامادە نییە بۆی. بیری لێبکەوە، بابەتی کتێبە تازەکەیشی کە لەسەری کاردەکات هەرئەمەیە. پەیامبەرێك“ زەردەشت کە تژییە لە زانست و ژیری، دەخوازێت بەدیاری ڕوناکی بۆ مرۆڤەکان بهێنێت. بەڵام هیچ کەسێك لێی تێناگات. هێشتا مرۆڤەکان بۆ ئەو ئامادە نین، پەیامبەر دەبێت بەوە ڕازی بێت کە زووهاتووە و بە تەنیا دەگەڕێتەوە."

"خانمی بەڕێز، شتێ کە دەیڵێین زۆر سەرنجڕاکێشە، من پەیوەندیم لەگەڵ فەیلەسوفەکاندا هەیە، بەڵام ئەوڕۆ کاتی من زۆر تەنگە و ئێوەیش هێشتا وەڵامێکی ڕۆشنتان نەداوەتەوە کە بۆچی دۆستەکەتان نایەوێت بێتە عیادەکەی من لە ڤییەنا؟" لۆسالۆمێ ڕاستەوخۆ لە چاوانی وی ڕوانی: "دکتۆر برۆیر، ببوورن ئەگەر بە ئالۆزی یان لە دەرەوەی بابەت قسەدەکەم، من هەمیشە و بە هەموو ئارەزوییەکمەوە لە ناو کۆڕی بیریارانی گەورەدا بوومە، چی بەو مەبەستەی کە وەك مامۆستا پێویستم بە ئەوانە و هەروەها بەوهۆیەشەوە کە کلیکسیۆنێکم* لەوان هەیە. شانازی من ئەوەیە کە دەرفەتێکم دەست بکەوێت تا لەگەڵ پیاوێکی وەك ئێوەدا دەربارەی بینینی ناوەکیتان گفتوگۆ بکەم."

برۆیر وا هەستی دەکرد کە خوێن لە ڕوخساری دەزێت. نەیدەتوانی لەبەرامبەر چاوانی ئەودا بەرگری بکات و کاتێ کە لۆسالۆمێ درێژەی بە قسەکانی دا، ئەو چاوانی داخست.

* کلیکسیۆن : دەستە، کۆمەڵە.

"بەم قسانە دەمەوێت نیشانی بدەم کە ڕەنگە خۆم بە کەموکوڕ بزانم بۆ ئەم قسە پۆشیانە، تاوەکو بتوانم گفتوگۆکەمان درێژتر بکەمەوە."

"قاوەیەکی تر خاتوو سالۆمێ؟ " بروێر پێشخزمەتەکەی بانگ کرد و جگە لە قاوە ڕایسپارد تاوەکو لەو شیرینییە قەیفەییە بەتامانەی کە تایبەتن بە قاوەڵتی، بهێنن. "هەرگیز لەمەڕ جیاوازی شیرینیسازی ئەڵمانیایی و ئیتالیایی بیرتان کردۆتەوە؟ ڕێگا دەدەن کە بۆچوونتان لەبارەی گونجانی شیرینی و کەسێتی نەتەوەییەوە بۆ باس بکەم؟"

کەواتە بروێر چی پەلەی نەبوو تاوەکو بە ماتیلدە ڕابگات. لە کاتێکدا لە تەنیشت لۆسالۆمێوە بە خەیاڵێکی ئاسوودەوە قاوەڵتی دەکرد، لە حەیرانمانی بارودۆخەکە تێگەیشت. ئایا سەیر نەبوو؟ ئەو لە پێناوی بنیاتنانەوەی وێرانەیەکدا بۆ ڤینیسیا هەڵاتبوو، کە ژنێکی جوانی بۆ هێنابووە بوون، و ئێستایش خەریکی گفتوگۆیەکی دوو کەسییە لەگەڵ ژنێکدا کە چەندین جار لە بێرتا دڵکێشتر بوو. سەرباری ئەمە لەوە تێگەیشت کە دوای چەند مانگێك بۆ یەکەمین جار هەست دەکات لە دەستی وێناکردنێکی ناچاری دەربارەی بێرتا ڕزگاری بووە.

بیری کردەوە، ڕەنگە هێشتا ئومێدێك هەبێت. ڕەنگبێ بە یاریدەی ئەم ژنە سەرکەوتووبم لەوەی کە بێرتا لە سەحنەی ویژدان و ئاگایی خۆم وەدەرنێم. ناشێ من لە ئەسڵدا لە باتی چارەسەرکەری دەرمانی دۆزەرەوەی دەروونناسی بم؟ کەوایە دەشێ کە دەرمانێکی بێ زیانی وەك ڤالێریان* لە باتی دەرمانێکی زیانۆمەندی وەك مۆرفین بەکار بهێنرێت. ڕاست وەك جێگرتنەوەی لۆسالۆمێ لە شوێنی بێرتا. چی پێشڕەوییەکی شادی بەخش دەبێت! ئەم ژنە جاهێڵ و خاوێنتر و کامڵترە. بە پێچەوانەی ئەمەوە، بێرتا ـ چۆنی بڵێم ـ لە ڕوی زایەندییەوە گەشەی نەکردوە و منداڵێکی ناشیە کە لە نێو لەشێکی ژنانەدا گیرۆدەیە.

لە هەمانکاتدا بروێر زۆر چاك دەیزانی کە ڕاست هەمان پاکیزەیی بێرتا بوو کە ئەوی بەکێش دەکرد. هەردوو ژن ئەویان دەخرۆشاند و تەنیا بیرکردنەوە لەوان دەبووە مایەی گەرم داهاتنی

---

* Valeriane: سونبوولە کێویلە. گیایەکە لە پزیشکیدا بەکاردێت و دژی کەشەنگ بوون و هیستریا یە و بۆ لێدانی دڵ و بێخەوی و کەمکردنەوەی میزکردن و نەخۆشانێ کە توشی شەکرە بوونە، بە شێوەی پۆدرە و حەب و شرووب بەکاردێت. و.ك.



لەشی. هەردوو ژن ئەویان دەترساند، هەریەکەیان بە شێوازی خۆی مەترسیدار بوو. توانای لۆسالۆمێ ئەوی دەترساند، چونکە لەوانە بوو بەڵایەك بەسەر بروێردا بهێنێت و بە پێچەوانەشەوە لە ئەودا پشوو درێژییەکەی دەبووە مایەی مەترسی بروێر، چونکە لەوانە بوو خۆی بەڵایەك بەسەر بێرتادا بهێنێت. کاتێ کە بیری لەو کردەوە لەرزی، لەگەڵ بێرتادا چەندێ لە هەڵدێر نزیك ببۆوە. خەریك بوو یاسا ئاکاری و ئەسڵییەکانی پیشەی پزیشکی لەژێر پێ بنێت و خۆی و خێزانەکەیشی بفەوتێنێ و ژیانی وێران بکات.

لەگەڵ ئەمەشدا بەجۆرێك نوقمی گفتوگۆ ببوو، هەروەها کەوتبووە ژێر کاریگەری بەرامبەرەکەیەوە، کە ژنە دوای ئەوەی ڕای بروێری لە ڕووی پەرجووی پزیشکییەوە بۆ دەرکەوت، لەبارەی نەخۆشیی دۆستەکەیەوە دەستی بە قسان کرد.

"جەنابی دکتۆر، من بیست و یەك ساڵەم و چیدی بڕوام بە موجیزە نییە. شکستی بیست و چوار هاوپیشەی بەڕێزی ئێوە دەکرێ مانای ئەوە بێت کە هێشتا ئێمە نەگەیشتووینەتە سنوورە پزیشکییەکانی ئەوڕۆ. لەم بارەیەوە دڵنیام. هیوادارم مەبەستەکەمم ڕۆشن دەربڕیبێ! بێگومانم لەوەی کە ئێوە دەتوانن ناساغییە جەستەییەکانی نیچە چارەسەر بکەن. بەڵام بۆ ئەم مەبەستە بۆ لای ئێوە نەهاتوومە."

بروێر ڕیش و سمێڵی خۆی بە دەسرِ پاککردەوە: "ببوورن خاتوونی بەڕێز، بەڵام ئێستا ئیتر بەتەواوی گێژ بووم. تا ئەوشوێنەی کە من لە قسەکانتان گەیشتبم، ئێوە داوای یارمەتیتان لە من کردووە، چونکە دۆستەکەتان نەخۆشە."

"نا دکتۆر بروێر، من باسم لە دۆستێك کرد کە خەمبارە و پێدەچێ ئەم مەترسییە وەهای لێبکات کە خۆی بکوژێت. ئەوە ***نائومێدی*** نیچەیە کە من دەخوازم تیماری بکەیت، نەوەك جەستەی ئەو."

"ئەگەر هاوڕێکەتان لە بارودۆخی سەلامەتی خۆی نائومێد بێت، و من نەتوانم هیچ هاوکارییەکی پزیشکی نیشان بدەم، ناتوانرێ کارێك بکرێت. من ناتوانم بیر لە تەگبیرێك بکەمەوە بۆ ڕۆحێکی نەخۆش."

بروێر ڕاوەشانی سەری لۆسالۆمێی بە داخوازی ماکبێس لە پزیشکەکەی لێکدایەوە و درێـژەی بـە قسەکانی دا: "خاتوو سالۆمێ، هیچ دەرمانێك بۆ نائومێدی و هیچ دکتـۆرێکیش بـۆ چارەسـەری ڕۆح نییە. من جگە لە ئاوە گەرمە نائاساییەکانی نەمسا و ئیتالیـا نـاتوانم ڕێنوێنییـەکی زیـاتر بکەم. ڕەنگە گفتوگۆ لەگەڵ کەشیشێك یان ڕاوێژکارێکی بڕوادار یان خزم و دۆسـت و هاوڕێیەکـدا سوودمەندتر بێت."

"دکتۆر بروێر، دەزانم کە ئێوە لەمانە زیاترتان پێدەکرێت. من سیخوڕێکم هەیە. جینیا[٥]ی بـرام، قوتابی پزیشکییە و لەسەرەتای ئەمساڵدا لە پۆلەکەی ئێوەدا بووە."

جینیا سالۆمێ! بروێر بە جیدییەوە بیری دەکردەوە کە ئایـا ئـەم نـاوەی ژنـەوتووە یـان نـا. ئـەو ژمارەیەکی زۆر قوتابی زانکۆی هەبوو.

"لە ڕێگای براکەمەوە بوو زانیم کـە ئێـوە پەیوەنـدیتان لەگـەڵ واگنـەر هەیـە، و نیازتـان وایـە هەفتەیەك لە هۆتێلی ئامالفی[٦] لە ڤینیسیا بەسەر ببەن وهەروەها ئەوەش کە چۆن دەتوانم ئێـوە بناسم. بەڵام لە هەمووی گرنگتر کە لە ئەوم بیست ئەوەیە کە دامێنی شێوازی چارەسـەریی ئێـوە تا نائومێدیش دەگات. لە هاوینی ساڵی ڕابردوودا ئەو دەڕۆیشت بـۆ کۆلیـژێك کـە ئێـوە لەوێـدا باستان لە چارەسەرکردنی خانمێکی گەنج کردووە. خانمێك بە نانوی ئانا ئۆ.[٧] نەخۆشێ کە لە نێـو نائومێدییەکی قووڵدا نوقم ببوو، ئێوە بە میتۆدێکی نـوێ بـە نـاوی 'چارەسـەرکردن بـە قـسە' ئەوتان تیمار دەکرد. واتا بە چارەسەرییەك لەسەر بنەمای ئەقڵ و هەسـت کـە بـە جیاکردنـەوەی پەیوەندی زەینی یادهێنانەوەی یەك بەدوای یەك کاری دەکرد. جینیا باوەڕی وابوو کە ئێوە تـەنیا پزیشکی ئەوروپان کە لە ڕاستیدا شتێك لە چارەسەری دەروونی دەزانن.

ئانا ئۆ.! بروێر لە بیستنی ئەم ناوە لە ترسا ڕاچەنی و لە کاتێکدا کە کوپی قاوەکەی بەرەو لێـوی دەبرد لەرزاندی و ڕشتی. تا ڕادەیەك کە دەیتوانی بێ ئەوەی سـەرنجی ئـەو ڕاکێـشێ دەسـتی بـە دەستماڵ وشك کردەوە و هیوادار بوو کە خانم سالۆمێ لەو ناشێتییەی ئـەو تێنەگەیـشتبێ. ئانـا ئۆ.، شتێکە وێنا ناکرێ! کە بۆ هەر شوێنێ دەچوو، بە ئانا ئۆ. دەگەیشت. ئەمە ناوی خـوازراوی

5- Jenia
6- Amalfe
7- Ana O.



ئەو بوو بۆ بێرتا پاپن هایم[٨]. بە مەبەستی نهێنی پارێزی، هەرکاتێ بروێر بابەتێکی تایبەتی بـۆ قوتابییەکانی باسبکردایە، هەرگیز سوودی لە ناوی ڕاستەقینەی نەخۆشـەکانی وەرنـەدەگرت. لـە باتی ئەوە ناوێکی خوازراوی دروست دەکرد، کە لە پیتی پێشتر لـە پیتـی یەکـەمی نـاو و نـاوی بنەماڵەیی پێکی دەهێنا. بۆ نموونە بۆ "B.P" بێرتا پاپن هایم سوودی لە "A.O" وەردەگرت.

"دکتۆر بروێر، جینیا بە قووڵی لە ژێر کاریگەری ئێوەدا بوو. ئـەو باسـی کـۆنفرانس و میتـۆدی چارەسەریی ئێوەی دەربارەی ئانا ئۆ. بۆ کردم و دەیشتوانم بڵێم کە جینیا گەنجێك نییـە کـە وا بـە ئاسانی بکەوێتە ژێر کاریگەرییەوە. تا ئەو وەختە نەمبیـستبوو کـە بـەم شـێوەیە باسـی کەسـێ بکات. بڕیارمدا کە ڕۆژێ بە ئێوە ئاشنا ببم و لەوانەشە کە لای ئێوە بخـوێنم. لـەو کاتـەوەی کـە بارودۆخی نیچە لە ماوەی دوو مانگی ڕابردوودا بەردەوام خـراپتر بـوو، ئـەم 'ڕۆژێ' نادیـارە بـە شێوەی مەسەلەیەکی گرنگ هاتە پێشەوە.

بروێر تەماشای دەوروبەری کرد. زۆربەی موشتەریەکان ڕۆیشتبوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو هێـشتا لـە کافێی سۆرینتۆ لە لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، لە کاتێکدا کە لە بیرتا هەڵدەهات، کەچی بـەم ژنە هەڵاوێرە ئاشنا بوو، کە بێرتا بەکێشی کردبوو و ئێستا گفتوگۆی لەگەڵـدا دەکـرد. سـەرمایەك هێرشی بۆ ناوەوەی هێنا. ئایا ئیتر بەهۆی بێرتاوە لە هیچ جێگایەك لە ئەماندا نەبوو؟

بروێر دەستی بە قسان کرد و بـەر لـەوەی کـە درێـژە بـە قـسەکانی بـدات ناچـار بـوو سـینگی پاکبکاتەوە: "بابەتێ کە براکەتان بۆی بـاس کـردوون، بابـەتێکی ڕیزپـەڕ بـوو، کـە تێیـدا مـن ڕێگایەکم تاقیکردەوە لێی دڵنیا نەبووم. هیچ بەڵگەیەك بۆ ئەمە بەدەستەوە نییە کە شـێوازەکەی من بتوانێت یارمەتی ئێوە بدات، بە پێچەوانەوە بەڵگەی زۆر هەیە کە بەو شێوەیە نەبێت."

"چی بەڵگەیەك، دکتۆر بروێر؟"

"لاموایە بەهۆی کەمی کاتەوە نەتوانم کە ئەمەتان بە دوورودرێژی بـۆ بـاس بکـەم. بـەڵام تـەنیا ئەوەندە دەڵێم کە ناڕەحەتی ئانائۆ. و دۆستەکەی ئێوە زۆر لێکجودان. ئانـائۆ. دوچـاری هیـستریا ببوو، و بەهۆی چەند نەخۆشییەکی تایبەتییەوە ئازاری دەکێـشا کـە دەبـێ براکـەتان بـۆی بـاس کردبن. شێوازی من لەبارەی ئەوەوە ئەوە بوو کە هەنگاو بە هەنگاو هەموو نیشانەکانی نەهێڵم و

8- Bertha Pappenheim

لە ڕێگای خەواندنی موگناتیسییەوە ئەم کارەم کرد، تاوەکو ئەو زڕەبە ڕۆحییە تایبەتیانەی بە یادبهێنێتەوە کە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی نەخۆشییەکانی ئەو بوون. هەر کە هۆکاری سەرەکی لەناو دەچوو، نیشانەی نەخۆشییەکەش دیار نەدەما."

"دکتۆر بروێر ئاساییە، ئێمەش نائومێدی وەك نیشانەیەکی نەخۆشی وەردەگرین. ئایا ناتوانن بە هەمان ڕێگا کاربکەن؟"

"نائومێدی نیشانەیەکی بالینی نییە، کیژۆڵە خانم. لە ڕادەبەدەر شاراوەیە و بە ناڕەحەتی دەرکی پێدەکرێت. هەر یەك لە نیشانەی نەخۆشییەکانی ئانائۆ. لە بەشێکی دیاریکراوی لەشیدا دەردەکەوت، هەموو ناڕەحەتییەك بەهۆی لەناوبردنی جووڵاندنی ناومێشکەوە لە ڕێگای ڕێڕەوە دەمارییە دیاریکراوەکانەوە پەیدا دەبوو. بە پێچەوانەی ئەم ڕووداوەوە، ئەگەر بەپێی قسەکەی ئێوە بێ ئەوا نائومێدی دۆستەکەتان بە تەواوی لە ڕەوشتی مالیخولیایی ئەوەوە سەرچاوەی گرتووە، بۆ ئەم حاڵەتە دەروونییەش هیچ ڕێگایەکی چارەسەری نەدۆزراوەتەوە."

بۆ یەکەمین جار وا دەرکەوت کە لۆسالۆمێ دووچاری دڵەڕاوکێ بووە: "بەڵام دکتۆری خۆشەویست..." دیسانەوە دەستی لەسەر دەستی ئەو دانایەوە: "بەر لە چارەسەرکردنی ئانا ئۆ. دیسانەوە هیچ دەرمانێکی ڕۆحی بۆ هیستریا نەبوو. تا ئەوەندەی کە من دەزانم تەنیا ئاوە گەرمەکان و ئەو شۆکە کارەباییە ترسناکە هەبوو. من دڵنیام کە ئێوە ـ ڕەنگە وەك تەنیا مرۆڤێ! ـ دەتوانن ڕێگایەکی نوێ بۆ چارەسەری نیچە بدۆزنەوە."

ئیدی بروێر هەستی کرد کە درەنگ کەوتووە. دەبایە بگەڕاباتەوە لای ماتیلدە. "کیژۆڵە خانم، من حەز دەکەم هەرکارێك کە لە دەستم دێت ئەنجامی بدەم، تاوەکو یاریدەی دۆستەکەتان بدەم. بفەرموون ئەوە کارتی من. چاوەڕوانی سەردانی دۆستەکەتانم لە ڤییەنا."

ژنە بەر لەوەی کە کارتەکە بخاتە ناو کیفەکەیەوە، چاوێکی خێرای پێدا گێڕا.

"دکتۆر بروێر، من لاموایە کە ئیشەکە بەم سادەییەش نییە ـ چۆن بیڵێم ـ ناتوانرێت نیچە وەك نەخۆشێك کە ئامادەی نۆڕینە، بناسێنرێت. ڕاستتر بیڵێم، ئەو نازانێت کە من لەگەڵ ئێوەدا قسە دەکەم. ئەو کەسێکی زۆر کەمدو و بە ڕادەیەکی زۆر مەغرورە. هەرگیز ناتوانێت قەبووڵ بکات کە پێویستی بە هاوکاری هەیە."



"ئاوەهایش پێم دەڵێن کە ئەو بە ڕاشکاوی لەبارەی خۆکوشتنەوە قسە دەکات؟"

"لە هەر گفتوگۆ و لە هەموو نامەیەکیدا، بەڵام داوای یارمەتی ناکات. ئەگەر بە دیداری ئێمە بزانێت، هەرگیز من نابەخشێت و نایەت بۆ کلینیکەکەتان. تەنانەت ئەگەر بیشتوانم وای لێبکەم کە سەرتان لێبدات، نۆڕین و ڕاوێژی پزیشکی تەنیا بۆ ناڕەحەتییە جەستەییە دیاریکراوەکان قەبووڵ دەکات. هەرگیز و لەژێر هیچ مەرجێکدا ئامادە نابێت کە تکای ئەوە لە ئێوە بکات کە ئەو لە نائومێدی ڕزگار بکەن. دەربارەی بێهێزی و توانا تێزی یەکجار لێبڕاوانەی هەیە."

بروێر هەستی بە توڕەیی و نا ئارامی دەکرد. "باشە، باشە کیژۆڵە خانم. ئەم درامایە بە تەواوی خەریکە بە یارییەکی سەرسوڕێن دەگۆڕێت. ئێوە دەتانەوێ چاوم بە پرۆفیسۆر نیچە بکەوێت ـ کە ئێوە ئەوان بە یەکێ لە دیارترین فەیلەسوفەکانی ئەم سەدەیەمان دەزانن ـ و ئەو بێنمە سەر ئەو ڕایەی کە ژیان، یاخۆ لانی کەم ژیانی ئەو، بەهادارە. بەڵام ئەمە هەموو داوای ئێوە نییە! ئێوە داوای ئەوە لە من دەکەن کە من ئەم کارانە بکەم بەبێ ئەوەی کە پرۆفیسۆر نیچە بچووکترین زانیاری هەبێت."

لۆ سالۆمێ سەری بە نیشانەی ڕەزامەندی لەقاند و ڕۆچووە ناو کورسییەکەیەوە.

بروێر هاواری کرد: "بەڵام چۆنچۆنی دەکرێت؟ تەنیا یەکەمین ئیش ـ لەناوبردنی نائومێدی کەسێك ـ لە ڕاستیدا تواناداریيەکی پزیشکییە. هەروەها دووەمین خواستی ئێوەش کە نەخۆش بە شێوەیەکی نهێنی دەرمان بکرێت ـ تەواوی ئەم کارانە دەگۆڕێت بە خەیاڵێك. خۆ ناشێ لەمپەری تریش لەسەر ڕێگادابن و بیانشارنەوە؟ لەوانەیە پرۆفیسۆر نیچە بە زمانی سانسکریتی قسە بکات یان هەرگیز ڕازی نابێ کە گۆشەی کەنارگیریی خۆی لە تبت تەرك بکات؟"

سەری بروێر گێژی دەخوارد. بەڵام کاتێ کە هەستی بە ڕووخۆشی لۆسالۆمێ کرد، خۆی کۆکردەوە: "بە جیدی دەڵێم، خاتوو سالۆمێ. من دەبێ بەچی شێوەیەك ئەم کارە مەحاڵە ئەنجام بدەم؟"

"ئەبینی دکتۆر بروێر؟ ئێستا تێدەگەن کە بۆچی لەباتی پزیشکێکی تر ئێوەم هەڵبژاردەوە؟"

ژامەکانی سان سلڤادۆرە کاتژمێر دەیان ڕاگەیاند! دەبێ ماتیلدە نیگەران بووبێت، بەڵێ، مەگەر ماتیلدە نەبێت ... بروێر سەرلەنوێ گارسۆنەکەی بە ئاماژەی دەست بانگ کرد. لە کاتێکدا کە چاوەڕێی لیستی حیساب بوون، لۆسالۆمێ پێشنیارێکی نائاسایی کرد.

"دکتۆر بروێر، ڕێگا دەدەن کە سبەینێ ئێوە بۆ قاوەڵتی بانگهێشت بکەم؟ هەروەکو لە سەرەتادا گوتم، من لە نائومێدی پرۆفیسۆر نیچەدا پشکێکم هەیە. شتانێکی زۆر هەیە کە دەبێت بۆتانی باسبکەم."

"بەداخەوەم. هەڵبەت ئەم ڕێکەوتە هەموو ڕۆژێك ڕوونادات کە خانمێکی ئاوا دلڕفێن من بۆ قاوەڵتی داوەت بکات، کیژێ خانم. بەڵام من ناتوانم داوەتی ئێوە قەبووڵ بکەم. بە تێگەیشتن لە هۆکارەکانی سەفەری من بۆ ڤینیسیا، باش نییە کە بۆ جاری دووەم هاوسەرەکەم بە تەنیا جێ بهێڵم."

"کەواتە پێشنیارێکی ترتان بۆ دەکەم. بەڵێنم بە براکەم داوە کە لەم مانگەدا سەردانی بکەم. لە ڕاستیشدا ماوەیەك بەر لە ئێستا بە تەمابووم لەگەڵ پرۆفیسۆر نیچەدا ئەم سەفەرە بکەم. ڕێگا ئەدەن کە لە کاتی مانەوەم لە ڤییەنا، زانیاری وردتر بە ئێوە بدەم؟ و لەو ماوەیەشدا زۆر باش هەوڵی خۆم دەخەمەکار کە پرۆفیسۆر نیچە قایل بکەم بەهۆی گرفتە جەستەییەکانییەوە ڕاوێژتان لەگەڵدا بکات."

پێکەوە کافێکەیان بەجێ هێشت. موشتەرییەکانی تر کەمیان مابوونەوە و گارسۆنەکان بە ڕیز مێز و کورسییەکانیان کۆ دەکردەوە. وەختێ کە دکتۆر بروێر دەیویست خواحافیزی بکات، لۆسالۆمێ باڵی گرت و ڕایکێشا بۆ لای خۆیەوە.

"دکتۆر بروێر، ئەم یەك سەعاتە زۆر کورت بوو. من تەماعکارم و دەمەوێت کاتی زیاترتان لێ بدزم. دەتوانم تا هۆتێل لەگەڵتاندا بێم؟"

بە ڕای بروێر ئەم نواندنە بێ ئەندازە بوێرانە و مەردانە هاتە بەرچاو. لەگەڵ ئەمەشدا بیستنی ئەم داخوازییە لە دەمی ئەوەوە گونجاو و بێ ئارایشت دەردەکەوت. بۆچی کاتێ کە ژنێك لە تەنیشت پیاوێکەوەیە، نابێت قۆڵی بگرێت و هاوڕێیەتی بکات؟ هیچ یەکێ لەو ژنانەی کە ئەو دەیناسین، بەم شێوەیە ئەم جۆرە قسانەیان نەدەکرد و نایشیکەن. ئەو لە هەمبەری خۆیدا، ژنێکی زۆر ڕەفتار جودا و نوێی دەدی. ئەم ژنە ئازاد بوو!

بروێر گوتی: "بە دەگمەن ڕێکەوتووە کە من لە ڕەتکردنەوەی داواکارییەك هێندە نیگەران بووبم!" سالۆمێی دڵنیاکردەوە و باڵی گوشی. "بەڵام لە ڕاستیدا ئەبێ بە تەنێ بگەڕێمەوە. هاوسەرە



میهرەبان و نیگەرانەکەی من ئێستا لە کەناری پەنجەرەکەدا وەستاوە و چاوەڕێیە، دەبێ هەندێ ئاگام لەویش بێت و هەست و سۆزی ڕابگرم."

"هەڵبەت ..." ـ ژنە دەستی کێشایەوە و ئازادانە و لێبڕاوانە وەك پیاوێك، ڕوو بە ڕووی ئەو وەستا ـ "... ئەم 'ئەبێت'ەی ئێوە منی ناڕەحەت کرد. من بۆ خۆم هەموو ئەرکەکانم لە یەك شتدا کورت کردۆتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئازادی خۆم بپارێزم. هاوسەرێتی بەهەموو پاشڕوداوەکانییەوە لە هەستی خاوەندارێتی تا ئێرەیی بردن، ڕۆح دەگۆڕێت بە کۆیلەیەك. من هیچ کاتێك ناخوازم کە ببمە چەشەی ئەو. دکتۆر بروێر، من ئومێدەوارم زەمانێك دابێت کە نە پیاوان و نە ژنان لەبەرامبەر بێهێزیەکانی خۆیاندا نەگۆڕێن بە داووخواستێکی قوربانی بوون و خۆیان بچووك نەکەنەوە." ئەو بە هەمان بڕوا بەخۆبوونەوە کە لە کاتی هاتنە ژوورەوەدا هەیبوو، گەڕایەوە کە بڕوات. "ماڵاوا دکتۆر بروێر. تا دیداری داهاتوو لە ڤییەنا."

# (٢)

چوار هەفتە لە دوای ئەوە، بروێر لە پشتی مێزی عیادەکەیەوە لە ژمارە حەوتی شەقامی بەیکیر[١]، دانیشتبوو. لە کاتژمێر چواری پاشنیوەڕۆ بە بێ ئارامییەوە لە چاوەڕوانی لۆسالۆمێدا بوو.

ڕۆژێکی پڕ ئیشی لە دوای خۆیەوە بەجێهێشتبوو و هەروا ئارامی نەمابوو. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بە سەختی چاوەڕوانی ئەم دیدارەی دەکرد، لە باری ئاسایی خۆی خێراتر، لە سێ نەخۆشی دواییینیڕوانی. هەرسێکیشیان نەخۆشیگەلێکی دیاریان هەبوو کە پێویستییەکی کەمی بە پێڕاگەیشتن هەبوو.

هەردوو کەسی یەکەم، دوو پیاوی نزیك بە شەستساڵان بوون و ئاوا لە نەخۆشییەکی هاوشێوە ئازاریان دەکێشا. دوچاری تەنگەنەفەسی و هەوکردنی سییەکان ببوون . ساڵانێك بوو کە بروێر ئەوانەی بەهۆی نەخۆشی سییەوە چارەسەر دەکرد“ هەوای سارد و شێدار لەگەڵ هەبوونی برۆنشیتی* توند کاری سییەکانی تێکدەدا و حاڵی ئەوانی خراپتر دەکرد. بۆ کۆکەی هەردوو نەخۆشەکە مۆرفینی نووسی و بۆ سینگیشیان بخورد و ماساژی بە خەرتەلەی دانا. هاوکارانێکی زۆری ڕقیان لە بەکارهێنانی ماساژی بە خەرتەلە بوو، بەڵام بروێر ئەم دەرمانە کۆنەی زۆر لا پەسەند بوو، چەندین جار بەکاری دەهێنا. بە تایبەتی لەم ساڵەدا کە نیوەی

1- Baecker

* هەوکردنی سییەکان



خەڵکی ڤییەنا گرفتی سییان هەبوو.سێ هەفتەبوو کە خۆر خۆی دەرنەدەخست و بارانێکی هەمیشەیی جێگای ئەوی گرتبۆوە.

نەخۆشی سێیەم، نۆکەری ڕۆدۆلفی جێنشینی شا بوو، گەنجێکی تادار و ئاولاوی بوو کە گەرووی دەئێشا، بە ڕادەیەك شەرمن بوو کە بروێر ناچار بوو زۆر بە تووڕەییەوە داوای لێبکات بۆ لێڕوانین جلەکانی دابکەنێت. ئەوەی دەستنیشان کرد کە لووەکانی گەروی ئاوساوە. ئەگەرچی بروێر لە لابردنی لووەکاندا کارامە بوو، بەڵام لەم بارەیەوە هێشتا کاری نەشتەرگەری بە زوو دەزانی. لە باتی ئەوە پارچەی تەڕی فێنك کەرەوەی کلۆراتی پۆتاسیۆم و هەڵمی بخووری بۆ نووسی. بەهۆی ئەوەی کە ئەمە سێیەمین قوڕگ ئێشە بوو لەم زستانەدا، بروێر بە مەبەستی بەرگری پێست و بەرزکردنەوەی توانای بەرگری لەش، ڕایسپارد کە ڕۆژانە بە ئاوی سارد حەمام بکات.

لە چاوەڕوانیدا، جارێکی تر ئەو نامەیەی هەڵگرت کە بەر لە سێ ڕۆژان لەلایەن لۆسالۆمێوە بە دەستی گەیشتبوو. کە لەمەشیاندا لە نامەی یەکەمی کەمتر فەرماندەرانە نەبوو، زانیاری دابوو کە ئەمڕۆ لە کاتژمێر چواردا بە مەبەستی گفتوگۆ دێتە کلینیکەکەی ئەو. پەڕەکانی لوتی بروێر لە توڕەییدا دەلەرزین : "ئەو دیاریدەکات کەدەبێت من لە چی کاتێکدا چاوەڕێی بم! ئەو ئەرکەکان دادەنێت! ئەو شانازی بە من دەبەخشێت..."

خێرا تووڕەیی خۆی سەرکوت کرد: "یۆزیف ئەوندە خۆت بە گرنگ مەزانە. داخۆ چی بووە؟ هەڵبەت لەوانەیە خانم سالۆمێ نەزانێت، بەڵام ڕێکەوتی دوانیوەڕۆی چوارشەمە بە تەواوی گونجاوە. کەوایە ئیدی چی کێشەك هەیە؟"

"ئەو فەرمان بە من دەدات..." بروێر لێگەڕا جارێکی تر ئەم ڕیتمی توڕەییە لێبداتەوە، ئەم ڕیتمە شایەت بوو لەسەر هەمان خۆبەزلزانی و خۆپەرستی کە نەفرەتی لێدەکرد و لە ناو هاوکارەکانیدا بیلرۆت[٢] و شنیتزلیر[٣]ی پیر و هاوشێوەی ئەوان لە نەخۆشانێکی ناوداری وەك برامس و ویتگنشتایندا[٤] بینیبووی. بە پێچەوانەوە، تایبەتمەندییەکی دۆست و نەخۆشەکانی کە لە هەموو شتێك زیاتر هێژای دەکردن، سنگفراوانیان بوو، بۆنمونە هەر بەو هۆیەوە هەستی

2- Billroth
3- Schnitzler
4- Wittgenstein

دەکرد کە ئانتۆن برۆکنەر بەرەو خۆی بەکێشی دەکات. ڕاستییەکەی برۆکنەر وەك ئاهەنگسازێك هەرگیز نەیدەتوانی بگات بە تۆزی پێی برامسیشدا. بەڵام لانیکەم گومانیشی لەوە نەدەکرد کە تەنها بەهۆی هاوڕێیەتییەوە چاو لە هەڵەی ئەو کەسانە دەپۆشێت.

گەورەترین شادومانی بروێر، ئەو کوڕە جاهێڵە پەراوێزکراوانەی چەند یەکێ لە دۆستەکانی بوو" هۆگۆ ۆڵفی[5] لاو، گۆستاڤ مالیر[6]، تیۆدۆر هێرتزل[7]، لەگەڵ ئارتۆر شنیتزلەر، ئەو قوتابییە پزیشکییەی کە مایەی تەحەمولکردن نەبوو. ئەگەرچی هاوسونعەکانی لەو ئاستەدا نەبوون، کەچی بروێر پەیوەستبوو پێیانەوە، لە کاتێکدا کە هەموو دەکەوتنە جۆش و خرۆش، قسەی توندی دەربارەی چینی دەسەڵاتدار دەکرد. هەفتەی ڕابردویش لە میوانداری کلینیکی پوولدا، بە هەمان شێواز کە گەنجەکان دەوریان لێدابوو بەم ڕادەربڕینە خۆی بە جۆش هێنا: "وای، بەڵێ ڤییەنایییەکان کەسانێکی تەواو پارێزکارن، خوای ئەوان، ئارایش و ڕازاندنەوەیە."

بروێر کە زانایەکی واقیعی بوو، ئەوەی دیاریکرد کەچەندێ بە ئاسانی تەنیا لە چەند ساتێکدا، حاڵەتێکی ڕۆحی بە حاڵەتێکی تر، واتا خۆبەزلزانی بە سنگفراوانی، بە هەڵە وەگرتووە. چی دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشە! ئایا دەبوو ئەم ڕێکەوتە دووبارە ببێتەوە؟

خێرا ئەزموونێکی فیکری ئەنجام دا. سەرەتا هەوڵیدا لە قاڵبی ئەو کەسە ڤییەناییە دەربچێت کە خۆبینی و خۆویستییەکەی دەیڕەنجاند. لە کاتێکدا کە بە توندی هەناسەی هەڵدەکێشا و سخێفانە دەیگوت کە ئەم زایفەیە چی بیرێك دەکاتەوە؟ چاوانی بچووك دەکردەوە و ناوچەوانی چین چین دەکرد. بەم شێوەیە بە ڕاستی دەیتوانی ببێتە هۆی ناڕەحەتی و توڕەیی ئەو کەسەی کە خۆی زۆر بە گرنگ دەزانی.بەڵام کاتێ کە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و دەمارەکانی کێشایەوە، خێرا تووڕەییەکەی دەنیشتەوە. بەشێوەیەك کە خێرا بە خۆیدا هاتەوە و توانی بەسەر ئاگایی خۆیدا زاڵ بێت تا بتوانێت بەخۆیی و بەم ڕەفتارە پێکەنیناوییەی بخەنێ.

تێگەیشت کە بۆ هەریەك لەم بارە ناوەکیانە، ڕەنگێکی هەستەکی تایبەت هەیە. خۆبەزلزانی شێوەی توندی هەیە کە ناڕەسەنی و هەستبزوێنی ئەوە دیاریدەکەن. ڕاست وەکو لوتبەرزی و

5- Hogo wolf
6- Gustav Mahler
7- Theodor Hertzl



تەنیایی و بە پێچەوانەی ئەمانەیشەوە ڕەفتارێکی تر دەبێتە مایەی دروستبوونی هەستی بازنەئاسا، و نەرم و ئەرێنی دەبێت.

بروێر بیری کردەوە کە ئەم کاریگەرییانە مایەی هەڵوەشاندنەوەن و لەهەمانکاتدا ناوەندگیرن. کەوایە کاریگەری بەهێز و حاڵەتە ئاگاییەکان کە بەرهەمهێنەری ئەوانەیە بەچی شێوەیەکن؟ ئایا ئەو ئەگەرە هەیە کە بێتو تەنانەت بزوێنەرە دەروونییە توندەکانیش بخاتە ژێر کارگەرییەوە؟ دەشێ کەڕێگاچارەی ئەم بابەتە دەرونشیکارییەکی کاریگەر بێت؟

بیری لە ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆی دەکردەوە. بە پێی ئەزموونەکانی ئەو ژنان ئامادەیی زیاتریان بۆ تووشبوون بە نەخۆشی هەبوو. بۆ ساتێك ـ وەك ئەمڕۆ لە سەنگەری کلینیکەکەیدا ـ خۆی بە توانا و بە جۆرێ هەست پێدەکرد،کە ناکرێ هێرشی بکرێتە سەر. دواتریش دەیتوانی ژنانیش بەهەمان ئەو شێوەیەی کە هەبوون، ببینێت. بوونەوەرانێ کە هەولیان دەدا بەرەو ڕووناکی بڕۆن، کەسانێ کە لەگەڵ گرفتە ناکۆتاکانی ژیانی ڕۆژانەیاندا دەجەنگین" ئەگەر داوەرییەکی ڕاست بێت، سینگی ئەوان لە تەونی پەیوەندی، چەوری و لووی نمناك درووست ببوو. ئەو ناڕەحەتییەکانی ژنانی لەبەر بوو، بێنوێژی دەردناك، ناڕەحەتییەکانی سیاتیك*، ئاوێتە بوونی نەخۆشیگەلێکی وەك باکردن، گرفتی منداڵدان، خوێن لەبەر ڕۆیشتن و مۆربوونەوە و ئاوسانی خوێنهێنەرەکان.

دواتر لە چەند ساتێکی تایبەتدا، واتا ساتە ئەفسوناوییەکانی دڵکێشبوونی ژنێك کە مەمکە تۆکمەکانی بەتوندی هەڵدەئاوسان، بروێر لە ئاگری ئارەزووی یەکترکردن لەگەل ئەوژنەدا دەسووتا. ئەم وەسوەسە شیرینە دەیتوانی بەسەر ئەودا زاڵ ببێت و ژیانی بەرەو نەمان ببات" شتێکی وای نەمابوو کە لە کاتی چارەسەرکردنی بێرتادا هەمان بابەت بە قیمەتی گشت ئەوشتانە تەواو ببێت کە گرنگ و بەنرخ بوون.

هەمووشتێك لە دەوری دووروێنا وگۆڕینی چوارچێوە فیکرییەکاندا بوو. ئەگەر ئەو بیتوانیایە فێری نەخۆشەکانی بکات کە ئەم گۆڕانە بە ئارەزووی خۆیان ئەنجام بدەن، ئەوکاتە بە ڕاستی

* Sciatique نەخۆشییەکی دەمارییە کە بە زۆری لە کەمەرەوە دەست پێدەکات تا دەگاتە ئەژنۆ و پێیەکان. و.ك.

دەگۆڕا بەهەمان ئەوکەسەی کە خانم سالۆمێ بە دوایەوە بوو، واتا پزیشکی تایبەتی نائومێدی.

کاتێ کە دەنگی کردنەوە و داخستنی درگای ژووری پێشەوەی بیست، زنجیرەی بیری پچڕا. بروێر نیو دەقەیەك چاوەڕێی کرد تاوەکو زۆر وروژاو دەرنەکەوێت. پاشێ بەرەو ژووری چاوەڕوانی چوو تاوەکو بەخێرهاتنی لۆسالۆمێ بکات. ژنە خووسابوو ـ نمەبارانی ڤییەنا گۆڕابوو بە شەستەباران ـ بەڵام بەرلەوەی کە بروێر یارمەتی ئەو بدات تاوەکو پالتۆ سەراپاخووساوەکەی دابکەنێت، خۆی ئەم کارەی کرد و پالتۆکەی بەرەو خانم بیکر[٨]ی سکرتێری عیادەکە ڕاگرت.

بروێر، ڕێنومایی لۆسالۆمێی کرد بۆ عیادەکەی، کورسییەکی ڕەحەتی چەرمی نیشاندا و خۆیشی لە تەنیشتییەوە لەسەر کورسییەکی تر دانیشت. نەیتوانی بەرلە خۆی بگرێت و نەڵێت: "دەبینم وا پێتانباشترە کە خۆتان یاریدەی خۆتان بدەن، بەڵام ئایا بەم کارەتان، پیاوان لە چێژی کۆمەککردن بە خۆتان بێبەش ناکەن؟"

"هەردووکمان دەزانین، زۆرێك لەم خزمەتانەی کە پیاوان بۆ ئاسوودەیی ئافرەتان نیشانی دەدەن، زۆریش پێویست نین!"

"مێردی داهاتووتان دەبێ هەموو شتەکان لە سەرەتاوە فێرببێتەوە، بە زەحمەت دەتوانرێ واز لە نەریتە کۆنەکان بهێنرێت."

"شوکردن؟ نا، بۆ من نا! پێشتریش گوتبووم، لانی زۆر پەیوەندییەکی کورتخایەن، هەر ئەوەندەم دەوێت، بەڵام پێکگەیشتنی هەمیشەیی شتێکە بۆ من نابێت."

بروێر بە دیقەتەوە لە میوانە جوان و ئازاکەیی ڕوانی و لای وابوو کە لە پەیوەندییەکی وەهادا بە ڕاستی شتانێکی چەسپیو هەنە. زۆر زوو ئەوەی لە یادکرد کە ئەو ژنە نیوەی تەمەنی ئەوی هەیە. جلکی ڕەشی سادە و یەخە داخراوی پۆشیبوو، کوڵکە ڕێوییەکی دابوو بەسەر شانەکانیدا کە سەری بە شانیەوە دورابوو، و پەنجە و کلکی ڕێوییەکەش بەیەکەوە دوورابوون. بروێر خەیاڵی کردەوە، سەیرە، ئەو لە ڤینیسیای سارد سەرشانەی کورتی لەبەر بوو، بەڵام لێرە لەم ژووری

8- Becker

چاوەڕوانییە گەرمەدا خۆی دەپێچێتەوە. هەرچۆن بێت کاتی قسەکردن لەسەر بابەتە سەرەکییەکە هاتبوو.

برویر گوتی: "باشە کیژۆڵە خانم، ئێستا دەمانەوێت بچینەوە سەر نەخۆشی دۆستەکەتان."

"نەخۆشی نە، **نائومێدی**. ئەگەر ڕێگا بدەن دەمەوێت چەند ڕێنومابییەکتان بکەم."

برویر لە خۆیی پرسی ئایا خۆبەزلزانی ئەو سنووریکی هەیە؟ ڕێك وەك پزیشکێك قسان دەکات کە ڕاوێژی پێدەکرێت، مینا سەرۆکی کلینیکێ یان دکتۆرێکی خاوەن سی ساڵ ئەزموون قسەدەکات، نە وەکو کەسێکی نەزان یان کچێکی قوتابخانە!

خێرا بیری خۆی هێنایەوە: "هێمن بە یۆزیف، ئیترگەنجە، ئەو ستایشی خودای دیکۆرۆمی ئێمەی ڤییەنایی ناکات. سەرباری ئەوە پرۆفیسۆر نیچە باشتر دەناسێت. هۆشێکی تژی هەیە و بە ئەگەرێکی بەهێزەوە شتی گرنگی پێیە بۆ گوتن. خودا دەزانێت کە من دەرمانێك بۆ نائومێدی شك نابەم، تەنانەت نازانم کە دەبێ چۆن خۆمی لێ ڕزگار بکەم."

ئارام دانیشتبوو. "ئاوهایە؟ ببوورن کیژۆڵەخانم."

"براکەی من جینیا کە پێشنیوەڕۆی ئەمڕۆ قسەم لەگەڵیدا کرد، ئەوەی هێنایەوە یاد کە چۆنچۆنی ئێوە یارمەتی نەخۆشەکەتان، واتا ئانائۆ.تان داوە تاوەکو لە ڕێگای هیپۆنۆتیزمەوە* ڕیشەی هەریەك لە نیشانەی نەخۆشییەکانی بدۆزنەوە. ئەگەر بە دروستی بیهێنمەوە یاد، لە ڤینیسیا پێتان گوتم کە هەمان دروستکردنەوەی هۆکاری نەخۆشییەکان، بە ڕێگایەك یارمەتی چارەسەری ئەوانەی کرد. بەڕاستیش هەمان ئەو 'ڕێگا'یە کە منی دەربایست کردووە. هیوادارم ڕۆژێکفرسەتی زیاترمان هەبێت، ئەوەم بۆ ڕوونکەنەوە کە وردەکارییەکانی ئەو میکانیزمەی کە بە یارمەتی ئەو، دەشێت هۆکاری نەخۆشییەکان بدۆزرێتەوە، چۆن بەدەست هاتووە."

برویر سەری لەقاند و بە تیاماوی لەپی دەستانی بەرەو لۆسالۆمێ ڕاگرت: " لێکۆڵینەوەیەکی تەواو ئەزمونگەرییانەیە و ئەگەر هەموو کاتی جیهانیشمان هەبێت، لام وایە بەو جۆرەی کە چاوەڕێنە ناتوانم بۆتانی باسبکەم. بەڵام ئێوە هەندێ ئامۆژگاریتان هەبوو، ئاخۆ وانییە؟"

* هواندنی موگناتیسی



"یەکەمینیان ئەوەیە: **سەبارەت بە نیچە، هەرگیز هەوڵ نەدەن سوود لە خەواندنی موگناتیسی ببینن.** ئەنجامێك بەدەست نایەت! ڕۆح و توانای تێگەیشتنی ئەو یەك دیاردەیە، پەرجوویەکە کە خۆتان ئەوە تاقیدەکەنەوە. لەگەڵ ئەمەدا، بۆ ئەوەی کە یەکێ لە مەبەستەڕاکانم بەکارهێنابێت، ئەو مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانەیە و تەنانەت ئەویش لە بەرامبەر هەندێ لە شتەکاندا کوێر دەبێت."

ئێستا لۆسالۆمێ سەرشانە خورییەکەی لابرد، بێئەوەی پەلەبکات هەستا و لەژوورەکەدا دەستی کرد بە گەڕان و لەسەر کورسییە خۆشەکەی برویر دانیشت. بۆ ساتێك بڕوانامە چوارچێوەگیراوەکانی سەر دیوارەکەی خوێندەوە. یەکێکیان کەمێ خواربوو، ڕێکی کردەوە و پاشتر بۆ سەر جێگاکەی خۆی گەڕایەوە و بەرلەوەی دەست بە قسان بکاتەوە لاقەکانی وەسەریەك خست.

"نیچە بەرامبەر بە توانایی لە ڕادەبەدەر هەستیارە. هیچ کاتێك ناچێتە ناو ڕووداوگەلێکەوە کە بە ڕای خۆی ناچاربە قەبوولکردنی دەسەڵاتی ئەوانە بێت. بیرکردنەوەی فەلسەفییانەی ئەو لە پێش سوکراتیەکانەوە نزیکە، بەتایبەتی بۆ بەدەستهێنانی ئەوانە لە ئاگۆن[9]، واتە ئەو باوەڕەی کە هەمووکەسێك لە ڕێگای نەبەردی و کێبڕکێوە، کارایی خۆی کامڵ دەکات. زۆر گومانی هەیە لە هەموو ئەو کەسانەی کە ترسیان لەم کێبڕکێیە هەیە و خۆیشیان بە خۆبەختکار دەزانن. باوکی فیکریی ئەو لەو مەسەلانەدا شۆپنهاوەرە[10]. نیچە ڕای وایە کە هیچ مرۆڤێ نایەوێت کۆمەکی کەسانی تر بکات، مرۆڤ زیاتر مەبەستییەتی کە دەسەڵات و هێزی خۆی بەسەر ئەوانی تردا زیاتر بکات، چەند جارێك نیچە خۆی دایە دەست توانای کەسانی ترەوە، ئەمە ئەزموونێکی تاڵ بوو کە هەستی وێرانی و تووڕەیی لەودا بەجێهێشت. لەگەڵ ڕیچارد واگنەریشدا بە هەمان ڕەوشدا تێپەڕی و لامولیە کە ئێستا هەمان هەست و سۆزیشی بەرامبەر بە من هەبێت."

"دەتانەوێ چی بڵێن، یانی سەبارەت بە ئێمەیش هەر هەمان هەستی دەبێت؟ ئایا لە هەمبەر نائومێدی نیچەدا، بەجۆرێك خۆتان بە کەموکوڕ دەزانن؟"

9-Agon
10- Schopenhaver

"ئەو من بە خەتاکار دەزانێت و بەم هۆیەشەوە ئامۆژگاری دووەمتان دەکەم: **ئاشنابیتان لەگەڵ مندا نەدرکێنن.** پرسیارئامێزانە دەڕوانن. بێگومان بۆ ئەوەی کە تێبگەن، پێویستە دەربارەی پەیوەندیم لەگەڵ نیچەدا هەموو شتێکمتان بۆ باس بکەم، حەزناکەم شتێکتان لێبشارمەوە و بە هەموو خواستێکمەوە ئامادەم وەڵامی هەموو پرسیارەکانتان بدەمەوە. کارێکی ئاسان نابێت. خۆم دەدەمە دەستی ئێوە، بەڵام ئەو شتانەی کە دەیانڵێم دەبێ لە نێوانی خۆماندا بمێنێتەوە."

"بێگومان. لەم ڕووەوە دڵنیا بن کیژێ خان." پەرێشانی بۆ ئەم ڕاشکاوییە، دڵنیایی بەو بەخشی. گفتوگۆ لەگەڵ کەسێکی وا ڕاستگۆدا چەنێ مرۆڤ خۆشحاڵ دەکات.

"زۆرباشە. یەکەمین جار بەر لە هەشت مانگ واتە لە مانگی ئاپریلدا یەکەمین دیدارم لەگەڵ نیچەدا سازدا."

خانم بیکر لە دەرگای دا و قاوەی هێنا. بەهۆی ئەوەی کە بینی وەك هەمیشە بروێر لە پشت مێزی نووسینەکەیەوە نییە و لە تەنیشت لۆسالۆمێوە دانیشتووە، سەری سوڕما، بەڵام بەجۆرێك ڕەفتاری کرد کە کەسێ لەم سەرسوڕمانە تێنەگات. بێ ئەوەی بدوێ سینییەك کە کوپی جوانی چینی و کەوچك و قۆری دەرەوشاوەی زیوینی لەسەر بوو، خستە بان مێزەکە و چووە دەرەوە. لەو کاتەی کە دووبارە لۆسالۆمێ سەرەداوی قسەی بەدەستەوە دەگرتەوە، بروێر قاوەکەی تێکرد.

"ساڵی ڕابردوو بەهۆی تەندروستیمەوە ناچاربووم وڵاتەکەم، واتا ڕووسیا بەجێ بهێڵم. گرفتی هەناسەدانم هەبوو، کە ئێستا تاڕادەیەکی زۆر چاکبوومەتەوە. سەرەتا لە شاری زوریخ بووم و دەچوومە قوتابخانەی ئیلاهیاتی بیدەرمان[11] و لە هەمانکاتدا لەگەڵ گۆتفرید کینکڵ[12] ی شاعیردا کارم دەکرد. لاموایە ئەوەم لە یاد کردووە کە بڵێم شاعیرێکی تازەکارم. کاتێ کە سەرەتای ساڵ لەگەڵ دایکمدا بۆ ڕۆما سەفەرم کرد، کینکڵ ڕاسپێرینامەیەکی بۆ نووسیم تا بیگەیەنم بە مالویدا ڤۆن میسن بۆگ[13]، نووسەری کتێبی **یاداشتەکانی ئایدیالیستێك**، ڕەنگە بیناسن؟"

11- Biedermann
12- Gottfried Kinkel
13- Malwida von Meysenbug



بروێر سەری بە نیشانەی بەڵێ بۆ ڕاوەشاند. ئەو ئاشنایی لەگەڵ بەرهەمەکانی مالویدا ڤۆن میسن بۆگدا هەبوو، بە تایبەتی نووسینە پڕ لە جەنجاڵییەکانی ئەوی لە بارەی یەکسانی مافەکانی ژن و پیاو و چاکسازییەکانی کۆمەڵگای سیاسی و فێرکاری خوێندبۆوە. بەڵام بابەتە تازە سۆسیالیستییەکانی ئەو کە بە ڕای بروێر شرۆڤەکانی نازانستی بوون، زۆر بۆی سەرنجڕاکێش نەبوون.

لۆسالۆمێ گوتی: "لەبەر ئەوەی کە من لە ناو ئەڵقەی دۆستانی مالویدا دا دەهاتم و دەچووم و لەوێدا فەیلەسوفێکی گەنج و دڵڕفێن و زۆر هۆشیارم، بە ناوی پاوڵ ڕێ[14] ناسی، کە زۆر زوو بوینە دۆستی یەکتری. ئەو بەرلە چەند ساڵێك لە باسیل لە پۆلی وانەکانی نیچەدا بەشداری کردبوو، جۆرێ لە دۆستایەتی قووڵ و ناوەکیانە لە نێوان ئەو دوانەدا دروست ببوو. دیاربوو کە ڕێ لە ڕادەبەدەر ئافەرینی نیچەی دەکرد. بە ڕای ئەو، چونکە من و ئەو دۆست بووین، دەبایە من و نیچەیش ببوینایەتە دۆستی یەکتری. جەنابی ڕێ ـ ئای دکتۆر بروێر..." ـ قسەکانی بڕی و کەمێ سوور بۆوە، بەڵام هەرئەوە بەس بوو بۆ ئەوەی بروێر پێی بزانێ، ژنە هەستی کرد کە بروێر هەموو شتێکی دیوە ـ "... ڕێگا دەدەن کە پێی بڵێم پاوڵ، چونکە من بە هەمان ناو بانگی ئەو دەکەم و چی هۆیەك هەیە بۆ ئەوەی کە ئەمڕۆ کاتی خۆمان بەم قسە عادەتییانەوە بفەوتێنین؟ من زۆر لە پاوڵ نزیکم، ئەگەر چی لە ڕێگای شووکردنەوە بە ئەو یان بە هەرکەسێکی تر هەرگیز خۆم ناکەمە قوربانی!"

بە بێئارامییەوە درێژەی پێدا: "ئیتر بە ڕادەی پێویست کاتم بە هەدەر داوە تاوەکو پاساوی سووربوونەوەی خۆم بدەمەوە. ئێمە تەنیا شیردەرانێکین کە سووربوونەوەی خۆمان لە بەرەنجامی شەرمەوە دەزانین. وانییە؟"

بروێر وەڵامێکی پێنەبوو، تەنیا سەری بەڵێی بۆ ڕاوەشاند. بۆ ساتێك لەوەی کە ئاگاداری حاڵی خۆی بوو، بروێر هەستی بە دڵنیایی زیاتر دەکرد لە دیداری پێشووتریان. لەگەڵ ئەمەشدا، وردە وردە لە ژێر کاریگەری هێزی ئەفسووناوی ئەم ژنەدا، هەستی متمانە بەخۆبوونی لە دەست دا. ڕادەربڕینی ئەو سەبارەت بە سووربوونەوە لە شەرم مایەی سەرسوڕمان بوو. تا ئێستا نەیبیستبوو کە ژنێك ـ تەنانەت کاتێکیش کە بە باشی بیری دەکردەوە، بە شێوەیەکی گشتی ـ

14- Paul Ree

کەسێك هێندە ڕاشکاوانە دەربارەی بنەمای ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان بدوێ، بە تایبەتیش کە ئەم کچە تازە تەمەنی بیست و یەك ساڵ بوو.

لۆسالۆمێ درێژەی بە گێڕانەوەکەی دا: "پاوڵ بە تەواوی لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ من و نیچە ببینە دڵسۆزترین هاوڕێی یەکتری و ڕاست وەکو ئەوەیە کە ئێمە بۆ یەکتری خوڵقابین. بە چاوی قوتابی و ژێر پارێزگاری، هەروەها دەروون و ڕۆحی سەردەمی نیچە لە منی دەڕوانی و نیچەی بە ئوستادی من و پەیامبەری دنیایی دەزانی."

لێدانێکی هێواشی درگاکە قسەکانی پێبڕین. بروێر لە ناو ژوورەکە دەرچوو تا درگاکە بکاتەوە. خانم بیکر بە دەنگێکی کەمێ هێواشەوە ڕایگەیاند کە نەخۆشێك هاتووە. بروێر گەڕایەوە سەر جێگاکەی و لۆسالۆمێی دڵنیاکردەوە کە هۆیەك بۆ پەلەکردن نییە، چونکە نەخۆشانێ کە کاتی پێشینەیان نییە دەبێت خۆیان ئامادەی چاوەڕوانییەکی دوورودرێژ کردبێت. بۆیە تکای کرد کە بەردەوام بێت.

"لەبەر ئەمە پاوڵ دیداریکی لە کلێسای سان پوترۆس سازدا. نەگونجاوترین شوێنێك بۆ بڕیاری دیداری ئەم پەیوەندییە سێ کەسیە ناموقەدەسەی ئێمە، ئەمە ناوێك بوو کە دواتر لە پەیوەندییەکەماندا نا. ئەگەرچی نیچە حەزی دەکرد ئەم هاوڕێیەتییە بە **هاوڕێیەتی فیساگۆرسی ـ ش** بناسرێت."

بروێر لە ناکاو هەستی کرد کە وا خەریکە لە باتی ڕوخساری ژنە تەماشای سینگی دەکات. بە ترسەوە لە خۆی پرسی، لە کەیەوە؟ ئایا ئەو ئاگای لێبووە؟ ئایا ژنانی تر هەستیان بەم شتە کردووە لە لایەن منەوە؟ بە خەیاڵ دەیبینی کە گسکێکی هەڵگرتووە و هەموو بیرە شاراوەکانی لە بارەی ئارەزووە سێکسییەکانییەوە گسك دەدات. ئیتر تەنیا لەسەر چاوان و قسەکانی ژنە چەقگیر بوو.

"من هەر زوو هەستم کرد کە دڵکێشی نیچە بوومە. ئەو بە ڕواڵەت کەمێ ڕاکێشەرە. باڵایەکی مامناوەند، دەنگێکی هێمن و نیگایەکی کاریگەری هەیە کە وادەردەکەوێت زیاتر تەماشای ناوەوە دەکات تاوەکو دەرەوە. دڵێی دەیەوێت پارێزگاری و چاودێری لە گەنجینەکانی ناوەوەی خۆی بکات. لە سەرەتادا نەمدەزانی کە سێ لە سەر چواری بینایی خۆی لە دەست



داوە، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا کۆششێکی وەسفنەکراوی هەبوو. هەوەڵین قسانێ کە بە منی گوت ئەمە بوو: ئێمە لە کام ئەستێرەوە لێرەدا کەوتوینەتە کەناری یەکترەوە؟

ئێمە سێ کەس پێکەوە گفتوگۆمان دەکرد و چی گفتوگۆیەکیش بوو! بۆ ماوەیەك وا دەهاتە بەرچاو، دەتگوت ئارەزووی پاوڵ لە پێناوی دۆستی و پەیوەندیدا، هاوکات مامۆستا و قوتابێتی لە نێوان من و نیچەدا، بەدی دێت. ئێمە لە ڕووی ڕۆحییەوە لێکنزیك بووین. بیری ئێمە وەك کلیلێ لە قوفڵێکدا پێکی دەخوارد“ نیچە لە بارەی ’ناوەڕۆکی خوشك و برا‘وە قسەی دەکرد. ئای، ئەو گونجاوترین بەشی کتێبە تازەکانی بۆ من دەخوێندەوە، مۆسیقای بۆ شیعرەکانی من دادەنا، باسی ئەوەی بۆ دەکردم کە بڕیاری وایە لە دە ساڵی داهاتوودا چی کارێ لەگەڵ جیهاندا بکات، چونکە ئەوکاتەیش لای وانەبوو کە لە دەساڵ زیاتر کاتی هەبێت.

بە خێرایی من، پاوڵ و نیچە بڕیارماندا کە پێکەوە بژین و تا ڕادەیەك ژیانێکی خێزانی پێکەوە بنێین. نەخشەی ئەوەمان کێشابوو کە زستان پێکەوە لە پاریس یان لە ڤییەنا بەسەر ببەین."

ژیانێکی خێزانی سێ کەسی! بروێر سینگی پاککردەوە و لەسەر کورسییەکەی تەکانێکی دا. بینی کە ژنە لە شەرمنی ئەو بزە دەیگرێ. هیچ شتێ لە نیگای ئەم ژنە بە شاراوەیی نامێنێتەوە؟ ئەم ژنە چی پسپۆڕێکی دیار دەبێت لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکاندا! ئایا هیچ کاتێك بیری لە کاری پزیشکی کردبۆوە؟ وەك قوتابییەکی من؟ وەك هاوکارم، دەستە ڕاستم لە عیادە و لە تاقیگادا؟ ئەمە وێناکردنێکی دڵڕفێن بوو، ڕاکێشانێکی بەهێزی هەبوو. کەچی قسەکانی دواتری بروێری لە دونیای خەیاڵ کردە دەرەوە.

"بەڵێ من دەزانم کە دونیای دوو پیاو و ژنێك کە لەوپەڕی خۆپارێزی لەگەڵ یەکتریدا دەژین، ناوێکی خۆش نییە." ئەو وشەی خۆپارێزی بە کارامەیی بەکارهێنا. هێندە ڕوون کە نەبێتە هۆی هەڵە دەربڕین و ئەوەندەیش تایبەتی کەنەبێتە هۆی سەرکۆنەکردن. "لێ ئێمە ئازادین لە بیرکردنەوەدا و ئایدیالیستین و بنەما ڕێنووسکراوەکانی کۆمەڵگا ڕەتدەکەینەوە. ئێمە لە بۆ پێوەرە ئەخلاقییەکانی خۆمان، تەنیا بە هێزی خۆمان پشتئەستوورین."

کاتێ کە وەڵامێکی لە بروێر نەبیست، بۆ یەکەمین جار دوودڵ کەوتە بەرچاو، دەتگوت ئیدی نازانێت دەبێ چیبکات.

"درێژەی بدەمێ؟ هێشتا کاتمان ماوە؟ ئایا هەست و سۆزتان بریندار ناکەم؟"

"بێگومان، بەردەوام بن خانمی بەڕێز، هەموو کاتی من بۆ ئێوە تەرخانە."

دەستی بەرەو لای مێزی نووسینەکە برد و ئەو ڕۆژژمێرەی بەرزکردەوە کە تایبەت بوو بەکاتی دیدارەکانی و پیتە گەورەکانی ل.س. ی نیشانی ئەوداکە لە لاپەڕەی ڕۆژی چوارشەممە، ٢٢ نۆڤەمبەری ١٨٨٢ دا نووسرابوو: "تەماشاکەن، من ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ کاتی پێشینەی ترم نییە و لەبارەی هەست و سۆزیشەوە، گوێ بە من مەدەن. بە پێچەوانەوە من دەستخۆشی لە ڕاشکاوی و ڕاستگۆیی ئێوە دەکەم، ئەگەر دۆستان هەمیشە بەم جۆرە ڕاستگۆییەوە لەگەڵ یەکتردا قسەیان بکردایە، ژیان زۆر پڕبەرتر و واقیعیتر دەبوو."

لۆسالۆمێ بێ هیچ قسەیەك ئەم ڕێزلێنانەی لا پەسەند بوو، قاوەیەکی بۆ خۆی تێکرد و دەستی بە قسەکانی کردەوە: "سەرەتا دەبێ بزانن کە پەیوەندی من و نیچە، لەگەڵ ئەوەی کە ڕۆحیش بوو، کەمی خایاند. ئێمە تەنیا چوارجار سەردانی یەکترمان کرد، کە ئەویش لەژێر چاودێری دایکی هۆشیاری من و دایکی پاوڵ یان خوشکی نیچەدا بوو. لە ڕاستیدا من و نیچە بە دەگمەن دەمانتوانی بەبێ موزاحیمبوون پێکەوە قسە بکەین یان بگەڕێین.

لەبەر ئەوە مانگی هەنگوینی ڕۆحی و پەیوەندی ناپیرۆزی سێ کەسی ئێمە کورتخایەن بوو. نیشانەکانی پەرتبوون دەرکەوتن. ڕەنگە  بەوهۆیەوە بووبێ کە هەر لە سەرەتاوە ئەم نیشانانە لە گەمەکەماندا هەبوون و من بەرپرسم لەوەی کە دەستنیشانم نەکردن." بە خەمبارییەوە شانەکانی هەڵتەکاند، وەك ئەوەی بەرپرسیاری لە شانەکانی بتەکێنێت و لە بەردەوامی ئەم ڕووداوە شوومەدا دەستی بەباسکردنی خۆی کرد.

"ئاوا لە کۆتایی یەکەمین دیدارماندا، نیچە لە بارەی تێڕوانینی من بۆ پەیوەندییەکی پاکیزەی سێ کەسی دوودڵ بوو. ترسی لەوە هەبوو کە هێشتا دونیا بۆ شتێکی وەها ئامادە نەبێت. داوای لێکردم کە تێڕوانینەکەی من ئاشکرانەکەین. بە تایبەتی نیگەرانی خێزانەکەی خۆی بوو" لە هیچ هەلومەرجێکدا نەدەبوو دایك و خوشکی ئاگاداری نەخشەکانی ئێمە بوونایە. ئای لەو پەیمانە چاوەڕواننەکراوانە! منی غافڵگیر و نائومێد کرد و بە شێوەیەکی جیدی لە خۆمم دەپرسی کە ئایا ڕێگام داوە کە وتاربێژییە دلێرانە و دروشمە ئازادیخوازییەکانی ئەو من بە بنبەست بگەیەنێت؟



کەمێ پاشتر نیچە شتەکەی توندتر گرت. بەرنامەیەك کە بۆ ژیان دامانڕێژابوو، لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە گوماناوی و بە ڕیسك بوو، تەنانە لە ژێر هەلومەرجێکی شومیشدا بوو. ئەو لەو بڕوایەدا بوو کە لە پێناوی پارێزگاری لە من، خۆی بە وابەستە دەزانێت کە پێشنیاری زەوجین بۆ من بکات، و داوای لە پاوڵ کرد کە لەباتی ئەو قسەبکات. دەتوانن وێنای ئەوە بکەن کە ئەم کارە، پاوڵی بە چی هەلومەرجێکی ناخۆش و نائاسایی دەگەیاند؟ پاوڵ لە ڕوی وەفادارییەوە بۆ هاوڕێکەی ـ ئەگەرچی بە نارەزاییشەوە بێت ـ ئەرکی خۆی ئەنجامدا و پێشنیاری نابەجێی نیچەی بە جێهێنا."

بروێر پرسی: "ئایا سەرتان لەم پێشنیارە سوڕما؟"

"زۆر. سەرسوڕمانەکەیشم زیاتر بەهۆی ئەوەوە بوو کە پێشنیارەکە یەکسەر لە دوای یەکەمین دیداری ئێمە کرا! گێژببووم. نیچە پیاوێکی ناسراوە بە ڕۆحێکی مەزنەوە و لە هەمانکاتیشدا زۆر گونجاوە. کەسێتییەکی ڕاکێشەر... دکتۆری بەڕێز، من لاریم لەوە نییە کە هەستم دەکرد دڵکێشی کردوومە، بەڵام بە مانا ڕۆمانتیکییەکەی نا. ئەو ئەگەرە هەیە کە ئەو لەمە تێگەیشتبوو، گەرچی دڵنیام کردبۆوە کە من چاوم لە شووکردن و ئیشقی سۆزداری نییە."

بایەکی بەهێز پەنجەرەکەی لەراندەوە و بۆ ساتێك هەستی بروێری پەرتەوازە کرد. لە پڕ هەستی کرد کە گەردن و شانەکانی هاتوونەتەوە یەك، ئەو وەها ئەفسوناویانە گوێی دەگرت کە بۆ چەندین خولەك هیچ یەك لە ماسولکەکانی نەجووڵاندبوو. هەندێ جار نەخۆشەکانی نهێنییەکانی خۆیان بەو دەگوت، بەڵام هەرگیز بەم شێوەیە نەبوو، و هەرگیز وەك ئەم بێپەردە و ڕوبەڕوو نەدەبوون. بێرتا زۆر شتی خۆیی باسکردبوو، بەڵام تەنیا لەو کاتانەی کە هەستە دەروونییەکانی پەرت دەبوون. بەڵام لۆسالۆمێ بێ کۆت و بەند و ڕاشکاوانە دەدوا. تەنانەت لە کاتی باسکردنی ڕووداوگەلێکدا کە بۆ ڕابردوویەکی دوور دەگەڕایەوە، بروێر دەگەیشتە ئەو ئەنجامەی کە لای وابوو جووتێ ئاشق خەریکی گفتوگۆی ئەویندارانەن. بروێر لە بیستنی پێشنیاری خێرای نیچە لەدوای یەکەمین دیداریان لەگەڵ ئەودا، سەیری لێنەهات.

"ئەی دواتر چی بوو، کیژۆڵە خانم؟"

"بیرم کردەوە کە لە دیداری داهاتوودا، ڕاشکاوانە لەگەڵیدا بدوێم. لێ دەرکەوت کـە پێویـست بەم کارە ناکات. لەو ماوەیەدا نیچە بە ئەندازەیەك لە ژنهێنـان ترسـابوو کـە مـنی لـە خـۆی دوورخستەوە. لەبەر ئەوە کاتێ کـە دوای دوو هەفتـە دووبـارە لـە ئۆرتـا[١٥] سـەردانیم کـرد، یەکەمین شتێ بەمنی گوت ئەوە بووکە واباشترە پێشنیارەکەی ئەو لەیادبکـەم و زۆری لێکـردم کە پەیوەندییەکی نارەسمی لەگەڵدا دەست پێبکەم، بـەڵام بـە هەسـت و سـۆزێکی ڕۆحییانـەی هاوبەشەوە.

ئێمە هەرسێ کەس لەگەڵ یەکدا ئاشتبووینەوە. نیچە بە ئەندازەیەك دڵنیابوو لە پەیوەندی سێ کەسەی ئێمە کە ڕۆژێك پاشنیوەڕۆ لە شاری لوزێرن[١٦] پێداگری لەسەر ئەوەکرد کە وێنـەگرێك ئەم وێنەیەمان بگرێت. تەنیا وێنەیەك لە پەیوەندی سێ کەسی ناپیرۆزی ئێمە*."

لەو وێنەی کە لۆسالۆمێ نیشانی بروێری دا، دوو پیاو لە بەردەم عەرەبانەیەکدا دەبینـران، لـە کاتێکدا خودی لۆ لەسەر عەرەبانەکە کەوتبووە سەرئەژنۆ و قامچییەکی بەدەستەوە بوو.

بە دەنگێکی ناسکەوە گوتی: "پیاوە سمێڵ زلەکەی پێشەوە، ئەوەی لای ڕاسـت کـە تەماشـای ئاسمان دەکات نیچەیە و پاوڵیش لە تەنیشت ئەوەوە وەستاوە."

بروێر بە دیقەتەوە لە وێنەکەی ڕوانی. وێنـەی ئـەو دوو پیـاوە ـ دوو هیـولای کـۆتکراوی ژێـر قامچی ئەم ژنە گەنج و جوانە ـ هەست بزوێن بوون و ئەویان هەژاند.

"باشە دکتۆر بروێر، لەبارەی قامچییەکەی منەوە ڕاتان چییە؟"

بۆ یەکەمین جار یەکێ لە ڕادەربڕینە بێئەدەبانەکانی ئەو کاری خۆی نەکرد و دیسانەوە لە پـەردا بروێر ئەوەی هێنایەوە یادی خۆی کە کچێکی بیست ویەك ساڵەی قوتابخانە لە بەرامبەریدایـە. لە خۆی دەپێچایەوە، خۆش نەبوو بۆی کە ناچاربێت عەیبێك لەم بوونەوەرە نایابەدا بدۆزێتەوە. لە هەمانکاتدا هەستی بە هاوخەمی لەگەڵ دووپیاوە بەندکراوەکەدا دەکـرد. وەك ئـەوەی بـرای بن. ئایا ڕێی تێنەدەچوو کە خۆیشی لە جێگای ئەواندا بێت؟

15- Orta
16- Luzern

* ئەم وێنە سێ کەسییەی نیچە و سالۆمێ و ڕێ لە کۆتایی کتێبەکەدایە. و.ك.



بروێر لایوابوو کە دەبێ لۆسالۆمێ لە حاڵەتەکەی گەیشتبێت، چونکە بە پەلە درێژەی پێدایەوە.

"ئێمە دووجاری تر یەکترمان بینی. جارێکیان بەر لـە سـێ مـانگ بـوو لـە تـاتین بێـرگ[١٧]. خوشکەکەی نیچەیش ئامادەبوو. جارێکی تریش لە لایپزیك لە کاتێکدا کە دایکی پاوڵ لـەوێ بوو. بەڵام نیچە بەردەوام نامەی بۆ دەنووسیم. ئەمە نامەیەکی ئەوە. وەڵامە بۆ نامەیەکی من کە تێیدا ئەوم دڵنیاکردبۆوە کە کتێبی **سپێدە**[١٨] چی پاڵنەرێك بووە بۆ من."

بروێر بە خێرایی ئەو نامە کورتەی خوێندەوە کە ژنە پێی دا.

**دۆستی ئازیزی من**

***منیش ئێستا سپێدەیەك لە*** **دەوروبەرمدایە کە چاپیشی نییە!*** **شتێ کـە هـەرگیز گومانیـشم لێنەدەکردەوە ئەوەبوو، شتێکی وەها شیاو بە بیرمدا دێت کە دۆستێك بۆ دوایەمین خۆشبەختی و ئازارەکانم بدۆزمەوە. ئەمەئەگەرێکی** ***زێرینە*** **لە لـە ئاسـۆی تـەواوی ژیـانی داهاتوومـەوە. هەرجارێ کە بەتەنیا بیر لە ڕۆحی بێباك و هۆشیاری لۆی خۆشەویستم دەکەمەوە، دەخرۆشێم.**

**ف.ن. ی ئێوە**

17- Tautenberg
18- Morgenroete

* مەبەست لەم ڕستەیە خودی لۆسالۆمێیە کە بۆ نیچە نیشانەی سپێدەیەکە، بەڵام لە وەرگێڕانە تورکییەکـەدا لە باتی (کە چاپیشی نییە) نووسراوە ( کە ڕەنگیشی نییە). و.ك.

بروێر بێدەنگ بوو. هەستی هاودەردی ئەو لەگەل نیچەدا قوولتر ببۆوە. پەیداکردنی سپێدە و ئەگەری خۆشویستنی ڕۆحێکی بێباك و هۆشیار چۆنچۆنی بوو؟ بیری کردەوە، هیچ کەسێك تەنانەت بۆ یەك جاریش لە ژیاندا، ئارەزوی شتێکی وەهای نەبووە؟

لۆسالۆمێ درێژەی پێدا: "لە هەمانکاتدا پاوڵیش بە هەمان گەرم و گوڕییەوە دەستی بە نووسینی نامەگەلێك کرد و لەگەڵ ئەوەی کە هەموو هونەری ناوەندگیری خۆیشمم بەکارهێنا، کەچی بێقەراری ڕۆحی و ڕاڕاییەکان لە پەیوەندی سێ کەسی ئێمەدا بەشێوەیەکی ترسناك تەشەنەی کرد. هاوڕێیەتی نێوان پاوڵ و نیچە وردە وردە تێکچوو، تا ئەوەی کە ئاخری ئەوان دەستیان بە وێرانکردنی یەکتری کرد."

بروێر گوتی: "بەڵام بە ڕاستی ئەم کێشەیە ناتوانێ ببێتە هۆکاری ناڕەحەتییەکانی ئێوە! دوو پیاوی ئاشق و پەرێشان کە هەردووك پەیوەندییەکی ڕۆحییان بە ژنێکەوە هەیە!"

"لە ڕاستیدا ڕەنگبێ خۆشباوەڕ بووبم. بە ڕاستی من باوەڕم کردبوو کە ئێمە ئەم سێ کەسە دەتوانین پەیوەندییەکی ڕۆحانی سێ کەسیمان هەبێت و کاری زۆر بەرچاوی فەلسەفی ئەنجام بدەین."

ئەو کەوا دیار بوو نەکەوتبووە ژێر کارگەری سەرکۆنەی بروێرەوە، هەستا. حیلەبازانە ئەنامەکانی لەشی کێشایەوە وچووە لای پەنجەرەکەوە. لە ناوەندی ڕێگاکەدا وەستا تاوەکو چاوێ بە شتەکانی سەر مێزی نووسینەکەدا بگێڕێت: ئاوەن دەسکەوانێکی سەردەمی ڕێنیسانس، پەیکەری گلێنەی بچووکی میسری، مۆدێلی کاری هونەرمەندانەی هەزارلۆی گوێ لە تەختە.

ژنە لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد و درێژەی پێدا: "لەوانەیە من سەرسەخت بم، بەڵام تاوەکو ئەمڕۆ گومانم نەدەکرد کە پەیوەندی سێ کەسەی نەخشەکێشراوی ئێمە مەحکوم بە لەناوچوون بێت! چونکە ئەگەر خوشکە نەفرەتییەکەی نیچە نەبوایە، بە ڕاستی ئەم پەیوەندییە توانای پراکتیزەکردنی هەبوو. نیچە بانگهێشتی منی کردبوو کە هاوین لەگەڵ ئەو و ئەلیزابێسدا لە تاتین بێرگ کە شارەدێیەکی بچووکە لە تۆرینگن، بەسەر ببەم. من لە بایرویت[19] ئەلیزابێسم بینی. لەوێوە ئێمە ڕۆیشتین بۆ بینینی واگنەر، لە باڵەخانەیەکدا دەژیاین کە کەوتبووە پارسیفاڵ[20] و پێکەوە درێژەمان بەسەفەرەکەمان دا بۆ تاتین بێرگ."

19- Bayreuth
20- Parsifal



"خاتو سالۆمێ، بۆچی بەئەو دەڵێن نەفرەتی؟"

"ئەلیزابێس دووڕوە. ئەو بە ڕۆحێکی بچووکەوە ژنێکی نەفامی دەغەڵی دژەجووە. کاتێ کە ئەو هەڵەیەم کرد و پێم گوت کە پاوڵ جوولەکەیە، خێرا ئەم باسەی بە کۆڕیارانی دەوری واگنەردا بڵاوکردەوە، دەڵێی جگە لەوە ئیشێکی تری نییە و بەهۆی ئەمەوە ئیدی پاوڵ لەماڵی ئەواندا جێگای نەبۆوە."

بروێر کوپی قاوەکەی دانا. لەگەڵ ئەوەی کە لۆسالۆمێ لە سەرەتادا ئەوی بەرەو جیهانی خۆشەویستی ئەوین و هونەر و فەلسەفە بردبوو، ئێستایش بەم قسانەی بە ڕقەوە ئەوی بەرەو دنیای واقیعییەت گەڕاندەوە. بەرەو جیهانی خراپی دژە جووەکان. هەر ئەمڕۆ بەیانی لە ڕۆژنامەی **نووین فراین پرێس**[21]دا وتارێکی دەربارەی بزاوتی هەندی لە یەکێتییە خوێندکارییەکانی زانکۆ خوێندبۆوە، کە ئەندامەکانیان بەزۆر چووبوونە پۆلەکانەوە و هوتافیان کێشابوو: "جووەکان بکەنە دەرەوە!"، هەموو جوولەکەکانیان بە توندوتیژی کردبووە دەرەوە و ئەو هاوپۆلانەی کە بەرگریان دەکرد، بەخۆیان دەیانکردنە دەرەوە.

"خاتوونی بەڕێز، من بۆخۆم جوولەکەم، لەبەرئەوە دەبێ لێتان بپرسم کە ئایا پرۆفیسۆر نیچەیش وەکو خوشکەکەی دژی جوولەکەیە یان نا؟"

"دەزانم کە ئێوە جوولەکەن. ئەمەیش جینیا پێیگوتم. دڵنیابن لەوەی کە لای نیچە تەنیا واقیعییەت بایەخی هەیە. ئەو ڕقی لە خراپە پێشدادیەکانە ـ هەموو جۆرە پێشدادییەك ـ لە دژە جوولەکەبوونی خوشکەکەی بێزارە. ئەو لە هاتوچووەکانی بێرنارد فۆرستەر[22]، یەکێ لە بوێرترین و هێمنترین دژەجووەکانی ئەڵمانیا لە ماڵی خوشکەکەیدا بێزارە و تووڕەیە. خوشکی ئەو ئەلیزابێس..."

ئێستا بە شەوقێکی ترەوە قسەی دەکرد، دەنگی پەردەیەك بەرزتر ببۆوە. بروێر بە ئاشکرا هەستی بەوە کرد کە ئەو بەبێ ویستی خۆی لە بابەتی ئەسڵی لایداوە، بەڵام ناتوانێت بەر لەخۆی بگرێت.

21- Neuen Freien Presse
22- Bernard Förster

"دکتۆری بەڕێز، ئەلیزابێس کەسێکی ڕقاوییە! ئەو بە شێوەیەکی نا ئەخلاقی دژوێنی بە من دا. درۆی لەگەڵ نیچەدا کرد و وای نیشاندا کە من ئەو وێنەیەم بە هەموو جیهان نیشانداوە و لافی ئەوەم لێداوە کە ئەو حەزی کردووە من لە کاتێکدا ببینێت کە داومەتە بەرقامچی. ئەم ژنە هەمیشە درۆدەکات! مەترسیدارە. باوەڕبە قسەکانم بکەن، ئەو ڕۆژێ زەربەی گەورە لە نیچە دەدا!"

لە کاتێکدا کە لۆ وەستابوو، پشتی کورسییەکی گرتبوو، باسی یادگارییەکانی گروپی سێ کەسەی دەکرد. کاتێ کە دانیشت، هێورتر درێژەی پێدا: "لەوانەیە ئێوە خەیاڵی ئەوە بکەن کە ئەو چەند هەفتەیەی ئەم سێ کەسە لە تاتین بێرگ و لە لای ئەلیزابێس بوون چەندێ ئالۆز بووە. ئەگەر ئێمە لە ناوخۆماندا تەنها بۆ خومان بوینایە، زۆر نایاب دەبوو. دەچووینە گەڕانی دوورودرێژ و لەو پەڕی ڕۆچوونی فیکر لەگەڵ یەکتردا گفتوگۆمان دەکرد. هەندێ کات باری تەندروستی ئەو ڕێگای دەدا لە ڕۆژێکدا دە سەعات باس لە بیروڕای خۆی بکات! گومانم هەیە لەوەی کە تا ئێستا لە نێوان دوو کەسدا ئەم ڕاشکاوییە لە فەلسەفەدا هەبووبێت. ئێمە دەربارەی ڕێژەیی بوونی چاکە و خراپە و مەبەست لە دەربازبوونلە داب و نەریتی باو، لە پێناوی هەبوونی ژیانێکی ڕەوشتمەندانە و دەستبەرداربوونی مەزهەبگەرایی خەڵکانی ڕۆشنبیر قسەمان دەکرد. داوەریەکانی نیچە پاساویان هەبوو. بە ڕاستی ئێمە دوو مێشکی هاوشێوەمان هەبوو. دەمانتوانی مەبەستی خۆمان دەربارەی شتانێکی زۆر بە وشەگەلێکی کەم و ڕستەی ناتەواو، تەنانەت بە ڕەمز و ئاماژە لە یەك بگەیەنین! ئەم حاڵەتە بەهەشتییەش، هەمیشە بە نیگا تیلەکانی ئەم مارە، یانی خوشکی نیچە، وێران دەبوو. بە جوانی دەمانبینی کە بە دزییەوە گوێ لە قسەکانی ئێمە دەگرێت، و دەیانکاتە دەربڕینی خراپ و نەخشەگەلێکی ئازاربەخشانە لە مێشکیدا پەروەردە دەکات."

"بەڵام من باش تێناگەم، بۆچی دەبێ ئەلیزابێس تۆمەت بداتە پاڵ ئێوە؟"

"چونکە ئەو لە پێناوی ژیانیدا دەجەنگێت. ئەلیزابێس ژنێکی ڕۆح گچکە و لار و گۆجە. ناتوانێت ڕیسك بکات و براکەی بداتە دەست کەسێکی تر. زۆر باش دەزانێت کە شوێنی لە جیهان و متمانەی لە لای نیچە چۆنە و چۆن ئەبێ و هەمیشە هەر بەم شێوەیەش دەمێنێتەوە."



لۆ سەیرێکی سەعات و کیفەکەیی کرد. "کات تێدەپەڕێت. من خێرا پاشماوەی چیرۆکەکەتان بۆ باس دەکەم. لە مانگی ڕابردوودا سەرباری نارەزاییەکانی ئەلیزابێسیش، من و پاوڵ و نیچە سێ هەفتەمان لەلای دایکی پاوڵ لە لایپزیك گوزەراند. لەوێ دیسانەوە بە شێوەیەکی جیدی و بە تایبەتی لەبارەی گەورەکردنی باوەڕەوە گفتوگۆمان کرد. لە دوو هەفتەی پێشوودا بوو کە لە یەك جیابووینەوە، نیچە بەو ئومێدەوە چووە سەفەر کە ئێمە هەرسێکمان بەیەکەوە بەهار لە پاریس بەسەر ببەین. بەڵام لەم ماوەیەدا هەستم بەوە کردووە کە ئەم کارە حەتمی نییە. خوشکەکەی لەوەدا سەرکەوتوو بووە کە ئەو بکات بە گژی مندا. سەرئەنجام نیچە دەستی بە ناردنی نامەگەلێکی پڕ لە نائومێدی و نەفرەت لە دژی من و پاوڵ کردووە."

"ئەدی ئەمڕۆ خاتوو سالۆمێ؟ ئێستا بارودۆخەکە چۆنە؟"

"هەموو شتێك مایە پوچ بووە. پاوڵ و نیچە دوژمنی خوێنەخۆری یەکترن. کاتێ پاوڵ نامەکانی نیچە بۆ من دەخوێنێتەوە لە هۆش خۆی دەچێت. نایەوێت بەوە ڕازی بێت کە من وەکو جاران ڕێزی نیچە بگرم و خۆشم بوێت."

"پاوڵ نامەکانی ئێوە دەخوێنێتەوە؟"

"بەڵێ، بۆچی نا؟ دۆستایەتی ئێمە قووڵتر بۆتەوە. من لام وایە کە هەردەم نزیك دەبم لە پاوڵ. ئێمە شتێك لە یەکتری ناشارینەوە، تەنانە یاداشتە ڕۆژانەییەکانی خۆمان دەدەین بە یەکتری بۆ خوێندنەوە. پاوڵ تکا لە من دەکات کە بۆ هەتاهەتایە پەیوەندیم لەگەڵ نیچەدا ببڕم. ئاخری من تەسلیم بووم و بۆ نیچەم نووسی کە لە هەمان دۆستیدا، دۆستییەك کە من هەمیشە ڕێزی بۆ دادەنێم، ئیدی نابێ بیر لەو پەیوەندییە سێ کەسیە بکرێتەوە کە نەخشەمان بۆ کێشابوو. بۆیم نووسی کە خوشکی، دایکی و ململانێی نێوان ئەو و پاوڵ، بووە هۆی نارەحەتییەکی زۆر و زیانی زۆری هەبوو."

"ئەی وەڵامی ئەو چی بوو؟"

"وەحشیانە! ترسناك! ئەو زۆر نامەی توند دەنووسێت. هەندێ جار سووکایەتی ئامێزە یان پڕ لە هەڕەشە و هەندێ جاریش زۆر نائومێدانەیە. سەیرکەن، ئەمانە بەشێك لە نامەکانی ئەون کە هەفتەی پێشوو بە دەستم گەیشتوون."

دوو نامەی دایە دەستی ئەو کە بە تەنیا ڕوکاری نامەکان هەیەجانێکی زۆری نیشان دەدا. دەستنووسێکی ناخۆش، زۆرێ لە وشەکان کورتبوون یان چەند جارێ خەتی پێدا هێنرابوو.

برویر بە دیقەتەوە چاوێکی گێڕا بەسەر ئەو بەشانەی کە نیشانە کرابوون، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نەیتوانی لە چەند وشەیەك زیاتر بخوێنێتەوە، نامەکەی دایەوە بە ژنە.

لۆ گوتی: "ئای، لە بیرم کردبوو کە دەستخەتی نیچە چەندێ ناخوێنایە، لێگەڕێن بەشێکی کە بە من و پاوڵ گوتراوە، بۆتان بخوێنمەوە:

***خۆتان بۆ دووبارە دەرکەوتنەوەی دێوانەیی گەورە یا خۆویستی بریندداربووی من ناڕەحەت مەکەن. ئەگەر بڕیاریش وابێت بە ڕێکەوت و لە ژێر کاریگەری پەرێشانییەکدا، کۆتایی بە ژیانم بهێنم ئەوا دیسان نەبێتە هۆی ماتەمداریتان. ئەسڵەن خەیاڵپەروەرییەکانی من چی پەیوەندییەکی بە ئێوەوە هەیە؟... بەڕای خۆم دوای بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆر لە مۆرفین ـ بە هۆی سەرگەردانییەوە ـ دەرکم بە هەندێ شت کردووە.***

ئەو دەستی لە خوێندنەوە هەڵگرت: "پێم وابێ بۆ دەرککردنی ئەم حاڵەتە، هێندە بەس بێت بۆپلەیپەرێشانی ئەو. من چەند هەفتەیەکە لە موڵکی بنەماڵەیی خێزانی ڕێ لە ویلایەتی بایێر دەژیم و هەموو نامەکانم بۆ ئەو جێگایە ڕەوانە دەکرێ. لەبەر خاتری حاڵی من پاوڵ هەندێ لە نامە ناپەسەندەکانی نیچەی فەوتان، بەڵام ئەم یەکەیان کە بۆ ئەدرەسی خۆم بووە، لە دەستی دەرچووە:

***هەواڵێ کە ئێستا لەسەر خۆم بە ئێوەی دەدەم، گەواهێکە بەسەر تەواوی ژیانیترسناکتانەوە!... ئێوە زیانتان وەبەرهێنا، نەوەك تەنیا بۆ من بەڵکو بۆ هەموو ئەو مرۆڤانەی کە منیشیان خۆشدەویست. ئەمە شمشێرێکە بەسەر سەری ئێوەوە هەڵواسراوە.***



سەیری برویری کرد: "دکتۆر، ئێستا تێدەگەن کە بۆچی داوا دەکەم بە هیچ کلۆجێك ناسیاوی لەگەڵ مندا ئاشکرا نەکەن؟"

برویر نەفەسێکی قووڵی لە پۆڕۆکەی دا. ئەگەرچی ئەم لۆسالۆمێیە سەرنجی ڕادەکێشا و ئاوقای سیحری ئەم میلۆدرامایە ببوو کە بۆی باس دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو هەژمابوو. ئایا ئەوەندە هۆشیاری هەبووە کە ئامادەیی خۆی بۆ قەبووڵکردنی تەنیا بەشێکی ئەم درامایە ڕابگەیەنێت؟ چی خەیاڵاتێکی خاو و لە هەمانکاتدا بەهێز بەسەر ئەم پەیوەندییانەوە حوکمڕانی دەکرد. پەیوەندی ناموقەدەسی سێ کەسی، هاوەڵێتی دێوانەئاسای نیچە لەگەڵ پاوڵدا، پەیوەندی تۆکمەی نێوان نیچە و خوشکەکەی! هەروەها کەشی ژاراوی نێوان خوشکی نیچە و لۆسالۆمێ! هۆشداری دایە خۆی: "دەبێ زۆر چاودێری جموجووڵەکانم بم، بەشێوەیە کە لە ڕێڕەوی ئەم چەخماخەی وەرچەرخانەدا نەکەوم! لە هەمووی قەیراناوی تر ئەڤینی سەرگەردانیانەی نیچەیە بۆ لۆسالۆمێ کە لەم نێوەندەدا یەکسەر گۆڕاوە بۆ ڕقلێبوونەوە. بەڵام پەشیمانییەك بوونی نییە! من لە ڤینیسیا بەڵێنم دا و بە سادەییەوە گوتم کە هەرگیز درێخی لە نەخۆشێکی موحتاج ناکەم."

سەرلەنوێ ڕووبەڕووی لۆسالۆمێ دەستی بە قسان کردەوە: "خاتوو سالۆمێ، بە ڕاستی نامەکان بە تەواوی ترسی ئێوە لە من دەگەیەنن. لە نیگەرانی ئێوەدا بۆ دۆستەکەتان بەشدارم. وا دەردەکەوێت کە ئارامی دەروونی ئەو خەرابووبێ و خۆکوشتنیش بە ئاشکرا مەترسییەکە کە ناکرێ نکۆڵی لێبکرێت.بەڵام کە ئیتر ئێوە کاریگەرییەکتان لەسەر پرۆفیسۆر نیچە نییە، کەوایە چۆن دەتانەوێ ناچاری بکەن بێتە سەردانی من؟"

"بەڵێ، لەڕاستیدا بارودۆخەکە ئاڵۆزکاوە. ئەمە لەمپەرێکە کە لەبارەیەوە زۆر بیرم کردۆتەوە. تەنانەت ڕقی لە ناوی منە و ئەمەیش ناچارم دەکات لە لاڕێوە بە ئامانج بگەم. ئەم بابەتە بۆ ئێوەش ڕوونە کە نابێ ئەو لەم پەیوەندییەدا بە هیچ جۆرێ بۆنی من بکات! هەرگیز نابێ ئێوە شتێك بە ئەو بڵێن! بەڵام ئەگەر من بەڕاستی بزانم کە ئێوە بۆ یەکتردیتن ئامادەنە..."

کوپەکەی دانا و لە پیاوەکە ڕاما، بە شێوەیەك کە برویر بە خێرایی گوتی: "هەڵبەت، کیژۆڵە خانم. بە هەمانشێوەی کە لە ڤینیسیا گوتم بە هەموو حەزێکەوە هەرچی لە دەستم بێت ئەنجامی دەدەم."

لۆسالۆمێ هەناسەیەکی ئاسوودەیی هەڵکێشا. ئاها! کەوایە ئەو کەمتر لەو شتەی کە بروێر بیری لێدەکردەوە لە خۆی دڵنیابوو.

"دکتۆر بروێر، لە دوای ئەم ڕەزامەندییەوە، دەست بە ئۆپەراسیۆن دەکەم. ئۆپەراسیۆنێك کە ڕێنومایی نیچە بکات بۆ عیادەکەتان. بە بێ ئەوەی کە هەست بکات من دەستم لەم کارەدا هەبووە. ڕەفتاری ئەو بە ڕادەیەك سەیرە کە بێگومان هەموو هەڤاڵەکانیشی نیگەرانن و لە هەر پێشنیارێکی ژیرانە کە بەڵێنی هاوکاری تێدا بێت، بە هەموو ئەمەکدارییەکەوە پێشوازی دەکەن. سبەینێ لە گەڕانەوەمدا بۆ بەرلین لە باسیل دەوەستم و یەکێ لە دۆستە کۆنەکانی نیچە، فرانس ئۆڤێربەك[٢٣] لە نەخشەکەمان ئاگادار دەکەمەوە و تێیدەگەیەنم. ناوبانگی لە ڕادەبەدەری ئێوە وەك پسپۆڕێك لە دەستنیشانکردنی نەخۆشییەکاندا، یاریدەی ئێمە دەدات. ئاوا دڵنیام کە پرۆفیسۆر ئۆڤێربەك دەتوانێت نیچە ناچار بکات بەهۆی ناساغییە جەستەیەکانییەوە بێتە لای ئێوە. ئەگەر ئەو سەرکەوتوو بێت، ئەوا لە ڕێگای منەوە بەنووسین ئەنجامەکەیتان دەست دەکەوێت."

بە خێرایی نامەکانی نیچەی خستە نێو کیفەکەیەوە و لە جێگای خۆی هەستا. پشتەوەی جلەکانی ڕێك کرد. سەرشانە پێستە ڕێوییەکەی لە پشتی کورسییەکەوە هەڵگرت و دەستی بەرەو بروێر درێژکرد: "چاکە، دکتۆری بەڕێز و ئازیز..."

کاتێ کە ژنە دەستی دکتۆری بە دەستی خۆی گرت، لێدانی دڵی بروێر خێراتر بوو. فەرمانی بەخۆی دا: "نەفام مەبە!" کەچی خۆی سپارد بە هەستکردنی هەمیشەیی گەرمای دەستی ژنە. چەندێ حەزی دەکرد پێی بڵێت کە چێژ لە دەستلێدانی ئەو وەردەگرێت. ڕنگبێ ژنە ئەمەی دەزانی، لەبەر ئەوە لە کاتی قسەکردندا، دەستی ئەوی بەرەڵا نەکرد.

"هیوادارم کە پێکەوە پەیوەندیمان بمێنێت. نەوەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە ڕاستگۆیانە ئافەرینی نیچە دەکەم، یا بەهۆی ئەو ترسەوە کە خودی من نائاگایانە لەو حاڵەتە سەوداییەی ئەودا کەمووکورم. نا، من سەرباری ئەوە ئومێدەوارم کە ئێمە هەردوکمان، من و تۆ ببینە هاوەڵی یەکتری. هەروەکو ئەوەی کە بێگومان خۆتان هەستتان پێکردووە، من شك و گومانێکی زۆرم هەیە. بێ پەروام، هەستی ئێوە لە گونجاندنەوە دەڕوشێنم و گشتپەسەند نیم. بەڵام شتی باشیشم هەیە، من نیگایەکی خەتا قبووڵنەکەرم

23- Franz Overbeck



بۆ دەستنیشانکردنی ئەندازەی ڕۆحەکان هەیە، هەمیشە کاتێك بە پیاوێکی گەورە دەگەم، حەزدەکەم بە توندی بیگرمەخۆ. دواتر ئێمە بە یەکەوە نامە دەگۆڕینەوە."

دەستی بەرەڵاکرد. بلەز بەرەو لای درگاکە ڕۆیشت و لە ناکاو وەستا، دەستی خستە نێو کیفەکەیەوە و دووکتێبی باریکی دەرهێنا.

"ئای، ئاغای دکتۆر، خەریك بوو لە یادم بچێت، بیرم کردەوە کە وا باشترە ئێوە دوو کتێبی تازەی نیچە بخوێننەوە. لەم ڕووەوە دەتوانن زانیارییەکی زۆر لەمەڕ تەرزی تێڕوانینی ئەو بەدەست بهێنن. بەڵام لەبەر ئەوەی تەنیا چەند دانەیەکی زۆر کەم لەم کتێبانە فرۆشراوە نابێ ئەو بزانێت کە ئێوە ئاشناییتان لەگەڵ کتێبەکانی ئەودا هەیە. ئەمە دەبێتە مایەی بەدگومانی ئەو."

دووبارە دەستی لە باڵی بروێر دا: "ئاه، شتێکی تر. ئەگەر چی کتێبەکانی نیچە تا ئێستا خوێنەرانێکی کەمیان هەبووە، بەڵام ئەو جۆرە دڵنیاییەکی هەیە کە ناوبانگی لە داهاتوودا حەتمییە. ئەو جارێ منی دڵنیاکردەوە کە سبەینێ دوورەکان بە ئەوەوە پەیوەستن. بۆیە بەهیچ کەس نەڵێن کە لەژێر چارەسەری ئێوەدایە. لای کەس ناوی نەهێنن. ئەگەر ئەم کارە بکەن و ئەو پێ بزانێ، ئەوا بە خیانەتێکی گەورەی دەژمێرێت. ناوی ڕاستی نەخۆشەکەتان ئانا ئۆ. یش خۆ لە ڕاستیدا ئەمە نەبوو، وانییە؟ ناوێکی خوازراوتان هەڵبژاردبوو؟"

بروێر سەری بە ئاماژەی بەڵێ نیشاندا.

"کەواتە ڕێنومایی ئەوەتان دەکەم کە لەبارەی نیچەیشەوە هەمان شت بکەن. بە ئومێدی دیدار، دکتۆر بروێر." ئیکلامی کێشا و بە مەبەستی ماچکردنی دەستی لەلایەن بڕێرەوە، دەستی ئەوی گرت.

دوای ئەوەی کە درگاکەی داخست، و بەرلەوەی کە دوو کتێبە باریکەکە لە سەر مێزی نووسینەکەی دابنێت، چاوێکی پێدا گێڕان: **دانایی شادان**[٢٤] و **مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە**[٢٥]. بۆ بەدەستهێنانی دوایین وێنەی لۆسالۆمێ، بۆ کەناری پەنجەرەکە چوو. ژنە چەترەکەی کردەوە و بە پەلە لە پلەکانی سەرەوەی ئاپارتمانەکە بەرەو خوار ڕۆیشت، بێ ئەوەی کە سەیری سەرەوە بکات، سواری ئەو فایتۆنە بوو کە چاوەڕوانی دەکرد.

24- Die Froehliche Wissenschaft
25- Menschliches Allzumenschliches

# (٣)

بروێر پشتی کردە پەنجەرەکە و سەری ڕاوەشاند تاوەکو هەموو ئەو خەیاڵانەی بڕەوێنێتەوە کە پەیوەستبوون بە لۆسالۆمێوە. پەنجەی نا بە دوگمەی زەنگێکدا کە لەسەر مێزی نووسینەکەی بوو.ئەمەش ئاماژەیەك بوو بۆ خانم بیکر تاوەکو ڕێگا بەو نەخۆشە بدات کە لە هۆبەی چاوەڕوانیدا بوو، بێتە ژوورەوە. کەمێ دوای ئەوە پێرلرۆت[1] کە جوولەکەیەکی دەمارگیر بوو، بە ڕیشێکی درێژەوە و بە دوودڵیەوە پاڵی بە شیپانەی درگاکەوە دابوو.

پێرلرۆت باسی ئەوەی بۆ بروێر کرد کە بەر لە پێنج ساڵ نەشتەرگەری لووەکانی کردووە. ئەو نەشتەرگەرییە هێندە ئەوی ترساندبوو کە تا ئەمڕۆ خۆی لە سەردانی دکتۆر پاراستبوو. تەنانەت هەمیشە هاتنیشی بۆ کلینیکی بروێر درەنگ خستبوو، بەڵام ئەم "تێکچوونە توندەی تەندروستی" ـ ناوێك کە خۆی لە ئەوی نابوو ـ ڕێگایەکی تری بۆ نەهێشتبۆوە. بەو هۆیەی کە بروێر ئەرکی پزیشکێکی کارامەی دەگێڕا، لە پشتی مێزی نووسینەکەی هاتە دەرەوە و مینا کاتێ کە لۆ سالۆمێ لەوی بوو، لەسەر کورسی تەنیشت نەخۆشەکەیەوە دانیشت، تاوەکو کەمێك لەگەڵ ئەم نەخۆشە نوێیەیدا قسەبکات. ئەوان دەربارەی کەش و هەوا، لەمەڕ شەپۆلی تازەی کۆچبەرانی جوولەکە لە گالیزین[2] و بزاوتی دژە جوولەکەی ئەنجومەنی چاکسازیخوازانی نەمسا، هەروەها لە بارەی ڕیشەی هاوبەشی خۆیانەوە قسەیان کرد. هێر پێرلرۆت* ـ وەك

1- Perlroth
2- Galizien

* هێر وشەیەکە لەبەرامبەر ئاغای فارسی یاخود کاکی کوردیدا.



زۆربەی جووەکانی ئەو ناوچەیە ـ لیۆپۆڵدی باوکی بروێری دەناسی و ڕێزی بۆ دادەنا و دەستبەجێ ئەو خاترجەمییەشی لە باوکەوە گواستەوە بۆ کوڕەکەی.

لە دواییدا بروێر پرسی: "باشە هێر پێرلرۆت، دەتوانم چی کارێکتان بۆ بکەم؟"

"دکتۆر من بە ئاسانی میزم بۆ ناکرێت، هەموو ڕۆژێك و تەنانەت شەوانیش فشاری میزکردن نارەحەتم دەکات. دەچمە پێشاو، هیچ شتێك نایەت. دەوەستم و دەوەستم تا لە ئاخریدا تکەتکە دەچکێتەوە. دوای بیست خولەك سەرلەنوێ هەمان شت دەست پێدەکاتەوە. میزەڵانم گوشارم بۆ دێنێ، بەڵام..."

چەند پرسیارێکی دیاریکراو هۆی نارەحەتی پێرلرۆتی بۆ بروێر ڕوونکردەوە.

جگە لەوەی کە گەورەبوونی پرۆستاتی نەخۆش بۆری میزکردنی تەنگ کردبۆوە، نەدەکرا شتێکی تر بێت. لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پرسیارێکی سەرەکی بۆ وەڵامدانەوە هەبوو، کە ئایا هێر پێرلرۆت دوچاری هەوکردنێکی بێ زیان بووە یان لووێکی شێرپەنجەی مەترسیدار؟ لە کاتی نۆڕیندا لە ڕێگای پشتەوە، بروێر هیچ جۆرە لووێکی شێرپەنجەی بەردەست نەکەوت، بەڵکو لووێکی ئیسفنجی بێ زیانی دەستنیشانکرد.

وەختێ کە نەخۆشەکەی دڵنیاکردەوە لەوەی کە شێرپەنجەیەك لە ئارادا نییە، هێر پێرلرۆت بە تەواوی ڕوخسارییەوە پێدەکەنی، دەستی بروێری گرت و ماچی کرد.

کەچی کاتێ کە بروێر ـ بەوپەڕی هێمنیەوە ـ باسی ڕێگاچارەیەکی ناباو بەڵام حەتمی کرد، بەژنی پێرلرۆت هاتەوە یەك. دەبایە بۆری میزکردنی بە ڕۆنانی چەند میلێکی فلزی یان سۆندە بکرێتەوە کە جاربەجار ئەستورتر دەبوون. بەهۆی ئەوەی کە بروێر خۆی ئەم کارەی نەدەکرد، هێر پێرلرۆتی ناردە لای ماکسی ئاوەڵزاوای کە پسپۆری گورچیلە و بۆری میزکردن بوو.

کاتێ کە بەڕێز پێرلرۆت ماڵاوایی کرد، ئیدی کاتژمێر شەشی ئێوارە داهاتبوو، وەختی ئەوە هاتبوو کە بروێر دەستبکات بە دووەمین دەورەی سەردانی نەخۆشەکانی لە خانەی نەخۆشان. پێداوستییەکانی ناو کیفە ڕەشە چەرمییەکەی تەواو کرد، پاڵتۆکەی کە ئاسەڕی چەرمی هەبوو

لەبەرکرد، کڵاوەکەی لەسەر کرد و بەرەو درگای خانووەکەی ڕۆیشت، یانی جێگایە کە فیشمانی[3] فایتۆنچی بە فایتۆنێکی دوو ئەسپییەوە چاوەڕوانی لێ دەکرد.

ئەو وەختەی کە بروێر نۆڕینی بۆ هێر پێرلرۆت دەکرد، خانم بیکر لە سەرسوچی شەقامەکەوە خزمەتکارێکی ڕەوانەکرد تاوەکو فیشمان بهێنێت. خزمەتکارەکە خورتێکی لوت سوور بوو، چاوانی خوێنی تێزابوون. کڵاوێکی کەنارەدار و جلکێکی یەکڕەنگی زۆر دەڵپ و چلکنی لەگەڵ سەرملکێکدا پۆشی بوو. میدالێکی بە جۆرێ نابوو بەسەر سینگییەوە کە هەمووی دیار بێت. بروێر کە باری دارایی لە زۆرێك لە هاوپیشە ڤییەناییەکانی باشتربوو، بە پێویستی دەزانی کە بۆ ماوەی ساڵێك فایتۆنێك بە کرێ بگرێت بۆ ئەوەی لە کاتی پێویستدا، بانگی بکات.

وەك هەمیشە پێرستی نەخۆشەکانی کە دەبایە سەری لێبدانایە، دایە فیشمان. بروێر لە ڕۆژێکدا دووجار ئەم کارەی دەکرد" بەیانیان لە دوای قاوەڵتییەکی سووك کە بریتی بوو لە قاوە و نانی سپی بچووکی برژاو، لەگەڵ جارێکی تری وەك ئێستا دوای پشودانی لە کلینیك. وەك زۆربەی پزیشکانی ڤییەنایی ئەویش تەنیا کاتێ نەخۆشەکانی ڕەوانەی نەخۆشخانە دەکرد کە کە ڕێگایەکی تری نەبێت، لە خانەی نەخۆشان نەوەك تەنیا چاکتر چاودێری کەسەکان دەکرا، بەڵکو لەو جیگایە نەخۆشیگەلێکی پەتادارِیش کە لە زۆربەی نەخۆشخانە گشتییەکاندا هەبوو، لە ئارامیدا بوون.

هەرچۆن بێ فایتۆنی دوو ئەسپی بروێر زۆر بەکەڵکی دەهات، لە ڕاستیدا عیادەیەکی گەڕۆك و ئامادەکراوبوو بە تازەترین ڕۆژنامەی پزیشکی و کتێبگەلی سەرچاوەییەوە. بەر لە چەند هەفتەیەك بروێر یەکێ لە هاوکارە گەنجەکانی خۆی بە ناوی سیگمۆند فرۆید داوەت کرد تاوەکو ڕۆژێکی تەواو هاوڕێی بێت. بەڵام وا دیاربوو تیرەکەی بە هەڵە ڕۆیشت! ئەوکاتە پزیشکی گەنج خەریکی هەڵبژاردنی بەشی پسپۆڕی خۆی بوو، بروێر لای وابووکە وانەوتنەوەی ئۆپتیکی ئەو ڕۆژەی فرۆیدی لە فێربوونی بەشی نەخۆشییە گشتی و هەناوییەکاندا، بە خەرج بردووە. ئەنجامی موحاسەباتی ئەو ئەوە بوو کە بروێر ڕۆژانە شەش کاتژمێر لە کاتی خۆی لە فایتۆندا بەسەر دەبرد.

3- Fischmann



لە کۆتاییدا، حەوت نەخۆش ـ کە سیانیان زۆر نەخۆش بوون ـ سەردانیان کرابوو، و کاری ڕۆژانەی بروێر کۆتایی هاتبوو. فیشمان فایتۆنەکەی بەرەو کافێی گرینشتایدڵ[4] خستە هاژۆتن. بروێر لەو جیگایەدا لەگەڵ گروپێك لە پزیشکان و هاوپیشە لێکۆڵەرەوەکانی خۆیدا لەسەر هەمان مێزی هەمیشەیی، مێزێکی گەورە کە لە باشترین گۆشەی کافێکەدا هەمیشە پەسەناز بوو بۆیان، قاوەی دەخواردەوە.

بەڵام لەو شەوەدا بروێر ڕای خۆی گۆڕی: "بۆ ماڵێ، فیشمان. ئەمڕۆ بۆ کافێ زۆر ناساغم."

سەری پاڵدایەوە بە کورسییە چەرمینە ڕەشەکەیەوە و چاوانی نووقاند. ڕۆژێکی درێژ بوو کە سەرەتایەکی بەدی هەبوو. مۆتەکەیەك بە ترسەوە ئەوی لە خەو ڕاپەڕاند و لە کاتژمێر چواری بەیانییەوە بێدار بوو. بەر لە نیوەڕۆ کاتێکی بۆ بیرکردنەوە نەبوو، دە سەردانی بۆ خانەی نەخۆشان و نۆ نەخۆشیشی لە کلینیك هەبوو. دوانیوەڕۆیش دیسانەوە نۆڕین و ڕاوێژی نەخۆشان و لە کۆتاییشدا قسەی وەجۆش هێنەر و هاوکات هەژمێنەری لەگەڵ لۆسالۆمێدا.

تەنانەت ئێستایش خەیاڵەکانی بە ئەوەوە پەیوەست نەبوون. خەیاڵاتێ کە بە ئاقاری بێرتادا دەوری دەخوارد، ئەوی ڕاڕا دەکرد. بە خەیاڵ دەیبینی کە بە تەواوی دوور لە بەفری خۆڵێن و سەنگینیڤییەنا، لە ژێر پرشنگی شەنگی هەتاودا دەست لە نێو دەستی بێرتا دەگەڕێت، دواتر دیسانەوە وێنەگەلێکی نا ئاسایی وە پێش چاوی دەهاتن، زەوجینێکی خەرابوو. منداڵانێکی کە ئەو بەجێی دەهێشتن. بۆ هەتایە لەلایان دەڕۆیشت تاوەکو لەگەڵ بێرتادا لە ئەمەریکا ژیانێکی نوێ دەست پێبکات. ئەم خەونانە ئەویان جارِس دەکرد، چەندێ ڕقی لێیان بوو. ئارامی دەروونییان لێ دەڕەواند و نامۆ بوون. نەشیاو و نەخوازراوبوون. لەگەڵ ئەوەشدا بۆ ئەو نرخیان هەبوو" تاکە ڕێگا ـ بۆ ئەوەی کە تاهەتایە خەیاڵی بێرتا لەسەری خۆی دەرکات، ڕێگایەکی نامومکین بوو.

فایتۆنەکە بە تەق و تۆقەوە لە سەر پردێکی تەختەیی کە بەسەر ڕوباری ڤییەناوە بوو، تێپەڕ دەبوو. بروێر لە دەرەوەی ڕوانی، لە پێڕەوەکەدا خەڵکی دەبینی کە لەدوای کار بە پەلە بەرەوماڵەوە دەڕۆیشتنەوە. زۆربەیان پیاوبوون و هەریەکەیان چەترێکی پێ بوو. جلکەکانیشیان

4- Griensteidel

وەك هی وی بوو. هەموو پاڵتۆی ڕەشی تۆخیان لەبەردابوو بە ئاسەڕی چەرمینەوە، دەستکێشی سپییان لە دەست و کڵاوی سیلیندەریان* لەسەردابوو. هەیکەلی ناسراوی نیگای ئەوی بۆ خۆی ڕاکێشا. پیاوێکی ئاوا کورت و بێکڵاو بە ڕیشێکی ڕێکوپێکەوە کە پێشی لە هەمووی دەگرت و براوەی پێشڕکێکە بوو! دیاربوو ئەم هەنگاوە چاپوکانەی لەو کاتەوەی کە هەبوون! چەندین جار لە جەنگەڵەکانی ڤییەنادا کۆشابوو بەم پێیە بەهێزانەوە بەدەم ڕێوە بگات کە هەرگیز ئارامیان نەدەگرت ، مەگەر بۆ گەڕان بەدوای قارچکە خۆشەکاندا نەبێت کە لە ژێرکاژەکاندا دەڕوان و شاراوەبوون.

بروێر فەرمانی بە فیشمان دا کە ئاگاداربێت، پەنجەرەکەی کردەوە و بانگی کرد:

"سیگمۆند، بەم پەلە پەلە بۆ کوێ؟"

هاوڕێ گەنجەکەی لە بالاپۆشێکی هەژارانەدا، لێ ڕێکوپێك، چەترەکەی داخست و بەرەو لای فایتۆنەکە هات. کاتێ کە بروێری ناسی پێکەنی و وەڵامی دایەوە: "من خەریکی ڕۆیشتنم بۆ ژمارە حەوتی شەقامی بەیکیر، ئەمشەو خانمێکی جوان منی بۆ شیو داوەت کردووە."

"ئای، بەڵام من هەواڵگەلێکی خراپم بۆ ئێوە پێیە!" بروێر پێکەنی. " ئێستا هاوسەری ئەو خانمە جوانە لە ڕێگای ماڵەوەیاندایە! سواربە سیگمۆند! ئێشی منیش تەواو بووە و بۆ گرینشتایدلێش زۆر ماندومە. بەم پێیە بەر لە شیو خواردن کەمێ کاتی قسەکردنمان بۆ دەمێنێتەوە."

فرۆید چەترەکەی تەکاند. چەند جار لە پێڕەوەکەدا پێی بە زەویدا کوتا و پاشێ سواری فایتۆن بوو. دنیا تاریك داهاتبوو، مۆمێ کە بڕیار وابوو فەزای ناو فایتۆنەکە ڕووناك بکاتەوە، زیاتر لەوەی کە ڕووناکی بدات سێبەری بڵاو دەکردەوە. دوای ساتێ بێدەنگی فرۆید خۆی بۆ پێشەوە چەماندەوە و لە ڕوخساری هاوەڵەکەی وردبۆوە.

"نەخۆش دیاریت، یۆزیف. ڕۆژێکی دژوار بوو؟"

"ماندوکەر. بە سەردانی ماڵی ئەدۆلف فیفەر دەستی پێکرد و کۆتایی هات. ئەوی دەناسیت؟"

* کڵاوێکی ڕەشی خڕە کە لە بۆنەی ڕەسمیدا لەسەری دەکەن.و.ك.



"نەخێر، بەڵام ژمارەیەك لە وتارەکانیم لە ڕۆژنامەی **فراین نوین پرێس**دا خوێندۆتەوە. زۆر باش دەنووسێت."

"کاتێ کە منداڵ بووین پێکەوە یاریمان دەکرد. بەیانیان پێکەوە دەچوینە قوتابخانە. ئەو لە کاتی کردنەوەی عیادەکەمەوە نەخۆشی منە. نزیکەی سێ مانگ پێش ئێستا بوو کە لوویەکی شێرپەنجەی زیانبەخشی زۆر گەشەکردوم لە جگەریدا دەستنیشانکرد. لەم ماوەیەدا زەردووی بۆریگیرانی زراوی گرتووە. قۆناغی دوای ئەوەش بۆ ئێوە ڕۆشنە."

"ئێستا ئیدی سیستەمی تورەکەی زراوی بە باشی کارناکات و ڕاستەوخۆ زەرداو دەرژێتە لیمفەوە. لە ئەنجامدا دوای چوونە نێو بێهۆشی جگەرەوە، بەهۆی کێماسی جگەرەوە لەناو دەچێت."

"زۆر ڕاستە. هەموو ساتێ چاوەڕوانین. بەڵام هێشتا ناتوانم ئەمە بە ئەو بڵێم! ناچارم ڕوخسارێکی ئومێدەوار و شاد بۆ خۆم دروست بکەم. بەڵام لە واقیعدا حەزدەکەم لە کەماڵی هاوەڵییەوە ماڵاوایی لەگەڵدا بکەم. هەرگیز ناتوانم خوبگرم بەلەدەستدانی نەخۆشێکەوە."

فرۆید ئاهێکی هەڵکێشا: "هیوادارم کە هیچ یەکێ لە ئێمە خو بەمەوە نەگرین. بەبێ ئومێد هیچ شتێك پێش ناکەوێ و ئەگەر ئێمە ئەوەمان نەبێت، دەبێ چی کەسێك هەبێت؟ ئەمە بۆ من بە گرانترین ئەرکی پزیشکی دەژمێردرێت. هەندێ جار بەڕاستی دوودڵم لەوەی کە لە هەقی ئەم ئەرکە بێم، مەرگ زۆر بەهێزە، دەرمانەکانی ئێمە بە تایبەتی لە بەشی نەخۆشیزانی دەماری یەکجار سنورداره. سوپاس بۆ خوا کە من بە زووی ماوەی کاری فێربوونم لە نەخۆشخانە تەواودەکەم! مرۆ لەو شوێنەدا بەشێوەیەکی لاوازکەر گیرۆدەی فێربوونی چەقگرتوو دەبێت! دەشێ ئەورۆ لە کاتی ویزیتدا بیستبێتتان کە کە ویستفاڵ[٥] و مییر[٦] چ گفتوگۆیەکیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد. لە کاتێکدا کە نەخۆشێك دوچاری شێرپەنجەی دەماخ ببوو، کەچی ئەوان هەموو ئەو باسانەیان لەبەردەم نەخۆشەکەدا دەکرد.

"ئاه..." ـ بێدەنگ بوو ـ "من ئێستا تەنیا پێویستم بە قسەکردنە! ماوەیەی شەش مانگ پێش ئێستا، کاتێ کە لە لابراتۆری فیسیۆلۆژی ئێشم دەکرد، بەهۆی ئەوەی کە مێشکی

5- Westphal
6- Meyer

کۆرپەیەك لەسەر مێزی شیکارییەکەم دانرابوو، بە جۆش هاتبووم. چونکە بەم هۆیەوە شانازی دەستنیشانکردنێکی وردی جێگاخانەی نەخۆشەکەم پێبڕا! ڕەنگبێ ڕەشبین بوومە، بەڵام زیاتر وزیاتر بەو بڕوایە گەیشتوومە کە مونازەرە بێکۆتاکانی ئێمە دەربارەی جێخانەگۆڕکێی نەخۆش ئەو ڕاستییە دەشارێتەوە کە نەخۆشەکانمان دەمرن و ئێمەی پزیشکانیش بێ تواناین."

"لەوە خراپتر سیگمۆند، ئەمە بێئابڕوییە کەقوتابیانی ویستفال و پزیشکە هاوڕەدیفەکانی هەرگیز فێرنابن هاوکاری نەخۆشێك بکەن و لە کاتی مەرگدا دڵنەوایی بکەن."

هەردوو پیاو بێدەنگ بوون. فایتۆنەکە بەهۆی بایەکی توندەوە تەکانی دەدا. ئێستا ئیتر دووبارە باران ڕێژنەی دەکرد و سەربانی فایتۆنەکە دەنگی لێوە دەهات. بروێر ویستی ڕێنومایی هاوەڵە گەنجەکەی بکات، بەڵام بێدەنگی لێکرد و وشەکانی بە دیقەتەوە هەڵبژارد، چونکە دەیزانی کە فروید زۆر هەستیارە.

"گوێ بگرە سیگمۆند. دەزانم چەندێ نائومێد دەبیت لەوەی کە ناچاربیت وەك پزیشکی ئەزمونی کاربکەیت. بە دیدی ئێوە ئایا ئەو کارەی کە گوایە دەبێت بە چارەنووسێکی خەفەتبار ڕازی بیت، شکستێکە؟ دوێنێ بە ڕێکەوت لە کافێ بیستم کە هێرشت بۆ سەر بروکە[7] بردووە، چونکە ئەو ڕازی نەبووە کە پلەی ئێوە بەرز بکرێتەوە و ڕایسپاردووە کە لە تێپەڕاندنی خولێکی ئەکادیمی هیوابڕاوبیت. بەڵام نەدەبوا سەرکۆنەی ئەوت کردبا. دەزانم کە زۆر حیساب بۆ ئیوە دەکات. لەدەمی خۆیشیم بیستووە کە دەیگوت ئێوە یەکێکن لە بە تواناترین ئەو قوتابیانەی کە تا ئێستا هەیبووە."

"کەوایە بۆچی نایەوێت پلەی من بەرزبکاتەوە؟"

"بۆچی سیگمۆند؟ وەك جێگرەوەی ئیکزنەر[8] یان فلایشل[9] لە کاتێکدا کە دەستیان لەکار کێشایەوە؟ لە پێناوی سەد گۆڵدن لە ڕۆژێکدا؟ بروکە دەربارەی پارە بە تەواوی لەسەر حەقە! کاری لێکۆڵینەوەیی کاری کەسانی دەوڵەمەندە. ناتوانن بە یاریدەی دەرماڵەی خوێندن بژین، یان تەنانەت کۆمەکی دایك و بابتان بکەن. لانی کەم دەساڵی تر دەتوانن ژن بهێنن. لەوانەیە

7- Bruecke
8- Exner
9- Fleischl



بروکە بە ئەندازەیەکی باش سیاسەتی نەبێت، بەڵام مافی هەیە ئەگەر بڵێت بۆ ئەوەی کە پاشەکەوتەکانی خۆتان ببەخشنە لێکۆڵینەوەکانتان، دەبێ بە دوای جایزییەکی هاوسەری کامڵەوە بن. لە کاتێکدا کە بەر لە شەش مانگ پێشنیاری زەوجینتان بۆ مارتا کرد، لەگەڵ ئەوەی کە ئاگاداری ئەوەش بوون ئەو لەم هاوسەرێتییەدا شتێك لەگەڵ خۆی ناهێنێت، خۆتان و ـ نەوەك بروکە ـ چارەنووسی خۆتان دیاری کرد."

فرۆید بۆ ساتێك چاوانی داخست و دواتر وەڵامی دایەوە: "یۆزیف، شتێك کە ئێوە دەیڵێن من دەڕەنجێنێ. هەمیشە سەبارەت بەوەی کە ئێوە مارتاتان قەبووڵ نییە، بەدگومان بوومە."

بروێر بە چاکی دەیزانی کە چەندێ کێشەیە بۆ فرۆید لە بەرامبەری ئەودا ـ دۆستێ کە شانزەساڵ لە خۆی گەورەتر و لە هەمان کاتدا مامۆستای برا و باوکیشی بووـ ئاوا بە ڕاشکاوی قسە بکات. دەستی درێژکرد و دڵنەوایی فرۆیدی کرد.

"خەتا دەکەی، سیگمۆند! هەرگیز و بە هیچ شێوەیەك بەم جۆرە نییە.لە ڕاستیدا ئێمە تەنیا لە بارەی کاتی ڕووداوەکەوە لەگەڵ یەك کۆك نین، من لەو بڕوایەدا بووم کە هێشتا ساڵانێکی زۆر بۆ فێربوون لەبەردەمتاندایە، و نابێت خۆتان ببەستنەوە. بەڵام لەبارەی مارتاوە بەتەواوی لەگەڵتاندام. ئەگەرچی من تەنیا یەکجار ئەوم دیتووە. لە مێوانییەکی بەر لە سەفەری ئەو خێزانە بۆ هامبۆرگ، خێرا دڵکێشی ئەو بووم. ئەو کەمێ منی خستەوە یادی ماتیلدە لەهەمان سونع و ساڵدا."

"زۆریش سەرسوڕهێنەر نییە..." سەرلەنوێ ڕیتمی دەنگی فرۆید هێمن بۆوە.

"هاوسەری ئێوە نمونەیەك بوو. لە هەمان ئەو ساتەی کە ماتیلدەم ناسی، بە دوای ژنێکی وەك ئەوەوە بووم. ڕاست بڵێن یۆزیف، ئەگەر ئێوە ماتیلدەتان وەك هاوسەرێك هەڵنەبژاردایە، ئەو دەستبەتاڵ و مایە پوچ دەمایەوە؟"

"ڕاستگۆیانە بڵێم، سیگمۆند ـ ئێوەش نابێت لەبەر ئەمە من بچووك بکەنەوە، چونکە ئەمە پەیوەندی بە چواردە ساڵ پێش ئێستاوە هەیە و ئەو کاتە جیاوازی هەبوو، من لە هەرحاڵێکدا خۆم بەدەستی خواستەکانی باوکم دەسپارد."

فرۆید بێدەنگ بوو. پۆڕۆیەکی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆ برویری ڕاگرت و ئەویش وەك هەمیشە ڕەتی کردەوەلە کاتێکدا کە فرۆید جگەرەی دادەگیرساند، برویر درێژەی دایە: "سیگمۆند، من لێتان تێدەگەم، چونکە لەمن دەچن. ئێوە جۆرێکی گەنجترن، دە یانزەساڵ لە من جاهێڵترن. لە کاتێکدا کە ئۆپۆلسەر[10]، سەرۆکی ئەوکاتەی من، لە پڕێکدا بەهۆی گرانەتاوە مرد، سەردەمی خوێندنی منیش لە زانکۆدا هەروەك ئێوە، بە هەمان خێرایی و بە هەمان شێوە دژوار، کۆتایی هات. منیش وەك گەنجێ تەماشای خۆمم دەکرد کە مژدەی سەرکەوتنی دەدا، وەك جێگرەوەی ئۆپۆلسەر و دەبایە هەروایش بوایە. هەموویان لەسەر ئەمە حیسابیان دەکرد. کەچی لەباتی من کەسێك دانرا کە جوولەکە نەبوو. منیش هەر وەك ئێوە ناچار بە مل دان بووم."

"کەوایە ئەبێ بتوانن هاودەردیم بکەن لەوەی کە ئەم شکستە چەندێ ئاگرم تێبەر دەدات. تەماشای خۆتان بکەن، چی کەسێ بووە خاوەنی کورسی وانەوتنەوەی پزیشکی؟ نۆتناگلی[11] بێ ڕەحم! تەماشای خۆتان کەن. چی کەسێ سەرۆکایەتی دەروونپزیشکی لە ئەستۆدایە؟ مێینێرت[12]! ئایا من شایستەیی کەمترم هەیە؟ من دەمتوانی دۆزینەوەی سەرنجڕاکێش بکەم."

"هەمان کاریش هەر دەکەیت، سیگمۆند. بەر لە یانزەساڵ من تاقیگا و کۆترەکانم بۆ ماڵەوە هێنایەوە و درێژەم بە کۆڵینەوەکانم دا. ئەمە کارێك نییە نەکرێت. ئێوە ڕێگاکەی دەدۆزنەوە. تەنیا ڕێی سەردەمی زانکۆ لە ئێوە بەستراوە و هەردووکمان دەزانین کە هۆیەکەی تەنها پارە نەبووە. ئایا ڕاپۆرتی ئەورۆی **نوین فراین پرێس** تان خوێندۆتەوە دەربارەی ئەو گروپانەی کە پۆلەکانی وانە وتنەوە داگیردەکەن و جووەکان لە پۆل دەردەکەن؟ ئەوانە هەڕەشە دەکەن کە تەواوی ئەو بەشانەی کە پرۆفیسۆرە جوولەکەکان وانەکانی دەڵێنەوە، لەناو دەبەن. یان ڕۆژنامەی دوێنێ کە هەواڵێکی لە بارەی دادگایی کردنی جوولەکەیەکەوە لە گالیسین[13] تێدایە، کە تاوانبارە بەوەی منداڵێکی کریستیانی بە هۆکاری مەزهەبی کوشتووە؟ لە ڕاستیدا ئەوان بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەو ویستوویەتی بە خوێنی مەسیحییەك شیرینی مازن*

10- Oppolzer
11- Nothnagle
12- Meynert
13- Galizien

* Mazzen: جۆرێك شیرینییە کە جووەکان بۆ جەژن دەیکەن. و.فا



دروست بکات! ئێمە لە ساڵی ١٨٨٢داین و ئەم ڕووداوانەیش کۆتاییەکیان نییە! هەڵسوکەوتی ئێمە لەگەڵ مرۆڤگەلێکی ئەشکەوتنشینداییە، لەگەڵ دڕندەگەلێکدایە کە پێستەیەکی زۆر ناسکی مەسیحییەتیان داوە بەسەرشانیاندا. بەهۆی ئەمەوەیە کە داهاتوویەکی ئەکادیمی بۆ ئێوە بوونی نییە! هەڵبەت بروکە هەبوونی ئەم جۆرە پێشدادیانە بە توندی ڕەتدەکاتەوە، بەڵام چی کەسێ بە ڕاستی دەزانێ کە ئەو چۆن بیر دەکاتەوە؟ لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا بە شێوەیەکی تایبەتی بە منی گوتووە کە ئەم ڕووداوگەلە دژەجووانە بە قیمەتی پێشڕەوی ئەکادیمیانەی ئێوە تەواو دەبێت."

"بەڵام یۆزیف، من زانایەکم! من وەك ئێوە لە پێناوی بەشی پراکتیکی پزیشکیدا دروست نەبوومە. هەموو ڤییەنا زانیاری هەیە لەسەر توانای ئێوە لە دەستنیشانکردنی نەخۆشیدا. من ئەم ئامادەییەم نییە. ئایا دەبێ تا هەتایە وەك پزیشکێکی گشتی ژیانم بەسەر ببەم؟"

"سیگمۆند، بە هیچ کلۆجێ من زانستێکی بانسروشتیم نییە، لانیکەم شتێك نییە کە نەتوانم بە ئێوەی بگەیەنم."

فرۆید پاڵی دایەوە و لە بەر پرشنگی ڕوناکی مۆمەکەدا لاچوو. لە دڵەوە لەم تاریکییە قووڵە مەمنون بوو. تا ئێستا ئاوەها ناوەوەی خۆی ئاشکرا نەکردبوو، یان بەگشتی بۆ هیچ کەسێ، جگە لە مارتا کە هەموو ڕۆژێك نامەی بۆ دەنووسی و بیر و هەست و سۆزە شاراوەکانی خۆی بە ئەو دەگوت.

"تەنیا یەك ئیش مەکە، سیگمۆند. دیقی دڵی نارەزای خۆت بەسەر پزیشکیدا هەڵمەڕێژە .ئێوە بە زۆری خواربینانە ڕەفتار دەکەن. تەنیا ئەوە ببینن کە لە بیست ساڵی ڕابردوودا، تەنانەت لە پاتۆلۆژی دەماریدا چ پێشکەوتنمان بە خۆمانەوە دیوە.

بیر لە شەپلە بەهۆی ژاراوی بوونی دڵ و لە دەستدانی یادەوەری و تریشینۆزی* مێشك بکەنەوە. بەر لە بیست ساڵ ئەمانە گرێوگۆڵێکی نەکراوە بوون. ئەگەرچی زانست هێواش هێواش بەرەوپێش دەچێت، بەڵام لە هەر دەساڵێکدا بەسەر نەخۆشییەکی تردا زاڵ دەبین."

* Trichinose: نەخۆشی کرمی بەراز. نەخۆشییەکە بەهۆی خواردنی گۆشتی بەرازی نەکوڵاوەوە لە ئەنجامی بوونی کرمی تریشینەوە لە هەناوی بەرازدا، توشی مرۆڤ دەبێت. و.ك

بەر لەوەی کە بروێر درێژەی پێبدات، بێدەنگییەکی درێژ باڵی کێشا بەسەریاندا.

"وازبێنە، با باس لە شتێکی تر بکەین. دەمەوێت شتێکتان لێ بپرسم. ئێوە وانە بە زۆرێك لە قوتابیانی پزیشکی دەڵێنەوە. ئایا ناوی خورتێکی ڕوس ئاشنایە بە ئێوە؟ سالۆمێ، جینیا سالۆمێ؟"

"جینیا سالۆمێ؟ گومان ناکەم. بۆچی دەپرسیت؟"

"ئەمڕۆ خوشکەکەی هاتبوو بۆ کلینیکەکەم. دیدارێکی سەرنجڕاکێش بوو."

فایتۆن لە درگای باریکی چوونە ژوورەوەوە کە دەکەوتە سەر ژمارە حەوتی شەقامی بەیکیرەوە، تێپەڕی و لە ناکاو وەستا. بە شێوەیەك ناکاو کە هێشتا عەرەبانەکە بۆ ماوەیەکی کورت لەسەر فەنەری پتەوی فایتۆنەکە هات و چووی دەکرد. " گەیشتین. پاشماوەکەیتان لە ماڵەوە بۆ باس دەکەم."

ئەوان لە حەوشەکەدا بە شکۆوە لەسەر بەردەڕێژێك دابەزین کە سەربە کۆتاییەکانی سەردەمی ڕێنیسانس بوو، و دیوارێکی پۆشراو بە لاقلاقێك دەوری گرتبوو. لە بەرامبەر خانوویەکی شکۆمەندانەدا وەستان کە لەسەرووی درگاکەیەوە تاقی ئەو پێنج نهۆمییە بە پەنجەرە کەوانەییەکانییەوە دەبینرا. کاتێ کە پیاوەکان نزیکی ڕاڕەوی چوونەژوورەوە بوونەوە، دەرگاوان هۆشیار و چاوەڕێ، لە پەنجەرەی بچووکی جێگاتایبەتەکەی خۆیەوە تەماشای کرد و هاتە دەرەوە تا بە ئیکلام کێشانی دووبارە دەرگا گەورەکە بکاتەوە.

لە پلەکانەوە چوونە سەرەوە، بە تەنیشتی ژووری پزیشکییەکەی بروێر لە نهۆمی دووەمدا تێپەڕین و گەیشتنە ژوورە گەورە و تایبەتەکانی خێزانی بروێر لە نهۆمی سێیەم. ماتیلدە چاوەڕێیان بوو لە سی و شەش ساڵیدا هێشتا ژنێکی لە ڕادەبەدەر جوان بوو. پێستی تەڕ و درەوشاوە، لوتێکی بچووکی نووك تیژ، چاوانی شینی خۆڵەمێشی و پرچی پڕی قاوەیی کە لە بان سەرییەوە بەستبووی. بلوزێکی سپی وەك بەفری داوێن کەوەی لەبەردا بوو کە بە کەمەرییەوە لکابوو، لەکاتێکدا کە هێشتا چەند مانگێ بەسەر بە دنیاهێنانی پێنجەمین منداڵیدا تێنەدەپەڕی، کەچی فریوەدەر و بە شکۆ دەهاتە بەرچاو.



کڵاوەکەی بروێری لابرد و پرچی بۆ دواوە دادایەوە، یارمەتی دا تا پاڵتۆکەی دابکەنێ و ئەوی دایە ئالۆئیزیا[14]، ئەو کیژۆڵە کارەکەرەی کەبەر لە چواردەساڵەوە لە سەرەتای خزمەتکردنییەوە لە خێزانەدا ناوی لێنرا لۆئیز. پاشێ ڕووی کردە فرۆید.

"سیگمۆند، ئێوە هەموو گیانتان تەڕە و بێگومان زۆر سەرماتانە. خێرا بڕۆنە گەرماوەکەوە! ئاو گەرمە و من جلکی پاکی بروێرم بۆ داناون، چەندێ نایابە کە هەردووکتان بەقەدەر یەکترین. من ناتوانم ئەم جۆرە میوانداریە لە ماکس بکەم."مێردی ڕاشیلی[15] خوشکی، کەتەپیاوێك بوو کە کێشی سەد کیلۆ بوو.

بروێر گوتی: "لە ڕاستیدا نابێ ماکس ئارەزووی خۆشحاڵی تۆی هەبێت، من ئەمە لە ڕێگای ڕەوانەکردنی نەخۆشانێکی زۆرەوە کە بۆی دەنێرم، قەرەبووی دەکەمەوە." بەرەو لای فرۆید وەرگەڕا و درێژەی دایە: "دیسانەوە ئەمڕۆیش نەخۆشێکم بۆ لای ماکس نارد کە هەوکردنی بێزیانی پرۆستاتی هەبوو. لەم هەفتەیەدا ئەمە چوارەمین نەخۆشە. ئەمەیش بەشێکی پڕ لە سوودە."

ماتیلدە لێبڕاوانە دژایەتی کرد. ژێرباڵی فرۆیدی گرت و بەرەو گەرماوەکە بەکێشی کرد.

"نەخێر. پسپۆری ئۆرۆلۆژی بۆ سیگمۆند گونجاو نییە. تەواوی ڕۆژ موسڵدان و لوولە بکاتەوە! لە ماوەی یەك هەفتەدا شێت دەبێ!"

ژنە لەبەر درگاکەدا بێدەنگی لێکرد. "یۆزیف، منداڵەکان خەریکی ناخواردنن. سەرێکیان لێ بدە، بەڵام زۆر کورت، وا باشترە بەر لە شیوخواردن کەمێ ڕاکشێیت. دوێشەو بەردەوام بەملاولادا تلایتەوە. دەشێ زۆرکەم خەوتبی."

بروێر بێ ئەوەی هیچ بڵێ بەرەو ژووری نووستن ڕۆیشت، بەڵام دواتر بیری گۆڕی و بڕیاریدا کە لە ئاو هێناندا یاریدەی فرۆید بدات. کاتێ کە گەڕایەوە، بینی ماتیلدە بەرەو فرۆید چەماوەتەوە و بیستی کە گلەیی دەکات: "سیگمۆند، ئەو خەریکە قسەم لەگەڵدا ناکات!"

بروێر لە گەرماوەکەدا یەك لە دوای یەك سەری لوولە پەمپی نەوتی دەخستە ناو ئەو شوشانەوە کە ڕوپۆشی سەبەتەییان هەبوو، ئەو ئاوە گەرمەی تێدەکردن کەلۆئیز و فرۆید لە

14- Aloisia
15- Rachel

چێشتخانەکەوە بە پەلە دەیانبردە سەرەوە. حەوزی گەورەو سپی کە وەك موجیزەیەك تەنیا لەسەر چوارپەنجەی ناسکی شێرەیەك دانربوو، بە خێرایی پڕ بوو. کاتێ کە بروێر گەڕایەوە، بیستی کە فرۆید بە ئاهێکی ڕازی بوونەوە خزایە ناو ئاوەکەوە.

بروێر لەسەر تەختەکەی درێژکشا، بەڵام ئارامی نەبوو. بیری لەوە دەکردەوە کە ماتیلدە و فرۆید چەندێ خۆمانە سەریان لەیەکتر نزیك کردبۆوە. لەو ماوەیەدا ئیدی فرۆید ببوە بەشێك لە خێزان. بە درێژایی هەفتە چەندین جار لای ئەوان شیوی دەخوارد. سەرەتا لە نێوان ئەو و فرۆیدا پەیوەندییەکی دۆستانە دروست ببوو“ لەوانەیە بە جۆرێ بروێر ئەوی لە باتی برابچووکەکەی، ئەدۆڵف دانابێت کە بەر لە چەند ساڵێ مردبوو. بەڵام بە درێژایی ساڵی ڕابردوو ماتیلدە و فرۆید لێکتر نزیك دەبوونەوە. دە ساڵ جیاوازی تەمەن، ڕێگای بە ماتیلدە دەدا کە لە هەمبەر ئەودا هەستێکی دایکانەی هەبێت. زۆربەی کات لەو بارەیەوە جەختی دەکردەوە کە فرۆید ئەو دەخاتەوە یادی ئەو زەمانەی بروێر، یانی زەمانێ کە ئاشنای یەکتر ببوون.

بروێر پرسیاری لە خۆی کرد، ئێ خۆ چییە؟ چی گرفتێك دەبێت کە ماتیلدە، فرۆید لە ساردوسڕی من ئاگادار بکات؟ ئەمە چی شتێك دەگۆڕێت؟ پێی وابوو کە فرۆید هەموو شتێك دەزانێت و بە هەر شێوەیەك بێت لەمماڵەدا شتێك لای ئەو بە شاراوەیی نامێنێتەوە. دەشێ کە ئەو لە دەستنیشانکردندا بە توانا نەبێت، بەڵام بۆ پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان زۆر تیژبین بوو. لەوانەیە تێگەیشتبێ لەوەی کە منداڵەکان تا چی ڕادەیەك لە خۆشەویستی باوك بێ بەشن. بەو جۆرەی کە ڕۆبەرت، بێرتا، مارگاتێ و یۆهانس بە گەرمی و شادییەوە هاواریان دەکرد: "مامە سیگمۆند" و بەرەو لای وی ڕادەکەن! تەنانە ئەو کاتەیش کە هێشتا ساڵێکیش نەدەبوو، هەمیشە کاتێك کە ئەو دەهات، پێدەکەنی. بێگومان هاتوچووی فرۆید لەم ماڵەدا نیعمەتێك بوو“ بروێر بە چاکی دەیزانی کە هەستەکانی لەوە پەرتتر بوون کە بتوانێ ببێتە مەرجەعێك کە خێزانێك پێویستی پێیەتی. بەڵێ فرۆید کاری ئەوی ئەنجام دەدا، بەڵام بە هیچ شێوەیەك، ئەم کارە نەدەبووە مایەی شەرمەزاری بروێر. بە پێچەوانەوە ئەو لە بەرامبەر فرۆیدی گەنجدا بەر لەهەموو شتێك هەستی بە ڕێزلێگرتن دەکرد.

دەبێ لەبارەی هاوسەرێتییەکەیەوە بە چ شێوەیەك لەگەڵ سکاڵاکانی ماتیلدە بەرخوردی کردبێت؟ ئەو مافی ئەوەی هەبوو گازەندەکار بێت! ئاوا هەموو شەوێك تا نیوە شەو کاتی خۆی



لە تاقیگادا بەسەر دەبرد و بەر لە نیوەڕوانی یەکشەموانیش لە نووسینگەی کارکردنیدا وانە تیۆرییەکانی زانکۆی بۆ دوانیوەڕۆ ئامادە دەکرد. بە درێژایی هەفتە شەوانێکی زۆر تا سەعات هەشت و نۆ لە کافێ دەمایەوە. سەرباری ئەمانە بەم دواییانە، لە هەفتەیەکدا یەك دوو شەو یاری تارووکی* دەکرد. ئێستا هەندێ جاریش لەسەر نانخواردن کە پێشتر بێ چەند وچون تایبەت بوو بە خێزانەکەی ئامادە نەدەبوو. لانی کەم لە هەفتەیەکدا وا ڕێدەکەوت کە بروێر کاتی نەبێ و دوانیوەڕوانیش یەکسەر کاری دەکرد. کاتێکیش کە ماکسی هاوەڵزاوای دەهات لەبەر کردنی دەستێك شەترەنج بۆ ژووری خوێندنەوە دەچوو.

بروێر وازی لە وەنەوزدانی بێ هوودە هێنا و بەرەو چێشتخانەکە چوو تاوەکو بزانێ خواردن ئامادە بووە. چاك دەیزانی کە فرۆید بۆ ماوەیەکی تا ڕادەیەك زۆر لە حەوزی گەرماوەکەدا ڕادەکشێ. بروێر وای بە باشتر دەزانی کە واز لە شیوخواردن بێنێ تا کاتێکیشی بۆ کاری تاقیگا هەبێت. لە دەرگای حەمامی دا: "سیگمۆند، کاتێ کە تەواوبوون وەرنە ژووری خوێندنەوە. ئاسایی خۆ ماتیلدە ڕێگا دەدا لەوێ نان بخۆین."

فرۆید بە خێرایی خۆی وشککردەوە، جلە خاوێنەکانی کە بۆیان ئامادە کردبوو لەبەر کرد و جلکە پیسەکانیشی خستە سەبەتەی جلە چڵکنەکانەوە و بە خێرایی چووە دەرەوە تاوەکو لە ئامادەکردنی مێز و هێنانی خواردندا. هاوکاری بروێر و ماتیلدە بکات

ئەو وەختەی کە دەرگای چێشتخانەکەی کردەوە بە هۆی ئەوەی کە پەنجەرەکەی بە تەواوی داخرابوو، بۆنی خۆشی سووپی کەرەوزی کەسکوون بە جۆ، بەرەو ڕووی هات.

ماتیلدە لە کاتێکدا کە کەوچکی بە دەستەوە بوو بەم قسانە بەخێرهاتنی ئەوی کرد: "سیگمۆند، بیرم کردەوە کە ئێوە هەردووکتان لەم کەشە ناهەموارەدا، خۆشیتان لە سووپێکی گەرم دێت."

فرۆید سینی لە دەستی ئەو گرت: "بۆچی تەنیا دوو قاپ؟ داخۆ ئێوە لەگەڵماندا شیو ناخۆن؟"

* Tarock: جۆرێ یاری کاغەزی سێ کەسییە. و. فا

"وەختێ یۆزیف بیەوێت لە ژووری خوێندنەوە نان بخوات، ئاسایی مەبەستی ئەوەیە کە دەیەوێت بە ڕاحەتی لەگەڵ ئێوەدا قسە بکات."

بروێر نارەزایی دەربڕی : "ماتیلدە! ئەسڵەن قسەیەك لەم بارەیەوە نەبووە. ئەگەر بڕیار وابێکە سیگمۆند لە قسەکردن لەگەڵ تۆدا بێبەش بێت، ئەوا هەر زوو خۆی دوور دەخاتەوە لە هاتنی بۆ شەقامی بەیکیر."

"باشە من کەمێك ناساغم و ئێوەیش ئەم هەفتەیە جێگایەکتان نەبووە بۆ ئەوەی بە ئاسوودەیی پێکەوە قسە بکەن."

لە کاتێکدا کە ڕاڕەوە درێژەکەیان دەبڕی، بۆ ماوەیەکی کورت فرۆید چووە ژووری منداڵەکانەوە تاوەکو ماچێکی شەوخۆشییان بداتێ" لە بەرامبەر داوا و تکای ئەوان بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێ بەرگری کرد و بەڵێنی دا کە لە جیاتی ئەمشەو لە سەردانیکی پاشتردا دوو چیرۆکیان بۆ بگێڕێتەوە. دواتر بە شوێن بروێردا بۆ ژووری خوێندنەوە ڕۆیشت. هۆڵێکی تاریکی تەختەبەندکراو کە پەنجەرە گەورەکانی پەردەی مەخمەڵییان هەبوو. ڕوکاری نێوان شووشەی ناوەوە و دەرەوەی پەنجەرە دووئالییەکان، بە کۆسن پڕکرابۆوە تاوەکو با نەیەتە ژوورەوە. لە بەردەمیدا مێزێکی نووسینی سەنگین لە داری گوێز دانرابوو کە کتێبگەلێکی زۆری لەسەر کەڵەکە کرابوو. لەسەر تەختی ژوورەکە قاڵییەکی نایابی کاشان کە پڕبوو لە نەخشی پێچاوپێچ و ڕەنگی شینی عاجی، ڕاخرابوو. لە سێ لای دیوارەکەوە ڕەفەی پڕ لە کتێبی بەرگگیراوی شینی بەنرخ، تا سەقفەکە دەگەیشت. لە گۆشەیەکی پشتی ژوورەکەوە لەسەر مێزێکی خەڕاتی کراوی بیدەرماییر* کە لەنێوان ڕەنگی ڕەش و ئاڵتوونی دا بوو و قاچەکانی بەرەو خوار باریك دەبوونەوە، لۆئیز مریشکی سوورەوەکراوی سارد و زەڵاتەی گیایی و مارچێوەی زیرەکراو و گازۆزی* گیس هۆبلەر[16]ی دانابوو. ماتیلدە قاپە سوپەکەی فرۆیدی لەسەر سینی هەڵگرت و لەسەر مێزەکە داینا و وەرسوڕا کە بڕوات.

بروێر بە هۆشیارییەکی تەواوەوە لە ئامادە بوونی فرۆید، دەستی ژنەکەیی لاواندەوە و گوتی:

* شێوازێکی هونەری تایبەت بە ساڵانی ١٨١٥ – ١٨٤٨ زایینی. و.ف

* ئاوی کانزایی گازدار. و.ك.

16- Giesshuebler



"بمێنەوە. خۆ من و سیگمۆند شتێك لە تۆ ناشارینەوە."

"من لەگەڵ منالەکاندا نانم خواردوە. ئێوە هەردووکتان بەبێ منیش ئێشتان دەڕوات."

بروێر هەولی دا بە دەنگێکی گاڵتەئامێزانەوە قسەبکات: "ماتیلدە! تۆ گلەیی دەکەیت کە بە کەمی من دەبینی. ئێستا من لێرەم و تۆ دەڕۆیت."

کەچی ئەو سەرێکی بادا: "دوایی بۆ چەند ساتێك دێم و شیرینیتان بۆ دێنم."

بروێر تکائامێزانە تەماشایەکی فرۆیدی کرد، دەتگوت دەیەوێ بڵێ، ئێستا دەتوانرێ چی بکرێت؟ دوای ساتێك، ڕاست ئەو کاتەی کە ماتیلدە بە هێواشی دەرگاکەی داخست، بروێر بینی کە ئەو تەماشایەکی پڕمانای فرۆیدی کرد. وەك ئەوەی بیەوێ بڵێ، دەبینی کە حاڵی ئێمە چۆنە؟ لێرەدا بۆ بروێر ڕوونبۆوە کە چاوەڕێی چ ئەرکێکی نارەحەتکەر و ناباوی لە هاوڕێ گەنجەکەی هەبوو. نزیکی و نێوانخۆشی لەگەڵ ژن و مێردێکدا کە لێکتر نامۆ بوونە!

هەردوو پیاو لە بێدەنگیدا نانیان خوارد. بروێر هەستی کرد کە فرۆید چاو بەسەر کتێبەکاندا دەگێڕێت.

"سیگمۆند، ئایا ئەبێ نێودیوارێکیش بۆ کتێبەکانی داهاتووی ئێوە پەزمەنە بکەم؟"

"زۆر باش دەبێت! بەڵام لەم دەساڵەدا کارێك ئەنجام نادرێت. یۆزیف، من تەنانەت فریای بیرکردنەوەش ناکەوم. لام وانییە کە تا ئێستا قوتابییەك لە نەخۆشخانەی ڤییەنا توانیبێتی لە چەند کارتێکی پۆستاڵ زیاتر شتێ بنووسێت! نا، من ئێستا زیاتر لەبیری خوێندنەوەی کتێبدام تا نووسین. لانەت لەو باردژوارییەی ڕۆشنبیران! لەم هەموو زۆربوونەی زانستەکان کە دەبێت لە ڕۆچنەیەکی سێ میلیمەتری گلێنەوە بەرەو مێشك پڕتاو بکەن!"بروێر بسکەیەکی کرد. "چی وێکچواندنێکی گونجاوە! شۆپنهاوەر و سپینۆزا[17]ی بە شێوەیەکی دڵۆپێنراو و لەسەر یەك کەڵەکە بوو ڕشتۆتە ڕەحەتی گلێنەوە و ڕاسەوڕاس لە درێژایی بینینە دەماری مێشکدا مەڵە دەکەن. چەندێ حەزم دەکرد کە بکرایە بە چاو نان بخۆیت! ئەم ڕۆژانە بەزۆری بۆ خوێندنەوەیەکی جیدییانە زۆر ماندووم."

17- Spinoza

فرۆید پرسی: "ئەی وەنەوزدانەکەتان چی لێهات؟ لاموابوو دەتانویست بەر لە نانخواردن کەمێ ڕاکشێن."

"ئیدی ناتوانم وەنەوز بدەم. بیردەکەمەوە هەتا بۆ خەوتنیش زۆر نەخۆش بم. دیسانەوە نیوەی شەو مۆتەکەیەك لە خەو ڕاپیەڕاندم. هەمان مۆتەکەی پەرت بوون."

"یۆزیف، جارێکی تر خەونەکەی خۆتانم بە وردی بۆ بگێڕنەوە."

"هەر هەمان شتە." بروێر لە پێکێکدا گازۆزەکەی خوێیی نۆشی، چەتاڵەکەی خستە لاوە و پاڵی دایەوە تا خواردنەکە بچێتە خوارەوە. "بە شێوەیەکی خەڵەتێنەریش واقیعیانە دێتە بەرچاو،پارساڵ دەجار ئەم خەونەم بینیوە. سەرەتا زەوییەکەی ژێرم دەلەرزێت. دەترسم و بەرەو دەرەوە ڕادەکەم و لە دوای گەڕانی ..."

ناچار بوو بۆ ساتێك بیربکاتەوە ئاخۆ دوایین جار خەونەکەی چۆن گێڕابۆوە. بێگومان کە ئەو لە خەونەکەیدا بە دوای بێرتاوە بوو، بەڵام چتانێکیش کە دەیوست لەگەڵ فرۆید دا باسی بکات حەدو سنوورێکی هەبوو. نەوەك تەنیا بەهۆی ئەوەی کە لەو هەموو دەسەڵاتەی بێرتا بەسەر بیر و هەستوسۆزیدا شەرمەزار دەبوو، بەڵکو چونکە نەیدەویست بەهۆی هێنانە ئارای نهێنیگەلێکەوە کە فرۆید ناچاربوو لە ماتیلدەی بشارێتەوە، پەیوەندی ئەودوانە بخاتە ژێر گوشارەوە.

"... کەسێکم. وردە وردە زەمینی ژێرپام دەگۆڕێ بە شلەیەك و وەکو قوماو ڕۆدەچێت. من بە قووڵایی چل پێ دادەچم و دەکەوم. ڕاست چل پێ. من ڕوی بەردێکی مەڕمەڕی گەورە دەکەمەوە و نووسراوێك لە ناویدایە. هەوڵدەدەم کە ڕەمزەکانی ناوی کەشف بکەم و بیخوێنمەوە، بەڵام ناتوانم."

"خەونێکی سەرنجڕاکێشە، یۆزیف. بەڵام لە شتێك دڵنیام. کلیلی لێکدانەوەی ئەم خەونە لە مانای نووسراوی ناوبەردەکەدایە کە ناتوانرێ بخوێنرێتەوە."

"بە مەرجێ ئەگەر لە ئەسڵا مانایەکی هەبێت."



"ئەبێ هەیبێت، یۆزیف. دەجار هەمان خەون وەکو خۆی؟ ئێوە ڕێگا نادەن کە شتی بێ بەها ببێتە هۆی بێخەویتان! شتێ کە بۆ من بێحەد سەرنجڕاکێشە، ئەو چل پێیەیە. لە کوێ دەزانن کە چل پێی تەواوە؟"

"دەزانم، لێ نازانم لە کوێ."

فرۆید کە وەك هەمیشە قاپەکەی خۆی بەتاڵ کردبۆوە، بە پەلە دوایین تیکەی لەدەمی خست و گوتی: "من گومانم نییە لەوەی کە ئەم ژمارەیە ڕاستە. هەرچۆن بێ ئێوە بوونە کە ئەم خەونەتان گێڕاوەتەوە! یۆزیف ئێوە دەزانن، کە من وەکو جاران خەون کۆدەکەمەوە و وردە وردە زیاتر بەو باوەڕە دەگەم کە ژمارەی ڕاست و ڕێك لە خەوندا مانای ئاشکرای هەیە. من بەڵگەیەکی تازەم هەیە و تا ئەو شوێنەی کە دەزانم شتێکم لەبارەیەوە بە ئێوە نەگوتووە. هەفتەی ڕابردوو ئێمە لەسەر شەرەفی ئیساك شۆینبێرگ[١٨]، یەکێك لە دۆستەکانی باوکم میواندارییەکمان هەبوو."

"بەڵێ، دەیناسم. ئیگناز[١٩]ی کوڕیلەگەڵ خوشکی دەسگیرانەکەی ئێوەدا پەیوەندیی نەبوو؟"

"ڕاست ئەفەرموون. ئێ، ئیساك جەژنی شەستەمینساڵڕۆژی لەدایکبوونی دەگێڕا، خەونێك کە شەوی پێشتر بینی بووی بۆی باسکردم. ئەو لە ڕاستە شەقامێکی تاریك و درێژدا دەڕۆیشت و شەست پارەی زێڕی لە گیرفاندا بوو. ئەویش ڕێك وەکو ئێوە گومانی لە ژمارەی پارەکان نەبوو. دەیوست پارەکانی بە پاڵ یەکەوە بن، بەڵام ئەوان دانە دانە لە کونێکی گیرفانییەوە دەکەوتن و ئەو دووبارە لە تاریکیدا نەیدەدۆزینەوە. سەرئەنجام ئەمە ناتوانێ ڕێکەوتێك بێت کە ئەو لە شەستەمینساڵیادی لە دایکبوونیدا خەون بە شەست پارەوە ببینێ. بە تەواوی دڵنیام ـ چۆن دەشێ کە بەم شێوەیە نەبێت؟ ـ کە شەست پارەی کانزایی نیشانەی شەست ساڵی ژیانی ئەوە."

"ئەی کونی ناو گیرفانەکەی؟" بروێر ئەمەی پرسی و دووەمین ڕانە مریشکی هەڵگرت.

"ئەم خەونە دەکرێ تەنیا دەربڕی ئەو ئارەزووە بێت کە ئەو حەزدەکات ئەو ساڵانە بگێڕێتەوە و ئەو گەنجتر بێتەوە." فرۆید ئەمەی گوت و ئەویش دەستی بە مریشك خواردن کرد.

18- Isaac Schoenberg
19- Ignaz

"یان ڕەنگە ترسێکیش هەبێت، سیگمۆند. ئەو ترسەی کە ساڵەکان لەدەستی دەردەچن و ئەویش شتێکی بۆ نامێنێتەوە! بیری لێبکەرەوە، ئەو لە ڕێگایەکی تاریك و درێژەوە دەڕوات و هەوڵدەدات دووبارە شتێك بەدەست بێنێتەوە کە لە دەستی داوە."

"بەڵێ دەشێت. لەوانەیە خەونەکان بتوانن دەربڕی ئارەزووەکان یان ترسەکان بن. یان هەردووکیان پێکەوە. بەڵام سەبارەت بە ئێوە یۆزیف، یەکەمین جار ئەم خەونەتان کەی دیت؟"

"لێگەڕێ بیرکەمەوە." بروێر هێنایەوە یادی. خەونێکی درێژخایەن نەبوو. دوای ئەوەی کە لە سوودمەندبوونی چارەکردنەکەی سەبارەت بە بێرتا دوودڵ بوو، لەگەڵ خانم پاپن هایم لەبارەی ئەم مەسەلەیەوە قسەی کردبوو کە ئایا وا باشتر نییە بێرتا ڕەوانەی ئاسایشگای بیلیڤو[20] لە سویسرا بکات؟ ئەم ڕووداوە ئەبێ بە سەرەتاکانی ساڵی ١٨٨٢وە پەیوەستبووبێت. واتە نزیکەی بەر لە ساڵێك. هەر بەهەمانشێوەی کە ئێستا بۆ فرۆیدی باس دەکرد.

فرۆید بە گەرم وگوڕییەوە پرسی: "ئەی من لە مانگی ژانویە بە بۆنەی لە دایکبوونتانەوە لەگەڵ هەموو خێزانی ئاڵتمان[21]دا داوەتی ئێوە نەبووم؟ باشە فەرموون! ئەگەر ئەم خەونە لەو کاتەوە بەردەوام دووبارە ببێتەوە، کەواتە ئاشکرایە کە ئەو چل پێیە، چل ساڵ نیشان دەدات، وانییە؟"

"ئێستا وا خەریکە دەبمە چل و یەك ساڵ. ئەگەر ئەوەی ئێوە ڕاست بێ، کەوایە دەبێ لە مانگی ژانویەوە بکەومە قووڵایی چل و یەك پێوە."

فرۆید دەستەکانی بەرەو سەر بەرزکردەوە. "ئای، کەوایە ئەبێ ئیتر ڕاوێژ بە پسپۆڕێك بکەین. تیۆری خەونی من لێرەدا تەواو بوو. تا ئێستا بیستووتانە کە خەونێکی ڕاڤەکراو گۆڕانێکی ئەرێنی بە کەسێك بەخشیبێت؟ پرسیارێکی زۆر ڕاکێشەر! ئەسڵەن بۆ دەبێ ساڵەکان لە پشتی 'پێ' وە بشاردرێتەوە؟ بۆچی ئەم خەونسازە بچووکەی کە لە ناو هەستی ئێمەدایە، ئەم هەموو زەحمەتە دەداتە بەرخۆی تاوەکو ڕاستی داپۆشێت؟ من لام وایە کە ئەو چل پێیەی ناو خەونەکە، نابێتە چل و یەك پێ. بیردەکەمەوە کە دەبێ خەونساز ترسی لەم شتە هەبێت کە زیادکردنی پێیەك لە هەر ساڵێکدا، زۆر ئاشکرایە و گرێی خەونەکە دەکاتەوە."

20- Bellevue
21- Altmann



بروێر پێکەنی و بە پەڕۆی سفرەکە دەم و سمێڵی خاوێنکردەوە. "سیگمۆند، ئەم نمونەیە هەمیشە هەمان ئەو خاڵەیە کە لەوێدا ڕۆحی ئێمە لە یەکتر جیادەبێتەوە. کاتێ کە ئێوە دەست بە قسەکردن دەکەن لەبارەی هێزە ناوەندییە سەربەخۆکانی دەروونەوە، وا دێتەبەرچاو کە لەبارەی ڕۆحی دێویێکەوە قسە دەکەن کە لەناو ئێمەدایە و خەونی ئاڵۆزکاو دروست دەکات و بە پۆشاکی ترەوە ئەوانە لە ئاگایی ئێمەدا نمایش دەکات. ئەمەیش من دەخاتە پێکەنین."

"دانی پێدا دەنێم کە پێکەنیناوی دێتە بەرچاو. بەڵام خۆتان بیبینن کە چەند شت ئاماژە بەم مەسەلەیە دەکات! چەند زانا و ماتماتیکزان ڕایانگەیاندووە کە مەسەلە دیاریکەرەکانی ناو خەونیان حەلکردووە؟ سەرباری ئەوە یۆزیف، هیچ نمونەیەکی تەعبیری تر بوونی نییە. گرنگ نییە کە لەوانەیە ئەم بابەتە زۆر پێکەنیناوی بێتە پێشچاو، بەڵام دەبێ هەستێکی دووەم و سەربەخۆ هەبێت. من دڵنیام."

ماتیلدە بە قۆرییەك قاوە و دووشیرینی سێوی بە ناوبانگی خۆی کە لەژێر کێویێك لە کرێمی بەسەردا کراودا شاردرابۆوە، چووە ژوورەوە. "سیگمۆند، لە چی شتێك ئەوەند دڵنیایت؟"

"لە یەك شت بە تەواوی دڵنیام، چونکە ئێمە ئومێدەوارین کە ئێوە لامان دانیشن و لەگەڵ ئێمەدا قسە بکەن. یۆزیف هەر ئێستا دەیویست باس لە نەخۆشێك بکات کە ئەوڕۆ بۆسەردانی هاتبوو."

"بەداخەوە سیگمۆند، ناتوانم. یۆهانس دەگری و ئەگەر خێرا نەچم بەلایەوە ئەوانی تریش بێدار دەکاتەوە."

وەختێ کە ماتیلدە دەرگاکەی لە دوای خۆیەوە داخست، فرۆید بۆ لای بروێر گەڕایەوە.

"یۆزیف، لەبارەی دیداری سەرنجڕاکێشی خۆتان لەگەڵ خوشکی ئەو قوتابییە پزیشکییەدا بدوێن."

بروێر بێدەنگی لێکرد. دەبایە بیرو خەیاڵی کۆبکاتەوە. هەڵبەت زۆر مەیلی لێبوو کە دەربارەی پێشنیاری لۆ سالۆمێ لەگەڵ فرۆیددا گفتوگۆ بکات، بەڵام هاوکات لەم بارەیەوە ترسی هەبوو کە ئەم کارە ڕوونکردنەوەی شێوازی چارەسەریی بێرتای بە دوادا بێت.

"براکەی باسی لە چارەسەری بێرتا پاپن هایم بۆ ئەو کردبوو، ئەو ئێستا لە من دەخوازێ کە هەمان شێوازی چارەسەری لەمەڕ یەکێ لە ناسراوەکانییەوە بەکار ببەم، کە هاوسەنگی ڕۆحی خۆی لەدەست داوە."

"ئەسڵەن ئەم قوتابییە پزیشکییە، جینیا سالۆمێ، چۆن دەتوانێ شتێ سەبارەت بە بێرتا پاپن هایم بزانێت؟ یۆزیف ئێوە هەمیشە لەم بارەیەوە هەتا لە بەرامبەر منیش زۆر داخراوانە مامەڵەتان دەکرد. من وردە کارییەکانی نازانم، تەنها دەزانم کە ئێوە بە خەواندنی موگناتیسی کارتان دەکرد."

بروێر لە خۆی پرسی کە ئایا لە دەنگی فرۆیدا چتێ لە ئێرەیی بەر گوێ دەکەوێ یان نا؟ "ڕاستە من لەبارەی بێرتاوە بێدەنگ بووم، سیگمۆند. خێزانەکەی لەو گوندەدا زۆر بەناوبانگە. لە کاتێکیشەوە کە زانیم بێرتا دۆستی نزیکی دەستگیرانی ئێوەیە، بە تایبەتی لەبەرامبەری ئێوەدا خۆپارێزبووم. لەگەڵ ئەمەشدا بەر لە چەند مانگێ لە قسەکردنێکدا لە ژێر ناوی خوازراوی، ئانا ئۆ. لە کۆلیژێکی پزیشکی باسم کرد."

فرۆید بە هەیەجانەوە هاتە پێشەوە. "یۆزیف، بریا دەتانزانی کە چەندێ حەزم لێیە زانیارییەکی زیاتر لەبارەی میتۆدی تازەی چارەسەری ئێوەوە بەدەست بهێنم! ناتوانن لانی کەم ئەوەی کە بۆ قوتابییەکانتان باسکردووە بۆ منیشی ڕونکەنەوە؟دەتوانن دڵنیابن لەوەی کە من تەنانەت لە بەرامبەر مارتادا وەك پزیشکێ ئەم ڕازە دەپارێزم."

بروێر لەرزی. تاچی ئەندازەیەك مافی باسکردنی هەبوو؟ بێگومان فرۆید هەندێ شتی دەزانی. بەم دواییانە ماتیلدە چەند مانگێکی بەردەوام بە ئاشکرا لەوەی کە مێردەکەی کاتێکی زۆری لە بێرتا بەهەدەر دەدا، ڕەفتاری گۆڕا بوو. هەروەها لەو ڕۆژەدا کە ماتیلدە ئارامی لێبڕا و یاساغی کرد کە ئیتر بروێر نابێ کاتێ کە ئەو ئامادەیە ناوی بێرتا بەسەر زماندا بهێنێت، فرۆید لەوێ بوو.

خۆشبەختانە فرۆید شایەتی دوایین جەلەسەی ئازاربەخشی چارەسەری بێرتا نەبوو! بروێر هەرگیز ئەوە لە یاد ناکات کە چۆن ئەو ڕۆژە ترسناکەی کە نۆڕینی بۆ بێرتا دەکرد، ژنە لە ئازاری سکپڕییەکی خەیاڵی خۆی پێچدەدا و بە دەنگی بەرز دەیگوت: "هەر ئێستا مناڵەکەم لە دکتۆر بروێر لەدایك دەبێت!"



کاتێك کە ماتیلدە ئاگاداری ئەم هەواڵە بوو ـ هەواڵێ کە وەکو تیری هەوایی بە نێو ژنانی جوولەکەدا بڵاودەبێتەوە ـ لێبڕاوانە داوای کرد کە دەبێ بروێر بە خێرایی فریاگوزاری بۆ بیرتا بداتە دەست هاوکارەکانی.

ئایا لە دەمەکانی ڕابردوودا ماتیلدە ئەمانەی بۆ فرۆید باس کردبوو؟ بروێری نەیدەوێرا بپرسێت، لانیکەم ئێستا نەیدەوێرا. ڕەنگبێ لە دواتردا کە هەیاجانەکەی دادەمرکایەوە بپرسێت. بەهۆی ئەمەوە قسەکانی بە دیقەتەوە هەڵبژارد: "بێگومان دەزانن کە بێرتا هەموو نیشانەکانی هیستریای نیشان دەدا. تێکچوون لە هەستەکان و جوولەدا، کەشەنگبوونی ماسوولکە و شەپلە، کەڕی، وڕێنە، لەبیرچوونەوە، زمانگرتن و نائارامی. لەپاڵ ئەوانەشدا چەندین شتی سەیروسەمەرە. بۆ نمونە تێکچوونێکی سەرسوڕهێنەر لە قسەکردنیدا دروست دەبوو" هەندێ جار چەند هەفتەیەك بەدوای یەکدا نەیدەتوانی بە ئەڵمانی قسە بکات، بە تایبەتی بەیانیان، دواتر ئێمە بە زمانی ئینگلیزی پێکەوە قسەمان دەکرد. لەو دوو حاڵەتە تایبەت تر، تایبەتمەندی ئاگایی بوو کە لەئەودا دەبینرا. لە لایەکەوە ئەو لە دەمی ئێستادا دەژیا و لە لایەکی ترەوە ڕووداوە وروژێنەرەکانی ئەو ڕاست لە یەك ساڵی پێشتردا ڕوویدابوو. دواتر ئێمە لە کۆڵینەوە لە دەفتەرە چکۆلانەکەی یادەوەرییەکانی دایکی لەو وەختەدا لەم خاڵە تێگیشتین. سەرباری ئەمە ئەو لە ژانی توندی دەماری دەموچاوی ئازاری دەکێشا کە تەنیا بە مۆرفین ئارام دەبۆوە، بەم پێیە ئاسایی بوو کە بەمەوە پەیوەست بێت."

فرۆید بە سەرسوڕمانەوە پرسی: "ئێوەش ئەوتان بە هیپۆنۆتیزم چارەسەر کرد؟"

"لە سەرەتادا مەبەستێکی وەهام هەبوو، دەمویست لە میتۆدی لیبیۆلت[22] کە لابردنی نیشانەکانی نەخۆشییە لە ڕێگای قسەپێکردنەوە، سوود وەربگرم. بەڵام بە یاریدەی بێرتا ـ ژنێ کە لە ڕووی ڕۆحییەوە لە ڕادەبەدەر کارایە ـ پەیم بە شێوازێکی تەواو تازەی تیمارکردن برد. بە درێژایی هەفتەکانی سەرەتا هەموو ڕۆژێ بۆ سەردانی وی دەچووم، کەچی ئەوم لە حاڵەتێکی توندی هەڵچووندا دەبینییەوە کە پێشکەوتنێ نەبوو. بەڵام دواتر ئەوەمان دۆزییەوە کە ئەگەر بتوانێ یەك بە یەك نارەحەتییەکانیم لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراودا و بە هەموو وردەکارییەکانییەوە بۆ باس بکات، دەتوانێت هەیەجانەکانی خۆی کۆنترۆڵ بکات."

22- Liebeaults

بروێر گێڕانەوەکەیی بڕی و چاوانی داخست تا خەیاڵی کۆبکاتەوە. دەیزانی کە قسەکانی دواتری زۆر بایەخدارە و نەیدەویست شتێکی گرنگی لێبپەڕێنێت.

"سەرهاتێکی دووردرێژ بوو. زۆربەی بەیانیان کاتژمێرێك، بەو جۆرەی کە ئەو ناوی دەنا ***بەتاڵکردنەوەی گریوگۆڵی دڵ*** گرنگ بوو تاوەکو ئەو بتوانێ خۆی لە خەون و خەیاڵی نامۆ ڕزگار بکات و لە وەختێکی تریشدا دوا نیوەڕوان جارێکی تر سەردانیم دەکرد. چەند هەیاجانێکی تازە کۆببوونەوە کە پێویستیان بە بەتاڵکردنەوە هەبوو. تە نیا بەو شێوەیە دەمانتوانی بگەین بە نیشانەی گرنگی نەخۆشییەکانی ئەو، کە بە تەواوی گسکمان لە هەموو زبڵ و خاشاکەکانی ڕۆژ بدایە. سیگمۆند لەم نێوەندەیشدا دۆزینەوەیەکی زۆر باوبەدەرمان پێبڕا."

لە کاتێکدا کە فرۆید خەریکی داگیرساندنی پۆڕۆکەی بوو، دەنگی فەرمیانەی بروێر ناچاری کرد کە بێدەنگ بێت. بەهۆی سەرنجدانی وردییەوە پەنجەی خۆی بە شقارتە سووتاند. سخێفانە وتی: "لانەتی!" داری شقارتەکەی برکدا و پەنجە سووتاوەکەی مژی. "بەردوام بە یۆزیف، ئەم دۆزینەوە باوبەدەرە چی بوو؟"

"باشە، هەستمان بەوە کرد کە هەر نیشانە و هۆکارێکی بەدیهێنەر دوای ئەوەی کە بێرتا بەرەو ڕیشەکێشکردنیان دەڕۆیشت و زۆر بە وردییەوە بە شێوەی 'چارەکردن بە قسە' شی دەکردەوە، خۆبەخۆ لە ناو دەچوو. بەبێ ئەوەی کە کەمترین پێویستی بە **هیپۆنۆتیزمی قسەپێکردن** هەبێت!"

فرۆید پرسی: "بە چ بەڵگەیەك؟" ئێستا ئەو بەجۆرێك بەکێشکرابوو کە بەبێ سەیرکردن پۆڕۆکەی خستە ناو سووتکدانەکەوە و لێگەڕا کە لەوێدا بۆخۆی دوکەڵ بکات. "یۆزیف، مەبەستتان لە هۆکاری نیشانەی نەخۆشی چییە؟"

"یەکەمین لێدانی دەروونی. واتا ڕووداوی بەدیهێنەر."

فرۆید تکای کرد: "تکا دەکەم! نمونەیەکبهێننەوە."

"چاکە، کەوایە ڕووداوی خۆپارێزی بێرتاتان لەبارەی خواردنەوەوە بۆ باس دەکەم. لە پێش چەند هەفتەیەکەوە ئەو نەیویستبوو یان نەیتوانیبوو ئاو بخواتەوە. بە توندی ئازاری تینوێتی دەکێشا، کاتێ کە پەرداخێ ئاوی بە دەستەوە دەگرت بە هیچ جۆرێ نەیدەتوانی بیخواتەوە، بە شێوەیەك کە ناچار بوو تینوێتییەکەی بە شوتی یان میوەکانی تر بشکێنێ. کەچی ڕۆژێك لە



حاڵەتی خولسەدا ـ ئەو حەزی لە هیپۆنۆتیزمی خەو و بێداری بوو، لە کاتی هیپۆنۆتیزمی شەوانەدا بەبێ یارمەتی دەچووە حاڵەتی خولسەوە ـ هێنایەوە یادی کە بەر لە چەند هەفتەیەك چۆتە ژووری یەکێك لە هاوڕێکانییەوە، بینیویەتی کە تووتکەی هاوڕێکەی لە پەرداخەکەی ئەودا خەریکی ئاوخواردنەوەیە. هەروا لەگەڵ ئەوەی کە ئەم نمایشەی بۆ باسکردم تووڕەیی و نارەحەتی خۆی بەتاڵکردەوە و داوای پەرداخێك ئاوی کرد، بێ هیچ گرفتێك تاوەکو تەواو بوو ئاوەکەی خواردەوە و ئیتر هەرگیز ئەم حاڵەتە دووبارە نەبۆوە."

فرۆید هاواری کرد: "وێنا ناکرێ، جێ باوەڕ نییە! ئەی دوایی؟"

"بە زوویی لەسەر هەمان شێواز بەردەوام بووین و بە دوای نیشانەکانی تردا ڕۆیشتین. ڕیشەی زۆرێك لە نیشانەکانی ئەو ـ بۆ نمونە ئیفلیجی بازوو یان وەهمەکانی سەبارەت بە مار و مردووەکان ـ بەهۆی ئەو لێدانە دەروونییەوە بوو کە لە مردنی باوکییەوە سەرچاوەی گرتبوو. دوای ئەوەی کە ئەو هەموو وردەکاریی و هەیەجانەکانی ئەم ڕووداوەی بە وردی باس کرد ـ تەنانە لە پێناوی بەهێزکردنی توانای یادهێنانەوەی ئەودا داوام کردبوو کە مۆبیلەکان بە ڕێکی وەك کاتی مردنی باوکی ڕێکبخەنەوە ـ ئەم نیشانانەیش نەمان."

"باشە ئەمە زۆر نایابە!"فرۆید لە جێگای خۆی نەمابوو، هاتووچووی دەکرد.

"ئەو مانایانەی کە ئەم بیردۆزە لەخۆی دەگرێت بانئاساییە و بەتەواوی لە تیۆرییەکەی هێلم هۆلتزن[٢٣] دەچێت! ئەگەر دەرهاویشتە زیادەکانی مێشك کە بەرپرسی ئەم جۆرە نیشانانەن لە ڕێگای پاقژکردنەوەی ڕۆحەوە دەربکرێن، پاشتر خۆبەخۆ نیشانەی نەخۆشییەکان لەناو دەچن! هەروەها ئێوە بە خوێنساردییەوە ئەمە دەگێڕنەوە، یۆزیف! ئەمە دۆزینەوەیەکی ***ڕێنوێنی بەخشە***، بێگومان دەبێ ئەمە بلاو بکەنەوە!"

بروێر ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا: "ڕەنگبێ وەختێك بێ ئەم کارە بکەم. ئێستا کاتێکی گونجاو نییە. ئەم بابەتە وابەستەیە بە زۆرێك لە هەستیاری تایبەتییەوە، دەبێ من ئاگام لە هەست و سۆزی ماتیلدەش بێت. بەهۆی ئەوەی کە میتۆدی چارەسەریی خۆمم بۆ ئێوە شیکردەوە، تێدەگەن کە ناچار بووم لە پێناوی ئەم نەخۆشەدا چەندێ کات خەرج بکەم. ئێ، ماتیلدە

23- Helmholtzen

نەیدەویست یا نەیدەتوانی قەبوولّی ئەوە بکات کە بەها زانستییەکەی ئەم بابەتە چەندێ گەورەیە. بەهەمان شێوەی کە بێگومان دەزانیت، ئەو دەستی بە ڕەخنەگیری کرد لەوکاتانەی کە لای بێرتا بەسەرم دەبرد و بەینی خۆیشمان بێت هێشتا ئەوەندە ناڕەحەتە کە بۆ قسەکردن لە بارەیەوە خۆی لە من بەدوور دەگرێت." بروێر درێژەی پێدا: "سەرباری ئەوە سیگمۆند، من ناتوانم بابەتێك کە ئاقیبەتێکی ئاوا بەلّاداری هەبێت، بلّاوبکەمەوە. ماتیلدە پێداگری کرد کە واز لەم کارە بهێنم. بۆیە من ناچار بووم لە مانگی ژوئیە، بێرتا بنێرمە ئاسایشگای بینس وانگێرز[٢٤] لە کرۆیتز لینگن[٢٥]. زەحمەتێکی زۆریان کێشا کە واز لە مۆرفین بێنێ، بەلّام وا دیارە کە چەند نیشانەیەکی وەکو نەتوانینی قسەکرن بە ئەلّمانی، دووبارە گەڕاوەتەوە."

فرۆید بە ناڕەحەتییەوە لەبارەی نیگەرانی ماتیلدەوە دوورەپەرێزی دەکرد. "بەلّام ئەم بابەتە زۆر بەرەوپێش چووە، یۆزیف. دەتوانێ مژدەی لەدایکبوونی شێوازێکی تەواو تازەی چارەسەرکردن بدات. ناکرێ لەمەڕ جێگایەکی وردتری ئەم بابەتەوە قسەبکەین؟ من تامەزرۆییەکی زۆرم بۆ وردەکارییەکانی هەیە."

"بەهەموو ئارەزوییەکەوە، سیگمۆند. من لە کلینیك وێنەیەکم لە ڕاپۆرتی ڕەوتی نەخۆشییەکە هەیە کە بۆ بینس واگنەرم نارد. کە نزیکەی سی لاپەڕەیە. دەتوانن ئەوە بخوێننەوە."

فرۆید کاتژمێرەکەی لە بەرکی دەرهێنا: "ئای، چەندێ درەنگی کردووە و من هێشتا چیرۆکی خوشکی ئەو قوتابییە پزیشکییەم هەر نەبیست. ئایا بڕیار وایە دۆستەکەی ئەویش هەر بە ڕێگای 'چارەکردن بە قسە' دەرمان بکەن؟ ئایا هیستریایە؟ ئایا نیشانەی نەخۆشییەکانی ئەویش هاوشێوەی ئاماژەکانی بێرتایە؟"

"بەهیچ کلۆجێ، سیگمۆند. ئەمەیش بابەتێکی ڕاکێشەرە. هیستریا لەئارادا نییە و نەخۆشەکەیش ژن نییە، بەلّکو پیاوە. ئەم پیاوە ئاشقی ئەم ژنە بووە یاخود ئاشقییەتی، و ئێستایش ئەم ژنە پیاوێکی تری خۆشدەوێ کە هاوڕێی نزیکەی نەخۆشەکەیە. پیاوە لە ئازاری ئیشق بە توندی نەخۆش کەوتووە. ئەم خانمەیش خۆی بە کەمتەرخەم دەزانێ و نایەوێت دەستەکانی بە خوێنی ئەو ئالوودە بێت."

24- Binswangers
25- Kreuzlingen



فرۆید هەراساو دەهاتە بەرچاو: "بەلّام یۆزیف! ئازاری ئیشق! ئەمە خۆ بابەتێکی پزیشکی نییە."

"سەرەتا بیری منیش وەها بوو. ڕاست وەهایشم بە ئەوگوت. بەلّام ئێستا ئارام بگرن تاوەکو بزانن پاشماوەکەی چییە. ڕووداوەکە وردە وردە جوانتر دەبێت. ئەم دۆستە فەیلەسوفێکی تێگەیشتوو، و هاوڕێی زۆر نزیکی ڕیچارد واگنەرە، هیچ یارمەتییەکی ناوێ، یا باشتر بلّێم لەوە غەڕاترە کە داوای کۆمەك بکات. بەم پێیەش ئەو خاتوونە چاوەڕوانی جادوو لە من دەکات. ئەبێت من بەشێوەیەکی نهێنی و لە ژێر پەردەی ڕاوێژێکی پزیشکی ئاشکرادا، یاریدەی گرفتە دەروونییەکانی ئەو بدەم."

"بەلّام ئەم ئیشە زۆر ئەستەمە! خودایە، یۆزیف خۆ ئێوە دەست بۆ ئەم کارە نابەن؟"

"لام وایە کە تازە بەلّێنم داوە."

"بۆچی؟" فرۆید دووبارە پۆڕۆکەی هەلّگرت، دانیشت و دیسانەوە وەك ئەوەی ئەفسوونی لێکرابێ خۆی بەرەو پێش چەماندەوە، لەبەر خاتری هاوڕێکەی و بیرێ کە لەمێشکیدا بوو، تەوێلّی لۆچی تێکەوتبوو.

"هەتا خۆیشم بە تەواوی ناتوانم بیلّێم، سیگمۆند. لەو کاتەی کە ڕووداوە شەرمهێنەرەکەی پاپن هایم کۆتایی هاتووە، هەست بە بێقەراری دەکەم و ڕادەوەستم. ڕەنگبێ تەنها داوەتێکی وەهام کەم بێت بۆ شەڕێك. بەلّام من ئەم مەسەلەیەم بە هۆیەکی ترەوە قەبوولّکرد. ئەمەش هەمان ئەو هۆیە واقیعییەیە! هێزی کاریگەری خوشکی ئەم قوتابییە پزیشکییە و هونەری باوەڕپێهێنانی ئەو تەواو بانسروشتییە. پیاو ناتوانێ هیچ خواستێکی ئەو ڕەتکاتەوە. ئەو چی مژدەبەخشێکی مەزهەبی چاکی لێدەردەچوو! بوێری ئەوە بەخۆم ئەدەم کە بلّێم ئەو دەتوانێ ئەسپێك بگۆڕێت بە کەلّەشێرێ! ژنێکی نائاسایی. ناتوانم بە ڕێکی بۆتانی ڕوونکەمەوە. ڕەنگبێ بە ئەو ئاشنا بن، دواتر تێدەگەن کە مەبەستی من چییە."

فرۆید هەستا و خۆی کێشایەوە، چووە لای پەنجەرەکەوە و پەردە مەخمەلّییەکەی لادا. بەهۆی ئەوەی کە پەنجەرەکان بەستبوویان، ناچار بوو بۆ ئەوەی کە ببینێ بە دەستمالّ کونێك پاك بکاتەوە.

بروێر پرسی: "هێشتا باران دەبارێت، سیگمۆند؟ دەتانەوێت فایتۆنچی بانگ بکەین؟"

"نەخێر، خۆشی کردووە، بەپێ دەڕۆم. بەڵام حەزدەکەم بەرلەوە شتی زیاتر لە بارەی ئەو نەخۆشەوە بزانم. کەی دێتە لاتان؟"

"هێشتا خەبەرێکم لێی نییە. ئەمەیش لوغزێکی ترە. خاتوو سالۆمێ ململانێی لەگەڵدا کردووە. تەنانەت چەند دانەیەك لە نامەکانی ئەوی نیشانی من دا. لەگەڵ ئەمەشدا منی دڵنیاکردەوە لەوەی کە کارێك ڕێکدەخات کە ئەو بەهۆی ناساغی جەستەییەوە بۆ لای من بێت وبچووکترین گومانیشم نییە لەوەی کە ئەویش لێرەدا وەکو بابەتەکانی تر، خواستی خۆی بۆ کورسی نیشان دەدات."

"ئەی ئایا ناساغییەکانی ئەم کابرایە هۆی تەواوی بۆ سەردانی پزیشك هەیە؟"

"بێگومان. ئەو زۆر نەخۆشە. ژمارەیەك پزیشکی زۆر و هەتا بەناوبانگیش تا ئێستا لە بەرامبەر ناڕەحەتییەکانی ئەودا خۆیان بە دەستەوە داوە. سالۆمێ لیستێکی درێژی لە نەخۆشییەکانی ئەو ناوبرد. سەرئێشەی توند، کوێری گەشەسەندوو، هێڵنجدان، بێخەوی، ڕشانەوە، گرفت لە هەرسکردنی خواردن، تێکچوونی هاوسەنگی، ئەو شاڵاوانەی کە لە بێهێزییەوە سەرچاوە دەگرن."

کاتێ کە بروێر بینی فرۆید بە سەرسوڕمانەوە سەری ڕادەوەشێنێ، وتی: "ئەگەر دەتانەوێت بنە پزیشك، دەبێت بەم جۆرە وێنەیەی نەخۆشییەکان ڕابێن. نەخۆشانێك کە نەخۆشی زۆریان هەیە بەردەوام دکتۆری خۆیان دەگۆڕن. ئەمە بۆ من مەسەلەیەکی ڕۆژانەیە. دەزانن ڕەنگە لێرەدا سەروکاری ئێمە لەگەڵ بابەتێکدا بێت کە بۆ ئێوە ناکۆتا فێرکاری بێت. ئێوەش دەخەمە ناو ئەم ڕووداوەوە." بروێر بۆ ساتێکی کەم بیری کردەوە: "یا باشتر وایە تاقیکردنەوەیەکی بچووك بکەین؟ بەپێی ئەو نیشانانەی کە گوتم، دەستنیشانکردنی جیاوازی ئێوە چییە؟"

"نازانم یۆزیف، ئەمانە پێکەوە ناگونجێن!"

"هێندە ترسنۆك مەبن، بەم شێوەیە پێشبینی بکەن!"

فرۆید سوور بۆوە. چەندێ کە تینووی زانست بوو، بەهەمان ئەندازەیش لەوەی کە نەفام بێتە بەرچاو خۆشی نەدەهات. "ئیفلیجی گەشەسەندوو؟ لووێکی مەژگی دەوری پشتەسەر؟ ژاراوی بوون،لە ڕاستیدا نازانم."



بروێر تەواوی کرد: "نابێ میگرەن*یش لە یاد بکرێت. یا دەشێ هیپۆکۆندریش* بێت؟"

فرۆید گوتی: "گرفتی لوغزاوی ئەوەیە کە هیچ شتێك پاساوی ئەم هەموو نیشانە ئامادانە ناداتەوە."

بروێر بە دەنگێکی سازگەرانەوە گوتی: "سیگمۆند" و هەستایە سەرپێ: "ئێستا پەردە لەسەر یەکێ لە نهێنییەکانی کارەکەمانتان بۆ هەڵدەماڵم. ڕۆژێ ئەم مژارە لە قۆناغێکی کاری خزمەتکردنی بەردەوامدا ئەنجام ئەدەن. من ئەوە لە ئۆپۆلزێر[٢٦] فێربووم. ڕۆژێ بە منی گوت: "سەگەل دەتوانن هەم کێچیان هەبێ و هەم ئەسپێ."

"یانی نەخۆش دەتوانێ..."

"بە تەواوی ڕاستە." بروێر پشتگیری لێکرد و دەستەکانی خستە سەر شانی دۆستەکەی. هەردوو پیاو بە هێواشی دالآنە درێژەکەیان بڕی. "دەشێ کە نەخۆشێك دوو نەخۆشی هەبێت، دەزانن، دەربارەی ئەو جۆرە نەخۆشانەی کە هەر بەدوای پزیشکدا دەگەڕێن، ئەم مەسەلەیە زۆر ئاساییە."

"با جارێکی تر بڕۆینەوە بە لای ئازاری دەروونییەوە، یۆزیف. بە قسەی خاتوو سالۆمێ ئەم پیاوە دان نانێت بە پێویستی دەروونشیکاریدا بۆ خۆی. ئەگەر ئەو ئامادە نەبێت ئەمە قەبووڵ بکات کە بیر لە خۆکوژی دەکاتەوە، کەوایە ئێوە چۆن چۆنی دەتانەوێت کار بکەن؟"

بروێر ئومێدەوارانە گوتی: "نابێ ئەمە گرفتێکی تایبەتی دروست بکات. لە کاتی باسکردنی نەخۆشیدا بە ڕادەیەکی پێویست شوێنێك بەدەست دێت کە کار لە لایەنە دەروونییەکان بکەین. بۆ نمونە ئەگەر بمەوێ لەبارەی بێخەوییەوە لێکۆڵینەوە بکەم، چەندین جار لە بارەی ڕەوتی ئەو خەیاڵانەیەوە پرسیار دەکەم کە وا لە نەخۆش دەکات بێدار بێت. یان دوای ئەوەی کە دەردەدڵی نەخۆش سەبارەت بە هەموو نیشانەی نەخۆشییەکانی دوایی هات، هاودەردی خۆم نیشان دەدەم و بە شێوەیەکی زۆر ناڕاستەوخۆ دەپرسم کە ئایا ئەم نەخۆشییە بوێریی ئەوی ڕاگرتووە یان ئەو

* میگرەن : ئازاری نیوەی سەر، شەقیقە.

* Hypochonder: نیگەرانی لەڕادەبەدەری نەخۆشیئاسای خود کە نەخۆش دەخاتە حاڵەتی دڵەڕاوکێ و نائومێدییەوە. و.ك.

26- Oppolzer

لای باشه که خۆی به دهستهوه بدات و کۆتایی به ژیانی بهێنێت. هیچ کاتێ ئهم ئیشه بێ کاریگهری نییه. نهخۆش بهرلهوهی که لهمه تێبگات نهێنییهکانی دڵی خۆی ئاشکراکردووه."

له لای دهرگای هاتنه ژوورهوهوه، بروێر هاوکاری فرۆیدی کرد تاوهکو پاڵتۆکهی لهبهر بکات: "نا، نا، سیگمۆند، گرفت لێردا نییه. ئێوه دڵنیا دهکهمهوه که بۆ من ڕاکیشانی متمانهی ئهم بیریاره و ناچارکردنی ئهو بهوهی که قسهی دڵی بکات کارێکی ئاسانه. گرفتهکه لهوێدایه که ئهبێ من بهم زانیارییانهوه چی بکهم؟"

"بهڵێ ئهگهر ئهو بهتهمای خۆکوشتن بێت، دهبێ چی بکهن؟"

"ئهگهر بهو ئهنجامه بگهم که ئهو بهشێوهیهکی جیدی بیر له خۆکوشتن دهکاتهوه، ئهوا به زوویی داوا دهکهم بیگرن. ئهوی ڕهوانهی نهخۆشخانهی دهروونی برۆنفێلد[٢٧]یان ڕهنگه ئاسایشگای تایبهتی بریسلاورس[٢٨] له ئیزێردۆرف[٢٩] بکهم. نهخێر، لهم بارهیهوه زۆر ڕانامێنم. بیری لێبکهرهوه سیگمۆند، ئهگهر ئهو له ڕاستیدا بهتهمای خۆکوشتن بێت، ئایا ئهو زهحمهته دهداته بهرخۆی که بێته کلینیکهکهی من؟"

"هەڵبهته!" فرۆید کهمێ شهرمنانه تهماشای کرد و وهك نیشانهیهکی زهین کوێری پهنجهیهکی له لاجانگی خۆی دا.

بروێر بهردهوام بوو: "نا، گرێی پرسیارهکه ئهوهیه که ئهگهر ئهو به هیچ جۆرێ بیر له خۆکوشتن نهکاتهوه تهنیا جهورێکی ترسناك بکێشێ، من چی بکهم؟ ئهبێ لهگهڵ ویدا چی بکهم؟"

"بهڵێ، چی کارێ؟"

"لهم حاڵهتهدا دهبێت ڕاسپێرم که ئهو بهدوای قهشهیهکدا بگهڕێت. یان ئامۆژگاری بکهم که ماوهیهکی زۆر لهپێناوی چارهسهریدا له مارین باد[٣٠] بمێنێتهوه. یان ناچار دهبم خۆم ڕێگایهك بۆ چارهسهرکردنی ئهو بدۆزمهوه!"

27- Bruennfeld
28- Breslauers
29- Inzerdorf
30- Marienbad



"ڕێگایهك بدۆزنهوه ئهو چارهسهر بکهن؟ مهبهستتان چییه یۆزیف؟ چی ڕێگایهك؟"

"با بمێنێ بۆ دوایی سیگمۆند. ئێمه جارێکی تر لهم بارهیهوه قسه دهکهین. ئێستا ئیدی بڕۆن، با لهوه زیاتر بهم پاڵتۆیهوه له گهرمادا نهوهستن."

فرۆید له دهرگا چووه دهرهوه، لێ جارێکی تر گهڕایهوه. "ئهرێ بهڕاست ناوی ئهو فهیلهسوفه چی بوو؟ ئایا من دهیناسم؟"

بروێر کڕبوو. لۆسالۆمێ داوای لێکردبوو که نهێنی پارێز بێت، له پڕدا وای بۆ هات و لهسهر بنهمای گۆڕینی ناوی بێرتا پاپن هایم به ئانا ئۆ.، ناوێکی تازهی له فرێدریك نیچه نا: "نهخێر، ئهو نهناسراوه. ناوی مۆلهره، ئێکهارد مۆلهر[٣١]."

31- Eckhardt Mueller

# (٤)

دوای دوو هەفتە برویر بە ڕووپۆشێکی سپی پزیشکییەوە لە عیادەکەی خۆی دانیشتبوو، نامەی لۆسالۆمێی دەخوێندەوە:

***٢٣ نۆڤەمبەری ١٨٨٢***

*دکتۆر برویری ئازیز،*

*نەخشەکەمان پراکتیزە بوو. پرۆفیسۆر ئۆڤێربەك ڕازییە بە تێڕوانینی ئێمە سەبارەت بەو بارودۆخە مەترسیدارەی کە هەیە. ئەو تاوەکو ئێستا هەرگیز نیچەی لە وەزعییەتێکی لەمە خراپتردا نەبینیوە. وا بڕیارە هەموو هێزی خۆی بخاتەکار تاوەکو نیچە بۆ سەردانی ئێوە ئارەزوومەند بکات. لەم وەختە نالەبارەتاندا من و نیچەش هەرگیز نەزاکەتی ئێوەمان لەیاد ناچێت.*

*لۆسالۆمێ*



"نەخشەی ئێمە، خەملاندنی ئێمە، پێویستی ئێمە، ئێمە."برویر کاغەزەکەی ـ کە بێگومان لە هەفتەی بەرێوە دە جار ناوەڕۆکەکەی خوێندبۆوە ـ تورهەڵدا و ئاوێنەیەکی هەڵگرت کە لەسەر مێزی نووسینەکە دانرابوو، بۆ ئەوەی لە کاتێکدا کە وشەی "ئێمە" دەردەبڕێ تەماشای خۆی بکات. لێوێکی ناسك و ڕوخسارێکی تێر لە نێوان مووی زبر و قاوەیی مەیلەو سووردا دەبینرا. دەمی زیاتر کردەوە. بینی کە لێوەکانی دەکەونە لاوە و ددانە زەردەکانی بەدیار دەکەون کە وەکو بەردەکێلی قەبرانێك لە نێو پووکەکانییەوە سەریان دەرهێناوە" دەم وکون، لق و پۆ وددان ـ ژووژك، خوگماسی، شەمپانزی، یۆزیف برویر.

دیمەنی ڕیشی لای ئەو ناشیرین بوو. لەم ڕۆژانەدا لەسەر شەقام زیاتر پیاوانی بێ ڕیشی دەبینی" کەوایە کەی ئەو ئەم جەسارەتەی دەبێت کە خۆی لە شەڕی ئەم بێشە پڕە ڕزگار بکات؟ پیریی فێڵباز تاڵە خۆڵەمێشییەکانی ڕدێنی ڕاونابوو، بەلای چەپی چەناگەیی و هەردوو لاجانگییەوە ڕوابوون و ئەویان تووڕە دەکرد. دەیزانی کە ئەو تاڵە سپییانە، کەواسوورەکانی بەر هێرشی لەشکری زستانێکی تەسلیم نەبوو، و ناکۆتان. پێشەوەچوونی سەعاتەکان، ڕۆژەکان و ساڵەکان شتێکی حەتمی بوو.

برویر لە ئاوێنەدا لە گشت بەشەکانی دەمووچاوی ناڕحەت بوو، نەوەك تەنها بەهۆی گۆڕانە هەڵکشان و داکشانەکانی و ددانە ئاژەڵی و مووە تێکهاڵاوەکانییەوە، نەخێر، بەڵکو لە کەپووی چەماوە و خواری تا لای چەنە و دوو گوێی لە ڕادەبەدەر گەورە و نێوچەوانێکی درێژ و بریقەدار کە وەرینی پرچی لەوێوە دەستی پێکردبوو، و بێڕەحمانە بەرەو پشتەوە دەڕۆیشت و هەروەها لە دەرکەوتنی کەللەسەریشی ڕازی نەبوو.

ئەی چاوەکان! برویر دووبارە ئارام بۆوە. بە حەوسەڵەوە تەماشای ئاوێنەکەی کرد. گەنجێتی لە ناوچاوەکانیدا حەشاردابوو. چاوی داگرت. زۆرجار چاوی لەخۆی دادەگرت یان بۆ ئارەزوومەندکردنی خۆی سەری ڕادەوەشاند. بۆ منی ڕاستەقینەی خۆی، بۆ یۆزیف برویری شانزەساڵە کە ڕۆحی بەخشیببوو ئەم چاوانە. لێ ئەوڕۆ یۆزیفی گەنج وەلامی سەلامی ئەوی

نەدایەوە! لە باتی ئەو چاوانی باوکی چاویان لێداگرت، کە پیر و نەخۆش کەوتبوون و لە پشتی پێڵووە چرچ و سووربۆوەکانییەوە شاردرابوونەوە. بروێر وەك ئەوەی جادوی لێکرابێ بینی کە چۆن لێوەکانی باوکی گردبوونەوە تاوەکو وشەی "ئێمە" دروست بکەن. بروێر زۆر جار یادی باوکی دەکرد. لیۆپۆڵد بروێر بەر لە دە ساڵ مردبوو. ئەو لە تەمەنی هەشتاودوو ساڵیدا کۆچی دوایی کردبوو. چل و دوو ساڵ پیرتر لە ئێستای یۆزیف.

ئاوێنەکەی خستە لاوە. هێشتا چل و دوو ساڵی مابوو! چۆن دەیتوانی چل و دوو ساڵی تر تاقەت بگرێ؟ چل و دوو ساڵ چاوەڕوانی تا ساڵەکان بگوزەرێن. چل و دوو ساڵی ڕێك مۆلەقمان بەدیار پیربوونی خۆتەوە. ئایا ڕێگایەك نەبوو بۆ هەڵاتن لە زیندانی زەمان؟ ئاخ، خۆزگە دەبوو کە دووبارە لە سەرەتاوە دەستپێکەیتەوە! بەڵام چۆن؟ لە کوێ؟ لەگەڵ کێدا؟ لەگەڵ لۆسالۆمێدا؟ نەخێر. ئەو ئازاد بوو. پیاو دەبێت لە ڕووی ئەمەوە حیساب بکات کە بە ویستی خۆی بچێتە زیندانی ئەوە و دیسانەوە بە هەمانشێوە لە زیندانەوە بۆ دەرەوە بفڕێ. لەگەڵ ئەودا هیچ "ئێمە" یەك بوونی نییە. هەرگیز، ژیانی ئێمە، ژیانی نوێی ئێمە بوونی نییە.

ئەو بە تەواوی ئاگادار بوو لەوەی کە ئیدی لەگەڵ بێرتایشدا هەرگیز "ئێمە" یەك بوونی نەبوو. هەر کاتێ کە سەرکەوتوو دەبوو لە بازنەی شەیتانییە یادگارییەکانی بێتە دەرەوە، دیسانەوە بۆنی بادامی پێستی و سینگە گەورە و باکردووەکانی ژێر جلەکانی دەکرد، هەستی بە گەرمایی لەشی دەکرد کە لە کاتی زیندەخەودا بەسەرشانەکانیدا دەکەوتن. کاتێ کەسەرکەوتوو دەبوو لەوەی کە بگەڕێتەوە و لە دوورەوە تەماشای خۆی بکات، تێدەگەیشت کە بێرتا لەسەرەتای ئەندێشەیەکدا بووە.

بێرتای بێچارەی نوقستانی دێوانە. چی دەڵێتی و نەفامییەك دەیەوێ کە مرۆڤ قەبووڵ بکات من دەتوانم ئەو کامڵ بکەم و چاك بکەمەوە تا ئەویش بە نۆبەی خۆی... چی... پێشکەش بکات؟ بەڵێ، لە واقیعدا چی؟ ئەمە پرسیارێکی گەورەیە. من چی چاوەڕوانییەکم لەو هەبوو؟ چی کێماسییەکم هەبوو؟ داخۆ من ژیانێکی لێوڕێژم نییە؟ ئەبێ سەرکۆنەی چی کەسێ بکەم کە ژیانم بە تەرزێکی بەرهەڵستی قەبووڵنەکەر کەوتۆتە گەرداوێکی رەحەتی ئاساوە کە بەردەوام خەریکە تەنگ دەبێتەوە؟ چی کەسێ هەست بە ئازارەکانی من، شەوانی بێخەوی و یاری کردن بە بیری خۆکوژی من دەکات؟ ئایا من هەموو ئەو شتانەم نییە کە گەلێ کەس ئارەزووی



دەکەن؟ پارە، دۆست، خێزان، ژنێکی لەڕادەبەدەر جوان و زەریف، ناوبانگ و متمانە. چی کەسێ دەتوانێ سوکنایی من بدات. لەسەر لێوانی هیچ کەسێ ئەو پرسیارە نییە کە ئیتر تۆ چیت دەوێ؟

دەنگی خانم بیکر هاتنە ژوورەوەی فرێدریك نیچەی ڕادەگەیاند و لەگەڵ ئەوەشدا کە چاوەڕوانی ئەم نەخۆشەی دەکرد کەچی بروێری خافڵاند.

خانم بیکری پرچ خۆڵەمێشی، ورد، قەڵەو و پڕلە وزە کلینیکەکەی بروێری بە توانا و ڕێزێکی زۆرەوە بەڕێوە دەبرد. ئەو وەها ڕۆڵی سکرتێری عیادەکەی دەگێڕا کە لە ئەنجامی تێگەیشتنەوە هیچ شتێکی واقیعیانەی ڕەتنەدەکردەوە. لە ماوەی شەش مانگدا کە ئەو کاری بۆ بروێر دەکرد، هیچ قسەهێنان و بردنێکی لە شتە تایبەتییەکان نەکردبوو. بروێر بە هیچ شێوەیەك نەیدەتوانی ناوی بچووککراوەی ئەو بە خەیاڵدا بهێنێ یان وێنای ئەوە بکات کە ئەو جگە لە ئەنجامدانی ئەرکی خۆی کارێکی تریش دەکات. بۆ نمونە ، خانم بیکر لە میوانییەکی دەرەوەی شاردا؟ لە کاتی خوێندنەوەی ڕۆژنامەی **نوین فراین پرێس**؟ لە حەوزی گەرماودا؟ خانم بیکری خڕەڵە بە ڕووتی؟ لە وەختی نزیکیدا؟ هەناسە بڕکێ لە توندی چێژ؟ تەسەور ناکرێت!

لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر خۆشی لە ژنان نەدەهات کەچی بروێر ئەوی بە چاودێرێکی زۆر بە دیقەت دەزانی و یەکەمین هەڵێنجانەکانی ئەوی بە گرنگ دەزانی.

"ئەم پرۆفیسۆر نیچەیە چی کارێك لە مرۆ دەکات؟"

"جەنابی دکتۆر، ڕەفتارێکی زۆر جوان لە رووخسارێکی دوور لە ڕازاندنەوەی زۆردا. هێندە شەرمنە وەختە پشوبڕ ببێت. ئەدەبێکی سەرنجڕاکێش، جیاواز لەو هەندێ لەو کەسانەی کە سەردانی ئێمە دەکەن، وەك ئەو خانمە ڕوسەی کە بەم دواییانە هاتبوو."

بروێریش، لە داواکاری نێو نامەکەی نیچەدا کە کاتی سەردانی خواستبوو، هەستی بەو ئەدەبەکردبوو کە سکرتێرەکەی باسی دەکرد" "هەرکاتێك کە بۆ دکتۆر بروێر گونجاو بێت و ئەگەر دەکرێ لەماوەی دوو هەفتەی ئایندەدا."نیچە نووسی بووی کە ئەو تەنها بەهۆی ڕاوێژێکی پزیشکییەوە سەردانی ڤییەنا دەکات، تا وەختێك کە هەواڵێك بە ئەو دەگات، ئەو لە لای دۆستێکی بە ناوی پرۆفیسۆر ئۆڤێربەك لە باسیل دەمێنێتەوە. بروێر کاتێ پەیامە

بەپەلەکانی لۆ سالۆمێ و ئەمەی بەراورد دەکرد، زەردەخەنەیەکی کرد" پەیامگەلێك ئاگاداری دەکردەوە کە ئەو دەبێت چ کاتێ لە خزمەتی خانمدا بێت.

بروێر لەو کاتەی کە چاوەڕان بوو تا خانم بیکر ڕێنومایی نیچە بکات بۆ هاتنە نێو عیادەکەوە، چاوێکی بە مێزی نووسینەکەیدا گێڕا و بە ترسەوە هەستی کرد کە ئەو دوو کتێبەی لۆسالۆمێ پێیدابوو، لەسەر مێزەکە دانرابوون. ئەو دوێنێ لە پشوویەکی نیوسەعاتیدا چاوێکی بە کتێبەکاندا گێڕابوو، و بەبێ تێگەیشتن ئەوانی لە هەمان شوێن دانابۆوە. شتێکی بەڵگەنەویست بوو، ئەگەر نیچە کتێبەکانی بدیایە ئەوا بەرلەوەی کە چارەسەری دەست پێبکات، کۆتایی دەهات، چونکە نەدەکرا لەم کاتە تایبەتەدا و بەبێ قسەکردن لە لۆسالۆمێ، لەو جێیەدا پاساوی بوونی ئەو کتێبانە بداتەوە.

بروێر بیری کردەوە، سەیرە چەندێ بێ دیقەت بووم! دەڵێی هەوڵ دەدەم بە نهێنی ئەم نەخشەیە هەڵوەشێنمەوە؟

بە پەلە کتێبەکانی خستە چەکمەجەیەکەوە و هەستایە سەرپێ تا بەخێرهاتنی نیچە بکات. هەرگیز پڕۆفیسۆر نیچە لەو وێنەیە نەدەچوو کە ئەو بەپێی وەسفەکانی لۆسالۆمێ دروستی کردبوو. میهرەبان و سینگفراوان دەهاتە بەرچاو. هەیکەلێکی زلەی هەبوو ـ بالاّی نزیکەی یەك مەتر و حەفتاودوو یان حەفتاوسێ سانتیمەتر و کێشی نزیکەی هەشتاوحەوت کیلۆ دەبوو ـ ئەندامەکانی نادیار دەهاتە بەرچاو، دەتووت دەتوانی بەناویدا تێپەڕ بیت. کۆت و شەرواڵێکی نیلی ئەستووری لە پارچەیەی گرانبەها لەبەردا بوو. لەو قوماشانەبوو کە لە سوپادا بەکاردەهێنرێ. لەژێر پاڵتۆوە چاکەتێکی مەخمەڵی قاوەیی ئەستوور بەرچاو دەکەوت کە کراس و بۆینباخی ئەرخەوانی ئاچووخی بەجوانی پۆشابوو.

کاتێ کە تەوقەیان کرد، بروێر هەستی کرد کە پەنجەکانی نیچە چەندێ ساردن و گوشاری دەستەکانی چەندێ لاواز بوون.

"ڕۆژتان باش پڕۆفیسۆر، ئەگەرچی بۆ سەفەر ڕۆژێکی گونجاو نییە."



"وایە دکتۆر بروێر، زۆر ڕاستە. کەش و هەوایەکی گونجاو نییە بۆ سەفەر. مەگەر بۆ ئەو ناساغییانە نەبێ کە لەوێوە منی بۆ لای ئێوە هێناوە. فێربوومە کە لەم جۆرە ئاو و هەوایە خۆم بپارێزم. ئەوە ناوبانگی ئێوە بوو کە لە زستاندا منی بەرەو باکوور بەکێش کرد."

بروێر کورسییەکی بۆ دانیشتن پیشانی نیچە دا و ئەو بەر لەوەی کە دابنیشێت، کیفی کۆنەی کاغەزەکانی کە خەریك بوو دەتەقییەوە، وەك ئەوەی کە دوودڵ بوو لەوەی کە ئایا بۆ کیفەکەی کام لا جێگایەکی گونجاوترە، بەزەحمەت لەلای چەپەوە و دواتر لەلای ڕاستی خۆی دانا.

بروێر سەرنجی لە دانیشتنەکەی وی دا. نیچە بە پێچەوانەی ڕوخسارییەوە کە هەر نەدەبینرا درەوشانەوەیەکی زۆر بەهێزی هەبوو. سەرە زلەکەی سەرنجی هەموو کەسێکی بۆ خۆی ڕادەکێشا. بە تایبەتی چاوانی کە ڕەنگێکی قاوەیی گەرمیان هەبوو، و لە هەمانکاتدا بە شێوەیەکە نائاسایی بروسکەدار و قووڵ لە ژێر ناوچەوانە دەرپەڕیوەکەیدا بوون. لۆسالۆمێ لەبارەی ئەم چاوانەوە چی گوتبوو؟ گوتبووی وەها دەردەکەوێت کە لە ناوەوە دەڕوانن، وەکو پاساوان و پارێزەرانی گەنجینە شاراوەکان؟ بەڵێ بروێر لە دڵی خۆیدا پشتگیری لە قسەی ئەو کرد. پرچە قاوەیی و درەوشاوەکەی نەخۆش بە جوانی شانەکرابوو، دەموچاوی نیچە بە چاوپۆشی لە سمێڵە پڕەکەی کە وەکو بنەدەونێك لە هەردوولای لێویەوە بەرەو چەناگەی شۆڕ دەبوونەوە، زۆر بە خاوێنی ڕێکخرابوو. سمێڵی نیچە جۆرێ لە هەست و سۆزی قەومایەتی لە ئەودا بزواند. حەزی دەکرد دەربارەی خواردنی شیرنەمەنی ڤییەنایی ـ بە تایبەتی کرێم ـ لە **بەرچاوی خەڵکدا** هۆشداری بداتە پڕۆفیسۆر، چونکە ئەو کات ناچار دەبوو تەنیا خەریکی پاکردنەوەی سمێڵی بێت.

دەنگی هێمنی نیچە خافڵگیرانە بوو. نەوای دوو کتێبەکەی زۆر بەهێزتر بوو. بێباك و لێبڕاو، بەڵێ تەنانە توندوتیژ. بروێر بە تەواوی حەیران مابوو" خەرەندی نێوان ژیانی تایبەتی نیچە و پیاوێ کە قەڵەمی بەدەستەوە بوو، و ئاوەها بەهێز دەینووسی، ئەوی تووشی سەرسوڕمان دەکرد.

بروێر جگە لەو گفتوگۆ کورتەی کە لەگەڵ فرۆیددا کردی، ئیدی زۆر بیری لەم ڕاوێژە نائاساییە نەکردبۆوە. ئێستا بۆ یەکەمین جار دوودڵ بوو لەوەی کە چوونە ناوەوەی بۆ ئەم مەسەلەیە کارێکی ژیرانە بوو یان نا؟

لۆسالۆمیَ کە ئەم دیدارەی ڕیَکخستووە و ئەم پلانەی دانابوو، ئیَستا ڕۆیشتووە و لە جیَی ئەو پرۆفیسۆر نیچەی بیَئاگا لە هەمان شویَن دانیشتبوو. ژنیَ، ئەم دوو پیاوی بە چەند بیانوویەکی درۆیینە بەیەك گەیاندبوو، و بیَگومان خۆیشی لە هەمان کاتدا و لە جیَگایەکی تر زەمینەسازی دەکرد، نەخیَر، ئەم بابەتەی لەلا خۆش نەبوو.

برویَر بیری کردەوە، ئیَستا کاتی ئەم قسانە نییە“ لەبەرامبەری من پیاویَك، نەخۆشیَك دانیشتووە کە هەڕەشەی خۆکوشتنی کردووە و هەموو سەرنجی من دەبیَ بۆ ئەو بیَت.

"پرۆفیسۆر نیچە، سەفەرەکەتان چۆن بوو؟ ئەوەندەی کە لە قسەکانی ئیَوە تیَدەگەم، ڕاستەوخۆ لە باسیلەوە دیَن؟"

نیچە وەختیَ کە ڕەقوتەق لەسەر کورسییەکەی دانیشتبوو، گوتی: "ئەمە ویَستگای دوایین بوو. هەموو ژیانی من بۆتە سەفەر و ناتوانم ریَگری لەو هەستە بکەم کە مالَی واقیعی من، واتا شویَنیَکی ئاشنا کە هەمیشە بە ناچاری بۆ ئەو شویَنە دەگەڕیَمەوە، هەمان نەخۆشی منە."

برویَر بیری کردەوە کە ئەو پەیوەندییەکی بە گفتوگۆوە نییە. "پرۆفیسۆر نیچە کەواتە باشتر وایە بەبیَ ئەوەی کە لە باسەکە لابدەین، مژۆلَی لیَکۆلَینەوەی نەخۆشییەکەتان بین."

"ڕەنگە سەرەتا حەز بکەن کە ئەم بەلَگانە بخویَننەوە." لەگەلَ ئەم قسانەدا نیچە لە کیفی نووسینەکانیدا، کاغەزدانیَکی گەورەی دەرهاورد. "بە دلَنیاییەوە من لە تەواوی ژیانمدا نەخۆش بوومە. بەلاَم بە دریَژایی سالَەکانی دوایی بە توندی ئازارم کیَشاوە. ئەمەش ئاکامی تاقیکردنەوە ئەنجامدراوەکانە. ڕیَگا دەدەن؟"

برویَر سەری بە نیشانەی بەلَیَ لەقاند و نیچە کاغەزدانەکەی کردەوە و کاغەزەکانی ناوی ـ کە چەند نامەیەك و شیکاری نەخۆشییەکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەکان بوو ـ لەسەر میَزی نووسینەکە لە بەردەمی برویَردا بلاَوکردەوە.

برویَر بە خیَرایی چاوی بە یەکەمین کاغەزدا گیَڕا کە سەرلەبەر ناوی بیست و چوار پزیشك و بەروار و ئەنجامی نۆڕینەکانیان بوو. ئەو لە نیَوانی ئەوانەدا ناوی زۆریَك لە هاوکارە ژیَهاتییەکانی خۆی لە سویسرا و ئەلَمانیا و ئیتالیا بەدیکرد.



"چەندین کەس لەم بەڕیَزانە دەناسم. هەموویان پزیشکانیَکی دەرکەوتوون! بۆ نمونە لەگەلَ ئەم سیَ کەسەدا ـ کیسلەر[1]، تورین[2]، کۆنیگ[3]ـ بە چاکی ناسیاریم هەیە. ئەوان دەورەی خۆیان لە ڤییەنا تیَپەڕاندووە. پرۆفیسۆر نیچە، بە هەمان شیَوەی کە بیَگومان دەزانن، لەبەرچاونەگرتنی دەستنیشانکردن و ئەنجامگرتنەکانی کەسانی دەستڕۆیشتووی وەك ئەوان لە ئەقلَ بەدوورە. بەلاَم دەسپیَکیَکی وەها عەیبیَکی گەورەیشی هەیە. ئەم هەموو ڕادەربڕینە، ئەم هەموو بیروڕا گرنگ و دەستنیشانکردنە زۆرە بالَدەکیَشیَ بەسەر توانای دەستنیشانکردن و داهیَنانی مرۆڤدا. بە نمونەیەکی هاوشیَوەی ئەوە من وا باشترە لام کە بەر لەوەی نمایشیَك ببینم و بیَگومان بەر لە خویَندنەوەی ڕەخنە لە سەری، دەبیَ سەرەتا دەقی نمایشەکە بخویَنمەوە. ئایا ئیَوەش ئەم بابەتە لە کاری خۆتاندا ئەنجام دەدەن؟"

وا دەرکەت کە نیچە خافلَگیر بووە. برویَر بیری کردەوە، چی باشتر. پرۆفیسۆر نیچە ئەبیَ بزانیَت کە ڕووبەڕووی پزیشکیَکی جیاواز بۆتەوە. دەلَیَی ئەو دکتۆریَك ناناسیَت کە لە بارەی جەرەیانەکانی ئاگاییەوە قسەبکات و یان لە کاری ئەو بپرسیَتەوە، ئەمەش شتیَکە کە شایانی دەرك پیَکردنە.

نیچە وەلاَمی دایەوە: "هەلَبەت، ئەم کارە لە تۆژینەوەکانی مندا بایەخیَکی زۆری هەیە. بەشی ئەسلَی منزمانشوناسییە. یەکەمین کاری من و تەنیا کاری من لە باسیل وانە وتنەوەی زمانشوناسی بوو. من هەمیشە پەیوەندییەکی تایبەتیم لەگەلَ فەیلەسوفەکانی بەر لە سوکراتدا هەبووە و ڕاست لەوانەوە فیَربوومە کە خویَندنەوەی سەرچاوە ئەسلَییەکان تا چ ئەندازەیەك گرنگە. ڕاڤەکردنی دەقەکان هەمیشە متمانەی لەدەست داوە و نەویستراو و ئاشکرایە، ئەگەری دەرچوون لە چوارچیَوەی میَژوویی و سنووری ژیانی تایبەتی دەستەبەر ناکات."

"ئایا مرۆڤ بە خۆپاریَزی لە باجدان بە ڕاڤەکاران، مەحبووبیَتی خۆی لە کۆڕوکۆمەلَی ئەکادیمیدا لەدەست نادات؟" برویَر ئومیَدەوار و گەشبین بوو. دانیشتن بە پیَی ئارەزووی ئەو دەڕۆیشت. خەریکی باوەڕهیَنان بوو بە نیچە، کە ئەو یانی پزیشکی نویَی، لە ڕووی ڕۆحییەوە لەو نزیکە و هاوشیَوەیەتی. نابیَ فریودانی ئەم پرۆفیسۆرە ئەوەندە گرفتیش بیَت و بۆ برویَر

1- Kessler
2- Turin
3- Koenig

جگە لە ڕاکێشانی نەخۆشێك بۆ پەیوەندییەك کە بەدوایەوە نەبووە، یارمەتییەك کە نەیخواستووە، بابەتێکی تر لە ئارادا نەبوو.

"نا مەحبووب؟ بێگومان! بەر لە سێ ساڵ بەهۆی نەخۆشیمەوە، واتا هەمان نەخۆشی کە منی بۆ لای ئێوە هێناوە، ناچار بووم چاوپۆشی لە کورسی ئوستادی بکەم. بەڵام واگومان دەکەم کە ئەگەر باری تەندروستیشم گونجاو بوایە، بەدگومانی من بۆ ڕاڤەکاران، درەنگ یا زوو لە خشتەی مامۆستایاندا منی بە میوانێك دەگۆڕی."

"بەڵام پرۆفیسۆر نیچە، ئەگەر هەموو ڕاڤەکاران بە ناوی سنووری ژیانی تایبەتی بە بەربەستێك بگەن، کەوایە ئێوە بە چی شێوەیەك لە تۆژینەوەکانی خۆتاندا لە دەستی مەسەلەیەکی ئاوا ئاڵۆز هەڵدێن؟"

نیچە ڕوونیکردەوە: "سەرەتا دەبێ بە وردی سنوورەکان دەستنیشان بکرێت. دواتر دەبێ فێربیت کە لە دوورەوە لە خۆت بڕوانی. ئەگەرچی بەداخەوە هەندێ جار توندی نەخۆشییەکەم دەبێتە هۆی گۆڕینی وێناکردن و دیدەکانم."

لای بروێر ئاشکرا بوو کە نیچە هەمیشە گفتوگۆی بەرەو لای نەخۆشییەکەی دەبرد کە لە ڕاستیدا هۆکار و ئامانجی ئەسڵی دیداری ئەوانیش هەر ئەمە بوو. ئایا لە بیروڕاکانی نیچە دا لۆمەکردنێك هەبوو؟ لە بێدەنگیدا خۆی هۆشیارکردەوە، "زیادەڕەوی مەکە، یۆزیف! متمانەی نەخۆش بە دکتۆر نابێت بە زۆر هەڵبگیرێت" ئەم باسە لە ڕاوێژێکی خۆبەخۆی ڕێکوپێکدا پەیدا دەبێت." بروێر لەگەڵ ئەوەدا کە لە تخووبەکانی تری ژیانیدا تا ڕادەیەکی زۆر زیاد ڕەخنەگری خۆی بوو، خۆشحاڵ بوو بەوەی کە وەك پزیشکێ، متمانەی بە خودێکی مەحکەم هەیە. ڕەمەکی بە ئەوی دەگوت کە لە هەموو ناپاکی و دڵدانەوە و تەفرەخواردنێك خۆی بپارێزێ و ئاسایی کارەکەی بەپێی شێوازی ئوسوڵی هەمیشەیی خۆی ئەنجام بدات.

"بەڵێ، نەخۆشی ئێوە ... باشترە بچینەوە سەر ئیشەکەی خۆمان، پرۆفیسۆر نیچە. دەمویست بڵێم کە پێم باشە لەسەر نەخۆشییەکان ڕابوەستین و نۆڕینتان بۆ بکەم و لە دوای ئەوە لەم بەڵگانە بکۆڵمەوە. هەوڵدەدەم لە دیداری دواتردا بەپێی توانا ئەنجامێکی تەواو نیشان بدەم."



بروێر دەفتەری یاداشتەکەی هەڵگرت. "لە نامەکەتاندا بەشێك لە ئەحواڵی خۆتان نووسی بوو. بەهۆی ئەوەی کە لانی کەم دە ساڵە لە حاڵەتی هێڵنج و نارێکی لە بینینەدا ئازار دەکێشن، بەدەگمەن بێ نارەحەتی بوونە و نەخۆشی ئێوە بەو شێوەیەی کە خۆتان دەیڵێین 'هەمیشە لە چاوەڕوانیتاندایە'. ئەمڕۆیش دەیبیستم کە لانی کەم بیست و چوار پزیشك لەم کارەدا بێ توانا بوونە. شتێکی لەمە زیاتر دەربارەی ئێوە نازانم. دەست پێبکەین؟ تکا دەکەم سەرەتا بەشێوەیەکی دوورودرێژ نارەحەتییەکانی خۆتان باس بکەن."

# (٥)

ئەو دوو پیاوە یەك كاتژمێر و نیو خەریكی گفتوگۆ بوون. بروێر لەسەر كورسییە چەرمییەكەی خۆیەوە بە خێرایی دەینووسی. نیچەیش كە هەندێ جار قسەكانی دەبڕی تاوەكو قەڵەمەكەی بروێری پێڕابگا، لە بان كورسییەكی بە ڕووكەش چەرم دانیشتبووكە بەهەمان ئەندازە ڕەحەت، بەڵام لە كورسییەكەی بروێر بچووكتر بوو. بروێریش وەكو زۆربەی پزیشكەكانی ئەو كاتە، حەزی لێبوو نەخۆش لە ئەو بڕوانێ.

بروێر بەشێوەیەكی هەمیشەیی و ڕێكوپێك بەرەوپێش دەچوو. دوای ئەوەی كە سەرەتا بە دیقەتەوە گوێی لە باسكردنی ناڕەسمیانەی ناڕەحەتییەكانی نەخۆش گرت، بە شێوەیەكی دوابەدوا هەریەك لە نیشانە ناوبراوەكانی لەبەرچاو گرت و لەبارەی كاتی دەركەوتنی، تەشەنەكردنی و كاردانەوەی وی لەبەرامبەر چارەكردندا، پرسیاری كرد. لە قۆناغی سێیەمدا بە شێوەیەكی گشتی لەهەموو ئۆرگانەكانی ئەوی پرسییەوە. واتا سەرەتا لە مێشك و كۆئەندامی دەمارییەوە دەستی پێكرد و لەم بارەیەشەوە سەرەتا لە توانای كاركردنی هەر دوازدە دەماری مێشك گەڕا“ هەستی بۆنكردن و بیستن، توانای بینین و جووڵەی چاو، بزاوتن و توانای دەمارەكانی دەموچاو، زمان و قوڕگ، توانای قسەكردن و قووتدان، هەستی هاوسەنگی و جووڵە.

لەوێوە بەرەو خوار ڕۆیشت و هەموو ئالۆزییە ئۆرگانیكییەكانی ژیانی یەك لەدوای یەك تاقیكردەوە. لەبارەی دڵ و بۆرییەكانی هەناسەدان، كاری گەدە و ڕیخۆڵەكان و ئەندامی نێرینە و میزكردنەوە چەند پرسیارێكی كرد. لێكۆڵینەوەی ورد لە ئۆرگانەكانی یارمەتی بەهێزكردنی



یادەوەری نەخۆشی دەدا و بەشێوەیەك ئەنجامی دەدا كە شتێ بە شاراوەیی نەمێنێتەوە. بروێریش تەنانەت لە كاتێكدا كە نەخۆشییەكەیش بە تەواوی دیار بووایە هیچ شتێكی نەپەڕاند،.

پاشتر نۆبەی باسكردنێكی تەواوی سەرهەڵدانی نەخۆشییەكان هات. وەك نەخۆشییەكانی سەردەمی منداڵی، باری تەندروستی داك و باب، خوشك و برا و كۆڵینەوە لە هەلومەرجی تری ژیان لە شێوەی هەڵبژاردنی كار، شێوازی خواردن و هەروەها ئەوەی كە چۆن نەخۆش كاتی پشووی بەسەر دەبات. بروێر لێكۆڵینەوەكانی بەشوێنكەوتنی دەرككردنی ڕاستەوخۆ بە خودێكی كامڵ و بەشێوەیەكی وێكەوت، بەپێی یاداشتە پێشینەكانی پرسیارەكانی خۆی دەكرد. هەر بەر لە چەند ڕۆژێك بوو لە بارەی نەخۆشییەكی ئاڵۆزەوە كە لەگەڵ تەنگەنەفەسیدا دەردەكەوت، تەنیا لەو ڕێگەیەوە توانی كە دەستنیشانێكی دروستی تریشینۆزی ماسوولكە بكات، كاتێ كە ئەم پرسیارەی لێكرد: "نەخۆش لە چی كاتێكدا بەزۆری گۆشتی بەرازی سوێرخوێكراوی خۆی دەكولێنێ؟"

لە گفتوگۆكەدا تەنانەت بۆ ساتێكیش بێت سەرنجی نیچە كەمتر نەبۆوە، بە پێچەوانەوە ئەو لە وەڵامی هەر پرسیارێكی بروێردا، لەكاتێكدا كە سەری وەك ئاماژەی بەڵێ دەلەقاند، بەچاكی بیری دەكردەوە. شتێ كە بە هیچ جۆرێ نەبووە مایەی سەرسوڕمانی بروێر“ ئەوەبوو كە ئەو تا ئێستا بە نەخۆشێك نەگەیشتبوو كە لە ناوەوە ڕا لە ڕووناكبوون و وردبینی ڕووداوە لاوەكییەكانی ژیانی شادوومان نەبێت. هەرچەندە پلەی خۆبەگەورە نیشاندان زیاتر بێت، نەخۆش زیاتر شانسی دەبێت. پەرچبوونەوەی شادی لە كەسێتی ئەودا بەجۆرێ بوو كە بروێری هێنایە سەر ئەو باوەڕەی كە كارەساتی ئەسڵی و ترسی پیری یانی لەدەستدان یا بە زیندویی مانی دۆستان، شتێ كە لەم مەسەلەیەدا شاراوەیە ئەوەیە كە ئیتر نیگای هاودەردی بوونی نییە و ژیانی مرۆڤ بێ گەواه دەمێنێتەوە.

لە لایەكی ترەوە بروێر لە جۆراوجۆری نەخۆشییەكانی نیچە و لەو وردبینییەی كە نەخۆشەكەی لە چاودێریكردنی خۆیدا هەیبوو، سەری سوڕدەما. لە كاتێكدا كە نیچە نیشانە ترسناكەكانی نەخۆشییەكەی باس دەكرد، بروێر پەڕە بە پەڕە دەفتەری یاداشتەكانی پڕدەكردەوە و دەستی ڕاستی لەكار كەوتبوو. نەخۆشییەكانی نیچە بریتی بوون لە: سەرئێشەی توند و نائاسایی، سەرگێژە ودەریاگیرۆیی زەمینی، ناڕێكی لە هاوسەنگی، هێڵنجدان، ڕشانەوە، بێ ئیشتیایی و دڵ بەیەكدا هاتن لە خواردن، بەرزونزمبوونەوەی تا، عەرەقكردن بە درێژایی شەو كە دوو تا سێ جار

لە شەوێکدا هەڵدەسا بە گۆڕینی جلی خەو و پێخەفەکەی، هەروەها هیلاکییەکی زۆری بێهەستکەر کە هەندێ جار دەگەیشتە ڕادەی ئیفلیجبوونی ماسوولکەیی، دواتر چەند دەردێك بەهۆی گاستریتەوە، هەڵهێنانەوەی خوێن، ژان و برکی دڵ، گیرانی ریخۆڵەکان، هیمۆرۆیید، بێجگە لەمانەش تێکچوونی توندی بینایی، چاوئێشەی زۆر خراپ و لەدەستدانی توانای بینین بەشێوەیەکی کۆنترۆڵ نەکراو، هەروەها چاوسووتانەوە و فرمێسك، ناڕوونی لە بینین و هەستەوەری لە بەرامبەر ڕووناکیدا بە تایبەتی بەیانیان.

پرسیارەکانی بروێر چەند نیشانەیەکی تری ئاشکراکرد کە نیچە نەیزانیبوو، یان وای بەباش دەزانی کە ئاشکرایان نەکات. بزیسکەدانی چاوان و سنورداربوونی ماوەی بینین کە بەزۆری بەر لە سەرئێشە تووشی دەبوو، بێخەوی زۆر و گیژدەیی توندی ماسوولکە لە شەواندا، هەیەجانی فرە و گشتگیر، حاڵەتە دەروونیەکان و دڵەڕاوکێیەکی بێئەندازە.

حاڵەتە دەروونییەکان و دڵەڕاوکێ! بروێر چاوەڕوانی سەرەتایەکی وابوو! بەهەمان شێوەی کە بۆ نیچەی باسکردبوو، لە هەمبەر نەخۆشەکانیدا هەمیشە بەدوای دەروازەیەکی گونجاودا دەگەڕا بۆ ڕۆچنەی ڕۆحیان. لەوانەبوو "حاڵەتە دەروونییەکان و دڵەڕاوکێ" کلیلێ بێ بۆ کردنەوەی ڕازی نائومێدی و قەستی خۆکوژی نیچە.

بروێر تا ئێستایش بە ئاگاییەوە بەروپێش دەچوو. داوای کرد کە نیچە لەبارەی ئەم حاڵەتە دەروونیانەوە قسە بکات. "ئایا هەستتان بە گۆڕانی دیمەنەکان کردووە کە وادەرکەوێ پەیوەندی بە نەخۆشییەکەتانەوە هەبێت؟"

نیچە کاردانەوەیەکی نیشان نەدا . دیاربوو گومانی نەدەکرد کە ئەم پرسیارە بە شتگەلێکی زۆر تایبەتی کۆتایی بێت. "هەندێ کات ڕۆژێك بەر لە هێرش، حاڵم زۆر باشە. وەك ئەوەی کە تاقیشمکردۆتەوە، ئەمە مەترسیدارە."

"ئەی دوای هێرش چی ڕوو دەدات؟"

"هێرشێك ئاسایی لە نێوان دوازدە سعات تا دوو ڕۆژ درێژە دەکێشێت. لەدوای هێرشێکی وا وەك هەمیشە هەست بە ناساغی و بارگرانی دەکەم. تەنانەت بیرکردنەوەم بۆ ماوەی یەك دوو ڕۆژ نادیار و هێواش دەبێت. لەگەڵ ئەمەشدا هەندێ کات بەتایبەتی پاش هێرشێکی چەند ڕۆژە حاڵم



جۆرێکی تری لێدێت، هەست بە بروسکە لێدان و پاکبوونەوە دەکەم. تۆی دەبم لە هێز، ئەم ڕووداوانە بۆ من بەنرخن. چونکە لەدوای ئەوانە فیکری زۆر ڕاکێشەر لەدروونمدا باڵدەگرنەوە."

بروێر کۆتایی پێنەدەهێنا. ئێستا کە وەڵامێکی دەستکەوتبوو بەو ئاسانییە دەستی لە بەدواداچوون هەڵنەدەگرت. "ناساغی و هەستی بارگرانی چەندێ درێژە دەکێشێت؟"

"زۆر نییە، هەر کە هێرشەکە هێواش بۆوە و جەستەم ئارام بۆوە، کۆنترۆڵی خۆم دەکەم. دواتر بە توانایەکی ئاسنینەوە بەسەر ئەم زەینکوێرییەدا زاڵ دەبم."

بروێر خەیاڵیکرد کە وەکو ئەوەی ئەم کارە لەوە گرفتاوی تر بێت کە لەسەرەتادا وێنای کردبوو. ئەو ناچارە ڕاستەوخۆ برواتە دڵی سەرهاتەکانەوە، چونکە دڵنیا بوو کە نیچە داووخواستانە دەربارەی نائومێدی قسە ناکات.

"ئەی پەرێشانی؟ تا چی ئەندازەیەك هێرشەکان هاوکات یان دوا بەدوای پەرێشانیدا دێت؟"

"بە دڵنیاییەوە من نیوەشەوانی ڕۆح دەناسم. چ کەسێ نایناسێت؟ بەڵام ناکەومە داوی ئەوانەوە. ئەم شتانە پەیوەست نین بە پێویستییە جەستەییەکانی منەوە بەڵکو بەشێکن لە خودی من. وا باشترە کە من بڵێم جەسارەتی هەبوونی ئەوانەم هەیە."

بروێر ئێستا هەستی بە زەردەخەنە و ئاوازێکی شادومانانەتری نیچە کرد. ئەوە یەکەمین جار بوو کە بروێر دەنگی نووسەری ئەو دوو کتێبە ڕووقایم و گێژکەرانەی دەناسییەوە کە لە ناو چەکمەجەی مێزەکەدا دایەنابوون. ئایا دەبێت کە دژایەتی تیۆری پێشوی نیچە بکات لەبارەی جیاوازی نەخۆشبوون و ژیانەوە؟ بروێر بۆ ماوەیەکی کەم بیری کردوە و وازی لەم کارە هێنا. ئەی خوایە مەبەستی ئەو لە "جەسارەت بۆ نیوەشەوانی ڕۆح" چی بوو؟ لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە، ئارامت هەبێ! وا باشترە کە دەفتەرەکەی لەدەست بگری و لە داهاتوودا زۆر مەوقیعییەتی تر دێتە پێشەوە.

بروێر لەبارەی ئەم لوغزەوە درێژەی بە لێگەڕانەکانی خۆی دا: "ئایا هەرگیز بە دیقەتەوە ئەم هێرشانەتان یاداشت کردووە؟ یانی چەند جار بووە، توندی و درێژی ماوەکەیان چۆنە؟"

"ئەمسالْ نا. ڕووداوگەلی گەورە و هەلْگەڕانەوە زۆرەکان، کاتەکانی منیان لە خۆیاندا سەرف کردبوو. بەلاّم لە سالّی ڕابردوودا سەدوحەڤدە ڕۆژم لەسەر چەرپا بەسەربرد و لە دووسەد ڕۆژەکەی تریشدا لانی کەم لەژێر کاریگەری سەرئێشەی سووك و چاوئێشە، ژانی گەدە و هێلّنجداندا بووم."

ئێستا دوو ڕێگای یەکجار سەرنجڕاکێش هەبوو. بەلاّم ئەو دەبایە کامەیانی هەلّبژاردایە؟ ئایا دەبوایە لەبارەی ماهییەتی "ڕووداوگەلی گەورە و هەلْگەڕانەوەکان" پرسیاری بکردایە ـ کە بێگومان لێرەدا مەبەستی لۆسالۆمێ بوو ـ یان وا باشتر بوو کە لەگەلْ دلْنیایی بەخشین لە دەرککردنی بەرامبەرەکەی، متمانەی نێوان پزیشك ونەخۆش بەهێز بکات؟ بە هزرین لە چەمکی بونیاتنەری متمانە بۆ سەرکەوتنی چارەسەرییەك، بروێر ڕێگای دووەمی گرتەبەر.

"دەتانەوێت بلّێن کە تەنیا چل و هەشت ڕۆژ سەلامەت بوون؟ پرۆفیسۆر نیچە ئەم ڕێژەیە بۆ حالّێکی خۆش شتێکی زۆر هیچە."

"کاتێ لە سالّەکانی ڕابردوو دەڕوانم، دەبینم کە بە دەگمەن سەردەمانێك هەبووە کە لەشساغی من لە دوو هەفتە زیاتر درێژەی کێشا بێت. تەنانەت تا ڕادەیەك لامواپە کە یەك بە یەك ئەوانەم لە یادە."

لەگەلْ بیرکردنەوەی دا بروێر هەستی بە دووچاربوونی تاسەیەکی بێچارەیی کرد لای نیچە، بڕیاری دا کە هەموو توانای خۆی لەسەر یەك بابەت کۆبکاتەوە. دەیتوانی ڕاستەوخۆ بچێتە سەر باسی نائومێدی نەخۆش. بە دەنگێکی دۆستانە، یا باوکانە و پزیشکانە گوتی: "لەگەلْ ئەم وەزعییەتەدا ـ بەسەربردنی کاتی سەرەکی ڕۆژ لە ئازاردا، هەبوونی تەنیا چەند ڕۆژێك بە بێ ژان لە تەواوی سالْ وهەموو تەمەن ئازارکێشان ـ کە هەیە ئاساییە کە دەبێ ناهومێدی جێگایەکی گونجاو ی بۆ لانەکردن دۆزیبێتەوە. یانی دروستبوونی داوەرییەکی زۆر ڕەشبینانە لەمەڕ مانای هەبوونەوە."

نیچە بە خەیالّدا ڕۆچوو. ئەم جارە وەلاّمێکی ئامادەی نەبوو. سەری بەجۆرێ تەکان دا وەك بلّێی دەبێ بیربکاتەوە، ئایا باشتر وایە کە لێگەڕێ دلّی بدەنەوە یان نا؟ بەلاّم قسەکانی ئەو مانایەکی تریان هەبوو.

"دکتۆر، بێگومان ئەم بابەتە بۆ زۆرێك لە خەلّك یان ڕەنگە بۆ زۆرینەی ئەوان ڕاست بێت ـ کە داوەری ئەوە دەدەمە دەست ئەزموونی بەنرخی ئێوە، لێ بۆ من نەخێر. نائومێدی؟ پێشتر

لەوانەیە، بەڵام ئێستا ئیتر نا. نەخۆشی من بەشێکە لە جەستەی من، بەڵام خودی من نییە. من بریتیم لە نەخۆشی و جەستەی خۆم، بەڵام ئەوان من نین. هەردووك دەبێ ژێرکەون. ئەگەر لەڕێگای فیزیکییەوە نەبێت، کەوایە هەر دەبێ لە ڕێگای میتافیزیکییەوە ڕوبدات.

هەروەها لە بارەی قسەی ئێوە لەمەڕ چەمکی هەبوونەوە. 'چەمکی هەبوون 'ی من بە تەواوی بە ئەمە ..." ـ بەدەست لە سەر سینگی خۆی دا ـ " ... پرۆتۆپلازمی بەدبەخت جیاوازی دەکات. من چرایەکی ژیان دەناسم" چۆن دەتوانم تەحەمولی ئەوە بکەم. من تا دەساڵی تر بیانوویەکم بۆ ژیان بەدەستەوەیە و ئەوەش پەیامی منە. لێرەدا..." ــ بە پەنجەی لە کەللەی سەری دا ـ " بە ژمارەیەك کتێبی زۆر ئاوسم. کتێبگەلێکی کامڵ و مەحکەم، کتێبانێك کە تەنیا من دەتوانم بیانهێنمە دونیاوە. هەندی کات ژانەسەرەکەم، بە جۆرێك لە ئازاری زایینی مێشکی دەزانم."

وادیاربوو نیچە بە هیچ جۆرێ مەبەستی نەبوو لەمەڕ نائومێدی خۆیەوە قسان بکات، یان تەنانە دەرکەوتنی ئەوانە بە فەرمی بناسێت، بروێر بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەو ژێرفشار خستنە هیچ سوودێکی نییە. لە نشکا دەستی دایە ئەو هەستەی کە هەمیشە لە کاتی وازی شەترەنج لەگەڵ باوکیدا ـ کە قارەمانی جووەکان بوو لەو مەیدانەدا ـ دەستی دەدایە. یانی هەستی فریودان.

بەڵام لەوانەشە ئەسڵەن شتێك نەبێت کە شایانی قەبوولکردن بێت! لەوانەیە خاتوو سالۆمێ هەڵەی کردبێ. نیچە بە وێنەی کەسێ قسەی دەکرد کە لە ڕووی ڕۆحی و زەینییەوە بە سەر هەموو دوودڵییەکاندا زاڵ بووە. لەبارەی مەترسی خۆکوشتنیشەوە، بروێر دەستنیشانکردنێکی خۆی هەبوو کە هەڵەی نەدەکرد. ئایا نەخۆش نەخشەیەك بۆ داهاتووی دەکێشێت، بەڵێ یان نەخێر؟ نیچە لەم تاقیکردنەوەیەدا دەرچووبوو! ئەو لە ژیان بێزار نەبوو، ئەو لە بارەی پەیامی خۆیەوە لە ماوەی دە ساڵی ئایندە و کتێبگەلێك کە داینابوون قسەی دەکرد و مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی لە خەیاڵیدا بیانهێنێتە دەرەوە.

هەڵبەتە بروێر نامەکانی نیچەی بینیبوو کە تێیدا باسی لە خۆکوشتن کردبوو. ئایا شتێکی دەشاردەوە؟ یا ئەوەی ئێستاکێ بەهۆی ئەوەوە هەستی بە نائومێدی نەدەکرد چونکە لە دەمەکانی ڕابردودا بڕیاری خۆکوشتنی دابوو؟ بروێر ئەزموونی ئەم جۆرە شتانەیشی هەبوو، لە ڕاستیدا ئەم نەخۆشانە لە مەترسیدا بوون. وا دەهاتنە بەرچاو کە خەریکە چاك دەبنەوە، و لە هەندێ شتیشدا



باشتر ببوون و ناهومێدییان لەناوچووبوو، ئەوانە زەردەخەنەیان دەکرد و دووبارەیش باش دەیانخوارد و دەخەوتن. لە هەمانکاتدا لەوانەبوو دوای ئەم "چاکبوونەوە"یە شتێك بە شاراوەیی نەمێنێتەوە، جگە لەوە کە ڕێگای دربازبوونیان لە هەموو نائومێدییەکان دۆزیبێوە" واتا هەڵاتن بەرەو مەرگ. ئایا پێشبینی نیچەیش هەر ئەمە بوو؟ ئایا بڕیارێکی وای دابوو کە کۆتایی بە ژیانی خۆی بهێنێت؟ نەخێر. بروێر ئەو شتەی وەیادهاتەوە کە بە فرۆیدی گوتبوو. ئەگەر نیچە بڕیاری تەواوکردنی ڕەوتەکەی دابێت، کەواتە بۆچی دەبایە بۆ ئەوێ بهاتایە؟ بۆچی دەبێ ئەم زەحمەتە بە گیان بکڕێ و بڕوات بەدوای پزیشکێکی تردا، بە چی هۆیەك ئەبێ ئەم ڕێگا دوورە لە ڕاپالو[4] تا باسیل و لەوێشەوە تا ڤییەنا بکوتێ؟

بروێر کە لە وەرگرتنی زانیاریدا سەرنەکەوت، تووڕە بوو، بەڵام نەیدەتوانی ڕەخنە لەم هاوکاری نەکردنە بگرێت. نیچە داووخواستانە، بە تەواوی و ڕەنگە هەندێ جاریش زۆر بە درێژی وەڵامی پرسیارە پزیشکییەکانی دەدایەوە. زۆر کەس کە دووچاری ژانە سەر ببوون، گەدەیەکی هەستیار و هەستەوەری ئاو و هەواییان هەبوو، بەم هۆیەوە بروێر لەوەی کە نیچەیش دووچاری ئەم گرفتە بوو، سەری سوڕنەما. تەنیا لە وردەکاری زانیارییەکانی نەخۆشەکەی غافڵگیر بوو. نیچە بیست خولەکی تەواو لەبارەی کاردانەوەکانی لە هەمبەر هەیەجانە کەشوهەواییەکانەوە قسەی دەکرد. دەیگوت کە لەشی هاوکات هەم هەواکێش و گەرمی کێشە و بە توندی لە بەرامبەر بچووکترین گۆڕان لە پەستانی هەوا و گەرمی و بەرزبوونەوە پلەی گەرمیدا پەرچەکردار نیشان دەدا. ڕاستتر ئەوە بوو کە ئاسمان ئەو ئازار دەدات، هەور و باران دەمارەکانی بەرە و شێبوونەوە دەبەن. بە پێچەوانەوە، هەوای وشك تەڕ و تازەی دەکاتەوە. زستان وەکو "دەردەکۆپانێکی زەینی" وەهایە بۆی و هەتاو ئازادی دەکات. ساڵانێك ژیانی لە ڕێگای گەڕان بەدوای ئاووهەوایەکی نموونەیی بەسەربردووە. مانگەکانی هاوین تەحەمول دەکرێن. ئاسمانی ساماڵ و هەتاوی ئینگادین[5] کە لە ئاستی ڕووی زەویشەوە بەرزترە، لەگەڵ ئەودا دەگونجێ، هەموو ساڵێك چوار مانگ لە هۆتێلێکی سادە لە گوندێکی بچووکی سویسرا بە ناوی سیلس ـ ماریا[6] ژیان بەسەر دەبات. بەڵام زستان یەك نەفرەتییە و تا ئێستا شوێنێکی گونجاوی بۆ نیشتەجێبوونی زستانە پەیدا نەکردووە" لە مانگە ساردەکاندا لە باشووری ئیتالیا دەژی و لە شوێنێکەوە دەچێت بۆ شوێنێکی تر و بەدوای

---

4- Rapallo
5- Engadin
6- Sils – Maria

ئاووهەوایەکی گونجاوەوەیە. نیچە گوتبووی کەڤییەنای تاریك و دڵگری سارد و پڕ لـە ڕەشـەبا بـۆ ئەو وەکو ژار وەهایە. ئەعسابی ئەو هەتاو، هەوای وشك و ئاسمانی ساماڵ دەخوازێت.

کاتێ کە برویر لەبارەی یاسای خۆراکی نیچەوە پرسیاری کرد، دموودوێکی تری لەبارەی پەیوەنـدی ڕژێمی خۆراکی و نارەحەتییە گاسـتریتییەکان و هێرشـەکانی ژانەسـەرەوە، بیـست. بـەڵام داخـۆ چەندێ بە وردیش! برویر تا نها هەرگیز نەخۆشێکی نەبینیبوو کە لەبەرامبـەر هـەر پرسـیارێکدا، ئاوەها وەڵامێکی درێژ و پڕاوپڕ بداتەوە. چۆن بوو؟

ئایا نیچە دێوانەیەکی هیپۆکۆنـدری بـوو؟ برویـر هیپۆکۆندریگـەلێکی زۆری چارەسـەر کردبـوو. خەڵکانێکی بێهێزکەر و هەستیار لە بەرامبەر نەخۆشییەك کە ئاشـقی وەرگرتنـی زانیـاری بـوون لەمەڕ ژیانی دەروونی خۆیانەوە. بەڵام سیماکانی ئەم نەخۆشانە بریتـی بـوو لـە "کـورتبینی لـە جیهـانبینی" دا ، یـانی جۆرێـك لـە تەسـکبینی بەرامبـەر بـە جیهـان. هـەروەها هـاودەمی لەگەڵئەوانەدا چەندێ بێزارکەر بوو! ئەوان جگە لە جەستەی خۆیان بیرێکی تریان نەبوو، جگـە لـە تەندروستیان شتێکی تر لای وان بەنرخ و جوان نەبوو.

نەخێر، نیچە لە زوومرەی ئەوان نەبوو. پەیوەندییەکانی ئەو بەشێوەیەکی زۆر کەڵەکە ببـوو. ئـەو بە کەسێکی پەسەند و سەرنجڕاکێش دەهاتە بەرچاو. لانی کەم خاتوو سالۆمێ لەگـەڵ ئـەوەی کـە زیاتر دڵی لە پاوڵ ڕێ چوو بوو، بەڵام هەستی بە خۆشەویستی ئەو دەکرد و تا ئێـستایش هـەمان هەسـتی هـەبوو. سـەرباری ئەمـە نیـچە نەیدەویـست لـە ڕێگـای باسـکردنی نیـشانەی نەخۆشییەکانییەوە داوای بەزەیی و هەتا هاوکاری بکـات. ئـەم شـتە لـە کـاتی گفتوگـۆ لەگـەڵ نیچەدا بە خێرایی بۆ برویر ڕوونبۆوە.

کەواتە بۆچی هێندە دیقەتی لـەکارکردنی جەسـتەی دەدا؟ ئایـا ئـەم دیقەتـە بـۆ هەسـتی زۆر و بەهێزیی بێئەندازەی یادەوەری نیچە دەگەڕایەوە؟ بەهۆی ئەوەی کە تەنانەت ئـەو بـە شـێوازێکی زۆر عەقڵانی چارەسەرییەکی پزیشکی پیشان دەدا تاوەکو زانیـاری زانکـۆیی بـە دکتـۆرێکی بـە ئەزموون بدات؟ یان بەهۆی ئەوەوەبوو کە بە شێوەیەکی نائاسایی دەروون نۆڕ بوو؟ ڕاست بـەر لـە تەواوبوونی پشکنینی نەخۆشی، برویر بەدوای دۆزینەوەی بابەتێکی تردا ڕۆیشت. پەیوەندی نیـچە لەگەڵ مرۆڤەکانی دەوروبەریدا بە ڕادەیەکی زۆر کەم بوو، چـونکە ئـەو کـاتێکی دوورودرێـژی بـە گفتوگۆ لەگەڵ بیرکردنەوەی خۆیدا بەسەر دەبرد.



لەو کاتەی کە برویر کۆتایی بە یاداشتکردنی ڕەوتی نەخۆشییەکان هێنـا، دەسـتی بـە لێڕوانینـی پزیشکی کرد. لەگەڵ نەخۆشەکەیدا بۆ ژووری نۆڕینگـە چـوو. هۆبەیـەکی گـچکە و بـەتاڵ، کـە هەموو پێداویستییەکانی بریتی بوون لە دیوارێکی ئیـسپانیایی، کورسـییەك، چـرپایەك کـە بـە پارچە پەڕۆیەکی سپی دەقاق درابوو، دەستشۆرێك و کۆمەدێکی ئاسنین کـە پێوانـە و دەزگاکـەی برویری تێدا بوو. برویر بۆ چەند دەقەیەك نیچەی جێ هێڵا تـاوەکو جلـەکانی دابکـەنێ و جلکـی تایبەتی لەبەر بکات. کەچی دوای گەڕانەوەی گەرچی ڕووپۆشێکی پشتکراوەی لەبەردا بوو، بـەڵام هێشتا گۆرەوییە درێژ و ڕەشەکەی کە بە پوزەبەندێك بەستبووی، لە پێدا بوو. ئـەو بـە وردییـەوە خەریکی دەقکردنـی جلـەکانی بـوو. نیـچە بـۆ ئەمـە داوای لێبـوردنی کـرد و گـوتی: "ژیـانی خانەبەکۆڵێم منی ناچارکردووە کە تەنیا بە چاکەت و پانتۆڵێکەوە ژیان بەسەر ببەم. لەبـەر ئـەوە پێویستە بەدیقەت بم لەوەی کە لە هەر شوێنێکدا دایدەنێم، بە تەواوی تاقەت کرابێت."

برویر لێڕوانینەکەیشی وەکو گوێگرتن لـە ڕەوتـی نەخۆشـییەکەی بـە ڕێکـوپێکی ئـەنجام دا. لـە سەرییەوە دەستی پێکرد و بە هێمنی بەرە و خوار هات. گـویی دەگـرت، بـە هێواشـی لێیـدەدا، دەستی لێدەدا، بۆنی دەکرد و چاودێری دەکرد. لەگەڵ زۆری و فراوانی نیشانە باسکراوەکانیـشیدا، برویر نەیتوانی گرفتێکی جەستەیی کە شایانی تێڕامان بێت ببینێتەوە. جگـە لـە جـێ زامێکـی درێژ، لە سەرووی چەڵەمەی سینەیەوە کە لە ئەنجامی ڕووداوێکی سوارییەوە لـە کـاتی خزمـەتی سەربازیدا پەیدا ببوو. برینێکی ئاوا نادیـاریش لەسـەر هێـسکی لـوتی و هـەروەها نیـشانەکانی کەمخوێنیشی وەك ـ بێڕەنگی لێوەکانی و دەست تەرەکین و ئاوسانی پێڵووەکانی ـ پێوە دیار بوو.

ئایا ئەمانە بەهۆی کەمخوێنییەوەیە یان خۆراکی نەگونجاو؟ نیـچە وتبـووی کـە زۆربـەی کـات بـۆ چەندین هەفتە گۆشت ناخوات. دواتر برویر ئەوەی بەیادهاتەوە کـە نیـچە گوتبـووی لـە پڕێکـدا خوێن هەڵدێنێتەوە، کە ئەمەش لە نەخۆشی کەمخوێنیدا نیشانەی خوێنڕێژی گەدەیە. بـۆ زانیـاری لەسەر ژمارەی خڕۆکە سوورەکانی کەمێ خوێنی لێگـرت و پـاش لێڕوانینـی پـشتەوەشی کـەمێ پاشەڕۆی بە دەستکێش هەڵگرت تاوەکو تاقیبکاتەوە و بزانێ کە خوێنی تێدا نییە.

ئەی تێکچوونی بینینی نیچە چی بوو؟ برویر خێرا قنچکەیەکی لـەژێر پێڵـوی دا دەستنیـشانکرد کە بەهۆی مەرهەمێکی چاوەوە نەدەما، بەڵام سەرباری چەند هەوڵێکی دووبارە سـەرکەوتوونەبوو لەوەی کە هاوێنەی چاوە پزیشکییەکەی خۆی لەسەر تۆڕی بینایی نیچە دابنێت“ شتێك بەرچـاوی دەگرت، وادیار بوو کە ڕەشایی گلێنە بوو، لەوانەش بوو پەنەمانی گلێنە بووبێت.

برویر سەرنجێکی تایبەتی لە کۆئەندامی دەماری نیچە دا، ئەمەش تەنیا بەهۆی بوونی سەرئێشەوە نەبوو، بەڵکە بەو هۆیەوە بوو کە لە چوارساڵەیی نیچەدا بەهۆی تووشبوونی باوکی بە نەخۆشییەکی مێشکی ئەوی لەدەست دابوو. دەستنیشانکردنێکی گشتی بوو کە دەکرا نیشاندەری بڵاوبوونەوەی هەموو ئەو هۆکارە نەخۆشخەرانە بێت کە وێنا دەکران، وەکو پێکەوتنی مێشکی، تومۆر یان جۆرێك لە گۆڕانی پلە بە پلەی باری مێشك. لەگەڵ ئەوەی کە ئەو بەهەموو شێوەیەك، هەموو نیشانە هەستپێکراوەکانی مێشك و کارکردی دەماریی وەك ـ هەستی هاوسەنگی، جێبەجێکردن، هەستی بیستن، بۆنکردن و جووڵەی قوتدانی خۆراکی ـ تاقیکردەوە، هیچ نیشانەیەکی بۆ نەخۆشی ئۆرگانیکی کۆئەندامی دەمار نەدۆزییەوە.

لە کاتێکدا کە نیچە خۆی پۆشتە دەکردەوە برویر چووە عیادەکەوە تا ئەنجامی لێڕوانینەکەی یاداشت بکات، لەوکاتەوەی کە خانم بیکر پاشی چەند خولەکێ ڕێنومایی نیچەی کرد بوو بۆ عیادەکەی، برویر تێگەیشت کە سەرکەوتوو نەبووە لەوەی کە بچووکترین زانیاری دەربارەی نائومێدی هەنووکەیی یان گومانی خۆکوشتن بەدەست بهێنێت. ئەو دەستی دایە شێوازێکی تر، شێوازی پرسیارکردن کە بە دەگمەن هەڵەی تێدا دەکرد.

"پرۆفیسۆر نیچە، تکایە بە دووروودرێژی ڕۆژێکی ئاسایی ژیانی خۆتانمان بۆ باس بکەن."

"بەم کارە زۆر شەرمەزارم دەکەن، دکتۆر برویر! وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە لە هەموو ئەو پرسیارانە گرفتاوی ترە کە تا ئێستا پرسیوتانە. بەو هۆیەوە کە دەوروبەرم مەحکەم نییەشوێنگۆڕکێی زۆر دەکەم. هێرشی نەخۆشییەکان شێوازی ژیان بە من ڕێنووس دەکەنەوە."

"ڕۆژێکی ئاسایی لەبەرچاو بگرن، ڕۆژێك لە نێوان هێرشەکانی هەفتەی ڕابردوودا."

"باشە. من سبەینان زوو لەخەو هەڵدەستم. هەڵبەت ئەگەر ئەسڵەن خەوتبم..."

برویر هەستی بە دڵگەرمی کرد. لێرەدا ڕۆژنەیەك کرابۆوە. "ببوورن کە قسەتان دەبڕم، پرۆفیسۆر نیچە. ئێوە گوتتان، ئەگەر ئەسڵەن خەوتبن؟"

"شەوەکان نەفرەتاوین. هەندێ جار کەشەنگبوونی ماسوولکەکان و هەندێ جاریش ئازاری گەدەم هەیە. سەروەختێکیش جۆرێ لە هەڵقرچان تەواوی لەشم دادەگرێت. کاتی وا هەیە بیرکردنەوەم و



مۆتەکەی شەوانە دەبنە هۆی بێداریم و هەندێ جاریش تا بەیانی بە بێداری ڕادەکشێم و دەرمانی بێهۆشکەر تا سێ کاتژمێرێ دەمکەنە خەو."

برویر یەکسەر پرسی: "چ دەرمانێکی بێهۆشکەر و بە چی ڕێژەیەك؟" لەگەڵ ئەوەی کە بەدەستهێنانی وێنەیەك لە بەکاربردنی دەرمانی نیچە شتێکی حەتمی بوو، خێرا هەستی کرد کە ڕێگایەکی هەڵەی گرتۆتە بەر. وا باشتر بوو، زۆریش باشتر بوو کە لەبارەی "مۆتەکەی شەوانە" وە پرسیاری بکردایە!

"ئاوا لانیکەم هەموو شەوێك یەك گرام کلۆراڵی هیدرات دەخۆم. هەندێ کاتیش کە جەستەم پێویستی زۆری بە خەو هەیە، جگە لەوە مۆرفین یان ڤیرۆناڵ[7]یش بەکاردێنم کە گێژیی ڕۆژی دواتری باجەکەیەتی. بە دەگمەن حەشیشە بەکاردێنم، چونکە ئەویش ڕۆژی دواترمێشك گێژ دەکات. لە هەمووی باشتر کلۆراڵە. ئایا دەبێ زیاتر دەربارەی ڕۆژانێك قسە بکەم کە دەستپێکێکی ئاوەها خراپی هەیە ؟"

"تکا دەکەم."

"لە ژوورەکەمدا قاوەڵتییەکی سووك دەخۆم. ئایا بە ڕاستی حەزدەکەن گوێ لە هەموو وردەکارییەکانی بگرن؟"

"بەڵێ، بەڵێ. شتێکی لێ مەپەڕێنن."

"چاکە. قاوەڵتییەکی کورتخایەن. خاوەن میوانخانەکە تەنیا ئاوی گەرمم بۆ دێنێ و بەس. هەندێ کات کە حاڵم زۆر باش بێت، داوای چای کەمڕەنگ و نانی وشك دەکەم. دواتر بە ئاوی سارد خۆم دەشۆم ـ ئەگەر بمەوێ بە ئەنەرژییەوە کار بکەم ئەوا چاوپۆشی لەم کارە ناکەم ـ تا ئەو شوێنەیش کە چاوم ڕێگا بدات پاشماوەی ڕۆژەکە بە نووسین و بیرکردنەوە و خوێندنەوەوە دەگوزەرێنم. گەر تەندروستییەکی باشم هەبێت، زۆربەی جار بۆ چەند کاتژمێرێك دەگەڕێم. لە کاتی ڕێڕۆیشتندا یاداشتی خۆم دەنووسم و بەم شێوەیەش دەستم بە باشترین ئەنجام دەگات. ڕووناکترین بیرەکان لای من لەکاتی ڕێڕۆیشتندا دروست دەبن."

---

7- Veronal

بروێر بە هەیەجانەوە پشتگیری لێکرد. "بەڵێ. بۆ منیش هەر بە هەمان شێوەیە. دوای شەش یان حەوت کیلۆمەتر بەپێ ڕۆیشتن، بە سەرسوڕمانەوە تێدەگەم کە ئالۆزترین گرێکانم کردۆتەوە."

نیچە بێدەنگ بوو. دیار بوو کە ئەم ڕادەربڕینە تایبەتەی بروێر قسەکانی ئەوی بڕیبوو. دەیویست درێژەی بداتێ، زمانی گرتی و بێ گوێپێدان بەرەڵای کرد و درێژەی پێدا: "هەمیشە لەپانسیۆنەکە*دا لەسەر یەك مێزی دیاریکراو نان دەخۆم. بەرنامەی خواردنیشم وەك پێشتر بۆم باسکردن، خۆراکی بێ دەرمان و تا بکرێ پاکە، هەروها کهول و قاوەیش ناخۆمەوە. بە هەفتە جگە لە سەوزەواتی پاکی بێ خوێ شتێکیتر بەکار ناهێنم. جگەرەیش ناکێشم. لەگەڵ ئەو موشتەریانەی کە لەسەر مێزەکەم دانیشتوونە چەند قسەیەك دەکەم، بەڵام هەرگیز ناچمە ناو گفتوگۆی دوورودرێژەوە. ئەگەر زۆر بەخت یارم بێت یەکێك لە کەسەکانی پانسیۆنەکە ڕادەسپێرم و داوخواستانە شتێکم بۆ دەخوێنێتەوە یان شتێ کە دەینووسم بۆم دەنووسێتەوە. دەرامەتم سنووردارە و ئەو توانایەم نییە کە خزمەتی کەسێك بکەم. دوانیوەڕۆش جیاوازییەکی وەهای لەگەڵ پێشنیوەڕۆدا نییە. گەڕان، بیرکردنەوە و یاداشتکردن. شەوان لە ژوورەکەمدا نان دەخۆم" سەرلەنوێ ئاوی گەرم یان چای ئاچوخ بە نانی سوخارییەوە*. دواتر تا کاتێ کە کلۆراڵ دەکوڵێ دەڵێم: 'بەسە، تۆ ئێستا ئیدی دەتوانیت پشوو بدەیت'. ژیانی خۆشەویستی من بەم جۆرە دەگوزەرێت."

"ئێوە تەنیا باس لە پانسیۆنەکان دەکەن. ئەی ماڵی خۆتان چۆنە؟"

"ماڵی من چەمەدانەکەمە. من کیسەڵێکم. لانیەك بەسەر پشتمەوەیە و بەملاوئەولادا هەڵیدەگرم. لە هەرشوێنێك نیشتەجێ بم ئەو لە گۆشەیەکدا دایئەنێم و هەرکاتێکیش هەوا ئازاربەخش بێت، هەڵیدەگرم و بەرەو شوێنێکی ژوورتر و وشکتر دەڕۆم."

بروێر بەتەمابوو دووبارە بگەڕێتەوە سەر "مۆتەکەی شەوانی نیچە"، بەڵام لای وابوو کە ئێستا بە شوێنپێیەکی گرنگتر گەیشتووە" شوێنپێیەك کە بە ناچاری دەبێ بگاتەوە بە خاتوو لۆسالۆمێ."

*جۆرێك میوانخانەیە کە بەشێوەیەی مانگانە کرێ لە میوانەکانی وەردەگرێت و خۆراك و پێداویستیان بۆ ئامادە دەکات. و.ك

*جۆرێك نانی وشك و شیرینە. و.ك



"پرۆفیسۆر نیچە، من هەستم بەو خاڵە کرد کرد کە لە ڕەوتی گوزەرانی ڕۆژانەی ئێوەدا، باس لە کەسانێکی تر ناکرێت، ببوورن، کردنی ئەم جۆرە پرسیارانە بۆ پزیشکێك زۆر ڕێگەپێدراو نییە. بەڵام من بڕوام بە پەیوەستی بابەتەکان هەیە. بە ڕای من تەندروستی جەستەیی لە تەندروستی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیی و ڕۆحییەکان جیاناکرێتەوە."

نیچە سوور بۆوە. شانەیەکی گچکەی گیرفانی لە ناو بەرکەکیسەڵەکەی دەرهێنا. ماوەیەکی کورت لەسەرکورسییەکەی بە بێدەنگی و لە حاڵێکدا کە خۆی کۆکردبۆوە، بەرهەڵستی کرد و سمێڵە پڕەکەی ڕێك کرد. دواتر وا دەرکەوت کە بڕیاری داوە. ڕێك دانیشت و سینگی پاکردەوە و بە دەنگێکی لێبڕاوانەوە گوتی: "ئێوە یەکەمین پزیشکێ نین کە بەم ئەنجامە گەیشتوونە. پێم وایە مەبەستتان باس و خواسی سێکسی بێت. دکتۆر لانزۆنی[8] کە پسپۆڕێکی ئیتالیاییە و بەر لە چەند ساڵێك بۆ سەردانی چووم، لەو بڕوایەدا بوو کە تەندروستی من بەهۆی تەنیایی و خۆپارێزییەوە خراپتر دەبێت و ئامۆژگاری ئەنجامدانێکی سێکسی ڕێکوپێکی کردم. لەسەر ڕاسپاردەی ئەوکارم کرد و بەپێی بڕیاری پێشوو لەگەڵ خانمێکی گەنجی لادێییدا لە گوندێك کە کەوتۆتە ڕاپالۆوە پەیوەندیم بەست. لە دوای سێ هەفتە لە توندی سەرئێشە خەریك بوو بمرم. بەکارهێنانی کەمێ زیاتر لەم دەرمانە ئیتالییە دەبووە هۆی مردنم!"

"بەچی هۆیەك ئەو کارە تا ئەم ڕادەیە زیانبەخش بوو؟"

"بەهۆی هەڵگیرسانی چێژێکی ئاژەڵی کە چەندین سەعات نەفرەتکردن لە خودی بەدوادا دەهات. خاوێنکردنەوەی پڕ زەحمەتی بۆنی عەرەقی پڕۆتۆپلازمی تۆماو. بە بڕوای من ئەم کارە ناتوانێیت ڕێگایەك بێت بۆ ـ چیتان پێدەگووت؟ ـ 'پەیوەستی بابەتەکان'."

بروێر پەلەی کرد تا بڵێت: "هەڵبەتە نەخێر. بەم شێوەیە ناتوانن ئینکاری بکەن کە گشتگیرییەکی کۆمەڵایەتی دەورەی هەموومانی داوە. پەیوەندییەك کە سەردەمێك ـ لە دیدی مێژووییەوە ـ لە پێناوی بەردەوامی ژیاندا بەکار دەهات و ئەو شادییانەی دابەش دەکرد کە سەرەتایەك بوون بۆ پەیوەندییە مرۆییەکان."

8- Lanzoni

"ڕەنگبێ ئەم جۆرە چێژە ئاژەڵییانە بۆ هەموو کەس دروست نەبووبێ." نیچەی ئەمەی گوت و سەری لەقاند. "سێ جار داوام لەوانیترکرد کە لە 'باریکەڕێ' وە بەرەو لای من بێن، کەچی هەر سێ جارەکە خیانەتم لێکرا."

ئاخری وتی! بروێر بە سەختی دەیتوانی کۆمەکی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانی ئەو بکات.

بێگومان گوناهی یەکێ لەو سێ خیانەتە لە ئەستۆی لۆسالۆمێدایە و پێدەچێت بەرپرسیارێکی تریشی پاوڵ ڕێ بێت. ئەی سێیەمی؟ ئاخری، ئاخری نیچە لای دەرگاکەی بەئەندازەی قەڵشتێ کردەوە. بە دڵنیاییەوە ئێستا ڕێگا خۆشدەبێت بۆ گفتوگۆیەك دەربارەی خیانەت و بەم هۆیەشەوە لەبارەی ئەو ناهومێدییەی کە پاڵنەری خیانەتێکی ئاوهایە قسان دەکات.

بروێر تا ئەو شوێنەی کە دەیتوانی بە هاوخەمییەوە گوتی: "سێ جار کۆشش و سێ جار خیانەتی تاڵ و دواتریش پاشەکشێ بۆ گۆشەگیرییەکی ئازاردەر. ئێوە ئازارتان کێشاوە و ڕەنگە ئەم ئازارە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر نەخۆشیتان هەبێت. حەز ناکەن لایەنەکانی ئەم خیانەتە بۆ من ئاشکرا بکەن؟"

نیچە جارێکی تر سەری ڕاوەشاند. وا دەردەکەوت کە لەخۆیدا ڕۆدەچێت.

"دکتۆر بروێر، من ئەوڕۆ نهێنیگەلێکی زۆرم بۆ ئێوە درکاند. وردەکارییەکم لە ژیانی تایبەتیم بۆ گوتن کە ماوەیەکی زۆر لەبارەی ئەوانەوە لەگەڵ کەسێکدا قسەم نەکردبوو. بەڵام کاتێ کە دەڵێم ناساغی من زۆر کۆنترە لەم نائومێدییە تایبەتییانە، دەبێت بڕوام پێبکەن. بیر لە چیرۆکی خێزانەکەم بکەنەوە" باوکم بەهۆی نەخۆشییەکی دەماخییەوە کە ڕەنگە بۆماوەیی بێت، کۆچی دوایی کرد. بیر لەوە بکەنەوە کە ناڕەحەتییەکانی دەوروبەری سەرم و ناخۆشییەکانی سەردەمی قوتابخانەم زۆر پێش ئەم خیانەتانە ئازارم دەدەن. بە پێچەوانەشەوە، هاوڕێیەتی کورت و ناوەکی کە توانیم تاقییان بکەمەوە، هەرگیز نەبوونە مایەی خۆشحاڵی من. نەخێر، من متمانەیەکی کەمم نەکرد" هەڵەی من ئەوە بوو کە زۆر متمانەم کرد. حەز ناکەم، واتا ئیتر ناتوانم سەرلەنوێ متمانە بکەمەوە."

بروێر لە حیرەتدا وشك ببوو. چۆن دەکرا لە هەڵسەنگاندنی خۆیدا هێندە هەڵەی کردبێ؟ تا چەند ساتێ پێش ئێستا وا دیار بوو کە نیچە بە تاسەوەیە کە نهێنییەکانی بڵێت و ئێستاش تکای ئەوی ڕەت دەکردەوە! چی ڕویدا بوو؟ هەوڵی دەدا ڕەوتی ڕووداوەکان سەرلەنوێ دروست بکاتەوە.



نیچە باسی لە باریکەڕێیەك کرد کە گوایە بۆ ڕێکردن بەویادا تەنیا لەبەر ئەوە خیانەتی لێکرا چونکە داوای یارمەتی لەوانی تر کردبوو. لێرەدا بریویر هاوخەمی خۆی نیشاندا بوو، دواتر و...دواتر، باریکە ڕێ! ئەم وشەیە یادگارییەکی تاریکی زیندوو دەکردەوە. کتێبەکان! بەڵێ! لەوە دڵنیا بوو کە لەبارەی باریکە ڕێیەکەوە شتێکی وەهای خوێندبۆوە. شایەد کتێبەکانی کلیلی متمانەی نیچەیان دەشاردەوە. بروێر بە شێوەیەکی لاواز بەشێکی تری هێنایەوە یادی خۆی کە لەوێدا بە جیدییەوە لەبارەی هونەری شیکردنەوەی سایکۆلۆژیانەی ئەم وشەیەوە قسەکرابوو. بڕیاری دا کە بەرلە دیداری داهاتووی لەگەڵ نیچەدا، دوو کتێبەکەی وردتر بخوێنێتەوە" ڕەنگە بە ڕێگای لۆژیکی خۆیەوە سەرکەوتوو بێت لە کێشکردنی نیچە بەرەو لای خۆی."

بەڵام چۆن دەیتوانی لۆژیکی کتێبەکانی نیچە بخاتە ناو ڕووداوەکانەوە؟ ئەسڵەن بەچی شێوەیەك دەیویست بڵێت کە ئەم کتێبانەی لەبەردەستدایە؟ ئەو لە سێ کتێبفرۆشی ڤییەنا پرسیاری کردبوو، هیچ کەسێ شتێکی لەبارەی فرێدریك نیچەوە نەدەزانی. هەموو جۆرە درۆزنییەکیش لە دیدی بروێرەوە نەفرەتلێکراو بوو" بۆ ساتێك گومان کەوتە دڵییەوە کە هەموو شتێك لەبارەی دیدارەکانی لۆسالۆمێ، زانیاری ئەو لەبارەی نائومێدی نیچەوە، بەڵێنێ کە بە خاتوو سالۆمێی دابوو، هەروەها ئەو کتێبانەی کە بە دیاری وەریگرتبوون، لەلای نیچە بدرکێنێت.

نا، دوایی هەموو شتێك وێران دەبوو. بێ هیچ دوودڵییەك نیچە لای وادەبوو کە خەڵەتێنراوە و دیسانەوە خیانەتی لێکراوە. بروێر تەواو دڵنیا بوو کە نائومێدی نیچە لە ئەنجامی گیرۆدەبوونی ئەو بوو ـ بە هەمان شێوەی وتە باڵاکانی نیچە ـ بەو دۆستییە فیساگۆرسییەی کە لەگەڵ لۆسالۆمێ و پاوڵ ڕێ دا گەشەی کردبوو. ئەگەر نیچە لە دیدارەکانی لۆسالۆمێ ئاگادار ببێ، ئەوا بێگومان بە چاوی دووسەری یەك سێگۆشەی تر تەماشای ئەو و بروێر دەکات. نا، بروێر بەو ئەنجامە گەیشت کە ڕاستگۆیی و ڕاشکاوی ـ کە هەمیشە عادەتی وابوو، کێشەکانی ژیان بەوانە چارەسەر بکات ـ لەم بارەیەوە هەموو شتێك خراپتر دەکات. دەبوایە بۆ دەستکەوتنی کتێبەکان ڕێگایەکی ڕەوای بدیایەتەوە.

ئیتر درەنگ داهاتبوو. ڕۆژی خاکی و باراناوی بەرەو ڕۆژئاوا دەچوو. بێ دەنگییان لێکردبوو. جووڵەی نیچە نائارام و بروێر هیلاك بوو. چەشەکەی لەدەست دەرچووبوو و تیامابۆوە. بڕیاری دا وەخت بکاتە بیانوو.

"پرۆفیسۆر نیچە، لاموایە ئیتر ئـەورۆ بەسـە. حەزدەکـەم لـە هێمنـی دا ئەنجامـەکانی سـەرەوە بخوێنمەوە و ئەنجامەکانی تاقیگاش ئامادە بکەم."

نیچە بە ئارامییەوە ئاهێکی هەڵکێشا. نائومێد ببوو؟ ئایا لە دڵەوە حـەزی لێبـوو کـە درێـژە بـە گفتوگۆ بدات؟ بروێر وا هەستی دەکرد. بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئیتر متمانـەی بـە هەڵـسەنگاندنی خۆی لە جموجووڵەکانی نیچە نەما، پێشنیاری بڕیاری دیدارێکی تری بۆ هەفتەی ئاینده خستە ڕوو.

"دوانیوەڕۆی هەینی؟ لە هەمان کاتدا؟ "

" بەڵێ، هەڵبەتە هیچ شتێکی تر منی بۆ ڤییەنا بەکێش نـەکردووە، مـن لـە خزمـەتی ئێـوەدام دکتۆر بروێر."

بروێر لە شوێنی خۆی هەستا. بەڵام هێشتا نیچە دوودڵ بوو، لە ناکاو دووبارە دانیشتەوە.

"دکتۆر بروێر، من لە ڕادەبەدەر لە کاتی ئێوەم گرت. بـاوەڕ بکـەن خـۆم بـە قـەرزاری زەحمەتـە بەنرخەکانی ئێوە دەزانم" بەڵام تکا دەکەم یەك دەقەی تر لە کاتی گرانبەهاتان بـە مـن ببەخـشن. ڕێگام بدەن کە سێ پرسیارتان لێبکەم!"

# (٦)

بروێر گوتی: "تکا دەکەم پرۆفیسۆر نیچە، بپرسن." و بە ئاسوودەییش پاڵی بە کورسییەکەیەوە دا. "بە بەراورد لەگەڵ ڕێژنەیەك لە پرسیار کە بەسەر ئێوەدا باری، پێشنیارێکی زۆر بەجێیە و ئێوەش تا ئەو ئەندازەیەی کە زانیارییەکانم یارمەتیم بدەن، وەڵام وەردەگرن."

ڕۆژێکی ماندووکەر و درێژبوو. هێشتا وتاربێژانی لە سەعات شەش و سەردانی شەوانەی نەخۆشانی ماڵەوەی لە پێشدا بوو. لەگەڵ ئەمەشدا داواکەی نیچەی بەنابەجێ نەبینی. بە پێچەوانەوە، ئەم تکایە ئەنگێزەیەکی چاوەڕوان نەکراوی تازەی بە ئەو دەدا. لەوانەیە هێشتا بکرێت کە بە ئەنجامی خوازراو بگات.

"ئەگەر پرسیارەکان ببیستن، ڕەنگە وەکو زۆربەی هاوکارانتان لەم گفتەی خۆتان پەژێوان ببنەوە. ئێستاش پرسیارە سیانەییەکەم دەکەم، کە لە ڕاستیدا تەنیا یەك پرسیارە و ئەم پرسیارەش کە بەقەدەر پرسیارییبوونی تکائامێزانەیە ئەوەیە کە : ئایا ڕاستیم پێ دەڵێن؟"

بروێر وەڵامی دایەوە: "ئەو سێ پرسیارە چین؟"

"پرسیاری یەکەم: ئایا من کوێر دەبم؟ پرسیاری دووەم: ئایا دەبێ بۆ هەمووتەمەنم باری هێرشی ئەم نەخۆشییانە هەڵگرم؟ پرسیاری سێیەم و سەختترینیان: ئایا من ئازاری نەخۆشییەکی مێشکی دەکێشم کە لێی پیسکردوومە و لە ئەنجامی ئەوەوە لە گەنجیدا دەمرم؟ ئایا ئەمە نەخۆشییەکە کە بە شەپلە یاخود تەنانەت بە شێتی و تێکچوونی هەست و سۆز کۆتایی دێت؟"



بەبێ ئەوەی کە قسەیەك بکات، زمانی بروێر بەسترا و پەڕەکانی ئەو پەڕاوە بچووکەی هەڵدەدایەوە کە بە نیچەوە پەیوەست بوو. لە تەواوی ماوەی دوورودرێژی پزیشکێتییدا نەخۆشێکی نەدیبوو کە ئاوا بێپەردە و بە ڕاشکاوی داوای دەسنیشانکردنی نەخۆشییەکانی بکات.

هەژمانی ئەو لە چاوانی نیچە نەدەشاردرانەوە. درێژەی بە قسەکانی دا: "ببوورن کە بەم شێوەیە ئێوە دەخەمە ژێر گوشارەوە، بەڵام من ئەزموونی زۆرم لەگەڵ پزیشکانێکدا هەیە کە لە باسەکە لادەدەن" بە تایبەتی پزیشکانی ئەڵمانی، کە خۆیان بە وتاربێژانی هەقیقەت دەزانن. بەڵام لە گواستنەوەی زانیارییەکانی خۆیاندا نەزانی بە خەرج دەدەن. هیچ پزیشکێ مافی ئەوەی نییە کە نەخۆش لە مافێ کە پەیوەستە بەوەوە بێبەش بکات."

زانیاری نیچە لەبارەی هاوکارانی ئەڵمانیایی بروێرەوە، بزەیەکی هێنایە سەر لێوان، بەڵام لە لەبارەی مافی نەخۆشەوە، کەمێ دژی ئەو بوو. ئەم فەیلەسوفە بچووکە بە سمێڵە پڕەکەیەوە بە ڕاستی ئەوی ناچار دەکرد کە بیربکاتەوە.

"من بە هەموو ئارەزوییەکەوە ئامادەم کە گفتوگۆ دەربارەی کاروباری پزیشك بکەم، پرۆفیسۆر نیچە. ئێوە بەبێ لادان لە بابەت پرسیار دەکەن" هەولدەدەم بەهەمان ڕاشکاوی وەڵامتان بدەمەوە. لە بارەی مافی نەخۆشانەوە لەگەڵتاندا هاوڕام. بەڵام ئێوە بەهەمان ئەندازە گرنگ خاڵێك لەیاد دەکەن و ئەوەش ئەرکی نەخۆشانە. منیش پەیوەندی ڕاستگۆیانەم لەگەڵ نەخۆشەکانمدا پێ باشە. بەڵام ئەم کارە پێویستی بە ڕاستگۆییەکی دوولایەنە هەیە" دەبێ نەخۆشیش لە بەرامبەر مندا خۆی بە ئەرکداری ڕاستی و ڕاستگۆیی بزانێت. ڕاستی ـ یانی پرسیار و وەڵامە دروستەکان ـ باشترین دەرمانە. لەبەر ئەوە من بەم مەرجە بەڵێنتان پێدەدەم کە بە هیچ کلۆجێك شتێك نەشارمەوە. ئێوەش ئەبێ چتانێك کە من دەیانزانم و ئەوەی کە بەچی ئەنجامێك گەیشتوومە، بزانن."

بروێر درێژەی دایە: "بەڵام پرۆفیسۆری ئازیز، لەو خاڵەدا هاوڕای ئێوە نیم کە هەر دەبێت بەم شێوەیە بێت. هەندێ جار نەخۆشان و حاڵەتگەلێك هەن کە پێویستیان بە دکتۆری باش و جێ متمانە هەیە تاوەکو ـ لەبەر نەخۆش ـ ڕاستی بشاردرێتەوە."

"بەڵێ، هەمان ئەم وەڵامەم لە هەندێ لە دکتۆرەکانی تر وەرگرتووە. بەڵام چی کەسێك دەیەوێ بڵێت کە ئەم بڕیارەی لە پێناوی ئەوانی تردا دەدرێت؟ ڕەفتارێکی ئاوەها سووکایەتیکردنە بە سەربەخۆیی نەخۆش."

بروێر وەڵامی دایەوە: "ئەرکی من ئەوەیە کە نەخۆشەکانم خاترجەم کەم. ئەرکێك کە نابێت ئاسانکاری لە ئەنجامەکەیدا بکەیت و هەندێ جار بە تەکلیفێك دەگۆڕێت کە ئەبێ بەبێ ڕووگیری کاری پێ بکرێت، یانی هەندێ کات ناچارم کە هەواڵی خراپ لە نەخۆشەکانم بشارمەوە. هەندێ کات ئەرکم وەهایە کە بێدەنگ بم و ئازاری نەخۆش و خێزانەکەی بە گیان بکڕم."

"بەڵام دکتۆر بروێر، هەست ناکەن کە ئەم ئەرکە، ئەرکی بنەڕەتی ئەوی تر واتا ئەرکی هەموو کەسێك لەبەرامبەر خۆی و حەزکردن بە ڕاستی لەناو دەبات؟"

بروێر لە گەرم و گوڕی گفتوگۆ بە شێوەیەکی کاتی لەیادی کردبوو کە نیچە نەخۆشە. لێرەدا بابەتی زۆر پرسیاری گرنگ لە ئارادا بوو کە هەستی ئەوی بە تەواوی بەخۆیەوە مژۆڵ کردبوو.لە شوێنی خۆی هەستا و لە پشتی کورسییەکەیەوە دەستی بە هاتوچوو کرد.

"ئایا ئەرکی من ئەوەیە کە واقیعییەتێ بەوانی تر بڵێم لە کاتێکدا کە نایانەوێت بزانن؟"

نیچە نارەزا بوو: "ئەبێ چی کەسێك بڕیار بدات کە ئەوی تر نایەوێ شتێك بزانێت؟"

بروێر لێبڕاوانە دڵنیای کردەوە: "ئالێرەدا بەدیار دەکەوێت کە دەبێ چی ناوێك لە هونەری باڵای پزیشکی بنرێت. جیاکردنەوەی تێڕوانینی ئەمە دەبێ لە تەنیشت سەرینی نەخۆشەوە فێر ببیت، نەوەکو لە کتێبە وانەییەکاندا. ڕێگا ئەدەن کە نمونەیەکتان بۆ بهێنمەوە؟ من نەخۆشێکم هەیە کە هەر ئەمشەو دەچم بۆ لای بۆ نەخۆشخانە. شتێك کە بۆتان باسدەکەم نهێنی پزیشکییە و ئاشکرایە کە ناوی نەخۆشەکە نالێم. ئەم پیاوە لە دەست دەرچووە. ئەو دوایین قۆناغەکانی شێرپەنجەی جگەر دەگوزەرێنێت. لە کارکەوتنی جگەرو ئێستایش زەردوویی هاتۆتە سەر" سەفرا دەچێتە ناو لیمفە ڕژێنەکانییەوە. هیچ ئومێدێك نییە. باوەڕ ناکەم ئەو لە دوو تا سێ هەفتە زیاتر وەختی مابێت. ئەمڕۆ بەیانی کاتێ بۆ سەردانی چووم، بە هێمنییەکی تەواوەوە لەبارەی زەردبوونی پێستییەوە گوێی لە قسەکانی من دەگرت، وەك ئەوەی بیەوێ بارێ لە کۆڵی من بکاتەوە و داوای بێدەنگیم لێبکات، دەستی وەبان دەستی من خست. پاشتر بابەتی گفتوگۆکەی گۆڕی. هاڵوهەواڵی خێزانەکەمی پرسی ـ سێ ساڵە کە یەکتری دەناسین ـ هەروەها لەبارەی کارگەلێکی زۆرەوە کە پاش مەرەخەسی چاوەڕوانی ئەو دەکەن، قسەی کرد."

"منیش ..." ـ بروێر هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا ـ "دەزانم کە مەرەخەسی بوونی نییە. ئایا دەبێت ئەمەی پێ بڵێم؟ تەماشاکەن پرۆفیسۆر نیچە، ئەم کارە بەو ئاسانییە نییە. دیارەکە

پرسیاری سەرەکی ناکرێت! ئەگەر ئەو بیویستایە بزانێت، لەبارەی لەکارکەوتنی جگەرییەوە پرسیاری دەکرد یان لەو بارەیەوە کە ئایا بە نیازم چ کات ئەو مەرەخەس بکەم. بەڵام ئەو بێدەنگ دەبێت. ئایا دەکرێ ئەوەندە دڵڕەق بم و شتێ کە ئەو نایەوێت بزانێ، بە ئەو بڵێم؟"

"ئایا ئەو مافەم هەیە کە مافی هەڵبژاردنی مرۆڤەکان لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەیان لەگەڵ مەرگدا، لێ بگرم؟ دەبێ لەسەر بنەمای کام مافە، ئەم ئەرکە وە ئەستۆبگرم؟ ئێوە دەڵێن کە هەندێ جار دەبێ مامۆستا ڕەق بێت، مومکینە. بەڵام لە لایەکی ترەوە ئەرکی پزیشکێ ئەوەیە کە تەسکینی ئازار بدات و هێزە شیفابەخشەکانی جەستە بەهێزبکات."

تنۆکە بارانەکان بە توندی لە پەنجەرەکەیان دەدا و شووشەکە بە هێواشی دەلەرییەوە. بروێر بەرەو لای پەنجەرەکەوە ڕۆیشت، لە دەرەوەی ڕوانی و درێژەی پێدا: "هەرچەندە زیاتر لە بارەی سەختگیری مامۆستاوە بیردەکەمەوە، زیاتر دوودڵ دەبم. ئەگەر بڕیار وابێ کە سەختگیری هەبێت ئەوا مامۆستایەکی تایبەت یان پەیامبەرێکم پێ باشترە."

"بەڵێ، بەڵێ! " هەیەجان دەنگی نیچەی پەردەیەك بەرزتر کردبۆوە. "پەیامبەری هەواڵە ناباوەکان، پەیامبەرێکی خوێنسارد! لاموایە کە بە ڕاستیش ئاوەها بم.!" نیچە لەگەڵ گوتنی هەر وشەیەکدا پەنجەی شادەی دەدا لە سینگی. "ئێوە بۆ ئاسانکردنی ژیان نوشتە دەنووسن“ بەڵام هەمووهەوڵی من ئەوەیە کە ژیانی قوتابییەکانم، واتا نەوەکانی ئایندەیەکی نادیار دژوارتر بکەم."

"بەڵام لە گوتنی ئەو واقیعییەتە ناباوانەی کە ژیان دژوار دەکەن، چ سوودێك هەیە؟ ئەمڕۆ سبەینێ کاتێ کە نەخۆشەکەمم بەجێ هێشت، پێی گوتم: ’منیش خۆم بە دەستی خودا ئەسپێرم.‘ چی کەسێ دەتوانێت بانگەشەی ئەوە بکات کە ئەمەش جۆرێك نییە لە واقیعییەت؟"

"بەڵێ، چی کەسێك؟" ئێستا نیچەیش لە جێگاکەی هەستابوو. ئەویش وەك بروێر بێئارامانە دەهات و دەچوو. "چی کەسێ دەتوانێت بانگەشە بکات؟" لە پڕا وەستا، خۆی خستە پشتی کورسییەکەیەوە و لە سینگی خۆی دا: "من، من بانگەشە دەکەم!"

بە بڕوای بروێر، بێگومان ئەو توانای هەبوو کە لەسەر مینبەرێکی وتاربێژان خەڵکی ترساو زیاتر بترسێنێت و ئەمەی زیاتر وەك میراتێك لە باوکی نیچەوە کە مامۆستای مەزهەبی بوو، دەزانی."

نیچە بەردەوام بوو: "بەد گومانی تەنها ڕێگای بەرەو واقیعییەتە. تەنها بەدگومانی و بێباوەڕی، نەوەك ئارەزووی منداڵانە! ئارەزووی نەخۆشەکەتان لە بارەی سپاردنی ژیان بەدەستی خودا، واقیعییەت نییە. ئەمە ئارەزوییەکی منداڵانەیە نەوەکو شتێکی تر! ئەمە ئارەزووی مەرگ نەویستییە، تاسەی شتێکی سەرمەدییە کە ئێمە ناوی لێدەنێین’خودا‘! زانستی تەواوکاری بە شێوەیەکی زانستیانەی ورد توانای چاوپۆشیکردن لە خودای سەلماندووە. هەتتا ئەگەر خودی داروین، ئەو بوێرییەی نەبوو کە بە بەڵگەکانی کۆتاییەکی ڕاستگۆییانە بە دەستەوە بدات. ئێوە دەبێ قەبووڵی ئەوە بکەن کە ئێمە خودامان ئەفراندووە و بەر لە ماوەیەك ئەومان کوشتووە."

بروێر تانوپۆی بەڵگەهێنانەوەی وەك ئاسنێکی تواوە فڕێدا. خۆ کاری ئەو بەرگری لە خودا پەرستی نەبوو! ئەو کە لە هەرەتی لاوێتییدا کەسێکی بیرئازاد بوو، زۆربەی کات لەمەڕ باسگەلێکی گەرمەوە کە لەگەڵ باوکی و مامۆستا ئاینییەکەی دەیکرد، وەکو نیچە وەڵامی دەدایەوە. دانیشت و دوای ئەوەی کە نیچەیش بۆ سەر جێگاکەی گەڕایەوە، بە دەنگێکی لەبار و ئاشتیخوازانەوە گوتی: "چ ئیشقێکی ئاگرینتان بۆ واقیعییەت هەیە. ئەگەر وەك ئەوە دەربکەوێت کە دەتانجوولێنم ئەوا ببەخشن، پرۆفیسۆر نیچە، بەڵام ئێمە بە ڕێکەوتنێك گەیشتبووین کە ڕاشکاوانە لەگەڵ یەکدا بدوێین. ئێوە بە دەمارگیرییەکی موقەدەسی وەهاوە لەبارەی واقیعییەتەوە قسە دەکەن دەڵێی دەتانەوێت مەزهەبێك بخەنە شوێنی مەزهەبێکی تر. لێگەڕێن کە بۆ تەنها خولەکێ ئەرکی نوێنەری شەیتان بگێڕم. بۆچی ئەم هەموو شۆڕ و شەوقەتان هەیە؟ ئەم حورمەتە چی سوودێکی بۆ نەخۆشی ئەمڕۆبەیانی من هەیە؟"

"واقیعییەت لای من بەم مانایە پیرۆز نییە، بەڵکو گەڕان لەدوی واقیعییەتی خود، پیرۆزمەندە. کام ڕەفتار لە گەڕان بەدوای خود پیرۆزترە؟ هەندێ کەس دەڵێن کە کاری فەلسەفییانەی من لەسەرلم بنیات نراوە“ ڕوانگەکانی من وەك تەپۆڵکەی لمین دەجوولێن. بەڵام یەکێ لە بەردە سنوورییە جێگرەکانی من ئەمەیە: ’ئەوەبە کە هەیت.‘ هەروەها بەبێ هەقیقەت ئەبێ بە چی شێوەیەك بەرەو لای کێ بوون یان چی بوون بجووڵێیت؟"

"واقیعییەت ئەوەیە کە نەخۆشەکەی من تەنیا ماوەیەکی کورت دەژی. ئایا دەبێت مژدەی ئەم واقیعییەتە بەو بدەم؟"

نیچە وەڵامی دایەوە: "ئازادی واقیعی تەنیا لە هەتاوی هەقیقەتدا دەپشکوێت. چۆن دەتوانێ جۆرێکی تر بێت؟"

بروێر لەوە تێگەیشت کە نیچە دەتوانێت زۆر ڕاشکاوانە و ئەبستراکتانە لەمەڕ واقیعییەت و ئازادییەوە بدوێ و دەبێ ئەو نیچە ناچار بکات کە ڕۆشنتر قسە بکات. "ئەی نەخۆشی ئەمڕۆبەیانی من چی؟ ئەو کام ئازادی هەیە؟ دەشێ ئازادی ئەو هەمان باوەڕی ئەو بێت بە خودا!"

"مرۆڤ ئەم ئازادییەی نییە. ئەمە لە بەردەستی ویستی ئینساندا نییە. ئەمە دەستبردنە بەرەو لایەکی تر، بەرەو لایەکی وەهمیانە کە لە خودی مرۆڤدایە. خواستی ئەوانی تر لەسەر بنەمای شتێکی بانسرووشتی، تەنیا دەتوانێ ئەو بێ هێز بکات. مرۆڤ لەوە بچووکتر دەکاتەوە کە هەیە. من گومانم لەوەیە کە ئازادی ئەو شتەیە کە ئێمە بەرزدەکاتەوە و لە پشتی خۆمانەوە بەرەو دەرەوەمان دەبات!"

بروێر پاوەپای دەکرد: "با لەبارەی مرۆڤەوە وەك ناوێکی زەینییانە و بێ خوێن قسەنەکەین، بەڵکو لەبارەی کەسێکەوە بدوێین کە گۆشت و خوێنە. با لەبارەی نەخۆشەکەی منەوە بدوێین. بیر لە شوێنکاتی ئەو بکەنەوە کە تەنها چەند ڕۆژ یان چەند هەفتە دەتوانێت بژی! قسەکردن لەبارەی ئازادییەوە چ سوودێکی بۆ ئەو هەیە؟"

نیچە لە کاتێکدا کە بە هیچ شێوەیەك دڵسارد نەببۆوە، خێرا وەڵامی دایەوە: "بەڵام ئەگەر نەزانێت کە ئەبێ بمرێت، کەوایە چۆن دەتوانێت بڕیاربدات کە حەز دەکات چۆن بمرێت؟"

"حەزدەکات چۆن بمرێت، پرۆفیسۆر نیچە؟"

"هەڵبەتە. ئەبێ ئەو بڕیار بدات کە چۆن حەزی لێیە ڕووبەڕووی مەرگ ببێتەوە. ئایا حەزی لێیە لەگەڵ کەسانی تردا قسەبکات، دەیەوێت دوایین ئامۆژگارییەکانی بکات، دەیەوێت ماڵاوایی لەوانی تر بکات، دەیەوێت تەنیا بێت، دەیەوێ بگری، دەیەوێ بە نەفرەتی کات، دەیەوێت ئەو قەبووڵ بکات و سوپاسگوزار بێت و ..."

"ئێوە لەبارەی ئەگەرە ئەبستراکتەکانەوە بیردەکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی کە ئەم کارە دراوەتە دەستی من تا بەرەو پیری پیاوێك بچم کە لە گۆشت و خوێن دروستکراوە. دەزانم کە ئەبێ بمرێت و هەرواشە کە لە ئازار و شکەنجەدا دەمرێت. کەوایە چۆن دەبێ بەم گورزە ئەو بکوتمە یەك؟ پاسەوانی کردنی ئومێد لە هەموو شتەکاندا گرنگە و جگە لە پزیشك چ کەسێ ئەرکمەندە بەوەی کە ئومێدەواری ببەخشێت؟"



"ئومێدەواری؟ ئومێدەواری خراپترینی خراپەکانە!" نیچە دەنگی بەرزکردەوە: "من لە کتێبی *مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە* شتێکی وەهام گوتووە: کاتێ کە پاندۆرا* دەمی مەرکانەکەی واڵا کرد، ئەو بزیسکانەی کە زیۆس لەوێدا داینابوو، دەرپەڕییە ناو جیهانی مرۆڤەکانەوە. یەکێ لە بزیسکەکان یانی ئومێدەواری سەرنجی کەسی ڕانەکێشا. لەو سەردەمەوە مرۆڤەکان ئەو مەرکانەیەی کە پڕە لە ئومێدەواری، بەگەنجینە وگەورەترین سەرمایەی خۆشبەختی دەزانن، کە ئەمەش گەورەترین هەڵەیە. لە کاتێکدا لە یادمان کردووە کە ئارەزووی زیۆس بۆ مرۆڤەکان، ئازارکێشان بوو. **ئومێدەواری خراپترینی خراپەکانە، چونکە ئازارەکانمان درێژتر دەکاتەوە.**"

"واتا ئەگەر مرۆڤ حەز بکات، ڕێگای دەدرێت کە کۆتایی خۆی خێرا بکات؟"

"بێگومان. ئەمە ئازادییەکی مومکینە، بەڵام دەبێ بە هۆشیارییەکی کامڵەوە بێت."

بروێر بە تەواوی گەشکەی گرتبوی. بە ئارامگرتنەوە زۆر مەسەلەی خستبووە سەر ڕەوتی خۆیان و ئێستایش میوەکانی ئەوانەی دەچنییەوە! گفتوگۆ ڕاست بە ئاڕاستەی بابەتی مەبەستدا دەڕۆیشت.

"کەوایە ئێمە لە بارەی خۆکوژییەوە قسە دەکەین، پرۆفیسۆر نیچە. ئایا بە ڕاستی دەکرێت کە خۆکوشتن وەك هەڵبژاردنێکی ئازادانە ناوببرێت؟"

دووبارە نیچە لێبڕاوانە و ڕاشکاوانە گوتی: "مردنی هەموو کەسێ پەیوەستە بە خودی خۆیەوە و دەبێ هەموو کەسێك بە شێوازی خۆی ئەو ژیانە بکات. لەوانەیە ـ دەڵێم لەوانەیە ـ مافێك هەبێت کە ئێمە لەسەر بنەمای ئەو ڕێگامان پێدراوە بەر لە ژیانی کەسێکی تر بگرین، بەڵام مافی ئەوەمان نییە کە بەر لە مەرگی کەسێك بگرین. ئەمە دڵدانەوەیەك نییە، بەڵکو ستەمە!"

بروێر جەسارەتی پەیدا کرد: "ئایا هیچ کاتێك بیرتان لە خۆکوشتن کردۆتەوە؟"

"مردن گرفتە. من هەمیشە هەستم کردووە کە تازیاری* مردن ئەوەیە کە ئیتر ناچار نیت بمری!"

بروێر سەری وەك نیشانەی پشتگیری جووڵاند و قەڵەمی بە دەستەوە گرت.

"ئایا دەتوانم ئەمە یاداشت بکەم؟"

* Pandora : سەرچاوەی هەموو بزیسکە بەڵاهێنەرەکان لە یۆنانی کۆندا. و.فا

* امتیاز

"بەڵێ، بێگومان. بەڵام ناتوانم دزی ئەدەبی لە خۆم بکەم“ ئەمە ئیلهامێکی کتوپڕ نەبوو، بەڵکو لە کتێبێکی ترمدا بە ناوی ***دانایی شادان،*** هاتووە."

بروێر باوەڕی نەدەکرد. چی بەختێکی هەبوو! لە ماوەی چەند دەقەیەکدا نیچە ناوی ئەو دوو کتێبەی برد کە لۆسالۆمێ پێی دابوو. خەیاڵی بروێر هێشتا لای ئەو گفتوگۆ وروژێنەرە بوو. بەبێ ئەوەی کە حەزبکات نۆرەبڕی بەو دەکرد، بەڵام نەیدەتوانی لەم بارە هەڵاوێراوە واتا چارەکردنی مەسەلەی ئاڵۆزی دوو کتێبەکە، بگوزەرێت.

"پرۆفیسۆر نیچە، شتێ کە ئێوە لەبارەی دوو کتێبەکەی خۆتانەوە دەیڵێین بۆ من زۆر سەرنجڕاکێشە. ئایا ئیمکان هەیە کە ئەم کتێبانەم دەستکەوێت؟ بۆ نمونە دەشێ لە یەکێ لە کتێبفرۆشییەکانی ڤییەنادا ئەوانە پەیدا بن؟"

دیار بوو کە نیچە خۆشی لێهاتبوو. "دەزانن کە بڵاوکەرەوەکەی من، شمایتزنێر[١] لە شیمنتز[٢] لە هەڵبژاردنی کاردا هەڵەی کردووە. زۆر زیاتر بۆ دیپلۆماتی نێودەوڵەتی یان سیخوڕی گونجاوە. ئوستادی پیلان و دەسکیسەیە. کارەکانی من نهێنی ئەون چونکە زۆرترینپارێزگارییان لێدەکات. لەماوەی هەشت ساڵی ڕابردوودا تەنانەت یەك فنیگی بۆ ڕیکلام نەداوە و هەروەها یەك نوسخەشی بۆ ڕەخنەکردن و یەك کتێبی بۆ یەك کتێبفرۆشی نەناردووە.

لەبەر ئەوە گەڕان لە دوی کتێبەکانی من لە کتێبفرۆشییەکاندا و بە هەمانشێوە لە کتێبخانەکانی ڤییەنادا، کارێکی مایەپوچ دەبێت. واتا بە ڕێژەیەك ژمارەی نوسخە فرۆشراوەکان کەمە کە من ناوی زۆربەی کڕیاران دەزانم و تا ئەو شوێنەی کە لە یادم بێت هیچ کەسێکی ڤییەناییان لەناودا نییە. هەرچۆن بێت ئێوە دەبێ ڕاستەوخۆ لەگەڵ وەشانخانەکەدا هەماهەنگی بکەن. ئەمە ناونیشانەکەیەتی."نیچە کاغەزدانەکەی کردەوە و بە خێرایی چەند خەتێکی لەسەر پارچە کاغەزێك نووسی و دایە بروێر. " هەڵبەت، خۆم دەتوانم نامەی بۆ بنووسم، بەڵام وا باشترە کە نامەیەك لە ئێوەوە وەربگرێت. ڕەنگە داوای پزیشکێکی زۆر موعتەبەر وای لێبکات کە کەسانی تر لە بوونی کتێبەکەی من ئاگادار بکاتەوە."

بروێر پارچە کاغەزی خستە ناو گیرفانی هێلەکەکەیەوە و گوتی: "من بە تەمام هەر ئەم مشەو کتێبەکان بە ڕادان بدەم. بەڵام بەداخەوە کە ناتوانم خێراتر نوسخەیەك بکڕم یان بە ئەمانەت وەری

---

1- Schmeitzner
2- Chemnitz



بگرم. بەهۆی ئەوەی کە هەموو حاڵەتەکانی نەخۆشەکانم، وەکو کار و ئەوشتانەی کە بایەخی پێدەدەن، بۆ من سەرنجڕاکێشە، دەشێ کە کتێبەکانی ئێوەیش بتوانن لە بەدەستهێنانی باری تەندروستیتان کاریگەر بن. ئەمە جگە لەوەی کە چێژی خوێندنەوەی کتێبەکان و لە دواییدا گفتوگۆ لەگەڵ ئێوەدا، جێگای خۆیان هەیە!"

نیچە لە وەڵامدا گوتی: "ئای، بیرێکم بە مێشکدا هات. من نوسخەکانی خۆم لەگەڵ شتەکانمدا هەڵدەگرم، بە خۆشحاڵییەکی زۆرەوە ئەوانەتان بە ئەمانەت دەدەمێ. هەر ئەمڕۆ بە ئێوەیان دەسپێرم."

بروێری خۆشحاڵ لەم سەرکەوتنە بچووکە، دەیویست لەلای خۆیەوە کارێك لە پێناوی نیچەدا بکات. "کردنی ژیان بە قوربانی نووسین و ڕەوانکردنی خوێنی دڵ لە نووسیندا و دواتر هەبوونی خوێنەرێکی کەم شتێکی تاڵە! بۆ هەندێ لە نووسەرە ئاشناکانی من لە ڤییەنا چارەنووسێکی ئاوا لە مەرگ خراپتر دەبێ. چۆن تەحەمولی ئەوەتان کردووە؟ ئێستا چۆن تەحەمولی ئەوە دەکەن؟"

نیچە لەم لوتف نیشاندانەی بروێر بە زەردەخەنەوە یاخود بە دەنگێکی جیاواز سوپاسی نەکرد، لەگەڵ سەیرکردنێکی بێ جووڵەدا گوتی: "لە کوێدا ڤییەناییەك هەیە کە لە یادی نەکردبێت لە دەرەوەی شەقامی ڕینگ[٣] فەزا و زەمانێکی تریش هەیە؟ من پشوو درێژم. لەوانەیە مرۆڤەکان لە ساڵی ٢٠٠٠ دا ئازایی خوێندنەوەی کتێبەکانی من پەیدا بکەن." لە شوێنی خۆی هەستا. "کەواتە تا هەینی ماڵاوا!"

بروێر هەستی کرد کە دووبارە لێی دراوەتەوە. ئەم ساردییە لە ناکاوە لە کوێوە هاتبوو؟ ئێستا ئیدی دیسانەوە بۆ دووەمین جار ئەم شتە ڕوی دەدایەوە“ یەکەمین جار پەیوەست بوو بە باریکە ڕێوە و لە هەردوو بارەکەدا بروێر تێگەیشت کە دوای نیشاندانی هەستی هاودەردی بەرامبەر بە نیچە، پاشەکشەی کردووە. لە بیرکردنەوەدا ڕۆچوو. "ئەمە چی حاڵەتێکە؟ ئایا پرۆفیسۆر نیچە تەحەمولی ئەوە ناکات کە کەسێ نزیکی بکەوێتەوە، یان پێشنیاری هاوکاری بۆ بکات؟" لە هەمان ئەو شوێنەی کە بیروڕای نیچە دەربارەی هێز دەهاتە ئاراوە ئەو هۆشدارییەی لۆسالۆمێی هاتەوەبیر کە سەبارەت بە هیپۆنۆتیزمکردنی نیچە گوتبووی.

---

3- Ringstrasse

بروێر ڕێگای به خۆی دا که بۆ ماوەیەکی کورت بیهێنێته بەرچاوی خـۆی کـه لۆسـالۆمێ چـۆن ڕوبەڕووی سەختی و تووڕەیی نیچه دەبۆوە. بێگومان لەمە تێنەدەپەڕی، لەوانەیە یەکسەر لەدوای بەرخوردێکی وەها لەگەڵ نیچەدا قسەی دەکرد. ڕەنگە بیگوتایە: "فریدریك! بۆچی هەرکەسێ کـه به قسەی دۆستانه لەگەڵتاندا بدوێ، خێرا ئەبێ ڕاوی بنێن؟"

بروێر له خەیاڵی خۆیدا گوتی چی ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەرە، ئەو که پێـشوازییەکی تـووڕەی لـه بێپەروایی لۆسالۆمێ هەبوو، کەچی ئێستا بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك ئەوی دەهێنایە پێش چاو!

به خێرایی ئەم خەیاڵەی له مێشکی دەرکرد. لەوانه بووکه ژنێك بتوانێت لێبڕاوانه شتێکی وەهـا به نیچه بڵێ، بەڵام ئەو نەیدەتوانی. به تایبەتی که ئێستا پرۆفیسۆر نیچه، سارد و سڕ بـەرەو لای دەرگاکه دەڕۆیشت.

"بەڵێ، هەینی سەعات دوو، پرۆفیسۆر نیچه."

نیچه بەشێوەیەك که وەکو ئەوەبوو ئیکلام بکێشێ، به توندی له دەرگاکه چووە دەرەوە.

بروێر له پەنجەرەکەوە بینی کـه چـۆن لـه قادرمەکانـەوە بـەرەو خـوار بـۆوە و بـه بێخولقییـەوە فایتۆنێکی تێپەڕاند. ملپێچەکەی تا سەروی گوێیەکانی هەڵکێشا و به زەحمەتەوە بەرەو خـوارەوی شەقامەکه هەنگاوی هەڵێنا.

# (٧)

لە کاتژمێر سێی بەیانییەوە بروێر بۆ دووەمین جار هەستی کرد کە زەوی ژێر پێی دادەچێ و نەرم دەبێت و ئەو دیسانەوە لە گەڕان بە دووی بێرتادا، لە بەرزی چل پێوە لە سەر بەردێکی مەڕمەڕ ئەو نیشانە ڕازامیێزەی لێ ڕاستدەبێتەوە. لە کاتێکدا کە دڵی بە خێرایی لێی دەدا، لە خەو ڕاپەڕی. جلی خەو و پێخەفەکەی لە عەرەقدا خووسابوون. بۆ ئەوەی کە ماتیلدە خەبەر نەکاتەوە بە هێواشی لە چەرپاکە دابەزی و لەسەر نووکی پێ خزایە ناو گەرماوەکەوە. پاش ئارایشێ کراسێکی تری لەبەر کرد و بۆ چەرپاکەی گەڕایەوە. بالیفەکەی وەرگێڕا و لە نێو فەرامۆشیدا هەوڵی خەوی دەدا.

بەڵام لەو شەوەدا نەدەبوو بیری لە خەو بکردایەتەوە. بێدار ڕاکشابوو، و گوێی لە هەناسە قووڵ و یەکسەرییەکانی ماتیلدە دەگرت. هەموو شتێك لەخەودا بوو، پێنج منداڵ، لۆئیز، بووکەڵە، مارپای چێشتکەریان، خاتوو گرێتشن[1]ی پەرستاری منداڵەکان ـ هەموویان ـ جگە لە ئەو. ئێشکی بۆ هەموویان دەدێرا. لە تیروپشکدا ناوی بروێر دەرچووبوو کە بێدار بمێنێتەوە و داڵغەی لای ئەوانی تر بێت، لە کاتێکدا کە ئێشەکەی لە هەموویان دژوارتر بوو و لەوانی تر زیاتر پێویستی بە خەو هەبوو. خەیاڵی پووچ هێرشیان دەکردە سەری. توانی چەند دانەیەك لەخۆی دووربخاتەوە، بەڵام داڵغەکانی تر یەك بەدوای یەکدا بەرەو ئەو هێرشیان دەکرد. دکتۆر بینس واگنەر[2] نامەیەکی لە ئاسایشگای بیلەڤووەوە نووسی بوو کە حاڵی بێرتا لە هەموو کاتێك دژوار ترە. لەوە نیگەرانکەر تر

1- Gretchen

2- Binswagner



ئەوەبوو کە ئێکسنەر[3]ی دکتۆری گەنجی دەروونناسی ئاسایشگا، ئاشقی بێرتا ببوو. ئەو پێشنیاری کردبوو کە بێرتا شوی پێبکات، لەبەر ئەوە ناچار ببوو کە چارەسەرکردنی بێرتا بداتە دەست پزیشکێکی تر! ئایا بێرتا وەڵامی هەست و سۆزەکانی ئەوی دابۆوە؟ ئەبێ بە ڕێگایەك ئەو دکتۆرە گەنجەی ئومێدەوار کردبێت؟ لە هەربارێکدا دکتۆر ئێکسنەر نەیهێنابوو، ئەمەش وای کردبوو کە زۆر خێرا دەستبەرداری چارەسەریی ئەو ببێت.

وێناکردنی ئەوەی کە بێرتا بە هەمان ڕێگای تایبەتی خۆی ڕۆژێ بزەیەکی بۆ کردبوو، ئەگەر ئاوا بۆ ئێکسنەری لاویش زەردە بکات، وەکو ئەسید، ئاگایی بروێری دەسووتاند.

بێرتا لە جاران نەخۆشترە! چەندێ بێ موبالاتی نواندبوو کە لافی ڕێگای تازەی هیپۆنۆتیزمی بۆ دایکی بێرتا لێدابوو! ئێستا چی بیرێکی لەبارەی ئەوەوە دەکردەوە؟ هاوکارەکانی لە پشتی ئەوەوە چی چپەچپێکیان دەکرد. لە هەمان کۆلیژی کە براکەی لۆسالۆمێ دەرسی لێدەخوێند، خۆزگە بەو سینگە دەرپەڕیوەیەوە مەغرورانە باسی بێرتای بۆ قوتابییەکانی نەکردایە! کێ دەیەوێ فێربێت کە خۆی کۆنترۆڵ بکات؟ بەهۆی هەستکردن بە شەرم و گوناه لە یەك کاتدا، لەبەر خۆیەوە لەرزی.

ئایا دەشێ کەسێ گومانی کردبێ کە ئەو ئاشقی بێرتایە؟ دەبێ هەموو دونیا سەریان لەوە سوڕمابێ کە چۆن پزیشکێك بە کاتێکی زۆر سنووردارەوە، دەتوانێ لە ماوەی چەند مانگێکدا، ڕۆژانە یەك دوو سەعات لە کاتی خۆی بکاتە قوربانی نەخۆشێك!

دەیزانی کە بێرتا زۆر بەتوندی بە باوکییەوە پەیوەستە. ئایا ئەو پزیشکی جێ متمانەی بێرتا بوو، خۆویستانە لەم دڵوابەستەییە سوودی خراپی لێ وەرنەگرتبوو؟ کەوایە جگە لەم شێوەیە چۆن دەشیا بەو تایبەتمەندییانەوە پیاوێکی بەتەمەن، پەیوەندییەکی وەها ببەستێت؟

بروێر کەوتە گێژاوی ئەو خەیاڵەی کە هەموو کاتێ هەر کە بێرتا دەچووە خولسەوە، ئەو دووچاری حاڵەتێکی تایبەتی دەبوو. سوپاس بۆ خودا کە ئەو هەرگیز نەبووە دیلی شاوەتی خۆی. هیچ کاتێ ئەشقی خۆی بۆ ئەو ژنە دەرنەبڕی و دەستی لە سینەیەوە نەدا. ماساژکردنی ئەوی دەهێنایە پێش چاوی خۆی" لە ناکاو یەکێ لە جومگەکانی ژنەی گرت، دەستەکانی بەرەو سەرەوەی برد، جلکی

3- Exner

خەوی بەرەو سەرەوە هەڵکێشا، بە ئەژنۆکانی ڕانەکانی ژنەی لێکجودا دەکردەوە، لەپڕ ژمارەیەکی زۆری خەڵکی ـ پەرستاران و هاوکاران و خانم پاپن هایم ـ هاتنە ژوورەوە!

ئەو ماندوو، نائومێد، تلێکی دا. مادامەکی دەبووە نێچیری نیگەرانی گەورە، بۆچی خۆی بەم شێوەیە شکەنجە دەدا؟ تەنانەت نیگەرانییەکانی دژەجوولەکەیی کە لە بەهێزبووندا بوو، دەبووە ڕێگری ئەو لە زانکۆدا" حیزبی تازەی شۆنیرێر[٤] بە ناوی یەکێتی نەتەوەیی ئەڵمانیا، بە وتاربێژانی توندی دژەجوویی و کۆمیتەی ڕیفۆرمی نەمسایی کە دەیانویست کارگە پیشەسازییەکان بجووڵێنن تاوەکو دژ بە جوولەکە سەرمایەدارەکان، ئەو جووانەی کە لە ڕێگای ئاسندا کاریان دەکرد، جووەکانی نێو شانۆ و چاپەمەنییەکان بێنە مەیدانەوە. شۆنیرێر لە هەمان هەفتەدا لە دژی کۆبوونەوەی جووەکان، داوای ئەنجامدانی سەرلەنوێی یاسا سنووردارکەرە کۆنەکانی دەکرد و ڕایگەیاندبوو کە لەشاردا نائارامییەکی پەرش و بڵاو هەیە. بروێر دەیزانی کە بارودۆخەکە خراپتر دەبێت و کار لە بارودۆخی زانکۆ دەکات.

یەکێتییە قوتابیانەکان داوایەکی تازەیان خستبووە ڕوو، کە لە کاتی سووکایەتی پێکردن و نواندنی بێڕێزی لە بەرامبەریاندا، نابێت جووەکان مافی داواکردنی قەرەبووکردنەوەی زیانەکانیان لە ڕێگای دوویلەوە* هەبێت، لەبەرئەوەی کە "بە زگماك بێ شەرافەت"ن. تاوەکو ئێستا شتێکی لە بارەی ناوناشیرینکردن و تۆمەتبارکردنی دکتۆرە جوولەکەکانەوە نەبیستبوو، بەڵام دەبێ چاوەڕێی ئەوەش بکات.

گوێی بۆ دەنگی پرخەپرخی هێواشی ماتیلدە ڕاگرت. گەورەترین نیگەرانی ئەو لە تەنیشتییەوە بوو! ژن، هاوسەرێکی دڵسۆز و دایکێکی میهرەبان ئەوی کردبووە ناوەندی ژیانی خۆی. بروێر ئێستا بە یاریدەی جەبیزییەك کە ماتیلدە لەلایەن خێزانی ئاڵتمانەوە لەگەڵ خۆیدا هێنابووی، پیاوێکی دەوڵەمەند بوو. چی کەسێ دەیتوانی بەهۆی ناڕەزایەتییەوە لە بەسەرهاتی بێرتا سەرکۆنەی بکات؟ ئەو بۆ ناڕەزایەتی بەڵگەی پێویستی بەدەستەوە بوو.

4- Schoenerer

* Duel: شوێنێکە کە پێشتر هەبووە بۆ قەرەبووی ئیهانەت و گێڕانەوەی شەرەف. و.ك



بروێر تەماشایەکی ژنەی خەوتووی کرد. لە کاتی زەوجیندا، وا هاتە بەرچاوی کە ئەو جوانترین ژنێ بووە کە تا ئێستا دیویەتی. ئەو لە شازادە و بێرتا و تەنانەت لە لۆسالۆمێش جوانتر بوو. ئایا لە ڤییەنادا پیاوێك پەیدا دەبوو کە ئێرەیی بە بروێر نەبات؟ کەوایە بۆچی حەزی نەدەکرد کە دەستی لێبدات یان ماچی بکات؟ چی بوو وای دەکرد کە دەمی کراوەی ماتیلدە ئەو توورە بکات؟ ئەم شێتییە ترسناکە لە کوێوە دەهات کە ئەو لایوابوو دەبێ لە دەستی ژن هەڵبێت؟ ئایا ماتیلدە هۆکاری ئازاری ئەو بوو؟

لە ڕووناکییەکی کەمدا بە دیقەتەوە ئەوی دایە بەر نیگا. لێوە شیرینەکانی، ناسکییە جوانەکەی، هەروەها پێستێکی مەخمەڵی هەبوو. لە خەیاڵی خۆیدا ئەوی پیر و چرچ هەڵگەڕاو دەکرد. پێستێکی چەرمئاسا و زبری دەدی کە داچۆڕابوو. ئێسکی ڕەنگ عاجی کەللەسەری دیاردەکەوت. چاوی لە خڕی مەمکەکانی و سەروی قەفەسەی سینەی بڕی بوو. ماسییەکی گەورەی هەڵوەشاوەی هاتەوە یاد کە لە ڕۆژێکی باراناوی لە گەڕانێکدا لە کەنار دەریا لە ناکاو کەوتبووە بەرچاوی و ئێسکەکانی ڕەنگ و ڕوویان نەمابوو، لە دەرەوەی جەستەیەوە دەدرەوشانەوە.

بروێر هەوڵی دا کە خەیاڵی مردن لە سەر خۆی دەرکا. ڕستەیەکی گوت کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەبوو، ڕستەیەکی لوکریز[٥] "مردن پەیوەندی بە ئێمەوە نییە" چونکە تا کاتێ کە ئێمە بوونمان هەیە، مردنێك بوونی نییە و کاتێکیش کە مەرگ دێت، ئیتر ئێمە بوونمان نییە." بەڵام بێهوودە بوو.

سەری بەم لاولادا دەچەرخاند. دەیویست خۆی لە شەڕی خەیاڵی نەخۆشیئاسا ڕزگار بکات. ئەم خەیاڵانە لە کوێوە دەهاتن؟ ئایا بەهۆی گفتوگۆ بوو لەگەڵ نیچەدا لەبارەی مەرگەوە؟ نا ئەم خەیاڵە پەیوەندی بە نیچەوە نەبوو، ئەو تا ڕادەیەکی زۆر ئەوی بەڕێ کردبوو. ئەم خەیاڵانە بەردەوام هەبوونە. ئەو بیری لە هەموو ئەوانە کردبۆوە. بەڵام کاتێ کە بیری لەوانە نەدەکردەوە لە کوێی ئاگایی ئەودا دەژیان؟ فرۆید ڕاستی دەکرد کە دەیوت ئەبێت ئەمبارێك لە بیر و خەیاڵی ئاڵۆز لە مێشکدا بوونی هەبێت کە لە دەرەوەی ئاگاییدایە، بەڵام هەمیشە لە بەردەست و ئامادەیە تاوەکو هەموو کات بۆ لێکۆڵینەوە بەرەوتەختی هزرین، هوشیارانە جووڵە بکات.

5- Lukrez

بەڵام لەم ئەمباری نائاگاییەدا تەنها بیر و خەیاڵ بوونیان نەبوو، بەڵکو شۆڕ و هەیەجان، هەوا و هەوەسیش لەوێدا هەبوون! بروێر بەر لە چەند ڕۆژێك، کاتێ کە بە فایتۆنەوە لە ڕێگەدا بوو، چاوی بە فایتۆنێکی تەنیشتی کەوت کە ئەسپێك بە دوو سەرنشینەوە رایدەکێشا. ژن و مێردێکی پیر و ڕووگرژی تێدا بوو کە سەیری ناو فایتۆنەکەی ئەویان دەکرد. کەچی فایتۆنچییەکە دیار نەبوو! فایتۆنی خێوەکان! ترسێکی گەورە سەراپای داگرتەوە و لە ماوەی چەند چرکەیەکدا جلەکانی لە ترساندا خووسان، بەڵام دواتر فایتۆنچییەکەی دیت کە بەرەو پێشەوە نوشتابۆوە و بە چەکمەکانییەوە خۆی خستبووە سەرلا.

بروێر سەرەتا بە پەشۆکاوی خۆی پێکەنی، بەڵام هەرچەندە زیاتر تێڕادەما بۆی ڕوونتردەبۆوە کە ئەو لەگەڵ ئەوەی مرۆڤێکی واقیعبین و بیرئازادیشە، کەچی ڕێگای بە گەورەبوون و گەشەکردنی ترسێکی لە ناکاو و خورافات داوە. ئەوانەش نەك لە قووڵاییەکی زۆر، بەڵکە تەواو لە ژێر ڕووکاردابوون و چاوەڕوانی بێنرخترین بۆنەیەکیان دەکرد. ئاخ، خۆزگە دەکرا وەکو نەشتەرگەری لووەکان، ڕەگ و ڕیشەی ئەم خەیاڵانەشی لە بن هەڵکەندایە!

هێشتا خەو نەیبردبۆوە. لە چرپاکەی هاتە خوارەوە و جلکی خەوەکەی کە لە بەریدا لۆچ ببوو، ڕێکی کرد و بالیفەکەی پاڵنا. دیسانەوە کەوتەوە بیری نیچە. چ مرۆڤێکی سەیر بوو! چی گفتوگۆیەکی وروژێنەریان پێکەوە هەبوو! حەزی لەم جۆرە گفتوگۆیانە هەبوو، لەو کاتانەدا لە جیهانی خۆیدا ڕۆدەچوو. بە ڕاست، ئایا دروشمی نیچە چی بوو؟ "ئەوەبە کە هەیت!" بروێر لە خۆی پرسی: "ئەی من کێم؟ دەبایە چی بوومایە؟" باوکی نیچە قوتابی تالمود[٦] بوو، لەوانەیە لەبەر ئەمە بێت کە فەلسەفە لە خوێنیدا دەهات و دەچوو. ئەو خۆشحاڵ بوو کە لە کاتی خوێندندا هەندێ وانەی فەلسەفی کەمی هەبوو. هەڵبەت ئەمەیش زیاتر لەوەوە بوو کە لە پزیشکیدا بایەخی هەیە، بۆیە ئەو ساڵی یەکەم و بەرلەوەی کە خوێندنی بە شێوەیەکی جیدی دەست پێبکات بە پێداگری باوکی لە کۆلیژی فەلسەفە ناوی خۆی تۆمارکرد. بەهۆی ئەوەشەوە کە هاتووچووی لەگەڵ مامۆستایانی فەلسەفەی وەك برینتانۆ[٧] و یۆدیل[٨] درێژە پێدا، هەستی بە خۆشی دەکرد. لە ڕاستیدا ئەو ناچاربوو

6- Thalmud

7- Brentano

8- Jodel



کە زیاتر بچێتە سەردانی ئەوان. بزاوتن لە ڕووی فیکرییەوە لە جیهانێکدا کە تەنیا تایبەت بوو بە هزرەوە، شتێکی پاك و نایابی لە خۆدەگرت. لەوێدا و ڕەنگە بە تەنیا لەوێدا لە بەرامبەر بێرتا و ئارەزووە سێکسییەکاندا لە ئارامی و ئاسایشدا بێت. چی دەبێ ئەگەر وەکو نیچە هەموو تەمەنی مرۆڤ لەو دنیایەدا بەسەرببرێت؟

نیچە چەندێ ئازایانە بیرەکانی خۆی دەردەبڕی! تەنانەت ئەو فیکرەی کە کەسێك بڵێت: ئومێدەواری خراپترینی خراپەکانە! خودا مردووە! واقیعییەت جۆرێك خەتایە کە بەبێ ئەو ناتوانین بژین! بیروباوەڕەکان دوژمنی واقیعییەتن نەوەکو درۆکان! دەسکەوتی مردووەکان ئەوەیە کە ئیتر ناچارنین بمرن! پزیشکەکان ئەو مافەیان نییە کە مەرگی مرۆڤەکان لەوان بستێننەوە! چی بیرکردنەوەیەکی پیسن! بروێر هەموو ئەوانەی ڕەتکردبۆوە، بەڵام گشت ئەو نارەزاییانە ڕووکەش بوون، لە ناوەوەی خۆیدا حەقی بە نیچە دەدا.

ئەی نیچە تا چی ئەندازەیەك ئازاد بوو؟ بەم ئەندازەیە ژیانی ئازادانە بە چی شێوەیەکە؟ نە ماڵێك، نە کار و خزمەتێکی هەیە، نە کرێیەك بە کەسێك دەدات، نە منداڵێ گەورە دەکات، نە بڕیاری دیداری جۆراوجۆری هەیە و نە وەکو ئەرك و پلەیەکیشی لە کۆمەڵگادا هەیە. ئەم جۆرە ئازادییە گومڕایی بەخشە. بۆچی فرێدریك نیچە ڕێژەیەکی زۆری لەوە هەیە و یۆزیف بروێر زۆر کەم؟ نیچە خۆی ئازادی خۆیی بەدەستهێنابوو. بروێر ئاهێکی هەڵکێشا، ئەی بۆچی من ناتوانم؟ لەسەر چرپاکەی ڕاکشا تا سەری گێژی خوارد و شەشی بەیانی زەنگی سەعات لێی دا.

کاتێ لە کاتژمێر دە و نیوی بەیانی دوای تەواوکردنی سەردانەکانی خۆی، گەیشتە کلینیك. خانم بیکر چاوەڕوانی بوو: "بەیانیت باش دکتۆری بەڕێز. ئەم بەیانییە کاتێ گەیشتمە بەر دەرگا تاوەکو بیکەمەوە، پڕۆفیسۆر نیچەی ئێوە لە ڕاڕەوەکەدا دانیشتبوو، ئەم کتێبانەی دامێ بۆ ئێوە و داوای لێکردم تا بە ئێوە بڵێم کە ئەمانە نوسخەی تایبەتی خۆین، لەگەڵ یاداشتگەلێك کە دەربارەی ئیلهامی کارەکانی دواییني نووسراوە. دەیگوت کە ئەو یاداشتانە تایبەتن بە خۆیی وئێوە ڕێگاتان پێنادرێت لە ژێر هیچ مەرجێکدا ئەوانە بە کەسانی دی نیشان بدەن. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر نەخۆش دەهاتە بەرچاو و ڕەفتاری سەیری هەبوو."

"سەیر، خانم بیکر؟"

"هەمیشە چاوەکانی بە جۆرێك دەتروکاند وەکو ئەوەی کە ناتوانێ ببینێ یان نایەوێ شتێ کە دەیبینێ قەبوولّی بکات. ڕەنگیشی پەڕیبوو! دەتگوت هەموو ساتێ ڕەنگە لەهۆش خۆی بچێت. لێم پرسی ئایا پێویستی بە یارمەتی هەیە، دەتوانم چایەکی بۆ ببەم یان حەز دەکات بۆ ماوەیەك لێرە ڕابکشێ؟ مەبەستم هاوکاری بوو، کەچی ئەو تووڕە دەهاتە بەرچاو، بەڕاستی غەزەبناك بوو. بەبێ قسە گەڕایەوە و لە پلەکانەوە چووە خوارەوە."

بروێر بەستەکەی لە سکرتێرەکەی وەرگرت. دوو کتێب کە بە تاقەتەوە لە ڕۆژنامەی دوێنێ بەیانییەوە پێچرابوون و بە پەت بەسترابوو. بەستەکەی کردەوە و کتێبەکانی لەلای ئەوانی تر دانا کە لۆسالۆمێ دابوویە. هەلّبەت نیچە هەلّەی کردبوو لەو شتە سەیرەی کە دەیگوت تەنیا کەسێکە لە ڤییەنادا کە ئەو کتێبانەی لایە. بەلّام بە دلّنیاییەوە بروێر تەنیا کەسێك بوو لە ڤییەنا کە دەیتوانی شانازی بە خۆیەوە بکات کە دوو نوسخەی لە هەر کتێبێك لەبەردەستدا بوو.

"وای! ئەمانە هاوشێوەی هەمان ئەو کتێبانە نین کە خانمە بە شان وشکۆ ڕوسییەکە بۆی هێنان؟" خانم بیکر هەر ئەو کاتە بە چەند نامەیەکی هاتووەوە لە دەرگاکەوە وەژوور کەوتبوو، کاتێ کە کاغەزی ڕۆژنامە و پەتەکانی لەسەر مێزەکەی بروێر کۆدەکردەوە، سەرنجی لە ناونیشانی وەك یەکی کتێبەکان دابوو.

بروێر لەگەلّ خۆیدا دەدوا کە چۆن درۆیەك، درۆیەکی تر بەدوای خۆیدا دێنێ و چۆن درۆزن هەمیشە دەبێ چاودێر بێت. هۆیەکەی ئەوە بوو کە خانم بیکر بەهەمانشێوەی کە لە کارەکەیدا بە توانا و ڕەسمی بوو، لەگەلّ چەند نەخۆشێکیشدا هاتوچۆی تایبەتی هەبوو. لەوانەبوو کە ئەو لەبەردەمی نیچەدا ناوی "خانمی ڕوسی" یان ئەو کتێبانەی کە ئێستا دابوویە دەستی بروێر، ببات؟ دەبایە ئاگاداری بکردایەتەوە.

"خانم بیکر، دەبێ ڕوونکردنەوەیەك بدەم بە ئێوە“ ئەو خانمە ڕوسە، خاتوو سالۆمێ ـ کە دیارە لە دلّەوە خۆشتان دەوێت ـ لە ناسراوە نزیکەکانی پرۆفیسۆر نیچەیە یان باشتر بلّێم بووە. ئەو نیگەرانی بارودۆخی جەستەیی پرۆفیسۆر نیچەیە، بە ناوبژیوانی ئەو ناسراوانی تری نیچە، ئەویان ڕەوانەی لای من کرد. بەلّام نیچە شتێك لەم ڕووداوانە نازانێت، لەبەر ئەوەی ئەو و خاتوو سالۆمێ شەڕیان کردووە و ڕقیان لە یەکتریی هەلّگرتووە. ئەگەر بڕیاروابێ تەنانەت بچووکترین ئومێدێکم بۆ یاریدەدانی ئەو هەبێت ئەوا نابێت بە هیچ جۆرێك لە گفتوگۆی نێوان من و خاتوو سالۆمێ ئاگادار بێت.



خانم بیکر تەنها سەری لەقاند، بەو مانایەی کە ئەم نهێنییە دەپارێزێت. پاشتر لە پەنجەرەوە دوو نەخۆشی دیت کە خەریك بوون دەهاتنە ژوورەوە. "هێر هاپیتمن و خانم کلاین. کامیان لە پێشدا ڕەوانە بکەم؟"

دیاریکردنی سەعاتێکی تایبەت بۆ نیچە کەمێ نائاسایی بوو. وەك هەمیشە و مینا زۆربەی هاوکارانی ڤییەنایی خۆی تەنها ڕۆژی دیاری دەکرد.دواتر بەپێی هاتنە ژوورەوەیان لەوانی دەڕوانی.

"هێر هاپیتمن بنێرنە ژوورەوە ، ئەو دەبێ دووبارە بگەڕێتەوە بۆ سەر کارەکەی."

کاتێ کە دوایەمین نەخۆش بەر لە نیوەڕۆ ڕۆیشت، بروێر بڕیاری دا کە سوود لە کات وەربگرێ و بەر لە دیداری نیچە کە ڕۆژی دواتر بوو، نووسینەکانی ئەو بخوێنێتەوە داوای لە خانم بیکر کرد ئەو پەیامە بگەیەنێت بە هاوسەرەکەی کە هەر وەختێ بە تەواوی خواردن لەسەر مێز ئامادەکرا، ئەو دەگەڕێتەوە بۆ مالّەوە. ئەو کتێبانەی کە بەرگێکی سادەیان تێگیرابوو بە دەستەوە گرت و هەردووکیان لە سێ سەد لاپەڕە کەمتر بوون. خۆی بە ئەرکمەند دەزانی کە نوسخەکانی نیچە بخوێنێتەوە ـ وەك بلّێی ئەم کارە دەتوانێ پاساوی گۆڕانی ئەو بداتەوە ـ گەرچی ئەو واباشتر بوو لای ئەو نوسخانە بخوێنێتەوە کە لۆسالۆمێ دابوویە، تاوەکو بتوانێت بەپێی بیروباوەڕی خۆی خەت بێنێت بە ژێر ڕستەکاندا و لە کەنارەکانیدا یاداشتی بکات. ئەو ڕستانەی کە نیچە خۆی زیادی کردبوون ئەزییەتی چاویان دەدا، خەتکێشانی زۆری ژێر ڕستەکان و نیشانەی سەرسوڕمان لە پەراوێزدا، پشتگیری کورتی وەك"بەلّێ! بەلّێ!" یا هەندێ جار سەرکۆنەی وەك "نەخێر!" یان "گێل! نەفام!" بەرچاو دەکەوتن. سەرباری ئەوانە ڕستەگەلێکی زۆر کوژابوونەوە کە بروێر نەیدەتوانی سەریان لێ دەربکات.

کتێبانێکی سەیر بوون کە تائێستا شتی وەك ئەوانی نەخوێندبۆوە. هەر کتێبێك لە سەدان بەشی ژمارە لێدراو پێکهاتبوو کە وادیاربوو ژمارەیەکی کەم لەوانە پەیوەندییان پێکەوە هەبێت. هەموو بەشەکان کورت بوون، ئەوپەڕی دوو تا سێ پەرەگراف و بە زۆری تەنها چەند ڕستەیەك دەبوون. هەندێ کات تەنیا یەك ڕستەی کورت بوون: "فیکرەکان سێبەری سووسەکردنەکانی ئێمەن ـ هەمیشە ڕەشتر، بەتالّتر و سادەترن لە ئەوان." ، "ئێستا ئیتر کەسێ لەبەر واقیعییەتە مەرگهێنەکان نامرێت“ دژە ژارگەلێکی زۆر هەنە." ، "چی شتێك لە کتێبێکدا هەیە کە بە یەکجاری ئێمە بە دوای  هەموو کتێبەکانی تردا دەجوولّێنێت؟"

دیاربوو کە پرۆفیسۆر نیچە خۆی بۆ دژایەتیکردنی هەموو بابەت و شتێکی کە وێنا بکریت، بە ئامادە دەزانی، ئیتر جیاوازی نەدەکرد کە بابەتی ئەم دژایەتییە، مۆسیقا، هونەر، سروشت، سیاسەت، هێرمۆنتیکا، مێژوو یا دەروونناسی بێت. لۆسالۆمێ ئەوی بە فەیلەسوفێکی مەزن دەزانی. ڕێی تێدەچوو. بروێر بۆ داوەری کردن لە بارەی کتێبەکانی نیچەوە خۆی بە شایستە نەدەزانی. بەڵام لەیەك شت بێگومان بوو: نیچە شاعیرێك بوو.

هەندێ لە دەربڕینەکانی پێکەنیناوی دەهاتنە بەرچاو. بۆ نمونە ئەو دیاریکردنە نەفامانەی کە باوکان و کوڕان هەمیشە زیاتر لە دایکان و کچان چاودێری خۆیان کردووە.

بەڵام هەندێ لە ڕستە کورتەکانی ئەو، مرۆڤ بۆ تاقیکردنەوەی خود بانگهێشت دەکەن" " لاك و مۆری ئازادییەك کە بەدەستمان هێناوە، ئەوەیە کە ئیتر شەرم لە خۆمان نەکەین." بەشێکیان کارێکی گەورەی لە ئەو کرد:

"بە هەمانشێوەی کە هێسکەکان، پلەکانی گۆشت، ڕیخۆڵەکان و ناوسك و دەمارەخوێنییەکان بەهۆی پێستێکەوە داپۆشراونە کە وا دەکەن بەرگەی دیمەنی مرۆڤێك بگرین، بەهەمانشێوە پێست پووچی و جووڵەکان و هەڵچوونەکانی ڕۆحیش لەخۆ دەگرێت" پێست بریتییە لە ڕۆح."

دەبێ چی ئەنجامێك لەم نووسینانەدا بەدەست بێت؟ بە سەختی دەتوانرا چینبەندی بکرێن، لە کاتی پێویستیدا لەوانەبوو بە شێوەی گروپێك لەبارەیانەوە قسە بکرێت، بەهۆی ئەوەی کە ئەوانە بەبێ گوێ پێدان دەیانبزواند، هێرشیان دەکردە سەر هەموو پەیمانە کۆمەڵایەتییەکان، فەزیلەتە بڕیارلێدراوەکانیان بە کەم دادەنا، بەڵێ ئەوانەیان دەبردە ژێر پرسیارەوە و ئامۆژگاری تێکەڵ و پێکەڵیان دەکرد.

بروێر سەیرێکی سەعاتەکەی کرد. چارەکی دەویست بۆ دوو. ئیتر کاتێ بۆ خوێندنەوەیەکی ڕەحەت نەمابوو. لەگەڵ ئەوەی کە ئاگای لەوەبوو کە هەرنا ئێستا بۆ نانی نیوەڕۆ بانگی دەکەن، چاوێکی خێرای گێڕا بەو بەشانەی کە لەوانەبوو لە دیداری ڕۆژی داهاتووی لەگەڵ نیچەدا سوودێکی کردەییانەی لێ وەربگرێت.

ئاسایی بوو کە دابەشکردنی کاتەکانی فرۆید لە نەخۆشخانە ڕێگای بەو نەدەدا کە پێنج شەموان لە دەرەوەی نەخۆشخانە نان بخوات، بەڵام ئەو ڕۆژە بروێر جەختی لێکردبوو، کە



مەرەخەسی وەربگرێ تاوەکو بتوانن لەمەڕ دیتنی نیچەوە گفتوگۆ بکەن. دوای خواردنی نانێکی باش کە بریتی بوو لە سووپی کرافیول دواتریش شنیتس بە ئەستووکی بچووکەوە، لەگەڵ کەلەرمی ناسك و تەماتەدا هەروەها نانی جۆی زبریان خوارد کە مارتا خۆی دروستی کردبوو لە کۆتاییشدا سێوی سوورکراوەیان بە دارچین و کرێمەوە خوارد و گازۆزیشیان نۆشی. ئەوجا بروێر و فرۆید بەرەو ژووری خوێندنەوە چوون.

بروێر لەگەڵ ئەوەی کە بە شێوەیەکی دووردرێژ نەخۆشی و نارەحەتییەکانی ئێکهارد مۆلەر ـ نەخۆشی تازە و سەمەرەی بروێر ـ ی باسکرد، ئاگای لێبوو کە چاوانی فرۆید بە هێمنی داخران. بروێر ئەو بێحاڵی و سستییەی دەناسی کە دوای نانخواردن دووچاری فرۆید دەبوو، تەنانەت دەیزانی کە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکات.

بە وزەوە گوتی: "سیگمۆند، ئێستا دەمانەوێت لەبارەی قەبووڵبوونی سەرکەوتوانەی ئێوە لە تاقیکردنەوەدا، کارێك ئەنجام بدەین. من ڕۆڵی پرۆفیسۆر نوتناگڵ دەگێڕم. دوێنێ شەو نەنووستوومە. مەعیدەم زۆر ئازارم دەدات و ماتیلدە لە دەستم تووڕەیە، چونکە جارێکی تر درەنگ گەیشتوومەتە سەر سفرە" لەبەر ئەوە زۆر باش ئامادەییم هەیە کە بتوانم ڕۆڵی ئەو هیولایە بگێڕم."

بروێر بە دەماغێکی گەرم و بە شێوەزاری باکوری ئەڵمانیا، لەگەڵ ڕەفتاری وشك و فەرماندەرانەی پروسییەکاندا، دەستی بە قسان کرد: "دکتۆری بەڕێز، من باسم لە ڕەوتی نەخۆشییەکانی ئێکهارد مۆلەر کرد، ئێستا خەریکی لێڕوانینی پزیشکی بن، بەڵام سەرەتا ڕوونی بکەنەوە ئەبێ چ شتێك لەبەرچاو بگیردرێت؟"

فرۆید بە گومانەوە بە پەنجەکانی یەخەی شل کردەوە، ئەو وەکو بروێر بە هیچ جۆرێك چێژی لەم ئەزموونەنمایشییە وەرنەدەگرت، تەنانەت ئەگەر ئەوەشی قەبووڵ بکردایە کە ئەم نمایشنامانە ڕاهێنانێکی زۆر باشن، هێشتا لەگەڵ ئەمەشدا فشاریان دەختە سەر مێشکی.

دەستی پێکرد: "بێگومان لە ناوەندی سیستەمی دەمارییدا برینێك هەیە. سەرئێشە، کەمبوونەوەی توانای بینین، بۆماوەیی نەخۆشی ئەعسابی باوك و تێکچوونی هاوسەنگی، هەموو ئەمانە نیشانەی هەمان نەخۆشینە. من پێم وایە تۆمۆرێکی دەماغییە" لەوانەشە ئیفلیجی گەشەکردوی ناسراو بە M.S بێت. ئەگەر لە شوێنی ئێوە بوومایە، نۆرینێکی وردم بۆ کردارە دەمارەکانی دەکرد و بەر لە

هەر شت دەمارەکانی مێشکیم بە دیقەتەوە تاقیدەکردەوە، بە تایبەتی جووتە دەمارەکانی ١، ٢، ٥، ١١. ئینجا مەیدانی بینینم بە تەواوی دیاری دەکرد. تۆمۆر توانای هەیە کە فشار بۆ دەماری بینین بهێنێت."

"ئەی تێکچوونەکانی تری بینایی چی دەبێت، جەنابی دکتۆر؟ بزیسکەدانی پێشەوەی چاو، ناڕوونبوونی شتەکان لە دەمەوبەیاندا کە وردەوردە لەگەڵ درێژبوونەوەی ڕۆژدا کەمدەکاتەوە، هۆکاری چییە؟ ئایا تۆمۆرێکی زیانبەخشی وا دەناسن کە نیشانەگەلێکی وای هەبێت؟"

"باشە، دەبێ تۆڕی چاو بە وردی نۆڕینی بۆ بکرێت. ڕەنگە توانەوەی مادەی زەردی تۆڕی چاو بێت."

"ئەی کە دوا نیوەڕوان باشتر دەبێت؟ سەرسوڕهێنەرە! خۆ نابێت دۆزینەوەیەك لە چاوی جیهانی پسپۆری شاراوە بێت! ئەی دەربارەی سووڕی نەخۆشییەکانی، نیشانە ڕۆماتیزمییەکانی و هەڵهێنانەوەی خوێن چی ڕوودەدا؟ ئایا هەموویان دەرکەوتەکانی یەك تۆمۆری زیانبەخشی شێرپەنجەییە؟"

"دکتۆر نوتناگڵ، لەوانەیە نەخۆشەکەتان لە نەخۆشی جیاواز ئازاربکێشێ. بە هەمانشێوەی کە ئۆپۆلسەر بە شەوقەوە دەیگوت، کێچ و ئەسپێ. ڕەنگبێ ئەو کەمخوێنیشی هەبێت."

"چۆن دەتانەوێت دەستنیشانی کەمخوێنی بکەن؟"

"لە ڕێگای هیمۆگلۆبین و پاشەڕۆوە."

"نا! نا! نا! ئەی خودای من! کەوایە لە کۆلیژی ڤییەنا چی فێری ئێوە دەکەن؟ داخۆ ئەوەنییە کە سوود لە هەرپێنج هەستەکەی خۆت وەربگریت؟ وای لە دەست ئەم دکتۆرە جوولەکەیە! ئەنجامەکانی تاقیگا لەیاد بکە. ئەنجامەکانی لابراتۆر تەنها جەخت لەسەر شتێك دەکەنەوە کە لێڕوانینە پزیشکییەکان بەر لە ماوەیەك بە ئێوەیان نیشانداوە! دکتۆر وای دابنێن کە ئێوە لە گۆڕەپانی جەنگدان. لەوێشدا دەتانەوێت پاشەڕۆ تاقی بکەنەوە؟"

"من لە بارەی کەمخوێنییەوە، بە زۆری لە قەڵشتەکانی دەست و پۆشەری پەردەی مەلاشوو واتا ئاسمانەی دەم و زمان، چاوەڕوانی پێستێکی ڕەنگ پەڕیو دەکەم."



"ڕاستە. هەڵبەت ئێوە گرنگترین بابەتێك واتا نینۆکە ناسکەکان لە یاد دەکەن!"

بروێر سینگی ساف کرد و لە کاتێکدا کە هێشتا دەنگی نۆتناگڵی سەختگیری دەردەهێنا: "باشە هاوکاری ئازیز، ئێستا دەمەوێت ئەنجامی نۆڕینەکانتان بۆ باس کەم. یەکەم: نۆڕینی پاتۆبیۆلۆژیکی هیچ جۆرە بابەتێکی بەرچاو نیشان نادات. هەموو شتێك لە باشترین بارودۆخدایە و تەواو سرووشتییە. لەبەر ئەوە دەستنیشانکردنی تۆمۆری دەماغی یان تۆمۆری زیانبەخشی شێرپەنجەیی هەڵەبووە، دکتۆر فرۆید.

سەرباری ئەوە ئەم دەستنیشانکردنە ئەگەرێکی کەمی هەیە، مەگەر ئەوە نەبێت کە سەرچاوەگەلێك بناسیت کە ساڵانێکی زۆر بەشاراوەیی مابێتنەوە و تەنها بۆ ماوەیەك دەرکەوتووە و ماوەی بیست و چوار تا چل و هەشت کاتژمێر نیشانەی دژواری لە خۆیدا دەرخستبێ و پاشتر بەبێ هیچ جۆرە بەربەستێکی پاتۆبیۆلۆژیکی دووبارە دیار نەمابێتەوە. نا، نا، نا! هیچ نەخۆشییەکی دەماغی تایبەت بوونی نییە، بەڵکو مەسەلەکە دەگەڕێتەوە بۆ تێکچوونە دەروونییە کاتییەکان!" ئێستا وا دەردەکەوت کە بروێر کاتێ بە دەنگێکی هێرشبەرانە و فەرماندەرانەی پرۆسییەوە قسەی دەکرد، باڵایشی بەرز دەبۆوە: "تەنها یەك دەستنیشانکردن ڕێی تێدەچێت، دکتۆر فرۆید."

فرۆید سوور بۆوە: "من نازانم." وەها پەژیوان سەیری دەکرد ناچار بروێر دەستی لە یارییەکە هەڵگرت، نوتانگڵی بۆ پشتی شانۆ دوورخستەوە، و بە دەنگێکی لەسەرخۆوە گوتی: " بۆچی، بۆچی سیگمۆند، ئاشکرایە کە دەزانن. ئێمە جاری پێشوو لەم بارەیەوە قسەمان کرد. نەخۆشی نیوەی سەر یان میگرەن بوو، ئێوەش بەو هۆیەی کە گومانی ئەمەتان نەدەکرد نابێ شەرمەزار بن“ میگرەن جۆرێ نەخۆشییە کەدەبێت لە ماڵەوە ڤیزیت بکرێن[*]. بە دەگمەن لە نەخۆشخانە ڕێکەوتیان دەکەیت، چونکە قوربانییەکانی ئەو نەخۆشییە بە دەگمەن دەچنە نەخۆشخانە. بەڵام بێگومان ئەم هێر مۆلەرەی ئێمە ئازاری دەردێکی سەختی نیوەی سەر دەکێشێت. ئەو هەموو نیشانە کلاسیکییەکانی نەخۆشی تێدا دەردەکەوێت. وەرن با جارێ ئەوانە دەستەبەندی بکەین. سەرئێشەکانی سووڕێکی توند کە نیوەی سەری دەگرێتەوە ـ کە هەڵبەت بە زۆری بۆماوەییە ـ لەگەڵ بێ شەهێییدا، هێڵنج و ڕشانەوەی هەیە، سەرباری ئەمانە تێکچوونی بینین و بروسکە لێدان و بزیسکەی پێشەوەی چاو یاخود تەنانە لەدەستدانی بینینی هەردوو چاو."

[*] سەردانکردن.

فرۆید دەفتەرێکی گچکەی لە گیرفانی ناوەوەی چاکەتەکەی دەرهێنابوو و دەینووسی. "یۆزیف، ئێستا دووبارە شتگەلێك دێنەوە یادم کە پێشتر لەبارەی میگرەنەوە خوێندبووم. دو بۆیس ڕیمۆند[9] لەو بڕوایەدایە کە ئەمە جۆرێك نەخۆشی خوێنهێنەرییە و لە ئەنجامی گیرانی یەکێك لە خوێنبەرەکانی سەرەوە پەیدا دەبێت."

"دو بۆیس ڕیمۆند لەبارەی نەخۆشی خوێنهێنەرەوە بەتەواوی ڕاست دەکات، بەڵام خۆ هەموو نەخۆشەکان توشی دەمارگیران نەبوون. من نەخۆشانێکی زۆرم بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتەوە هەبووە، واتا بەهۆی فراوانبوونی دەمارەکانەوە. مۆڵێندۆرف[10] لەو باوەڕەدایە ئەو دەمارانەی کە دووبارە فراوان بوونە، دەبنە هۆی پەیدابوونی ئێش، نەوەك ئەوانەی کە تەنگبوونەتەوە."

"کەواتە کزی بینایی چییە؟"

"لێرەدا دیسانەوە مەسەلەی کێچ و ئەسپێکەیە. کەواتە هۆی ئەم حاڵەتە میگرەن نییە و سەرچاوەیەکی تری هەیە. من نەمتوانی هاوێنەی چاوە پزیشکییەکەم لەسەر تۆڕی چاوی دابنێم. نەوەك لە هاوێنەکەدا بەڵکو لە گلێنەیدا شتێك پێشی چاوی دەگرێت، لەبەر ئەوە ئاوی سپی نییە. هۆکارێك بۆ ئەم ڕەشییەی گلێنە نابینمەوە، لێ هاتۆتە ڕێگام. لەوانەیە هەڵاوسانی گلێنە بێت. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بۆچی ئەو بەیانیان خراپتر دەبینێت. هەڵاوسانی گلێنە دوای داخستنی چاو بە درێژایی شەو بە توندترین شێوەی خۆی دەردەکەوێت و کاتێك لە درێژایی ڕۆژدا چاوی کراوەبێت و شلەی زۆرتر بە هەڵم بکات، بەرەو باشی دەچێت."

"ئەی کزییەکەی؟"

"ڕەنگە دووچاری بێهێزی کەمخوێنی بووبێت، لەوانەیە بەهۆی خوێنڕێژی گەدەیەوە بێت، بەڵام زیاتر پێدەچێت بەهۆی سیستەمی خۆراکییەوە بێت. گەدەی بە شێوەیەك هەستیارە و پەرچەکردار نیشان دەدات کە بەهۆیەوە چەندین هەفتە ناتوانێت گۆشت بخوات."

فرۆید هێشتا خەریکی نووسین بوو. "دەستنیشانکردنی ئێوە چییە، ئایا ئەو توشی هەمان ئەو نەخۆشییە بووە کە باوکی لەناوبرد؟"

9- Du bois Reymond

10- Mollendorf



"خۆیشی ڕێك هەمان پرسیاری لێکردم، سیگمۆند. لە ڕاستیدا من پێم وایە تا ئێستا نەخۆشێکی وەك ئەوم نەبووە، کە مکووڕ بێت لەسەر ئەوەی کە بەبێ هیچ پێچ و پەنایەك هەقیقەت ببیستێت. سەرەتا منی ئەرکمەند کرد بە ڕاستگۆیی و دواتر سێ پرسیاری کرد: ئایا نەخۆشییەکەی کەم کەم خراپتر دەبێت، ئایا بە تەواوی کوێر دەبێت و ئەوەش کە ئایا دەمرێت؟ بەڵێنم پێدا کە لە دیداری سبەینێماندا وەڵامی بدەمەوە."

"چی پێ دەڵێن؟"

" ئەگەر سوود لە لێڕوانینە بەپێزەکانی هاوکارێکی ئینگلیزیمان بە ناوی لایڤلینگ[11] وەربگرین، کەلەم بارەوە یەکێکە لە باشترین پسپۆڕەکان، دەتوانم بەهۆی کتێبێکەوە کە ئەو لەم نزیکانە لە ئینگلستان چاپی کردووە، ئارامی بە مۆلەر* ببەخشم. بێگومان دەبێت لێگەڕینەکانی ئەو بخوێننەوە." کتێبێکی قەبەی هەڵگرت دواتر دایە فرۆید و ئەویش خێرا دەستی بە پەڕەهەڵدانەوە کرد.

بروێر بەردەوام بوو: "بەداخەوە کە هێشتا تەرجەمە نەکراوە، بەڵام خۆ ئێوە لە زمانی ئینگلیزیدا باڵادەستییەکی زۆر باشتان هەیە. لایڤلینگ نمونە لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆشانی میگرەنی دەهێنێتەوە و بەو ئەنجامە دەگات کە هێرشی میگرەنی لە بەتەمەنەکاندا کەم دەبێتەوە و لە نێوان میگرەن و نەخۆشییە دەماغییەکانی تردا هیچ پەیوەندییەکی هەستپێکراو بەدی ناکرێت! هەر بۆیە ئەو بیروڕایە زۆر دوورە کە وای دابنێین لە باوکییەوە میگرەنی بۆ مابێتەوە و بەهۆی ئەم نەخۆشییەوە مردبێت."

پاشتر درێژەی دایە: "هەڵبەت شێوازی لایڤلینگ تەمبەڵانەیە، لە لێکۆڵینەوەکەی ئەودا دیارنادات کە ئایا ئەنجامە نیشاندراوەکانی ئەو پەیوەستە بە لێکۆڵینەوەی درێژخایەنەوە یان بەش بەشە و کورتخایەنە. ئایا جیاوازی ئەم دوانە دەزانن، سیگمۆند؟"

11- Liveling

* لێرەدا لەباتی ناوی مۆلەر نووسراوە نیچە، لە کاتێکدا لە دەقە تورکییەکەدا تەنها نووسراوە (ئەو)، بەڵام لەبەر ئەوەی بروێر ناوی نیچە لای فرۆید ناهێنێت، دەشێت ئەمە هەڵەی وەرگێڕی فارسی بێت. و.ك

فرۆید وەڵامی دایەوە، وەك بڵێی وەڵامەکەی لە ناو دەمانچەیەکەوە تەقاندبێ. وادیـاربوو زیـاتر لـە شێوازی لێکۆڵینەوە تا کاری سەر جێگـا، بـە ئـەزموونتر بێـت. "لـە لێکۆڵینـەوەی درێژخایەنـدا، نەخۆشەکان یەك بە دوای یەکدا و بەپێی تەمەن درێژییان دەخرێنە ژێر چاودێرییەوە و لـە کۆتاییـدا بەو ئاکامە دەگەن کە ژمارەی هێرشە میگرەنییەکان بە هەڵکشانی تەمەن کەمتر دەبێتـەوە. ئایـا بەمجۆرە نییە؟"

برۆیر جەختی کردەوە: "ڕێك وەهایە، لەگەڵ ئەوەدا کە لێکۆڵینەوەی بەش بەش ـ "

فرۆید بە هەیەجانی قوتابییەکی نمونەییەوە، قسەکەی ئەوی بڕی: "ــ یـەك ئـەنجامی تایبـەت لـە کاتێکی دیاریکراودا نیشان دەدات، واتا لەم بارەیەوە دەتوانیت بڵێیت کە لـە نمونـە هێنانەوەیەکـدا، نەخۆشە بەتەمەنەکان لە نەخۆشە گەنجەکان کەمتر ئازار دەکێشن."

برۆیر لە سەربڵندی هاوڕێ گەنجەکەی خۆی دڵخۆش بوو، و شوێنکاتێکی تری بۆ درەوشانەوە بە ئەو نیشان دا: "بە دیدی ئێوە کام یەك لەو شێوازانە وردترە؟"

"لێکۆڵینەوەی بەش بەش ئەسڵەن ناتوانێت ئەوەندە ورد بێت، لەبەر ئەوە لـەم نمونـە هێنانەوەیـەدا ژمارەیەکی کەم لە نەخۆشی پیری توشبوو بە میگرەن لە بەرچاو دەگرێت، و ئەمەش بـەهۆی ئـەوە نییە کە هێرشەکان کەمتر دەبنەوە، بەڵکو زۆرێك لە توشبوانی میگرەن، یان زۆرێـك لـە پزیـشکان نائومێد بوونە کە ڕازی بن لە لێکۆڵینەوەیەکدا پشکداری بکەن."

"زۆر ڕاستە و بەداخەوە ئەمەش کەموکورییەکە کە لایڤلینگ سەرنجی لێنەداوە. زۆر باش وەڵامتان دایەوە، سیگمۆند. دەبێ بەم بۆنەیەوە جەژن بگێڕین!" فرۆید بەوپەڕی حەزەوە لە پۆڕۆکانی برۆیـری دەکێشا و داتر هەردووکیان پۆڕۆکانیان داگیرساند و لە بەرامەکەی چێژیان وەرگرت.

لە کۆتاییدا فرۆید گوتی: "باشە، کەوایە ئێستا دەتوانین لە گۆشـەکانی تـری ئـەم ڕووداوە بـڕوانین، وانیە؟" بە دەنگێکی فێڵاوی و هێواشەوە گوتی: "گۆشە ڕاکێشەرەکانی ئەو."

برۆیر بسکەیەکی هاتێ.

فرۆید گوتی: "ڕەنگبێ نەدەبوا ئەمەم بگوتایە، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە نوتناگڵ ماڵاوایی کردووە، دەمەوێت ـ بەشێوەیەکی تایبەتی ـ ئەوەتان لابدرکێنم کە بۆ من ئەو لایەنانە ڕاکێشەرترن کە پەیوەندییان بە سایکۆلۆژیاوە هەیە تاوەکو لایەنە بالینییەکەی."

برۆیر تێگەیشت کە هاوڕێ گەنجەکەی بە ڕاستی زۆر وروژاو دەهاتە بەرچاو. چاوانی فرۆید لەکاتی ئەم پرسیارەدا بەهۆی بزێوییەوە دەدرەوشایەوە: "مەترسی خۆکوشتنی ئەو تاچ ڕادەیەك جیدییە؟ دەتوانن نەخۆش وا لێبکەن کە داوای یارمەتی بکات؟"

ئێستا نۆبەی برۆیر بوو کە شەرمەزار بێت. وەبیرهاتنەوەی ئەوەی کە چۆن لە دوایین گفتوگۆیاندا بۆ ڕێنومایی کردنی باسەکە باسی لە لێهاتووی و توانای خۆی کردبوو، ڕەنگی ئەوی بە تەواوی سوورهەڵگەڕاند. "سیگمۆند، ئەم بابەتە زۆر ئاڵۆزە، تاوەکو ئێستا توشی بەرگرییەکی وەها نەبووم، ئەو وەکو دیوار وەهایە، دیوارێکی زیرەك. چەندین جار بیانووی بۆ پرسیارکردن دۆزییەوە. باسی لەوە کرد کە لە ساڵێکدا تەنها پەنجا ڕۆژ تەندروستییەکی باشی هەیە، باسی لە نیوەشەوانی ڕۆح کرد، هەروەها لەوەی کە چۆن خیانەتی لێکراوە، سەبارەت بە گۆشەگیرییەکەی و ئەوەی کە نووسەرێکی بێ خوێنەرە قسەی کرد. باسی لە بێخەوی و بیری خراپی شەوانە ... "

"کەواتە باشترینی ئەو دەرفەتانە بەدەست هات کە بە قەولی خۆتان، چاوەڕوانی بوون؟"

"بەڵێ، هەڵبەتە هەموو جارێك بەرلەوەی کە بتوانم سوود لەم دەرفەتانە وەربگرم، دەمدی کە دیسانەوە سەرم بێ کڵاو ماوەتەوە. ئەگەرچی ئەو دانی بە نەخۆشی خۆیدا دەنا، بەڵام مکووڕبوو لەسەر ئەوەی کە ئەو تەنیا جەستەی نەخۆشە، نەوەك خودی خۆی یاخود بوونی ئەو. هەروەها دەربارەی نیوەشەوانی ڕۆح گوتی، بەهۆی ئەوەی کە ئازایەتی شتێکی وەهای هەیە، شانازی بەخۆیەوە دەکات! 'شانازی بە هەبوونی نیوەشەوانی ڕۆح' ەوە، ئایا ئەسڵەن ئەمە شتێکە دەرك بکرێت؟ چی قسانێکی نەفامانەیە! خیانەت چی بوو؟ پێم وایە مەبەستی شتێ بێت کە لە نێوان ئە و خاتوو سالۆمێ دا ڕویداوە، بەڵام خۆیشی دەڵێت کە بەسەر ئەم هەموو گرفتاریانەدا زاڵ بووە و حەز ناکات لەم بارەیەوە هیچ بڵێت. هەبوونی نیەتێك لە بارەی خۆکوشتنەوە بە درۆدەخاتەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە بەرگریکاری مافی نەخۆشانە لەپێناوی هەڵبژاردنی جۆری مەرگی خۆیاندا. هەڵبەتە لەوانەیە مردن ختوورەی دڵی بدات. ـ لە قسەکانیدا مردووەکان تازیاری ئەوەیان هەیە کە ئیتر ناچار نین بمرن! ـ بەڵام هێشتا کارگەلێکی زۆری هەیە کە دەبێت تەواویان بکات، ئەبێ



کتێبانێکی زۆر بنووسێت. بەڵێ ئەو دەیگوت کە ڕۆحی بە کتێب بارکراوە و ژانە سەرەکانی، ژانی زایینێکی دەماخین."

فرۆید سەری وەك نیشانەی هاوخەمی لەقاند. "ژانی زایینێکی دەماخی ـ چی وێنایەکە! مینرەوا کە لە مێشکی زیۆسدا لە دایك دەبێت*! چی هزرگەلێکی سەیرە! ژانی زایینە دەماخییەکان، مافی هەڵبژاردنی جۆری مردنی خود، بوێری هەبوونی نیوەشەوانی ڕۆح. ئەم پیاوە ئەهلی مەعنەوییەت و ڕۆحە، بەڵام ئەو پرسیارە دێتە پێشەوە کە ئایا ڕۆحی سەرسوڕێنەرە یان سەرسوڕانەکەی ڕۆحییەتی؟"

برۆیریش بە نۆبەتی خۆی نائومێدانە سەری لەقاند. فرۆید پەڵەیە هەوری گەورە و شینی ڕەوانەی هەوا کرد و بەرلەوەی کە دووبارە دەست بە قسان بکاتەوە، تەماشای بەرزبوونەوە و شیبوونەوەی ئەوی کرد. "ئەم مەسەلەیە ڕۆژبەڕۆژ ڕاکێشەرتر دەبێت، تێڕوانینتان سەبارەت بە باسکردنی خاتوو سالۆمێ چییە، لەمەڕ بێزاری ژیانێکی هەڵقولاو لە نائومێدییەوە؟ ئایا ئەو پیاوە لەگەڵ ئەودا، یا لەگەڵ ئێودا، یان لەگەڵ خۆیدا درۆ دەکات؟"

"لەگەڵ خۆیدا، سیگمۆند؟ مرۆ چۆن دەتوانێ لەگەڵ خۆیدا درۆ بکات؟ لەم حاڵەتەدا چی کەسێ درۆزن و چی کەسێ فریودراوە؟"

"بەشێکی ئەو بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە، بەڵام بەشی ئاگایی ئەو نازانێت."

برۆیر سەری وەرگێرا و بە دیقەتەوە تەماشای هاوڕێ گەنجەکەی کرد. چاوەڕێ بوو لە ڕوخساری فرۆیدا گاڵتەیەك ببینێت، بەڵام ئەو زۆر جیدی بوو.

"سیگمۆند، ئێوە هەمیشە باس لەو هۆمونکیولەسە* گچکەیە دەکەن کە لە نائاگاییدایە و ڕێنومایی ژیانی تایبەتی خانەخوێکانی دەکات. ئامۆژگاریتان دەکەم کە بیر لە خۆتان بکەنەوە. دەربارەی ئەم تیۆرییە جگە لە من لەگەڵ هیچ کەسێکی تردا قسە نەکەن. ئای، چی دەڵێم، تیۆری!

---

* مینرەوا: خواوەندێکە لە ڕۆمانی کۆندا، لە سەرەتادا پیشەکاران ئەویان وەك خواوەندی پیشەدەستییەکان دەپەرست و دواتر پزیشکان ئەویان وەك خواوەندی پزیشکی دەپەرست و پاشتر لەگەڵ سێکوچکەی خواوەنداندا، واتا ژۆپیتەر و جۆنۆ و مینرەوا پەرسترا ـ و.فا

* Homunculues : قەزەم.

هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە، واباشترە بە ئایدیایەك ناوی ببەن. بە هیچ جۆرێك ڕێگا نەدەن کە بروکە بەم ئایدیایە بزانێت. لەم بارەدا وا هەست دەکات کە لەو تۆمەتە رزگاری بووە چونکە ئازایەتی پارێزگاریکردنی هاوکارێکی جوولەکەی نییە."

فرۆید بە وەڵامێکی لێبڕاوانە ونائاساییەوە گوتی: "باشە، لە نێوانی خۆماندا دەمێنێت تاوەکو ناسینێکی تەواو لەسەر حاڵەتەکە بەدەست بێت، بەڵام دوای ئەوە هیچ شتێك ناتوانێت لە بڵاوکردنەوەیدا ڕێگری لە من بکات."

بۆ یەکەمین جار بروێر هەستی کرد کە ئیتر هاوڕێ گەنجەکەی نیشانەیەکی بێ ئەزمونی وەهای نەماوە. لە باتی ئەوە هەرچی زیاتر بوێری و ئافەرین خولقێنی نیشان دەدا، تاوەکو لەسەر بیروباوەڕی خۆی مکوڕ بێت. تایبەتمەندییەك کە خودی بروێر بە هەموو ئارەزوییەکەوە حەزی لێیان بوو.

"سیگمۆند، وەکو ئەوەی کە باس و خواسی لێکۆڵینەوەیەکی زانستی لە ئارادا بێت، ئێوە باس لە ناسینێکی دروست دەکەن. کەچی هۆمونکیولەسی بچووکی ئێوە هیچ واقیعییەتێکی ئاشکرای نییە و تەنها بیرۆکەی ئایدیایەکە کە دەخرێتە ڕوو. بەڵگەی ئەزموونی ئەو چییە؟ دەتوانن تەنها یەك نموونە بهێننەوە؟ هەروەها باس لە خەیاڵاتیش نەکەن چونکە من ئەوانەم وەك بەڵگەیەك قەبووڵ نییە. بەنۆبەی خۆیان ئەوانە شتێك نین جگە لە بەدەستهێنانێکی سادە."

"بەڵگەی ئەوە خۆتان دۆزیتانەوە، یۆزیف. دەتانگوت ڕووداوگەلێك بەسەر ژیانی پڕلە هەیەجانی بێرتا پاپن هایمەوە فەرمانڕەوایەتیان دەکرد کە ڕاست دوانزە مانگ بەر لەوە ڕوویاندابوو. ڕووداوگەلێك کە نەیدەتوانی زانیاریەکی ئاگاییانەی لەبارەیانەوە هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا بەسەرهاتەکانی ئەو کاتە تایبەتە لەگەڵ شیکردنەوەی وردەکارییەکانیدا لە دەفتەری یادگارییەکانی دایکیدا نووسرابوون. بە بڕوای من بەڵگەیەکی وەها وەکو ئەنجامی تاقیکردنەوە وەهایە."

"بەڵام بە مەرجێك کە بێرتا شایەتێکی جێ باوەڕ بوو، هەروەها ڕووداوگەلێك کە باسی دەکرد لە یادەوەری ئەودا نەبوو. "

بروێر گوتی: "بەڵام، بەڵام، بەڵام. هەمیشە هەر وایت!" دیسانەوە ئەم دێوە: "بەڵام".



پڕ بە دڵ حەزی دەکرد زللەیەك لە خۆی بدا. هەموو ژیانی لە ناو "بەڵام" ەکاندا دەجووڵا ـ دووبارە وەك ئێستا لەگەڵ فرۆید و پێشتریش لەگەڵ نیچەدا ـ بەشێوەیەك کە لە هەردوو بارەکەدا لە قووڵایی دڵەوە هەستی دەکرد کە ئەوان ڕاست دەکەن.

فرۆید سەر لە نوێ چەند خەتێکی لە دەفتەری یاداشتەکەیدا نووسی. "یۆزیف، ئایا دەکرێ کاری ڕێکخەن کە من دەفتەری یادگارییەکانی خانم پاپن هایم بخوێنمەوە؟"

"پێم داونەتەوە، بەڵام لام وایە جارێکی تر بە زمانلووسی بتوانم وەری بگرمەوە."

فرۆید سەعاتەکەی لە بەرکی دەرهێنا: "لەبەر سەردانی نوتناگڵ دەبێ زوو بگەڕێمەوە بۆ نەخۆشخانە. بەڵام بەر لەوە پێم بڵێن، ئەتانەوێ چی بڵێن بە نەخۆشە بەرگریکارەکەتان؟"

"ئەگەر تەنیا بە ڕای من بێت، ئەوا ئەم کارە دەکەم“ سەرەتا دەمەوێت متمانەیەکی قووڵ دروست بکەم، دواتر حەز دەکەم چەند هەفتەیەك بۆ لێکۆڵینەوەی میگرەن و تاقیکردنەوەی بەکارهێنانی چەند دەرمانێك، لە کلینیك بیخەوێنم. جگە لەمە زۆر حەز دەکەم بە درێژایی ئەو ماوەیە لە بارەی نائومێدییەوە گفتوگۆی لەگەڵدا بکەم."ئاهێکی هەڵکێشا. "بەڵام بەپێی تێبینییەکانی من ئومێدێکی کەم هەیە کە ئەو تەنانەت لە تەنها خاڵێکیشدا قەبووڵی ئەوە بکات کە لە بارەی خۆیەوە بدوێت. ئایا پێشنیارێکتان هەیە، سیگمۆند؟"

فرۆید کە هێشتا خەریکی هەڵدانەوەی لاپەڕەی توێژینەوەکانی لایڤلینگ بوو، ئەو پەڕەیەی خستە بەردەمی بروێر کە کردبویەوە. "گوێ لەمە بگرن: لە بەشی بنەچەناسیدا نووسراوە: ’هێرشە میگرەنییەکان دەکرێ لە ڕێگای بەدهەرسی، هەستەوەری زۆری چاوەکان، یان فشارە گشتییەکانی دەمارەوە دروست ببێت. پشوودان دەتوانێت باش بێت. بۆ گەنجانی تووشبوو بە میگرەن، باشتر وایە خۆ بپارێزن لە بارودۆخێك کە فشاریان بۆ دێنێت. دەشێ هەر لە ماڵەوەش دەرس بخوێنن. هەندێ لە پزیشکان ئامۆژگاری دەکەن نەخۆشانێکی کە بەتەمەنترن، کارێکی سادە هەڵبژێرن.‘"

بروێر تەماشایەکی پرسیارئامێزانەی ئەوی کرد و گوتی: "باشە، دەڵێن چی؟"

"گومانم وایە کە وەڵامەکە هەر لێرەدایە! فشاری ڕۆحی! بۆچی فشار ناکەنە تەوەری سەرەکی چارەسەریتان؟ دەتوانن پێی بڵێن کە بۆ ئەوەی جەنابی مۆلەر بەسەر میگرەنەکەیدا زاڵ بێت، ئەبێ فشاری زۆر، واتە فشارە ڕۆحییەکانی کەمکاتەوە. دەتوانن بۆی ڕوونکەنەوە کە فشار شێوەیەکی

تری هەیاجاناتی قوتدراوەیە وئەمەش ـ وەك بابەتەکەی بیّرتا ـ لەگەڵ دۆزینەوەی ڕێگایەکی تازەدا، بەرەو کەمبوونەوەی دەبات. دەتوانن سود لە ڕێگای 'بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵی دڵ' وەربگرن. تەنانە دەتوانن وتارەکەی لایڤلینگی نیشان بدەن و هەموو سەنگینی و توانای پسپۆری پزیشکی بخەنە تای تەرازوویەکەوە."

فرۆید بینی کە بروێر زەردەخەنە دەکات، دوای ئەوە بە ڕەنجاوییەوە پرسی: "بە ڕای ئێوە پێشنیارەکەم بێئەقڵانەیە؟"

"بەهیچ جۆرێك، سیگمۆند. بە پێچەوانەوە بە ڕای من زۆر نایابە و من بە تەواوی جێبەجێی دەکەم. خەندەکەم بۆ دوایین قسەی ئێوە بوو، 'خستنی هەموو سەنگینی و توانای پسپۆڕی پزیشکی لەتای تەرازوییەکدا'. دەبێ نەخۆش بناسیت تاوەکو لە خۆشی ڕووداوەکان تێبگەیت" هەرچۆن بێت من لەو تێڕوانینەی کە ئەو بکەوێتە ژێر توانای پزیشکی ـ یان بە شێوەیەکی گشتی، هەر توانایەکی ترەوە ـ بزە دەمگرێت."

دوای ئەوە کتێبی ***دانایی شادانی*** کردەوە و چەند پەرەگرافێکی خوێندەوە کە هێڵی لە ژێرکێشابوون. لە سەرەتادا وتی: "هێر مۆلەر هەموو نەریتە کۆمەڵایەتییەکان دەخاتە ژێر پرسیارەوە. ئەو فەزیلەت دەکوتێت و وەك بارێکی گران دەیبینێت. لەم شوێنەدا سەبارەت بە ئەمەکداری نووسراوە: 'ئەو مکووڕە و پێداگری لە سەر مەسەلەیەك دەکات کە بۆی ڕوونبۆتەوە، بەڵام ئەوە ناودەنێت ئەمەکداری.'

یاخود ئەدەب: 'ئەو زۆر بەئەدەبە! هەمیشە لەگەڵ خۆیدا کێکێکی پێیە بۆ زێربیرۆس* و ئەوەندە ترسنۆکە هەموومان، تەنانەت تۆ و من لە جێگای زێربیرۆس دادەنێت. ئەمە ئەدەبی ئەوە!،

لێردا لێکچوونێکی زۆر نایابمان، هەم بۆ کزی بینایی و هەم بۆ نائومێدی هەیە: 'قووڵکردنەوەی هەموو شتەکان تایبەتمەندییەکی نارەحەتکەرە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ هەمیشە فشار بۆ چاوانی بێنێت و لە کۆتاییدا زیاتر لەو شتە پەیدا بکات کە دەیویست.'

* Zerberus: سەگی دۆزەخ لە یۆنانی کۆندا، کە دەرگاوانی دەرگای چوونە ژوورەوەی دنیای مردووەکان بووە ـ و.فا



فرۆید کە بە دیقەتەوە گوێی دەگرت، لە ژێر لێوەوە ورتە ورتێکی کرد: "زیاتر لەو شتەی کە ویستویەتی پەیداکردووە. زۆرم حەز دەکرد کە بزانم چی شتێکی پەیداکردووە. ڕێگام هەیە کتێبەکە ببینم؟"

بەڵام بروێر خۆی ئامادەکردبوو: "سیگمۆند، ئەو گفتەی لێ وەرگرتووم کە کتێبەکە نیشانی کەس نەدەم. چونکە پەراوێزەکانی بە تێڕوانینی تایبەتی خۆی پڕکردۆتەوە. لە ئێستادا متمانەی نێوانمان ڕوی پایەکانی وەها لە خاکی پڕخور چەقیوە کە واباشترە ئاگام لە داواکەی ئەو بێت. ڕەنگە لە داهاتوودا ببێت."

پاش بێدەنگییەك درێژەی پێدایەوە: "لە گفتوگۆ لەگەڵ جەنابی مۆلەردا یەك شت زۆر سەیر بوو ..." ـ پەنجەی لەسەر دوایین نوختەیەك کە هێڵی لە ژێر کێشابوو دانا ـ "... هەرجارێ کە هاوخەمیم نیشان دەدا، ئەو دەکشایەوە. ئای! ئەوەتا: 'لەسەر باریکە ڕێ' بەدوای هەمان نوختەدا دەگەڕام."

لە کاتێکدا کە بروێر کتێبەکەی دەخوێندەوە، فرۆید چاوەکانی داخست تاوەکو بتوانێت هەستەکانی باشتر کۆبکاتەوە.

"ئێمە لە ژیاندا وەها لێك نزیك ببووینەوە ئیتر هیچ شتێك بەرچاو نەدەکەوت کە ڕێگری دۆستی و هاوڕێیەتی ئێمە بێت و تەنیا یەك باریکە ڕێ لە نێوانی ئێمەدا بوو. هەمان شوێن کە تۆ دەتویست بچیتە ناویەوە. لە تۆم پرسی: ***ئایا دەتەوێ لە باریکە ڕێوە بۆ لای من بێیت؟*** ـ کەچی تۆ ئیتر نەتویست" هەروەها کاتێك کە دووبارە داوام کردەوە، تۆ بێدەنگ بوویت. لەو کاتەوە کێوەکان و باهۆزە ترسناکەکان و هەموو ئەو شتانەی تر کە مرۆڤەکان لێکجودا دەکاتەوە و بە یەکیان نامۆ دەکات، کەوتۆتە نێوانی ئێمەوە، هەتتا ئەگەر بمانویستایە لێکجوودا ببینەوە، ئیتر نەماندەتوانی! بەڵام ئەگەر ئێستا دەکەویتە یادی ئەو باریکە ڕێیەوە، ئیدی قسەیەك نییە بۆ تۆ، تەنها هانکە هانکی گریان و سەرگەردانی ماوەتەوە."

بروێر کتێبەکەی داگرت. "سەبارەت بەمە چی دەڵێن، سیگمۆند؟"

"بە تەواوی دڵنیا نیم." فرۆید لە جێگاکەی خۆی هەستا و بەدەم قسەکردنەوە و لەبەردەم ڕەفەی کتێبەکاندا هاتوو چۆی دەکرد. "کورتە چیرۆکێکی سەیرە، وەرن با ڕەمزەکانی بدۆزینەوە. کەسێك

له باریکه ڕێیەکدا خەریکە دەڕوات ـ واتە نزیکبوونەوە لە دۆستی ـ لە کاتێکدا ئەوی تر شتێکی دەوێت کە ئەو لەهەر بارێکدا بڕیاری ئەنجامدانی ئەوەی هەیە. بێگومان یەکەمین هەنگاو مایەی قەبووڵ نییە، چونکە وا دەکەوێتە بەرچاوی مرۆڤ کە لەهەمبەر ئەوی تردا خۆی بەدەستەوە داوە. دەسەڵات ئەزیبیەتبارە."

"بەڵێ! بەڵێ، ئێوە لەسەر حەقن، سیگمۆند. زۆر نایابە! تێگەیشتم. یانی بە ڕای جەنابی مۆلەر هەر جۆرە دەربڕینێك، یا سۆزێك بە نیازپاکییەوە، جۆرێ بەهانەیە بۆ دەستبەسەراگرتنی توانا. چەندێ سەیرە! ئەمەش وردە وردە لەبەردەم هەرجۆرە هەوڵێك بۆ نزیکبوونەوە دەبێتە ڕێگر.لە شوێنێکی تریشدا دەڵێت، ئێمە لە کەسانێ کە نهێنییەکانمان دەبینن و لە دەمی هەست و سۆز ناسکیدا خافڵگیرمان دەکەن، هەست بە ڕقلێبوونەوە دەکەین. شتێ کە لەم ساتەدا پێویستمانە، هاودەردی نییە، بەڵکو دەرفەتێکە تاوەکو کۆنترۆڵی هەست و سۆزەکانمانی پێبکەین."

فرۆید دانیشت، سووتوی جگەرەکەی کردە سووتکدانەکەوە و دەستی پێکردەوە: "یۆزیف، من هەفتەی پێشوو ئەو شانسەم دەسکەوت کە بڕۆمە سەیری ئەنجامدانی شێوازێکی زۆر ناسروشتی و تازەی بیلرۆت بۆ هەڵگرتنی بەشێك لە گەدەی یەکێك لە نەخۆشەکانی، کە تووشی شێرپەنجە ببوو. وەختێ کە گوێم لە قسەکانتان دەبێت، وا دێتە بەرچاوم کە دەبێ ئێوەش نەشتەرگەرییەکی سایکۆلۆژیانەی ئالۆزی ئاوەها ئەنجام بدەن. ئێوە شتانێکتان لە بارەی بزوێنەرەکانی خۆکوشتنی ئەو لە خاتوو سالۆمێ بیستووە، بەڵام ناتوانن نیشانی بدەن کە ئەوانە دەزانن. دەبێت ئەو ناچار بکەن کە نائومێدی خۆی نیشان بدات، بەڵام ئەگەر سەرکەوتوویش بن، بەبۆنەی ئەوەی کە شەرمەزار دەبێت ڕقتان لێ هەڵدەگرێت. ئەبێ متمانەی ئەو بەدەست بهێنن، بەڵام هەر کە هاوخەمیتان نیشان دا لە ئێوە خانەگومان دەبێت و وادەزانێ دەتانەوێت دەسەڵاتی خۆتانی بەسەردا بسەپێنن."

بروێر بیری کردەوە: "یەك نەشتەرگەری سایکۆلۆژیانە ـ چی وێکچواندنێکی سەرنجڕاکێشە. لەوانەیە لە بەشی پزیشکیدا شێوازێکی تایبەتی زۆر تازە نیشان بدەین. ئارامبگرن دەمەویست شتێکی ترتان بۆ بخوێنمەوە کە لەلام گرنگ بوو."

چەند دەقەیەك لاپەڕەکانی کتێبی *مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە* ی هەڵدایەوە. "بە داخەوە ئەو بەشە نادۆزمەوە، بەڵام ماناکەی لەمەوە نزیکە: کەسێ کە لە دوای هەقیقەت دەگەڕێ، دەبێ ئەزموونی دەروونییانەی خۆی بخاتە کار و ئەوەش ناودەنێت 'شیکاری دەروونناسی'. تەنانەت ئەو لەمە



ئەولاتر دەچێ و دەڵێت کە هەڵەی گەورەترین فەیلەسووفەکانیش، ئەوەیە کە لەبەرامبەر ئەنگێزەکانی خۆیاندا ناهۆشیارن. بانگەشەی ئەوە دەکات کە مرۆڤ بۆ دۆزینەوەی واقیعییەت، دەبێت زۆر بەچاکی خۆی بناسێت و لە پێناوی ئەم کارەیشدا دەبێت گۆشەنیگای هەمیشەیی سەردەم و وڵاتی خۆی بخاتە لاوە تاوەکو لە دوورەوە لە ڕەهەندەکانی خۆی بکۆڵێتەوە!"

"شیکاری دەروونی خود! کارێکی ئاسان نییە." فرۆید ئەمەی گوت هەستا تاوەکو ماڵاوایی بکات. بەڵام بێگومان کارێکە یاریدەی ڕێبەرێکی بە ئەزموونی واقیعی دەکات!"

بروێر هاواری کرد: "هاوشێوەی ئەم بیرە بە خەیاڵی منیشدا هات!" و تا دالانەکە هاوڕێیەتی فرۆیدی کرد. "بەڵام دژوارترین کار ئارەزوومەندکردنی ئەوە بۆ ئەم کارە."

فرۆید وتی: "من ئەم کارە زۆر بە گرفت نازانم، چونکە ئێوە دەتوانن لەمەڕ شیکاری دەروونناسییەوە، پشت بە بەڵگەهێنانەوەکانی خۆتان ببەستن" هەڵبەتە تا ئەو جێگایەش کە دەکرێت زۆر کار لە سەر تیۆری پزیشکی بکەن. ئارخەیان بن لەوەی کە سەرکەوتوو دەبن. پرۆفیسۆری بەرهەڵستکارتان وا لێبکەن کە لەژێر ڕێبەریی زیرەکانەی ئێوەدا چاوێك بە خۆیدا بخشێنێتەوە. بە ئومێدی دیدار، یۆزیف."

بروێر وتی: "سوپاستەکەم، یۆزیف." پاشان بۆ ماوەیەکی کورت دەستەکانی خستە سەرشانی هاوڕێکەی. "گفتوگۆیەکی فێرکاریانە بوو چونکە مامۆستا زۆر شت لە قوتابییەکەی فێر بوو."

***ئەلێزابێس نیچە بۆ فرێدریك نیچە***

***٢٦ نۆڤەمبەری ١٨٨٢***

***فرێتزی ئازیزم،***

***چەند هەفتەیەکە من و دایکم هیچ ئاگایەکمان لە تۆ نییە. ئێستا وەختی بە هەندنەگرتنی هەبوونی مەترسی نییە. ئەو مەیموونە ڕوسە هەروا درۆکانی دەربارەی تۆ بڵاودەکاتەوە. ئەو وێنە ناشیرین و ناپەسەندەی تۆ و ئەو ڕێ جوولەکەیە، لە کاتێکدا کە لە ژێر نێڵەی ئەودان، نیشانی هەمووی دەدات***

و به هەمووی ـ چی بیانەوێ یا نەیانەوێ ببیستن ـ دەڵێ کە چەندێ حەزت لە چەشتنی چێژی قامچییەکەی بووە. داوا لە تۆ دەکەم کە وێنەکەی لێ بستێنیتەوە، تۆ ئەمە دەتوانیت. ئەو لە هەموو ژیانماندا بەو وێنەیە باج لە ئێمە دەسێنێ! ئەو لە گشت جێگایەك ناوی تۆ خەراپ دەکات و ڕێ ـ ی ئاشقیشی لەگەڵیدا هاودەنگ دەبێت. دەڵێ، نیچە ئەو پرۆفیسۆرە خەیاڵییە، تەنیا یەك شتی لە کەللەدایە" ... ئەوەش قسەیە لەسەر ئەندامێکی جەستە" هەستی ناسکی من ڕێگا نادات کە قسە بێ ئەدەبانەکانی ئەو دووبارە بکەمەوە. ئەوە ڕەوانەی خەیاڵکردنی تۆ دەکەم. لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەگەڵ پاوڵ ڕێی هاوڕێتیا، دەژی. ڕێك لەبەرچاو دایکی ئەو پیاوەدا ـ هیچ و پوچانە! ـ هەڵبەت ئیتر لای کەس سەیر نییە. لانی کەم خۆ لای من شتێکی چاوەڕوان نەکراو نییە ـ ئەگەرچی تائێستا بۆ من دەردناکە بەڵام تۆ لە تاتین بێرگ هۆشدارییەکانی منت لە گوێ نەگرت ـ بەڵام ئەمەیان هەموو شتێك دەگۆڕێت بە یارییەکی مەرگهێنەرانە تر. ئەو ئێستا باسیلی بە چەنەبازییە نەفرەتاوییەکانی ژاراوی کردووە و بەو جۆرەی کە دەیبیستم نامەیشی بۆ کیمپ(١٢) و ویلهێلم(١٣) نووسیوە!

فریتز باوەڕبکە تاوەکو بە یەکجاری وازت لێ نەهێنێت، ئیسراحەت ناکەیت. لەوانەیە تۆ بە ویقارەوە بێدەنگی لێبکەیت، بەڵام من ئەو کارە ناکەم، بەڵکە کارێك ڕێکدەخەم کە پۆلیس لەبارەی پیلانەکانی ئەو و ڕێ لێکۆڵینەوە بکات! ئەگەر سەرکەوتوو بم ـ بەڵام بۆ ئەم کارە پێویستم بە هاوکاری تۆ هەیە ـ ئەوا لە ماوەی یەك مانگدا بە تاوانی بەدڕەوشتی سنورداشی وڵاتی خۆیی دەکەنەوە! تکا دەکەم فریتز ناونیشانی خۆت بە من بڵێ.

تەنها خوشکی تۆ

ئەلیزابێس

---

12- Kemp

13- Wilhelm

# (٨)

بەرنامەی سبەینانی ماڵی بروێر هەردەم یەك شت بوو. نانەواخانەی سەری کۆڵانەکە ـ کە یەکێ بوو لە نەخۆشانی بروێر ـ لە سەری سەعاتی شەشدا نانە سپییە گچکەکانی دەنارد. لە کاتێکدا کە مێردەکەی جلکی دەپۆشی، ماتیلدە مێزی ئامادە دەکرد. قاوەی بە دارچینی دەمدەکرد و نان و کەرێ و مرەبای بەلاڵوکی لەسەر مێز دادەنا. لەگەڵ ناجۆری ژن و مێردایەتیشدا، وەکو هەمیشە ماتیلدە قاوەڵتی ئامادە دەکرد و لۆئیز و گرێتشنیش بە مندالەکان ڕادەگەیشتن.

بروێر ئەو بەیانییە بیری لای دیدارێ بوو کە لەگەڵ نیچەدا هەیبوو. وەها بە جیدییەوە کتێبی *مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانەی* دەخوێندەوە وەختێ ماتیلدە قاوەی بۆ تێکرد، تەماشای نەکرد. قاوەڵتییەکەی لە بێدەنگیدا کرد و لەژێر لێوەوە گوتی ڕەنگە دیداری لەگەڵ نەخۆشی تازەیدا، کاتی نانی نیوەڕۆی بگرێت.

ماتیلدە تووڕە بوو.

"ئیتر جگە لەم فەیلەسوفە هیچ قسەیەکی تر نییە! وادیارە ئەم مەسەلەیە هێدی هێدی من پەرێشان دەکات. چەندین کاتژمێر لەگەڵ سیگمۆند دا دەربارەی ئەو قسەدەکەی" چوارشەممە کاتێکت بۆ نەهار دانەنا، دوێنێ لە کلینیك مایتەوە و تا نان لەسەر مێز ئامادەکرا کتێبەکانیت خوێندەوە، ئێستاش لێرە لەسەر قاوەڵتی دانیشتویتە و دەخوێنیتەوە. هێشتا دەشڵێیت کە بۆ نیوەڕۆ نایەیتەوە! ئاخر منالەکان دەیانەوێ باوکیان ببینن، تکادەکەم یۆزیف، وەکو ڕووداوەکانی تر خۆت ئالوودەی ئەم چیرۆکەش مەکە."



بروێر زۆر باش دەیزانی کە مەبەستی بێرتایە، بەڵام تەنیا مەبەستی بێرتا نەبوو. ماتیلدە زۆربەی کات سکاڵای کردبوو کە ئەو ناتوانێت کاتێ کە بە نەخۆشەکانی دەدات، بە ڕادەیەکی ماقووڵ کەمکاتەوە. لە دیدی ئەوەوە ئەرکەکەی لە هەمبەر نەخۆشاندا زۆر پیرۆز بوو. کە مەسەلەیەکی وەئەستۆ دەگرت، ئیتر هەموو کات و هێزێك کە لای وابوو بۆ ئەم کارە پێویستە دەیخستە گەڕ. دەسهەقەکەی کەم بوو، زۆربەی کات لە بەرامبەر حیسابی نەخۆشە هەژارەکاندا هەرگیز دەسهەقی خۆی حیساب نەدەکرد. هەربۆیە هەندێ کات لای وابوو کە ئەبێت پارێزوانی لە بروێر بکات، تەنانەت ئەگەر خۆیشی شتێکی لەو بویستایە.

"کام ڕووداوانەی تر، ماتیلدە؟"

"تۆ بە چاکی مەبەستی من تێناگەیت، یۆزیف." هێشتا هەر لە ناوهێنانی بێرتا خۆی دەپاراست.

"ژنان هەست بە زۆر شت دەکەن. بۆ نمونە شەوانی کافێ کە لەسەر هەمان مێزی هەمیشەیی دادەنیشن ، دەزانم کە هاتن و چوونی بەردەوام لەگەڵ هاوڕێیاندا بۆ تۆ گرنگی هەیە، تەحەمولی یاری تارووك وکۆترەکانی تاقیگا و یاری شەترەنج دەکەم، بەڵام ڕابردوو لەمەی چی؟ ئایا دەشێ بە ناهەق سەرمایە لە دەستی خۆت بدەیت؟"

"لە کام جێگا باس لە چی دەکەیت؟" بروێر زۆرباش دەیزانی کە گوێ پێنەدان و لاسارییەکەی دەبێتە هۆی دەمە دەمێ.

"بیر لەو هەموو وەختە بکەرەوە کە لە پێناوی خاتوو بێرگەر[1]دا بەهەدەرت دا!" لەو هەموو نمونەیەی کە ماتیلدە دەیتوانی هەڵیبژێرێ، ئەم یەکەیان بۆ تاڵکردنی کاتەکە لە هەموویان گونجاو تر بوو. ئەوا بێرگەر سکرتێری پێشووی بروێر، دە ساڵی تەواو واتا لە کردنەوەی کلینیکەوە خزمەتی پڕبەهای پێشکەشی ئەو کردبوو. پەیوەندی ناوەکیانە و نائاسایی ئەو بە سکرتێری عیادەکەیەوە، بەئەندازەی پەیوەندییەکەی لەگەڵ بێرتادا ماتیلدەی تووڕەکردبوو. لەبەر ئەوەی پەیوەندی دۆستانەی ئیشی بەردەوام لە دە ساڵی دوورودرێژدا بروێر و یاریدەدەرەکەی بە جۆرێك پێکەوە پەیوەست کردبوو کە سنوور و ستاندارتەکانی لە نێوانی ئەواندا نەهێشتبوو. ئەوان داواکاری تایبەتی خۆیان بە یەکتری

1- Berger

دەگوت و کاتێکیش کە تەنیا بوون بە ناوی بچووککراوە یەکتریان بانگ دەکرد، وادیارکە تەنیا باس و خواسی ڤییەنا بوو. بروێریش ئەمەی دەخواست.

بروێر بە دەنگێکی وشکەوە وتی: "تۆ هەمیشە پەیوەندی منت لەگەڵ فراولەن بێرگەردا خراپ لێکداوەتەوە. تائێستاش بەهۆی ئەوەی کە گوێم لە قسەت گرت ئاخ هەڵدەکێشم و دەرکردنی ئەو بە شورەییترین هەڵەی ژیانم دەزانم."

بەر لە شەش مانگ لە یەکێ لە هەمان ئەو ڕۆژە شومانەدا کە بێرتا ڕایگەیاندبوو منالێکی بروێری لە سکدایە، ماتیلدە نەوەك فەرمانی دا کە واز لە چارەسەری بێرتا بهێنێت، بەڵکو داوای کرد کە ئەوا بێرگەریش دەربکات. ماتیلدە زۆر تووڕە بوو، دەیویست بێرتا و کەسانێك کە ئەویان وەبیردەهێنایەوە لە ژیانی خۆی بکاتە دەرەوە. لەسەروی هەموویانەوە ئەوا، چونکە ماتیلدە دەیزانی کە مێردەکەی لە بارەی هەموو شتێکەوە لەگەڵ سکرتێرەکەیدا قسان دەکات و ئەوی بە هاوبەش دەزانی لە بەسەرهاتی ڕیسوایی و سکاندالی بێرتادا. لەم بارودۆخە سەختەدا، پەشیمانی، شەرمەزاری و سووککردن و سەرباری ئەوە ئازاری ویژدان بروێری ناچار کرد کە خواستەکانی ماتیلدە بەدی بهێنێت. لەگەڵ ئەوەی کە دەیزانی ئەوا بۆتە قوربانی ڕووداوی بێرتا، بەڵام ئەو بوێرییەی نەبوو کە زەمانەتی ئەو بکات. لە دوای چەند ڕۆژێك نەوەك تەنیا مەسەلەی بێرتای بە هاوکارێك سپارد، بەڵکو ئەوای بێگوناهیشی دەرکرد.

"من حەزم لێ نییە کە ئەم باسە دێنمە ئاراوە یۆزیف، بەڵام وەختێ کە دەبینم تۆ لە جاران زیاتر و زیاتر، خۆت لە من و منداڵەکان جیادەکەیتەوە، چی کارێکی ترم لەدەست دێت؟ ئەگەر شتێکم لە تۆ بوێت، بۆ ئازاردانی تۆ نییە، بەڵکو بۆ ئەوەیە کە من، کە ئێمە پێویستمان بە تۆیە. ئەمەم وەك ستایشێك یان داوەتێك لێ قەبووڵ بکە." ماتیلدە بزەیەکی پڕ لە خۆشەویستی کرد.

"داوەتەکان قەبووڵ دەکەم، بەڵام فەرمان نا!" هێشتا ئەمانەی نەگوتبوو کە پەشیمان بۆوە. خۆزگە بێ بیرلێکردنەوە ئەم وشانەی لەدەم دەرنەچوایە! بەڵام ئیدی ڕێگایەك بۆ گەڕانەوە نەبوو. بروێر بێ ئەوەی کە قسەیەك بکات، قاوەڵتییەکەی تەواو کرد.

نیچە چارەکێ زووتر لە کاتی بڕیاردراو هاتبوو. بروێر ئەوی بینی کە ئارام و بە چاوانێکی نووقاوە لە گۆشەیەکی ژووری چاوەڕوانیدا دانیشتووە. کڵاوێکی لێوارپانی سەوزی لە پێستی سەگڵاو لەسەردا بوو، قۆپچەکانی پاڵتۆکەی تا سەر ئەژنۆ داخستبوو.



کاتێ کە پێکەوە بەرەو عیادەکە دەڕۆیشتن، بروێر بێ خۆسازدان قسەی دەکرد.

"زۆر مەمنوونم کە نوسخە تایبەتییەکەی خۆتان بە ئەمانەت پێدام. ئەگەر نووسینی پەراوێزەکان ناوڕۆکی بابەتی زۆرمەحرەمانە بن، ئەوا دەتوانم ئارخەیانتان بکەم کە بەهیچ شێوەیەك من ناتوانم دەستخەتی ئێوە بخوێنمەوە. ئێوە وەك هەندێ لە هاوپیشەکانی من و لەوانەیە بەڕادەی خودی خۆیشم ناخوێنا دەنووسن! لەوانەیە ڕۆژانێ بڕیارتان دابێ کە بێنە ناو پیشەی پزیشکییەوە؟"

کاتێ کە نیچە وەڵامی ئەم گاڵتە نابەجێیەی بە جووڵەی سەر دایەوە، بروێر دڵسارد نەبۆوە و بەردەوام بوو: "بەڵام ڕێگام بدەن کە چەند ڕستەیەك لەسەر کارە زۆر نایابەکەتان بڵێم. لەگەڵ ئەوەی کە دوێنێ دەرفەتێکی تەواوم بۆ خوێندنەوەیان نەبوو، بەڵام زۆر دڵڕفێن بوون و کەوتمە ژێر کاریگەری چەند پەرەگرافێکەوە. ئێوە بە شێوەیەکی پەرجوئاسای باش دەنووسن. وەشێنەرەکەی ئێوە نەك هەر تەمبەڵە، بەڵکو گێلیشە. وەشێنەر دەبێ بۆ ئەم خۆی جۆرە کتێبانە بەخت بکات."

هێشتا نیچە وەڵامێکی نەئەدایەوە، تەنیا وەك ئاماژەیەك بۆ ئافەرینەکانی کەمێ سەری چەماندەوە. بروێر هۆشداری بەخۆی دا: "ئاگاداربە، نەبادا ئەو تەنانەت ئافەرینیش وەك جۆرێك لە فشار لێکبداتەوە!"

"پڕۆفیسۆر نیچە باشتر وایە کە ئیتر خەریکی تەندروستیتان بین. بە یاریدەی ئەنجامە بەردەستەکان و ئەزموونە تایبەتییەکانی خۆم، بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکانی تاقیگا ئەوە دەڵێن کە نارەحەتییە سەرەتاییەکانی نەخۆشی شەقە، واتا میگرەنە. پێم وایە کە ئەمە بۆ ئێوە شتێکی تازە نەبێت، دوان لەو پزیشکانەی کە چوونەتە لایان هەروا لە ڕاپۆرتەکانیاندا ناوی ئەم نەخۆشییەیان بردووە."

"بەڵێ هاوپیشەکانی تریشتان هەموو پێیان گوتوومە کە ژانە سەرەکانی من هەموو سیماکانی میگرەنی هەیە. ژانی توند، ژانی شەقە، بروسکەدانی پێشی چاو و ڕشانەوە. بێگومان ئەم نیشانانە هەن. ئایا ئێوە شرۆڤەیەکی زیاترتان بۆ ئەم نەخۆشییە هەیە، دکتۆر بروێر؟"

"لەوانەیە. لەبارەی توێژینەوەی تایبەت بە میگرەنەوە زانیاری تازە بە دەست هاتووە. من جەسوورانە دەڵێم کە لە نەوەکانی داهاتوودا زانستی پزیشکی بەسەر ئەم نەخۆشییەدا سەردەکەوێت. هەندێ لە نوێترین لێکۆڵینەوەکان پەرژاونەتە سەر ئەو سێ پرسیارەی کە ئێوە کردتان. یەکەم، ئەوەی کە ئایا ئەم هێرشە ترسناکانە لە داهاتوویشدا لەگەڵتانا ئەبێت؟ ئاماژە باوەڕپێکراوەکان

ئاماژە بەو خاڵە دەکەن کە هێرشە میگرەنییەکان لەگەڵ زیادبوونی تەمەندا، کزتر دەبن. لەم جێیەدا قسە لەسەر پێوەرە ئامارییەکانە کـە بـەپێی پێویـست نیـشاندەری ئیحتیمالاتـە. بـەهیچ جـۆرێ شایەتێکی جێباوەڕمان لە مەسەلە تایبەتییەکاندا نییە.

دواتر بەدوای گرفتترین پرسیاری ئێوەدا دەچین ـ بە گوتەی خۆتان ـ کە ئایا ئێوەش وەکو باوکتان لە نەخۆشییەکی زگماکی ئازار دەکێشن کە بێگومان بەرەو مردن و شێتی یاخود تێکچوونی هەستەکان بەکێشتان دەکات؟ پرسیارەکان بە هەمان ڕێکخستن بوو، وانییە؟"

چاوانی نیچە کرانەوە. وادیاربوو بەهۆی ئەوەی کە ڕاشـکاوانە وەڵامــی پرسـیارەکانی وەردەگرێـت، خافڵگیربووە. بروێر بیری کردەوە، باشە لێگەڕێ با سەری سووڕبمێنێ، ڕەنگە تائێستا هیچ پزیشکێ بە ئازایەتییەکی وەهاوە ڕووبەڕووی نەبوویێتەوە.

بە ئەنەرژییەکی زۆرترەوە درێژەی پێدا: "نەئەوەی کە هەیە و نە ئەزموونە بالینییــە تایبەتییــەکانی من، بچووکترین ئاماژەیەکیان بۆ ئەوە نییە کـە میگـرەن کاراکتـەرێکی پێـشخەری هـەبێت، یـا پەیوەندی بە نەخۆشییە دەمارییەکانی ترەوە هەبێت. من نازانم کە نەخۆشی باوکتان لەکامــە جـۆر بووە ـ گومان دەکەم کە تۆمۆرێکی زیانبەخشی شێرپەنجەیی هــەبووە و ڕەنگـە مردنیـشی بـەهۆی خوێنبەربوونی مێشکەوە بووبێت، بەڵام بەهەمان شێوەی کە گوتم هیچ ئاماژە و نیشانەیەك نییە کە میگرەن بە نەخۆشییەکی تر بگۆڕێت."

بێدەنگ بوو.

"باشە بەرلەوەی کە بەردەوام بین، ئایا ڕاستگۆیانە وەڵامی پرسیارەکانتانم داوەتەوە؟"

"دوان لە سیان، دکتۆر بروێر. پرسیارێکی تریش هەبوو، ئایا من کوێر دەبم؟"

"پێم وایە کە وەڵامێکی یەکجاری بۆ ئەم پرسیارە نییە. هەوڵئەدەم تا ئەو شوێنەی کە دەکرێ بۆتان ڕوونکەمەوە. سەرەتا من هیچ نیشانەیەك لە نێوان میگرەن و کەمبوونەوەی هێزی بینین دا نـابینم. ئاشکرایە کە لەبەرچاوگرتنی هەموو نیشانەکان وەك بزوێنەری یەك جـۆر نەخۆشـی، مـرۆڤ گـومڕا دەکات، بەڵام سەبارەت بەم مەسەلەیە بەم شـێوەیە کارناکـات. کـارکردنی زۆر بــە چـاو لەوانەیـە میگرەن دژوارتر بکات و یان تەنانەت دەرکەوتنی ئەو خێراتر بکات ـ دواتر لــەم بارەیــەوە قــسەی زیاتر دەکەین ـ بەڵام تێکچوونی بینینی ئێوە هۆکاری تری هەیە. من بەو ئەنجامە گەیشتوومە کـە

گلێنه پەردەیەکی ناسکە و بیلبیلە دادەپۆشێت، ڕێگا بدەن کە بە خێرایی ئەوەتان بۆ بکێشم ..." بروێر لەسەر لاپەڕەیەکی خۆی هێڵکارییەکی ئاناتۆمی چاوی کێشا و بە ڕوونی نیشانی دا کە گلێنەی نیچە لە حاڵەتی ئاسایی ڕەشترە و وتی کە لەوانەیە هۆکاری ئەو پەنەمانە کەڵەکەبوونی شلە بێت.

"ئێمە هۆکارەکانی ئەم گۆڕانە نەخۆشیئاسایە نازانین. بەڵام دەزانین کە بارودۆخەکە هێواش هێواش بەرەوخراپی دەچێت. لەبەر ئەوە ئەگەر چی لەوانەیە چاوتان کزتر بێت بەڵام بە ئیحتیمالێکی زۆرەوە دەڵێم کە بەتەواوی کوێر نابن. هەڵبەت ناتوانم هیچ گەرەنتییەك بدەم، چونکە ڕەشێتی گلێنەی ئێوە ڕێگا بە من نادات کە بەهۆی هاوێنەی تایبەتی چاوە پزیشکییەوە لێکۆڵینەوەیەکی ورد لەسەر تۆڕی چاوتان بکەم. کەوایە دەرکی ئەوە دەکەن کە ناتوانم کە وەڵامی یەکجاری ئەم پرسیارەتان بدەمەوە."

نیچە کە بەر لە چەند خولەکێك پاڵتۆیەکەی داکەندبوو، لەگەڵ کڵاوەکەیدا لەسەر ئەژنۆی دانابوون، هەستا و هەردووکیانی بە ئاسقییەکەدا هەڵواسی. وەختێ بۆ سەر جێگاکەی گەڕایەوە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هێمنتر دەهاتە بەرچاو.

"سوپاستان دەکەم ، دکتۆر بروێر. بەڕاستی ئێوە بەپێی گفتی خۆتان کارتان کرد. ئایا شتێکی تر لە من ناشارنەوە؟"

بروێر بیری کردەوە کە جێگای خۆی بوو نیچە وا لێبکات تاوەکو شتانێکی زیاتر لەمەڕ خودی لەوە بڵێت، بەڵام دەبێ بە هۆشیارییەوە بەرەوپێش بچێت.

"نەمشاردۆتەوە؟ زۆرێك لە تێبینییەکانم، هەست و سۆز و کاردانەوەکانم لەبارەی کەسایەتی ئێوەوە شاردۆتەوە! هەندێ کات لەخۆم دەپرسم کە ئەگەر داب و نەریتی کۆمەڵایەتی ئێمە بەشێوەیەکی تر بوایە و شتێ نەبوایە کە نەگوترێ، ئایا ڕەوتی گفتوگۆکانی ئێمە چۆن بەرەو پێش دەچوو؟ بەڵام ئێوە دڵنیا دەکەمەوە کە لەبارەی تەندروستیتانەوە شتێك لە ئێوە ناشارمەوە. ئەی ئێوە؟ بێننەوە یادی خۆتان کە ئێمە هەردووکمان خۆمان بە ڕاستگۆیی ئەرکمەند کردووە . بەم پێیە دەتوانم لە ئێوە بپرسم کە ئایا شتێك لە من دەشارنەوە؟"



نیچە وەڵامە دایەوە: "هەڵبەت شتێك نا کە پەیوەندی بە تەندروستیمەوە هەبێت. لە بەرامبەردا زۆرێك لە بیرەکانم کەنابێت ئاشکرا بن، دەشارمەوە! ئێوە بیر لە دمودویەك دەکەنەوە کە نابێت شتێکی بە نهێنی تێدا بمێنێتەوە. بە ڕای من ناوی ئەسڵی ئەوە 'دۆزەخ'ە. ئاشکراکردنی خود لەهەمبەر لایەنی بەرامبەردا، دەستپێکی خیانەتە و خیانەتیش هەموو کەسێ نەخۆش دەخات. وانییە؟"

"چی پرسیارێکی بزوێنەرە، پرۆفیسۆر نیچە! بەڵام ئێستا کە لەمەڕ ئاشکراکردنەوە کردنەوە دەدوێین، کەوایە من یەکێ لە بیرە شاراوەکانمتان بۆ ئاشکرا دەکەم. بە ڕای من گفتوگۆی ڕۆژی چوارشەمەمان لە ڕادەبەدەر هوروژێنەرانە بوو، ئومێد بۆ گفتوگۆکانی داهاتوو من زۆر گومڕا دەکات. من ئارەزوویەکی تایبەتیم بۆ فەلسەفە هەیە، ئەگەرچی لە سەردەمی خوێندنمدا زانیارییەکی زۆر کەمم وەدەست خست. کاری ڕۆژانەی من خۆراکێکی کەم بەم پەیوەندییە فراوانە دەدات. بەبێ بلێسە، لەناو دوکەڵی خۆیدا دەسووتێت و لەم نیوەندەدا تەنیا جێگای بزیسکەیەك دەمێنێتەوە."

نیچە زەردەخەنەیەکی کرد، بەڵام شتێکی نەگوت. بروێر هیواداربوو، و ئامادەیی تەواوی وەرگرتبوو. تۆوی متمانەی چرۆی کردبوو، گفتوگۆ بەخواستی ئەو بەرەو پێش دەچوو. کاتی ئەوە بوو کە سەبارەت بە ڕەوتی چارەسەری قسەبکات و لەبارەی ڕێژەی دەرمانەکان و میتۆدی 'چارەکردن بە قسە' وە بدوێت.

"با بگەڕێینەوە سەر چارەسەری میگرەن. چەند دەرمانێکی نوێ هەنە کە لەسەر چەند نەخۆشێك تاقیکراونەتەوە. مەبەستم لە دەرمانی وەکو برۆمید، ڤالێریان، بیلادۆنا، نایترۆگالیسرین و کۆلیشینە کە هەموویان ئارامبەخشن. ئەمە تەنیا بۆ ئەوە دەڵێم تاوەکو ناوی چەند دانەیەکم بردبێت. لە پەروەندەکانی ئێوە تێگەیشتم کە پێشتر چەند دانەیەکتان تاقیکردۆتەوە. لەبارەی زۆرێك لە دەرمانەکانەوە تەنانە ناتوانن ئاکامی چارەسەرییەکان ڕوونکەنەوە. هەندێ بە تایبەتی هێورکەرەوە و ئارامی بەخشەکان خۆیان کاریگەرن و ئەوانی تریش لەگەڵ لەناوبردنی میکانیزمی میگرەندا کاری خۆیان دەکەن."

نیچە پرسی: "ئەوەیان چییە؟"

"نەخۆشییەکی دەمارییە. پسپۆڕان یەکدەنگن لەسەر ئەوەی کە کە دەمارە خوێنییەکان بە تایبەتی خوێنبەرەکانی لاجانگ لە هێرشە میگرەنییەکاندا دوچاری گرفت دەبن" تەنگ دەبنەوە یاخود دەپەنەمێن. لەوانەیە نەخۆشییەکە لە دیواری ئەو دەمارانەی کە فراوان یا تەنگبوونەتەوە سەرچاوە بگرێ. بەڵام لەوانەیشە بەهۆی ئەندامێکەوە بێت لە کاتێکدا کە ڕێگە لە ڕەوتی ئاسایی خوێنی ئەوانە دەگیرێ. هەروەها لەسەریشدا هەموو پەردەکانی مێشك: پەردە ئەستوورە و پەردە ناسکە."

"ئەی هۆی ئەم نافەرمانییەی دەمارە خوێنییەکان چییە؟"

بروێر ئەوەی درکاند: "تا ئێستا هۆیەکەی نەزانراوە، بەڵام دڵنیام لەوەی کە ئەم گرێ کوێرەش بە زووی دەکرێتەوە. تا ئەو کاتە تەنیا دەتوانین گومان بەرین. زۆرێك لە پزیشکان کە منیش خۆم لە ڕیزی ئەواندا دەژمێرم، لە هەموو شتێ زیاتر هاوسەنگی کوشندە و نەخۆشیئاسای نەخۆشی میگرەن لەبەرچاو دەگرن. هەتا هەندێك تا ئەو شوێنە دەڕۆن و بانگەشەی ئەوە دەکەن کە تێکچوونەکانی هاوسەنگی لە ژانەسەر گرنگترە."

"دکتۆر بروێر جوان تێناگەم."

"مەبەستم ئەوەیە کە لەوانەیە تێکچوونی هاوسەنگی لە ئۆرگانە ویستراوەکاندا زیاد بکات. لە هەر هێرشێکدا نابێت ژانەسەر دەربکەوێت" میگرەنێکی ژێر هەناوی لەگەڵ تەنگبوونەوەی هەناودا بەبێ ژانەسەر مایەی دەستنیشانکردنە. هەندێ لە نەخۆشان باس لە نیشانەکانی نائومێدی یا تەنانەت چالاکی ئەو دەکەن و هەندێکی تر باس لە هەست و سۆزێکی نۆبە بە نۆبە دەکەن کە لە کاتی ئێستادا ڕوودەدات و جارێکی تر تاقییان کردۆتەوە، هەتا دەکرێ ئەمەش جۆرێك لە میگرن بێت."

"ئەی هۆی ناڕێکبوونی لێدانی دڵ چییە؟ هۆکاری یەکەمین چییە؟ ئایا ڕێی تێدەچێت بمانگێڕێتەوە بۆ لای خوا؟ واتا دوایین خەتای لێگەڕانێکی هەڵە کە ڕێنوێنی کراوەبۆ دوایین واقیعییەت؟"

"نەخێر لەوانەیە کە ئێمە بەرەو گواستنەوەیەکی عەقڵانی خەیاڵی پزیشکی ببات، نەوەك بەرەو خودا و لە عیادەکەی منیشدا!"

ئاخری لە کاتێکدا کە ئارامتر دەهاتە بەرچاو، نیچە وتی: "ئەم بابەتە ئارامم دەکاتەوە، دەترسام لەوەی کە ڕەنگە بە قسە ڕەقەکانی خۆم، هەستی مەزهەبیتانم ڕووشاندبێ."



"شتێك بۆ ترسان لەئارادا نییە، پرۆفیسۆر نیچە. ڕاست وەك ئێوە کە پیاوێکی ئازاد و پەیوەستن بە لۆتەرەوە، منیش جوولەکەیەکی بیرئازادم."

نیچە بزەیەکی کرد ـ دەمکراوەتر لە هەموو بزانەی کە تا ئێستا کردبووی ـ و لەسەر ئەسکەملەکەی خۆی ڕەحەتتر و خاوتر پاڵی دایەوە.

"جەنابی دکتۆر ئێستا کە من جگەرە دەکێشم، جێگای خۆیەتی کە پۆڕۆیەك بە ئێوە پێشکەش کەم."

بروێر هەستی بە دڵگەرمی کرد و بیری کردەوە، پێشنیاری فرۆید لەسەر بنەمای دانانی هۆکاری سەرەکی لە هێرشی میگرەنی پێشینەدا، زۆر زیرەکانە بوو. ڕێگایەکی باشە! شانۆ بۆ نمایشی من ئامادەیە.

بەرەوپێش چەمایەوە و هەڵسەنگێنەرانە و بە هێزێکی کاریگەرەوە گوتی: "کنەکردنی ئێوە لە پێناوی زانینی هۆی تێکچوون لە هاوسەنگی بیۆلۆژیدا، زۆر سەرنجڕاکێشە. منیش وەك زۆربەی خاوەن ڕایان لەو بڕوایەدام کە یەکێ لە هۆکارە تایبەتییەکانی میگرەن، لەنێو توندی هەیەجانەکاندا شاراوەیە. لەلایەکی ترەوە دەتوانێ لەگەڵ هەندێ لە حاڵەتە ڕۆحییە جیاوازەکاندا، توندتر ببێت. بۆ نمونە ئاوڕستبوونەکانی کار و زۆر و کەم پەیوەندی خێزانی و سێکسی. ڕەنگبێ بە ڕای هەندێ کەس ئەم دیدە سەبارەت بە هەندێ مەسەلە، بەکارنەیەت، بە پێچەوانەوە من لەم بەشانەدا بەتەواوی پێشبینی داهێنانی گەورەی پزیشکی دەکەم."

بێ دەنگی. ئەسەتەم بوو کە بروێر بزانێ نیچە بیر لە چی دەکاتەوە. لەلایەکەوە ئەو جوڵانی سەر پشتڕاستی دەکردەوە و لەلایەکی تریشەوە پێی دەلەقاند، کە بێگومان نیشانەی هەژمینێکی دەروونی بوو.

"دەربارەی ئەم تیۆرییەی من چی دەڵێن، پرۆفیسۆر نیچە؟"

"ئایا بەپێی ئەم تیۆرییەتان نەخۆش خۆی نەخۆشییەکانی هەڵدەبژێرێ، وەها دەڵێن؟"

بروێر بیری کردەوە: "ئاگادربە یۆزیف، ئەم پرسیارە یەك داوە."

"نا، پرۆفیسۆر نیچە مەبەستم نەبوو کە لەگەڵ ئەمەدا شتێکی وەها بڵێم، ئەگەرچی نەخۆشانێکم هەبووە کە بە شێوازێکی تایبەت بە کەسەکە لە عەیبی جەستەیی خۆیان سوودمەند بوونە."

"مەبەستتان ئەو کۆمەڵە کوڕەگەنجانەیە کە لە پێناوی لێخۆشبوونی خزمەتی سەربازیدا خۆیان بریندار دەکەن؟"

پرسیارێکی زیرەکانەی کرد. بروێر تا ئێستایش چاودێری دەکرد. نیچە گوتبووی کە بۆ ماوەیەکی کەم لە تۆپخانەی بیابانی پرۆسییەکاندا خزمەتی کردووە تاوەکو بەهۆی ڕووداوێکی بێئەقڵانەوە، ناچاربووە لەکاتی دەورەبینیندا، مەرەخەس ببێ.

"نەخێر مەبەستی من ڕووداوگەلێکی زۆر ئاڵۆزترە." ئاخ چەندێ نەزانانە! بروێر خێرا بە هەڵەی خۆیی زانی. نیچە لەم ڕستە بەندییانە دەڕەنجێ. بەڵام ئێستا ئیتر درەنگ بوو. ئەو ڕستەکەی تەواوکرد: "بەرلەوەی کە کوڕێکی گەنج لەتەمەنێکی گونجاودا، بەهۆی تەشەنەکردنی نەخۆشییەکی بالینی لەخزمەتی سەربازی هەڵبێت، بۆ نمونە ..." بروێر بەدوای نەخۆشیەکدا دەگەڕا کە تا دەکرێ دووربێ لە نەخۆشیەکانی نیچەوە. "... سیل یان نەخۆشییەکی سەختی وەك گەڕی پێست."

"ئایا تا ئێستا شتێکی وەهاتان بینیووە؟"

"هەموو پزیشکێ لەگەڵ نەخۆشیگەلێکی هاوشێوەی وەکو ئەم 'ڕووداوە' سەیرانەدا ئاشنایە. با بگەڕێینەوە سەر پرسیارەکەی ئێوە. من بە هیچ جۆرێ نەمدەویست کە مەبەستێکی وا دەرببڕم کە خۆتان نەخۆشییەکانی خۆتان هەڵبژاردووە. مەگەر ئەوەنەبێت کە بە ڕێگایەك سوود لە میگرەنی خۆتان ببینن. بەم جۆرەیە؟"

نیچە بێدەنگی لێکرد. وادیاربوو لە قووڵایی بیرکردنەوەی خۆیدا بوو. بروێر کەمێ دەمارەکانی خاوکردەوە و لە ناخەوە پیرۆزبایی لە خۆی کرد بەهۆی ئەوەی کە بە ئارامی خۆی لە شەڕ ئازاد کردووە. ئەبێ بەم شێوەیە نزیکی ئەم نەخۆشە کەوێتەوە. بە ڕواڵەت وادیاربوو کە نیچە خۆشی لەوە دەهات کە ڕاستەوخۆ ڕووەو پرسیارەکان بڕوات و داوای ڕووبەڕووبوونەوەی لێبکرێت و پرسیارەکان بە شێوەیەك بکرێن کە موخاتەبەی توانای دەرکی ئەوبکات!

"ئایا سوود لە ئازارەکانم وەردەگرم؟" ئاخری سەرلەنوێ نیچە پەرژایەوە سەر ئەم پرسیارە . "ساڵانێکی زۆر لەم بارەیەوە بیرم کردەوە. ڕەنگە لە دوو ڕوانگەوە وابێت! ئێوە واتان دانا کە ڕەنگە



ئەم هێرشانە لە فشاری زۆرەوە سەرچاوە بگرێت، بەڵام هەندێ جار تا ڕادەیەك بە پێچەوانەوە کاردەکات و دەبنە هۆی فشار! کاری من گرانە و فشارم بۆ دێنێت، ناچارم دەکات کە نیوەی تاریکی 'بوون' ببینم، و هێرشێکی میگرەنی هەرچەندە ترسناکیش بێت لە ڕاستیدا کەشەنگبوونێکی ناوەکیم پێدەبەخشێت کە ڕێگا بە من دەدات درێژە بە کارەکەم بدەم."

"گوتتان لەوانەیە لە دوو ڕوانگەوە سوودمەند بن، ئەی دووەمی کامەیە؟"

"لام وایە کە سوود لە چاوی کزی خۆم ببینم. ساڵانێکە ناتوانم کتێبی بیرمەندانی تر بخوێنمەوە. بەهۆیەوە دەتوانم بە چاکی و بێ ئەزیەتدانی ئەوانی تر شوێنی فیکری خۆم بکەوم. ناچار بووم لە ڕووی ڕۆحییەوە سوود لە چەوری بارخراوی خۆم وەربگرم. لە ڕاستییدا باشتریش بوو" ڕەنگە تەنیا بەو هۆیەوە ببمە فەیلەسوفێکی کارڕاست و جێ باوەڕ. من تەنها لە بارەی شتانێکەوە دەنووسم کە دەیانناسم. بە خوێنی خۆم دەنووسم" هەموو واقیعییەتەکان بۆ من واقیعییەتگەلێکی خوێناوین."

"ئایا چاوپۆشیتان لە هەموو پەیوەندییە زانستییەکان کردووە؟" دیسانەوە فەلتەیەکی تر! بروێر خێرا هەستی بەوە کرد کە پرسیارەکەی ئەو لە باسە سەرەکییەکە لایداوە. لە ساتێکی وەهادا نیشانی دەدا کە حەزی ئافەرینکردنی لەلایەن هاوکارانییەوە، تاچی ڕادەیەك ئەوی بەکێش کردووە.

"بە تایبەتی لە هەلومەرجێکی خەمباری وەك ئێستای فەلسەفەی ئەڵمانیدا، گرنگییەکی وەهای پێنادەم، دکتۆر بروێر. من بەر لە ماوەیەکی زۆر لە خانەی بیرمەنداندان وەدەرکەوتوومە و تازە دەرگاشم لە پشتی خۆمەوە داخستووە. وەختێکیش کە بیر دەکەمەوە، وەها دێتە بەرچاوم کە ئەمە دەسکەوتی میگرەنە."

"تا چی ئەندازەیەك، پرۆفیسۆر نیچە؟"

"نەخۆشی بوە هۆی ئازادبوونم. ناچاری کردم کە واز لە کورسی مامۆستایی باسیل بهێنم، ئەگەر بمابمایەتەوە لەوێ دەبوایە کاتی خۆم بە گفتوگۆ لەگەڵ هاوکارانم و بەرگریکردن لەخۆم خەرج بکردایە. یەکەمین کتێبم ***لەدایکبوونی تراژیدیا*** کە کارێکی تاڕادەیەك ڕەوان و ئاساییە، لە کۆڕ وکۆمەڵی زانستیدا بۆ هۆی دژایەتی و دووڕوویی کردنێکی زۆر. بە شێوەیەك کە کۆلیژی باسیل قوتابییەکانی ڕادەسپارد کە نەیەنە پۆلی وانەوتنەوەی منەوە. بە درێژایی دووساڵی دوایی لەوێدا، من ـ ڕەنگە وەك باشترین ئوستاد لە مێژووی باسیلدا ـ دوو یا سێ گوێگرم هەبوو. دەڵێن هیگڵ لەسەرەمەرگدا

خەفەتی دەخوارد کە تەنیا یەك قوتابی هەبوو کە لێی تێگەیشتووە، و کەچی هەمان ئەو یەکەش مەبەستی ئەوی بەهەڵە لێکدابۆوە! من هەتا ناتوانم شانازی بە هەبوونی تەنیا یەك قوتابیشەوە بکەم، کەلێم تێنەگەیشتووە."

سروشتی بروێر بە ئەوی دەگوت کە دەبێ ئێستا دڵی نیچە بداتەوە، بەڵام لە ترسی ئەوەی کە نەوەکو سەرلەنوێ نیچە بئازڵکێنێتەوە، تەنیا بە جووڵانی سەر وەك تێگەیشتنی وی لەبەرامبەر ئەودا بە بێ هیچ بەزەییەك، وازی هێنا.

"هەروەها نەخۆشی سوودێکی تریشی بۆم هەبوو، دکتۆر بروێر. بووە مایەی بەخشینم لە خزمەتی سەربازی. سەردەمانێك بوو ئەوەندە نەفام بووم کە پێم وابوو دەبێ لە ڕێگای وەدەستهێنانی پێوەرێك و ..." ـ نیچە پەنجەی لە جێ برینێکی بچووکی سەرلووتی خۆی دا ـ "خواردنەوەی ڕێژەیەکی زۆر لە کهول، بوونی خۆم بسەلمێنم. تەنانەت ئەوەندە ئالوودە ببووم کە بەرزبوونەوەی یەك پلەم لە سووپادا لە بەرچاو دەگرت. بەڵام ئەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرن کە من لەو ڕۆژانەدا لە ئامۆژگاری و ڕێنموونی باوکانم کەم بوو. نەخۆشییەکەم منی لە هەموو ئەوانە پاراست. هێشتایش لە کاتی قسەکردندا، چەندین ڕوانگە وەبەرچاوم دەکەون کە نەخۆشییەکەم لە خوگرتنی ئەوانەدا کۆمەکی منی کردووە..."

بروێر سەرباری هەموو ئارەزوویەکی کە بۆ باسەکەی نیچە هەیبوو، نائارام بوو. ئەوە پێشبینییەکی بێجێ بوو کە نەخۆش بەرەو 'چارەکردن بە قسە' ببات. ئەو تێزی سوودەکانی نەخۆشی بەو هۆیەوە باسکردبوو تاوەکو بەوهۆیەوە پێشنیارەکانی خۆی ئاشکرابکات.

بروێر حیسابی بۆ ڕۆحی بارداری نیچە نەکردبوو. هەموو پرسیارێ فیکری ئەوی خەراتر دەکرد.

هەنوکە نیچە خۆی بەدەستی بەسەرهاتێك لە وشە دەسپارد. وادیاربوو کە دەتوانێت و دەیەوێت چەندین کاتژمێر لەم بارەیەوە بدوێت. "سەرباری ئەمانە نەخۆشی ناچاری کردم کە بە شێوەیەکی جیدی بیر لە مردن بکەمەوە. ماوەیەك بیرم دەکردەوە کە من ئازاری دەردێکی بێ دەرمان دەکێشم کە لە هەرەتی لاویدا بەر بە ژیانم دەگرێت. تارمایی مەرگێك کە نزیك بوو ڕوویدات بە کارێکی خێر گۆڕا. بەبێ نوچدان و ئارامگرتن کارم دەکرد، چونکە دەترسام بەرلەوەی شتگەلێك کە دەمویست بیانخەمە سەرکاغەز، بمرم. داخۆ هەر بەرهەمێکی هونەری کە کۆتاییەکی خەمگینی هەیە، نایاب



نییە؟ تامی تاڵی مەرگ لە سەرلێوانم، دەروازەی دووربینی بۆ کردمەوە و ئازایەتیم پەیدا کرد. ئازایەتی ئەوەی کە خۆم بم" ئەمەش هەمان مەسەلەی سەرەکی و بنەڕەتییە. ئایا من پرۆفیسۆر یا زماناس یان فەیلەسوفم؟ چی سوودێکی هەیە؟" وا دیاربووکە نیچە لە قسەکانی خۆیی و لە ڕەوانبوونی بیرەکانیدا مەست ببوو. "منەتباری ئێوەم، دکتۆر بروێر. گفتوگۆ لەگەڵ ئێوەدا ڕۆشنی و ڕووناکییەکی زۆری بە دیاری بۆ من هێنا. بەڵێ، ئەبێ من قەبووڵی نەخۆشییەکەم بکەم و دوعای خێری بۆ بکەم. بۆ یەك دەروونناس، ئازار خۆی جۆرێکە لە دوعای خێر و مامۆستای جەنگینە لە ژیاندا."

نیچە ئاشقی چاوی ناوەوەی خۆی ببوو. بەڕای بروێر ئەمە ئیتر گفتوگۆیەکی دوو کەسی نەبوو، ئەگەر ئێستا نەخۆشەکەی دەستی بۆ قەڵەم ببردایە و دەستی بە نووسین بکردایە، هەرگیز سەری سوڕنەدەما.

کەچی دواتر نیچە سەیرێکی سەرەوەی کرد و بەبێ وەستان، بەرامبەرەکەی دواند: "ئایا 'بەردی سنووری' ڕۆژی چوارشەممەی منتان لەیادە: 'ئەوەبە کەهەیت!'؟ حەزدەکەم ئەوڕۆ ئێوە بەرەو دووەمین 'بەردی سنووری' خۆم ببەم: 'شتێ کە من نەکوژێت، بەهێزترم دەکات'. لەم ڕووەوە دەتوانم جەخت بکەمەوە لەسەر ئەوەی کە نەخۆشییەکەم دوعایەکی خێر بووە."

باوەڕ و دڵنیایی بروێر لە دیاریکردنی ڕەوتی گفتوگۆکە لەناوچوو بوو. خەریك بوو تووشی جۆرێك لە هێڵنجی ڕۆحی دەبوو. نیچە هەموو شتێکی تێکەڵ و پێکەڵ کردبوو" سپی ڕەش بوو" چاکە، خراپە بوو، ئەشکەنجەکانی میگرەن دووعای خێر بوون. بروێر هەستی کرد کە چۆن ڕەوتی باسەکەی لەدەست دەردەچێت. هەوڵی دەدا تاوەکو ئەوەی پێشوو بەدەست بێنێتەوە.

"پرۆفیسۆر نیچە، چ دیدگایەکی سەرنجڕاکێشتان هەیە، ئەمە بۆ من بە تەواوی شتێکی نوێ بوو. بەڵام لاموایە بەم پێیە هاوباوەڕین کە ئێوە باشترین شتەکانی نەخۆشییەکانی خۆتان وەرگرتووە. ئێستا کە ئێوە باردار بە زانین و دوورئەندێشی دەژین، کە وەك دەسکەوتێکی نەخۆشییەکەتان دەژمێردرێت، کەواتە تێبینی من ئەوەیە کە کاری ئێوە بەبێ بوونی ئەم ناڕەحەتیانە ترسناك دەبێت. نەخۆشی کاری خۆی ئەنجام داوە، ئایا بەدیدی ئێوەش وانییە؟"

بروێر لەکاتێکدا کە گفتوگۆی دەکرد و لەگەڵیدا خەریکی بیرکردنەوە بوو، شتەکانی سەر مێزی نووسینەکەی وەکو پەیکەری دارینی گوێچکەی ناوەوە، پەڕەی شووشەیی بە قۆقزی قووپاوی شین و تەڵاییەوە، ئاونگی برۆنزی، نوسخە و کتێبی گەورەی دەرمانسازی جێ گۆڕکێ پێدەکرد.

"تائەو شوێنەی کە توانیم لە قسەکانتان تێبگەم، ئێوە زیاتر لەبارەی سەرکەوتن بەسەر نەخۆشی و سوودەکانی ئەو قسەدەکەن تاوەکو هەڵبژاردنەکەی. وانییە؟"

نیچە جەختی کردەوە: "بەڵێ، بەڕاستی مەبەستی من لەبارەی سەرکەوتن بەسەر نەخۆشییەکدا، واتا زاڵ بوونە بەسەریدا. بەڵام لەبارەی هەڵبژاردنەوە، لەگەڵ خۆمدا هاوڕانیم، لەوانەیە تەنانەت مرۆڤ نەخۆشییەکانیشی هەڵبژێرێت. پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەم کەسە 'مرۆڤ' بێت. ڕۆح وەکو یەکەیەك کارناکات" بەشەکانی ئاگایی ئێمە دەتوانن بەبێ پەیوەستبوون بە یەکترییەوە ئاکتیڤ بن. ڕەنگە من و جەستەی من، لەپشتەوەی ئاگایی من، پێکەوە بە نهێنی ڕێکەوتبن. ڕەنگە بزانن کە نائاگایی یان ئاگایی پەیوەندییەکی تریان بە ڕێگا تەنگ و شاراوەکانەوە هەیە."

بروێر لە لێکچوونی نێوان ئەم بیروڕایەی نیچە لەگەڵ ئەو باوەڕەی کە فرۆید بەر لە چەند ڕۆژێك بەرگری لێدەکرد، سەری سوڕمابوو. پرسی: "دەتانەوێ بڵێن کە شەیتانگەلێکی سەربەخۆ و جیاواز لە ناوەوەی ئاگاییدا بوونیان هەیە؟"

"ئەم ئەنجامە هێواش هێواش بەدەست دێت. بەڵام دەبێت ئەگەری ئەوە دابنێین کە بەشێکی گرنگی چارەنووسی ئێمە بەهۆی ڕەمەکەوە ڕێنوێنی دەکرێت. دەشێ ئەو فیکرانەی کە لە ئاگاییەوە دەردەبرڕێن، هزرگەلێك بن کە دواتر پەیدا دەبن. وێناکردنێك کە درەنگ تر دروست دەبن تاوەکو شێوەی ڕوکەشی دەسەڵاتداری نەڕووشێ. دکتۆر بروێر من دیسانەوە ئەبێ سوپاسی ئێوە بکەم. ئەم گفتوگۆیە، بۆ بیرکردنەوە لە زستانی داهاتوودا، ئەرکێکی گرنگ بە من دەدات. ڕێگا دەدەن..."

نیچە کاغەزدانەکەی کردەوە و پێنووسێکی بچووك و پەڕاوێکی گچکەی یاداشتی لە ناویدا دەرهێنا و چەند خەتێکی نووسی. بروێر ـ بێ ئەنجام ـ ملی لارکردەوە تاوەکو ئەو خەتە لارو وێرانە بخوێنێتەوە. نیچە بە ڕێنوێنی بیری فەلسەفییانەی خۆیەوە، گەلێ لە ئامانجی هیچی بروێر گەورەتر بوو. بەڵام داخۆ بۆ ئەم پیاوە بێچارەیە، جگە لەوەی کە سەرسەختانە مەسەلەی خۆی بەرەوپێش ببات، ڕێگایەکی تر دەمێنێتەوە؟ "وەك پزیشکی ئێوە دەبێ ئەوە لەبەرچاو بگرم کە لەگەڵ ئەوەی



کە نەخۆشییەکەتان بەرهەمێکی زۆری لەخۆیدا هەڵگرتووە و ئێوە بە دڵنیاییەوە ئەمە دەردەبڕن، ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە بانگی شەڕی لە دژ بدەن تاوەکو ڕازەکانی ئاشکرا ببێت و خاڵی لاوازی ئەو دەستنیشان بکرێ و دواتر بڕوخێت. حەزتان لێیە کە لەم بارەیەوە شوێنم کەون؟"

نیچە چاوی لەسەر دەفتەرەکەی هەڵگرت و بە میهرەبانییەوە سەری لەقاند. بروێریش بەردەوام بوو: "من بەگومانم لەوەی کە مرۆڤ لەگەڵ هەڵبژاردنی ڕێگایەك لە ژیاندا کە دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار، 'نەویستانە' نەخۆشی خۆی هەڵدەبژێرێت. ئەگەر ئەم فشارە بەهێز یا کوشندە بێت، ئەوا هێرش دەکاتە سەر بەشێکی لاوازی لەش. لەبارەی میگرەنەوە، ئەوا دەمارەکان دەکەونە بەر هێرش. لەبەر ئەوە بەو شێوەیەی کە دەبینن، شوێنکەوتنی هەڵبژاردنێك لەئارادایە. هیچ کەس لەنێوانی ناڕەحەتییە ئامادەکاندا، ناڕەحەتییەك هەڵنابژێرێت، کەچی فشار هەڵدەبژێرێت و فشارەکانیش نەخۆشی هەڵدەبژێرن!"

بروێر کە لە سەرلەقاندنەکانی نیچە وەك جەختکردنەوەیەك، بوێری پەیدا کردبوو، درێژەی دایە: "لەبەر ئەوە فشار، دوژمنی ئێمەیە و ئەرکی منیش وەك پزیشکێك ئەوەیە کە فشارەکانی ژیانی ئێوە کەمکەمەوە."

بروێر نەفەسێکی تازە کردەوە" ئەوان سەرلەنوێ کەوتبوونەوە سەر باری ڕاستی خۆیان. ئێستا زەمینەیەك بۆ هەنگاوی دیاریکراوی پاشتر ڕەخسابوو. پێشنیاری یارمەتیدانی نیچە لەپێناوی ئاشکراکردنی هۆکارە دەروونییەکانی فشاردا.

نیچە قەڵەم و پەڕاوە بچووکەکەی خستەوە کاغەزدانەکەیەوە. "دکتۆر بروێر، وا چەندین ساڵە کە من بیر لە بابەتی فشارەکانی ژیانم دەکەمەوە. ئێوە باسی کەمبوونەوەی فشار دەکەن! دروست بە هەمان مەبەست لە ساڵی ١٨٧٩ دا لە زانکۆی باسیل دەرچووم. من ژیانێکی بێ فشار دەگوزەرێنم. ئیتر دەرس ناڵێمەوە، بەرپرسیارێتی هیچ جۆرە دارایییەکم لە ئەستۆدا نییە، ماڵ، پلە و پایە، هاوسەری ململانێ خواز و منالم نییە کە بەسەر هەڵەکانیاندا ڕابگەم. من لە ژیانمدا تا ئەو ڕادەیەی کە دەکرێ فشارم کەمکردۆتەوە، ئەی کەوایە چۆن دەکرێ دیسانەوە کەمتربێتەوە؟"

"بەهیچ جۆرێك من وانابینم کە ئەوە شتێك بێت کەمتر نەبێتەوە، پرۆفیسۆر نیچە. حەزدەکەم لەسەر هەمان بابەت گفتوگۆتان لەگەڵدا بکەم. لەبەر ئەوە ..."

نیچە قسەی ئەوی بڕی: "بەڵام بیر لەوە بکەنەوە کە من سیستەمێکی لەڕادەبەدەر هەستیارم بۆ ماوەتەوە“ ئارەزووم بۆ مۆسیقا و هونەر ئەمەی بۆ من سەلماندووە. کاتی کە بۆ یەکەمین جار گوێبیستی ئۆپێرای ***کارمین*** بووم، هەموو خانە دەمارییەکانی مێشکم هاوکات دەستیان بە بزیسکە لێدان کرد. بەهەمان شێوەش دەتوانرێ کاردانەوەی من لە بەرامبەر بچووکترین گۆڕانی هەوا و فشاری کەش و هەواوە بزانرێت."

بروێر دژی ئەمە بوو: "دەرکەوتنی کاردانەوەیەکی وەها بێلایەنانە و توند نابێ زگماکی بێت. بە تەواوی دەتوانێ ئاشکراکەری فشارگەلێك بێت کە سەرچاوەی تریان هەیە."

نیچە نارەزا بوو، بێئارامانە سەری لەقاند. دەتگوت بروێر دەرکی بە بابەتی ئەسڵی نەکردووە. "نەخێر! بەڕای من دەرکەوتنی کاردانەوەیەکی توند، بەو شێوەیەی کە ئێوە ناوی دەنێن، بۆ من خوازراوە و تەنانە گرنگە. من دەمەوێ کاردانەوەم هەبێت. حەزناکەم لە هیچ یەك لە جنگوجوولی ئەزموونە ناوەکییەکانی خۆم بێبەش بم! ئەگەر فشارەکانیش مایەی ناسینی خود بن، ئەوا زۆر باشتر! من بۆ مەزاختنی تاوانەکەی بەڕادەی پێویست دەوڵەمەندم."

بروێر شتێکی بۆ گوتن نەبوو. حیسابی لە رووی بەرگرییەکی وا توند و ڕاشکاوانەدا نەکردبوو. بەرلەوەی کە دەرفەتێکی دەستکەوێ تاوەکو بەرنامەی چارەسەریی بخاتە ڕوو، بەڵگەهێنانەوەکانی کە هێشتا دیارنەخرابوون، نابووت دەبوون. لە بێدەنگیدا بیری لە سازدانی جەنگێکی نوێ دەکردەوە.

نیچە درێژەی دایە: "ئێوە ئاشناییتان لەگەڵ کتێبەکانی مندا هەیە. کەواتە دەبێت بزانن کە نووسینەکانم تەنیا بەو هۆیەی کە ڕەوان و دانایانەن، قایلکەرنین، بەڵکو بەهۆی ئەوەش کە ئەو بوێرییەم هەیە کە خۆم لە ئاسوودەیی مێگەل دووربخەمەوە و بەهێزکردنی خۆ بە حەزێکی شەڕانی بزانم. لێکۆڵینەوە و زانست بە بێباوەڕی دەست پێدەکات. هەروەها بێباوەڕی پێویست و وروژێنەرە! بە تەنیا هێز، لەهەمبەر ویدا ڕادەوەستێت. دەزانن کە پرسیاری دیاریکەری بیرمەندان چییە؟" چاوەڕێی وەڵامی ئەو نەبوو: "پرسیاری دیاریکەر ئەمەیە: ’ئەو تەحەمولی چەندێ لە واقیعیەت دەکات؟‘ ئەم کارە بۆ ئەو دەستەیە لە نەخۆشەکانی ئێوە کە هەوڵدەدەن کە فشارەکانیان کەمبێتەوە و حەزدەکەن ژیانێکی ئارام و ئاسوودەیان هەبێت، گونجاو نییە."



وەڵامێك بە بروێر نەگەیشت. ئەو ستراتیژییەی فرۆید کە ئامۆژگاری کردبوو هەموو هێزی خۆی لەسەر ئایدیای کەمکردنەوەی فشار بەکاربهێنێت، بێئەنجام دەرچووبوو. بەڵام لە هەمبەر وی کەسێك دانیشتبوو کە مکووڕ بوو لەسەر ئەوەی کە بۆ کارەکەیی و بۆ ئەو شتەی ئەو بە زیندویی ڕادەگرێت، هەبوونی فشار گرنگە.

بروێر ڕێك دانیشت و بە تونای پزیشکییەوە خۆی ڕزگارکرد. "پڕۆفیسۆر نیچە، من زۆر باش ئاگام لە باری دژواری ئێوە هەیە، بەڵام ڕێگا بدەن کە چەند خاڵێك دووبارە بکەمەوە. ڕەنگە ئێوە بەو ئەنجامە بگەن کە چەند ڕێگایەك هەیە تاوەکو ئازاری کەمتر بکێشن و بەهۆی ئەمەوە لێکۆڵینەوە فەلسەفییەکانی خۆتان درێژە پێبدەن. من لەبارەی نەخۆشیی ئێوەوە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بیرم کردۆتەوە. بە درێژایی ساڵانێکی زۆری ئەزموونەکانم و ـ ئەزموونەکانم لەبارەی میگرەنەوە ـ هاوکاری نەخۆشانێکی زۆرم کردووە. پێم وایە بتوانم هاوکاری ئێوەش بکەم، لێگەڕێن با بەرنامەی چارەسەریی خۆمتان بۆ باسبکەم."

نیچە وەك ڕەزامەندی سەری لەقاند و بە ڕەحەتی لەسەر ئەسکەملەکەی دانیشت. بروێر وای وێنا دەکرد کە لەپشتی مەتەرێزێکی دروستکراوەوە، لە ئەماندایە.

"پێشنیار دەکەم کە ئێوە چوار هەفتە لە کلینیکی لاوزۆن[٢]، لێرە لە ڤییەنا بخەوێنرێن تاوەکو بتوانین بە شێوەیەکی بنەڕەتی لێکۆڵینەوە لەسەر نیشانەی نەخۆشییەکانتان بکەین. بێگومان ئەم ڕێگایە سوودی زۆری دەبێت. دەتوانین هەندێ لە دەرمانە تازەکانی میگرەن بە شێوەیەکی ڕێك و پێك تاقی بکەینەوە. لە ڕاپۆرتە پزیشکییەکانی ئێوەوە تێبینی دەکەم کە ئێوە لەژێر چاودێری پزیشکیدا، بۆ نمونە هەرگیز ئەرگۆتامینتان تاقی نەکردۆتەوە کە دەرمانێکی نوێیە بۆ میگرەن. هەڵبەت دەبێ بە هەستیارییەوە بەکاربرێت. دەبێت کاتێ کە میگرەن دەستپێدەکات، خێرا دەرمانەکە بەکاربرێت. بەهەڵە بەکارهێنان دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی لاوەکی جیدی. لەبەر ئەوە پێم باشە لە کاتی کەوتنی نەخۆش لە کلینیك لە کەمێکی بکۆڵمەوە. ئەم لێکۆڵینەوانە دەتوانێ لەبارەی هۆکارەکانی میگرەنەوە زانیاری بەنرخ بە ئێمە بدات. دەزانم کە بە تێبینییەوە دەستنیشانی نەخۆشی خۆتان دەکەن. دروست بە هەمان هۆ تێدەگەن کە چەند هۆکارێك هەیە بۆ

2- Lauzon

ئەوەی کە لەژێر چاودێری پزیشکێکی کارزاندا بمێننەوە. من هەمیشە نەخۆشانێك بۆ کلینیکی لاوزۆن دەنێرم."

بروێر بەپەلە درێژەی دایە، تاوەکو ڕێگە لە دژایەتی بگرێت: "مرۆڤ لەو شوێنەدا ئاسوودەیە. کلینیك بەڕێوەبەرایەتییەکی زۆر بەهێزی هەیە، بەڕێوەبەری نوێ چەند داهێنانێکی کردووە. لە بادن بادن گازۆز دەهێنن. سەرباری ئەوە کلینیك لە نزیکی عیادەکەی منەوەیە. جگە لە یەکشەموان دەتوانم هەموو ڕۆژێ بێمە سەردانتان و پێکەوە لەبارەی هۆکاری گرژییەکانی ژیانی ئێوەوە گفتوگۆ بکەین."

بینی کە نیچە ئارام بەڵام لێبڕاوانە سەری ڕادەوەشێنێ.

بروێر گوتی: "ڕێگا دەدەن کە ئەگەرەکانی فیکر و خەیاڵی ئێوە لەناوببەم؟ ئێوە ناوی یەکێك لە نیگەرانییەکانی خۆتان برد. واتا فشار، بەشێکی دانەبڕاوی کار و پەیامی ئێوەیە و لە پێناوی لەناوبردنیدا ـ ئەگەر وای دابنێین مایەی قەبووڵ بێت ـ ئێوە پێشوازی لە ڕەوشێکی وەها ناکەن. ئایا ڕاست لە مەبەستتان گەیشتوومە؟"

نیچە سەری بە نیشانەی بەڵێ لەقاند. بروێر بە شادییەوە هەستی بە بڵێسەی لێکۆڵینەوەیەك کرد لە چاوی ئەودا. بیری کردەوە: "زۆر چاکە! پرۆفیسۆر پێی وایە هەموو شتەکان لەبارەی فشارەوە گوتراوە و لەوە سەیرماوە کە من دوو هەنگاو ئەم بابەتەم بەرەوپێش بردووە!"

"لە لایەکی ترەوە ئەزموونە بالینییەکان فێریان کردوومە کە سەرچاوەی بێشومار بۆ فشار هەیە. سەرچاوەگەلێ کە لەوانەیە لەدەرەوەی ئاگایی نەخۆشدا بێ و پێویستە بۆ ڕوونکردنەوەیان."

"دکتۆر بروێر سەرچاوەی ئەو فشارانە کامانەن؟"

"لە ڕەوتی گفتوگۆکەماندا ـ هەمانکات کە پرسیارم کرد ئایا تا ئێستا ئەو شتانەی کە لەگەڵ هێرشە میگرەنییەکانی ئێوەدا هەبوون، یاداشتان کردوونە یان نا، ئێوە باستان لەو گۆڕان و هەیەجاناتانە کرد کە ڕێگەتان لێدەگرن. لاموایە کە ئەو ڕووداوانە ـ ئەوانەی کە وردتر باستان نەکردووە ـ بوونەتە هۆی فشارگەلێك کە ئەگەر لەبارەیانەوە قسەتان بکردایە، ئارامتر دەبوون."

نیچە لێبڕاوانە ڕایگەیاند: "دکتۆر بروێر، من بەسەر ئەم هەلومەرجە خراپانەدا زاڵ بوومە."



بەڵام بروێر وازی نەدەهێنا: "باشە لەوانەیە سەرچاوەی تری هاوشێوەی ئەوانە هەبێت. بۆ نمونە ڕۆژی چوارشەممە باستان لە خیانەتێك کرد. خیانەتێکی وەها دەبێتە هۆی دروستبوونی فشار و بەهۆی ئەوەی کە هیچ ئینسانێ بەبێ ترس ناژی و کەسێکیش لە ئەماندا نییە لە هەست و سۆزێك کە لەدەستدانی دۆستێك یان ئازاری تەنیای دروستی دەکات. پرۆفیسۆر دەبێ وەك پزیشکێ ئەوە بدرکێنم کە لە شێوەی ژیانتاندا چەند هۆکارێك بۆ نیگەرانی دەبینم. چی کەسێ لە ماوەیەکی وەها زۆردا بەرگەی تەنهاییەکی وەها دەگرێت؟ هەڵبەت ئێوە ژیانی بێ ژن، بێ منداڵ و هاوکار وەك هۆکارێك بۆ دوورەپەرێزی دەزانن، بەڵام داوەری من بە شێوەیەکی ترە. تەنیایی فشار کەمناکاتەوە، بەڵکو دروستی دەکات. تەنیایی خۆی فشارە و زەمینەیەکی زۆر گونجاو بۆ ئەم نەخۆشییە دەڕەخسێنێت."

نیچە بە توندی سەری با دەدا: "بە تەواوی دژی ئەمەم، دکتۆر بروێر. بیریارانی گەورە هەمیشە لایان باشترە لەگەڵ خۆیاندا بدوێن و دوور لە مێگەل بەدوای بیروڕای خۆیاندا دەچن. تەنها بیر لە تۆریۆ[3]، سپێنۆزا[4]، یا گروپە مەزهەبییەکانی وەك هێرۆنیمۆسی پیرۆز[5]، فرانسیسکۆس قەدیس[6] یان بوزای نورانی بکەنەوە."

"تۆریۆ ناناسم، بەڵام ئایا بەڕاستی ئەوانی تر نمونەگەلی دەروونێکی تەندروستن؟ سەرباری ئەوە ..." ـ بروێر زیرەکانە بزەیەکی کرد، بەو ئومێدەی کە تاڵی و جدیەتی گفتوگۆ بگرێت ـ "... وا دەکەوێتە بەرچاوم کە وەختێ ئێوە سوود لە هەڵقە مەزهەبییەکان وەردەگرن، دڵنیاییبەڵگەهێنانەوەکانی ئێوە دەکەوێتە مەترسییەوە."

وادیاربوو نیچە لەم باسەدا گاڵتەی نەبوو. "دکتۆر بروێر من زۆر قەرداری ئەزیەتەکانی ئێوەم و ئەم گفتوگۆیانە بۆ من زۆر بەسوود بوون. بەڵام هەرگیز باس لە خەواندنی کلینیك نەکەن. چارەسەری و نیشتەجێبوونی من لە شوێنە جۆراوجۆرەکان ـ چەند هەفتە لە سانت مۆریس، هیکس و شتایناباد[7] ـ ئەنجامێکی نییە."

3- Thoreau
4- Spinoza
5- Hieronymus
6- Franziskus
7- Steinabaad

بروێر سەرسەخت بوو. "بەڵام نابێ ئێوە مانەوە لە کلینیکی لاوزۆن لەگەڵ مانەوە لە شوێنە جۆراوجۆرەکانی تر و ئاوەگەرمەکانی ئەوروپا دا بەراورد بکەن! خۆزگە ناوی ئاوی بادن بادنم نەبردایە! تایبەتمەندیەکانی ئەم کلینیکە کە خۆم پزیشکم تێیدا، بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ئاوی کانزاییدا بەراورد ناکرێت."

"دکتۆر بروێر ئەگەر عیادەکەی ئێوە و ئەم کلینیکە لە شوێنەکانی تری وەك تونس، سیلیس یا هەتا ڕاپالو بوایە، بیرم لەم پێشنیارە دەکردەوە، بەڵام زستانی ڤییەنا بۆ ئەعسابی من وەکو ژار وەهایە. لام وانییە کە بتوانم لەوێدا گیانێکی تەندروستم هەبێت."

هەڵبەتە بروێر لە لۆسالۆمێی بیستبوو کە نیچە هیچ جۆرە نارەزاییەکی لە گوزەراندنی سێ کەسی زستانە لە ڤییەنا نەبووە، بەڵام بەداخەوە کە نەیدەتوانی سوود لەم زانیارییانەی خۆی وەربگرێت. بەهەرحاڵ وەڵامێکی تری بەبیردا هات.

"بەڵام پرۆفیسۆر نیچە، گرێیەکە ڕاست ئا لێرەدایە! ئەگەر ئێوە لە ساردینین[8] یا تونس چارەسەر بکەین و ئێوە چوار هەفتە بێ میگرەن بن، شتێك بۆ ئێمە نامێنێتەوە. جیاوازییەك کە توێژینەوەی پزیشکی لەگەڕان بەدوای شوناسدا لەگەڵ فەلسەفەدا هەیەتی ئەوەیە کە هیچ کارێك بە بێ ڕیسك ناچێتە پێشەوە! هێرشێکی میگرەنی لە کلینیکی لاوزۆن نەك هەر نیگەرانییەکی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەوەیە دیارییەکی ئاسمانی بێت. گەنجینەیەك زانیاری و ئاشکراکردنی نوێ لە بارودۆخی ئێوە بەدەست دێت و چارەسەرییەکی گونجاو بۆ ئێوە دەکرێت. دڵنیا بن ئەگەر بڕیار وابێ هێرش بە ئارگۆتامین یان نایترۆگلیسرین هێوربکەینەوە، من هەمیشە لەوێ ئامادە دەبم."

سەرەتا بروێر ئاوەها ڕازی بوو. دوای ئەوەی بابەتی دواینی کە بە شێوەیەکی نائاسایی قایلکەر دەهاتەبەرچاو، بروێر بزەی سەرکەوتنی خۆی کرد.

نیچەش بەرلەوەی کە وەڵام بداتەوە، تفێکی قووت دا. "قەبووڵی دەکەم دکتۆر بروێر بەڵام بەم حاڵەوە ناتوانم ڕاسپاردەی ئێوە بەجێ بهێنم. دژایەتی من لەگەڵ بەرنامەی ئێوە و چارەسەرییەك کە لە بەرچاوتان گرتووە، لە لە باوەڕێکی قووڵی ناوەکییەوەیە. لەگەڵ هەمووو ئەمانەدا لە دیدێکی ترەوە زیادە و کفرئامێزە. بۆچی کە باسی ڕێگرێکی گەورە ـ واتا پارە ـ لێرەدا لە ئارادانییە!

8- Sardinien



تەنانەت لەژێر گونجاوترین هەلومەرجیشدا ، بودجەی من بەهۆی یەك مانگی چاودێری توندی پزیشکییەوە، لە ڕادەبەدەر دەکەوێتە ژێر فشارەوە. لە ئێستادا ناکرێت."

"ئێستا خۆتان بڵێن، پرۆفیسۆر نیچە، ئایا ئەمە سەیر نییە کە من لە تایبەتیترین وردە بەشەکانی بارودۆخی جەستە و ژیانی ئێوە دەپرسمەوە، کەچی ـ وەك زۆربەی هاوکارەکانم ـ بۆ ئەوەی کە زانیارییەك لەسەر باری دارایی ئێوە بەدەست بێنم، شەرمەزار دەبم؟"

"داوای ئێوە بێهوودەیە، دکتۆر بروێر. من بۆ ئەوەی کە لەسەر باری دارایی خۆم قسە بکەم، بە هیچ جۆرێ شەرمەزار نابم. تا ئەو شوێنەی کە بە ڕادەیەکی پێویست پارەم هەبێت، تا بتوانم درێژە بە کارەکانم بدەم، لە دیدی منەوە گرفتی دارایی مانایەکی تایبەتی نییە. ژیانی من لە کەماڵی ڕازیبوونەوە دەگوزەرێت“ جگە لەوەی کە هەندێ جار کتێب دەکڕم، تەنیا ئەوەندە خەرج دەکەم کە بۆ ژیانم پێویستە. کاتێ کەبەر لە سێ ساڵ لە باسیل وازم لە کورسی ئوستادی هێنا، زانکۆ بەڵێنی دا کە مافێکی کەمی خانەنشینی بە من بدات، ئەمەش دەرامەتی منە! پارە یان داهاتێکی ترم نییە. میراتی باوکایەتی یا خەرجی خوێندنیش لەلایەن ئارەزوومەندانەوە بوونی نییە ـ ئەم کارەش بە پیلانی دوژمنانم بووە! ـ بە هەمان شێوەش کە ئاماژەم پێدا، یەك فینیگیشم لەپای کتێبەکانمدا وەرنەگرتووە. بەر لە دوو ساڵ زانینگای باسیل بڕیاریدا کە مافی خانەنشینییەکەم کەمێ زیاتر بکرێ. دڵنیان کە ئەم مافی خانەنشینییە، پاداشتی ڕۆشتنی منە لەو شوێنە و زیادکردنیشی پاداشتی نەگەڕانەوەمە."

نیچە دەستی بە چاکەتەکەیدا کرد و نامەیەکی دەرهێنا. "لاموابوو کە ئەم مافەم تا کۆتایی تەمەن پێدەدرێت. بەڵام ئەوڕۆ بەیانی نامەیەکم لە خوشکمەوە پێگەیشت، کە ئۆڤەربێك بۆ ئێرەی ناردبوو. لەم نامەیەدا ئەو ئاماژەی بەوە کردبوو کە ئیدی دوودڵن لەوەی کە پارەم پێبدەن."

"بەڵام بەچی هۆیەکەوە، پرۆفیسۆر نیچە؟"

"کەسێ کە خوشکم لە قووڵایی دڵییەوە ڕقی لێیەتی، بوهتانی بۆ من هەڵبەستووە ، ئێستا ناتوانم داوەری ئەوە بکەم کە لە واقیعدا خوشکم ڕاست دەکات یان زیادەڕەوی دەکات ـ کارێك کە بە هەموو حەزێکەوە ئەنجامی دەدات ـ بەهەرحاڵ خاڵی ئەسڵی ئەوەیە کە بە ڕاستی ناتوانم بچمە ژێرباری فشارێکی وەها."

بروێر خۆشحاڵ و ئاسوودە بوو. سەرەنجام خۆ ڕێگرێك بە ئاسانی مایەی چارەسەر بوو!

"پرۆفیسۆر نیچە، بەهەمان شێوەی کە دەبینم، ئێمە تێڕوانینی لێکچوومان لە بارەی پارەوە هەیە. بۆ منیش پارە هەرگیز مانایەکی وەهای نەبووە، بەڵام بەرێکەوت واهاتۆتە پێش کە پەیوەندییەکانی من شێوەیەکی تریان هەبێت، ئەگەر باوکتان بە ڕادەیەکی پێویست بژیایە تا شتێکتان بۆ بەجێ بهێڵێ، ئێستا میراتێکتان لەبەردەستدا بوو. هەڵبەت من لە باوکمەوە کە ئوستادێکی متمانەپێکراوی عیبری بوو، میراتێکی کەمم بۆ بەجێ ماوە، بەڵام کارێکی رێکخست کە لەگەڵ کچێکی سەر بە خێزانێکی دەوڵەمەندی جوولەکە هاوسەری پێکبهێنم. هەردوو خێزان لە ڕووی جەیزییەکی باش، لە هەمبەر پتەوکردنی ئایندەیەکی درەخشاندا، ڕازی بوون.

پرۆفیسۆر نیچە، ناوەڕۆکی قسەکانم ئەوەیە کە گرفتی دارایی ئێوە رێگرێك نییە. بنەماڵەی هاوسەرەکەم دوو تەختیان بە کلینیکی لاوزۆن بەخشیوە، کە من دەتوانم ئازادانە لەبارەیانەوە بڕیار بدەم. لەبەر ئەوە لەم ڕێگایەوە نە خەرجی مانەوە لە کلینیك و نە دەسهەقی چارەسەرکردن ناکەوێتە ئەستۆی ئێوە. هەریەك لە گفتوگۆیەکانی ئێمە بۆ من بە جۆرێك لە دەسکەوتی دارایی دەژمێردرێت! زۆر باشە کەواتە لەسەر ئەمەش ڕێکەوتین! من ئاگاداری کلینیك دەکەمەوە. ئایا واباشتر نییە کە هەر ئەورۆ کارەکە ڕێکبخەین؟"

# (٩)

هیچ شتێ، هیچ شتێك ڕێكنەكەوتبوو! نیچە بۆ ماوەیەكی زۆر بێجووڵە و بە چاوانی نوقاوەوە لەسەر كورسییەكەی بەرگری دەكرد. دواتر لە ناكاو چاوانی كردەوە و لێبڕاوانە گوتی: "دكتۆر بروێر، من بە ئەندازە پێویست لە كاتی بەنرخی ئێوەم گرت. ئێوە پێشنیارێكی بەهیمەتانەی بەرزتان بۆ من كرد كە هەرگیز لەبیری ناكەم. بەڵام من ناتوانم و نامەوێ سوودی لێ ببینم. ئەمە هۆكاری تری هەیە كە ناكرێ باس بكرێت." دەنگی زۆر قەتعیانە بەرگوێ دەكەوت، دڵێی هەموو جۆرە گفتوگۆیەك یاساغ دەكات. خۆی بۆ ڕۆشتن ئامادەكرد و قوفڵەكانی كیفەكەی داخست.

بروێر گێژ ببوو. گفتوگۆكانی ئەوان زیاتر لە یاری شەترەنج دەچوو تاوەكو ڕاوێژێكی پزیشكی. ئەو نەخشەیەكی دەرخستبوو، نیچەیش خێرا هێرشەكەی لە خۆ دوورخستبۆوە.

بروێر تەنها لەبەر ئەوەی كە بتوانێت لە بەرامبەر بیانووەكانی نیچەدا خۆی ڕابگرێ، یەك لەدوای یەك لەمپەرەكانی نەهێشتبوو. ئایا بڕیار وابوو كە تاكۆتایی یاری شەترەنج بكات؟ بروێر كە سەبارەت بە بەرگری نەخۆشان، پیاوێكی بە ئەزموون بوو، ئێستا دەستەودامێنی شێوازێك بوو كە بەدەگمەن هەڵەی دەكرد.

"پرۆفیسۆر نیچە، تكاتان لێدەكەم كە بۆ ساتێك ڕۆڵی پزیشك ببینن، شوێنكاتی ئاڵۆزی ئێستا بهێننە بەرچاوتان، لەوانەیە بتوانن لە ڕۆشنكردنەوەیدا كۆمەك بكەن. نەخۆشێك دێت بۆ لای من كە ماوەیەكی زۆرە نەخۆشە. ئەو تەنانەت ڕۆژێك چێژ لە تەندروستییەكی باش نابینێت. بەهەمان هۆ ڕێی سەفەرێكی دوورودرێژ و گرفتاوی دەگرێتە بەر تاوەكو ڕاوێژ بە پسپۆرێك بكات، پزیشك كاری خۆی بەشێوەیەكی بنەڕەتی ئەنجام دەدات. بە تەواوی لە نەخۆشەكە



دەروانێ و دەستنیشانی نەخۆشییەكانی دەكات. بە ڕواڵەت نەخۆش و دكتۆر، هەست بە ڕێزێكی شایان بەیەكتر دەكەن. پزیشك پێشنیاری ڕێگاچارەیەكی كراوە دەكات كە تا ڕادەیەك لە كاریگەری پۆزەتیڤی ئەو ڕێگایە دڵنیایە، كەچی نەخۆش بچووكترین ئارەزوییەك بەم چارەسەرییە نیشان نادات. هەتا لێشی ناكۆڵێتەوە. بە پێچەوانەوە، بەردەوام ڕەتی دەكاتەوە و بیانوو لەسەر بیانوو دێنێتەوە. ئایا دەتوانن ئەم مەتەڵە بۆ من هەڵبێنن؟"

چاوانی نیچە كرانەوە. وادیاربوو كە جووڵەی گاڵتەئامێزانەی بروێر بەسەرنجدان ناچاری دەكات. نیچە بێدەنگ بوو.

بروێر پێداگری دەكرد: "ڕەنگە بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای گرێوگۆڵەكە. چۆن دەبێ كە نەخۆشێك ئارەزووی تیماركردنی نەبێت و بچێتە لای دكتۆر؟"

"من ئەم كارەم لە ئەنجامی فشاری دۆستەكانمەوە ئەنجامداوە."

بروێر بەهۆی ئەوەی كەسی بەرامبەری یاری لەم كۆمیدیا بچووكەدا نەدەكرد، نائومێد بوو. چەندێ كە كتێبەكانی نیچە تژی بوون لە شادی، بەهەمان ئەندازە نووسەر ئامادەیەكی بۆ گاڵتەكردن نیشان نەدەدا.

"دۆستانی باسیلیتان؟"

"بەڵێ پرۆفیسۆر ئۆڤەربێك و هاوسەرەكەی زۆر لە من نزیكن. سەرباری ئەوە هاوڕێیەك لە جێنەوا[1] منی قایل كرد. من هاوڕێی زۆرم نییە ـ كە بەرەنجامی ژیانی نامۆیانەمە ـ بەڵام سەیر بوو كە هەموو ئەوانە هاوڕابوون لەوەی كە دەبێت بۆ لای پزیشك بڕۆم و هەمویشیان ناوی ئێوەیان دەهێنا."

بروێر بێ هیچ ئەزیەتێك سەرەداوێكی نیشاندا كە لەسەر دەستی لۆسالۆمێ دا بووە. گوتی: "لام وایە كە خراپی ئێوە بۆتە مایەی نیگەرانی هەموو دۆستانتان."

"یان گلەییەكی بێشومار لە نامەكانمدا."

1- Genua

"که بێگومان تەنیا نیگەرانییە تایبەتییەکانتان پەرچ دەکەنەوە، بەم شێوەیە نییە؟ هۆیەکی تر بۆ نووسینی نامەی نارەحەتکەر نییە. خۆ بۆ دروستکردنی نیگەرانی یان بەزەیی نییە؟"

ئافەرین! مات بوو! بروێر لە ناوەوە دەستێکی بەشانەکانی خۆیدا کوتا. نیچە ناچار بە دانیشتنەوە بوو.

"ژمارەی دۆستانی من هێندە کەمن کە ناتوانم ڕیسك بکەم و لەدەستیان بدەم. وا بەخەیاڵمدا هات کە باشترە لە پێناوی پتەوکردنی پەیوەستیمدا بەهەموو جۆرە کارێك هەستم تاوەکو نیگەرانییان نەهێڵم."

بروێر بڕیاری دا کە سوود لە توانا و شایستەیی خۆی ببینێت. ڕووقایمی نواند.

"ئایا خۆتان هیچ هەست و سۆزێکی نیگەرانیتان نییە؟ بە زەحمەت دەتوانرێ باوەڕ بکرێت! زیاتر لە دووسەد ڕۆژ بێکاربوون لە ساڵێکدا بەهۆی دەردێکی ئازاربەخشەوە! من نەخۆشانێکی زۆرم لە لوتکەی هێرشێکی میگرەنیدا بینیوە کە ناچاربوون تا کەمبوونەوەی دەردەکەیان، ئارام بگرن."

چی شاکارێك بوو! دیسانەوە جووڵەیەکی تر لەسەر داشماڵی شەترەنج. بروێر بیری دەکردەوە ئیدی چ جووڵەیەك بۆ بەرامبەرەکەی دەمێنێتەوە؟

نیچە کەوا دیاربوو لەوە گەیشتبوو کە دەبێت داشەکانی ڕێکبخات، دیسانەوە ڕووی خۆی بەرەو لای کرۆکی باسەکە برد. "چەند ناوێکی زۆریان لێناوم: فەیلەسوف، دەروونناس، موشریك، ئاژاوەچی، ئانارشیست و تەنانەت نازناوی ناشرینیش. من زۆرتر خۆم بە تۆژەرەوە دادەنێم. چونکە پایەی ڕەوشی فەلسەفی من ـ کە زۆر لەگەڵ فەلسەفە سروشتییەکان جیاواز نییە ـ لەسەر بێباوەڕی وەستاوە. هەمیشە خوم گرتووە کە بە زۆری ڕەشبین بم و ئێستاش ڕەشبینم. ناتوانم تەنها بەهۆی شایستەیی پزیشکی ئێوەوە پێشنیارەکەتان لەسەر لێکۆڵینەوەی ڕۆحی قەبووڵ بکەم."

"بەڵام پرۆفیسۆر نیچە، لەم خاڵەدا هەردووکمان هاوڕاین، تەنیا شایستەی جێ متمانە عەقڵ و هەستە، و ڕاسپاردەی منیش لەسەر هەمان بنەمایە. من تەنیا دوو شت دەڵێم" یەکەم ئەوەی کە فشاری زۆر، نەخۆشی دەخاتەوە ـ بۆ ئەم وتەیەش بەڵگەی ئەزموونی هەیە ـ دووەمیش ئەوەیە کە لە ژیانی ئێوەدا فشاری زۆر هەیە و لێرەدا بابەتی قسەی من لەسەر جۆرێکی ترە لە



فشار کە تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی پزیشکی." بروێر درێژەی پێدا: "ڕێگا بدەن کە پێکەوە لە هەموو بەڵگە پێویستەکان بکۆڵینەوە. بۆ نمونە ئەو باسە لەبەرچاو دەگرین کە لە نامەکەی خوشکتاندا ئاماژەی پێکراوە. ناتوانن نکۆڵی لەوە بکەن کە ناوەڕۆکی نامەکە، کە مرۆڤ ببێتە قوربانی تۆمەت! هیچ فشارێکی دروست نەکردبێ، سەرباری ئەوە ئێوە بە شاردنەوەی ئەم تۆمەتە لە من ، شاپێکتان لە بڕیاری ئێمە سەبارەت بە ڕاستگۆیی دوو لایەنە، وەشاندووە." بروێر جەسووری بەرەوپێشەوەچوونی پەیدا کرد. ڕێگایەکی تری کراوە لەبەردەمیدا نەبوو. شتێکی نەبوو لەدەستی بدات.

"هەروەها بێگومان ئەو وێناکردنەی کە ئەگەر مافی خانەنشینی، یانی تەنیا دەرامەتی ئێوە لەدەست بچێ، دیسانەوە فشار دروست دەکاتەوە. ئەگەر هەموو ئەمانەش تەنها زیادەڕەوی خوشکەکەتان بێت ، ئەوا لەکۆتاییدا هەمیشە ئەو ئازارەتان لەگەڵدا دەبێت کە خوشکتان لە نائارامکردنی ئێوەدا باکی نییە!"

ئایا زیادەڕەوی کردبوو؟ بروێر بینی کە دەستی نیچە لە تەنیشت کورسییەکەیەوە بەرەوخوار چوو تاوەکو دەسکی کاغەزدانەکەی بگرێت. ئێستا ئیتر گەڕانەوەیەك بوونی نەبوو. بروێر دەیویست کش و ماتی بکات.

"پێگەی من دەتوانی زیاتر توانای باوەڕپێهێنانی هەبێت، واتا لە ڕێگای کارێکی زۆرباشی نائاساییەوە کە بەم دواییانە چاپکراوە ..." دەستی درێژکرد و لەسەر کتێبی ***مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە*** ی دانا. "... بەقەڵەمی یەك ـ هەڵبەت ئەگەر دادوەرییەك لە جیهاندا هەبێت ـ فەیلەسوفی هەڵکەوتوو. گوێ بگرن!"

ئەو کتێبەکەی لەو شوێنەدا کردەوە کە بۆ فرۆیدی ڕاقە کردبوو و ئەوی خستبووە ژێر کاریگەرییەوە: "سەیرکردنی سایکۆلۆژییانە لە ئامرازێکەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت بەهۆی ئەوانەوە باری ژیانی سووك بکات. یەك یا دوو لاپەڕە دواتر دانەر جەخت دەکاتەوە کە سەیرکردنی مۆراڵ تا چی ئەندازەیەك بایەخی پەیدا کردووە" من قسە دەگوازمەوە: دیمەنی سامناکی شیکردنەوەی سایکۆلۆژیانەش ئیتر ناتوانیت لە چاوی مرۆڤایەتیدا بە شاراوەیی بمێنێتەوە. دانەر باسی ئەوە دەکات کە چۆن بە ئاسایی هەڵەی فەیلەسوفە گەورەکان، بۆتە بنەمای لێکدانەوەی هەڵە لە ڕەفتار و هەست و سۆزی مرۆڤانەدا، بە جۆرێ کە ئاکارناسییەکی

هەڵە دروست دەبێت کە دواتر لەپێناوی خزمەتکردن بەودا سەرلەنوێ کۆمەك لە مەزهەب و وەهمەکان وەردەگرێت.

من دەتوانم بەڵگەی زۆر بدۆزمەوە ..." ـ برویر بە پەنجە بەرانێی لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە ـ "... بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا پوختەی ئەم کارە درەوشاوەیە ئەمەیە: کەسێ کە دەخوازێت لە باوەڕ و ڕەفتاری مرۆڤەکان تێبگات، دەبێ تەواوی داب و نەریتەکان، وەهم و مەزهەبەکان تور هەڵدات. پاشتر بەبێ ئەم مەرجانە ڕێگای پێدەدرێت ، لەبارەی مرۆڤایەتییەوە بەدوای لێکۆڵینەوەدا بڕوات."

نیچە بە سەرکۆنەیەکەوە گوتی: "من ئەم نووسراوە زۆر باش دەناسمەوە."

"ئەی لەگەڵ ئەمانەشدا ناتانەوێت پەیڕەوی ئەم بیروڕایانە بکەن؟"

"هەموو ژیانی من پەیوەستە بەم بیروباوەڕانەوە. ئێوە خوێندنەوەی خۆتان زۆر زوو کۆتایی پێهێنا. ساڵەهایە کە من مژۆڵی ئەنجامی ئەم جۆرە تاقیکردنەوە ڕۆحییانەم لەسەر بوونەوەرە زیندووەکان. من خۆمم کردە بابەتی لێکۆڵینەوەی خۆم، بەڵام ئامادە نیم کە ببمە بابەتی لێکۆڵینەوەی ئێوە! ئایا ئێوە ئامادەن کە خۆتان بکەنە بابەتی لێکۆڵینەوەی کەسێکی تر؟ دکتۆر برویر، ڕێگا بە پرسیارێکی تایبەتی دەدەن؟ ئەنگێزەی ئێوە لەم خولە چارەسەرییە ئەزموونییە چییە؟"

"زۆر ئاسانە، پڕۆفیسۆر نیچە! هەموو کەسێ سۆراخی کاری خۆی دەکات، پێڵاودروو، کەوش ئەدووریێ، نانەوا، نان ئەبرژێنێ، پزیشك، پزیشکی دەکات. هەموو کەسێ خەرجی ژیانی خۆی بە ڕێگای خۆی دەردەهێنێ و کاری خۆی ئەنجام دەدات. ئیشی من ئەوەیە کە هاوکاری مرۆڤەکان بکەم و ئازارەکان کەمبکەمەوە."

برویر هەوڵی دەدا کە دەنگێکی باوەڕپێکەری هەبێ، بەڵام لە ڕاستیدا تووشی حاڵێکی خراپ هاتبوو. بە هیچ جۆرێك خۆشی لە جووڵەی نوێی نیچە نەدەهات.

"دکتۆر برویر، ئەمانە وەڵامێکی بڕواپێهێنەری پرسیارەکانی من نین. ئێوە دەڵێن، پزیشك، پزیشکی دەکات، نانەوا، نان دەبرژێنێت، یان هەر کەس بەدوای پیشەی خۆیدا دەڕوات. بەڵام هیچ یەك لەمانە پەیوەندییان بە ئەنگێزەوە نییە. لێرەدا بابەتەکە خووگرتنە. ئێوە لەم وەڵامەدا



هۆشیاری و خواست و ئارەزووی تایبەتی دەپەڕێنن. کەوایە منیش ئەم ڕوونکردنەوەیەم لاپەسەندە کە هەموو کەس ژیانی خۆی دابین دەکات و لانی کەم ئەمەش هەستی پێدەکرێت. مرۆ دەبێ بژی. بەڵام ئێوە پارەیەکتان لە من ناوێت."

"پڕۆفیسۆر نیچە، من دەمەوێ ئەم پرسیارە لەخۆتان بکەمەوە، ئێوە دەڵێن کە لە ئیشەکەتاندا پارەتان دەستناکەوێت، ئەی کەوایە بۆچی فەلسەفە بازی دەکەن؟"

نەدەبا برویر باری بەرگری وەربگرێت. هەستی دەکرد کە هێزی هێرشی خۆی لەدەست داوە.

"ئاه، بەڵام ئێمە لە ئامانجێکدا جیاوازییەکی بنەڕەتیمان هەیە. من بانگەشەی فەلسەفەبازی بۆ ئێوە ناکەم، جگە لەوەی کە ئێوە دکتۆری ئازیز، پێداگری دەکەن کە ئەنگێزەتان خزمەتە بە من تاوەکو ئازارەکانم کەمبێتەوە. بانگەشەیەکی وا هیچ پەیوەندییەکی بە ئەنگێزەکانی مرۆڤەوە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە ئاکاری بەندایەتییەوە و قەرزاری هونەرە زیادەڕەویکەرەکانی تایەفەی کەشیشانە! ئەنگێزەکانی خۆتان بە شێوەیەکی تەواو شرۆڤە بکەن! دواتر بەو ئەنجامە دەگەن کە هەرگیز هیچ کەسێ، لەبەر خاتری کەسێکی تر کارێك بە تەواوی ئەنجام نادات. هەموو کارەکان بە ئاڕاستەی لایەنی خودی مرۆڤە، هەموو خزمەتەکان لە پێناوی خۆ و هەموو ئیشقەکان، ئیشقە بۆ خود."

قسەکانی نیچە قەهریتر و توندتر دەبوون: "دەربڕینی ڕایەکانم غافڵگیری کردن؟ لەوانەیە وا باشتر بێت کە بیر لە خۆشەویستترین و نزیکترین کەسی خۆتان بکەنەوە. کە ئەگەر قووڵتر هەڵیبکەنن ئەوا پەی بەوە دەبەن کەسێ کە ئێوە خۆشتان دەوێت، ئەو نییە. شتێك کە ئێوە حەزتان لێیە، هەستێکی خوئاسایە کە ئیشقێکی وا لە ئێوەدا بێدار دەکاتەوە! مرۆڤ لە کۆتاییدا ئاشقی حەز و ئارەزووەکانی خۆیەتی، لەبەر ئەوە سەرلەنوێ لە ئێوە دەپرسم: بەهۆی چییەوەیە حەز دەکەن خزمەتی من بکەن؟ بۆ چەندەمین جار دکتۆر برویر ..." ـ دەنگی نیچە سەختگیر و جیدی بوو ـ : "... ئەنگێزەی ئێوە چییە؟"

برویر تووشی سەرگێژە ببوو. بەسەر یەکەمین بزوێنەری کاتی خۆیدا زاڵبوو کە بەرگری بوو لەهەمبەر ناحەزی و قسە ڕەقەکانی نیچەدا، چونکە بێجگە لەم شێوەیە "دەرگای نیچە" دادەخرا. بۆ ساتێك هێنایە بەرچاوی خۆی کە چۆن نیچە تووڕەیە و لە کاتێکدا کە پشتی لەو کردووە و بەزەحمەت هەنگاو هەڵدێنێت، لە ژوورەکەی دەچێتە دەرەوە. خودایە لە شەڕی ئەو

ڕزگاری دەبێت! خۆزگە لە هەمو ئەم بەسەرهاتە ئازاربەخشانە ڕزگاری دەبوو. بەڵام لـەوەی کـە ئیتر نیچە نەبینێتەوە خەمبار دەبوو. شتێك ئەوی بە توندی بەرەو ئەم پیـاوە بـەکێش دەکـرد. بەچی هۆیەك؟ لە ڕاستیدا ئەنگیزەی ئەو چی بوو؟ بروێر دیسانەوە کەوتەوە خەیاڵی یارییەکانی شەترەنج لەگەڵ باوکیدا کە هەمیشە هەمان هەڵەی کۆنی دەکـردەوە. واتـا بنکـەی کـۆکراوەی خۆی بە توندی ئاڕاستەی هێرش دەکرد و هێندە بەردەوام دەبوو تاوەکو سـەبارەت بـە پۆشـینی هێزەکانی خۆی سست دەبوو، لە ناکاو وەزیرەکـەی بـاوکی وەك هەورەبروسـکە دەچـووە پـشت هێڵی بەرگری لاوازی ئـەوەوە و کـش و مـاتی لێـدەکرد. ئـەم وێنەیـەی لـەخۆ دوورخـستەوە، هەڵبەت لە پێشدا ئەو پەیامە وەئاگاهێنەرەوەی بەخۆی دابوو، ئەوەی کە ئیتر هەرگیز، هەرگیز نابێت ئەم پرۆفیسۆر نیچەیە بە کەم بزانێت.

"باشە دکتۆر بروێر ئەنگێزەتان چییە؟"

بروێر لەگەڵ خۆیـدا دەجـەنگا. ئـەنگێزەی خـۆی؟ حـیرەت مـابوو لـەوەی کـە ئاگـایی خـۆی لەبەرامبەر پرسیارەکەی نیچەدا چەندێ تووڕە بەرگری دەکـات. داوای ڕێکخـستنەوەی لـەخۆی کرد. ئارەزووی ئەو بۆ یارمەتیـدانی نیـچە، لەکەیـەوە ئـەم فۆرمـەی بەخۆیـەوە گرتبـوو؟ لـە ڤینیسیا کاتێ کە مینا جادوولێکراوەکان گوێی لە قسەکانی لۆسالۆمێ گرت، ئەو وەهـا بـووە نێچیری جادوی ژنە کە خێرا قەبووڵی کرد یاریدەی دۆستەکەی بدات. بـیری لـەوە کـردەوە کـە قەبووڵی دەستپێکردنی تیماری پرۆفیسۆر نیچە، بە تەنها ئەو ئیزنە بەم نادات کە لە پەیوەندی لەگەڵ خاتوو سالۆمێدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبووە مایەی ئەوەی کە هانی ئافەرینکردنی ئـەویش بدات. هەڵبەت پەیوەندی بە واگنەریشەوە هەبوو. لە ڕاستیدا بروێر لێرەدا دوو هەسـتی دژ بـە یەکی هەبوو" ئاشقی مۆسیقای واگنەر بوو، کەچی لە بیروباوەڕی دژە جوولەکەشی بێزار بوو.

ئەی جگە لەوانە چی تر هەبوو؟ لە هەفتەکانی ڕابردوودا وێنەی لۆسالۆمێ وردەوردە کەمرەنگ ببۆوە. ئەو ئیتر هۆکارێك نەبوو بۆ ئالوودەبوونی بە مەسەلەکانی نیچەوە. نـا، لـەم نێوەنـدەدا زیاتر زیرەکی نەبەردیخوازی نیچە ئەوی بەکێش دەکرد. تەنانەت بەم زوانە خانم بیکـریش لـەوە تێگەیشتبوو کە هیچ پزیشکێ لە ڤییەنادا بابەتێکی پڕگرفتی ئاوەهای قەبووڵ نەکردووە.

سەرباری ئەمانە فرۆیـدیش لـە ئـارادابوو. بـەهۆی ئـەوەی کـە ئـەم بابەتـەی بـۆ فرۆیـد وەك "خوێندەوەیەکی بابەتیانە" باسکردبوو، ئەگەر بهاتایەو پرۆفیسۆر پێشنیارەکەی ڕەتبکردایەوە،

شەرمەزار دەبوو. یان ئەو بەشوێن دەرخستنی گەورەیی ڕۆحییەوە بوو؟ لەوانە بوو لۆسالۆمێ لەو بانگەشەیەی کە دەیگوت نیچە ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانییە، لەسەر حەق بوو. لانی کەم کتێبەکانی لێوڕێژبوون لە هۆشیاری و دانایی.

بروێر تێگەیشت کە هیچ یەك لەم ئەنگێزانە بچووکترین پەیوەندی لەگەڵ نیچەی مرۆڤدا نییە“ پیاوێك لە گۆشت و خوێن کە بەرامبەری دانیشتووە. کەواتە دەبێت لەبارەی پەیوەندیی بە لۆسالۆمێوە بێدەنگ بێت و بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوە و چوونە ناو شوێنێکی تازەوە، بوێری لە خۆی نیشان بدات، شوێنێك کە هاوکارەکانی لە چوونە ناوەوەیدا خۆیان دەپاراست. ڕەنگبێ بروێر نەخوازراوانە تازیاری بدایە، چونکە لە ڕاستیدا چەند بەڵگەیەك بۆ بەنرخبوونی تێزی ناشرینی نیچە لە بارەی ئەنگێزەکانی مرۆڤەوە بوونی هەبوو! کەچی ئەو هەرگیز بڕیارێکی وای نەبوو کە پشتگیری ئەم سەرکێشییە زاڵمانەیە بکات بەسەر ئامادەییدا بەمەبەستی هاوکاریی قەبووڵکردن! کەواتە ئەو دەبێ بەچی جۆرێك وەڵامی ئەم پرسیارە قورسە ناباوەی نیچە بداتەو؟

"ئەنگێزەکانی من؟ چی کەسی وەڵامی پرسیارێکی وەها دەزانێت؟ چەند ئەنگێزەیەکی زۆر هەیە. دەبێ چی کەسێ ئەوە دیاری بکات کە تەنها ئەنگێزە دەرەکییەکان، بە ئەنگێزە ڕەمەکییە ئاژەڵییەکان، حیساب دەکرێت؟ نەخێر، ئارام بگرن! دەبینم کە دەتانویست پرسیارەکەتان دووبارە بکەنەوە“ شوێنێك بە من بدەن تاوەکو وەڵامی ڕۆحتان بدەمەوە. من دەساڵ لە بواری پزیشکیدا خوێندم. ئایا دەبێ ئەم دە ساڵە فڕێ بدەمە دەرەوە، تەنها بەو هۆیە کە ئیتر پێویستم بە داهاتی ئەو نییە؟ کارنواندنی پزیشکی، ڕێگای منە بۆ قەرەبووکردنەوەی ساڵانی رابردوو، و ڕێگای منە لە پێناوی بەهادانان و بەرقەرارکردنی ژیان. خولاسە! ئایا دەکرێت هەموو ڕۆژێ بێکار و دەستبەتاڵ دابنیشم و پارەکانم بژمێرم؟ ئێوە ئەمەتان دەوێت؟ هەڵبەتە کە نەخێر! پاشتر ئەنگێزەیەکی تریش هەیە. من لە لەگەڵ ئێوەدا چێژی هەیەجانی بەرخوردێکی ئەقڵمەندانە وەردەگرم."

نیچە پشتگیری لێکرد: "لانی کەم ئەم ئەنگێزانە مرۆڤ لە بزاوتی ڕاستییەکان بێبەش ناکات."

"هەر ئێستا ئەنگێزەیەکی ترم بە بیردا هات. من خۆشیم لە ’بەردی سنوور‘ی ئێوە دێت: ’ئەوەبە کە هەیت.‘ خۆزگە تەنیا ’ئا ئەوەم.‘ یان ’ئا ئەوە بۆ من دیاریکراوە.‘بوایە لە



ڕێگای خزمەت، و سەرباری ئەوە هاوکارییەك بۆ پێشکەوتنی زانستی، لە پێناوی کەمبوونەوەی ئازارەکانمدا."

بروێر هەستی دەکرد باشتر بووە. ئەو دیسانەوە هێمنی خۆی بەدەست هێنایەوە. لای خۆی خەیاڵی ئەوەی کرد، کە لەوانەیە لە ڕادەبەدەر عاقڵ بوومە. ڕەنگە وا باشتر بێ کەمێ چاکەویست بم. "دوایین ئەنگێزەش، گریمان ـ دڵنیاشم کە بە هەمان شێوەیە ـ ئێوە دەستنیشانکراون کە فەیلەسووفێکی گەورەبن. کەوایە چارەسەری من تەنها لە ڕێگای چاکبوونەوەی فیزیکی ئێوە، خزمەت ناکات، بەڵکو یارمەتییەکە لە ڕێگای پراکتیزەکردنی ئامانجی ئێوەدا. واتا ئەوە بە کە هەیت."

"ئەگەر بڕیار وابێت بەهەمانشێوەی کە ئێوە دەڵێن، کارێکی گەورە ئەنجام بدەم، کەواتە ئێوە وەك زیندووکەرەوە و ئازادکەری من کارێکی گەورەترتان ئەنجام داوە، وانییە؟" نیچە وەها بە خێرایی وشەکانی دەردەبڕی، دەتگوت دڵنیایە لەوەی کە بە چاوی بەستراوەوە لە ئامانج دەدات.

بروێر وردە وردە خەریکبوو ئارامی لێدەبڕا ، لەکاتێکدا کە حەوسەڵەی ئەو وا بە ئاسانی لەبارەی نەخۆشانەوە کۆتایی نەدەهات. "هەرگیز شتێکی وەهام نەگوت! من نەخۆشانێکی زۆرم هەیە کە لە ژێر تیمارکردندان و لە بواری کاری ئێوەدا بەناوودەنگن، وەك بیرمەندانی گەورە، دیارترین هونەرمەندان و بەتواناترین موزیکوانانی ڤییەنا، ئایا بەم هۆیەوە من لەوان گەوەرترم؟ ئەسڵەن کێ دەزانێ کە من ئەوان تیمار دەکەم؟"

"من دەزانم، چونکە ئێوە هەر ئێستا بە منتان گوت و ئێستایش سوودی خراپی لێ دەبینن تاوەکو متمانەی خۆتان لای من بەرز بکەنەوە!"

"پرۆفیسۆر نیچە، من باوەڕ بەو شتە ناکەم کە دەیبیستم. ئایا بە ڕاستی پێتان وایە ـ ئەگەر ئایندەیەکی ڕووناك چاوەڕوانی ئێوە بێت ـ دەکەومە ڕێ و بە هەموو شوێنێکدا جاڕ دەدەم کە من یۆزیف بروێر، ئافرێنەری ئێوە بوومە؟"

"ئایا بە ڕاستی پێتان وایە کە ئەندێشەیەکی وا بوونی نەبووە؟"

بروێر لەگەڵ خۆیدا دەجەنگی: "یۆزیف، تێبگە! تووڕەیی خۆت لغاوکە. جارێکی تر بڕوانە بینینەکانی ئەو بۆ مەسەلەکان. هەوڵ بدە کە تێبگەیت کە ئەم بەدگومانییە لە کوێوە دێت؟"

"پرۆفیسۆر نیچە، ئێوە گوتتان کە لە ڕابردوودا خیانەتتان لێکراوە و بە هەمان هۆ گومان دەکەن کە لە ئایندەیشدا دەبێ لەهەمان شت بترسن. بەڵێنتان پێدەدەم کە لە لایەنی منەوە هیچ خیانەتێ هەڕەشە لە ئێوە ناکات. بەڵێن دەدەم کە هەرگیز ناوی ئێوە ئاشکرا نەکەم و ناوتان لە پەروەندەکانی کلینیکدا نەهێنم. من ناوێکی خوازراوتان بۆ دەدۆزمەوە."

"گرفتی من ئەوە نییە کە من کارێك بکەم ئێوە نەتوانن بە ئەوانی تر بڵێن، لەم بارەیەوە متمانەم بە ئێوە هەیە. مەسەلەی من ئەوە شتەیە کە ئێوە بۆ خۆتان باستان کرد یا من بۆ خۆم باسیان دەکەم. لە هەموو ئەو شتانەی کە تا ئێستا لەبارەی ئەنگێزەکانتانەوە گوتتان ـ بە پێچەوانەی ئەوەی کە دڵنیایی دەبەخشن و مەبەستتانە لە کەمکردنەوەی ئازارەکاندا هاوکاریم بکەن ـ شتێك لەبارەی منەوە لە ئارادا نەبووە و دەبێ بە هەمان شێوەش بێت. ئێوە لە پێناوی خۆدروستکردندا سوودی خراپتان لە من وەرگرت و ئەمەش دەرکی پێدەکرێ و لەگەڵ سروشتی مرۆڤدا گونجاوە. بەڵام داخۆ نابینن کە وا خەریکە بەهۆی ئێوەوە من لەناودەچم! بەخشندەیی، ناسکی، هاوخەمی و ڕێگاکانی ئێوە بۆ هاوکاریکردن و من خستنە ژێر سەرپەرشتییەوە، هەموو ئەمانە لەپای لەدەستدانی توانای مندایە و ئێوە بەهێز دەکات. بە ڕادەیەکی پێویست دەوڵەمەند نیم کە بتوانم بچمە ژێرباری یارمەتییەکی وەهاوە!"

بروێر بیری کردەوە: "چی پیاوێکی پەسن نەویستە! دەکۆڵێتەوە و خراپترین و نەویترین ئەنگێزەکان لە قووڵاییڕا دەردەهێنێت." ئەو دوایەمین زیرەکییەی تۆژەرێك کە بۆ بروێر مابۆوە، ئەویش لەدەست چوو. کۆنترۆڵی خۆی لەدەست دەدا.

"پرۆفیسۆر نیچە، من دەمەوێ زۆر ڕاشکاوانە بدوێم. ئەمڕۆ ئێوە زۆر مەسەلەتان خستە ڕوو کە مایەی تێڕامانن. بەڵام ئەو بانگەشەیەی دوایی، ئەو شێتێتییەی کە مەبەستی من لاوازکردنی ئێوەیە، یان ئەوەی کە من دەمەوێت لە لاوازکردنی ئێوە سوودمەند بم، ڕەشبینییەکی ڕووتە!"

بروێر دەستی نیچەی بینی کە بەرەو لای کیفەکە دەڕۆیشت ونەیتوانی خۆی بپارێزێ. "مەگەر تێناگەن ئەی پیاو؟ لێرەدا ئێمە باشترین نمونەمان لەبەردەستدایە چونکە بینینی ئێوە باش نییە، ناتوانن دەروونی خۆتان بە دەستی خۆتان شیبکەنەوە!"



بینی کە نیچە کاغەزدنەکەی گرت بە دەستەوە و بە هێواشی هەستا و درێژەی بە قسەکانی خۆی دا: "ئەزموونە ئارایشتکراوەکانی ئێوە بەهۆی دۆستییەوەیە کە بۆتە هۆی ئەم سەیرترین هەڵێنجانە هەڵانە!"

نیچە قۆپچەکانی پاڵتۆکەی دادەخست و بروێریش هێشتا نەیدەتوانی ڕێگا لەم قسانە بگرێت: "بە ڕای ئێوە تێڕوانینی تایبەتی خۆتان یەکجارییە، دەتانەوێت لە هەموو مرۆڤایەتی تێبگەن، بەڵام ناتوانن لە خۆتان تێبگەن."

نیچە دەستی خستە سەر دەرکی دەرگاکە.

"دکتۆر بروێر، ببورن کە قسەکانتان دەبرم، بەڵام دەبێ من کارێ بکەم کە بلیتی شەمەنەفەری ئەوڕۆ دوانیوەڕۆم بۆ باسیل دەست بکەوێت. ئەگەر ڕێگا بدەن دوو سەعاتی تر دەگەڕێمەوە بۆ پێدانی پارەی حیسابەکەم و وەرگرتنەوەی کتێبەکان. دەتوانن ڕاپۆرتە پزیشکییەکانم بە پۆستدا بۆ بنێرن“ ناونیشانەکەمتان بۆ دەنووسم." ئیکلامێکی وشکی کێشا و ڕووی وەرگێڕا. وەختێ کە بروێر پشتی نیچەی دی کە لە دوورەوە دەڕۆیشت و دیار نەدەما، دەمووچاوی بە شێوەیەکی دەردەدارانە تێکترشا.

## (١٠)

کاتێ کە بە هێواشی دەرگاکە داخرا، بروێر لە شوێنی خۆی نەجوولاّ و کاتێکیش کە خانم بیکر بەپەلە چووە ناو عیادەکەیەوە، هێشتا بێجووڵە دانیشتبوو.

"چی ڕوویدا، جەنابی دکتۆر؟ هەر ئێستا پرۆفیسۆر نیچە بەخێرایی بە لامدا تێپەڕی و لە کاتی تێپەڕبووندا لە ژێر لێوەوە گوتی کە دووبارە بۆ دانی پارەی حیسابەکەی و وەرگرتنەوەی کتێبەکانی دەگەڕێتەوە."

بروێر ئاهێکی قووڵی هەڵکێشا و بەسەرهاتی گفتوگۆی خۆی لەگەڵ نیچەدا بەشێوەیەکی کورت باس کرد: "ئاخ، ئەمڕۆ لە هەموو ئیشەکاندا شکست دەخۆم! کاتێ کە لە کۆتاییدا پێی بۆ ڕۆیشتن هەڵێنایەوە، ئیتر کۆنترۆڵم لە دەستی خۆمدا نەبوو."

"دەبێ ئێوەی تووڕە کردبێ. کە نەخۆشێ دێ بۆ لاتان ئێوە بە تەواوی هەوڵی خۆتان دەدەن و دواتر ئەو بە پێچەوانەی هەموو ئەوکارانەی کە دەیڵێن هەڵسوکەوت دەکات! بڕوا بکەن ئەگەر ئەوە بەرێوەبەری پێشووی من دکتۆر ئۆلریش بوایە، ئەوا ماوەیەکی زۆر بوو ئەوی کردبووە دەرەوە."

"ئەم پیاوە پێویستی بە هاوکاری خێرا هەیە." بروێر لە جێگاکەی هەستا و چووە لای پەنجەرەکەوە. بە تەواوی لە خەیاڵی خۆیدا ڕۆچووبوو. بە خۆیی دەگوت: "بەلاّم ئەو لەوە لەخۆبایی ترە کە هاوکاری قەبووڵ بکات. لەلایەکی ترەوە غرووری ئەو بەشێکە لە ئازارەکانی



ئەو، ڕاست وەکو ئەوەی کە ئۆرگانێکی تووشی نەخۆشی ببێت. چەندێ نەفام بووم کە بە جۆشم هێنا! بێگومان لەگەڵ هەموو غرووڕێکدا کە هەیەتی ئیمکانێ هەبوو کە ئەو بۆ تیمارکردنی ڕازی ببێت."

"بەلاّم ئەگەر غرووریەکەی ڕێگر بێت لە یاریدەدانی ئەو، کەواتە بەچی جۆرێ دەتوانن ئەو چارەسەر بکەن؟ ڕەنگبێ شەوانە لە خەودا؟"

لە کاتێکدا کە لە تەنیشت پەنجەرەکەوە وەستا بوو، و لە نێو سەرکۆنەکردنی خۆیدا، بە ئارامی لەسەر پاژنەکانی دەجوولاّیەوە، خانم بیکر هیچ وەلاّمێکی لە بروێرەوە نەبیست.

خانم بیکر دووبارە هەوڵی دایەوە: "بابەتەکەی چەند مانگی پێشتان لە بیرە؟ کە دەتانویست هاوکاری خانم کوهل بکەن کە جورئەتی چوونە دەرەوەی ژوورەکەی خۆیدا نەبوو؟"

بروێر سەری بادا و سەرەڕای ئەوەش بەرەو لای خانم بیکر ڕووی وەرگێڕا. "بەڵێ لە یادمە."

"ڕاست هەمان ئەو وەختەی کە ئێوە لەوتان ویست کە دەست لەناو دەستی ئێوە بۆ ژوورێکی تر بڕوات، وازی لە چارەسەری هێنا. وەختێ کە ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕانەوە، بە بیرمدا هات کە ڕەنگە دژوار بێت مرۆڤ کەسێ تاوەکو دەروازەی ساخڵەمی ببات و پاشتر لەوانەیە بەهۆی ترسەوە بێت کە نەخۆش پاشەکشە دەکات."

بروێر نائارامانە سەری لەقاند. مەبەستی ژنە چ بوو؟ "ئێ، دواتر؟"

"ئەو کات ئێوە خاڵێکی زۆر زیرەکانەتان هێنایە یادتان وتتان ژیان زۆر تووڵانییە و نەخۆشانێك هەن کە ماوەی چارەسەرییان دوورودرێژە. هەندێ هاوکاری پزیشکان ڕەتدەکەنەوە، بەلاّم لە یادەوەری خۆیاندا دەیهێڵنەوە تاوەکو لە دواتردا کە ئامادەییان پەیدا کرد ئەم هەنگاوە هەڵبێننەوە. ئێوە لەگەڵ ئەم نەخۆشەدا ئەو هەنگاوەتان هەڵێنایەوە."

بروێر پرسی: "باشە چی تر؟"

"دەشێ پرۆفیسۆر نیچەش هاوشێوەی هەمان ڕەفتاری هەبێت. لەوانەیە لە ئایندەدا کاتێك هەبێ کە بۆ ئەم کارە ئامادە بێت و گوێ لە قسەکانتان بگرێت."

ئێستا بروێر بۆ لای سکرتێرەکەی گەڕایەوە. قسەکانی وی لەسەر ئەو کاریگەر بوون، نەوەك لەبەرمانای ڕاستەقینەکەی ـ چونکە ئەو دوودڵ بوو لە ئەوەی کە لە عیادەکەیدا ڕوویدابوو، کاتێکی تر بە کەڵکی نیچە بێت ـ بەڵکو بەو هۆیەی کە ژنە هەوڵی دڵنەواییکردنی دەدا. بە پێچەوانەی نیچەوە، بروێر کاتێ کە ئازاری لە نارەحەتی دەکێشا، لە هاوکاریکردن خۆشحاڵ دەبوو.

"ئومێدەوارم کە ئێوە ڕاست بکەن، خانم بیکر. سوپاسی قسە دڵگەرمکەرەوەکانتان دەکەم کە بۆ ئێوە ئەرکێکی هەمیشەییە. ئەگەر چەند نەخۆشێکی تری وەك پرۆفیسۆر نیچەمان هەبێت، ئیتر خۆتان دەبنە ئوستاد. ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ چی کەسێ وەختی پێشینەی هەیە؟ پێم باشە نەخۆشانێك بن کە کەمتر ئاڵۆز بێت. وەك سیلێیێکی سووك یان نەخۆشییەکی کەم و کۆنی دڵ!"

پاش چەند سەعات، بروێر لەسەر مێزی شەوی هەینی لە ناو کۆبوونەوەی خێزانەکەیدا، سەرۆکایەتی گرتە ئەستۆ. ئەو شەوە سەرباری سێ منداڵی گەورەتری" ڕۆبەرت، بێرتا و مارگرێت ـ لۆئیز پێشتر نانی دابووە یۆهانس و دۆرا ـ سێ خوشکی ماتیلدە، هانا و مینا کە هەردوو شوویان نەکردبوو، لەگەڵ ڕاشل و ماکسی مێردی لەگەڵ سێ منداڵیشیاندا، دایك و باوکی ماتیلدە و پیرەژنێکی بە تەمەن لەوێ ئامادەبوون. فرۆیدیش کە چاوەڕێیان دەکرد، هێشتا نەهاتبوو. پەیامی ناردبوو کە ناچارە بە نان و ئاو و گفتوگۆکردن لەگەڵ خۆیدا ڕازی بێت، چونکە درەنگانێ شەش نەخۆشی نوێ سەردانیان کردبوون، کە دەبایە بەواندا ڕابگات. بروێر نائومێد بوو. هێشتا لە پەشیمانبوونەوەی لەناکاوی نیچە پەرێشان بوو، بۆ ئەوەی کە ئەم بەسەرهاتە بۆ فرۆیدی گەنج باس بکات لەدڵەوە خۆشحاڵ دەبوو.

هەرچەندە کە، ماتیلدە و سێ خوشکەکەی تەنها سێ ڕۆژی جەژنی ئەسڵی جوولەکەکانیان قەبووڵ بوو، بەڵان کاتێ کە باوکی ماتیلدە، ئارۆن و ماکس ـ تەنیا کەسانێکی جوولەکەی خێزان کە کاری پزیشکییان دەکرد ـ دوعای خۆیان دەربارەی نان و شەراب دەخوێند، ئەوان بەڕێزەوە بێدەنگ بوون. خێزانی بروێر بەر لە نانخواردن دوعایان نەدەخوێند، بەڵام ئەو شەوە لەبەرخاتری ئارۆن، ماتیلدە گۆشتی بەرازی لەسەر مێز دانەنابوو. بروێر حەزی لە گۆشتی بەراز بوو، خواردنێك کە زۆر ئارەزووی دەکرد ـ گۆشتی سوورۆکراوی بەراز بوو لەگەڵ هالۆدا ـ زۆر جار بروێر و فرۆید ئاشقی سۆسیتی ڤییەنایی بوون کە لەسەر شەقامدا دەیانفرۆشت. هیچ گەڕانێکیان بەبێ ئەم خۆراکە کە بە خواردنێکی سەرپێیی دادەنرا، نەبوو.



وەك هەمیشە سەرەتا ماتیلدە سووپی تێدەکرد ـ ئەوڕۆ سووپی جۆ بوو لەگەڵ لۆبیای پیشاودا ـ خواردنی سەرەکیش ماسییەکی گەورەی بە گێزەر و پیازی سوورەوەکراو و قازێك کە هەناوی پڕ لە کەلەرمی برۆکسلی بوو.

کاتێ کە شیرینی دەسڕی بەڵاڵوك بە ڕازێنراوەیی هاتە سەر مێز و دابەشکرا، بروێر و ماکس قاپەکانیان هەڵگرت و بەدەم پیاسەکردنەوە دالانە درێژەکەیان بەرەو تاقیگەی بروێر بڕی. پانزە ساڵ بوو ئەو دووانە لە دوای نانخوارنی شەوی هەینی، شیرینییەکەیان هەڵدەگرت و بۆ شەترەنجبازی لەوانی تر جیا دەبوونەوە.

یۆزیف و ماکس لەسەردەمی خوێندن و زۆر بەر لەوەی کە هەردووکیان کچەکانی ئاڵتمان بهێنن، یەکتریان دەناسی. هەڵبەت ئەگەر هاوەڵزاوای یەك نەبوونایە، لەوانەیە ئیتر یەکتریان نەدیایەتەوە، چونکە چەندێکیش کە بروێر دەستخۆشانەی لە ماکس دەکرد لە ڕووی هۆش و کارامەیی لە نەشتەرگەری و هەروەها کارامەیی لە شەترەنجدا، بەهەمان ئەندازەش تەرزی بیرکردنەوەی جوولەکانە و ماتریالیزمی ئاسایی و سواوی ئاوەڵزاواکەی، تووشی ڕك هەستانی دەکرد. هەتا هەندێ جار بینینی ماکس ئازاری دەدا، نەوەك تەنیا لەبەر ئەوەی کە ناحەز بوو ـ کەچەڵ، بەپێستێکی گەمارۆ بەڵەك بەڵەکەوە، جگە لەوانە بەشێوەیەکی بەرچاو لەڕبوو ـ نەخێر، ئەو سەرباری ئەمانە پیر دەکەوتە بەرچاو. بروێر حەزی نەدەکرد ئەوەی بکەوێتە یاد کە ئەو و ماکس هاوتەمەن بوون.

لەو شەوەدا یاری شەترەنجیان نەکرد، بروێر بە ماکسی وتبوو کە بۆ یاری شەترەنج زۆر نائارامە و پێی باشە قسە بکەن. ئەو ماکس زۆر کەم قسەی تایبەتییان دەکرد. بەڵام بروێر لە نێو پیاوەکاندا، جگە لە فرۆید، مەحرەمێکی تری نەبوو. لەوە ڕوونتر ئەوە بوو کە دوای دەرکردنی ئووا بێرگەر، سکرتێری پێشووی، ئارامی نەمابوو. لەبەر ئەوە خێرا دەستی بە قسان کرد ـ لەگەڵ ئەوەشدا کە زۆر بڕوای بە هاوخەمیی ماکس نەبوو ـ بیست خولەکی تەواو بەبێ وەستان باسی لە نیچە کرد و دەردە دڵی بۆ هاوەڵزاوەکەی کرد" هەڵبەت ناوی نیچەی بە مۆلەر دەهێنا، بەڵام باسی لە دیداری لەگەڵ لۆسالۆمێ دا لە ڤییەنا، کرد.

ماکس تیزەجارانە گوتی: "بەڵام یۆزیف بۆچی سەرزەنشتی خۆت دەکەیت؟ چی کەسێ دەتوانێ پیاوێکی وا کەللەشەق تیمار بکات؟ کە تەنیا و تەنیا بیری پیاو مژۆڵ دەکات! ئەگەر ڕۆژێ سەری بقەڵشێ، داخی دڵی خۆی بە تۆ دەڕێژێت!"

"ماکس مەگەر تێناگەیت؟ ڕەتکردنەوەی هاوکاری بەشێکە لە نەخۆشی ئەو. ئێستا گومانی لە بەدواداچوونی ئازارەکانی هەیە. چاوەڕوانی خراپترین ڕەفتارە لە هەموو کەسەکان."

"یۆزیف، ڤییەنا پڕە لە نەخۆش ، ئێمە هەفتەی سەدو پەنجا کاتژمێر کار دەکەین و لەگەڵ ئەمەشدا ناچارین ژمارەیەك لە نەخۆشەکانمان ڕەوانەی لای هاوکارەکانمان بکەین. ئایا من لەسەرحەق نیم؟"

بروێر هیچی نەگوت.

ماکس پێداگری کرد: "ڕاست نییە؟"

"گرفتەکە ئەمە نییە، ماکس."

"بەڵێ، گرفتەکە ڕێك ئەمەیە، یۆزیف. نەخۆشەکان شێپانەی دەرگای عیادەکەت دەردێنن وتۆیش تەنیا لەسەر یەك کەس کاردەکەیت تاوەکو بتوانی یارمەتی بدەیت، ئەمە کارێکی بێ هوودەیە! ئایا پێویستیت بە تکاکردن هەیە؟" ماکس بوترێك و دوو گلاسی هەڵگرت. "حەزت لە گلاسێك کۆنیاك هەیە؟"

بروێر سەری وەك ئاماژەی بەڵێ جووڵاند و ماکس کۆنیاکی بۆ تێکرد. لەگەڵ ئەوەی کە بنەماڵەی ئاڵتمان دارایی خۆیان لە ڕێگای بازرگانی خواردنەوەی کهولییەوە بەدەستهێنابوو، کەچی ئەم لێوانە بچووکە تەنیا قومێك بوو کە ئەو دوو پیاوە، لە کاتی یاری شەترەنجدا لێویان لە کهول دەدا.

"ماکس گوێ بگرە، گریمان نەخۆشێکی ...، خۆ دەڵێی گوێ لە قسەکانی من ناگریت! وا سەرت وەردەگێڕێت."

ماکس دڵنیای کردەوە: "چۆن، گوێ دەگرم. سەراپا بوومەتە گوێ."



بروێر گوتی: " گریمان کە نەخۆشێکت هەیە دووچاری پرۆستات و هەوکردنی بۆری میز بووە. ئەم کەسە گرفتی میزکردنی هەیە و ئەمەش دەبێتە هۆی تێکچوونی کاری گورچیلەکان، مەترسی میزگیرانی لەسەرە و بەم حاڵەشەوە هەموو جۆرە هاوکارییەك ڕەتدەکاتەوە. بۆچی؟ بەهۆی بەساڵداچوون یان بەهۆی ئەوەی کە لە دەزگاکانی تۆ دەترسێت. ترسی ئەو گەورەترە لە لوولەکان، لە تێکچوونەکانی گورچیلە. ڕەنگە ڕۆحپەرێشان بێت و وابزانێ تۆ دەتەوێ بیخەسێنیت. دواتر چی دەبێت؟ ئێستا چی دەکەیت؟"

ماکس گوتی: "من بیست ساڵە کاری پزیشکی دەکەم و تا ئێستا حاڵەتێکی وەها درووست نەبووە."

"بەڵام دەشێ کارێکی وەها ڕووبدات. تەنها بۆ ئەوەی کە بتوانین پێکەوە دەمودوو بکەین، گریمانێك دادەنێین کە حاڵەتێکی وا ڕووبدات. ئەو کاتە تۆ چی دەکەیت؟"

"لەم حاڵەتەدا بڕیاردان دەخەمە ئەستۆی کەسەکانی."

"بەسە ماکس! ئەم هەموو خاپاندنە چییە. گریمان کە خێزانێکیشی لەئارادا نییە."

"دەبێ لەکوێ بزانم؟ ڕەنگە هەمان کار بکەم کە لە بنکە تەندروستییەکاندا ئەنجامی دەدەن. دەستەکانی دەبەستمەوە، بێهۆشی دەکەم وبە سۆندە بۆری میزی دەکەمەوە."

"هەموو ڕۆژێ بەزۆر سۆندەی پیا دەکەیت؟ بێئەقڵانەیە ماکس. ئەو لە ماوەی چەند هەفتەیەکدا لەناو دەچێت! نا، تۆ هەوڵدەدەیت کە وێناکردنی ئەو لەمەڕ خۆت و ڕێگای چارە سەریت بگۆڕیت. ڕێك وەکو چارەسەرکردنی منداڵان. کام منداڵ هەیە کە خۆشی لە تیمارکردن بێت؟"

ئەنجامێك کە بروێر دەیویست دەستی بکەوێت، ماکس خستییە ڕوو. "کەوایە تۆ دەتەوێ ڕۆڵی پیاوچاکێ ببینی، هەموو ڕۆژێك بە گفتوگۆوە لەگەڵ ئەو دابنیشی. یۆزیف، بیر لەوە بکەرەوە کە لە پێناوی ئەم کارەدا چەندێ کات بەهەدەر ئەدەیت! ئایا ئەو شایانی ئەو هەمووە کاتە گرانبەهایەی تۆی هەیە؟"

وەختێ کە بروێر لەوەڵامی ماکسدا لەبارەی بێ پارەیی نەخۆش و بڕیاری خۆی بۆ سوود وەرگرتن لە مەوقووفەی خێزانەکەی و لێ وەرنەگرتنی پارەی ڤیزیتی بۆ ئەو ڕوونکردەوە، نیگەرانی هاوەڵزاوەکەی زیاتر بوو.

"یۆزیف تۆ دەمترسێنی! بەڕاستی دەڵێم، زۆر نیگەرانی تۆم! تەنها لەبەر ئەوەی کە کچێکی جوانی ڕوسی کە زۆر نایناسیت، هاتۆتە لات، ئامادەیت دێوانەیەك چارەسەر بکەیت کە نەخۆشبوونی خۆی ڕەتدەکاتەوە و ئامادە نییە تیمار بکرێت؟ هەموو ئەمانەش بە خۆڕایی ئەنجام دەدەیت؟! ..." ـــ ماکس پەنجەی بۆ بەئاگاهێنانەوە بەرزکردەوە ـ "... حاڵی کامتان سەرنجڕاکێشترە، ئەو یا تۆ؟"

"من بە تۆم گوت کە سەرنجڕاکێش نییە، ماکس! سەیر ئەوەیە کە تۆ هەمیشە لە بارەی پارەوە قسە دەکەیت! سووی جەییزیەکەی ماتیلدە لە بانکدا کۆ دەبێتەوە. ئەگەر وەختێ دابێ هەمووی پشکی خۆی لە میراتی ئاڵتمان وەربگرێ، هەردووکمان لە پارەدا نوقم دەبین. من ماوەیەکی زۆرە کە هەموو دەرامەتەکەم خەرج ناکەم و زۆر باشیش دەزانم کە سامانی تۆ زۆر لە هی من زیاترە. کەواتە بۆچی هەمیشە لەبارەی پارەوە بدوێین؟ بۆچی دەبێ بیری خۆمان مژۆڵ بکەین بەوەی کە ئەم یان ئەو نەخۆش دەتوانێت پارەی ڤیزیتی خۆی بدات یان نە؟ ماکس، تۆ هەندێ جار تەنیا پارە و سامان دەبینێت."

"زۆر باشە با بۆ ساتێك پارە لە یادکەین. دەشێ تۆ ڕاست بکەیت. هەندێ جار لە خۆم دەپرسم کە ئەسڵەن بۆچی کار یاخود بەری زەحمەتی خۆمان بە شێوەی ڕەشنووسی حیساب دەبینین. زۆرباشە کە هیچ کەس گفتوگۆکانمان نابیستێت، ئەگینا هەردووکمان بە شێت لەقەڵەم دەدەن. شیرینییەکەت ناخۆیت؟"

بروێر سەری بادا و شیرینی هاوەڵزاواکەی کردە قاپەکەی خۆیەوە.

"بەڵام یۆزیف بیر لەوە بکەرەوە کە ئەم مەسەلەیە پەیوەندی بە توانای پزیشکییەوە نییە. نارەحەتی ئەو جۆرە نەخۆشانەی کە تۆ تیماریان دەکەیت، بۆ نمونە ئەم پرۆفیسۆرە، لەکوێدایە؟ دەستنیشانکردنی تۆ چییە: شێرپەنجەی زیانبەخشی لەخۆباییبوون؟ یان ئەو کچۆڵەیە، پاپن هایم کە لە یەك قوم ئاو دەترسا، مەگەر هەمان ئەو کەسە نەبوو کە لە ناکاو نەیدەتوانی تەنانەت یەك

وشەی ئەڵمانیش بڵێت و تەنیا بە ئینگلیزی قسەی دەکرد؟ هەموو ڕۆژێکیش جۆرێ ئیفلیجی دەگرت؟ یان ئەو کوڕە گەنجەی کە خۆی بە کوڕی شا دەزانی، یان ئەو خانمەی کە بوێری بەجێهێشتنی هۆدەکەی خۆی نەبوو؟ نەفامانەیە! تۆ باشترین خولی پسپۆریت بۆ ئەوە تەواو نەکردووە تاوەکو لەگەڵ شێتەکاندا گفتوگۆ بکەیت!"

ماکس شیرینی دەسڕەکەی بروێری هەڵلوشی و یەك گلاسیشی بەسەردا خواردەوە و درێژەی پێدایەوە: "تۆ وەك پزیشکێکی کارامە و دانا لە هەموو ڤییەنادا ناوبانگت هەیە. لەم شارەدا زانیاری هیچ کەسێ دەربارەی نەخۆشییەکانی بۆری هەناسە و هەستی هاوسەنگی، لەئاستی تۆدا نییە. هەموو جیهان کار و توێژینەوەکانی تۆ دەناسن! باوەڕ بکە ڕۆژێك دادێ لە ئەکادیمیای زانایان تۆ وەك ئەندامێك وەردەگیرێیت. ئەگەر جوولەکە نەبایتایە، ئێستا کورسی ئوستادیت هەبوو، هەموو جیهانیش ئەمە دەزانێت. بەڵام ئەگەر بەهەمان شێواز ئەم شێتانە تیمارکەیت، دەزانیت کە چی بەڵایەك بەسەر ناوبانگی تۆدا دێت؟ دژە جووکانیش دەڵێن: 'چەندێ لێی دێت' ـ ماکس پەنجەی شادەی ڕاوەشاند ـ 'بەو هۆیەشەوە نەبۆتە پڕۆفیسۆر، چونکە شایستە نییە!'"

بروێر بێ خولقانە سەری قوتووەکەی کردەوە و داشەکانی لەسەر داشماڵی شەترەنجەکە هەڵگرت. "ماکس واباشترە یاری شەترەنج بکەین! تەنیا شەوێك تکام لێکردی کە گوێ لە قسەکانم بگریت، تووشی چی بووم! بە ڕاستی یاریدەدەرێکی گەورەیت! من شێتم، نەخۆشەکانم شێتن و ئەبێ دەریان کەمە دەرەوە! خەریکە متمانەی خۆم لەدەست دەدەم، واباشترە پارە کۆبکەمەوە کە ئەسڵەن پێویستیم پێی نییە."

"تەواو نەبوو ئیتر! باسی پارەم قووت نەدایەوە!"

"ئەمە هاوکاریکردنە، تۆ هەرگیز گوێ ناگریت!"

"زۆر باشە جارێکی تر بیلێرەوە، باشترگوێ دەگرم."لە ناکاو ڕووخساری نەرم و ڕەوانی ماکس زۆر جیدی بوو.

"ئەمڕۆ پیاوێك هاتۆتە عیادەکەم کە زۆر پێویستی بە یارمەتیدانە، ئازاردەکێشێ و منیش هەڵەیەکم بەرامبەر بە ئەو کرد. هەڵبەتە ڕەنگبێ تازە لەبارەی ئەم نەخۆشەوە زۆر درەنگ بێت، ماکس. بەڵام ژمارەیەکی زۆری نەخۆشی تووشبوو بە تێکچوونی دەمار کە سەردانم دەکەن، ڕۆژ



بە ڕۆژ زیاتر دەبن و منیش دەبێ فێری ئەو شێوازە ببم کە چۆن ڕەفتاریان لەگەڵدا دەکەم. ئەم کارە ڕۆچنەیەکی زۆر نوێ دەکاتەوە. تا ئێستا کتێبێك نییە بۆ فێربوون. هەزاران نەخۆش هەیە کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە و هیچ کەسێ نازانێ ئەبێ چۆن یارمەتی ئەوانە بدرێت!"

"یۆزیف، من شتێك لەم بارەیەوە نازانم، تۆ بەم دواییانە زیاتر بیر دەکەیتەوە و سەرقاڵ بووی بە دژوارییەکانی مێشکەوە. من ڕاست لەو لایە دانیشتوومە ..." ـ ماکس بە زۆر بزەیەکی کرد و بروێر خۆی ئامادە کرد ـ "... لە دەمی کەسانێکەوە کە من لەگەڵیاندام، هیچ جۆرە دژایەتی و بەرگرییەك نایەتە دەرەوە. بەڵام ڕەنگە بتوانم شتێك بڵێم، ئەو هەستە لای من دروست بووە کە تۆ لەگەڵ ئەم پڕۆفیسۆرەدا ئەزموونباڵایی دەکەیت، ڕێك وەکو ئەو کاتەی کە لە کۆلیژی فەلسەفە لەگەڵ بێرنتانۆ کردت. لە یادتە چۆن ڕۆژێك لەدەستت تووڕە بوو؟ بەر لە بیست ساڵ بوو، بەڵام هێشتا بە ڕادەیەکی وا ڕوون لە بەرچاومە کە دەڵێی دوێنێ بووە. ئەو بە دەنگێکی بەرزەوە گوتی: "'هاوکاری ئازیز بروێر، بۆچی لەباتی سەلماندنی ئەوەی کە من چەندێ نازانم، فێری شتانێك نابیت کە من دەتوانم فێری ئێوەی بکەم، ؟"

بروێر سەری بادا و ماکس درێژەی دایە: "ئێستایش ئەو پەیوەندییەی کە لەگەڵ ئەم پیاوەدا باسی دەکەیت، بە ڕای من هاوشێوەی ئەو ڕووداوەیە. تەنانەت ئەو هەوڵە هونەرمەندانەیەت کە هەوڵت دا جەنابی مۆلەر بە گواستنەوەی وتەی بەرهەمەکانی خۆی بخەیتە داوەوە، بێئەقڵانە بوو. چۆن دەکرا سەرکەوتن بەدەست بێت؟ ئەگەر نەکەوێتە داوەوە، سەرکەوتووە و ئەگەر بیشکەوێتە داوەوە، ئەوا بە ڕادەیەك تووڕەیە کە بە هیچ جۆرێك قەبووڵی چاکە ناکات."

بروێر بە هەستێکی پەرتەوازەوە دانیشتبوو، جێگۆڕکێی بە هەندێ لە داشی شەترەنجەکانی دەکرد. لە بیری دژایەتی و دەربڕینەکانی ماکس دا بوو. "ڕەنگە حەق بەتۆ بێت. دەزانیت لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەدا، هەستم کرد کە هەڵە دەکەم. من نەدەبا بە قسەی فرۆیدم بکردایە. دەمزانی کە وتەگوێزانەوەی خۆی کارێکی ژیرانە نییە. بەڵام ئەو بەبێ وەستان منی دەخستە ململانێوە و هێرشی منی پەرچ دەدایەوە. سەیر لەوە دا بوو کە لە تەواوی ماوەی ڕاوێژکردندا خەریك بووم بیرم لە یاری شەترەنج دەکردەوە. ئەگەر ئەم داوە لەسەر ڕێگاکەی دابنێم، ئەو لەو ڕێگایەوە خۆی ڕزگار دەکات، هەروەها بەم یاخود بەو جوولەیە منی ناچار بە دژایەتیکردن دەکات. ڕەنگە لە ڕاستیشدا خەتای من بێت“ دەڵێیت کاتی قوتابیێتیشم بە هەمان شێوە بوومە. بەڵام ساڵانێك بوو،

لەم ڕێگایەوە خۆم بە هیچ نەخۆشێك نە پێوابوو، ماکس. پێم وایە شتێك لەئەودا ئەم مەبەستە لەمندا بێدار دەکاتەوە و خۆیشی لەو باوەڕەدایە کە سەبارەت بە هەمووان بەم شێوەیە و بەردەوامیش بەهۆی سروشتی مرۆڤەکانەوە پاساوی ئەوە دەداتەوە. بە ڕاستیش لەم بابەتە دڵنیایە و هەموو فەلسەفەکەیشی لەم خاڵە دەستنیشانکراوەدا بە هەڵەدا دەچێت!"

"دەبینی یۆزیف؟ ئەو هێشتاکەش ئەم کارە دەکات، چونکە تۆ هەوڵدەدەیت کە خاڵە لاوازەکانی فەلسەفەکەی ئەو ببینیتەوە. بە ڕای تۆ ئەو یەك بلیمەتە. باشە، ئەگەر ئەو بلیمەتێکی وەهابێت، کەواتە دەبێ لەو فێر ببیت نەوەك هەوڵ بدەیت زاڵ بیت بە سەریدا!"

"ئافەرین ماکس، خۆیەتی! هەڵبەت لەگەڵ پێشینەی مندا بەرابەر نییە، بەڵام ژیرانە دەکەوێتە بەرچاو. تازە چی ڕێنومایییەك بەکەڵك دێت." بروێر ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا.

"زۆر چاکە، ئێستا وا باشترە یاری بکەین! بیرم کردەوە کە ڕەنگە بکرێ لە ڕێگایەکەوە لەبەرامبەر گامبی* قەڵاکەیدا، بەرگری بکرێت."

بەم پێیە ماکس بە گامبی قەڵاکەی یاری دەکرد. بروێریش بوێرانە بە گامبی ناوەڕاست وەڵامی دەدایەوە، لەگەڵ ئەمەشدا لە دوای هەشت جووڵە کەوتە مەترسییەوە. لە کاتێکدا کە ماکس پیادە و هەسپی ئەوی بە یەك پیادەی خۆی دەترساند، بێ ئەوەی کە سەیری بکات گوتی: "یۆزیف، ئێستا کە ئەمشەو ئێمە بێ پەردە قسە دەکەین، منیش حەز دەکەم باری خۆم سووك بکەم. دەشێ کە بیر بکەیتەوە پەیوەندی بە منەوە نییە، بەڵام من هەمیشە ناتوانم گوێیەکانم بکەمە دەر و دەروازە. ماتیلدە لای ڕاشیل گلەیی کردووە کە تۆ چەند مانگێکە نزیکی ئەو نەکەوتوویتەوە."

بروێر چەند دەقەیەکی تر بیری خۆی لەسەر جووڵەیەك ڕاگرت، کە بەداشەکەی درابوو. دواتر کە تێگەیشت هیچ ڕێگایەك بۆ دەربازبوون لە دەستی فیل نییە، دای لە پیادەکەی ماکس و گوتی: "بەڵێ، هەورەکان ئاسمانی ماڵەکەیان داپۆشیوە، بەڵام من چۆن دەتوانم کە متمانە بە تۆ بکەم،

* Gambit: جووڵاندن و ڕووبەڕووبوونەوەی یەك دوو پیادە لە بەرامبەر بەدەستهێنانێنی دەستکەوت لە یاری شەترەنجدا. و.ك.



ماکس؟ ڕێك وەك ئەوەیە کە قسە لەگەڵ ماتیلدە دا بکەم. زۆر باش دەزانم کە تۆ بە هاوسەرەکەت دەڵێیت و ژنەکەی تۆیش بۆ خوشکەکەی دەگێڕێتەوە."

"نا، ئارخەیان بە کە دەتوانم زۆر شت لە ڕاشیل بشارمەوە. لێگەڕێ نهێنییەکت بۆ بڵێم، ئەگەر ڕاشیل دەیزانی کە من و سکرتێرە تازەکەم، فراولێن وێتنەر چی پەیوەندییەکمان پێکەوە هەیە، ئەوا ئێستا من لە ناوەندی کۆڵانێدا دەبووم. ئەوەشی هاتە سەر! ڕێك وەکو پەیوەندی تۆ و ئەوا بێرگەرە. وەك ئەوەی ئاشقی سکرتێربوون لە بنەماڵی ئێمەدا بۆماوەیی بێت."

بروێر چاوی بڕیبووە داشماڵی شەترەنجەکە. قسەکانی ماکس کاریان لەو کردبوو. کەواتە خەڵك پەیوەندی ئەویان لەگەڵ ئووادا بەم شێوەیە لێکدەدایەوە! هەڵبەت ئەم قاودانە بێ بنەما بوو، بەڵام خۆیشی هەستی بە گوناه دەکرد. یەك مانگی ڕەبەقی بە خەیاڵی نادۆستانە و تەواو سێکسی بەڕێکردبوو. ئووا لە گفتوگۆیەکی وروژێنەری دووکەسیدا گوتبووی لەوە دەترسێت کە بروێر بکەوێتە داوی پەیوەندییەکی ئاشقانەی شوومەوە لەگەڵ بێرتادا و ئامادەبوو "هەموو کارێك" بکات تاوەکو بروێر لەم کێشە و شەوق و شۆڕانە ڕزگار بکات. ئایا ئووا بەم پێشنیارەی ئامادەیی خۆی بۆ خۆ بەدەستەوەدان ڕانەدەگەیاند؟ بروێر لەو بڕوایەدا بوو: بەڵێ، بەڵام.. هیولای "بەڵام" بەجۆرێك هاتە ناوەوە کە بروێر لە چاو شتەکانی تردا کەمتر لەم بارەیەوە متمانەی بەخۆی هەبوو. کەچی زۆرجار ئەم پێشنیارەی دەهێنایەوە یادی و بۆ لەدەستدانی لە قووڵایی دڵییەوە ئاخی هەڵدەکێشا!

ئێستا ئووا ڕۆشتووە و بروێر هەرگیز ئەم مەسەلانەی چارە نەکردبوو. دوای دەرکردنی ئیتر قسەی لەگەڵ بروێردا نەکرد و هەموو جۆرە یارمەتییەکی دارایی و هاوکارییەکی لە پێناوی دۆزینەوەی کارێکی تازەدا ڕەتکردبۆوە. لەگەڵ ئەوەی کە کەموکورتی ئەو بۆ بەرگریکردن لە ئووا لەبەرامبەر ماتیلدەدا ئیتر قەرەبوو نەدەکرایەوە، بڕیاریدا لانی کەم لەبەردەم ماکسدا بەرگری لێبکات. "نەخێر ماکس، هەڵە دەکەیت، وانییە! هەڵبەت من قەدیس نیم، بەڵام سوێند دەخۆم کە هەرگیز پەیوەندییەکم لەگەڵ ئەودا نەبووە. ئووا هاوڕێیەکی باش بوو، دۆستێکی زۆر باش."

"ببورە یۆزیف، ڕەنگە لەبارەی تۆ و ئووا وە بەپەلە داوەری ..."

"من ناتوانم سەرکۆنەت بکەم. ئێمە بە شێوەیەکی نائاسایی لەیەکتر نزیك ببووینەوە. ئەو نزیکترین سەنگی سەبووری من بوو، ئێمە پێکەوە لە بارەی هەموو پرسەکانەوە گفتوگۆمان دەکرد. نازانی من بە چ شێوەیەك وەڵامێکی شەرمەزارکەری ئەو هەموو ساڵەی کاری لەخۆبوردووانەی ئەوم دایەوە. نەدەبا هەرگیز خۆم بدایەتە دەست تووڕەیی ماتیلدە. دەبوایە ڕای خۆم بسەپاندایە."

"لەوانەیە هەمان گرفت هۆکاری دووری ئێستای نێوان تۆ و ماتیلدە بێت؟"

"ڕەنگە بەو هۆیەوە کینێکم لە دڵدا هەبێت، بەڵام ئەم کینەیە هۆی سەرەکی نەگونجانی ئێمە نییە. جیاوازی ئێمە زۆر لەم شتانە قووڵترە، ماکس. نازانم هۆیەکەشی چییە. ماتیلدە ژنێکی باشە. هەڵبەت دەبێ بڵێم کە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو بۆ گرفتی بێرتا و ئووا ترسناك بوو، بەڵام لە یەك خاڵدا لەسەر حەق بوو. من زیاتر ئاگام لەو دوانە بوو تا ئەو. بەڵام ڕووداوێك کە خەریکە دەقەومێ، سەیرە. وەختێ تەماشای ئەو دەکەم، وەکو جاران زۆر جوان دێتە بەرچاوم."

"کەوایە گرفتەکە لە کوێدایە؟"

"ناتوانم لێی نزیك ببمەوە. حەزدەکەم ڕووی لێ وەرگێڕم و بە هیچ جۆرێ حەز ناکەم ئەویش نزیکم بێتەوە."

"ئەسڵەن ڕەنگە نائاسایی نەبێت. هەڵبەت لەوانەیە ڕاشیل نەگات بە پای ماتیلدەدا، بەڵام ئەگەر نیگای ئاشقانەی لە ئارادا نەبێت تەنانەت ئەویش حاڵەتێکی قومقومۆکەئاسای هەیە، هەروەها ـ بەینی خۆمان بێ ـ ئارەزووی من بۆ فراولێن وێتنەر بەهێزترە. هەندێ جار کە بە درێژایی شەقامی کیریستین پیاسە دەکەم و بیست تا سی دانە لەو کچە جاهێڵانە دەبینم کە لەپاڵ شۆستەکەدا وەستاون، ڕاڕایی دامدەگرێت. هەرچەندە کە هیچیان بە جوانی ڕاشیلدا ڕا ناگەن و زۆربەشیان تووشی نەخۆشی سوزەنەك و سیفلیس بوونە، کەچی بەو حاڵەشەوە بەکێشم دەکەن. نازانم ئەگەر تەواو دڵنیا بم لەوەی کە کەسێك نامناسێت، ئای چیم دەکرد؟ ڕەنگە سست ببوومایە! هیچ کەسێ دڵخواز نییە بەوەی شەو و ڕۆژ یەك خواردن بخوات. دەزانیت یۆزیف، هەموو ژنێکی جوان مێردێکی گەمژەی هەیە، چونکە ئیتر لە جوانی ئەو نەخۆش کەوتووە!"



بروێر حەزی نەدەکرد کە دنەی ماکس بدات تاوەکو لەسەر قسە ناپەسەندەکانی بەردەوام بێت، بەڵام ئەم قسە کورتە ـ کە هەم هەق بوو هەم ڕەق ـ بۆ ئەو مایەی پێکەنین بوو. "نا ماکس، بەدبەختییەکە یەکجار بەم جۆرەش نییە."

"دەبوایە نۆڕینت بۆ بکرایە. پسپۆرانی ئیرۆلۆژی زۆر هەن کە لەبارەی کارکردنی زایەندی لێکۆڵینەوە دەکەن و دەنووسن. ئایا دەربارەی ناتوانایی زایەندیی پیاوان لە ئەنجامی نەخۆشی شەکرەوە وتارەکەی کیرش[1]ت خوێندۆتەوە؟ ئێستا کە ئیتر قسەکردن لەبارەی ئەم بابەتەوە نەخوازراو نییە، دەردەکەوێ کە ناتوانایی سێکسی لەوە زیاتر ڕمێنی هەیە کە دەبینرێت."

بروێر نارەزایی دەربڕی: "من ناتوانایی سێکسیم نییە، ڕاستە کە پەیوەندییەکم نییە، بەڵام ئارەزووم هەیە. بۆ نموونە بۆ ئەو ژنە ڕوسییە گەنجە ـ منیش بە بینینی کچانی گەنجی سەرشەقامی کیریستین ڕاڕا بوومە و ململانێم لەگەڵدا کردووە. دەزانیت، بەڕادەیەك بینینی ئاشقانەم لەبارەی ژنانی ترەوە هەیە کە ناتوانم بەبێ هەستکردن بە گوناه دەست لە ماتیلدەوە بدەم." بروێر هەستی کرد کە دانپیادانانەکانی ماکس ئەوی لە گوتنی قسەکانیدا ئاسوودەتر کرد. ڕەنگە ماکس بە هەموو توندییەکییەوە زیاتر دەیدایە پاڵ نیچە تاوەکو ئەو.

بروێر درێژەی بە قسەکانی دا: "بەڵام ئەمەش دیاری ناکات. باسەکە شتێکی ترە! جۆرێك لە ڕاڕایی شاراوەی شەیتانیانەیە. دەزانی، جاری وا هەیە لەسەرم دەدات کە بڕۆم. نارەحەت مەبە“ هەرگیز ئەم کارە ناکەم. بەڵام زۆر جار.. زۆرجار هێناومەتە بەرچاوم کە چۆن چۆنی هەموو شتێك ـ ماتیلدە و منداڵەکان و ڤییەنا ـ بەجێدەهێڵم و دەڕۆم. من بەدەست ئەم جۆرە وێناکردنە گەمژە و پێکەنیناویانە پەرێشان بوومە ـ دەزانم گەمژانەیە و پێویست ناکات کە تۆ ئەمە بێنیتەوە یادی من، ماکس! ـ کە ئەگەر لە دەستی ماتیلدە هەڵبێم، هەموو گرفتەکانم چارەسەر دەبن."

ماکس سەرێکی ڕاوەشاند، ئاهێکی کێشا و دواتر دای لە سەربازەکەی بروێر و دەستی بە هێرشێکی بەهێز کرد. بروێر بە دڵساردییەوە لەنێو کورسییەکەی خۆیدا ڕۆچووبوو. خودایە بەچی جۆرێك دەیتوانی تا دە، بیست، سی ساڵی تر ناچار بێت بچێتە ژێر باری ئەو شێوازە بەرگرییە فەرەنسییەی ماکس و گامبی ئەو وەزیرە نەفرەتییەوە.

1- Kirsch

# (١١)

بروێر بێدار لەسەر چرپاکەی ڕاکشابوو، هێشتا لەبیری گامبی وەزیر و قسەکانی ماکسدا بوو لەمەڕ ژنانی جوان و پیاوانی ڕەنجاوەوە. نیگەرانییەکەی بۆ نیچە کەمببۆوە. گفتوگۆ لەگەڵ ئاوەڵزاوەکەیدا تا ڕادەیەك حاڵی ئەوی باشتر کرد. شایەد بە درێژای ئەم هەموو ساڵانە بە سووك سەیری ماکسی کردبوو. ماتیلدە کە چووبوو سەرێ لە منداڵەکان بدات، ئێستا بەرەو چرپاکە دەهات و ڕاکشا، خۆی بەئەوەوە چەسپاند و بە چپە گوتی: "شەوباش یۆزیف!" بروێر خۆی کرد بە خەوتوو.

بوم! بوم! دەنگی لێدانی دەرگای دەرەوە بوو. بروێر تەماشایەکی سەعاتی کرد. چارەکی دەویست بۆ پێنج. لەبەر ئەوەی کە هەرگیز بە قووڵی نەدەخەوت، زۆر زوو بە خۆیدا هات و ڕۆبە دۆشامبرییەکەی لەبەر کرد و بلەز لە قادرمەکان چووە خوارەوە. لۆئیز سەری لە ژوورەکەیەوە دەرهێنابوو، بەڵام بروێر بە ئاماژەی دەست تێیگەیاند کە بچێتەوە ژوورەکەی. مادام بەخەبەرهاتبوو، ئیتر خۆی دەیتوانی دەرگاکە بکاتەوە.

دەرگاوان داوای لێبووردنی کرد کە بەخەبەری هێناوە، دەیگوت لەدەرەوە پیاوێك وەستاوە کە دەڵێت بەهۆی مەسەلەیەکی ناچارییەوە هاتووە. بروێر لە داڵانەکەدا ڕووبەڕووی پیاوێکی بە تەمەن بۆوە. کڵاوی لەسەردا نەبوو، وادیاربوو ڕێگایەکی درێژی بڕیبوو. هەناسەی سوار و بەفر سەری سپی کردبوو، ئاوی لووتیشی، سمێڵە پڕەکەی بەشێوەی فڵچەیەکی ساف و بەستوو، لێکردبوو.

بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: "دکتۆر بروێر؟"



وەختێ کە بروێر سەری بەڵێی بۆ لەقاند، پیاوەکە خۆی ناساند: "هێر شلیگڵ[1]" سەری کەمێ خوارکردەوە و سەراسیمانە پەنجەکانی دەستی ڕاستی بەرەو تەوێڵی برد. ئەوەش یادگاری سڵاوێکی سەربازی بوو کە وادیار بوو هی سەردەمێکی تربووە. پیاوەکە گوتی: "یەکێ لە نەخۆشەکانتان وا لە میوانخانەکەی من خەریکە دەمرێت. ناتوانێت قسە بکات، بەڵام من ئەم کارتەم لە گیرفانی چاکەتەکەیدا دۆزییەوە."

بروێر تەماشایەکی ئەو کارتە ڤیزیتییەی کرد کە هێر شلیگڵ پێیدابوو. جگە لەوەی کە لەلایەکی کارتەکەوە ناو و ئەدرێسی ئەو نووسرابوو، لەلایەکی تریشەوە ئەم نووسینەی خوارەوەی خوێندەوە:

***پرۆفیسۆر دکتۆر فرێدریك نیچە***

***پرۆفیسۆری فەلسەفەی کلاسیك***

***زانکۆی باسیل***

پێویست نەبوو کە بروێر ماوەیەکی زۆر بیربکاتەوە. فەرمانی بە هێر شلیگڵ دا کە چۆن دەتوانێ فایتۆنچی و فایتۆنەکەی بۆ ئەوێ بهێنێ. "تا ئێوە دەگەڕێنەوە من جلکم پۆشیوە و ئامادەی ڕۆیشتن دەبم. دەتوانن لە ڕێگای میوانخانەدا بۆم ڕوونکەنەوە کە حاڵی نەخۆشەکەم چۆنە."

دوای بیست خولەك هێر شلیگڵ و بروێر لەکاتێکدا کە خۆیان لە پەتۆوە پێچابوو، سواری فایتۆنەکە بوون، بەنێو کۆڵانە سارد و پڕ لە بەفرەکاندا کەوتنە سەر ڕۆیشتن. خاوەنی میوانخانەکە هەواڵی ئەوەی دا کە پرۆفیسۆر نیچە سەرەتای هەفتە بۆ میوانخانەکەی ئەو هاتووە. "میوانێکی ئارام و قایلە. هیچ ئەزیەتێکی نییە."

"باسی ئەحواڵی ئەوم بۆ بکەن."

---

2- Sclegel

"ئاوا تەواوی هەفتە لە ژوورەکەی مایەوە. نازانم ئەو لەسەرەوە چی دەکات. بەیانیان کاتێ چای بۆ دەبەم لەپشتی مێزەکەیەوە دانیشتووە و دەنووسێت. دەزانن، زۆرم پێ سەیرە، چونکە هەستم بەوە کردووە چاوی بۆ خوێندنەوە زۆر نابینێت. دوو یان سێ ڕۆژ بەر لە ئێستا نامەیەك لە باسیلەوە گەیشت. نامەکەم بردە سەرەوە و دوای چەند دەقەیە هاتە خوارەوە. دەیگوت چاوانی گرفتیان هەیە و لە منی پرسی ئایا ئەو لوتفە لە بەرامبەریدا دەنوێنم کە نامەکەی بۆ بخوێنمەوە؟ دەیگوت لە خوشکییەوەیەتی. دەستم پێکرد، بەڵام دوای چەند خەتێك ـ نامە لەبارەی جەجاڵێکی ڕوسییەوە بوو ـ لەڕادەبەدەر تووڕە بوو، و نامەکەی لێوەرگرتمەوە. من خێرا چاوێکم بە خەتەکانیدا گێڕا. تەنیا توانیم وشەی "سنووربەزاندنەوە" و "پۆلیس" بخوێنمەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا کە هاوسەرەکەم ئەوی بانگهێشتکردووە. کەچی هەمیشە لە دەرەوە نان دەخوات. نازانم لە کوێ نان دەخوات. لەبارەی ڕیستۆرانتەکانەوە پرسیاری لە من نەکردووە. زۆر کەمدووە و تەنها یەك جار گوتی کە دەچێت بۆ کۆنسێرتێکی خۆڕایی. شەرمەزار دەرناکەوێ و لە ڕاستیشدا هۆی کەمدوییەکەی ئەمە نییە. بەڵام من زۆر هۆکارم بۆ گۆشەگیرییەکەی ئەو دیوەتەوە."

مێوانخانەچی کە دەساڵ کاری بۆ پۆلیسی نهێنی کردبوو، هێشتا ئەزیەتباری بۆ کاری پێشینی دەکێشا و بەمشێوەیەش سەرقاڵ دەبوو بە خوێندنەوەیەکی نهێنیئامیزانەی میوانەکانییەوە، هەوڵی دەدا بەهۆی خو و خدەی زۆرگچکەی ئەوانەوە فەرمانی گرتنیان دەربکات. خاوەن میوانخانەکە لە پیادەڕەوییەکی دوورودرێژ لە ڕێگای شەقامی بەیکیردا، هەموو شتە بینراوەکانی خۆی سەبارەت بە جەنابی پرۆفیسۆر نیچە لە زەینیدا کۆکردەوە و ڕاهێنانی لە سەر گێڕانەوەی قسەکانی بۆ بروێر کرد. پۆزسیۆنێکی ئاوارتە بوو. ژنەکەی و میوانەکانی تری میوانخانەکەی لەوە زەین کوێرتر بوون کە توانای دەرککردنی بەهای ئەزموونەکانی ئەویان هەبێت.

دکتۆر قسەکانی ئەوی بڕی: "ئاغای شلیگڵ حاڵی ئەو چۆنە؟"

"بەڵێ بێگومان." هێر شلیگڵ هەوڵی دا بە پەلە ناهومێدی خۆی لە بروێر بشارێتەوە و وتی کە نیچە بەیانی هەینی حیسابەکەی داوە و پانسیۆنەکەی بەجێ هێشتووە. گوتبووی کە دوانیوەڕۆ ئەو شوێنە بەجێ دێڵێ و کەمێ بەر لە سەعات دوازدە دێت بۆ میوانخانە تاوەکو شتەکانی ببات. "دەبایە من بۆ ساتێك بچوومایەتە لای دەخیلەکە، بۆیە گەڕانەوەی ئەوم



نەبینی. دەزانن، ئەو زۆر بێدەنگ دەڕوات، گوایە دەبێ بە دیقەت بێ لەوەی کە هیچ کەسێك چاودێری نەکات، چونکە چەتری نییە، نەمدەتوانی بەهۆی جێ چەترەکەیەوە بزانم کە هاتۆتەوە یان نا. لام وایە حەزدەکات کەس نەزانێت لەکوێدایە، چی کاتێك لە ماڵەوەیە و چی کاتێك نییە. زۆر کارامەیە ـ یانی بە شێوەیەکی گومانبەخش کارامەیە ـ کە بە بێ ئەوەی ببینرێت هاتوچۆ دەکات."

"حاڵی چۆنە؟ "

"بەڵێ، جەنابی دکتۆر ئێستا دێمە سەر ئەوەش. بیردەکەمەوە کە هەندێ ڕوونکردنەوە دەتوانێ یاریدەی دەستنیشانکردن بدات. ئێ، دوا نیوەڕۆ دەوروبەری سەعات سێ، وەکو هەموو ڕۆژێ ژنەکەم چووە سەرەوە تاوەکو ژوورەکان پاك بکاتەوە و دەبینێ کە ئەو لەوێدا ڕاکشاوە! لە ڕاستیدا نەڕۆیشتبوو! لە سەر چرپاکەی بە ڕاکشاوی ناڵە دەکات و دەستی گرتووە بە سەرییەوە. ژنەکەم بانگی منی کرد. ئەوم نارده خوارەوە تاوەکو لەوێدا جێگای من بگرێتەوە" من هەرگیز مێزەکەم بەبێ چاودێر بەجێ ناهێڵم. دەزانن سەیرم لێهات کە بەبێ ئەوەی ئاگام لە چوونە ژوورەوەی بێ، چۆتە ژوورەکەیەوە."

"بەڵێ ئەی دواتر چی بوو؟" بروێر وردە وردە ئارامی نەدەما. گەیشتە ئەو بڕوایەی کە دەبێ جەنابی شلیگڵ زۆرێکی لەو کتێبە هەرزان و وروژێنەرە پۆلیسیانە خوێندبێتەوە. ئێستا ئەوەندە کات هەبوو کە ئارەزووی یاوەرەکەی بەجێ بهێنێ و هەموو ئەو شتانەی کە بەتەواوی وردەکارییەکانییەوە بینیبووی بە دیقەتەوە باسی بکات" هێشتا کیلۆمەترێکیان لەگەڵ میوانخانەکەدا بەین بوو، کە لە دەورووبەری جادەیەکی ناسەرەکیدا بوو. لەو کرێوەی بەفرەدا ڕێگاکە باش نەدەبینرا. فایتۆنچی بێچارە بەپێ فایتۆنەکەی لە ناو کۆڵانەکاندا دەردەکرد.

"من چوومە ژوورەوە لێم پرسی کە نەخۆشە یان نا؟ دەیگو کە حاڵی کەمێ باش نییە و ژانە سەری هەیە، کرێی شەوێکی تر دەدات و سبەینێ دەڕوات. دەیگو کە زۆربەی کات بەهۆی ژانە سەرەوە ئازار دەکێشێ و باشترین شت بۆی ئەوەیە کە قسە نەکات و کڕ بێت. بڕوای بەوە هەبوو کە دەبێ ئارام بگرێ. ڕەفتارێکی زۆر ساردی هەبوو، دەزانن بەزۆری ئاوهایە، بەڵام ئەمڕۆ ئیدی زۆر سارد و سڕتر بوو. هێندە دەزانم کە دەیویست هێمن بێتەوە."

"باشه دواتر چی بوو؟" بروێر هەستی بە سەرما کرد. سەرما کاری لە مۆخی ناو هێسکەکان دەکرد. ئەگەرچی هێر شلیگڵ بیزارکەر بوو، بەڵام بروێر خۆشی لەوە دەهات کە ئەوانی تریش گرفتیان لەگەڵ نیچەدا هەیە.

"پێشنیارم بۆ کرد کە پزیشکی بۆ بهێنم، لێ ئەم کارە ئەوی زۆر تووڕە کرد! دەبا بتانبیستایە: ’نا! نا! نا! دکتۆرم ناوێ! ئەوانە هەموو شتێك خراپتر دەکەن! دکتۆرم ناوێت!‘ هەڵبەت ئەوە بێ ئەدەبی نەنواند، هەرگیز ئەم کارە ناکات، بەڵام سارد و سڕە. وای! ڕەفتاری کە بێ عەیبە. ئینسان لە پەروەردەی باشی ئەو تێدەگات. ئامادەم گرەوبکەم لەسەر ئەوەی کە لە قوتابخانە گرانبەها و تایبەتەکاندا خوێندویەتی. لە باشترین خێزانەکاندا دەگوزەرێ. سەرەتا نەمدەتوانی بزانم کە بۆچی بۆ هۆتێل نەچووە. بەڵام لە جلکەکانی گەڕام. دەتوانیت زۆر شت لە جلکی خەڵکەوە هەست پێ بکەیت. دەزانن، هەموویان لە باشترین مارکەن، پارچەی چاك، دووریەنی چاك و پێڵاوەکانی لە چەرمی ئیتالیایین، بەڵام هەموو ئەوانە تەنانەت جلەکانی ژێرەوەشی زۆر کۆن بوونە و بە زۆری پینەیان پێوەیە. ئەوە دەساڵێش دەبێت کە ئیتر ئەم چاکەتە درێژانە ناپۆشن. هەر دوێنێ بوو کە بە ژنەکەمم گو بێگومان ئەو خانەدانێکی هەژارە کە بەهەر جۆرێك بێت لە دونیای ئەمڕۆیدا هەوڵی خۆی دەدات. ناوەڕاستی هەفتە بوو ڕێگام بەخۆم دا کە لە بارەی ڕیشەی ناوی خێزانی نیچەوە پرسیاری لێبکەم، ئەو لە ژێر لێوەوە شتێکی لەبارەی بنەماڵەیەکی کۆنی پۆڵەندییەوە گوت."

"ئەی دوای ئەوەی کە هاتنی دکتۆری یاساغ کرد، چی ڕوویدا؟"

"بەردەوام منی دڵنیادەکردەوە کە ئەگەر وازی لێبهێنن، ناڕەحەتییەکەی نامێنێت. بە زەرافەتێکی تایبەتییەوە تێی گەیاندم کە واباشترە خەریکی کاری خۆم بم و بە گرفتەکانی خۆم ڕابگەم. لاموایە کە ئەو وابەستەیە بە دەستەی پیاوانی هێمن و ئارامگرەوە. یاخود ئەوەیە کە شتێك دەشارێتەوە! فرە زار زاریشە! گەر هەموو ئەمانە کەللە شەقی نەبێت، ئەوا من هەر دوێنێ شەو بەر لەوەی کە بەفر دابکات، تەلەفۆنم بۆ ئێوە دەکرد و پێویستی نەدەکرد کە ئێوە لە نوێندا بهێنمەوە دەرەوە."

"ئیدی چ شتێکی تر سەرنجی ڕاکێشان؟"



بەڕێز شلیگڵ خۆشحاڵ بوو: "ئەوەبوو سەرەتا نەیویست کە ئەدەرەسی خۆی بدات و ئەدرەسی پێشویشی گوماناوییە. پۆستەی ڕیستانتە، ڕاپالۆ، ئیتالیا. من تا ئێستا ناوی ڕاپالۆم نەبیستووە و کاتێك لەوم پرسی کە دەکەوێتە کوێوە، تەنها گوتی ’کەناری دەریا‘. هەڵبەت خۆ دەبێ پۆلیسی دارۆغە ئاگادار بێت“ ئەم هەموو پەنهانکارییە، بەبێ چەتر و بەئارامی بێرەدا تێپەڕین، نەبوونی ناونیشان و دواتریش ئەم نامە سەیرە چییە! گیرۆدەبوون بە ڕوسەکانەوە، گەڕانەوەی کەسێ بۆ وڵاتەکەی و بە پۆلیس دەڵێم! ئاساییە ، وەختێ کە هۆبەکەیمان پاك دەکردەوە، من بەدوای نامەدا دەگەڕام، کەچی شتێکم نەدۆزییەوە! ڕەنگە سووتاندبێتی یان شاردبێتییەوە!"

بروێر بە نیگەرانییەوە گوتی: "خۆ تەلەفۆنتان بۆ پۆلیس نەکردووە؟"

"هێشتا نەخێر، بۆ ئەم کارە چاوەڕوانی ڕوناکبوونەوەی هەوا بووم. بۆ ئیشکردنی من باش نییە. حەز ناکەم کە نیوە شەو پۆلیسەکان ببنە مایەی بێزاربوونی میوانەکانی تری میوانخانە. دواتریش ئەم ناڕەحەتییە، دەزانن بیر لە چی دەکەمەوە؟ ئەو ژاراوی بووە!"

بروێر بە دەنگێکی ئاوا بەرزەوە گوتی: "ئای خودایە! هەڵبەت بەو جۆرە نییە، جەنابی شلیگڵ. تکاتان لێدەکەم ئیتر قسەیەك لەباری پۆلیسەوە مەکەن! ئارخەیانتان دەکەم کە بچووکترین هۆیەك بۆ نیگەرانی بوونی نییە. من ئەم بەڕێزە دەناسم و گەرەنتی ئەو دەکەم. ئەو شۆفار نییە و ڕێك هەمان ئەو کەسەیە کە لە پشتی کارتی ڤیزیتەکەوە نووسراوە. واتا پرۆفیسۆرێکی زانکۆیە و زۆربەی کات تووشی ژانە سەر دەبێت“ هەر بە هەمان هۆیش هاتۆتە لای من، کەوایە تکا دەکەم کە واز لەم بەدگومانییە بهێنن."

لە فایتۆنێکدا کە ڕۆشنایی لەرزۆکی مۆمێ کەمێك ڕووناکی دەکردەوە، بروێر بینی کە بیر و ڕای هێر شلیگڵ بە هیچ جۆرێ نەشێواوە. دواتر درێژەی دایە: "ڕاستە من لەوە تێدەگەم، ئاساییە کە کەسێکی ورد بەم ئەنجامە بگات، بەڵام لەم مەسەلەیەدا لە من دڵنیا بن. من تەواوی بەرپرسیاری ڕووداوەکە لە ئەستۆ دەگرم." دووبارە هەوڵی دا لەبارەی نیشانەی نەخۆشییەکانی نیچەوە، خاوەنی میوانخانەکە ناچار بە قسەکردن بکات. "ئێستا پێم بڵێن دوانیوەڕۆ کە لە ژوورەکەی ئەودا بوون چی ڕوویدا؟"

"دووجاری تر سەرم لێدا و لێم پرسی کە شتێکی پێویستە یان نا؟ دەزانن مەبەستم چایی یا شتێکی سووك، بۆ خواردن بوو. هەردوو جارەکە سوپاسی کرد و بەبێ ئەوەی تەنانەت سەریشی وەرگێڕێ قەبووڵی نەکرد و زۆر ڕەنگ پەڕیو و کز دەکەوتە بەرچاو."

هێر شلیگڵ بۆ ساتێك کڕ بوو، دواتر ـ دیاربوو نەیتوانی لە دیارخستنی باسەکە خۆی بپارێزێت ـ زێدەی کرد: "ئەمە دەستهەقی من و ژنەکەم بوو کە بەئەودا ڕاگەیشتین! دەزانن ئەو پیاوێکی هامشۆویست نییە. وادیار بوو کە هەتتا لە میهرەبانی ئێمەش تووڕە بوو. پیاو ئەم هەمو ئەزیەتە دەکێشێ و کەچی هێشتا ئەویش تووڕە دەبێت! دەتوانن بهێننە پێش چاوی خۆتان کە ژنەکەم چ هەستێکی هەبوو! هاوسەرم تووڕە بووە، و ئیدی نایەوێ ئەلاقەی بەسەر ئەوەوە هەبێت" هاوار بەسەر مندا دەکات کە: 'دەبێ سبەینێ دەری بکەیتە دەرەوە!'"

بروێر ئیتر کارێکی بەسەر تاوانبارکردنەوە نەبوو، تەنها پرسی: "ئەی دوایی چ بوو؟"

"دواتر کاتژمێر سێی بەیانی دووجار چوومە سەرەوە. هێر شپیتز کە دراوسێی ژووری نیچەیە، بە بیستنی دەنگە دەنگی مۆبیلەکان لەخەو ڕابوبوو. کاتێ کە لە دەرگای دابوو، وەڵامێکی نەبیستبوو. بە داماوی هاتە لای من. ئەو پیاوێکی زۆر لەسەرخۆیە، بەهۆی ئەوەی کە منی لەخەو ڕاکردووە هەزارجار داوای لێبووردنی کردووە، بەڵام ئیشێکی باشی کرد. ئەوەم لەهەمان شوێندا بەخۆی گوت.

پرۆفیسۆر دەرگاکەی لە ژوورەوە داخستبوو. من ناچاربووم کە قوفڵەکە بشکێنم و من مکوڕم لەسەر ئەوەی کە دەبێ ئەو زیانەکانم قەرەبوو بکاتەوە. سەرەوەختێ کە چوومە ژوورەوە، ئەوم بەبێهۆشی بینی و لە کاتێکدا کە ناڵەی دەکرد، بە جلەکانی ژێرەوەی لەسەر تاقە دۆشەکێ کەوتبوو. جلەکان و پێخەفەکان پەرش و بڵاو ببوونەوە. پێم وایە نەیتوانیووە لەچرپاکە هەستێتەوە لە هەمان کاتدا کە جلەکانی داکەندووە، بەملاولادا بڵاویکردوونەتەوە، چونکوم هەمووی لە مەودای یەك مەتر بەدەوری چرپاکەدا کەوتبوون. ئەم کارە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ڕەفتاری ئەودا ناگونجێ، دکتۆر. ئەو هەمیشە پیاوێکی فرە ڕێکوپێکە. هاوسەرەکەم خۆ خەریك بوو لەداخی ئەم پەرش و بڵاوییە لەهۆش خۆی بچێت. هەموو شوێنێك پڕە لە ڕشانەوە" هەفتەیەك دەخایەنێ تاوەکو سەرلەنوێ ژوورەکە بەکرێ دەدرێتەوە و بۆبڕ دەبێت. لە ڕووی



یاساییەوە دەبێ ئەو کرێی هەموو هەفتەکە بدات. گشت پێخەفەکان پڕن لە لەکەی خوێن، ئەوم وەرگێڕا و سەیرم کرد، بەڵام نەمتوانی برینێك بدۆزمەوە، دەشێ خوێنی هەڵهێنابێتەوە."

هێر شلیگل سەری ڕاوەشاند: "گیرفانەکانی گەڕام، ناونیشانی ئێوەم دۆزییەوە و خێرا کەوتمە ڕێ. هاوسەرم ڕای وابوو کە دەبێ تا ڕووناکبوونەوەی ئاسمان ئارام بگرم، بەڵام من دەترسام کە ئەو لەم ماوەیەدا بمرێت. لاموایە کە پێویست ناکات پێتان بڵێم بۆچی. مەبەستم پشکنینی جەستە، لێکۆڵینەوەی فەرمی و هاتنی فەرمانبەرانی پۆلیسە بۆ ئێرە. چەندین جار ئەوەم تاقیکردۆتەوە، لە ماوەی بیست و چوار کاتژمێردا هەموو میوانەکانی تر لێرە دەڕۆن. لە مێوانخانەی وێلاشزاواکەم لە دارستانە ڕەشەکاندا، لە ماوەی هەفتەیەکدا دوو میوان مردن. باوەڕناکەن، کە پاش دە ساڵ هێشتا خەڵك لە مانەوە لەو دوو هۆبەیەدا خۆ دەپارێزن؟ ئەمە لە کاتێکدا کە ئەو مۆبیلەکانی هەردووکیانی گۆڕیوە و بە پەردەی تازە، ڕەنگی نوێ و کاغەزدیواری نوێ تازەی کردوونەتەوە.. بەم حاڵەشەوە خەڵکی ئەو دوو ژوورە وەرناگرن. کە هەواڵێکی وا بڵاو دەبێتەوە، خەڵك چەقەسرۆیی دەکەن. ئەم جۆرە ڕووداوانە لە یاد ناکرێن."

هێر شلیگڵ سەری لەپەنجەرەکەوە بردە دەرەوە، بە ترسەوە سەیری دەوروبەری کرد و بانگی لە فایتۆنچی کرد: "شەقامەکەی تر، بەلای ڕاستدا!" بە سینگفراوانییەوە گەڕایەوە بۆ ناو هۆدەی فایتۆنەکە و بۆ لای بروێر. "گەیشتین! خانوەکەی دواتر میوانخانەکەی منە، جەنابی دکتۆر!"

بروێر داوای لە فایتۆنچییەکە کرد کە چاوەڕێ بکات و بەدوای شلیگڵدا چووە ناو میوانخانەکەوە، بە پێپلیکانەیەکی باریکدا بەرەو نهۆمی چوارەم چوو. پلیکانە سادەکانی هۆتێل، پشتگیرییەکی قسەکانی نیچە بوو کە بەو دەرامەتەوە ناتوانێت جگە لە ژیانێکی سادە، شتێکی تری هەبێت. پاك بوو، بەڵام هەژارانە. لاپاڵەکانی سوابوون و نەردەیەکی نەبوو. لە پانایی سەر پلەکاندا مۆبیلێك نەدەبینرا. هیچ تابلۆیەکی جوانکاری دیارنەبوو بە ڕووی ئەو دیوارەوە کە تازە سپی کرابۆوە. تەنانە گەواهینامەی زۆرەکی تەندروستیشیان لە چوارچێوەیەکی سادەی دارینیدا هەڵواسیبوو.

سەرکەوتن بەسەر پلەکاندا هەناسەی بروێری سوار کردبوو، بەدوای خاوەن میوانخانەکەوە بەرەو ژوورەکەی نیچە دەڕۆیشت. قەدەرێکی خایاند تاوەکو بە بۆنی ڕشانەوە ڕابێت و دیمەنەکە لە مێشکیدا جێگیر بکات. شلیگڵ زۆر بە جوانی باسی ئەوی کردبوو. هەموو شتێك ڕاست وەکو

پەسندانی وی بوو، مێوانخانەچی نەوەك تەنها بە چاودێرێکی ورد دەژمێردرا، بەڵکو دەستی لە شتێکیشەوە نەدابوو تاوەکو بەڵگە بەنرخەکانی لەدەست نەچن.

نیچە کە جگە لە جلی ژێرەوەی شتێکی تری لەبەردا نەبوو، لە خەوێکی قووڵ ـ یا حاڵەتی بێهۆشی ـ دا بوو. کاتێ کە هاتنە ژوورەوە نەبزوا. بروێر ڕێگای دا بە شلیگڵ کە جلکە تێکەڵ و پێکەڵەکانی نیچە و ئەو پێخەفانەی کە خەڵتانی ڕشانەوە و خوێن بوون، کۆبکاتەوە.

هەر کە ئەوانەی هەڵگرت، ژوورەکە بەتاڵ و هەتاڵ بوو، کە بەڕای بروێر جیاوازییەکی وەهای لەگەڵ زیندانی تاکەکەسیدا نەبوو. بە تەك دیوارەکەوە مێزێکی ناشیرینی دارین هەبوو، کە چرایەك و نیو دۆلکە ئاوی لەسەر بوو. ئەسکەملێکی دارینی سادە بە پشت و دەسکێکی لووسەوە لەکەنار مێزەکەوە درابووە دواوە و نیچە باوڵ و جانتای کاغەزدانەکەی خستبووە ژێری و بە زنجیرێکی ناسك پێچرابۆوە و قوفڵێکی لێدرابوو. لەسەروی چرپاکەوە پەنجەرەیەکی بچووکی پیس، کە پەردەیەکی زەرد و چین چینی ستوونی هەبوو، و تەنها جوانکاری ئەو ژوورە ڕووتە بوو.

بروێر داوای کرد کە لەگەڵ نەخۆشەکەدا بە تەنیا بەجێیی بهێڵن. هێر شلیگڵ کە فزولییەت بەسەر خەوەکەیدا زاڵ ببوو، سەرەتا ناڕەزابوو، بەڵام کاتێ کە بروێر ئەرکی ئەوی لە هەمبەر میوانەکانی تریدا هێنایەوە یادی، خۆی بەدەستەوە دا" وەك خاوەن میوانخانەیەکی باش دەبێ بە ڕادەیەکی پێویست بخەوێت.

بروێر کە زانی کەسێکی تر نییە بێزاری بکات، چرا گازییەکەی زیاد کرد و ورد تر لە دیمەنەکەی بەردەمی ڕوانی. کاسەیە کە تا نیوەی پڕ لە ڕشانەوەی سەوز ڕەنگی پڕ لەکەی خوێن بوو، لەسەر زەوییەکە دانرابوو. دۆشەك و دەموچاو و سینەی نیچە لە ڕشانەوەی وشکەوەبوودا بریقەی دەدا" بێگومان حاڵی ئەو لەوە خراپتر بووە ئەو کاسەیە هەڵبگرێت کە لە تەنیشتییەوە نیو پەرداخ ئاو و شووشەیەکی بچووکی حەب دانرابوو، کە سێ بەشی لەو حەبە گەورە شێوە هێلکەییە بوو. بروێر تەماشایەکی ئەوانەی کردو دواتر تامی کرد، لایوابوو کە کلۆراتی هیدرات بوو، کە ئەمەش بێهۆشبوون و گێژبوونی نیچەی دەگەیاند. بەڵام دڵنیا نەبوو، چونکە نەیدەزانی کە چی کاتێ ئەو حەبانەی خواردووە. ئایا کاتێکی زۆر تێپەڕیوە و بەر لەوە بووە کە نان بخوات؟ ئایا مادەیەکی کاریگەر چووبووە ناو خوێنییەوە؟ گومانی ئەوی دەکرد کە چەند حەبێك کەم ببۆوە و وای دانا کە تەنانەت ئەگەر نیچە سەرەتای شەو ئەو ڕێژەییەی



بەکارهێنابێت و گەدەی کلۆراڵەکەی وەرگرتبێت، ئەوا ئاسایی ئەم ڕێژەیە زۆرە بەڵام کوشندە نییە. بروێر گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە ئەگەر لەم ڕادەیە زیاتر بێت، ئیدی ناتوانێت کارێك لە پێناویدا بکات. شۆردنی گەدەی بێسوود دەبێت، چونکە ماوەیەکی زۆرە کە گەدەی بەتاڵ بۆتەوە و لەلایەکی ترەوە نەخۆش لە ڕادە بەدەر بێهەستە ـ ڕەنگە بەهۆی ڕشانەوەی هەمیشەییەوە بێ ـ تا وەکو ئەو دەرمانە بزوێنەرەی کە بروێر پێی داوە لە گەدەیدا بیهێڵێتەوە.

وا دەردەکەوت کە نیچە خەریکە دەمرێت. ڕوخساری ڕەنگ پەڕیوی کەوەیی، چاوانی بەقووڵدا چوو، بەوێنەی مۆمیاییەك سارد و مۆر مۆر ببۆوە. بە ئاستەم هەناسەی دەدا، پلدانی دڵی بەرزبوو، سەد و پەنجاو شەش جار لێی دەدا. لەناکاو سەرمای بوو، کاتێکیش کە بروێر پەتۆیەکی پیادا، ناڵەیەکی کرد و بەپێ خستییە لاوە. بروێر هەستی بەوە کرد کە نیچە بێ حەد هەستیارە بەرامبەر بە دەستلێدان، هەموو شتێك دەبێتە مایەی ژان بۆی، تەنانەت قورسایی یەك پەتۆی هیچیش.

"پرۆفیسۆر نیچە! پرۆفیسۆر نیچە!" وەڵامێکی نەبیست. هەتتا کاتێ کە بەرزتر بانگی کرد، دەنگێکی لێوە نەهات. "فریدریك! فریدریك!" ئیدی گوتیشی: "فرێتز! فرێتز!" نیچە خۆی گرمۆڵە کرد و جارێکی تریش کە بروێر هەوڵیدا پێڵوی چاوانی بکاتەوە ئەم کارەی کرد. دەستنیشانکردنی بروێر هەستیارییەکی زۆر بەهێز بوو لەبەرامبەر دەنگە دەنگ و ڕووناکیدا. لە شوێنی خۆی هەستایەوە و چراکەی داگرت و گڕی سۆپا گازییەکەی بەرزکردەوە.

بروێر بە نۆرینێکی وردتر بەو دەستنیشانکردنە گەیشت کە هۆی هێرشەکە، تەنگبوونەوەی دوولایەنەی میگرەنی بووە. ڕوخسار و لە هەمووی زیاتر، تەوێڵ و گوێیەکانی نیچە بێخوێن و سارد بوون، گلێنەکانی کراوە و هەردوو ڕەگی ناوچەوانی وەها تەنگ ببوونەوە کە وەك ڕێسمانی باریك و بەستوویان لێهاتبوو.

بەڵام نیگەرانی ئەسڵی بروێر میگرەن نەبوو، بەڵکو پلدانی بەرز و ترسناکی دڵ بوو. هەربۆیە بەبێ گوێدانە نیچە کە دەست و پای دەوەشاند، ڕەگی لای ڕاستی ملی بە پەنجە گەورەی توند گوشی. لە ماوەی کەمتر لە یەك خولەکدا پلدانی نەخۆش بە هەشتا گەیشت. بروێر یەك چارەکە سەعاتی تر چاودێری لێدانی دڵی بوو، دواتر بە تاقەتەوە خۆی خەریکی میگرەن کرد.

لە جانتا پزیشکییەکەیدا حەبە شێوە ئاڵۆییەکانی، واتا نایترۆگلیسرینی، دەرهێنا و داوای لە نیچە کرد کە دەمی بکاتەوە. کاردانەوەیەك لە ئارادا نەبوو. وەختێکیش کە ویستی بەزۆر شەویلەی بکاتەوە، نیچە وەها لاسارانە پێداگری کرد و ددانەکانی هێنایەوە یەك کە بروێر ناچار بوو خۆی بەدەستەوە بدات. وای بۆچوو کە ڕەنگبێ ئامیلی نیتریتیش بە هەمان ئەندازە کاریگەر بێت. چوار دڵۆپی ڕشتە سەر دەستەسڕێك و لە ژێر لووتی نیچەدا ڕای گرت. نیچە هەناسەی هەڵکێشا و بە توندی تەکانێکی دا وسەری بەملاولادا خست. بروێر لە دڵی خۆیدا گوتی تادوایین هەناسە بەرگری دەکات، هەتتا کاتێکیش کە بێهۆشە.

لە هەردوولاوە دەستەکانی خستە سەر لاجانگی نیچە، بە هێواشی و دواتر وردە وردە قایمتر دەستی کرد بە ماساژکردن. بەپێی پەرچەکردارەکانی نەخۆش دەیزانی کە کام بەش لەوانی تر هەستیار ترە. نیچە هاواری دەکرد و بە داماوی سەری وەردەچەرخاند، بەڵام بروێر سەرسەختانە درێژەی پێدا. لە هەمانکاتدا بەگوێی نیچەیدا دەچرپاند: "بەرگەی ئازار بگرە فریتز. بەرگەی ئازار بگرە“ ئەم کارە کۆمەکت دەکات." دەستوپەلکوتان و بەرگری نیچە لاوازتر دەبوو، بەڵام هێشتا ناڵەی دەکرد، ناڵەیە کە داستانخوێنی ژانێك بوو کە لە قووڵایی بوونییەوە دەردەهات: "نا."

دە پانزە خولەك تێپەڕی. بە هەمانشێوە بروێر ماساژی دەدا. دوای بیست خولەك ناڵەکانی نیچە کەمتر وکزتربوون، پاشتر بە یەکجاری نەما. لەگەڵ ئەمەدا لێوەکانی دەلەرزین و لێوەکانی وشەی بێدەنگیان دەنواند. بروێر گوێی بە دەمی نیچەوە لکاند، بەڵام نەیتوانی لە شتێك بگات. ئایا: "وازم لێبێنە." بوو یان "خۆم بەجێ دێڵم." ؟ نەبوو. ئەمەی بە دڵنیاییەوە گوت.

سی، سی وپێنج خولەك تێپەڕی و بروێر هێشتا ماساژی دەکرد. وا دیاری دەدا کە ڕوخساری نیچە گەرمتر بووە و ڕەنگی دەکرێتەوە. بێگومان بەهۆی کەمبوونەوەی تەنگییەوە بوو. لەگەڵ ئەوەی کە هێشتا بێهۆش بوو، ئارامتر دەهاتە بەرچاو. لێوەکانی کەم کەم دەجوولان، پاشتر ورتە ورتێك دەبیسترا، کەمێ بەرزتر و ئاخری ڕوونتر بۆوە. بروێر دوو سێ جار گوێچکەی بردە لای دەمی نیچە، ئێستا ئیدی لە قسەکانی تێدەگەشت، کەچی بە زەحمەت دەیتوانی باوەڕ بە شتێ بکات کە دەیبیست. نیچە لەژێر لێوەوە دەیگوت: "یارمەتیم دە! یارمەتیم دە! یارمەتیم دە! یارمەتیم دە!"



بروێر هەستی بە هاوخەمییەکی قووڵ کرد. لە تەواوی ئەم ماوەیەدا شتێکی تری لە من نەدەویست. لۆسالۆمێ بە هەڵەدا چووە. دۆستەکەی ئەو زۆر لەوە بە تواناترە کە داوای یارمەتی بکات. بەڵام لێرەدا نیچەیەکی تر لە بەرامبەرمدایە. نیچەیەك کە تا ئێستا نەمدەناسی.

بروێر دەستەکانی بەرەڵا کرد. کەمێ ئیسراحەتی بە خۆی دا و بۆ چەندین جار لە ژوورە یەکنەفەرییەکەی نیچەدا هاتوچووی کرد. دواتر دەستەسڕەکەی خستە ناو ئاوی ساردی دۆلکەکەوە، لە کاتێکدا کە خەوتبوو کۆمپرێسەکەی* لەسەر ناوچەوانی نیچە دانا و بە گوێیدا چرپاند: "بەڵێ، فریتز. من دەمەوێ یارمەتیت بدەم. دەتوانی لەسەر من حیسابی بکەیت."

نیچە خۆی کۆکردەوە. بروێر بیری لەوە دەکردەوە کە هێشتا زۆر زۆر هەستیارە، بەڵام کۆمپرێسەکەی لانەبرد. نیچە کەمێ چاوانی کردەوە، چاوێکی بە بروێردا گێڕا و دەستی بۆ ناوچەوانی درێژکرد. وای دەزانی بۆ ئەوەیە کە دەستەسڕەکەی لا ببات، بەڵام دەستی نزیکی دەستی بروێر بۆوە و بۆ ساتێکی کورت و تێپەڕ دەستیان بەردەستی یەکتری کەوت.

کاتژمێرێك تێپەڕی و ڕۆژ بۆوە، ئاوا کاتژمێر حەوت و نیو بوو. بەڕای بروێر ئێستا ئیتر حاڵی نیچە باشتر بوو. بیریکردەوە کە لە ئێستادا ناتوانێت کارێکی وا زۆر ئەنجام بدات. باشترە بە نەخۆشەکانی تریشدا ڕابگات و پاشێ کە کلۆراڵ کاری خۆی کرد، بۆ لای نیچە بگەڕێتەوە. دوای ئەوەی کە پەتۆیەکی ناسکی دا بە نەخۆشدا، لەسەر پارچە کاغەزێ نووسی کە دەمەونیوەڕۆ دەگەڕێتەوە. ئەسکەملەکەی بە تەواوی لە چرپاکەی نزیککردەوە و کاغەزەکەی بەجۆرێ پێوە لکاند کە بە تەواوی دیار بێت. دوای ئەوەی کە بە پلەکاندا چووە خوارەوە هێر شلیگڵی ڕاسپارد کە هەر نیو سەعات جارێك سەرێك لە نیچە بدات. ئینجا فایتۆنچییەکەی کە لەسەر کورسییەك لەناو فایتۆنەکەدا وەنەوزی دەدا، بە ئاگاهێنایەوە و لەو سپێدە بەفراوییەدا کەوتنە ڕێ تاوەکو بروێر بە سەردانەکانی ماڵانیشدا ڕابگات.

کاتێ کە دوای چوار کاتژمێر بروێر چووە ژوورەوە، هێر شلیگڵ لە شوێنی خۆیەوە لەپشتی پێشخوانەکەوە بەخێرهاتنی لێکرد. شتێکی تازە ڕووی نەدابوو. نیچە لەو ماوەیەدا لەخەودا

* دەستماڵێك کە لە ئاودا دەخوسێنرێت و دەخرێتە سەر ناوچەوانی نەخۆش. و.ك.

بووە. هێمنتر دەهاتە بەرچاو و ڕەفتاری ژیرانە بوون هەندێ جار ناڵەیەکی دەکرد، بەڵام هاواری نەدەکرد، دەستەکانی بە توندی ڕانەدەوەشاند و نەیشرشابۆوە.

وەختێ کە بروێر چووە هۆبەکەوە، پێڵوی چاوانی نیچە بە خێرایی دەتروکان، کەچی لە خەوێکی قووڵدا بوو. هەتا کاتێ کە بروێر ڕاستەوخۆ بانگی کرد: "پرۆفیسۆر نیچە، دەنگی من دەبیستن؟" هیچ وەڵامێك نەبوو.

بروێر بانگی کرد: "فریتز!" ئەم کارە ڕێگەپێدراو بوو کە نەخۆشەکان بە ناوی بچووکی خۆیانەوە بانگ بکەن، چونکە دەیزانی کە نەخۆشە بێهۆشەکان زۆرتر بە بیستنی ناوی بچووکی خۆیان کاردانەوە نیشان دەدەن و لەگەڵ ئەوشدا کە هەستێکی باشی لەم کارەدا نەبوو، چونکە خۆیشی هەستی دەکرد کە خۆشی لەم کردەیە دێت. حەزی دەکرد لە نیچە نزیك بێتەوە. "فریتز، من بروێرم، دەنگم دەبیستن؟ دەتوانن چاوانتان بکەنەوە؟"

ئاوا ڕاست لەو ساتەدا نیچە چاوانی خۆی کردەوە. ئایا خۆپارێزییان تێدا بەدی دەکرا؟ بروێر خێرا بە دەنگێکی فەرمییەوە قسەی لەگەڵدا کرد.

"پرۆفیسۆر نیچە، دڵشادم لەوەی کە دەبینم دیسان لە ناو زیندووەکاندان. حاڵتان چۆنە؟"

"خۆشحاڵ نیم ..." ـ نیچە زۆر لەسەرخۆ و تا ڕادەیەك لەژێر لێوەوە قسەی دەکرد ـ "... کە دیسانەوە لە ناو زیندووەکاندا بم. دڵشاد نیم. ترسم لە تاریکی نییە. مایەی بەزەیم. حاڵم مایەی بەزەییە."

بروێر دەستی خستە سەر تەوێڵی نیچە. ئەمە لە لایەکەوە بۆ ئەوەی تێبگات کە ئەو تای هەیە یاخود نا، لە لایەکی تریشەوە زیاتر بۆ دڵنەواییکردنی ئەو بوو. نیچە سەری خۆی دایە لاوە. بە ڕاستی سەری چەند سانتیمەترێك بردە دواوە. بروێر بیری لەوە کردەوە کە هێشتا هەموو جۆرە میهرەبانییەك ڕەت دەکاتەوە. بەڵام دوای کەمێ کە سەرلەنوێ دەستماڵەکەی تەڕکردەوە و لەسەر تەوێڵی نیچەی دانا، ئەو بە دەنگێکی کز و لەسەرخۆوە بە چرپە گوتی: "خۆم دەتوانم ئەم کارە بکەم." دەستەسڕەکەی لەو وەرگرت و خۆی ئەوی خستە سەر ناوچەوانی.



نۆڕینی کورتخایەنی بروێر ئەنجامی باشی بەدەستەوە دەدا. لێدانی دڵی گەیشتبووە حەفتا وشەش، ئیتر خێرا نەبوو. ڕەنگی ڕوخساری ساغتر دیاربوو، و ڕەگەکانی لاجانگی ئێستا ئیتر تەنگ نەبوون.

نیچە سکاڵای لە حاڵی خۆی کرد: "لاموابوو کەللەسەرم خەریکە دەتەقێت. ژانەکەم گۆڕا بوو، ئیدی تیژ نەبوو. زیاتر لە برینێکی قووڵ و داتەپیوی مێشك دەچوو."

هێشتا حاڵی لەوە خراپتر بوو کە بتوانێت دەرمان بخوات، بەڵام بێ بەرهەڵستی ڕێگای دا کە حەبی نایترۆگلیسرین بخاتە ژێر زمانی.

بروێر کاتژمێرێك لە تەنیشت چرپاکەی نیچەوە بوو، لەسەرخۆ قسەی لەگەڵدا دەکرد. نیچە وردە وردە دەیتوانی گفتوگۆ بکات.

"زۆر بێتاقەتتان بووم. خەریك بوو دوایەمین هەناسەی خۆتان بدەن. ئەوەندە کلۆراڵ ژەهرە و ئیدی دەرمان نییە. ئێوە پێویستتان بە دەرمانێکە کە ڕێگا لە میگرەن بگرێت یان ئازار کەمکاتەوە، کلۆراڵ هیچ یەك لەم کارانە ناکات، بەڵکو تەنیا دەرمانێکی هێورکەرەوەیە، لەگەڵ هەبوونی ئازارێکی وەهادا، بێهەستکردنی خود تا ڕادەی بێهۆشی، لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری حەبەوەیە کە زۆر ڕێی تێدەچێت مەرگهێنەر بێ و تا حەدێکیش بوو. لێدانی دڵتان زۆر ناڕێك بوو.

نیچە بە هیلاکییەوە سەری لەقاند: "من لە نیگەرانی ئێوەدا هاوبەش نیم."

"بەڵێ؟"

نیچە ورتەورتێکی کرد: "لە بارەی تەواوبوونی کارەوە."

"مەبەستتان تەواوبوونی مەرگئاسایە؟"

"نەخێر. مەبەستم لە هەموو بابەتێکە، هەموو بابەتێك."

بە ڕاستی ئاوازی دەنگی نیچە پڕ لە هەست بوو. بروێریش دەنگی نزمکردەوە: "هیواداربوون کە بمرن؟"

"بۆچی داخۆ زیندوومە؟ دەمرم؟ چ کەسێ دەربایسە؟ پەیوەندیم بە هیچ شوێن و هیچ کەسێکەوە نییە."

بروێر پرسی: "مەبەستتان لە هیچ شوێن چییە؟ ئایا ناتوانن بڕۆن بۆ هیچ شوێنێك؟ کەسێ هەست بە ونبوونی ئێوە ناکات؟ کەسێ نارەحەت نابێت؟"

ماوەیەکی زۆر هیچ نەگوترا. هەردوو پیاو پێکەوە بێدەنگیان لێکرد و نیچە خێرا خێرا هەناسەی قووڵتری هەڵدەکێشا. دیسان خەو بردییەوە. بروێر بۆ چەند دەقەیەك ئەوی خستە ژێر چاودێرییەوە و دواتر پەیامێکی بە کورسییەکەوە بۆ بەجێ هێشت کە دوانیوەڕۆ یان دەمەو ئێوارە بۆ ماوەیەکی زۆرتر دەگەڕێتەوە. دیسانەوە هێر شلیگڵی ڕاسپارد کە زۆرتر سەر لە نەخۆشەکە بدات، هەڵبەت پێویست نییە کە ئەزیەت بکێشێت و خواردن و خواردنەوەی بۆ ببات، لانی زۆر دەتوانێ ئاوی کولاوی بداتێ" پرۆفیسۆر ناتوانێت تا بیست و چوار سەعاتی داهاتوو خواردەمەنی هەرس بکات.

وەختێ کە کاتژمێر هەشت گەڕایەوە، لەگەڵ هاتنە ژوورەوەیدا زۆر ترسا. ڕووناکی لێڵی مۆمێك، سێبەری زۆر ترسناکی بەدەم سەماوە لەسەر دیوارەکە دروستدەکرد. لە تاریك و ڕوندا بینی کە نەخۆشەکەی بە شێوەی خاچ دەستەکانی خستۆتە سەر سینگی و بە کۆت و شەرواڵێکی بۆنخۆش و جووتێ پێلاوی گەورەوە خەوتووە. لە خۆی پرسی ئایا ئەم نیچەیە کە جلوبەرگی تایبەتی تابووتی پۆشیوە، تەنهایە و کەسێ بۆی ناگری؟

بەلام نیچە نە مردوو بوو، نەخەوتوو. کاتێ کە گوێی لە دەنگی بروێر بوو کەوتە جووڵە و لە نێو ئازارێکی زۆردا بە زەحمەت خۆی بەرزکردەوە و لەسەر کەناری چرپاکەی دانیشت و بە دەستەکانی سەری گوشی، دەستێکی بۆ بروێر ڕاوەشاند کە لە تەنیشتییەوە بوو.

"ئێستا حاڵتان چۆنە؟"

"فشارێکی وەها بۆ سەرم دێت کە دەڵێی خراوەتە بەینی گیرەیەکەوە. تەنێ خواردن گەدەم ژێراو ژوور دەکات، لە ملمدا، ئێرەم ..." نیچە ملی خۆی گرت و دەفەی شانی خۆی مالّی "... زۆر ترسناکانە دەکشێ. جگە لەوەش حاڵێکی زۆر سەیرم هەیە."



بروێر لە تانەکەی ئەو نەگەیشت. بێگومان یەك دەقەی برد تاوەکو ئەو لە خەندەی ناچاری و کینایە ئامێزی نیچە گەیشت و بە خەندەیەك وەڵامی ئەوی دایەوە.

"بەڵام بە هەرحاڵ ئەوی دەناسم. چەندین جار ئەم ئازارەم هەبووە."

"ئەی ڕەوتی ڕووداوەکەیش ئاوا ئاسایی بوو؟"

"ئاسایی؟ لێگەڕێن بیرکەمەوە. ئەگەر بمانەوێ بەپێی توندو تیژی ئەو داوەری بکەین، دەبێ بڵێم کە هێرشێکی توند بوو. لە نێو سەد هێرشی دواییدا، ڕەنگە پانزە یا بیست هێرش توندتر بووە. لێ هەندێ جار هێرشی توند تریش هەبووە."

"تاچی ڕادەیەك؟"

"تا ئەو ڕادەیە کە کاتێکی زۆرتر درێژەیان دەکێشا و دوو ڕۆژی تەواو منیان ئازار دەدا. هەندێ لە دکتۆرەکان پێیان دەگوتم کە شتی وەها بە دەگمەن ڕوو دەدات."

"ئەی ماوەکورتی ئەم هێرشە چۆن لێکدەدەنەوە؟" بروێر دەیویست بزانێ کە نیچە لە شانزە سەعاتی ڕابردوودا چی شتێکی لە یادماوە.

"هەردووکمان وەڵامی ئەم پرسیارەی ئێوە دەزانین، دکتۆر بروێر. من بە توندی قەرزارباری ئێوەم. دەزانم ئەگەر ئێوە نەبوونایە ئەوا ماوەیەکی درێژ، لە حاڵێکدا کە بەهۆی ژانەوە پێچم دەخوارد و بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەر چرپاکەم کەوتبووم. بەڵام حەزم دەکرد کە بمتوانیایە بە شێوازێکی شایستە قەرەبووی بکەمەوە. وەك پێویستیش دەبێ پارەیەکی باش بدەم. بینینی من بۆ قەرد و دانەوەی هەروا نەگۆڕە و چاوەڕوانی ئەوەم لە ئێوە، کاتێك کە لە مندا خەرجتان کردووە، بە تەواوی لە ڕەشنووسی حیسابەکەدا لەبەرچاوی بگرن. بەپێی زانیارییەکانی هێر شلیگڵ ـ کە دیقەتێکی تاقەت پڕوکێنی هەیە ـ دەبێت بڕە پارەیەکی شایستە بێت."

هەرچەندە کە گەڕانەوەی نیچە بۆ ئاوازی ساردوسڕ و فەرمیانەی پێشتری، بۆ ئەو نارەحەتکەر بوو، بەڵام دڵنیای کردەوە کە فەرمانی پێویست بە خانم بیکر دەدات کە تا ڕۆژی دووشەممە ڕەشنووسی حیسابەکە ئامادە بکات.

نیچە سەری ڕاوەشاند: "من لەیادم کرد کە ئێوە ڕۆژانی یەکشەموان ناچن بۆ عیادە. بەڵام من سبەینێ دەڕۆم بۆ باسیل. ناکرێ هەر ئێستا ئیشەکە تەواو بکەین؟"

"دەڕۆن بۆ باسیل؟ سبەینێ؟ ئەسڵەن باسیشی نەکەن، پرۆفیسۆر نیچە! لانی کەم خۆ دەبێ ئێوەئەوەندە ئارامبگرن تاوەکو مەترسیتان لەسەر نامێنێ! وەرن با بۆ ساتێك بیروبۆچوونە جیاوازەکانی هەفتەی ڕابردوومان لە یادکەین و ڕێگا بدەن وەك پزیشکێ قسە بکەم. ئێوە تا بەر لە چەند کاتژمێرێك تەواو بێهۆش بوون. لێدانی دڵتان نارێك بوو. سەفەری سبەینێی ئێوە نەوەك هەر ژیرانە نییە بەڵکو مەرگهێنەرە. بیریش لەوە بکەنەوە کە چەندێ لە هێرشە میگرەنییەکان لە کاتێکدا دووبارە دەبێتەوە کە مرۆڤ ئەو ئارامییەی کە بۆ بووژانەوە و هەستانەوە پێویستە، بەخۆی ڕەوا نەبینیوە؟ کە ئەمەش دەبێ بەهۆی تەجرەبەوە فێری بووبن."

نیچە بۆ ساتێك بێدەنگ بوو. وادیار بوو بیری لە بیانووەکانی بروێر دەکردەوە. دواتر سەری بە ئاماژەی بەڵێ ڕاوەشاند: "زۆر باشە. بەپێی ڕاسپاردەی ئێوە کاردەکەم. لەبەر ئەوە ڕۆژێك زیاتر دەمێنمەوە و دووشەممە دەڕۆم. کەوایە دەتوانم دووشەممە بێمە لای ئێوە؟"

بروێر بەسەری وەڵامێکی ئەرێنی دایەوە: "مەبەستتان لەبەر ڕەشنووسی حیسابەکەیە؟"

"هەم بەو هۆیە و هەم مەمنوون دەبم کە شیکردنەوەتان بۆ نەخۆشییەکە و کورتەیەك لەو کردەوانەی کە بۆ دەرمانکردنی ئەم هێرشە تازەیە پێی هەستاون ببیستم. ئاشنایی لەگەڵ ئەم شێوازەدا دەبێ سوودێکی زۆری بۆ جێنشینان و بەتایبەت هاوکارانی ئێوە لە ئیتالیا، هەبێت. منیش مانگەکانی داهاتوو لە باشوور دەبم. بێگومان، توندی شاڵاوەکە بەهۆی زستانی سەختی ئەم بەشەی ئەورووپاوەیە."

"ئێستا دەبێ ئیسراحەت بکەن و خۆتان ئاسوودە بکەن، پرۆفیسۆ نیچە. نابێت ئێستا بچینە ناو گفتوگۆی ترەوە، تەنیا ڕێگا بدەن کە دوو تا سێ خاڵ بهێنمەوە یادتان، کە وا باشترە تا دووشەممە بیر لەوانە بکەنەوە."

"دوای ئەم کارانەی کە ئەمڕۆ بۆتان ئەنجام دام، جگە لە بەدیقەتەوە گوێگرتن، داخۆ دەتوانم کارێکی تریش بکەم؟"



بروێر بە دیقەتەوە قسەکانی شەن و کەو دەکرد. باش دەیزانی کە ئەمە دوایین شانسی ئەوە. ئەگەر ئەمەشی لەدەست بدایە، ئەوا نیچە دوانیوەڕۆی ڕۆژی دووشەممە لە شەمەندەفەری باسیلدا دانیشتبوو. هۆشداری دەدایە خۆی کە هەڵەیەك کە تاوەکو ئێستا لە ڕەفتارکردن لەگەڵ نیچەداکردویەتی، دووبارەی نەکاتەوە. بە خۆیی گوت، "ئارام بە. هەوڵ مەدە کە لەو زیرەکتر بیت" ناتوانی گۆڵ لەو بکەیت. زۆرزانانە ململانێ مەکە، تۆ کە بە هەموو شێوەیەك کورت دەهێنی و تەنانەت ئەگەر براوەیش بیت، هەر دۆڕاو ئەبیت. چونکە ئەو نیچەیەی تر کە دەیویست بمرێت و لەگەڵ ئەوەشدا بۆ یارمەتی تکای دەکرد، هەمان ئەو کەسەی کە تۆ گفتی یارمەتیدانت پێدا، ئێستا لێرە ئامادە نییە. کەواتە ئەو مەدوێنە."

"پرۆفیسۆر نیچە جارێکی تر جەخت دەکەمەوە، کە بەر لە چەند سەعاتێك باری تەندروستی ئێوە زۆر جیدی بووە. دڵتان بە جۆرێك لە قەیراندا بوو، کە زۆر ترسناك و نارێك لێی دەدا و هەر ئان لەوانەبوو ڕابوەستێ. بۆ چیش؟ من نازانم. دۆزینەوەی هۆکاری ئەوە پێویستی بە کاتە، بەڵام بەڕای من هۆکاری ئەوە نە میگرەن بووە و نە کلۆراڵ" تاوەکو ئێستا کارتێکردنێکی وەهام لە کلۆراڵ نەدیوە.

ئەمە یەکەمین هۆکارە. هۆکاری دووەم ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە کلۆراڵەوە دەبێت. ئەو ڕێژەیەی کە ئێوە بە کارتان هێنابوو، دەیتوانی ئەنجامی خراپ هەبێت. ڕێشی تێدەچێت کە ئەو ڕشانەوەیە کە نیشانەی هێرشە میگرەنییەکانە، ژیانی ئێوەی ڕزگار کردبێت. وەك پزیشکێ ڕەفتارتان دەبێ من نارەحەت بکات، چونکە دەبێتە مایەی بەکێشکردنی ئێوە بۆ مردن."

نیچە بە چاوانی نوقاوەوە قسەی دەکرد و سەری ڕاگرتبوو. "ببوورن دکتۆر بروێر. حەزم دەکرد کە قسەکانتان تاوەکو کۆتایی ببیستم، بەڵام ڕۆحی من لەوە ئارامترە کە بتوانێت بۆ ماوەیەکی زۆر بیرێك لە خۆیدا بهێڵێتەوە. وا باشترە تاوەکو ئەو بیرانەی کە هێشتا لە ڕۆحمدا هەن، بیانهێنمە سەر زمان. نەزانی من لەبارەی بەکارهێنانی کلۆراڵەوە لەبەرچاو نەگرتنێکی ڕەها بوو، دەبایە من ئاگادار بوومایە، چونکە جارێکی تریش ئەم ڕووداوەم لێقەومابوو. من ویستم تەنیا یەك حەب بخۆم ـ چونکە کلۆراڵ تۆزێ لە توند و تیژی ئازار کەمدەکاتەوە ـ و خێرا شووشەکە بخەمەوە ناو چەمەدانەکەم. بەڵام وەختێ کە کلۆراڵ دەستی بە کارکردنی خۆی کرد، لە بێ هەستیدا لە یادم کرد کە حەبێکم خواردووە، بۆیە حەبێکی ترم خوارد. وەك جاری پێشوو

ئەبێ ئەم کارە چەند جارێ دووبارە بووبێتەوە. ئەگەر مەبەستتانە بە شتێکی هاوشێوەی ئەوە ئاماژە بکەن، ئەوا من ناشیم، بەڵام لە ژیان بێزار نیم."

بروێر بەو ئەنجامە گەیشت کە ڕوونکردنەوەکەی نیچە بە تەواوی مەنتیقی بوو. لە بارەی نەخۆشانێکەوە کە تەمەنیان زیاتر بوو، فەرامۆشکردنی کار هەر بە هەمانشێوە بووە. بە جۆرێ کە بروێر هەمیشە داوای لە خێزانەکەیان دەکرد کە خۆیان دەرمان بە نەخۆشەکانیان بدەن. کەچی هێشتا ئەم ڕوونکردنەوەیە بە تەواوی ئەوی قایل نەکرد. بۆچی دەبێ ئەم پیاوە، تەنانەت لەگەڵ هەبوونی ئازاریشدا، لە یادی کردبێت کە سەرلەنوێ کلۆراڵەکە بخاتەوە ناو چەمەدانەکەی؟ ئایا لە فەرامۆشی خۆی بەرپرس نەبوو؟ گەیشتە ئەو ئاکامەی کە نەخێر، ڕەفتاری نیچە لەوە ڕوخێنەرتربوو کە دەیدرکاند. ئایا دەنگە کزۆڵەکەی کە گازەندەی دەکرد، هەمان شتی نیشان دەدا. "بە زیندوویی مان؟ مردن؟ چی کەسێ گرنگی پێ دەدات؟" بەڵام نەیدەتوانی ئەم بەهانەیە قەبووڵ بکات و ناچاربوو بەبێ هیچ ناڕەزاییەك قسەکانی نیچە قەبووڵ بکات.

"باشە پرۆفیسۆر نیچە، ئەگەر وایدابنێین ئەم پاساودانە، لۆژیکی بێت، بەڵام تەنانەت ئەمەش مەترسی کەمتر ناکاتەوە. دەبێ دەربارەی بەکارهێنانی ئاسایی دەرمانی ئێوە لێکۆڵینەوە بکرێت. لێگەڕێن با من تێڕوانینێکی تر ـ کە لەم بارەیەوە دەستپێکردنی ئازارە ـ ئەنجام بدەم. ئێوە ژینگە و کەش و هەوا بە هۆکاری هێرشی میگرەنی دەزانن، کە بێگومان ڕاستە“ ماوەیەکی زۆر بەم دواییانە کاریگەری هەل و مەرجی ژینگە و کەشتان لەسەر میگرەن لەبەرچاو گرتووە. بەڵام بە زۆری دەبێ کۆمەڵێ هۆکاری زۆر دەست بدەنە دەستی یەك تاوەکو هێرشی میگرەنی دروست ببێ و لەبارەی تازەترینی ئەوانەوە دەبێ من بەرپرسیاری بەشێکی زۆری ئەم هێرشە بگرمە ئەستۆ، چونکە ژانە سەری ئێوە ڕاست لە دوای سەرکۆنە توند و نەگونجاوەکانی منەوە دەستی پێکرد."

"دیسانەوە دەبێ پێچەوانەی ئێوە بم، دکتۆر بروێر. ئێوە شتێکتان نەگوتووە جگە لە هەمان ئەو شتانەی کە هەر پزیشکێکی بە ویژدانی تریش دەیڵێت و پێشتریش دکتۆرەکانی تر بە تێبینییەکی کەمترەوە گوتبوویان. لەم ڕووداوەی دواییدا هیچ جۆرە گوناهێك لە ئەستۆی ئێوەدا نییە. من ماوەیەکی زۆر بەر لەم دیدارەی دواییمان، هەستم کردبوو کە هێرشێك بە ڕێگاوەیە. ئەگەر بمەوێ ڕاستگۆیانە بڵێم من لە ڕێگای ڤییەنادا چاوەڕێی شتێکی وەها بووم."



بروێر بە بێ مەیلییەوە کۆتایی پێهێنا. بەڵام ئێستا کاتێکی گونجاو نەبوو بۆ گفتوگۆ.

"نامەوێ زیاتر ئێوە ماندوو بکەم، پرۆفیسۆر نیچە. بەڵام ڕێگا بدەن بەوەی کە ئاماژە بەوە بکەم کە بەهۆی باری تەندرووستی گشتیتانەوە، من لە جاران لێبڕاوانەتر، ئەوە دیاری دەکەم کە بۆ لێکۆڵینەوەی وردتر و گرنگ لە کلینیك بمێننەوە. گەر چی من دوای چەند کاتژمێرێك لە دەستپێکی هێرشی میگرەنی ئاگادار بووم، بەڵام توانیم کەمێ هێوری بکەمەوە. ئەگەر لە کلینیك بوونایە بە دڵنیاییەوە دەمتوانی بەرنامەیەکی تیمارکردن ڕێکبخەم، کە ئەو توانایەی پێدەداین خێراتر ڕێگا لەو هێرشانە بگرین. هەر بۆیە جارێکی تر پێشنیارتان بۆ دەکەم کە لە کلینیکی لاوزۆن بخەوێنرێن."

ئیدی بروێر درێژەی نەدایە. شتێکی زیاتری بۆ گوتن نەبوو. ئەو مەبەستی خۆی گونجاو، ڕوون و پسپۆریانە و بە هۆشیارییەوە دەربڕی بوو. نەیدەتوانی کارێکی زیاتر ئەنجام بدات. بێدەنگییەکی دوورودرێژ باڵی بەسەردا کێشابوون. بروێر بە پشوودرێژییەوە چاوەڕێ بوو. گوێی دابووە ئەو دەنگانەی کە لەو ژوورە بچووکەوە دەهاتن، دەنگی هەناسەدانی نیچە، هەناسەدانی خۆی، گڤەی با، دەنگی پێهەڵگرتنێك و قرچە قرچی تەختەی سەربانی ژوورەکەی سەرەوەیان.

ئاخری نیچە دەستی بە قسان کرد. ئاوازەکەی لەسەرخۆ و میهرەبانانە بوو. "من تا ئێستا پزیشکێکی وەك ئێوە بە توانا و بە دیقەت و ئاوەها دڵپاکم نەدیوە. لەوانەیە بتوانم زۆر شت لە ئێوەوە فێرببم. مرۆڤبوون لە ئێوە فێرببم“ هێشتا دەبێ هەموو شتەکان فێرببمەوە. لە قووڵاییەمەوە قەرزارباری ئێوەم. باوەڕ بکەن کە خۆم دەزانم ئەم قەرزە زۆر قووڵە."

نیچە قسەکانی خۆی بڕی. "هیلاکم و ئەبێ ڕاکشێم." بە پشتدا پاڵکەوت، دەستەکانی خستە سەر سینگی و چاوی بڕییە پەتۆکە. "ڕاست بەو هۆیەوە قەرزارباری ئێوەم، لەوە نارەحەتم کە ناتوانم کار بە ڕاسپاردەی ئێوە بکەم. بەڵام ئەو هۆکارانەی کە دوێنێ بۆم ئاشکراکردن ـ ئایا بە ڕاستی دوێنێ بوو؟ لاموایە کە بەر لە چەند هەفتەیەك گفتوگۆمان کردووە ـ لە ئەنجامی بەسووك تەماشاکردن و بۆ دژایەتیکردنی ئێوە نەبوو. ئەگەر لە داهاتوودا بەرهەمەکانی من بخوێننەوە، تێدەگەن کە ئەو هۆکارانەی باسمکردن لە بونیادی هزرمەوەن و بەم پێیەش لە قووڵایی بوونی مندا نیشتوونە.

بەبێ ئەوەی کە بزانم بۆچی! بە ڕای من ئەم بەڵگانەی ئەمڕۆ لەوانەی دوێنێ لەپێشتر بوون. من ئەمڕۆ شتێکی زۆر دەربارەی خۆم نازانم، بێگومان ئێوە ڕاست دەکەن و کلۆراڵ لەگەڵ مندا ناگونجێت، یا لانی کەم ئەکسیری ڕۆح نییە" هێشتا ناتوانم بە ڕوونی بیروڕاکانم دەربڕم، بە هەرحاڵ بەڵگەگەلێك کە بۆم هێنانەوە، بەڕای من نەوەك دە، بەڵکو سەد جار گرنگ تربوون."

ڕوخساری بەرەو لای بروێر وەرگێڕا. "دکتۆر، ئیتر لە پێناوی مندا ئەزییەت مەکێشن!ئەگەر ئێستا ئامۆژگاری و پێشنیارەکەتان ڕەتکەمەوە و زەمانێك بە ئەنجامەکانی ئەو ناچار ببم، ئەوا بە توندییەکی زیاترەوە تامی بچووکبوونەوە دەچێژم، چونکە بە ڕادەیەکی زۆر قەرزارتانم."

"تکا دەکەم ..." ـ نیچە سەری وەرگێڕایەوە ـ "... ئێستا ئەبێ پشوو بدەم و وا باشترە ئێوە بگەڕێنەوە بۆ ماڵەوە. ئێوە گوتتان کە خێزانتان هەیە، ئازیزانتان لە دەستی من تووڕە دەبن و مافی خۆشیانە. زۆر چاك دەزانم کە ئیمڕۆ کاتێکی زۆرترتان لەگەڵ مندا بەسەر بردووە تاوەکو لەگەڵ ئەواندا. کەواتە تا دووشەمە ماڵاوا، دکتۆر بروێر." نیچە چاوانی داخست.

بەرلەوەی کە بروێر ماڵاوایی بکات، بەڵێنی بە نیچە دا کە لە کاتی پێویستیدا تەنانەت یەکشەممەش بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك، دەتوانێت بەهۆی بەردەستێکەوە کە هێر شلیگڵ دەینێرێت بەدوایدا، بێت بۆ میوانخانەکە. نیچە بێ ئەوەی کە چاوانی بکاتەوە، سوپاسی کرد.

کاتێ کە بروێر لە قالدرمەکانی میوانخانەکە دەچووە خوارەوە، لە دەسەڵات و توانای بەرگری نیچە حیرەت مابوو. ڕۆحی ئەو تەنانەت لەسەر قەرەوێڵەی نەخۆشیش، لە وەتاغێکی گچکەی بێزراودا کە پڕ بوو لە بۆگەنی بەڵای بەر لە چەند کاتژمێرێك، لە کاتێکدا کە زۆربەی نەخۆشانی میگرەنی بۆ ئەوەی کە بتوانن چەند سەعاتێك ئاسوودە لە گۆشەیەکدا بکەون و هەناسە بدەن، سوپاسگوزار بوون. سەر لە نوێ چالاك بۆوە. ناهومێدی سەرکوتکرد و بەرنامەی گەڕانەوەی کێشا، بەرگری لە باوەڕی خۆی کرد و مکوڕ بوو لەسەر ئەوەی کە دکتۆری تیمارکەری بە خێزانەکەی خۆیدا ڕابگات و لەبارەی تەندروستی خۆیی و ڕەشنووسی حیسابەکەیەوە داوای ڕاپۆرتێکی کرد.

وەختێ کە بروێر نزیکی فایتۆنەکەی بۆوە، لەو باوەڕەدا بوو کە سەعاتێك بە پێ ڕۆیشتن گونجاوترین کارە بۆ ئەوەی هەوا لە سەری بدات. گۆڵدنێکی وەك بەخششێك بۆ ژەمە



خواردنێکی گەرم، خستە دەستی فایتۆنچییەکەوە و بەرەلای کرد ـ ئەو چاوەڕوانییە هەمیشەییە لە سەرما و سۆڵەدا کارێکی ناخۆش بوو ـ و بە پیاسە لە شەقامە پڕ لە بەفرەکەدا بەرە و خوار ڕۆیشت.

ڕۆژی دووشەممە نیچە سەفەر دەکات بۆ باسیل، ئەمە ئاشکرا بوو. ئەم کارە بۆچی ئەو هەموو بایەخەی بۆ ئەو هەبوو؟ بروێر هەرچەندە بیری لەم بابەتە دەکردەوە، بە ئەنجامێك نەدەگەیشت. بەڵام دەیزانی کە نیچە گرنگییەکی زۆری بۆ ئەو هەیە و بەرامبەر بە ئەو هەست بە خۆشەویستییەکی نائاسایی دەکات. بۆچی؟ خۆ ئێمە لە هەموو شتەکاندا لێکجیاوازین. لە بنەچە و ڕەگەز، لە شێوازی ژیاندا. ئایا ئێرەیی بە ژیانی ئەو دەبەم؟ دەتوانرێ ئێرەیی بە چی شتێکی ئەم بوونەوەرە سارد و تاڵ و تەنیایە ببردرێت؟

بروێر لەناوخۆیدا ڕۆچووبوو. "سۆزی من بۆ نیچە لانی کەم خۆ پەیوەندییەکی بە هەستکردن بە گوناهەوە نییە. من وەك پزیشکێ ئەرکی خۆمم ئەنجامداوە و هۆیەك نابینمەوە بۆ سەرکۆنەکردنی خۆم، خانم بیکر و ماکس لەسەر حەقن، کام یەك لە هاوکارانی من ئەم هەموو زەحمەتە دەکێشن بۆ نەخۆشێکی وەها لەخۆبایی و شەڕانگێزی هوروژێنەر؟"

هەروەها خۆویست! نیچە چەندێ ئاشکرا و ـ زۆر ئاسایی ـ بە دەنگێکی لێبڕاوانە و بەبێ فیز گوتبووی، کە لە مێژووی زانکۆی باسیلدا باشترین ئوستاد بووە! بەڵام هەموو ئەمانە بروێری ناڕەحەت نەدەکرد. ئەی ئەگەر نیچە لەسەر حەق بێت، چییە؟ ئایا توانای ئەو لە قسەکردن و نووسیندا ناباو نەبوو؟ ئایا بیروڕای ئەو بەهێز و ڕۆشنگەرانە نەبوو؟

ئەگەر بە هەر هۆیەك بێت، ئیدی دەربارەی گرنگی نیچە، بروێر ململانێی لەگەڵ خۆیدا نەکرد. لە بەراوردکردنی بە خەیاڵکردنی ترسناك و تورەی بێرتا، ئاشقبوونی ئەو بە کەسایەتی نیچە تا ڕادەیەك ئارامی بەخش بوو. لەوەش زیاتر، بروێر لایوابوو کە بەرخوردکردنی ئەم پیاوەی کە مایەی تێگەیشتن نەبوو، دەتوانێت بۆ کەسایەتی ئەو بە ڕێگەیەك حاڵەتێکی ڕزگارکەری هەبێت.

بروێر درێژەی بە پیاسەکردنی خۆی دا. ئەو نیچە دووەمەی کە لە پشتی شتە دەرەکی و دیارەکانەوە خۆی شاردۆتەوە، ئێستا لە کوێیە؟ لە کاتێکدا کە بروێر لە نێو گفتوگۆی خۆبەخۆدا نوقم ببوو، لە ژێر لێوەوە گوتی: "بە چی شێوەیەك ئەو پیاوە بدۆزمەوە کە دەستی

له دهستی من خست و داوای یارمهتی کرد؟ دهشێ ڕێگایهك ههبێت! بهڵام ئهوی تر به توندی بڕیاری داوه که ڕۆژی دووشهممه له ڤییهنا بڕوات. چۆن دهتوانم پێشی لێبگرم؟ ئهبێ ڕێگایهك بدۆزمهوه!"

ئاخری خۆی بهدهستهوه دا. دهستی له هزرین ههڵگرت و خۆی دایه دهست جووڵهی پێیهکانی. به وزهوه بهرهو ماڵی گهرم و ڕۆشن، منداڵهکان و ماتیلدهیهك که خۆشی دهویست، بهڵام خوێنشیرین نهبوو لای، ههنگاوی ههڵێنا. ئیدی ههموو خهیاڵی ههر لهلای ههڵکێشانی ههوای سارد بوو، ئهوی به سییهکانی خۆی دهگرت و گهرمی دهکرد تاوهکو دواتر وهکو ههڵم بیکاته دهرهوه. گوێی له دهنگی با و ههنگاوهکانی و وردبوونی بهفری ژێر پێیهکانی دهگرت. له ناکاو ڕێگایهك دهرکهوت، تهنها ڕێگایهك که ههبوو!

ههنگاوهکانی خێرا کرد. له ناو بهفردا بهرهو ماڵهوه دهڕۆیشت و لهگهڵ ههر پێنگاڤێکیدا به خۆشی و شادییهکی ناوهکییهوه دهیگوت: "ڕێگایهك شارهزام! ڕێگایهك شارهزام!"



# (١٢)

نیچه بهیانی دووشهممه له عیادهکهی بروێر ئاماده بوو تاوهکو بهسهرهاتهکه تهواو بکات. دوای ئهوهی که له بارهی خزمهتی پزیشکییهوه به وردی له ڕهشنووسی حیسابهکهی بروێری کۆڵییهوه و دڵنیابوو که شتێکی نهپهڕاندووه، سهفته پارهیهکی دایه بروێر. بروێریش ڕاپۆرتی نهخۆشییهکهی دایه دهستی و پێشنیاری ئهوهی کرد که وا باشتره ههر لهوێدا بیخوێنێتهوه تاوهکو ئهگهر پرسیارێکی ههبێت بیکات. نیچه چاوێکی خێرای به ڕاپۆرتهکهدا خشاند و کیفی کاغهزدانهکهی کردهوه و ئهویشی خسته پاڵ ڕاپۆرتهکهی تری.

"یهك ڕاپۆرتی زۆر چاك، دکتۆر بروێر. کامڵه و مایهی تێگهیشتنه، به پێچهوانهی ڕاپۆرتهکانی ترهوه که نیشاندانی زانینی قووڵه و له ڕاستیشدا زمانی نهزانی و نهفامییه. پڕ نییه له زاراوهی پزیشکی. ئێستا بهرهو باسیل وهڕێ دهکهوم. له ڕادهبهدهر کاتی گرانبههای ئێوهم گرت."

نیچه دهمی کیفهکهی گرت و قوفڵی کرد. "خواحافیز، دکتۆر. له ههرمرۆڤێك قوولتر قهرزارباری ئێوهم. زۆربهی جار له کاتی خواحافیزیدا به جۆرێ خۆیان وا نیشان دهدهن که دهڵێی دیدارێکی تریش له ڕێدایه" دهڵێن: 'به نیازی دیدار.' پهلهیانه که دیدارێکی تر ساز بدهن و لهوهش زیاتر پهلهیانه که ههرچی زووتره ئهوه لهیاد بکهن. من ئهم کاره ناکهم. ڕێزم بۆ واقیعییهت ههیه و نایشارمهوه که لهوانهیه ههرگیز یهکتری نهبینینهوه. پێموانییه که ئیدی

بگەڕێمەوە بۆ ڤییەنا و گومانیشم هەیە لەوەی کە پێویستیتان بە نەخۆشێکی وەك من هەبێت و لە ئیتالیا بەدوامدا بگەڕێن." نیچە دەسکی کیفەکەی توند گرت و بە نیازبوو کە هەستێت.

بروێر بە دیقەتەوە خۆی بۆ ئەم ساتەوەختە ئامادەکردبوو. "پڕۆفیسۆر نیچە ساتێکی تر ئارامبگرن. بابەتێکی تر هەیە کە دەمەوێت بۆتانی باس بکەم."

نیچە جیدی تر بوو. بروێر وای بۆچوو کە بێگومان بیرئەکاتەوە لەوەی کە دیسانەوە دەمەوێ پێی بڵێم کە لە کلینیکی لاوزۆن بخەوێنرێت و ئەمەش دەبێتە مایەی مەترسی بۆی.

"نیگەران مەبن، پڕۆفیسۆر نیچە، شتێك کە ترستان لێی هەیە، هەڕەشە نییە لەسەرتان. هێمن بن، باسەکە شتێکی ترە. تائێستا ئەوەم شاردۆتەوە و هەنووکە پێتان دەڵێم."

بروێر بێدەنگی لێکرد و پاشان هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. "دەمەوێ پێشنیارێکتان بۆ بکەم، پێشنیارێکی نائاسایی کە ڕەنگە تا ئێستا هیچ دکتۆرێك بۆ نەخۆشی نەکردبێت. ئای، من درەنگم خستن" قسەکردن لەم بارەیەوە بۆ من گرفتە، گەرچی ئاسایی بۆ دۆزینەوەی وشە دۆش دانامێنم. وا باشترە بە ڕاشکاوی بیڵێم.

من پێشنیاری مامەڵەیەکتان بۆ دەکەم. ئێوە لە ماوەی چوار هەفتەی داهاتوودا من وەك پزیشکی جەستەیی خۆتان قەبووڵ بکەن. لەو ماوەیەدا من تەنیا بە نیشانە فیزیکییەکان و تیمارکردنی ئەوانەوە پەیوەست دەبم. لە بەرامبەردا، ئێوە وەك پزیشکی ڕۆح و دەروون لە خزمەتی مندا بن."

نیچە کە هێشتا کیفەکەی توند گرتبوو، وا دیاربوو کە سەرەتا گێژ ببوو. دوای ساتێك بەئاگا هاتەوە. "مەبەستتان لە ڕۆح و دەروون چییە؟ من چۆن چۆنی دەتوانم ببمە پزیشك؟ ئایا ئەمەش شێوەیەکی تر نییە لە بابەتەکانی هەفتەی ڕابردوو کە دەتانویست لەو چوارچێوەیەی کە من وانەی فەلسەفی بە ئێوە بڵێمەوە، و ئێوەش من چارەسەر بکەن؟"

"نەخێر، مەبەستی من شتێکی زۆر جیاوازە. بەدوای فێربوونەوە نیم، بەڵکەم دەرمانم دەوێت."

"دەتوانم بپرسم دەرمانی چی؟"



"پرسیارێکی پڕکێشەیە و لەگەڵ ئەمەشدا هەمیشە ئەوە لە نەخۆشەکانم دەپرسم. هەتا لە ئێوەشم پرسی. ئێستا سەرەی منە کە وەڵام بدەمەوە. دەمەوێ کە داوا بکەم لە نائومێدی ڕزگارم بکەن."

"نائومێدی، دکتۆر؟" نیچە، کە دەستی کە بە دەسکی کیفەکەیەوە بوو کەمێ شلی کرد و دانەوییەوە. "چ جۆرە نائومێدییەك؟ من هیچ جۆرە نائومێدییەك نابینم."

"نا، بە دژواری دەتوانرێ ئەوە لە مندا بەدیبکرێت. بە ڕواڵەت من ژیانێکی باشم هەیە، بەڵام لە دڵمدا نائومێدی فەرمانڕەوایی دەکات. ئێوە دەپرسن چ جۆرە نائومێدییەك؟ من ئەوە بەم شێوەیە دەردەبڕم: ڕۆحی من ئازاد نییە و بە منەوە پەیوەست نییە" خەیاڵی نائاشنا و ئازاربەخش دەستم بەسەردا دەگرێت. لە ئاکامدا هەستی نەفرەتکردن و ڕاڕایی سەبارەت بە ڕاستگۆیی خۆم، لە مندا بەئاگا دێتەوە. پەیوەستم بە هاوسەرم و منداڵەکانمەوە. بەڵام خۆشم ناوێن. لەوە خراپتر وا هەست دەکەم کە منیان بەند کردووە. ئەو بوێرییەم نییە کە ژیانم بگۆڕم، یاخود درێژەی پێبدەم. ئەسڵەن ئیتر نازانم بۆچی زیندووم و سوودی ئەم هەموو ئیشە چییە؟ بیرکردنەوە لە پیری شێتم دەکات. بەهۆی ئەوەی کە هەموو ڕۆژێك لە مردن نزیکتر دەبمەوە، لە قووڵایی دڵمەوە لێی دەترسم. لەگەڵ ئەمەشدا و بە هەمان توندییەوە بیریش لە خۆکوشتن دەکەمەوە."

بروێر ڕۆژی یەکشەممە قسەکردنەکەی لەبەر کردبوو. بەڵام قسەکانی ئەوڕۆی ـ سەرباری هەبوونی دەمامکێك، بە تەرزێکی باوەڕپێنەکراو ـ ڕاستگۆیانە بوو. بروێر درۆزنێکی باش نەبوو، خۆیشی ئەمەی دەزانی. لەبەر ئەوە بڕیاری دا کە جگە لەو درۆ گەورەیە ـ چونکە پێشنیارەکەی جۆرێك فریودان بوو، بە ئومێدی کێشکردنی نیچە ـ لە هەموو بابەتەکاندا بە ڕاستی بدوێ. لەبەر ئەوە لە کاتی ڕاهێناندا، بارودۆخی خۆی کەمێ زیادەڕەوانە وێنا کرد و بە ئاگاییەوە چەند خاڵێکی هەڵبژارد کە بە جۆرێك لەگەڵ مەبەستە نەگوتراوەکانی نیچە هاوبەش بوو.

وا دەردەکەوت کە نیچە بۆ یەکەمین جار ماتە و تاساوە. بە هێواشی سەری لەقاند، دیاربوو کە بە هیچ جۆرێ خۆشی لەم نەخشەیە نەدەهات. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوە گرفت بوو بۆی کە چەند بەڵگەیەکی بڕواپێکەر بێنێتەوە.

"نا، دکتۆر بروێر ناکرێت. من دەسەڵاتم بەسەر ئەم هونەرەدا ناشکێت. واتە بۆ کارگەلێکی هاوشێوەی ئەمە نەخوێندووە. بیر لە مەترسییەکانی بکەرەوە، ڕەنگە هەموو شتێك خەراپتر ببێت."

"بەڵام پرۆفیسۆر نیچە، ناتوانیت ئەم هونەرە لە هیچ زانکۆیەك فێر ببیت. چ کەسێ فێرکراوە؟ من دەبێ بچمە لای کێ ؟ لای پزیشکێ؟ لە بەشەکەی ئێمەدا وەها دەرمانێك بوونی نییە. بچمە لای شوانێکی ڕۆحی؟ ئایا ئەکرێ خۆم باوێژمە باوەشی قەڵەمڕەوی ئەفسانەیەکی ئاینزاوە؟ هەروەکو ئێوە، لە منیشدا مانای چۆکدادان ون بووە. بەڵام ئێوە وەك فەیلەسوفێك، لە لێکۆڵینەوەکانی خۆتاندا بە وەڵامی چەند پرسیارگەلێ گەیشتوون کە هاوسەنگی بە ژیانی من دەبەخشێت. ئەگەر بۆ لای ئێوە نەیەم، ئەی کەواتە بڕۆمە لای کێ ؟"

"ئێوە گومانتان لە خۆتان و هاوسەرێتی و منداڵەکانتان هەیە، داخوا من لەم بارەیەوە چی دەزانم؟"

بروێر نەیهێشت ئەو قسان بکات: "هیچ کەسێ بەقەدەر ئێوە لەمەڕ، نەمان، مەرگ، ئازادی، خۆکوژی و گەڕان لە دوی مانا نازانێ! ئایا ئەم پرسیارانە بە دوای وەڵامە فەلسەفییەکانی ئێوەوە نین؟ ئایا کتێبەکانی ئێوە جێگایەك نین بۆ لێکۆڵینەوەی نائومێدی؟"

"دکتۆر بروێر، من نائومێدی چارەسەر ناکەم، بەڵکو لێی دەکۆڵمەوە. نائومێدی بەهایەکە مرۆڤ لە پێناوی ناسینی خۆیدا دەیپەرژێتە سەری. هەرچەند قووڵتر لە ژیان بڕوانی، هێندە قووڵتر ئازار دەکێشی."

"پرۆفیسۆر نیچە من ئەمە زۆر باش دەزانم و چاوەڕێی ئازادبوونم نییە، لانی کەم مەبەستمە کەمتر بێتەوە. تکا لە ئێوە دەکەم کە ڕێنومایم بکەن. حەز دەکەم نیشانم بدەن کە چۆن دەتوانم بەرگەی ناهومێدی بگرم؟"

"بەڵام نازانم ئەبێ بەچ شێوەیەك ئەم کارەتان فێر بکەم! هەروەها ناتوانم ئامۆژگاری کەسیش بکەم، من بۆ مرڤایەتی دەنووسم."

"پرۆفیسۆر نیچە، ئێوە شێوازی زانستی دەخەنە ڕوو، کاتێ کە دەستەیەك، گوندێك، یا گەلەیەك تووشی نەخۆشییەك بووە، زانایەك لێکۆڵینەوەکانی خۆی بە جیاکردنەوەی کەسێك لە هەموو کۆمەڵ و توێژینەوەکانی خۆی لەسەر ئەو دەست پێدەکات، تاوەکو لە ڕێگای ئەوەوە



ئەنجامێکی بۆ هەمووی دەست بکەوێت. من دە ساڵ زەحمەتم کێشاوە تاوەکو بەشێکی زۆر بچووك لە گوێچکەی ناوەوەی کۆتر، بەش بەش بکەم، هەتا تێبگەم لەوەی کە بەچ جۆرێك هاوسەنگی خۆی دەپارێزێت! لێکۆڵینەوە لە هەموو کۆترەکان نەدەکرا“ ناچار بووم لەسەر تاك تاکی کۆترەکان تاقیکردنەوە بکەم. دوایی بۆم دەرکەوت کە دەکرێت ئەنجامەکان لەبارەی هەموو کۆترەکان، باڵندەکان و لە دوایشدا شیربەخشەکان و تەنانەت مرۆڤەکانیش فراوان بکەم. تەنیا بەم شێوازە دەشێ پێشبکەویت. ناتوانرێ تاقیکردنەوە لەسەر هەموو مرۆڤایەتی بکرێ."

بروێر بێدەنگی لێکرد و چاوەڕوانی وەڵامی نیچە بوو. کاردانەوەیەك لە ئارادا نەبوو. لایەنی بەرامبەری بە قووڵی لە خەیاڵدا ڕۆچووبوو.

بروێر درێژەی دایە: "ئەم دواییانە لەو لەوباوەڕەدا بوون کە تارمایی نێهلیزم لە ئەوروپا لە گەڕاندایە. گوتتان کە داروین خودای لە پەلوپۆ خستووە و بە هەمانشێوەش ئێمە کە خودامان ئەفراندووە دواتر کوشتمان. ئیتر نەمانتوانی بەبێ ئەفسانە ئاینزاکانی خۆمان بژین. هەڵبەت ئەمەتان بە ڕاشکاوی نەگوتووە ـ تکا دەکەم ئەگەر هەڵە دەکەم قسەکانم ڕاستکەنەوە ـ بەڵام تا ئەو ڕادەیەی کە من تێگەیشتووم ئێوە، ئەمە بە پەیامی خۆتان دەزانن کە نیشانی بدەن بێباوەڕی، کۆمەڵە یاسایەکی ڕەفتاری نوێ نیشانی مرۆڤ دەدات، ئاکارێکی نوێ و ئەپستیمێکی نوێ کە بتوانێت بێتە جێگرەوی خورافات و حەزکردن بە میتافیزیکا". پاشان چاوەڕێ بوو. نیچە بە جووڵەی سەری داوای لێکرد کە قسە بکات.

"کەواتە من دەتوانم بڵێم هەرچەندە کە زاراوەی تریشتان بەکارهێنابێت، پەیامی ئێوە ئەوەیەکە مرۆڤایەتی لە نێهلیزم و فریودان ڕزگار بکەن؟"

نیچە دیسانەوە سەری لەقاند.

"کەواتە من ڕزگار بکەن! ئەم تاقیکردنەوەیە لەسەر من ئەنجام بدەن! من بابەتی تاقیکردنەوەی ئایدیالیم. من خودام کوشتووە، بڕوام بە میتافیزیکا نییە و خەریکە لە نێو نێهلیزمدا نووقم دەبم. ئەسڵەن نازانم بۆچی زیندوومە و ئەبێت چۆن چۆنی بژیم!"

نیچە هێشتا وەڵامێکی نەدەدایەوە.

"ئەگەر ئێوە بەرنامەیەك بۆ هەموو مرۆڤایەتی ـ یا بۆ چەند هەڵبژێردراوێك ـ دەخەنە ڕوو، کەواتە من تاقی بکەنەوە، لەسەر من ڕاهێنان بکەن، لێی بکۆڵنەوە بزانن کامە بە سوودە و کامە بەسوود نییە. ئەم کارە دەتوانێ ببێتە هۆی قوڵتربوونەوەی بیروباوەڕی ئێوە."

نیچە پرسی: "یانی ئێوە وەك بوونەوەرێکی تاقیگەیی خۆتان دەخەنە ژێر لێکۆڵینەوەوە؟ کەواتە ئەبێت بەم شێوەیە قەردی خۆم بە ئێوە بدەمەوە؟"

"باکم لە مەترسییەکانی نییە، من بڕوام بەتوانای تیماری گفتوگۆکان هەیە، خواستی من ئەوەیە کە لەژێر چاودێری زیرەکانەی ئێوەدا لە چلۆنایەتی باری ژیانم ، بکۆڵمەوە، بێگومانم لەوەی کە ئەم کارە زۆر بە سوود دەبێت."

نیچە بەسەرسوڕمانەوە سەری بادا: "ئایا شێوازێکی تایبەتیتان لە خەیاڵدایە؟"

"تەنیا بەو شێوەیەی کە ئێوە بەناوی خوازراوەوە لە کلینیك بمێننەوە و من لەو شوێنەدا خەریکی تیمارکردنی میگرەنی ئێوەببم. لەسەردانەکانی ڕۆژانەمدا، سەرەتا بە میگرەنەوە خەریك دەبم و لە باری تەندروستی ئێوە دەکۆڵمەوە و دەرمانی پێویستتان بۆ دەنووسم، دواتر ئەرکەکانمان دەگۆڕین و ئێوە وەك پزیشکێك یاریدەی من دەدەن بەشێوەیەك کە بتوانم باس لە گرفتەکانی ژیانم بکەم، ئێوە تەنیا دەبێت گوێ لەمن بگرن و هەر شتێك کە بەبیرتاندا دێت یاداشتی بکەن. هەرئەوەندەو زیاتر نا. ئێستا لەوە زیاتر شتێك لەبارەی ئەمەوە نازانم، یانی نازانم کە بیڵێم، ئێمە دەبێت بەشێوەی ئەزموونیدا بەرەو پێش بچین و ڕێگا جیاوازەکان تاقی بکەینەوە."

نیچە بەشێوەیەکی لێبڕاوانە سەری ڕاوەشاند. "نا. ناکرێت دکتۆر بروێر، ڕاستتان دەوێت کە نەخشەی ئێوە گومڕاکەرە و لە هەمانکاتدا مەحکومە بە شکست. پیشەی من نووسینی وشەیە، نەوەك وتنی ئەوانە و پاشتر من بۆ ژمارەیەکی کەم دەنووسم نەوەك بۆ زۆرینە."

بروێر بە خێرایی دژایەتی کرد: "بەڵام کتێبەکانی ئێوە بۆ کەسانێکی تایبەت نەنووسراون، ئێوە بە توندی گاڵتە بەو کۆمەڵە فەیلەسوفانە دەکەن کە تەنیا بۆ هاوپیشەکانی خۆیان دەنووسن و کتێبەکانیشیان لە ژیانەوە نزیك نییە و فەلسەفەی خۆیان ناکەنە ژیان."

"بێ گومان من بۆ فەیلەسوفەکان نانووسم، بەڵام بۆ کەسانێکی کەم دەنووسم کە ئاینده بەوانەوە پەیوەستە، بۆمن لە چارەم نەنووسراوە کە بەناو خەڵکدا بڕۆم و لەنێوانی ئەواندا بژیم. ئامادەیی



من بۆ تێکەڵبوون و متمانەکردن بە خەڵکی، لەنیگەرانیم بۆ ئەوانی ترەوە دەمێکی زۆرە وشکی کردووە. ئەگەر بکرێ بگوترێت ئەوا لە ڕاستیدا ئامادەیی ئەم کارەم هەبووە. من هەمیشە تەنیا بوومە و هەمیشەیش بەتەنیا دەمێنمەوە. ئەمەش چارەنووسی منە و قەبووڵی دەکەم."

"بەڵام پرۆفیسۆر نیچە، ئێوە شتێکی لەمە زیاترتان دەوێت، کاتێك کە دەتانووت لەوانەیە کتێبەکانتان لە ساڵی ٢٠٠٠ دا خوێنەر پەیدا بکات، ڕوخسارێکی غەمگینتان هەبوو. ئێوە دەتانەوێ کتێبەکانتان بخوێنرێتەوە. دڵنیام لەوەی کە بەشێك لە بوونتان خوازیاری پەیوەندییە لەگەڵ ئەوانی تردا."

نیچە وەکو بەرد لەسەر کورسییەکەی خۆی دانیشتبوو.

بروێر درێژەی دایە: "ئەو حیکایەتەتان لەیادە کە بۆتان گێڕامەوە؟ سەبارەت بە هیگڵ و نوێنی مردنەکەی و ئەوەی کە لایوابوو قوتابییەك لە وتەکانی ئەو تێدەگات، کەچی دووچاری هەڵە تێگەیشتن بووە؟ درێژەتان دایە و وتتان کە لەوانەیە لەسەر نوێنی مردن ئێوە تەنانەت ئەم یەك کەسەشتان نەبێت؟ باشە بۆچی چاوەڕێی ساڵی ٢٠٠٠ بکەین؟ من لە خزمەتتاندام! ئێوە قوتابیەکتان هەیە! هەر ئێستا و لێرەشدا، دواتر ئەم قوتابییە زۆربە دیقەتەوە گوێتان لێ دەگرێت، چونکە ژیانی بەوەوە پەیوەستە کە لەئێوە تێبگات."

بروێر دەبوایە نەفەسی خۆی ڕاگرتبا. زۆر لە خۆڕازی بوو. لە ڕاهێنانی ئەسڵی کە ڕۆژی پێشترێ ئەنجامی دابوو، بەڕاستی پێشبینی هەموو بیانووەکانی نیچەی کردبوو و وەڵامینابوون. داوێکی هونەرمەندانەی نابۆوە، زۆر حەزی دەکرد کە ئەوە بۆ فرۆید باس بکات.

دەیزانی ئیتر ئەبێ کۆتایی پێ بهێنێت، چونکە گرنگترین شت ئەوە بوو کە ئەمڕۆ ڕێبگرێ لەوەی کە نیچە سواری شەمەندەفەری باسیل نەبێت، بۆیە نەیتوانی واز لە هێنانەوەی ئەم ئاخر بەڵگەیە بهێنێت. "سەرباری ئەوە دەمەوێت تەنیا ئەمەتان وەیاد بهێنمەوە کە لە دوایین دیدارماندا گوتتان، هیچ شتێك بەقەدەر ئەوە ئازارتان نادات کە قەرزاری کەسێك بن و توانای قەرەبووکردنەوەیتان نەبێت."

نیچە بەتوندی وەڵامی دایەوە: "یانی دەتانەوێ بڵێن، کە لەبەر خاتری من ئەمکارە دەکەن؟"

"هەرگیز نا. ڕەنگە ئەم کارە بە ڕێگایەك یاریدەی ئێوەش بدات، بەڵام ئامانجی من ئەوە نییە! ئەنگێزەی من بە تەواوی خۆپەرستانەیە، من پێویستم بە یارمەتی هەیە! ئایا ئێوە بە ڕادەیەکی پێویست بە هێزن کە یاریدەی من بدەن؟"

نیچە لەسەر کورسیەکەی هەستا.

بروێر هەناسەی ڕاگرت.

نیچە هەنگاوێکی بەرەو لای بروێر ناو دەستی بەرەو لای ئەودرێژ کرد و گوتی: "قەبووڵە."

یۆزیف بروێر و فرۆدریك نیچە بە دەستگوشینیان، پەیمانی سەرسوڕهێنەری خۆیان مۆرکرد.

*نامەی فرێدریك نیچە بۆ پیتەرگاست*

*٤ دیسەمبەری ١٨٨٢*

*دۆستی ئازیزی من!*

*سودێکی نییە من ناچارم دیسانەوە هەموو بەرنامەکانی سەفەری خۆم، دوابخەم. من یەك مانگی تەواو لە ڤییەنا دەمێنمەوە و دەبێ بە خەمێکی زۆرەوە ڕایبگەیەنم کە سەفەری ئێمە بۆ ڕاپالۆ هەڵئەوشێتەوە. هەر کەبەرنامەکانم دیاری بێت، داوتر بەوردی ئاگادارتان دەکەمەوە. زۆر بەسەرهاتی جیاواز ڕویاندا کە بەزۆری سەرنجڕاکێش بوون. لەم نزیکانە هێرشێکی کەمم هەبوو (کە ئەگەر دکتۆر بروێری ئێوە نەبایە، بێگومان دەگۆڕا بە یەك ئەشکەنجەی دوو هەفتەیی) هێشتاکەش لەوە نەخۆشترم کە بتوانم لەبارەی ڕووداوێکەوە کە قەوما، بەکورتی نەبێت باسی بکەم، لە داهاتوودا بە درێژی بۆتان باس دەکەم.*

*من لە دۆزینەوەی مرۆڤێکی بەنرخدا، واتا دکتۆر بروێر کە کەسێکی ڕاکێشەر و دەگمەنە، قەرداری ئێوەم؟ ئەو پزیشکێکی بەهەستی بیریار و زانا و چالاکە. پێت سەیرە، وانیە؟ ئەو ئامادەیی تەواوی خۆی ڕاگەیاند کە ڕاستگۆیانە هەر شتێك کە لەبارەی ناڕەحەتی منەوە دەیزانێت، بیڵێت، و سەیرتر لەوە ئەوەیە کە شتانێك بڵێت کە خۆشی نایزانێت!*



*پیاوێکە زۆر حەزی لە ڕیسك کردنە و واتێدەگەم زۆرحەزی لە ڕێگەی جەسورانەی من هەبێت. لەهەر حاڵەتێکدا ئەو بوێرییەی هەبوو کە پێشنیارێکی نائاسایی بۆ من بکات و منیش قەبووڵم کرد. ئەو مەبەستییەتی کە لەماوەی چوار هەفتەی داهاتوودا لە کلینیکی لاوزۆن بمخەوێنێت و خۆشی لەوێدا لە نەخۆشی من بکۆڵێتەوە و لەسەر خەرجی خۆیشی چارەسەرم بکات. (واتە دۆستی ئازیز، پێویست ناکات کە ئەم زستانە نیگەرانی باری دارایی من بن.)*

*دەپرسن ئەی دوایی چی بوو؟ من دەبێت لە بەرامبەردا چ کارێك بکەم ؟ منێك کە هەرگیز کەسێ ڕۆژانێ بەبیریدا نەدەهات لەوانەیە مرۆڤێکی"بەسود" بم، داواملێکراوە کە بۆ ماوەی چوار هەفتەی تەواو ببمە فەیلەسوفی تایبەتی دکتۆر بروێر و وەك ڕاوێژکاری فەلسەفی ژیانی ئەو خزمەت بکەم. ژیانی ئەو شەکەنجەیەکە، تەنانەت بیر لە خۆکوشتن دەکاتەوە و داوای لەمن کردووە کە ڕێنومایی بکەم بۆ ڕزگاربوون لەم بێشەی نائومێدییە.*

*دڵنیام کە بیر دەکەنەوە چی ڕۆژگارێکی تازەیە. ئەوە ئەم دۆستە بێچارەیەی ئێوەیە کە دەبێت هەوڵ بۆ خامۆشکردنی زەنگی هۆشمەندانەی مەترسی مەرگ لێبدات. هەمان کەسێك کە خۆتان بەمیهرەبانییەوە خوێندوتانە بەگوێیدا، هەمان کەسێ کە لەم دواییانەدا بۆی نووسین کە زۆر و کەم بیری تەقاندنی گوللەیەك بە مێشکیدا دێت!*

*دۆستی خۆشەویست، من بە مەرجی نهێنیپارێزی بێسنوری ئێوە، بڕیاری خۆمتان لەگەڵ دکتۆر بروێردا بۆباسدەکەم. ئەم هەواڵە نابێ بە گوێی هیچ کەسێك ڕابگات، تەنانەت ئۆڤەربێکیش. ئێوە تەنیا کەسێکن کە ئەم نهێنییەی پێ دەڵێم، من لەبەرامبەر ئەم دکتۆرە بە ئابڕووەدا ئەرکی سەرشانمە کە ئەمانەتپارێزی بکەم.*

*مامەڵەی سەرسوڕهێنەری ئێمە، لەسەر چەند مەرجێکی جیاواز وەستاوە. سەرەتا دکتۆر خۆی بە ناچار دەزانی کە وەك بەشێك لە چارەسەری پزیشکی خۆی ڕێنمومایی من بکات! کە ئەمەش فێڵێکی ڕوون و ئاشکرا بوو! ئەو وای نیشاندەدا کە تەنیا لەبیری ئەحواڵی مندایە و بەتەنها ئارەزوو و دەستهەقیشی ئەوەیە کە من ساغ و تەندروست ببینێت! بەڵام ئێمە بە ڕادەی پێویست ئەم کەشیشە پارێزکارانە دەناسین کە لاوازی خۆیان بەکەسانی ترەوە دەبەستنەوە و دواتر کۆمەك و یارمەتی خۆیان بەئەوان دەبەخشن تاوەکو خۆیان بەهێزتر بکەن. بەڵێ، ئێمە ئەمانە دەناسین!*

هەڵبەت ئەم حیلەیە بەخێرایی بۆ من ئاشکرا بوو و ڕاستگۆیانە قسەم کرد. سەرەتا سەرپێچی لە گوتنی ڕاستی دەکرد، ئارخەیانی دەکردم کە ئەنگێزەی پاکی هەیە، بەخشندەیی درۆینە و جۆرێ لە دۆستایەتی گاڵتینەی نیشان دەدا، بەڵام سەرەنجام ئەم کارەی ئەو مایەی ڕێزگرتنە کە ئەو توانایەی پەیداکرد کە هێز لەمن وەربگرێت.

نیچەی هاوڕێتان لە بۆرسەدایە! ئایا تەنیا بیرکردنەوە لەم مەسەلەیە پشتی ئێوە نالەرزێنێ؟ کتێبی مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە و دانایی شادانی من لە قەفەسێکی زیندانیدا ماڵی و کەوی بووە! بیری لێبکەرەوە کە ڕستە کورتەکانی من شێوەی خۆیان گۆڕیوە و بەشێوەیەکی هەڵبژاردەی بەرهەم بۆ سوود وەرگرتن لە خانە چاپ کراوە! منیش سەرەتا زۆر ترسام و دڵتەنگ بووم! بەڵام نەوەك بۆ ماوەیەکی درێژ. ئەم کارە بۆ من سەرنجڕاکێشە، کۆمەڵگایەك بۆ بیرەکانی من و دەفرێك کەسامانی من دەتوانێت لێوەی سەرڕێژبێت (بەگوتەی دکتۆر بروێر) شوێن و تاقیگەیەك بۆ ئەزمونکردنی هزرەکانم لەسەریەك نمونە، بۆ سوودمەندبوونی ئەو و لەپێناوی هەموو مرۆڤایەتیدایە.

لێرەدا وا دێتە بەرچاو کە ئەم دکتۆرەی ئێوە نمونەیەکی زۆر ڕاکێشەرە کە لە ڕووی توانای تێگەیشتن و حەزکردن بە بەرزبوونەوە، کێماسی نییە. بەڵی، ئەو شۆڕوشەوق و ڕۆحی ئەم کارەیشی هەیە. بەڵام ئایا چاو و دڵێکی بۆ بینین هەیە؟ دەیبینین!

ئەمڕۆ لە پشوودام و بەهێمنی لە بارەی وەدەستهێنانێکی پراکتیکی و بەسوود کەبوێری تازەی منە، بیردەکەمەوە. ڕەنگە لەوبارەیەوە هەڵەم کردبێ کە بەتەنیا خۆم بە دۆزەرەوەی حەقیقەت زانیوە. هەفتەکانی داهاتوو ئەوە نیشان دەدات کە ئایا مەعریفەت دەتوانێ لە پێناوی کەسێکی تردا بەسەر نائومێدیدا زاڵ بێت یان نا؟ هەروەها بە چی هۆیەك ئەو بۆ لای من دێت؟ دەڵێت گفتوگۆکانمان و چەند بەشێك لە کتێبی مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە دنەی ئەوی داوە بۆ ئەوەی حەزی لە فەلسەفەی من بێت. کێ چوزانێت، ڕەنگە وابزانێت ئەو فشارە زۆرەی کە ئازارە جۆراوجۆرەکان بۆ منی دێنن، بۆتە هۆی ئەوەی کە من لە بە زیندوییمان و ژێرخستندا، بوومەتە پسپۆر.

هەڵبەت ئەو ئاگای لە سەنگینی ڕاستەقینەی فشارەکانی من نییە. ئەو شەیتانە ڕوسە، ئەو مەیمونە بەمەمکە دەستکردەکانیەوە، دەست لە پیلان و تۆمەتەکانی خۆی هەڵناگرێت. ئەلێزابێس زانیاری



داومەتێ کە ئێستا لۆ بەبێ هیچ کۆت و بەندێك لەگەڵ ڕێدا دەژی. خوشکیشم هەموو هەوڵی خۆی خستۆتە کار تاوەکو بە هۆکاری بەدڕەوشتی بێگەڕینێتەوە بۆ وڵاتەکەی.

هەروەها بۆی نووسیوم کە لۆی دۆستم، ئۆپەراسیۆنی درۆزنانەی پڕ لە نەفرەتی خۆی بەو ئامانجە گواستۆتەوە بۆ باسیل بۆ ئەوەی کە خانەنشینم بکەن. لانەت لەو ڕۆژەی کە بۆ یەکەمین جار ئەوم لە ڕۆما بینی. چەند جار ئێوەم دڵنیاکردۆتەوە کە هەموو ئەم ڕێگرانە ـ تەنانەت تێکەڵ بوون لەگەڵ خراپەکارانیش ـ من بەهێزتر دەکات" بەڵام نازانم سەرکەوتوو دەبم لەوەی کە سەردەمێ ئەم زبڵدانە بگۆڕم بۆ زێڕ یان نا؟

دۆستی ئازیز لەوە کزترم کە بتوانم ئەم نامەیە پاکنووس بکەم، تکا دەکەم کە دوبارە بۆم بنێرنەوە.

سەمیمانە

ف. ن

# (١٣)

دوای نیوەڕۆی دووشەممە. لە ڕێگای کلینیك. بروێر لە فایتۆنەکەدا پێشنیاری مەسەلەیەکی مەحرەمانەی کرد و بڕوای وابوو کە ڕەنگە نیچە پێی باش بێت لە ژێر ناوێکی خوازراودا ـ یان ڕاستتر بڵێم. بەناوی ئێکهارد مۆلەرەوە ناوێك کە لە کاتی قسەکردن لەگەڵ فرۆیدا لە خۆیەوە هێنابووی ـ لە کلینیك بخەوێنرێت.

"ئێکهارد مۆلەر. ئێك ـ هارد مۆل ـ لەرر. ئێکهاررد مۆلەررر" نیچە بە جۆرێك ئەم ناوەی دەربڕی. دەتگوت خەریکی تاقیکردنەوەی ئاوازی خۆشی ئەو ناوەیە. "بۆچی نا؟ وەك هەر ناوێکی ترە. ئایا تایبەتیمەندییەکی خۆی هەیە؟" بەزیرەکییەوە پێشبینی دەکرد. "ڕەنگە ناوی نەخۆشێکی لاسار و سەرکێشی تر بووبێت؟"

"نەخێر. تەنیا یەك ڕێگاچارەیە بۆ بابەتێکی ئاڵۆز" بروێر شێوازی خۆی بۆ گۆڕینی ناوی نەخۆشان باسکرد. "ئەگەر پیتی یەکەمی ناو و ناوی خێزانی ئێوە لە پیتەکانی ئەلف بادا یەك ژمارە بۆ دواوە ببەین. ئەوا پیتەکانی **E.M***مان دەست دەکەوێت. ئێکهارد مۆلەریش لەسەرەتای **E.M**وە هات بە بیرمدا" نیچە بسکەیەکی کرد. "ئەگەر سەردەمێ پزیشکێکی مێژوونووس، کتێبێك لەبارەی پزیشکانی بەناوبانگی ڤییەناوە بنووسێت، سەری سوڕدەمێنێت لەوەی کە هاوکاری بەڕێز، یوزیف بروێر ئەمەندە ڕۆیشتووە بۆ دیداری کەسێك بەناوی ئێکهارد مۆلەر. یەك هاوسەردەمی نهێنیئامێز بە بێ ڕابردوو داهاتوو."

---

* لە ئەلف بای لاتینیدا E دەکەوێتە پێش F و Mیش دەکەوێتە پێشی N وە کە دوو پیتن لە دوای ناوی Friedrisch Nietzsche. و.فا



بروێر بۆ یەکەمین جار گاڵتەکردنی نیچەی بینی. دەستپێکێکی باش بوو. بروێر لە دڵەوە سوپاسی کرد: "هەروەها وای بە حاڵی بیۆگرافنوسانی بەدبەختی فەلسەفە کە بێهودە هەواڵدەدەن بزانن لە دیسەمبەری ساڵی ١٨٨٢ دا پرۆفیسۆر نیچە لە کوێ بووە!"

هەڵبەت بروێر دوای چەند دەقەیەك، لە پێشنیارەکەی خۆی پەشیمان بۆوە، کە لەسەر بنەمای سود وەرگرتن لەناوێکی خوازراو بوو.

بانگکردنی نیچە بەناوێکی ترەوە لەبەرامبەر فەرمانبەرانی کلینیکدا، بەخۆڕایی حاڵەتیکی ڕەمزیانەی دەدا بەم بەسەرهاتە کە هەر چۆن بێت یارییەکی چاوشارکێی پڕ لە مەترسی بوو. بۆچی ئیشی خۆی گرفتاویتر دەکرد؟ لە دواییدا نیچە لە پێناوی دەرمانکردنی نەخۆشییەکەیدا پێویستی بە وێنەیەکی ڕوونی بالینی هەبوو نەوەك پارێزگاری لەناوێکی نەناسراو. لەم ڕێکەوتنەدا بروێر ڕیسکێکی گەورەتری دەکرد، کەواتە لە ئاکامدا دەبوایە شاردنەوەی ئەم کارە بۆ ئەو لە نیچە گرنگتر بێت.

فایتۆن گەیشتە ناوچەی هەشت کە یۆزیف ناوی لێنابوو پەڕاکەندە و لە بەرامبەری دەرگای کلینیکی لاوزۆن وەستا. دەرگاوان هەرچەندە کە فایتۆنچییەکەشی ناسی، بەڵام کەموکورتی نەنواند لەوەی کە بە پارێزەوە چاوێك بەناو فایتۆنەکەدا بگێڕێت و بە پەلە ڕۆیشت تاوەکو دەرگا ئاسنینە گەورەکە بکاتەوە. دواتر فایتۆنەکە بە تەکان و ساتمەکردنەوە، سەدمەتر ڕێگای بەردەڕێژی تاوەکو دەرگای چوونە ژوورەوەی باڵەخانە سەرەکیەکە بڕی کە پایەی سپی هەبوو.

کلینیکی لاوزۆن باڵەخانەیەکی چوارنهۆمی سپی بە هەیبەت بوو، کە توانای لە خۆگرتنی چل نەخۆشی دەماری و دەروونیی هەبوو. بەر لە سێ سەد ساڵ بارۆن فرێدریك لاوزۆن ئەوەی وەك کۆشکی شارەکەی دروست کرد و دیوارێکی بەرزی بە دەوری کۆشکەکەدا کێشا. ئەم کۆشکە بە پارکی فراوان و درەختی میوەکانییەوە، هەروەها بە پشتێر و فایتۆنخانە و خانووی خزمەتکارەکانییەوە، لەناوچەی هاتنە ناوەوەی ڤییەنا دابوو. لەم شوێنەدا نەوە لە دوای نەوە لاوزۆنەکان هاتوونەتە دنیاوە و گەورەبوونە و بۆ ڕاوە بەرازی کێوی ڕۆیشتوون. دوای مردنی دوایین بارۆنی لاوزۆن بەهۆی گرانەتاوە لە ساڵی ١٨٥٨دا، ئەم موڵکە کەوتبووە دەستی بارۆن

وێرتهایم[1] که دوور له خزمەکانی بەشێوەیەکی هەژارانه له گوزەرانێکی خراپدا دەژیا و بەدەگمەن ئەو شوێنەی بەجێ دەهێشت.

لەو کاتەوەی که بەڕێوەبەرانی ئەو موڵکە میراتییە بۆ بارۆنیان ڕونکردبۆوە که تەنیا ڕێگای ڕزگاربوونی ئەو له ژێرباری فشاری ئەم موڵکە، ئەوەیە که بیکاتە مەوقوفەیەکی خێرخوازانە، بارۆن وێرتهایم بڕیاری دا که کۆشکەکەی وەك کلینیك بخاتە خزمەتی نەخۆشانی تازە چاك بۆوە و تەنیا مەرجی ئەو دەرمانکردنی خۆڕایی ئەندامانی خێزانەکەی بوو. خانەی خێرخوازی دامەزراو ڕاوێژکارانی خۆی دامەزراند. دامەزراندنی ڕاوێژکارانی نائاسایی بەو هۆیەوە بوو که زۆرێك له بنەماڵە کاسۆلیکییەکانی ڤیەنا و هەردوو خانەوادەی مرۆڤدۆستی جولەکە واتا گۆمپێرزەکان[2]و ئاڵتمانەکان له ناسراوەکانی ئەوبوون. ئەگەرچی کلینیك که له ساڵی ١٨٦٠دا کرابۆوە و زیاتر نەخۆشانێکی وەردەگرت که باری داراییان باش بوو، لێ شەش دانە لەو چل قەرەوێڵەیەی که هەیبوو، بۆخێرخوازی دابین دەکرا و له خزمەتی نەخۆشانی هەژاردا بوو.

بروێریش وەك ڕاوێژکاری بنەماڵەی ئاڵتمان یەکێك لەم قەرەوێڵانەی بۆ نیچە دەستەبەر کردبوو. بروێر له دەستەی ڕاوێژکاراندا مافی ڕادەربڕینی هەبوو. کاریگەری ئەو له کلینکی لاوزۆن، له ئەندامەکانی تر زیاتر بوو، چونکە ئەو پزیشکی خێزانی سەرۆکی کلینیك و چەند کەسێکی تر له ئەندامانی بەڕێوەبردنی ئەو شوێنە بوو.

کاتێ که بروێر و نەخۆشە تازەکەی چوونە ژوورەوە، بە میهرەبانی و ئەدەبێکی زۆرەوە پێشوازیان لێکرا. چاوپۆشی له هەموو جۆرە ڕێوڕەسمێکی وەرگرتن و ناساندنی نەخۆش کراو بەڕێوەبەر و سەرپەرشتیار، خۆیان ڕێنومایی پزیشك و نەخۆشەکەیان بۆ ژوورەکەی کرد. بروێر هۆدەی یەکەمی پەسەند نەکرد: "زۆر تاریکە. هێر مۆلەر بۆ خوێندنەوە و نامەنووسین پێویستی بە ڕووناکی زیاترە. وا باشترە که بزانین توانای پەیداکردنی هۆدەیەکی گونجاوتر هەیە؟"

هۆدەی دووەم بچووك بەڵام ڕۆشنتر و دڵگیرتر بوو. نیچە گوتی: "نایابە. ڕووناکی ئەم هۆدەیە زۆر زیاترە."

1- Wertheim
2- Gomperz



بەڵام بروێر ناڕازیبوو: "زۆر بچووکەو هەوا تێیدا هاتوچۆ ناکات. جگە لەمە چی هۆدەیەکی تر بەتاڵە؟"

نیچە ژووری سێیەمیشی پێ خۆش بوو: "بەڵێ. ئەمەیان زۆرنایابە."

دیسانەوە بروێر بیانوویەکی تری دۆزییەوە: "هاتوچوویەکی زۆری بە دەورایە. دەنگە دەنگی زۆرە. ئایا هۆدەیەکی تر نییە که له ژووری چاودێرییەوە دووربێت؟"

وەختێ که چوونە ژوورێکی ترەوە، ئەسڵەن نیچە چاوەڕێی داوەری بروێر نەبوو، بەڵکو خێرا کیفەکەی خستە کانتۆرەکەوە و پێڵاوەکانی داکەند و لەسەر چرپاکە ڕاکشا. دژایەتییەك نەبوو“ بروێر ئەو ژوورە ڕووناکانەی نهۆمی سێیەمی پێخۆشبوو که ئاگردانییان هەبوو و باڵکونەکانیان بەسەر باخچەکاندا دەیڕوانی. پزیشك و نەخۆش پێکەوە قاڵییەکی بەکارهاتووی گەورەی شینی کاڵیان بەجوانی ڕاخست که دەستکردی ئەسفەهان بوو و هێشتاکە نەگۆڕاو و له ڕادەبەدەر جوان بوو. دیاربوو که یادگارییەکی ڕۆژانی خۆشی لاوزۆنەکان بوو. کاتێك که بروێر داوای کرد مێزێکی نووسین و چرایەکی خوێندنەوەو ئەسکەملێکی ڕەحەت بێنن. نیچە بەڕاوەشاندنی سەری بەڵێی بۆکرد و سوپاسگوزار بوو.

تازە تەنیا مابوونەوە که نیچە وتی زۆر زوو لەنێو نوێنی هێرشی پێشوودا هەستاوەتەوە، هەست بە ماندووبوون دەکات و ژانە سەرەکەی خەریکە دەگەڕێتەوە. بە بێ پرتەو بۆڵە ئامادەیی نیشان دا که تا بیست و چوار کاتژمێری داهاتوو لەسەر جێگا بەسەر ببات. بروێر له ڕاڕەوەکەوە چوو بۆ ژووری پەرستاران تاوەکو دەستووراتی خۆی بدات و جۆری دەرمان و ڕێژەکانیشان دیاری بکات. بۆ ئازار کۆڵشیسین[3] و بۆ خەویش کلۆراڵی هیدراتی نووسی. نیچە لەسەر بەکارهێنانی ڕێژەیەکی زۆری دەرمانی دووەمیان ڕاهاتبوو، که واز لێ هێنانی چەند هەفتەیەکی دەخایاند.

کاتێ که بروێر جارێکی تر تەقەی له دەرگای ژوورەکەی نیچەدا تا خواحافیزی بکات، نیچە سەری لەسەر بالیفەکەی بەرزکردەوە و پەرداخێك که لەسەر مێزی تەنیشت چرپاکەیەوە هەڵیگرتبوو بەرەو لای دکتۆرەکەی ڕاگرت و گوتی: "کەواتە تا سبەینێ که سەرەتای

3-Colchicin

فەرمییانەی هەوڵدانی ئێمەیە، ماڵاوا! دوای ئیسراحەتێکی کورت هەوڵدەدەم کە لە بارەی ستراتیژیەتی ئەم ڕاوێژە فەلسەفیەوە بیرێك بکەمەوە. بەئومێدی دیدار دکتۆر بروێر".

ستراتیژی! بروێریش لە ڕێگای ماڵەوە لە فایتۆنەکەدا بیری لەوەکردەوە کاتی ئەوەهاتووە کە ئەویش بیرلە ستراتیژیەتێك بکاتەوە. وەها سەرگەرمی ڕاکێشانی نیچە بوو بۆ ناو داوەکەی کە تاوەکو ئێستا لەبارەی ڕامکردنی نێچیرەکەی خۆی کە ئێستا لەژووری ژمارە ١٣ی کلینکلی لاوزۆن خەوێنرابوو، هیچ بیرێکی نەکردبۆوە. لەگەڵ تەکان و جووڵەی فایتۆنەکەدا بروێر بیری خۆی تایبەتکرد بە دۆزینەوەی ستراتیژیەتێکەوە. عەجەب، جەنجاڵییەکەی باشببوو! دەبایە شێوازێکی تەواو تازەی بۆ دەرمانکردنی بدۆزیبایەتەوە. باشترین ڕێگا، باسکردنی گشت مەسەلەکە بوو لەگەڵ فرۆیدا. ئەو پێشوازی لە بابەتیگەلێکی وادەکرد. بروێر داوای لەفاتیۆنچییەکە کرد کە لای نەخۆشخانەکە ڕایبگرێت و فرۆید بدۆزێتەوە.

فرۆید لە نەخۆشخانەی گشتی ڤییەنا وەك فێرکار ئیشی دەکرد. لەپێناوی دانانی عیادەی داهاتووی خۆیدا لەهەوڵی کۆکردنەوەی ئەزمونگەلی نەخۆشییە بالینییەکاندا بوو. نەخۆشخانەی گشتی ڤییەنا وەك شارێك وابوو. دەرزەنێك باڵەخانەی شێوە چوارگۆشەیی بوو. کە هەریەکێکیان بەحەساری تایبەتی خۆی دەوردرابوون و بەشی تایبەتی خۆیان هەبوو، هەمووشیان لە ڕێگای هەزارلۆغانەیەکی ژێر زەمینییەوە پێکەوە دەبەسترانەوە. نەخۆشخانەکە دوو هەزار نەخۆشی دەگرت. دیوارێکی چوارمەتری ئەوی لە دنیای دەرەوە جیادەکردەوە.

فایتۆنچی کە لەو ڕێگا پێچاوپێچانەدا شارەزابوو، پەلەی کرد تاوەکو لە بەشەکەی خۆیدا فرۆید بدۆزێتەوە، بەڵام دوای چەند خولەکێ بەتەنیا گەڕایەوە.

"دکتۆر فرۆید لە نەخۆشخانە نییە. دکتۆر هاوزەر[٤] گوتی کە ئەو بەر لە سەعاتێك چووە بۆ کافێی هەمیشەیی خۆی."

ئەو کافێیەی کە فرۆید حەزی لێ بوو. کافێی لەندماند[٥] لەناوچەی فرانسینزرینگ[٦] بوو کە تەنها چەند شەقامێکی بەین بوو لەگەڵ نەخۆشخانەکەدا. بروێریش لە هەمانشوێندا هاوڕێکەی دۆزیەوە کە بە تەنیا دانیشتبوو. گۆڤارێکی ئەدەبی فەرەنسی دەخوێندەوە. دکتۆرەکان و

4- Hauser
5- Landtmann
6- Franzensring



فێرکارە پزیشکییەکان و قوتابیان زۆرترین موشتەرییەکانی کافێی لەندماندیان پێکدەهێنا. لەگەڵ ئەوەی کە بە ئەندازەی کافێکەی بروێر، واتە گرینشتایدڵ شکومەند نەبوو، کەچی ئابوونەی زیاتر لە هەشتا گۆڤار و ڕۆژنامەی هەبوو. ڕەنگە لە هەموو کافێکانی تری ڤییەنا زیاتر خوێنەری هەبوو.

"سیگمۆند، وازبێنن با بۆ خواردنی خۆراکێکی هەمیشەیی بچین بۆ دیمیل[٧]. لەبارەی پرۆفیسۆری میگەرەنییەوە هەواڵی تازەم پێیە."

فرۆیر خێرا ئامادەی ڕۆیشتن بوو. ئەو زۆر حەزی لە شیرینیە بەناوبانگەکانی ڤییەنا هەبوو، بەڵام تەنیا لە کاتێکدا کە داوەتیان دەکرد دەیتوانی بڕوات بۆ ئەو جێگایە. ئەوان دوای دە خولەك لە پشت مێزێکەوە لە گۆشەیەکی هێمنی کافێیەکەوە دانیشتبوون. بروێر داوای دوو شەربەت و کێکێکی چوکلاتەیی بۆ خۆی و تارتێکی لیمۆی بەکرێمی بۆ فرۆید کرد. ئەویش بە ئیشتیایەکی وەهاوە هەڵیلوشی کە بروێر داوای لە هاوڕێ گەنجەکەی خۆی کرد پارچەیەکی تر لەناو چەرخی زیوویی تایبەت بە شیرینی هەڵبژێرێت. کاتێ کە فرۆید شیرینی دانیمارکی بەچوکلاتەی خۆی بە شەربەتەوە خوارد، هەردوکیان بەخۆشییەوە پۆڕۆکانیان داگیرساند.

پاشتر بروێر هەموو لایەنەکانی ئەوڕووداوانەی باسکرد کە دوای ئاخرین گفتوگۆ لەنێوان ئەو هێر "مۆلەر"دا ڕوویدابوو. لەبارەی ڕێگری پرۆفیسۆر بۆ خولێکی دەروونشیکاری، هەست وسۆزی لە کاتی خواحافیزیدا و هێرشی شەوانەی میگرەنی و دیداری سەرنجڕاکێشی لەگەڵ ئەودا لەمیوانخانە و هەروەها بەکارهێنانی لە ڕابەدەری دەرمان و تەندروستی سەیری نەخۆش، ورتەورتی داواکردنی یارمەتی و لە کۆتایشدا بڕیاری نائاسایی ڕۆژی دواییان لە عیادەکەی بروێر، قسەی کرد. لەوەختی ئاخاوتنی بروێردا، فرۆید تەنانەت بۆ تەنیا جارێکیش ڕوانینی بە دیقەتی خۆی لە ئەو هەڵنەگرت.

بروێر ئەم ڕوانینەی دەناسی، ڕوانینی واق وڕماوانەی فرۆید نیشاندەری ئەوەبوو کە ئەو نەك بە تەنیا هەموو شتێکی بە وردەکارییەوە لە مێشکیدا ڕێکدەخست، بەڵکو ئەوەی کە دەیبیست ڕێك لە یادەوەرییدا نەخش دەبوو. دەیتوانی دوای شەش مانگ ڕێك ڕستەکانی ئەم گفتوگۆیە

7- Demel

وەکو خۆی بلێتەوە. بەڵام وەختێ کە بروێر قسەی لەبارەی دوایین پێشنیاری خۆیەوە کرد، لەناکاو شێوەی ڕوخساری فرۆید گۆڕا.

"ئێوەچیتان کردووە، یۆزیف؟ پێشنیارتان بۆ هێرمۆلەر کردووە کە میگرەنی ئەو چارەسەر بکەن و لەبەرامبەردا ئەویش بەناهومێدی ئێوەدا ڕابگات؟ ئەمە یانی چی؟ بێ گومان بەڕاستیتان نییە؟"

"سیگمۆند، باوەڕبکەن ئەمە تەنها ڕێگا بوو. هەر پێشنیارێکی ترم بکردایە ئێستاکێ ئەو لە ڕێگای باسیلدا بوو. لەیادتانە کە پێکەوە نەخشەیەکمان داڕێژا؟ نەخشەی ئارەزوومەندکردنی ئەو لەسەر ئەوەی کە زیاتر خۆی بۆ لێکۆڵینەوەی هەیەجانەکانی تەرخان بکات تاوەکو کەمیان بکاتەوە. لە ماوەی چەند دەقەیەکدا ئەم ستراتیژییە جوانەی لەناوبرد، چونکە بە شێوەی ناواقیعیانە فشارە ڕۆحییەکانی خۆی بە ئەرێنی دەبینێت. ئەو ستاشیکردنێکی لە پەسنی هەیەجان و فشارە ڕۆحییەکانی خۆیدا هۆنیەوە. لەو باوەڕەدایە کە ئەگەر شتێك ئەو لە لەناو نەبات، بێگومان بە هێزتری دەکات. هەرچەند زیاتر گوێم بە قسەکانی دەدا و بیرم لە نووسینەکانی دەکردەوە، زیاتر ئەم مەسەلەیەم بۆ ڕۆشن دەبۆوە کە ئەم پیاوە خۆی بە یەك 'پزیشك' دەزانێت. ئەمەش نەوەك بۆ چەند کەسێکی دیاریکراو، بەڵکو بۆ تەواوی مرۆڤایەتی."

"ئیتر ئێوەیش بە پێشنیاری دەرمانکردنی شارستانێتی ڕۆژئاوا، لە داوتان خست. یانی ئێوە دەتانەوێ نوێنەرێ بۆ ئەو هەڵبژێرن کە خودی خۆتان بن؟"

"زۆر ڕاستە. هەڵبەت لە کۆتاییدا ئەو منی خستە داوەوە! یا باشترە کە بڵێم ئەو پیاوێکی کورتەبنەی خستە داوەوە کە ئێوە دەڵێن لە هەموومان چالاك ترە. بەهۆی داخوازی یارمەتیدانێك کە دڵی پیاوی دەکردە ئاو: 'یارمەتیم بدە! یارمەتیم بدە!' تاڕادەیەك مەیلم پەیداکردووە کە لە بارەی نائاگایی سەربەخۆوە باوەڕ بە بیروڕای ئێوە بکەم."

فرۆید خەندەیەکی بەپۆزی کرد و بە چێژەوە مژێکی لە جگەرە چروتەکەی دا. "ئەی ئێستا کە ئەو لە داوی ئێوە دایە، بڕیار وایە چی ڕووبدات؟"



"سیگۆند، ئێمە لە سەرەتادا دەبێ لەبەرکارهێنانی زارگراوی چون "چەشە" و "داو" خۆبپارێزین. وێناکردنی ئەوەی کە ئێکهارد مۆلەر بکەوێتە داوی کەسێکەوە، وەپێکەنینم دەخات" وەکو ئەوەیە کە پیاو گۆریلایەکی پێنج سەد کیلۆیی بەتۆڕێکی پەپوولە گرتن، ڕاوبکات."

فرۆید دیسانەوە پێکەنی. "زۆر باشە. ئەگەر زۆر سادەیی بیلێم، ئێستا ئەوتان بردوە بۆ کلینیك و بڕیارتان داوە کە هەموو ڕۆژێك بچنە سەردانی، دەتانەوێت چی بکەن؟ بێ گومان ماوەیەکی زۆرە کە بە جدییەوە سەرگەرمی نەخشە ڕێژییەکە و لەسبەینێوە دەیەوێ وەفریای نائومێدی ئێوە بکەوێت."

"هەمانشتی گوت. ڕەنگیشە هەر لە ئێستاوە سەرگەرمی ئامادەکردنی خۆی بێت. کاتی ئەوە هاتووە کە منیش بەرنامەڕێژی بکەم و ئومێدم بە یارمەتی ئێوە هەیە. من هێشتا بیرم لە وردەکارییەکانی نەکردۆتەوە، بەڵام بە گشتی شێوازی کارکردنم لا ڕوونە. لەگەڵ ئەوەی ناچارم کرد قەبووڵی ئەوە بکات کە یارمەتیم بدات، بەڵام دەبێ بەهێمنییەوە ڕۆڵی خۆمی لەگەڵدا بگۆڕمەوە تا وەکو دووبارە ئەو نەخۆش بێت و منیش دکتۆر بم."

فرۆید گوتی: "منیش هەمان ڕام هەیە، دەبێ بە هەمان ڕێگا بەرەو پێشەوە بچن."

بروێر هەردەم سەری لەم دڵنیاییە هەمیشەییەی فرۆید سوڕدەما، بە تایبەتیش لە شوێنکاتێکی وادا کە هیچ جۆرە بڕیارێکی یەکجاری بوونی نەبوو.

فرۆید بەردەوام بوو: "هێر مۆلەر خۆی بە پزیشکێ دەزانێ کە بەنیازە نائومێدی ئێوە چاك بکاتەوە و ئێوەش دەبێ لەگەڵ ئەم چاوەڕوانییەدا بگونجێن. لێگەڕێن با هەنگاو بە هەنگاو تا کۆتایی بەرەوپێش بچن. سەرەتا بەر لەهەموو شتێك دەبێ باوەڕ بە ئەو بێنن کە لە ڕاستیدا نائومێدن. باشە ئاوەها مەسەلەکە دەست پێبکەن. دەتانەوێ چی پێبڵێن؟"

"ئەمە زۆر خەیاڵی من مژۆل ناکات، سیگمۆند. من بەدوای بابەتگەلێکەوەم کە مرۆڤ دەتوانێ گفتوگۆیان لەسەر بکات."

"بەڵام یۆزیف، ئێوە چۆنچۆنی دەتوانن کاریگەرییەك دابنێن کە لێتان قەبوولبکرێت؟"

بروێر بێدەنگ بوو. بیری دەکردەوە کە تاچی ئەندازەیەك ڕێگای ئەوەی هەیە کەناوی لۆ بێنێت؟ پاشتر گوتی: "کار لەوە ئاسانتر نابێت، سیگمۆند. من بە تەنیا دەبێ ئەو واقیعییەتە بڵێم کە هەیە!"

فرۆید بە حیرەتەوە سەیری بروێری کرد. "واقیعییەت؟ یۆزیف دەتانەوێ چی بڵێن؟ ئێوە و نائومێدی؟ بەڵام خۆ ئێوە هەموو شتێکتان هەیە. هەموو هاوکارەکانی ئێمە لەم شارەدا ئێرەییتان پێدەبەن. هەموو ئەوروپا بۆ ئێوە شێتبووە. هەموو قوتابییەکان بە ئامادەییەکی زۆرەوە ـ وەکو فرۆیدی گەنج کە ئایندەیەکی ڕۆشنی هەیە ـ چاویان لە دەمی ئێوەیە. ئەنجامە تاقیگەییەکانتان مایەی تێڕامانە، و هاوسەرەکەشتان دلڕفێنترین و میهرەبانترین ژنە لە پەڕانپەڕی قەڵەمڕەوی پادشایەتی نەمسادا. نائومێدی؟ بەڵام یۆزیف خۆ ئێوە لە لوتکەی ژیانی خۆتاندان!"

بروێر دەستی خستە سەردەستی فرۆید. "لوتکە! دەی مەسەلەکە هەر ئەمەیە، سیگمۆند. واتە ژیان لە لوتکە و دوندا! بەڵام بەداخەوە سەر لوتکە بە جۆرێکە کە دوای ئەوە ئیدی ڕێگە بەرەوخوار دەبێتەوە. لەسەر لوتکەوە ژیانم دەبینم کەلەبەرچاومدا ڕاخراوە و پانبۆتەوە" خۆشیم لەم دیمەنە نایەت. من ئیدی تەنها پیر بوون و کەمبوونەوە و ئەرکی باوك و باپیرەگەورەیی دەگێڕم."

چاوانی فرۆید لە حیرەتمانی توندا زەقببوون. "یۆزیف! چۆن دەتوانن شتێکی وەها بڵێن؟ من لە دەوروبەری ئێوەدا بە تەنها سەرکەوتن دەبینم نەوەکو کەوتن! کارێکی پڕ لە دڵنیایی دەبینم. ناوبانگی ئێوە هەمیشە لەگەڵ دوو دۆزینەوەی گرنگی فیسیۆلۆژیدا پێکەوە دێت!"

بروێر سەری وەرگێڕا. چۆن دەیتوانی باسی ئەوە بکات کە ژیانی لەسەر ئەم قومارە داناوە؟ تەنیا لە پێناوی ئەوەی کە لە کۆتاییدا ناچار بە قەبووڵی ئەم واقیعییەتە بێت کە بردنەوە سوودێکی بۆ ئەو نییە؟ نا. دەبایە ئەو نهێنییەی ئاشکرا نەکردایە. چەند مەسەلەیەك هەبوون کە واباشتربوو مێشکی گەنجەکانی پێوە سەرقاڵ نەکرێت.

"من دەمەوێ بەم شێوەیە ئەوە دەرببڕم، سیگمۆند. پیاو لە چل ساڵیدا بە جۆرێك ژیان دەبینێت کە لە بیست و پێنج ساڵیدا هەرگیز وێنای ئەوە ناکات."

"بیست و شەش ساڵ. نزیکەی بیست و حەوت ساڵ."



بروێر بزەیەکی کرد: "ببوورن دۆستی ئازیز، مەبەستی دەرس دادانی ئێوەم نەبوو. بۆ نمونە نەگونجانەکانی هاوسەرێتی، قەیرانێ کە نەمدەویست لای ئێوە باسیکەم، نەبادا ئێوە ناچاربن کە کێشەکە لە ماتیلدە بشارنەوە و هەمان بابەتیش بێتە هۆی تێکچوونی پەیوەندی دۆستانە و پاکی نێوانتان. دڵنیاتان دەکەمەوە کە بابەتگەلی زۆر زۆر بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ هێرمۆلەردا هەیە و ئەگەر من تەنیا ئەوە بڵێم کە واقیعییەتی هەیە، ئەوا کاریگەرییەکی پەسەنمەند بەجێ دەهێڵم. نا، لەڕاستیدا قۆناغی دووەم زیاتر مێشکی منی بە خۆیەوە مژۆڵ کردووە !"

"مەبەستتان ئەوەیە کە ئەگەر بەڕاستی یارمەتی لە ئێوە بوێت و ئەو پرسیارە بکات کە ئایا دەتوانن لە باری خەمی ئەو کەم بکەنەوە، چی شتێك ڕوودەدات؟"

بروێر سەری ڕاوەشاند.

"یۆزیف. وایدانێین کە بتوانن ئەم قۆناغە بە تەواوی بە قازانجی خۆتان بەرنامەڕێژی بکەن. لەو حاڵەتەدا چی دەکەن؟ مرۆڤ دەتوانێت چ شتێك بە کەسێکی تر بدات؟"

"نایابە! ئێوە بزوێنەری هزری زۆرباش بە من دەبەخشن. لەم کارەدا یەك ئوستادی واقیعین، سیگمۆند!" بروێر بۆ چەند دەقەیەك بیری کردەوە. "لەگەڵ ئەمەشدا سەروکاری من لەگەڵ پیاوێکدایە نەوەك لەگەڵ کەسێکی هیستریدا، خۆزگە ئەو وەکو بێرتا بوایە."

"سەبارەت بە بەتاڵکردنەوەی گرێ و گۆڵی دڵ؟"

"بەڵێ. دڵنیام کە ئەگەر متمانەم پێبکات، قسە کردن ئەو چاك دەکاتەوە، بیر لە کاسۆلیکەکان بکەرەوە، سەدان ساڵەکە کەشیشانی کاسۆلیك، گوێ لە دانپیانانەکانی خەڵکی دەگرن."

فرۆید گوتی: "کێ چوزانێ کە ئاسوودەبوون پەیوەندی بە سووککردنی خودەوە هەیە یان بڕوا بوونە بە بەخشینی خودایی؟"

"من نەخۆشانی کاسۆلیکیم دیووە کە دانپیادانان باری ئەوانی سووك کردووە. ساڵانی پیشوو بۆ منیش، سەردەمێکی ژیان بوو کە دەردەدڵکردن لەگەڵ هاوڕێیەکدا یارمەتی دەدام. ئەی بۆ ئێوە چۆنە سیگمۆند؟ ئایا ئەو هەستی ئازادبوونە دەناسن کە دانپیانان دروستی دەکات؟ هیچ کاتێ بڕوای تەواوتان بەکەسێك هەبووە؟"

"ئاشکرایە، بەهاوسەرم. من هەموو ڕۆژێ نامە بۆ مارتا دەنووسم."

برۆیر زەردەخەنەیەکی کرد و دەستی خستە سەرشانی فرۆید. "نا، نا، سیگمۆند! زۆر باش دەزانن کە چەند شتێك هەیە و نابێ هەرگیز لەگەڵ مارتادا بیهێننە ئاراوە."

"نا یۆزیف، وانییە. من هەموو شتێکی پێ دەڵێم. بۆ شتێکیش هەیە کە نابێ لای ئەو باسیبکەم؟"

"کاتێ کە پیاو ژنێکی خۆش دەوێت، حەزدەکات هەمیشە باشترین لایەنەکانی کەسایەتی خۆی نیشانی ئەو بدات، لەبەر ئەوە لەوانەیە هەندێ شت بشارێتەوە کە مایە زیان بن. بۆ نمونە لەبارەی سێکسەوە."

خوێن زایە ڕوخساری فرۆیدەوە. برۆیر تا ئێستا لەبارەی پرسگەلێکی وەهاوە نەدوا بوو. ڕەنگە لەبەرئەوە بووبێ کە هەرگیز لەگەڵ فرۆیدا گفتوگۆیەکی وەهای نەبوو. "بەڵام هەستە ئاشقانەکانی من تەنیا تایبەتن بە مارتا، ژنانی تر ڕامناکێشن"

"هەڵبەت بەرلەوەی کە مارتا بناسن."

"بەر لە مارتا هەرگیز شتێکی وا بوونی نییە. ئەو تەنیا ژنێکە کە تا ئێستا بە تاسەیەوە بوومە."

ئێستا باش گوێ بگرن سیگمۆند، ئەبێت کەسانێکی دی هەبن، هەر قوتابییەکی پزیشکی دەزگیرانێکی شیرینی هەیە، خۆ دەزانن کە شنیتسلەری گەنج هەموو هەفتەیەك دەزگیرانەکەی دەگۆڕێت."

"ئەمانە ڕێك هەمان ئەو لایەنانەی ژیانن کە دەمەوێ لەبەرامبەریاندا مارتا بپارێزم. شنیتسلەر هەوسارەکەی پچڕاوە و هەموو کەسێکیش ئەمە دەزانێت. من حەزم لەم کاتبەفیڕۆدانانە نییە و هەڵبەتە بۆ ئەم کارە پارەیەکیشم لە بەر دەستم نیە. دواتر من بۆ کڕینی کتێب پێویستیم بە گوڵدنێکیش هەیە."

برۆیر بیری کردووە کە وا باشترە واز لەم باسە بهێنێت. دەیزانی کە ڕادەو سنوری ئەو بابەتانەی کە دەیتوانی لەگەڵ فرۆیدا باسیان بکات، تاکوێیە.



"خەریکە لە باسەکە دوور دەکەومەوە، سیگمۆند. وازبێنە بگەڕێینەوە سەر باسەکەی پێشومان. ئێوە هەر ئێستا لێتان پرسیم کە حەزدەکەم شێوازی کارم چۆن بێت؟ گوتم هیوادارم کە هێرمۆلەر لە بارەی نا ئومێدییەکەیەوە قسەبکات. ئومێدەوارم کە بە گوێگری دانپیانانەکانی خۆیم بزانێت. ڕەنگە بە تەنها هەر ئەم کارە شیفابەخشی ئەوبێت و بیگەڕێنێتەوە بۆ باوەشی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی. لەبەر ئەوە تاوەکو ئێستا لە ژیانمدا من بە بوونەوەرێکی تەنیای وەك ئەو ڕووبەڕوو نەبوومەتەوە. بڕوا ناکەم تا ئێستا دەردەڵی بۆ کەسێك کردبێت."

"ئەی ناڵێت کە کەسانی دی خیانەتیان لەو کردووە! کەواتە لانی کەم دەبێت متمانەی بەو کەسانە کردبێ و دەردەڵی لا کردبن، جگە لەمە کەواتە خیانەتێ لە ئارادا نەبووە."

"بەڵێ، ڕاست دەکەن. مەسەلەی خیانەت زۆر ئاڵۆزە، نابێت ئەو برەنجێنم یا بە جۆرێك ڕەفتاری لەگەڵدا بکەم کە بتوانێت بە خیانەت لێکیبداتەوە."

برۆیر بیرێکی کردەوەو دواتر زیادی کرد: "دەزانن، من لەگەڵ نەخۆشەکانمدا هەمیشە هەمان کار دەکەم. کەواتە بۆچی دەبێت لەکاری مۆلەردا ڕێگرێك هەبێت؟ گەرچی ئەم ڕۆڵبینینە فشارم بۆ دێنێت. لەوانەیە ئەو ئەم کارە بە خیانەت بزانێت، بەڵام ئێستا ئیتر ڕێگایەك نییە بۆ گەڕانەوە. لە ڕاستیدا حەزم دەکرد بمتیوانییبایە ڕاشکاوانە و ڕاستگۆیانە قسەی لەگەڵدا بکەم“ لەبارەی دیداری خاتوو سالۆمێ و پیلانی دۆستانی لە پێناوی ڕاکێشانی ئەو بۆ ڤییەنا بدوێم و باسی هەموو ساختەکارییەکان و گۆڕانی ڕۆڵێ پزیشك و نەخۆش بکەم."

فرۆید لێبڕاوانە سەری ڕاوەشاند. "بە هیچ جۆرێ نابێ ئەم کارە بکەم! ئەم سوککردنی باری ویژدانە لەوانەیە بۆ ئێوە باش بێت، بەڵام بۆ ئەو باش نییە، دەڵێم ئەگەر بەڕاستی مەبەستتانە یارمەتی نەخۆشەکەتان بدەن دەبێت بەم درۆیەوە داسەکنێن."

برۆیر سەری ڕاوەشاند. فرۆید ڕاستی دەکرد. "چاکە لێگەڕێن با ئەمانە کۆکەینەوە بزانین تا ئێستا چیمان گوتووە؟"

فرۆید بە کەفوکوڵەوە چووە ناو باسەکەوە. ئەم جۆرە ڕاهێنانە ڕۆحییانە بە تەواوی لەگەڵ سروشت و ئارەزوویدا دەگونجان. "ئێمە چەند هەنگاوێکی جیاوازمان لە پێشە، یەکەم ئەوەیە کە بەوتنی قسەی دڵتان ئەو ڕابکێشن. دووەم، دەبێت ئەرکەکانتان بگۆڕنەوە و سێیەمیش،

دەبێ ئەو بخەنە سەر ئەو ئارەزووەی کە باوەڕ بە ئێوە بکات. ئێستا بنەمایەکی گشتیمان دانا. ڕێگای ئەوەتان پێنادرێ کە متمانەی ئەو بڕوشێنن، لەبەر ئەوە دەبێ لە هەموو ئەو کارانەی کە بۆی خیانەتیان لێدێت، خۆبپارێزن. ئەی هەنگاوی دوایی چییە؟ گریمان ئەو نائومێدی خۆی ئاشکرا بکات، دواتر چی ڕوودەدات؟"

بروێر وەڵامی دایەوە: "ڕەنگە هەرگیز پێویستی بە هەنگاوی دواتر نەبێت، لەوانەیە ئەم گفتوگۆیە پێشکەوتن و گۆڕانێکی دیاریکەری وەها لە پەیوەندییەکانی ئەودا دروست بکات کە بۆ تەنهاییەکەی بەس بێت."

"یۆزیف، دانپیانانی تەنهایی ناتوانێت هێزێکی وەها بگۆڕی هەبێت. ئەگەر وەهابوایە، هیچ کاسۆلیکێك دووچاری تێکچوونی هەستەکان نەدەبوو!"

بروێر سەعاتەکەی دەرهێنا. "بەڵێ، ڕاستە. بیردەکەمەوە کە ئێمە لەئێستادا ناتوانین لەمە زیاتر بەرنامەڕێژی بکەین." و ئاماژەیەکی بۆ گارسۆن کرد.

"یۆزیف، ئەم گفتوگۆیە منی زۆر دڵشاد کرد، سەربەرزم کە ئێوە ڕاوێژ بەمن دەکەن و ڕاسپێرییەکانی من بەجیدی وەردەگرن."

"سیمگۆند، ئێوە بۆ ئەم کارە توانایەکی تایبەتیتان هەیە، ئێمە دووانی باشین، گەرچی شێوازی نوێمان زۆرباش پێشوازی لێ نەکراوە، داخۆ چەند جار نەخۆشانێك بە خواستی ڕاوێژێکی بێزانسییەوە سەردانمان دەکەن؟ زیاتر وادەکەوێتە بەرچاوم کە ئێمە ڕەنگرێژیی دەسکیسەیەکمان کردووە تاوەکو خوولێکی چارەسەری پزیشکی. دەزانن حەزم لێیە کێ نەخۆش بێت؟ ئەو مۆلەرەی تر کە داوای یارمەتی دەکرد."

"مەبەستان لە نائاگایی ئەو ئاگاییەیە کە لەنەخۆشەکەتاندا شاردراوەتەوە؟"

"بەڵێ." بروێر جەختی کردەوە و بە بێ ئەوەی کە تەماشای ڕەشنوسی حسابەکە بکات، لەگەڵ ئەوەی کە هەرگیز ئەم کارەی ئەنجام نەدەدا ئەسکەناسێکی دا بە گارسۆنەکە. "بەڵێ، کارکردن لەگەڵ ئەودا ئاسانترە، بەڵام سیگمۆند، ئایا دەشێ کە بەم کارە مەبەستی لە تیمارکردن بێت؟ واتە ئاگایی پەنادراو ئازادبکەین تاوەکو پێویست نەکات کە ئەو لە پێناوی داوای یارمەتیدا ترسی لە ڕووناکی هەبێت؟"



"ئەمە زۆر باشە یۆزیف، هەڵبەت ئەگەر 'ئازادکردن' زاراوەیەکی گونجاوبێت، ئاخر' ئەو مۆلەرەی تر' بوونێکی پارچە پارچە بووی نییە و بەشێکە لە ئاگایی مۆلەری خۆمان. ئایا مەسەلەکە قەبوولکردنێکی حەتمییانەی ئەم 'من' نییە؟"

وادەبینرا کە فرۆید کەوتبێتە ژێر کاریگەری ئەم ئایدیایەوە، بەهێواشی مشتێکی بە مێزەکەدا کێشا و دوبارەی کردەوە: "قەبوولکردنی 'من'!"

"باشە، بەڵێ!" بروێر گەشکەی کردبوو. "چی باوەڕێکی سەرنجڕاکێش و گرنگە!" چەند پارەیەکی مسی لە سەرمێزەکە دانا. لەگەڵ فرۆیدا چووە دەرەوە و بەرەو گۆڕەپانی میشێل ڕۆیشت.

"ئەگەر نەخۆشەکەی من بیتوانیایە ئەو بەشەی تر لە 'من'ی خۆیدا قەبوولّ بکات، ئەوا زۆر لە پێش دەبووین. تەنانەت ئەگەر بیتوانیایە دڵدانەوەی مرۆڤەکانی تریش قەبووڵبکات هەرباش دەبوو!"

ئەوان لە کۆهل مارکتەوە[8] بەرەو خوار ڕۆیشتن و لە قەرەباڵخیدا لێك جودابونەوە.

فرۆید بەرەو نەخۆشخانە ڕێگای ناگلیرگاسە[9]ی گرتەبەر و بروێریش لە ڕێگای گۆڕەپانی ئشتیپانەوە بەرەو شەقامی بەیکیر کەوتەڕێ. خانووی ژمارە حەوت بەشێوەیەکی لار دەکەوتە پشت تاوەرە سەرلە هەورکێشە ڕۆمییەکانی کڵێسای ئشتیپانەوە، دوای گفتوگۆ لەگەڵ سیگمۆند، لەبارەی دیداری ڕۆژی دواتری لەگەڵ نیچەدا، هەستی بەدڵگەرمی و ئومێدەواری دەکرد. بەڵام ئەگەر هەموو ئامادەکارییە وردەکانیان هیچ دەرچووایە و لەناو بچوایە چی دەبوو؟ ئەگەر ستراتیژیەتی نیچە، نەوەك شێوازی ئەو، ببوایەتە هۆی دیاریکردنی دیدارەکانیان چ شتێ ڕووی دەدا؟

8- Kohlmarkt
9- Naglergasse

# (١٤)

نیچە بەڕاستی ئامادەبوو. ڕۆژی دواتر هێشتا بروێر لێڕوانینی تەواو نەکردبوو کەئەو ڕابەرێتی وەئەستۆ گرت.

"بەهەمان شێوەی کە دەبینن، من بەچاکی ئامادەبوومە. یەکێ لە برینپێچەکان، بەناوی هێر کافمن بە میهرەبانیەوە ئەمەی بۆ ئامادەکردم." نیچە دەفتەرێکی گەورەی یاداشتی نیشاندا.

لەسەر چرپاکەی هەستا. "جگە لەوە داواشم کرد کە کورسییەکی ترم بدەنێ. واباشتر نیە کە لەولا دانیشین و دەست بەکارەکەمان بکەین؟"

بروێر ئامادەیی قەبوولکردنی هێزێکی نەبوو لەگەڵ ئەو نەخۆشەیدا، کە ڕابەری گفتوگۆکەی لە دەست دەگرت. بەڵام تەسلیمی داواکەی بوو و لە کن نیچە دانیشت. هەردوو کورسی بەرەو ئاگردانەکە دانرابوون کە ئاگرێکی تێدا دەگڕا. بروێر دوای ئەوەی کە دەقەیەك لە تەنیشت بڵێسەی زەردی ئاگرەکەوە خۆی گەرمکردەوە، کورسیەکەی خۆی بەجۆرێك سوڕاند کە ڕووبەڕووی نیچەی داناو داوای لەویش کرد کە هەمان کار بکات.

نیچە دەستی پێکرد. "پێم وایە وا باشتر بێت کە سەرەتا کاتەگۆرییە سەرەکیەکانی ئەم شیکردنەوەیە دەستنیشان بکەین. ڕێگام بەخۆمدا ئەو بابەتانە یاداشتبکەم کە دوێنێ لەکاتی یارمەتی ویستندا، ناوتان هێنان."



دەفتەرەکەی کردەوەو لاپەڕەکانی هەڵدایەوە، ئەو خاڵانەی خوێندەوە کە هەریەکەیانی لە لاپەڕەیەکدا نووسیبوو: "یەکەم: نائومێدی. دووەم: باڵادەستبوونی هزرەی نامۆکان. سێیەم: بەکەمدانانی خود. چوارەم: ترسان لە پیری. پێنجەم: ترس لە مردن. شەشەم: بیرو ئەنگێزەی خۆکوژی. ئایا ئەم پێڕستە تەواوە؟"

بروێر سەری لە دەنگی فەرمییانەی نیچە سوڕمابوو، بەهۆی ئەوەی کە تایبەتی ترین نیگەرانی و مەبەستەکانی بە شێوەی نووسین و بەهۆشیارییەکی تەواوەوە دەژمارد، خۆشی لێنەهات. لەگەڵ ئەوەشدا خۆی وانیشاندا کە هاوڕایە لەگەڵیدا. "بەڵێ، تەواوە. سەرباری ئەمانە پەیوەندییەکانی من و هاوسەرەکەم ئازارم دەدات" هەستێکی وەها کەناتوانم دەربیبڕم، لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا، لە ژیانێکدا دیل بوومە کە من ئەوم هەڵنەبژاردووە."

"ئایا لە دیدی ئێوەوە ئەمە گرفتێکە یان دوو گرفت؟"

"لە پەیوەستی بە پێناسەی ئێوەوە، دەستەبەندی و ڕەهەندی خۆی هەیە."

"بەڵێ، ئەمە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی گرفت. هەڵبەت ئەم واقیعیەتەیش کە هەموو بابەتەکان بە دەستەبەندییەکی پێناسەکراوەوە پەیوەست نین، گرفتێکی گەورەیە. هەندێ لەوانە، دەشێ دواهات یاخود هۆ و هۆکاری گرفتی تربن." نیچە لاپەڕەی دەفتەرەکەی هەڵدایەوە. بۆ نمونە: ڕەنگە 'هەستی نائومێدی' لەئەنجامی 'هزرە نامۆکان'ەوە بێت، 'ئەنگێرەی خۆکوژی' دەکرێ دواهات یاخود هۆکاری ترس بێت لە مەرگ."

بروێر شڵەژاوتر تر بوو، هەرگیز و بەهیچ جۆرێ خۆشی لەو ئاڕاستەیە نەدەهات کە گفتوگۆ کە بە خۆیەوە دەگرت.

"لە ڕاستیدا چی پێویستیەکمان بەم پێڕستە هەیە؟ بە چەند هۆیەك وێناکردنی پێڕستێکی وا بۆ من شتێکی ناباوە." نیچە ڕەنجاوانە تەماشای کرد. وادیار بو کە بەرخوردەکەی زۆر سەرکەوتوانە نەبووە. بچوکترین بۆڵە بۆڵێکی بروێر بەس بوو بۆ ئەوەی کە ڕەفتاری نیچە بگۆڕێت، لەکاتێکدا کە لەناکاو سینگفراوان ببوو، گوتی: "بیرم کردەوە کە دەستەبەندی گرفتەکان هاوکارییەکی گەورەمان دەکات. بەڵام دڵنیانیم لەوەی کە وا باشتربێت بە فشارە ئەسڵیەکان دەست پێبکەین ـ بۆ نمونە وای دابنێین کە ئەم سترێسە، ترس بێت لە مردن ـ یاخود

ئەو سترێسانەی کە لەئەوانی تر کەم بەهاتربێت ـ بۆ نمونە شالآوی هزرە نامۆکان، یا باشترە گرنگترین نیشانە بالینیەکان و لە ڕاستیشدا ترسناکترین گرفت واتا ئارەزووی خۆکوژی لەبەرچاوبگرین، یاخود لە بێزارکەرترین کێشەوە دەستپێبکەین، ئەوەی کە ژیانی ڕۆژانە دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە، واتە نەفرەتکردن لەخۆ." حالی بروێر خراپتر بوو.

"من بە گشتی بەدگومانم لە گونجانی ئەم شێوازە."

نیچە پەرچی داوە: "نمونەی من لەم کارەدا تەنیا شێوازێك بوو کە خودی ئێوە لە پزیشکیدا بەکارتان دەبرد، ئەگەر دروست لە یادما بێت، داواتان لە من کرد کە بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕیزبەندی سەرەتا باسی حاڵەتە تەندروستییەکانی خۆم بکەم، دواتر پێڕستێکتان لە ناساغییەکانی من ئامادەکرد و بەشێوەیەکی ئوسولی ـ وەك ئەوەی کە لەیادمە، تەواو ڕێك و پێك ـ و بەڕیز لێتان کۆڵینەوە. وانیە؟)

"بەڵێ، ڕاستە، لە ڕاستیدا من لە چاونێڕییەکانمدا بەم شێوەیە بەرەوپێش دەچم."

"کەواتە بۆچی ئێستا دژایەتی ئەم شێوازەی من دەکەن، دکتۆر بروێر؟ ئایا پێشنیارێکی ترتان هەیە؟"

بروێر سەری بادا، "نەخێر، ئەگەر وردتر بیلێم، دەبینم ڕێگایەك گیراوەتە بەر کە باشترین ڕێگایە، بەلآم من ئەو حاڵەتەم بە دەستکرد دێتە بەرچاو کە لە بارەی قوولترین و ناوەکیترین مەسەلەکانی منەوە بە شێوەیەکی دەستەبەندی کراو و ڕێکخراو نووسراو، قسە بکەین، من وادەبینم کە دانەدانەی گرفتەکان پێکەوە بەستراون، سەرباری ئەوە پێڕستی ئێوە زۆر ساردو وشك دێتەبەرچاو، هەندێ مەسەلەی زۆر هەستیارو ئاڵۆزی وەك گورچیلە ئێشە یا هەستەوەری پێستی لە گۆڕێدایە، کە ناتوانرێ لە بارەیانەوە بە کەمتەرخەمی قسە بکرێ."

"تکایە نەشارەزایی و کەمزانی لەگەڵ لەدەستدانی هەستی ناسکدا تێکەڵاو مەکەن، دکتۆر بروێر. بیرلەوە بکەنەوە کە من ـ پێشتریش ئەمەم پێ گوتوونە ـ کەسێکی گۆشەگیرم، ئێوەم ئاگادارکردبۆوە کە لە پەیوەندی سۆزداری و کۆمەلآیەتیدا نەشارەزام."

نیچە دەفتەری یاداشتەکەی داخست و بۆ ماوەیەکی کورت لە پەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی کرد.



"لێگەڕێن با ڕێگانی تر تاقی بکەینەوە. دکتۆر بروێر، دوێنێ گوتتان کە دەبێت بەهاوکاری یەکتری شێوازێك بدۆزینەوە، ئێستا بلێن ئایا لە ئەزموونی بالینیتان، بابەتێکی هاوشێوە هەیە کە بتوانین سوودی لێ وەربگرین؟"

"بابەتی هاوشێوە؟ ها! ... بۆ ئەم کارەی کە ئێمە دەمانەوێت ئەنجامی بدەین، هیچ نمونەیەکی دیار بوونی نیە، تەنانەت نازانم دەبێ ناوی چی لەم ئەزموونە بنرێت" خولێکی تیمارکردنی نائومێدی؟ دەرماناسی دەروونی یا دەرمانێك کە بتوانرێ ناوێکی هاوشێوەی بدرێتێ؟ هەڵبەتە ڕاستە کە هەندێ جار دکتۆرەکان خەریکی تیمارکردنی چەند حاڵەتێکی تایبەت بە ناساغییە دەمارییەکان دەبن" واتە ئەو جۆرەی کە ڕیشەیان لە ئەندامێکی نەخۆشدا هەیە، وەك وڕێنەکردن لە نەخۆشی مێنینژیت،* پارانویایەك کە لە قۆناغی سێیەمی نەخۆشی گرانەتادا دەردەکەوێت، یاخود شێتی کە لە ژاراوی بوونی سۆربەوە دروست دەبێت، هەڵبەت ئێمە نەخۆشانێکیش وەردەگرین کە باری دەروونیان، تەندروستی یان ژیانی ئەوانی خستۆتە مەترسییەوە، بۆ نمونە ماخۆلیای توند یان شێتی."

"تاچی ڕادەیەك ژیانیان لە مەترسیدایە؟"

"ئەوانەی دووچاری ماخۆلیا دەبن تاوەکو سەرەمەرگ خۆیان برسی دەکەن، یان خۆیان دەکوژن، ئەوانەی توشی شێتی بوون تا ڕادەی مردن فشار بۆ خۆیان دێنن."

نیچە بێدەنگی لێکردو لە ئاگرەکەی دەڕوانی.

بروێر درێژەی پێدا: "هەڵبەت ئەم بابەتانە لێکچوونێکی زۆریان لەگەڵ بارودۆخی مندا نییە وبەشێوەیەکی فەلسەفی یان سایکۆلۆژی لێکۆڵینەوەیان لەسەر ناکرێت، بەڵکو سەرەتا بە شێوەی خەواندن تیماردەکرێن. بۆ نمونە، ماساژی کارەبایی، ئاوی گەرم، داوودەرمان و ئیسراحەت و هی تریان بۆ دەنووسرێت. هەندێ جاریش بە ترسێکی ناماقووڵەوە دەبێ بۆ نەخۆشانێك بە دوای شێوازێکی وەهاوە بیت کە ئارامی ڕۆحی بدات، بەم زوانە چوومە لای خانمێکی بەتەمەن

* Meningit: ئاوسان و هەوکردنی پەردەکانی مێشك، نەخۆشییەکی ترسناکە کە دەبێتە هۆی ئاوسان و کێمکردنی پەردەکانی مێشك. نیشانەکانی بریتین لە: تا، سەرئێشەی توند، ڕشانەوە و تێکچوونی مەزاج و چەند نیشانەیەکی تر. و.ك.

که نەیدەوێرا لە ماڵ بچێتە دەرەوە" لە چەند مانگی بەرێوە ژوورەکەی بە جێ نەهێشتبوو. قسەم لەگەڵدا کرد و سەرکەوتم لەوەی کە وردە وردە دڵنیای بکەم و ڕاییبکێشم. لەهەر دیدارێکدا بە وێنەی منداڵێکی ترساو دەستی ئەوم دەگرت و هەر جارێ کەمێ زیاتر لە ژوورەکەیەوە دوورم دەخستەوە. لە بابەتێکی وەهاشدا وەك پەروەردەکردنێکی منداڵانە، جگە لە هەستێکی تەندروستی مرۆڤانە و ئامادەیەکی دەستوبرد پێویستی بە شتێکی زیاتر نەبوو. بۆ ئەوەش پێویست بە هەبوونی دکتۆر ناکات.

"بەڵام بە دیدی من هەموو ئەمانە لە کارەکەی ئێمەوە زۆر دوورن. شتێکی وەها نەبووە کە لێکچوونی زیاتری لەگەڵ حاڵەتەکەی ئێمەدا هەبێت؟"

"بێگومان بەم دواییانە نەخۆشانێکی زۆربە هۆی ناساغییانەوە چوونەتە لای پزیشك ـ ئیفلیجی، تێکچوونی قسەکردن، شێوەی جیاوازی کوێری ـ گرفتگەلێك کە ڕیشەیان لە گرفتاری دەروونیدا شاراوەیە. هەموو ئەم حاڵەتانە بە هیستریا ناو دەبرێن، کە لە وشەیەکی یۆنانی دروست بووە بە مانای منالّدان."

نیچە، وەك بڵێی دەیویست تێیبگەیەنێ کە پێویست ناکات وشەی یۆنانی بۆ ئەو ڕونبکاتەوە، بە بێ خولقییەوە سەری بادا، بروێر خێرا هێنایەوە یادی کە بەرامبەرەکەی زمانناسیی کلاسیکی خوێندووە و خێرا درێژەی بە قسەکاندا.

"پێشتر هۆکاری بزوێنەری نیشانەیەکی وەها بەشتێکی وەك منالّدان دادەنرا، کە ئەمەش گریمانەیەکە لە ڕووی توێکارناسییەوە تەواو نەفامانەیە."

"دەرکەوتنی ئەم دیاردەیە لە پیاواندا چۆنە؟"

"بەچەند بەڵگەیەکی نادیار دەردەکەوێت کە ئەم نەخۆشیە ژنانەبێت، تا ئێستا لە پیاواندا هیستریا نەبینراوە، هەمیشە بیرمکردۆتەوە کە لە ڕاستیدا فەیلەسوفەکان دەبێ پەیوەندییەکی تایبەتیان بە هیستریاوە هەبێت. ڕەنگە ڕۆژێك ئەوان ـ نەوەك پزیشکان ـ بتوانن ڕونیبکەنەوە کە بۆچی نیشانەگەلێك کە هیستریا دیاریدەخات لە ڕێڕەوی ئاسای توێکارزانیدا نییە."

"مەبەستتان چییە؟"



بروێر وردەوردە خەریکبوو ئارامی خۆیی وەردەگرتەوە، ڕونکردنەوەی باسوخواسێکی پزیشکی بۆ گوێگرێکی ورد، بۆ بروێر شتێکی مەتبوع بوو.

"ئێستا نمونەیەکتان بۆ دێنمەوە، من نەخۆشانێکم هەبووە کە بێ هەستی دەستەکانیان بە جۆرێك بووە کە بە هیچ جۆرێ نەدەکرا لە ڕێگای کەمو کورتی دەمارەوە لێی تێبگەیت، ئەوانە تووشی جۆرێك نارەحەتی ببوون ـ واتا جۆرێك بێ هەستی لە جومگەکانەوە تا نووکی پەنجەی دەست ـ دەتگوت دەستەکانیان بێ هەست کردووە."

نیچە پرسی: "ئەمەش ناجۆرە لەگەڵ کارکردنی سیستەمی دەمارییدا؟"

"بەڵێ، سیستەمی دەماریی دەست جیاوازە. دەستی مرۆڤ بە هۆی سێ دەمارەوە کۆنترۆڵ دەکرێ کە هەریەکێ لەوانە لەلایەن بەشێکی مێشکەوە ڕێنوێنی دەکرێت. تەنانە چەند دانەیەك لە پەنجەکانیش بەهۆی دەرمارێکەوە و ئەوانی دیش بەهۆی دەمارێکی ترەوە کۆنترۆڵ دەکرێن، نەخۆش ئەمە نازانێت. زیاتر وادەردەکەوێ کە نەخۆش لایوایە هەموو جووڵەکانی دەست بەهۆی دەمارێکەوە ـ کە لێرەدا ناوی دەنێین دەماری دەست ـ ئەنجام دەدرێت و بەهۆی ئەمەشەوە نیشانە گەلێك دەردەخات کە بە بەراوردکردن لەگەڵ ئەم وێناکردنەدا هەڵەیە.
"چ سەرنجڕاکێشە!" نیچە دەفتەرەکەی کردەوە و بە خێرایی چەند وشەیەکی تێدا نووسی.

"گریمان، ژنێك کە ئاگایی لەسەر ئاناتۆمی جەستە هەبێت و تووشی هیستریا ببێت، ئایا وێناکردنێك کە ئەو لەسەر نەخۆشی خۆی هەیەتی، لەگەڵ ئاناتۆمی مرۆڤدا دەگونجێت؟"

"لەم بارەیەوە دڵنیام کە هۆکاری هیستریا بارودۆخی نائاسایی هەستەویژدانە، نەوەك ناتەندروستی. بەڵگە گەلێکی بێ شومار ئەوە نیشان دەدەن کە دەمارەکان لە ڕووی ئاناتۆمیکەوە، پەیوەندییەکیان بە نارەحەتی جەستەییەوە نییە. نەخۆشانێك هەن کە هیپۆنۆتیزمیان بۆ دەکرێت، لە ماوەی چەند دەقەیەکدا لە کاتی ئەنجامدانی هیپۆنۆتیزمدا نیشانەی نەخۆشیەکانیان دیارنامێنێت."

"بەم پێیە بێت چارەسەری لە ڕێگای هیپۆنۆتیزمەوە، میتۆدێکی بەربڵاوە؟"

"نەخێر، بەهیچ جۆرێك! بە داخەوە کە ئەم میتۆدە لای پزیشکان نەخوازراوە، لانی کەم لەڤییەنا. بە پلەی یەکەم بەشی سەرەکی ئەم ناوبانگە خراپە، بەهۆی ئەوەوەیە کە لایەنگرانی

یەکەمی هیپۆنۆتیزم کۆمەڵە سەرسەرییەك بوون کە کەمترین زانیارییان لە بارەی پزیشکییەوە نەبووە. سەرباری ئەوە دەرمانکردن لە ڕێگای خەواندنی موگناتیسییەوە تەنها بەشێوەیەکی کاتی کاریگەری هەیە، بەڵام هەمان کاریگەری هەیە و هەتا ئەگەر کاتەکیش بێت، سەنەدێکە لەسەر ماهییەتی دەروونی نەخۆش."

نیچە پرسی: "ئایا خۆتان نەخۆشێکتان بەم میتۆدە چارەسەرکردووە؟"

"ژمارەیەکی کەم. تەنیا لەیەك بارەوە ئەم میتۆدەم بە شێوەیەکی دوورو درێژ بەکاربردووە. ڕەنگە واباشتربێ کە بۆتان باس بکەم. هەڵبەت بەهۆی ئەوەوە نییە کە زۆر حەز دەکەم ئەم میتۆدە لەسەر من بەکاربهێنن، بەڵکو بەزۆری لەبەرئەوەیە کە ئەم کارە، ئەگەر باش لە یادم بێت، ئێمە دەگەڕێنێتەوە بۆ خاڵی دووەمی ئەو پێڕستانەی کە هەمانە."

نیچە دەفتەرەکەی کردەوە و بە دەنگێکی بەرز خوێندیەوە: "باڵا دەست بوونی هزری نامۆ، تێناگەم. ئەسڵەن بۆچی نامۆ؟ هەروەها ئەم بابەتە چ پەیوەندییەکی بە هیستریاوە هەیە؟"

"بۆتانی ڕووندەکەمەوە. ئەم هزرە ناودەنێم 'نامۆ'، چونکە حاڵەتێکە دەشێ لە دەرەوە کار لە من بکات، نامەوێ بیریان لێبکەمەوە، بەڵام کاتێ کە لە خۆم دووریان دەخەمەوە، تەنیا بۆ ساتێکی کورت لەناودەچن تاوەکو دیسانەوە بەشێوەیەکی ڕەمزئامێزانە و زۆر زوو هەستی من ڕام بکەنەوە، چی فکرێکە؟ باشە، بیرکردنەوەیەك لە بارەی ئەو ژنەدلڕفێنەوە، واتا کەسێك کە من نەخۆشی هیستری ئەوم تیماردەکرد... وا باشتر نییە کە هەر لە سەرەتاوە چیرۆکەکەتان بۆ بگێڕمەوە؟"

نیچە هیچ جۆرە کنەکردنێکی نیشان نەدا، بە پێچەوانەوە وادیاربوو کە ئەم پرسیارە زیاتر نارەحەتی دەکات.

"دەبێت بگەینە ڕێکەوتنێ، تەنێ مەسەلەکان تا ئەو ڕادەیە باس بکەن کە بۆ تێگەیشتن لە گرفتەکان پێویستن. تکا دەکەم نە ئابڕوی خۆتان بەرن و نە خۆشتان بچووك بکەنەوە."

بروێر دەیزانی کە نیچە پیاوێکی کەمدو و خۆپارێزە، بەڵام چاوەڕێی ئەوە نەبوو کە ئەویش چاوەڕێی ڕەفتارێکی هاوشێوەبێت. تێگەیشت کە دەبێ لەم بارەیەوە بەربداتە خۆی. ڕوونبوو کە



دەبایە تا دەتوانێ ناوەوەی خۆی بە تەواوی ئاشکرابکات. نیچە تەنیا بەو شێوە تێدەگات کە بوونی ڕاشکاوی لەنێوان مرۆڤەکاندا، ترسناك نییە."

"ڕەنگە هەق بە ئێوەبێت، بەڵام لاموایە کە هەرچەند ئازادانە تر لە مەڕ خەیاڵی ناوەوەمڕا قسان بکەم، سووکتر دەبم."

نیچە مات مابوو، بەڵام دوایی سەری بە جۆرێك ڕاوەشاند کە بروێر بەردەوام بێت.

"هەموو شتێك بەر لە دوو ساڵ و لەکاتێکدا کە یەکێ لە نەخۆشەکانم داوای لێکردم دەرمانکردنی کچەکەی وەئەستۆ بگرم، دەستی پێکرد. لێرەدا من ناوی ئەنێم ئانائۆ. تاوەکو ناچار نەبم کە ناسنامەی ڕاستەقینەی ئەو ئاشکرا بکەم."

"بەڵام ئێوە خۆ میتۆدی ناولێنانی خوازراوتان بۆ من ڕونکردۆتەوە، لەوەوە دەگەمە ئەو ئەنجامەی کە، پیتەکانی سەرەتای ناوی نەخۆشەکەی ئێوە دەبێت ب.پ. بێت."

بروێر بسکەیەکی کرد. بەخۆشییەوە بیری لەوەکردەوە کە یادەوەری ئەویش ڕێك وەکو هی سیمگۆند وەهایە و پاشتر نارەحەتیەکانی بێرتای باس کرد. "دەبێ ئەوەیش بزانن کە ئاناتۆ، تەمەنی بیست و یەك ساڵە. بێ حەد هۆشیارو خوێندەوار بوو، و جوانییەکی ئەفسوناوی هەبوو، بۆ پیاوێك کە پێدەنێتە ساڵەوە و تەمەنی بەچل ساڵی گەیشتووە وەك نەسیمێکی تازەیە، ئاخ، ڕەشەبایەکە! ئایا ئاشناتیان لەگەڵ ئەم جۆرە ژنانە دا هەیە؟"

نیچە خۆی لەم پرسیارە بوارد. "ئێوەش بوونە پزیشکی وی؟"

"بەڵێ، من بوومە پزیشکی وی و هەرگیزیش لایەنی ئەخلاقی پیشەییم وەژێرپێ نەنا! هەموو ئەو مەسەلانەش کە لە سنوری خۆم زیاتر پێم لێراکێشاوە بۆتانی باسدەکەم، ئەمانەش لە بیرو ئەندێشەمدا ڕوویان داوە، نەوەك بە کردەوە. بەڵام ڕێگا بدەن سەرەتا میتۆدی دەرمانکردنی دەروونیانەی ئەو باس بکەم."

ئەو بەردەوام ڕێگای دەدا کە لە ڤیزیتە ڕۆژانەییەکانی مندا کە لەماڵەوەیان بەڕێوە دەچوو، بەئاسانی هیپۆنۆتیزمی بکەم و دواتر لە زیندەخەوێکی لە باردا، هەموو ئەو ڕووداو و بیرە نەخوازراوانەی باسدەکرد کە لە بیست و چوار سەعاتی ڕابردوو کەوتبووە ژێرباریانەوە. یان

هەروەکو خۆی دەیگوت 'ئەوانەی باس دەکرد و دوور هەڵی دەڕشتن'. ئەم میتۆدە کە ئەو ناوی نابوو 'بەتاڵکردنەوەی گرێو گۆڵی دڵ' تا ئەو ڕادەیە هاوکاری ئەوی دەکرد کە دەیتوانی تا بیست و چوار کاتژمێری دواتر، حاڵێکی باشتری هەبێت، لێ ئەو هیچ جۆرە کاریگەرییەکی بەسوودی لەسەر نیشانە هیستریکەکانی خۆی نەبوو. کەچی ڕۆژێ بەڕێکەوت گەیشتم بە میتۆدێکی چارەسەری بەسوود."

هەروەها بروێر ڕوونی کردەوە کە نەك هەر توانیبووی بەهۆی دۆزینەوەی ڕەگ و ڕیشەی گرفتەکانەوە، تەواوی نیشانەی نەخۆشیەکە لەناوببات، بەڵکو لە کۆتاییدا توانی هەموو نیشانەکانی ئەو نەخۆشیە ـ واتا مەرگی باوکی ـ لەناوببات کە ببووە هۆی ئەوەی داوای یارمەتی لە بروێر بکەن و بڕیار بوو لە نیشانەکانی کەمبکاتەوە.

نیچە کە بە خێرایی دەینووسی، هاواری کرد: "میتۆدی چارەسەری ئێوە لە سەر ئەم نەخۆشە باوەڕ پێنەکراوە، ڕەنگبێ لە ڕێگای دەروونشیکارییەوە بەهرەمەند بووبن لە دۆزینەوەیەکی تازەو پێشکەوتوو. دەشێ ئەم میتۆدە بۆ کارکردن لەسەر گرفتەکانی خۆیشتان بە سوود بێت. ئەگەر دۆزینەوەکەی خۆتان بتوانێ یارمەتیتان بدات، خۆشحاڵ دەبم! چونکە لە ڕاستیدا هیچ کەسێك ناتوانێ یارمەتی کەسێکی تر بدات. بەڵکو مرۆڤ دەبێ هەمیشە توانای ئەوەی هەبێت کە خۆی یاریدەی خۆی بدات. ڕەنگە ئێوەش وەکو ئانائۆ. ڕیشەی هەموو سترێسە دەروونیەکان بدۆزنەوە. بەڵام داخوا لەسەرەتادا نەتانگوت کە بە بڕوای ئێوە ناکرێ ئەم میتۆدی چارەسەرییە لە بارەی خۆتانەوە باسبکرێت؟ بەچ بەڵگەیەك؟"

بروێر دژی ئەم ڕایە بوو و بەهەموو کاریگەری پڕتوانای پزیشکی خۆیەوە گوتی: "بەزۆر بەڵگەی جیاواز. بارودۆخی من لە بنەوەڕا لەگەڵ ئانائۆ.دا جیاوازی هەیە. سەرەتا بەهۆی ئەوەی کە من بچوکترین ئامادەییم بۆ هیپۆنۆتیزمکردن نییە و تاکو ئێستا حاڵەتی نائاسایی نائاگاییم نەبووە. ئەمەش شتێکی کەمبایەخ نییە، چونکە من لەو بڕوایەدام کە زەمینەی هیستریا کاتێك خۆش دەبێت کە کەسی ناوبراو لە حاڵەتی پەشێوی فیکریدا بێت و زەڕبەی ڕۆحی بەرکەوێت. یادگارییەکانی ئەو لێدانە ڕۆحیە و هەیە جانە مەژگییەکان لە بەشێکی سەربەخۆ و جیاوازی ئاگاییدا، درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن. بەم هۆیەشەوە لە ژێر هەموو



جۆرە بیانوویەکدا هەڵدێن. ئەوانە نەڕێگایەك بە 'من' نیشاندەدەن و نە دەتوانن لە ژیان و ئەزموونی ڕۆژانەی مندا سوودێك بگەیەنن."

بروێر بێ ئەوەی کە قسەکردنەکەی ببڕێ، هەستا. ئاگرەکەی تێکوەردا و پارچەدارێکی تێخست.

"سەرباری ئەوە، نیشانەی نەخۆشیەکانی من ـ کە ڕەنگە ئەمە گرنگییەکی زۆری هەبێت ـ هیستریك نین" ئەوانە هێرش ناکەنە سەر سیستەمی دەماری و ئەندامێکی تر. بزانن کە هیستریا نەخۆشییەکی ژنانەیە. بەدیدی خۆم، چۆنێتی حاڵی من زیاتر نۆرماڵە و پەیوەستە بە ترسی مرۆڤانە و ناڕەحەتی دەروونییەوە و بێگومان لە ڕووی چەندێتیەوە زۆر ئاسایی نییە! سەرباری ئەمە نیشانەکانی من توندوتیژ نییە، لەئەنجامی ساڵانێکی زۆرەوە جۆرێك لە شاردنەوە دروست بووە. لە پێڕستەکەی خۆتان بکۆڵنەوە، من ناتوانم کاتی پەیدابوونی هیچ یەك لەو خاڵە ناوبراوانە دیاری بکەم. هەروەها بەڵگەیەکی تریش بۆ ئەوەی میتۆدێك کە لەبارەی نەخۆشەکانمەوە بەکاری دێنم ڕەنگە لە بارەی خۆمەو هاوکارییەك نەکات ئەوەیە کە کاتێك نیشانەکان ... واتە نیشانەی نەخۆشییەکانی بێرتا..."

"ئاها! بێرتا، کەواتە حەق بەمن بوو کە گومانم کرد پیتی یەکەمی ناوەکەی 'بێ' یە."

بروێر بە ناڕەحەتیەوە چاوانی داخست. "ئاخ، چەندێ نەزانیم کرد! زۆر گرنگبوو لەلام کە ناوی نەخۆشەکە نەهێنم، بەتایبەتی ئەم نەخۆشە. ئەو لە بنەماڵە بەناوبانگەکانی ڤییەنایە هەموو کەس دەزانێت کە من پزیشکی چارەسەرکاری ئەو بووم. هەر بەهەمان هۆیشەوە تەنانەت لە گفتوگۆ لەگەڵ هاوکارانمدا لەم بارەیەوە زۆر لایەنم بە ورياییەوە لەبەرچاو دەگرت. ئەگەرچی بەهۆی ئەوەی کە لەکاتی گفتوگۆ لەگەڵ ئێوەدا ناچارم سوود لەناوێکی هەڵە وەربگرم، زۆر ناڕەحەت دەبم."

"یانی بۆ ئێوە گرفتە کە ڕاستگۆیانە قسە بکەن و باری خۆتان سووك بکەن و هاوکات ناچاربن چاودێری بکەن تاوەکو ناوی ڕاستەقینەتان لەدەم دەرنەچێت؟"

بروێر ئاهێکی هەڵکێشا. "بەڵێ، ئێستا ئیتر جگە لەوەی کە ناچارم ناوی ڕاستەقینەی ئەو، واتا بێرتا بەکاربهێنم، ڕێگایەکی ترم نییە، بەڵام گفتم پێ بدەن کە ناوی ئەو بۆ کەس ئاشکرا نەکەن."

کاتێ نیچە بەڵێنی بەودا، بروێر قوتویەکی چەرمی پڕ لەجگەرەی چروتی لە گیرفان دەرهێنا و دوای ئەوەی کە جگەرەیەکی پێشکەش بە نیچە کرد و ئەویش ڕەتی کردەوە، بروێر بۆ خۆی داگیرساند و پرسی: "لەکویا بووم؟"

"باسی ئەوەتان دەکرد بۆچی میتۆدی تیماری نوێی ئێوە بۆ خۆتان سوودمەند نییە. قسە دەربارەی جۆرێك لە 'هۆشیاری' بوو."

بروێر بەر لەوەی کە دەستپێبکاتەوە، دوکەڵێکی شینی دەرکرد. "ئاه، بەڵێ، هۆشیاری. من وەها لە خۆبایی ببووم کە لە گەشەپێدانی میتۆدی تازەی خۆم پەلەم کرد. بەو هۆیەوە بابەتی بێرتام بۆ هاواکاران و قوتابیانی بەشی پزیشکی باسکرد. بەڵام دوای چەند هەفتەیەك کە ئەوم بە پزیشکێکی دی سپارد، بیستم کە هەموو نیشانەکان گەڕاونەتەوە و بێگومان تێدەگەن کە ئێستا لە چی قەیرانێکدام؟"

نیچە پرسی: "چۆن باسی میتۆدێکتان کرد کە لەوانەیە بوونی نەبێت؟"

"لە زیندەخەونەکانمدا هەمیشە هەموو ئەندامانی کۆلیژ کۆدەکەمەوە و بۆیان ڕووندەکەمەوە کە ئەنجامی ئەزموونەکانم هەڵەبووە. ئەمە مۆتەکەیەکە ئاشنایەکی زۆرم لەگەڵێدا هەیە. ترسان لەوەی کە هاوکارانم لە بارەمەوە چۆن بیردەکەنەوە، زۆربەی کات ئازارم دەدات. ئەگەرچی پشتگیری ئاشکرای ئەوان گۆڕانێك لە هەست و سۆزی فریودەرانەی مندا ناکات، کە ئەمەش نیگەرانیەکی ترە و ئەوە لە پێرستەکەی خۆتاندا تۆماربکەن."

نیچە بە دیقەتەوە دەفتەرەکەی خۆی کردەوە نووسی.

"بڕۆینە لای بێرتا. هۆکاری سەرهەڵدانەوەی نەخۆشییەکانی ئەوم لاڕوون نییە. ڕیێ تێدەچێت کە میتۆدی من ـ وەك خەواندنی موگناتیسی ـ تەنیا بە شێوەیەکی کاتی کاریگەربێت. هەڵبەت لەوانەشە کە چارەسەرییەکە سەرکەوتوو بووبێ، بەڵام سەرکەوتنەکەی بەهۆی کۆتایی خراپییەوە لەناوچووبێت."

سەر لەنوێ نیچە دەستی بۆ قەڵەم بردەوە. "کام کۆتایی خراپ؟"



"بۆ ئەوەی کە تێبگەن دەبێ ئەو بەسەر هاتانەتان بۆ باسکەم کە نێوانی من و بیرتادا ڕوویانداوە. شاردنەوە سودێکی نییە، واباشترە باسی بکەم. من، کەری پیر، ئاشقی ئەو کیژۆڵەیە بووم؟ پەرێشانی ئەو بووم، تەنیا بیرم لەو دەکردەوە."

بروێر سەیری لێ دەهات کە چەندێ ئاسان ـ ڕەنگە تاڕادەیەك بە چێژیش ـ بوو کە شتانێکی زۆر دەربخات.

"هەموو ڕۆژێ دەبوو بەدوو بەشەوە" بوون لەلای بێرتا و چاوەڕوانی سەر لەنوێ گەڕانەوە بۆ لای بێرتا! سەرەتا ڕۆژی یەك کاتژمێر ئەوم دەدی و دواتر دیدارە ڕۆژانەکانم کرد بە دووجار. هەر کاتێك ئەوم دەبینی تژی دەبووم لە هەست و سۆزی ناسك و تەنانە کە دەستیشی بەرم دەکەوت، دەبزوام."

"بۆچی دەستی بەرتان دەکەوت؟"

"ئەو بە ئەستەم دەیتوانی ڕێ بکات و ناچار بوو لەکاتی هەنگاوناندا پاڵ بە منەوە بدات. بەزۆری و بە شێوەیەکی کتوپڕ ناچاردەبووم بەهۆی کەشەنگ بوونەوە، ماسوولکەکانی ڕانی بە توندی ماساژ بدەم. جاری واهەبوو بەسەختی دەگریا و بۆ دڵدانەوە لەباوەشم دەکرد. هەندێ کات کتوپڕ لە تەنیشمەوە دەکەتە حاڵەتی زیندەخەوەوە و سەری دەخستە سەر شانەکانم و کاتژمێرێك بەم شێوەیە دەمایەوە. یان سەری دەخستە سەر ئەژنۆکانم و مینا منداڵێك بەئارامی دەخەوت. ساتەوەختی وەها دەهاتنە پێش کە لە پێناوی خۆکۆنترۆڵکردندا پێویستم بە هێزێکی بانمرۆیی هەبوو."

نیچە بێ هەستانە بۆی زیاد کرد. "لەوانەیە کە تەنیا هێزی پیاوانە بتوانێت ژنێتی لەژناندا ئازاد بکات."

بروێر خێرا قۆستییەوە: "ئومێدەوارم کە بەدفەهمی ڕووینەدابێ! هەروەك دەزانن کە هەموو جۆرە پەیوەندییەکی سێکسی لەگەڵ نەخۆشەکانمدا بۆ من یاساغە و ئەم کارە بە پێچەوانەی سوێندی دکتۆرانەوەیە."

"ئەی ژنە؟ ئەو چی بەپرسیارەتییەکی هەیە؟"

"ئەم ژنە نا، لێرەدا نەخۆشێك لە ئارادایە! باش لە مەبەستتان تێناگەم."

نیچە بە هێواشی گوتی: "دەگەڕێینەوە سەر ئەم بابەتە. هێشتا شتێکتان لە بارەی 'کۆتایی خراپەوە'ی ئەوەوە نەگوتووە."

"نا، وادەهاتە بەرچاوی من کە حاڵی بێرتا ڕۆژ بە ڕۆژ باشتر دەبێت، نیشانەی نەخۆشییەکانی ئەو یەك لە دوای یەکتری دیارنەدەما، بەڵام بارودۆخی پزیشکەکەی بەردەوام خراپتر دەبوو. ماتیلدەی هاوسەرم کە ژنێکی هەستیارو میهرەبان بوو لەلایەکەوە دەستی بە ڕەخنەگرتن کرد لەوەی کە کاتێکی زۆر لای بێرتا بەسەر دەبەم و لایەکی تریشەوە کە من لە بارەی شتێکی ترەوە قسەم نەدەکرد، وردە وردە ئەوی توڕەتر دەکرد، خۆشبەختانە هێندە ساویلکە نەبووم کە هەست و سۆزم سەبارەت بە بێرتا بۆ ماتیلدە، دەربڕم، بەڵام لاموایە کە گومانی کردبوو. ڕۆژێ زۆر تووڕە بوو، داوای کرد کە چی دی لەبەردەمی ئەودا ناوی بێرتا بەسەر زمانمدا نەهێنم. هەربەم هۆیەشەوە دەرهەق بە هاوسەرەکەم ڕقێکم لەدڵ گرت و بەتوندی گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەو سەری ڕێگای لێ گرتووم و ئەگەر ئەو نەبایە دەمتوانی لەگەڵ بێرتادا دەست بەژیان بکەم."

بروێر قسەکانی بڕی، چونکە نیچە چاوانی نوقاند بوو، پرسی: "ماندوو بوون؟"

"گوێ دەگرم، زۆربەی کات بە چاوانی نوقاوەوە باشتر دەبینم."

"گرفتێکی تریش هەیە، ئەوا بێرگەری سکرتێی پێشووی عیادەکەم کە بەر لە خانم بیکر کاری بۆ دەکردم، لە ئەنجامی دەساڵ کاری هاوبەشەوە، ببووە دۆستێکی سەرڕاست و مەحرەمی من. ئەو نیگەران بوو، دەترسا لەوەی کە من لەم ئەشقەمدا بۆ بێرتا خۆم نابووت بکەم و ئیتر نەتوانم ئارەزووی خۆم سەبارەت بەو کۆنترۆڵ بکەم و کاری نەشیاو ئەنجام بدەم. لەبەرخاتری هاوڕێیەتی ئامادەبوو خۆی بەخت بکات."

چاوانی نیچە لە حیرەتدا هێندەکرانەوە کە بروێر سپێتییەکی زۆری دەبینی.

"یانی چی کە بەخت بکات؟"

"بە قسە دەیگوت کە ئامادەیە هەموو شتێکی ببەخشێت تاوەکو لە بەرامبەر ئەم بەڵایەدا من بپارێزێت. ئەوا دەیزانی کە من و ماتیلدە ماوەیەکە پەیوەندی ژن و مێردایەتیمان نییە، وای



دەزانی هەر بەهۆی ئەوەوەیە کە من هەوڵ بۆ بێرتا دەدەم. ئەو ئامادەبوو کە ئارەزووە سێکسییەکانی من بەجێ بێنێت."

"ئێوەش لەو بڕوایەدان کە ئەو ئەم کارەی لەبەرخاتری ئێوە ئەنجام دەدا.؟"

"هەڵبەتە! ئەوا ژنێکی بەڕێزە و لایەنگرانی زۆری هەبوو. باوەڕبکەن کە هۆی ئەم کارەی ئەو ڕوخساری من نەبوو" تەنیا چاوێك بە سەری بێ مووم و بەم ڕیشە ناڕێکە و بەمانەدا ـ کە هاوپۆلەکانم پێیان دەگوت کەوچك ـ بگێڕن!" بروێر گوێچکە گەورە و ڕەپەکانی نیشاندا. "سەربارى ئەوە پێی گوتبووم کەبەر لە ساڵانێك پەیوەندییەکی بەزمگێڕی لەگەڵ خاوەن کارەکەیدا هەبووە، کە بۆتە هۆی لەدەستدانی کارەکەی و لای خۆیەوە سوێندی خواردووە کە ئیدی هەرگیز ئەم کارە نەکات!"

"ئێستا 'خۆبەختکردن'ی ئەوا باری ئێوەی سووکتر کرد؟"

بروێر گوێ نەدا بە ئاوازی گاڵتە جاڕانە و بەکەمزانانەی نیچە لە کاتێکدا کە وشەی خۆبەختکردنی دەربڕی. وەڵامی دایەوە: "قەت پێشنیاری ئەوم قەبووڵنەکرد. هێندە گێل بووم کە وام دەزانی ئەگەر لەگەڵ ئەوادا بم، ئەمە خیانەتە بۆ بێرتا، ئێستا هەندێ جار زۆر خەفەت دەخۆم."

چاوانی کراوەی نیچە جگە لە ئارەزوویەك، ماندووبونێکی فرەی نیشان دەدا، وەك ئەوەی کە لەوە زیاتری بیستووە و بینیوە کە حەزی لێبووە. "تێناگەم، خەفەت لە چی شتێك دەخۆن؟"

"سروشتیە کە لە ڕەتکردنەوەی پێشنیاری ئەوا. زۆر جار بیر لەو شانسە لەدەستدەرچووە دەکەمەوە. ئەمەش لەو خەیاڵانەیە کە نەخوازراونە ڕووم تێدەکات." بروێر ئاماژەیەکی بۆ دەفتەری یاداشتەکەی نیچەکرد. "ئەمەش بنووسن" نیچە قەڵەمە دارەکەی هەڵگرت و لەگەڵ کاملکردنی پێڕستەکەی کە بەردەوام زیادی دەکرد، دووبارەی کردەوە: "هێشتا من لەم خەفەتە تێناگەم. ئەگەر پێشنیارەکەی ئەواتان قەبووڵبکردایە، تا چی ڕادەیەك دەگۆڕان؟"

"گۆڕان؟ گۆڕان چ پەیوەندییەکی بەبابەتەکەوە هەیە؟ ئەوە واقیعییەتێکی ئاوارتە بوو.پۆزسیۆنێك بوو کە ئیتر بەدەست نایەتەوە."

"بەهەمان ئەندازەش پۆزیسیۆنێکی ئاوارتە بوو بۆ گوتنی نا! گوتنی ’نـــا‘یەکی پیرۆز بە گیانەوەرێکی کێوی و ئێوەش سوودتان لەم پۆزیسیۆنە وەرگرتووە!"

بروێر وەڵامێکی لانەبوو بۆ ئەم شرۆڤەیەی نیچە. دیار بوو نیچە هەستی بە تاسەی شەهوانیانەی ئەو نەدەکرد، بەڵام ئێستا کاتی ئەم باسە نەبوو. یانی ئەو باش ئەوەی ڕوونەکردبۆوە کە دەیتوانی لەگەڵ ئوواوادا بێت؟ یانی نیچە تێنەدەگەیشت لەوەی لەو پۆزیسیۆنانەی کە بەدەست دێن، پیاو دەبێ سوودمەندبێت؟ لەلایەکی ترەو لەو ’نا پیرۆزە‘ی کە نیچە بەکاری هێنا، شتێکی هەڵفریوێنەری تێدا بوو. بروێر بیری کردەوە: "ئەم پیاوە چ هەویرێکی تایبەتە“ تێکەڵەیەکە لە شەیدایەکی ناجێباوەڕ و ڕەسەنایەتییەکی دروەشاوە." دیسانەوە لەخۆی پرسییەوە ئەم پیاوە سەیرە دەتوانێ چی شتێکی بەنرخ فێری ئەو بکات؟"

"لەکوێدا بووین؟ ئای بەڵێ، کۆتایی ترسناك! هەموو ئەو ماوەیە وام دانابوو کە ئەم ئیشقەم سەبارەت بە بێرتا زایراوی وێناکردنی منە ـ واتە تەنها لە مێشکمدا ڕوودەدات ـ و لەدیدی ئەوەوە بە شارەوەیی دەمێنێتەوە، کەواتە دەتوانن لەو ڕۆژەوە وێنای ترسی من بکەن کە لەکاتی ڤیزیت و لەماڵەکەیاندا دایکی بێرتا پێیگوتم بێرتا لایوایە نەوەیەکی منی لە سکدایە!" بروێر باسی لە توڕەیی ماتیلدە کرد لە دوای زانینی ئەم وێناکردنە خەیاڵییەی بێرتا و هەروەها لەبارەی دوا هۆشداری توڕەی ئەو سەبارەت بە سپاردنی ئەم کارە بەهاوکارانی تری و داوای دەرکردنی خێرای ئووا، دووا.

"ئەی ئێوەچیتان کرد؟"

"دەبوایە چیم بکردایە؟ پایەی سەرکەوتنی کاری خێزانی و هەموو دارییم لەکەوتندا بوو، لەو ڕۆژەوە هەمیشە وەك ناخۆشترین ڕۆژی ژیانم یادی دەکەمەوە. ناچار بووم ئووا دەربکەم. هەڵبەت پێم گوت کە تا دۆزینەوەی ئیشی تازە دەتوانم یارمەتی بدەم و لای من کاربکات، گەرچی ئەو دڵنیای کردمەوە لەوەی کە هەستم پێ دەکات بەڵام ڕۆژی دواتر نەهاتەوە سەرکار و ئیتر نەمبینیەوە. چەندین جار نامەم بۆ نووسی، کەچی هەرگیز وەڵامی نەدایەوە.

ماڵاوایی لە بێرتا هێدی هێدی خراپتر بوو. کاتێ کە ڕۆژی دوایی چوومەوە سەردانی هیستریاکەی تێپەڕیبوو و وازی لەو خەیاڵەش هێنابوو کە گوایە سکی لەمن پڕبووە. بەڕاستیش



هەموو ئەو چیرۆکەی نەدەهاتەوە یاد و وەختێ کە هەواڵی ئەوەمدایە ئیتر ناتوانم درێژە بە تیمارکردنی ئەو بدەم، لەهۆش خۆی چوو. دەگریا و تکای دەکرد کە بڕیارەکەم بگۆڕم، تکای دەکرد کە بڵێم چی هەڵەیەك ڕوویداوە. ئاسایی کارێکی هەڵە لەئەوەوە سەری هەڵنەدابوو. ئەفسانەی ’منداڵی دکتۆر بروێر‘ بەشێك بوو لە نەخۆشی هیستریای ئەو. خۆی شتێکی نەگوتبوو، بەڵکو تەنها وڕێنە بوو کە قسەی دەکرد."

"بەڵام وڕێنە پەیوەندی بە چ کەسێکەوە هەبوو؟"

"هەڵبەت بە بێرتاوە، بەڵام ئەو لەوە بەرپرس نەبوو، بەهەمانشێوەی کە مرۆڤ لە ئاست خۆوسەری و سەرسوڕهێنەری خەونەکانیدا بێ گوناهە، مرۆڤەکانیش لە بارودۆخێکی وەهادا شێتانەترین و کاڵفامانەترین شتەکان دەڵێن."

"بەڕای من وشەکانی ئەو بە هیچ جۆرێك خۆوسەریانە یا نەفامانە نین. ئێوە خۆتان منتان ناچارکرد کە وابیربکەمەوە، دکتۆر بروێر. ئەگەر ڕێگا بدەم دەیڵێم، بەدیدی من سەیرەکە ئێوە خۆتان بەبەرپرسی هەموو بیروکارەکانتان دەزانن، لەکاتێکدا کە ئەو..." دەنگی نیچە جیدی بۆوە و بە پەنجەی شادەی هەڕەشەی لە بروێر کرد. ".. دەبێت بەهۆی نەخۆشییەکەیەوە لەهەر بەرپرسیاریەتیەك پاکبێتەوە."

"بەڵام پرۆفیسۆر نیچە، خۆیشتان هەمان باوەڕتان هەیە کە مەسەلەی توانا، شتەکان دیاری دەکات. من توانام هەبوو و پێگەی من هێزێکی گەورەتری لەخۆیدا هەڵگرتبوو، ئەو داوای یارمەتی و پارێزگاری دەکرد، من زانیاریم لەسەر هەستیاری ئەو هەبوو و دەشمزانی کە لە ڕادەبەدەر باوکی دەپەرستێت، بەجۆرێ کە نەخۆشییەکەی بەهۆی مرنی ئەوەوە دژوارتر ببوو. بەهەمانشێوەش دەمزانی کە خۆشەویستی باوکی بۆ من گواستۆتەوە و سوودیشم لەوە وەرگرت. دەمویست دۆستم بێت. دەزانن دوایین وتەکانی ئەو بۆ من چی بوو؟ دوای ئەوە پێم گوت کە دەرمانکردنیم داوەتە دەست هاوکارانم، دوورکەوتمەوە، کەچی ئەو لە پشتمەوە هاواری کرد: ’ئێوە هەمیشە تەنیا پیاوی ژیانی من دەبن. لەژیانمدا هەرگیز پیاوێکی تر بوونی نابێت.‘ چی قسانێکی ترسناکە! ئەم قسەیە توندی ئەو ئازارەی نیشان دەدا کە بەئەوم گەیاندبوو. لەهەمووی بەتەرتر ئەوەیە کە چێژم لەم دانپیانانە دەبینی. بیستنی ئەو وشانەی کە توانای

منی نیشاندەدا بەسەرئەودا، بۆ من چێژ بەخش بوو! کەواتە دەبینن کە من ئەوم لاواز و لەکەدارکرد. دەمتوانی لە باتی ئەمانە پێیەکانی بە پەت ببەستم!"

نیچە دەیویست بزانێت. "لەدواین دیداری ئێوەدا چی بەسەر ئەو شەلەدا هاتووە؟"

"ئەو گواسترایەوە بۆ ئاسایشگایەك لە کرویتزلیگن، زۆرێك لە نیشانە سەرەتاییەکانی دیسانەوە دەرکەوتوونەوە، گۆڕانی باری دەروونی و نەتوانای ئەو لەوەی کە بەیانیان بەزمانی دایکی قسە بکات، هەروەها ئازارگەلێك کە تەنیا بەمۆرفین هێور دەبنەوە و ئەمەش بۆتە مایەی خووپێوەگرتنی. بەتایبەتی شتێك زۆر سەرنجڕاکێشە، دکتۆرە چارەسەرکارەکەی خێرا ئاشقی بووە، دەستی لە چارەکردنی کێشاوەتەوە پێشنیاری زەوجینی بۆ کردووە!"

"کەواتە ئەم سەرمەشقە لەبارەی جێگرەوەکەی ئێوەشەوە دووبارە بۆتەوە، لێی تێناگەیت؟"

"من تەنیا لەوە دەگەم کە وێناکردنی بێرتا لەگەڵ پیاوێکی تردا من تووڕە دەکات. تکایە ئەوەش بۆ پێڕستەکەی خۆتان زیاد بکەن کە گەورەترین خاڵی لاوازی منە. خەون بەو دوانەوە دەبینم کە خەریکی قسەکردن و ئاوێزانبوونی یەکترن، هەرچەندە کە ئەم وێنانە زۆر ئازار بەخشن، بەڵام ناتوانم دەست لە سزادانی خۆم هەڵگرم، تێ دەگەن؟ ئایا ئێوە هەرگیز لە ئێرەیی بردنێکی ئازاردەرانە ڕەنجتان کێشاوە؟"

ئەم پرسیارە خاڵی بەیەکگەشتنی ئەم دیدارەبوو. برۆیر سەرەتا بە هۆشیارییەوە و بەو ئومێدەی کە نیچەیش هەمان کاربکات، خۆی ئاشکراکرد، کەچی دوای دانپیانانەکانی خۆی خستیە ژێر کاریگەرییەوە. مەترسییەکی لەسەرنەبوو، چونکە نیچە کە لایوابوو بروێر ئەوی وەك ڕاوێژکار داناوە، گفتی ڕازپارێزی بەئەو دابوو.

ئەمە ئەزموونێکی تەواو نوێ بوو. تاکوئێستا بروێر لە ژیانیدا سەبارەت بە خۆی، هێندە زانیاری بەهیچ کەسێك نەدابوو. هەڵبەت ئەو گفتوگۆ دوو کەسیەشی لەگەڵ ماکسدا هەبوو، بەڵام لەبەرامبەردا ماکس بە وردی قسەکانی خۆی دەپێوا وشەکانی بە دیقەتەوە هەڵدەبژارد، تەنانەت هەموو شتێکیشی بە ئووا بێرگەر نەگوتبوو. بێ دەنگی لە جومگەژانی و بێ قەراری و ڕاڕای خۆی کردبوو، یانی هەموو ئەو تایبەتمەندیانەی کە دەبێتە مایەی ئەوەی پیاوێکی بە



تەمەن لەدیدی ژنێکی سەرنجڕاکێشەوە لاواز نیشان بدات، یاخود وەك کەسێکی ناوەندی و بێ کولتوور بناسێنێ.

بروێر لەهەمان ئەو ساتەی کە لەمەڕ بێرتا و پزیشکە تازەکەیەوە دەستی بە باسی هەستی ئێرەیی بردنی خۆی کرد، سەر لەنوێ گەڕایەوە بۆ ڕۆڵی پزیشکی نیچە. درۆی نەدەکرد، لە ڕاستیدا لەبارەی بێرتا و یەکێ لەهاوکارانی بروێرەوە، قاو داکەوتبوو، بە ڕاستی ئێرەییش ئەوی ئازار دابوو، بەڵام ئەو بەئومێدی ئەوەی کە نیچە ناچاربکات شتەکانی ئاشکرا بکات، زیادەڕۆیی دەکرد، ئاخر دەبێت نیچەش ئازاری کێشابێت لە 'دۆستی فیساگۆرسی' لەگەڵ لۆسالۆمێ و پاوڵ ڕێدا.

بەڵام ستراتیژیەتی ئەو تەواو بێکاریگەری بوو. لانی کەم خۆ دیاربوو کە نیچە پەیوەستییەکی تایبەتی بەم باسەوە نیشان نەدا. بە هەستێکی پەرتەوازەوە سەری ڕاوشاند و پەڕەی دەفتەرەکەی هەڵدایەوە و یاداشتەکانی خوێندەوە. هەردوو پیاو لە بێدەنگیدا لەئاگرە کوژاوەکە ڕامابوون. دواتر بروێر دەستی بە بەرکی هێلکەکەیدا کرد و سەعاتە قورسەکەی کە دیاری باوکی بوو، دەرهێنا. لە پشتی سەعاتەکەوە ئەم نووسیینە هەڵکۆڵڕابوو: "بۆ کوڕی خۆم یۆزیف، ڕۆحی من بۆ داهاتوو بگوزارەوە." بروێر لە نیچەی ڕوانی، ئایا چاوەڕێی کۆتاهاتنی دانیشتنێکی پێچەوانە بۆوەیە لەم چاوە ماندووانەدا؟ کاتی خواحافیزی هاتبوو.

"پرۆفیسۆر نیچە، چەندێ چاکە کە دەتوانم گفتوگۆتان لەگەڵدا بکەم، بەڵام لە لایەکیشەوە بەرپرسیارێتی ئێوە لە ئەستۆی مندایە و بەداخەوە هاتەوە یادم کە من بۆم دانابوون ئیسراحەت بکەن، تاوەکو میگرەنەکەتان نەگەڕێتەوە و کەچی ئێستا خۆم ئیسراحەتان لێ تێکدەدەم و ئێوە ناچار دەکەم کە ماوەیەکی زۆر گوێ لە قسەکانم بگرن. شتێکی تریشم وەیادهاتەوە کە ئەو بەرنامە ئاساییە ڕۆژانەیەی ئێوە بوو کە تێیدا پەیوەندییەکی کەمتان بەخەڵکی ترەوە هەبوو، ئایا ئێستا ئەمەندە پەیوەندی بۆ دەستپێکردن کەمێ زۆرنیە؟ نەوەك هەر دووروودرێژە بەڵکو ڕەنگە زۆر چوبێتە ناو ژیانی تایبەتی کەسێکی ترەوە."

"بڕیارێك کە پێکەوە داومانە، وابەستەی ڕاشکاوییە دکتۆر بروێر. خۆش نییە کە سەرپێچیتان لێبکەم، بەڵام دانیشتنی ئەوڕۆ کەمێ درێژبوو، و منیش ماندووم."

خۆی خستە ناوکورسیەکە. "بەڵام جگە لەوە من زۆر لە ژیانی ناوەوەی ئێوە ئاگادارنەبووم. دەزانن من دەرس لەمە وەردەگرم. کاتێ کە گوتم، بۆ ئەوەی کە ببمە مرۆڤ ئیتر دەبێ هەموو شتێك فێربم، زۆر بەجدی دەمگوت!"

کاتێ کە بروێر هەستا و پاڵتۆکەی هەڵگرت، نیچە وتی: "ئەگەر ڕێگا بدەن، ڕستەیەکی تر دەڵێم. ئێوە بەشێوەیەکی ڕێك و پێك لەبارەی خاڵی ژمارە دووی پێڕستەکەوە واتا باڵا دەست بوونی هزرە نامۆکانەوە، قسەتان کرد. ئەمڕۆ لێکۆڵینەوەی ئەم گوتەزایە ماندووکەر بوو، لەبەر ئەوە من تەواو وێنای ئەوە دەکەم کە ئەم بیرانە چۆن ئێوە دەخەنە ژێر گوشارەوە و بەئارەزوی خۆیان ڕۆحی ئێوە داگیر دەکەن. لەگەڵ ئەمەشدا ئەوانە لەبیر و دەروونی ئێوەدا دەمێننەوە. لەخۆم دەپرسم ئێوە لەڕەوانکردن ـ یان ئەگەر بمەوێ ئاڵۆزی بکەم ـ لە حەزی ڕوودانی ئەوانە چ سودێك دەبینن؟ بروێر دەستێکی لەقۆڵی پاڵتۆکەی کردبوو، وشك بوو "حەزی ڕوودان؟ شتێك لەم بابەتە نازانم تەنیا دەتوانم بڵێم کەلە دڵەوە ئاوەها نیم. وادەبینم کەئەم ڕووداوانەم بەسەردا دێت. چۆن چۆنی بیڵێم ،بانگەشەی ئێوە لەسەر بنەمای حەزی ڕوودان، هیچ جۆرە هەست و سۆزێکی منی تێدا نییە."

"باشە، ئەبێ کار لەسەر ناوەڕۆکەکەی بکەین." نیچە هەستا و هەتا بەردەمی دەرگاکە بروێری بەڕێکرد. "ئێمە ئەزموونێکی فیکری ئەنجام دەدەین. تکایە تاوەکو سبەینێ بیر لەو پرسیارەی خوارەوە بکەنەوە. ئەگەر ئێوە بیرتان لەم هزرە نامۆیانە ـ یا ئەم بیرە بێ بایەخانە ـ نەکردایەتەوە، ئەی بیرتان لەچی دەکردەوە؟"

***هەڵبژاردەیەك لەراپۆرتی دکتۆر بروێر***

***دەربارەی ئێکهارد مۆلەر ـ ٥ دیسەمبەر ١٨٨٢***

*دەستپێکێکی باش و ڕەزا بەخش بوو! ئەو پێڕستێکی ئامادەکردووە لەسەر ئەو فشارانەی کە هاتونەتە ناومەوە و بڕیاری داوە لەیەکە بە یەکەی ئەوانە بکۆڵێتەوە. چاکە. لێگەڕێ باوابزانێ کەمەبەستی ئێمە هەر ئەوەیە. ئەمڕۆ بۆئەوەی کەئەو ئارەزوومەند بکەم، بۆخۆ ئاشکرا کردن پەردەم لەسەر ڕازەکانی خۆم هەڵماڵی. لامواية زوو بەدانپیانانەکانی خۆی کاری من قەرەبوو دەکاتەوە. لانی کەم لەڕاشکاوی من حیرەت مابوو، و کەوتە ژێر کاریگەریەوە .*



*داهێنانێکی زۆرباش بۆمتیۆدی کارەکەم بەخەیاڵمداهاتووە! من لەپۆزسیۆنی خۆمەوە بارودۆخی ئەو شرۆڤە دەکەم. لێدەگەڕێم بۆ ئەوەی ڕێنومایم بکات و بەم پێیەش ئەمە کۆمەکێکە بۆخۆی. بۆنمونە ئەگەر بمەوێت ئەو ناچاربکەم بە قووڵبونەوە لە ئاست سێگۆشەی خۆیان ـ واتا لەگەڵ لۆسالۆمێ و پاوڵ ڕێ ـ دا، ئەبێت لەبارەی سێگۆشەی خۆمەوە، کە من و بێرتاو دکتۆری تازەی دەگرێتەوە، ڕێنومایی لەئەو بخوازم، بەئەندازەیەك کەمدو و داخراوە کەئەمە تەنیا ڕێگایە بۆیارمەتیدانی ئەو.*

*ئەو خاوەنی هزرێکی داهێنەرانەیە. من ناتوانم پێشبینی کاردانەوەکانی ئەو بکەم. ڕەنگە لۆسالومێ لەسەرحەق بێت و وەك فەیلەسوفێك ئایندەیەکی درەوشاوە چاوەڕێی دەکات. هەڵبەت ئەمە تا کاتێ کە لەڕانیشاندانی خۆی سەبارەت بەمرۆڤەکان خۆی بپارێزێت: ئەو لەهەمبەر زۆری سنوری پەیوەندییە مرۆییەکاندا بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو، خۆی بە کوێر نیشاندەدات و کاتێ لەمەڕ ژنانەوە دەدوێ دەگۆڕێ بە دڕندەیەکی بێڕەحم. گرنگ نیە کە کامە ژن و لە چ جێگایەکدا بێت، هەمیشە باوەڕی ئەو ئەمەیە کە: ژن دڕندەخو و حەساوگەرە. ئەو تەنیا یەك وەڵام دەزانێت: ژنان تاوانبەرکە و سزایان بدە! ئاه، لەگەڵ ئەوەشدا خۆتیان لێ بەدوور بگرە!*

*هەرگیز هەست و سۆزی ئاشقانە ناناسێت؟ ئایا ئەو بەبێ هەلاوێری، هەموو ژنان بەڕادەیەکی زۆر بە ترسناك دەبینێت؟ بەڵام خۆ دەبێت ئارەزووی جەستەیی هەبێت. ئەی چی بەسەر ئەوانەدا دێت؟ ئایا هێندە خۆی لەوان گێل دەکات تاوەکو جێگایەك بۆ فشار بکرێتەوە؟ لەوانەیە هەر ئەمەش هۆکاری میگرەن بێت؟*

**هەڵبژاردەیەك لەیاداشتەكانی فرێدرێك نیچە**

**دەربارەی دکتۆر بروێر ـ ٥ دیسەمبەری ١٨٨٢**

پێرستەکە خەریکە درێژتر دەبێتەوە. دکتۆر بروێر پێنج خاڵی بۆشەش خاڵەکەی من زیاد کرد.

٧- هەبوونی ئەو هەستەی کە ـ لەژن و مێردایەتی و ژیاندا ـ کەوتۆتە داوێکەوە.

٨- هەبونی هەستی نائاشنایی سەبارەت بەهاوسەری.

٩- هەستی پەشیمانی لە ڕەتکردنەوەی پێشنیاری ئوادا.

١٠- نرخدانانی زۆر بۆ بیروڕای دکتۆرە هاوکارەکانی لەبارەی خۆیەوە.

١١- ئێرەی بردن بەبێرتا و ڕکابەرەکەی.

ئایا ئەم پێرستە ناکۆتا دەبێت؟ هەموو ڕۆژێ گرفتی تازە پەیدا دەبێت؟ بە چ شێوەیەك چاوەکانی بەڕووی ئەو ڕاستیەدا بکەمەوە کە گرفتەکانی هەموو سەرنجی ئەو بۆخۆیان ڕادەکێشن تاوەکو ئەو شتەی کەنایەوێ بیبینێ لەتاریکیدا بمێننەوە؟ بیرە گچکەکان وەك قارچك بەخێرایی لەڕۆحیدا گەشەدەکەن و لەکۆتایشدا جەستەی دادەپۆشن، کاتێ کە ئەمرۆ منی بەجێهێشت بۆئەوەی شوێنێك پێشانی ئەو بدەم، پرسیم ئەگەر چتانێکی بێبەها کوێری نەکردبایە، چی دەبینی؟ ئایا ڕێگا دەدۆزێتەوە؟ ئەو خو و ڕەوشتێکی دژیەکی هەیە. ئامادە و بەتوانا لەهەمان کاتدا کوێر، کارڕاست و جێمتمانەیە، بەڵام دوو ڕوو و ڕیاکارە. ئایا دەزانێ کە دەغەڵبازە؟ دەیگوت یارمەتی ئەو دەدەم. ئافەرینی من دەکات. دەزانێت کەچەندە بەنەفرەتم لەدەستخۆشی لێکردن. دەزانێ کەئافەرینەکەی وەك پشتێنێکی دڕکاوییە کەتەنانەت ئەگەر لەبەردەمیشمدا بێت، لاشەم دەخورینێ؟ ئایا بەو گروپە خەڵکەوە وابەستەیە کە لە پێناوی دیاری وەرگرتندا خۆیان بۆبەخشش ئاشکرا دەکەن، بەڵام من هیچ بەدیاری نادەم، ئایا بەو دەستەیەوە وابەستەیە کە شکۆدارکردن بەرێزگرتن دادەنێن؟ ئایا لەو گروپەیە کەدەیەوێت



سەبارەت بەمن لەخۆی زیاتر شت بزانێت؟ ڕێگام نەدا شتێکیش بەو ببەخشم! ئەگەر دۆستایەتی ئارامگەیەکی ئەدەبی دەخوازێت، واباشە تەختێکی ساف و توندو تۆڵی پێبدەین!

ئەو پەسند و میهرەبانە. ئاگاداربە! لەبارەی هەندێك مەسەلەوە بۆبەرزبوونەوەی خۆی سەردەکەوێت، بەڵام ئەم کارە لەگەڵ سروشتی ئەودا ناگونجێت. تلخواردن لەقوماوێکی وەهادا یەك تراژیدیایە! من ئەو قوماوە دەناسم" زۆر سروشتییە کەمرۆڤ لەو سەرەوە تەماشابکات و بیر بکاتەوە بەسەر چی شتێکدا زاڵبووە. درەخت هەرچەندە بەرزتر و لەڕۆشنایی نزیکتربێتەوە، ڕەگەکانی زیاتر لەتاریکی و هەتا بەپیسیدا ڕودەچێت. بەڵام ئەو لەپێناوی ڕۆیشتن بۆسەرەوە یاخوارەوە هەوڵنادات. ئارەزووە ئاژەڵییەکانی هۆکاری بەهەدەردانی توانا و هێزی سووسەکردنی ئەون. سێ ژن خەریکن ڕایدەکێشن و پارچەپارچەی دەکەن، ئەویش مەمنونیانە و تەنانەت چنگە خوێناوییەکانیان دەلێسێتەوە.

یەکێ میسکی خۆی بەسەر ڕویدا دەپژێنێ وەك خۆبەختکارێ خۆی نیشان دەدات. ژن لەپێناوی کۆیلەیەتیدا قوربانی دەکات، هەڵبەتە کۆیلەیەتی ئەو.

دووەمیان ئازاری دەدات. بێهێزی دەکاتە بیانویەك تابتوانێت لەکاتی ڕێرۆیشتنندا پاڵی پێوە بدات. خۆی دەکات بەخەوتوو تاوەکو بتوانێت جەستەی بەوەوە بلکێنێ و هێشتاکەش ئەم ئەشکەنجە بچووکە نەیداوە لە دڵی و لەبەرچاوان بچووکی دەکاتەوە. کاتێك یاری تەواو بوو، لەوێ دەڕوات تا ئەم یارییە لەسایەی قوربانیەکی تردا ئەنجام بدات و ئەویش ئەمە نابینێت. لەگەڵ ئەمەشدا ژنەی خۆشدەوێت. کە هەرکارێکیش ئەنجامدەدات، سەبارەت بەنەخۆشانی هەست بەبەزەیی دەکات و خۆشی دەوێن.

سێیەمیش بەندییەکی هەمیشەیی دەخاتە ئەستۆیەوە. بەڵام من ئەوم لە دوانەکەی تر لاباشترە، چونکە لانیکەم چنگەکانی خۆی نیشان دەدات!

***نامەی فرێدرێك نیچە بۆلۆ سالۆمێ***

***دیسەمبەری ١٨٨٢***

***لۆی ئازیزی من،***

***... من باشترین پارێزەری بەرگریکار و لەهەمان کاتدا دڵڕەقترین دادوەری ئێوەم! داواتان لێدەکەم کە خۆتان حوکم بدەن و سزاکانی خۆتان دیاری بکەن ... ئەو کاتەی لە ئۆرتا بڕیارمدا کە بەر لەهەمو کەسێك ئێوە بەهەموو فەلسەفەکەی خۆم ئاشنا بکەم، ئاخ، نازانیت چ بڕیارێك بوو. پێم وابوو ناتوانرێت دیارییەکی لەوە گەورەتر بەکەسێك بدرێت.***

***ئەوکاتە حەزم دەکرد کە لەدنیادا ئێوە وەك خەونێك و دەرکەوتنی ئایدیاکانم بزانم. بەڵام ئاگاداربن کە دیدی من زۆر خراپە!***

***پێم وایە هیچ کەسێك ناتوانێت لەمە باشتر و لەهەمان کاتدا لەمە خراپتر، لەبارەی ئێوەوە بیر بکاتەوە.***

***ئەگەر من ئێوەم دروست بکردایە. بێگومان سەلامەتیەکی زۆرترم پێدەبەخشین، بەڵام بەر لەوە شتانێك کە بەهایەکی زیاتریان هەبوو، (لەگەڵ ئەوەی کە بێبەهاترین بابەتیش هەر ئەمەیە) ڕەنگە تەنانەت بایەخێکی زیاترم بەخۆم و بە ئێوەش بدایە. لەبارەی ئەو شتەی کە لەهەموو شتێکی دی زیاتر پێوەی پەیوەستم، ناتوانم تەنانەت یەك وشە لەگەڵ تۆ یان ڕێدا قسە بکەم. بیری خۆمی دەخەمەوە کە هەرگیز نازانیت چیم دەوێت. بەڵام هەندێ جار ئەم بێ دەنگییە زۆرلێکراوەخامۆشم دەکات، بەتایبەتی کاتێ کە پیاو کەسێکی خۆش دەوێت.***

***ف.ن***



# (١٥)

لــــەبەردەوامی یەکەمینی دانیشتنی ڕاوێژکردندا، بروێری پزیشك کاتێکی کەمی بۆ نیچە دانا. لەسەر پەڕەیەکی تایبەتی کە بە قەڵەوێرەکەی ئێکهار مۆلەرەوە نووسابوو، شتێکی یاداشتکرد. لەبارەی میگرەنی ئەوەوە ڕوونکردنەوەی دایە پەرستارەکان و دواتر لە عیادە لە دەفتەرێکی هاوشێوەی ئەوەی نیچە کە بۆ یاداشتەکانی لەبەرچاو گرتبوو، یاداشتی دوورودرێژی نووسی.

بەڵام نیچە لەماوەی بیست و چوار کاتژمێری داهاتوو لەدەرەوەی کارکردنی بروێردا کاتێکی زۆری ئەوی بەخۆیەوە تەرخانکرد" کاتی نەخۆشەکانی دی، ماتلیدە و منداڵەکانی و لەهەموو شتێك زیاتر پشوی شەوانەی. بریوێر دوای ئەوەی کەدەچووە سەر چرپاکەی، بەنائارامییەوە دەخەوت و دەبووە خۆراکی زیندە خەونەکان.

لە خەونیدا لەگەڵ نیچەدا لەژوورێکی بێ دیوار و لەشوێنێکی وەك سەر تەختەی شانۆ گفتوگۆ دەکەن، کرێکارەکان مۆبیلەکانیان جێگۆرکێ پێدەکرد و گوێیان لەقسەکانیان دەگرت. ژوورەکە حاڵەتێکی کاتەکی هەبوو، وەك ئەوەبوو لە پڕێکا کۆیبکەنەوە و بیبەن.

لەخەونی دووەمیدا، لە حەوزێکی گەرماودا دانیشتبوو. کاتێ کە شێرەی ئاوەکەی کردەوە، شەپۆلێك لەزیندەوەر و بورغو و سەمونە هاتنە دەرەوە و سەرباری ئەوە سلەگویەکی گەورە بەشێوەیەکی درێژو هێڵجهێنەر بەشێرەی حەوزەکەوە ئاڵا بوو. بورغوو و سەمونە گێژی دەکرد و زیندەوەرو پاشەڕۆ دڵی تێکهەڵدەهێنا.

کاتژمێر سێی بەهۆی هەمان مۆتەکەی ترسناك و بەردەوامەوە، لەخەو ڕاپەڕی. ئەردەهەژا، لەدوای بێرتا دەگەڕا و زەوییەکەی ژێر پێی شل دەبۆوە. ئەو بەقولاێیی چل پێ ڕۆچوو، دوایی کەوتە سەر بەردێکی سپی کە چەند نووسینێکی ناخوێنای لەسەر بوو.

برێویر بێداربۆوە و گوێی لەتەپەی دڵی بوو. هەوڵیدا بەبیرکردنەوە خۆی هێمن بکاتەوە. سەرەتا بیری لەوە کردەوە کە بۆچی شتەکان لە کاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆدا هێندە ئاسایی بەر چاو دەکەون، کەچی لەسەعات سێی بەیانیدا دەبێتە هۆی ترسێکی وەها. کاتێ کە ئەمە یارمەتی نەدا، پەرژایە سەر بابەتێکی تر و هەوڵیدا هەموو ئەوشتانە بێنێتەوە یادی خۆی کە ئەو ڕۆژە لەبارەی خۆیەوە بە نیچەی گوتبوو، بەلاّم هەر چەندە زیاتر بەیادی دەهێنایەوە زیاتر ئازاری دەدا. ئایا لەڕادەبەدەر قسەی کردبوو؟ ئایا بەم دانپێدانانانە نیچەی لەخۆی تۆراندبوو؟ چ فکرێ بووە هۆی ئەوەی کە هەست و سۆزە شەرمهێنەکانی خۆی لەبارەی بێرتا و ماتلیدەوە دەربخات؟ لەو کاتەدا چاو پیاخشاندنەوەی تەواوی نهێنیەکانی خۆیی بە شتێکی گونجاو و تەنانەت ئارامبەخش دەزانی، بەلاّم ئێستا کاتێ بیری لەوە دەکردەوە، تێگەیی کە نیچە چ بیرێك لەبارەی ئەوەوە دەکاتەوە، دەیزانی کە نیچە لەبارەی ئارەزووی سێکسییەوە بیروباوەڕێکی زۆر پاکی هەیە و بەهۆی ئەم مەسەلەیەوە ئەوی ئازاردا. ڕەنگیشە ئەم کارەی نەخوازراویش بووبێت.

بەلاّم بێرتا کە دەسەلاّتی بەسەر ئاگایی ئەودا هەبوو، زۆر زوو هاتە ناوە و هەموو خەیالاّتەکانی تری خستە لاوە و لە دواییدا هەموو سەرنجی بۆ خۆی کێشکرد. ئەو شەوە بێرتا هێزێکی ڕاکێشەری سێکسی نائاسایی هەبوو. ئەوی دەدی کەلەسەر خۆ و بەشەرمەوە قۆپچەکانی بالاّپۆشێکی نەخۆشخانەی دەکردەوە و بەڕووتی دەچووە زیندەخەوەوە. بروێر حەزی دەکرد لە زۆری تاسە و ئارەزووی خۆی دەستی بەرەو لای ماتلیدە درێژ بکات و بەلاّم وێناکردنی ماتلیدە لە جێگای بێرتا تەحەمول نەدەکرا و هەست کردن بەگوناهێکی قووڵ ئەوی لەم کارە پەژێوان کردەوە. سبەینێ زوو لەخەو هەڵسا تاوەکو باری خۆی سووك بکات.

بروێر هەمان ڕۆژ کاتێ کە ڕاپۆرتەکەی نیچەی دەخوێندەوە، پێی گوت: "پێم وایە ئەمشەو هێرمۆلەر زۆر هێمنتر بووە لەدکتۆر بروێر." و خەوە نائارامەکەی بۆ باس کرد، باسی لەترس و خەون و وێناکردنەکانی کرد و هەروەها باسی ئەوەشی کرد کە نەوەك قسەی زۆری کردبێت.



نیچە ژیرانە سەری لەقاند بۆ هەموو ئەو شتانەی کە بروێر دەیگوت و خەونەکانی ئەوی لەدەفتەری یاداشتەکەیدا تۆمارکرد. "دەزانن، من ئەم جۆرە شەوانە چاك دەناسم، دوێنێ شەو تەنیا یەك گرام کلۆراڵم خوارد، پێنج کاتژمێر بەسەریەکەوە نوستم. بەلاّم شەوانێکی وەها زۆر دەگمەنە. زۆربەی کات وەك ئێوە دەبم. خەون دەبینم کە لەترسی شەوان خامۆش دەبم. منیش زۆر جار لەخۆم دەپرسم کە بۆچی ترس بەسەر شەودا بالاّدەست دەبێت؟ دوای بیست ساڵ لەبیرکردنەوە بەو ئاکامە گەیشتومە کە شەو لەتاریکی نەبووە، بەڵکو زیاتر هاوشێوەی هەسارەکانە. هەمیشە هەیە، بەلاّم لەڕووناکی ڕۆژ دا ناتوانرێ ببینرێت."

نیچە لەسەر چرپاکەی هەستا، لەلای بروێرەوە تێپەری و سوڕێکی بەژورەکەدا لێدا، چووە نزیك کورسیەکانی لای ئاگردانەکەوە و درێژەی پێدایەوە: "هەروەها خەونەکان قەراڵیچەیەکی ڕازامێزن کەدەیانەوێت مەتەڵەکانیان هەڵبهێنرێت. من ئێرەیی بەخەونەکانی ئێوە دەبەم. بەدەگمەن ڕێدەکەوێ کەخەونەکانی خۆم بێنمەوە یاد. من لەگەڵ ئەو پزیشکە سویسرایییەدا هاوڕا نیم کە داوای دەکرد کاتی خۆم بەلێکدانەوەی خەونەوە نەکوژم، ئەو ئەوانەی لە ڕووداوێکی ناو زبڵدانەکان زیاتر بەشتێکی تر نەدەزانی و ناوی دەنان نمدانەوەی شەوانەی نائاگایی. دەیگوت مێشك هەر بیست و چوار سەعات جارێك بەهۆی دەرخستنی بیری زیادەی ڕۆژانەوە لەشێوەی خەوندا خۆی خاوێن دەکاتەوە!"

نیچە بۆساتێك بێدەنگبوو، و پاشتر لەبارەی خەونەکانی برویێرەوە یاداشتەکانی خوێندەوە: "مۆتەکەی ئێوە لەڕاستیدا وەك مەتەڵێکە. بەپێچەوانەوە وادیارە کە ئەو دووخەونەی تر لەگفتوگۆی دوێنێمانەوە سەرچاوەیان گرتبێ. ئێوە باکتان لەوە هەیە کە لەڕادەی خۆتان زیاتر لەبارەی خۆتانەوە قسەتان کردبێت، هەر بۆیە خەونی سەحنەی شانۆیەکی بێ دیوار دەبینن. شێرەی ئاویش بەهەمان شێوەیە کە پیسایی و زیندەوەری لێ دێتە دەرەوە. ئایا ئەم مۆتەکەیە بەهۆی ترسی ئێوەوەیە؟ پێتانوایە کە لەبارەی سەرچاوەی تاریك و کۆنی خودی خۆتانەوە زۆر قسەتان کردووە؟"

"بەڵێ، هەرچەندە کە تێدەپەڕی وێناکردنی ئەم کارە ئازارهێنتر دەبوو، من ترسام کە هەست و سۆزی ئێوەم بریندار کردبێ یان ڕووشاندبێتم و بووبمە مایەی نەفرەتی ئێوە. من ترسام کە لەبارەی منەوە ئەرێنیانە بیرنەکەنەوە."

"مەگەر ئێوەم ئاگادار نەکردبۆوە؟" نیچە لەسەر کورسییەکی ڕەحەت قاچەکانی لەسەریەك دانابوون و بەرامبەر بەبروێر دانیشتبوو. بۆجەختکردنەوە بەقەڵەمەکەی لەبەرگی دەفتەری یاداشتەکەی دا.

"ڕێك دەمزانی لەبەرامبەر خۆتاندا نیگەرانی بیر و هەست و سۆزی من دەبن. لەبەر ئەوە داوام لێکردن کە شتێکی زۆر نەڵێن. حەز دەکەم هاوکاریتان بکەم کە بوەستن و گەورەبن، نەوەك بەهۆی دانپیانانە هەڵەکانتانەوە، خۆتان بچووك بکەنەوە."

"پرۆفیسۆر نیچە لێرەدا و لەنێوانماندا جیاوازییەکی گەورەهەیە. تەنانەت هەفتەی ڕابردوو بەم هۆیەوە دەمەقاڵێمان کرد. لێگەڕێن با ئەم جارە بگەین بە کۆبەندییەکی هاوبەش. تائەو شوێنەی کە نووسینەکانتان تێگەیشتومە، لەدیدی ئێوەوە توانا، بنەمای هەموو جۆرە پەیوەندییەکە. بەڵام ئەمە لەبارەی منەوە ڕاست نابێت. من ناچمە ناو چاڵی پێشبڕکێوە، نامەوێ سەرکەوم بەسەرتاندا. تەنیا بەو ئومێدە داوای پشتیوانی ئێوە دەکەم تاوەکو دووبارە ژیانم بەدەست بهێنمەوە. بەبڕوای من گەمەی توانای نێوان ئێمە ـ کە گرنگ نییە براوە کێ بێت ـ کارێکی هیچ و بێ بایەخە."

"کەواتە دکتۆر بروێر، بۆچی کاتێك کە لاوازیەکانتان نیشانی من دا ، هێندە شەرمەزار بوون؟"

"بەو هۆیەوە نیە کە لاموابێ لەپێشبڕکێیەکدا دۆڕاوم! چ بایەخێکی هەیە؟ تەنها بەیەك هۆوە شەرمەزارم. من ڕێزم هەیە بۆ تێڕوانینی پۆزەتیڤی ئێوە سەبارەت بە خۆم و دەترسم کە لەدوای دانپیانانەکانی دوێنێوە من بەکەم بزانن! تکایە تەمەشای پێڕستەکەتان بکەن..." ـ بروێر ئاماژەی بۆ دەفتەری یاداشتەکەی نیچە کرد ـ "... ئایا خاڵی نەفرەت کردن لەخودتان لەیاد کردووە؟ لاموایە ژمارە سێ بێت. من ناچارم خودی واقیعیم بشارمەوە، چونکە زۆر لایەنی نەفرەتەنگێزی هەیە. کاتێ کە لەوی تریان جیادەبمەوە، زۆرتر ڕقم لەخۆم دەبێتەوە. تەنیا بەهۆی نیشاندانی خودی واقیعیمەوە بەوانی تر دەتوانم لەم بارودۆخە ڕزگارم بێت!"

"لەوانەیە، بەڵام تەماشاکەن ..." ـ نیچە پەنجەی بە خاڵی ژمارە دەی پێڕستەکەی خۆیدا کێشا ـ "... لێرەدا هاتووە کە ئێوە نرخێکی زۆر دادەنێن بۆ بیروڕای هاوکارەکانتان. زۆر



کەسم دیوە ڕکیان لەخۆیانە و لەڕێگای خۆنیشاندانەوە بەکەسانی دی قەرەبووی ئەو حاڵەتە دەکەنەوە. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانن بەرامبەر بە خۆیان میهرەبان بن. بەڵام ئەم ڕێگایە هەڵەیە و مایەی بچووکبوونەوەیە لە هەمبەر کەسانی تردا، ئەرکی ئێوە ئەوەیە کە سەبارەت بەخۆتان گەشبین و سازگار بن، نەوەك بەدوای ڕێگاو هۆکارێکەوە بن کە میهرەبانی بخوازن."

سەری بروێر گێژ دەبوو. توانای تێگەیشتنی ئەو تیژ و کارا بوو، وا ڕانەهاتبوو کە شکست بخوات. دیاریش بوو کە گفتوگۆ لەگەڵ نیچەدا بۆ سازشکردن نەبوو. بروێر بیری کردەوە کە ناتوانێ شکست بە بەڵگەکانی نیچە بهێنێت یاخود ناچار بە باوەڕێکی دژ بە تێڕوانینەکانی خۆیی بکات. واباشترە کە سود لە تاکتیکێکی ناکاو و نامەنتیقی وەربگرم. "نا، نا، نا! پرۆفسیۆر نیچە باوەڕ بکەن کە هەموو ئەم شتانە ڕاست و چاکن، بەڵام بەکەڵکی من نایەن! من تەنیا ئەوە دەزانم کە بەدوای پشتیگری ئێوەوەم. ئێوە ڕاست دەکەن. دوایین ئامانج دەبێ سەربەخۆبوون بێت لە داوەری ئەوانی تر، بەڵام ڕێگاکەی ـ لێرەدا تەنیا قسە لەسەرخۆم دەکەم نەوەك ئێوە ـ لەو هۆشیارییەدا پەنهانە کە من ئەوەندە نەزان نیم بتوانم بەتەواوی خۆم ئاشکرابکەم. منیش ئینسانێکم."

دواتریش ئەوەی بۆ زیاد کرد "مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە!"

نیچە بەبیستنی ناوی کتێبەکەی خۆی زەردەیەکی کرد. "پیرۆزە دکتۆر بروێر! چ کەسێ دەتوانێ سەرپێچی ئەم پەیوەندییە ڕاکێشەرەی وشەکان بکات؟ وردە وردە واخەریکە هەست و سۆزتانم بۆ ڕووندەبێتەوە، بەڵام هێشتا لە کارەکەماندا، لە گرنگی ئەم بابەتە نازانم."

بروێر وشەکانی بەدیقەتەوە هەڵبژارد و بەهۆشیارییەوە دەچوە پێشێ. "منیش بەهەمان شێوە. تەنیا شتێك بۆمن ڕوونبۆوە، ئەوەی کەنابێ سنورێك دابنێم. ئەگەر بڕیار وابێت کە بەردەوام خەریکی پێوانەی ئەو وشانە بم کەبۆ ئێوەی دەڵێم، ئەوا سەرکەوتوو نابم. حەز دەکەم پێشهاتێکتان بۆ باسکەم کە ڕەنگە گرنگ بێت. بەم دواییانە لەگەڵ ماکسی هاوەڵزاوامدا گفتوگۆم کرد. بەهۆی ئەوەی تا ئەو کاتە قسەی تایبەتی خۆم لەگەڵ ماکسدا نەکردبوو، پێموابوو کە لەڕووی ڕۆحییەوە زۆر هاوخەمی یەکتری نین. لەگەڵ ئەمەشدا بارودۆخی هاوسەرێتی من وەها خراپ بوو کە دەبوایە قسەم بکردایە. لە وەختی گفتوگۆ لەگەڵ ماکسدا بەدوایشوێنێکدا دەگەڕام، بەڵام هێندە شەرمەزار دەبووم کە ئیتر زمانم دەیگرت. دواتر ئەو

بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو چەند مەسەلەیەکی خستەڕوو کە من لەگەڵ شتانێکی وەها دەستەویەخە بووم . دانپێدانانەکانی ئەوە بەشێوەیەکی وەسفنەکراو منیان هێدی کردەوە. بۆ یەکەمین جار لەناخی دڵەوە گفتوگۆمان کرد، کە زۆر سوودبەخش بوو."

نیچە خێرا دوای ئەم بابەتە کەوت. "دەڵێین 'بەسوود'. یانی نائومێدیتان کەمتربۆوە یاخود پەیوەندیتان لەگەڵ هاوسەرتاندا باشتربوو؟ یان ئەم گفتوگۆیە تەنها بەشێوەیەکی کاتی ئارام بەخشبوو؟"

ئای، بریوێر خێرا تێگەیشت کە بێدەرەتان بووە! کاتێ کە دەڵێت گفتوگۆ لەگەڵ ماکسدا بەڕاستی بەسوود بووە بۆی، ئەو پرسیارە بۆ نیچە دێتە پێشەوە، کەواتە ئەو بەچی هۆیەك ڕێنومایی ئەوی دەوێت؟ دەبوا هۆشیار بوایە!

"بەڕاستی نازانم کەدەمەوێت چی بڵێم. تەنێ ئەوەندە دەزانم کە حاڵی باشتر کردم. شەوی دوای ئەو گفتوگۆیە بێ خەو نەبووم و لەو کاتەوە هەست بەباشی دەکەم و ئامادەییەکی زیاترم هەیە بۆ ئەزموونکردنی خۆم."

بروێر بیری لە نەزانی خۆی کردەوە. ڕەنگە داخوازییەکی سادە و ڕاستەوخۆ باشتربوایە.

"پرۆفیسۆر نیچە، دڵنیام کە ئەگەر لەڕوی هاودەردی ئێوەوە حیساب بکەم. دەتوانم بێپەردەتر قسەبکەم. کاتێ لەبارەی پەیوەندی نیگەرانکەر یا ئێرەییمەوە دەدوێم، ئەگەر بزانم کە لایەنی بەرامبەرم ئەزمونێکی هاوشێوەی هەبووە، ئارامتر دەبم. بۆنمونە پێموایە کە ئێوە دژی مەسەلەی سێکسین و تێڕوانینەکانی من لەم بارەیەوە زۆر بەکەم دادەنێن. بەو هۆیەوە من لەئاشکراکردنی ئەم بەشەی ژیانم، دوچاری ڕاڕایی دەبم."

بێدەنگی. نیچە بەهەستێکی پەرتەوازەوە لە بانەکەی دەڕوانی. بروێریش بە وردبوونەوەوە لە چاوەڕوانیدا بوو. بە نەزانی فشاری زیاد نەکرد. بەنەزانیش فشاری زیاد نەکردبوو. هیوادارببوو کەنیچەش کەمێ لەبارەی خۆیەوە بدوێ.

نیچە گوتی: "ڕەنگە من بارودۆخی خۆم بەئەندازەی پێویست ڕوون نەکردبێتەوە. ئایا لەم ماوەیەدا ئەو کتێبانەتان بەدەست گەیشتووە کە بۆ وەشانخانەکەم ڕاتانسپاردبوو؟"



"هێشتا نا. بۆچی دەپرسن؟ ئایا چەند بەشێکی وەهای تێدایە کە بۆ گفتوگۆی ئەمڕۆمان سوودمەند بێت."

"بەڵێ. بەتایبەتی لە ***دانایی شادان***دا. لەوێدا ڕوونم کردۆتەوە کە ئیشقی سێکسی هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ حەزو بزاوتەکانی تردا نییە و مەسەلەی ئەوەش جەنگینە لەسەر خاوەندارێتی و توانا. کەسی ئاشق دەیەوێت لە کۆتاییدا دەسەڵاتێکی ڕەهای بەسەر جەستە و ڕۆحی کەسی بەرامبەرییەوە هەبێت."

"ناتوانم زۆر باوەڕ بەمە بکەم. لانیکەم لەبارەی حەز و ئارەزووەکانی منەوە بەمجۆرە نییە!"

نیچەپێداگری کرد: "بێگومان هەیە، کەمێ قوولتر بڕوانن کە ئەگەر تەنانەت ئارەزوومەندی لەسەر بنەمای حەزیش بێت، هەمان دەسەڵاتدارییە. 'ئاشق' ئەو کەسەنیە کە 'ئیشق دەکات'، بەپێچەوانەوە ئەو حەزی لەدەسەڵاتداری و خاوەندارییە بەسەر مەعشوقەوە. حەز دەکات هەموو دنیا لە یەك کالاّی چاك بێبەش بکات. ئەو لەپێناوی زەخیرەی زێڕینی خۆیدا ئەژدیهایەکی خۆویستە! نەوەك هەردنیای خۆش ناوێت، بەڵکو هەموو بوونەوەرانی زیندویش بۆئەو هیچن. مەگەر خۆتان ئەمەتان نەگوت؟ بەهەمان هۆ خۆشحاڵبوون کە ـ ناوی ئەو ژنە چی بوو؟ ئەو ژنە شەلە دەڵێم."

"بێرتا، بەڵاّم ئەو بۆچی ..."

"بۆچی، بۆچی، کاتێ کە بێرتا دڵنیای کردنەوە هەمیشە وەك تەنها پیاوی ژیانی ئەو دەمێننەوە، لەخۆشیدا شاگەشکە ببوون!"

"بەڵاّم ئێوە تینوێتی زایەندی هاوڕەگەزانی خۆتان دادەماڵن! پەیوەندییەکانی من جێگایەکی تریان هەیە، نەك لەمەیدانی ڕۆحییانەی تواناداا!"

نیچە گوتی: "بەهیچ جۆرێ وانییە. من ڕاست و ڕەوان قسەدەکەم! بەهیچ جۆرێ دژی ئەوە نیم کەپیاوێك لەکاتی پێویستدا ئارەزووی بەجێ بهێنێ، بەڵاّم بێزارم لەکەسێك توانای خۆی بداتە دەست ژنێك کە خۆی بەدەستەوە داوە، ژنێکی مەکرباز کەلاوازییەکانی خۆی و توانای پیاو لەڕێگای دەسەڵاتی ژنانەوە بەکار دەهێنێت!"

"بەچ جۆرێك دەتوانیت نکۆڵی لە نەفس بکەیت؟ ئایادەتانەوێت دڵکێشی بەدرۆبخەنەوە؟ دەتانەوێ ڕەمەکێ بەدرۆ بخەنەوە کە پێمانەوە پەیوەست بووە و ڕێگای خستنەوەی نەوەمان پێئەدات؟ نەفس، بەشێکە لەژیان و خووی سروشتی."

"بەشێکە، بەڵام نەك بەشێکی باڵاو دیاری ئەو! بەزۆری دوژمنی گیانی هەموو شتە باڵاکانە. واز بێنن بائەو شتانەتان بۆ بخوێنمەوە کە ئەمڕۆ یاداشتم کردوونە."

نیچە، چاویلکە ئەستورەکەی لەچاو کردەوە و دەستی بەرەو لای مێزی نووسینەکە برد، دەفتەرێکی کۆنەی هەڵگرت کەپڕبوو لەنووسینی ناخوێنا. لاپەڕەکانی هەڵدایەوە و لەسەر لاپەڕەی کۆتایی وەستا. لەکاتێکدا کە لووتی ئاوا بەلاپەڕەکەوە نووسابوو، خوێندیەوە.

"نەفس، دەڵەسەگێکە کە هێرش دەکاتە سەر پاژنەی پێلاوەکانمان، ئەگەر پارچە گۆشتێکی لێبگریتەوە، ئەوا ئەم دەڵەسەگەی نەفس چەندێ باش دەزانێت کەبۆ پارچەیەك ڕۆح گەدایی بکات."

دەفتەرەکەی داخست. "لەبەر ئەوە گرفتەکە بوونی مەسەلەیەکی سێکسی نییە، بەڵکو ئەوەیە کە ئەم کارە پلە بە پلە شتێکی بەنرختر، بێپایان بەنرختر لەناودەبات! نەفس و وروژان و شاوەت، پیاو دەگۆڕن بەکۆیلەیەك! گەلەی عەوام کە وەکو بەراز لە دەراوی شاوەتدا دەلەوەڕێن، ژیانی خۆیان بەهەر دەدەن."

"دەراوی شادەت!" بروێر ئەم وشانەی چەندین جار دووبارە کردەوە. زیاتر لەگەڵ خۆی دەیگوت و سەری لە توورەیی نیچە سورمابوو. "ئێوە لەم بارەیەوە تێڕوانینێکی زۆر لێبڕاوانەتان هەیە. لەهەموو کات زیاتر گەرموگوڕتر و پڕهەستتر قسە دەکەن."

"بۆ سەرکەوتن بەسەر تاسە و ئارەزوودا، پێویستیمان بە تاسە و ئارەزوویەکی زیاتر هەیە! زۆر کەس لەژێر چەرخی گچکەی ئارەزوودا ئەشکەنجە دراون."

بروێر هەوڵیدا شانسی خۆی تاقی بکاتەوە .پرسی: "ئێوە لەم بارەیەوە ئەزموونتان هەیە؟ یاخود ئەوە ئەزموونە ئازار دەرەکانتانە بۆتە هۆی ئەم هۆشیاریەتان؟"



"سەبارەت بە ڕادەربرینەکەی پێشوتان لەبارەی سوودی مانەوەی نەوەکانەوە، شتێکی ترتان لێ دەپرسم ..."

به ڕێزەوە پەنجەکانی لەهەوادا ڕاوەشاند. "... ئایا بەر لە خستنەوەی نەوە، نابێ ئێمە داهێنانێکمان هەبووبێت و دروست بووبێتین؟ بەرپرسیاریەتی لە بەرامبەر ژیاندا لە ئەفراندنی شتێکی باڵاتردایە، نەوەك لە زۆر کردنی شتێکی خراپتردا. نابێت هیچ شتێك لەسەر ڕێگای پێگەیشتنی قارەمانی ناوەوەی ئێمەدا هەبێت، ئەگەر نەفس ببێتە ڕێگری، دەبێ بەسەر ئەویشدا زاڵ بین."

بروێر بیری دەکردەوە! "باشە هەر ئێستا بیدرکێنە! یۆزیف لەڕاستیدا تۆ لەم باسەدا لاوازی. نیچە بەئاسانی بەسەر هەموو ئەو پرسیارانەدا تێدەپەڕێت کە حەز ناکات وەڵامیان بداتەوە."

"پرۆفیسۆر نیچە دەزانن، من لەڕوی ئەقڵانییەوە پشتگیری زۆرێك لەو شتانە دەکەم کە ئێوە دەیلێن. بەڵام باسەکەی ئێمە زۆر تیۆرییە و کەمتر لەوە تایبەتیترە کە سوودی بۆ من هەبێت. ڕەنگە لەڕادەبەدەر واقیعبین بم. بەڵام کرۆکی کارەکەی من لەدەستنیشانکردنی پزیشکی و لە چارەسەری نارەحەتیە هەست پێکراوەکان دایە."

بروێر بۆ پێشەوە نوشتایەوە و ڕاستەوخۆ تەماشای ڕوخساری نیچەی کرد. "هەڵبەتە زۆر باش دەزانم کە کەموکوڕییەکانی من بە ڕێگای ڕاستەوخۆ چارەسەر ناکرێت. لێ ئێمە لە گفتوگۆکانماندالەحەد بەدەر بە دژە ئاڕاستەی ئەودا لائەدەین و وتەکانی ئێوە یارمەتییەکی من نادات. دەڵێن دەبێت بەسەر نەفسی خۆمدا، کە حەزو ئارەزووی خراپی منن، باڵادەستبم. دەڵێن دەبێ ڕووەو باڵا هەڵکشێم، بەڵام ناڵێن چۆن چۆنی باڵادەستبم و قارەمانی ناوەوەی خۆم بەهێزبکەم. ئەم قسانە جوانن و لێوانلێون لە شیعر، بەڵام بۆ من و لە شوێنکاتی مندا، جگە لە دەنگ و دوکەڵ شتێکی تر نین."

نیچە کەوا دیار بوو نەکەوتبوە ژێر داخوازی بروێرەوە، وەکو مامۆستایەیەك سەبارەت بە قوتابییە بێئارامەکەی وەڵامی دایەوە: "لەکاتی خۆیدا فێرتان دەکەم کە چۆن چۆنی باڵادەست بن. ئێوە دەتانەوێ بفڕن، بەڵام بەبێ فێربوونی فڕین ناتوانن بفڕن. دەبێ سەرەتا ڕێرۆیشتن فێربن و لەم ڕێگایەشدا یەکەمین هەنگاو" قەبووڵکردنی ئەو ڕاستیەیە کە ئەگەر کەسێك گوێڕایەڵی

خۆی نەبێت، ئەو کات دەبێت فەرمان لەوانی تر وەربگرێت. گوێڕایەڵبوونی ئەوانی تر، سادەترە، زۆر سادەترە لە فەرمانپێدانی خود." دوای کردنی ئەم قسانە نیچە شانەیەکی گچکەی لە گیرفانی دەرهێنا و دەستیکرد بەشانە کردنی سمێڵەکانی.

"'گوێڕایەڵبوونی ئەوانی تر سادەترە لەفەرمانپێدانی خود!' پرۆفیسۆر نیچە، دیسانەوە دەپرسم بۆچی ڕاستەوخۆ لەگەڵمدا نادوێن؟ من لەبارەی نەفسەوە لەڕایەکانتان دەگەم، بەلاّم داخۆ مەبەستتان لەمنە؟ باشە ئەبێ چ بکەم؟ ببورن کەزۆر ڕەشۆکیانە دەدوێم. ئێستا ئیتر خواستەکانی من تەواو خاکی و نا پیرۆزن. من خوازیاری شتانێکی زۆر سادەم" وەکو ئەوەی کە بتوانم شەوانە دوور لەگوشاری مۆتەکە و زیاتر لەسەعات سێ بخەوم و تەپەی دڵم کەمتر بێتەوە. ترسی من لێرەدا حاڵەتێکی ماڵی هەیە، ئالێرەدا." ئەو بە پەنجەی لە ناوەڕاستی قەفەسەی سینگی دا و درێژەی پێدایەوە: "شتێك کە من دەمەوێت، پەرگیرییەکی شاعیرانە نییە، بەڵکو شتێکی تەواو ئینسانییە.من پێویستیم بەهاوخەمی کەسێکە" ئایا ناتانەوێت بە من بڵێم کە لەم حاڵەتانەدا چی بەسەر ئێوە داهاتووە؟ هیچ کاتێك عەشقێك یان ترس و نیگەرانییەکی وەك منتان هەبووە؟ چۆن بەسەریدا سەرکەتن؟ بۆئەم کارە چەنێ پێویستتانبەکات هەبوو؟"

"دەموسیت سەبارەت بەبابەتێکی تر قسەتان لەگەڵدا بکەم." نیچە ئەمەی گوت و شانەکەی لابرد و بۆچەندەمین جار وەك ئەوەی پرسیارەکەی بروێری نەبیستێ، گوتی: " هێشتا کاتمان ماوە؟"

بروێر بە دڵساردییەوە ڕۆچووە ناو کورسییەکەیەوە و وادیار بوو کە نیچە دەیویست بەهەمان شێوە پرسیارەکانی ئەو بێ وەلاّم بەجێبێڵێت. هاواری لەخۆی کرد کە ئارام بگرێت. تەماشای کاتژمێرەکەی کرد و نیچەی دڵنیاکردەوە لەوەی کە هێشتا چارەکە سەعاتێك کاتی هەیە. "بیرم کردۆتەوە لەوەی کە هەموو ڕۆژێك لەکاتژمێر دە بێم و سی تا چل خولەك بمێننەوە. هەڵبەت لەوانەشە بەهۆی کارێکی پێویستەوە ناچار بم زووتر بڕۆم."

"چاکە! ئەمەوێ شتێکی گرنگتان پێبڵێم. ئێوە گلەیی ئەوە دەکەن کە بەختیار نین." نیچە بەدوای پێڕستی گرفتەکانی بروێردا پەڕەکانی دەفتەرەکەی هەڵدایەوە. "ئەوەتا 'نائومێدی' لە بەرزترین شوێنی پێڕستەکەماندا دانراوە. ئەمڕۆ باستان لە ترسی خۆتان و دڵەکوتە و ترسی نارەحەتییەکانی دڵ، کرد."



"نارەحەتی پەردەی دەرەکی دڵ."

"بەڵێ، سوپاستان دەکەم. بەم پێیە زۆر شت لەیەکترەوە فێر دەبین. نارەحەتی پەردەی دەرەکی دڵ، ترسی شەوانە، بێخەوی و نائومێدی. ئێوە لەبارەی ئەم فشارانە و ئارەزووەکانی خۆتانەوە بۆ چارەسەری خێرای ئەم ئازارانە قسەی زۆرتان کرد. گلەیی دەکەن کەئەم دانیشتنانە وەکو گفتوگۆ لەگەڵ ماکسدا ئێوە ئارام ناکاتەوە."

"بەڵێ، هەروەها ..."

"هەروەها حەزدەکەن ڕاستەوخۆ بەدوای ئەو فشارانەتان بکەوم کە دێتە ناوتانەوە و دڵنەواییتان بکەم."

"زۆر ڕاستە." بروێر دووبارە لەسەر کورسییەکەی خۆی چەمایەوە و بەدڵگەرمییەوە سەری ڕاوەشاند.

"بەر لە دوو ڕۆژ بەتووندی دژایەتی ئەو پێشنیارەم کردن کەڕۆلی ڕاوێژکار ـ یا هەر شتێك کە ناوەی لێ بنێین ـ بگێڕم و یارمەتیتان بدەم تاوەکو بەسەر نائومێدیتاندا زاڵ بن. لەبەرامبەر ئەوەی کە من بەپسپۆڕێ بزانن بەرگریم کرد، ئەگەر چی سالاّنێکە لەم بارەیەوە لێکۆڵینەوە دەکەم، بەلاّم کاتێك وردتر لێی ڕادەمێنم، حەق بە ئێوە دەدەم. من پسپۆڕێکم، دەتوانم شتانێکی زۆرتان فێر بکەم، سالاّنێکی زۆری ژیانی خۆمم بەخشیوەتە لێکۆڵینەوە لەبارەی نائومێدیەوە. بەر لە دوو مانگ ئەلێزابێسی خوشکم نامەیەکی نیشان دام کە لە ساڵی ١٨٦٥دا، واتا لە ٢١ ساڵیدا نووسیبووم، ئەلیزابێزس هەرگیز نامەکانم ناداتەوە و هەموویان کۆدەکاتەوە. لە بیری ئەوەدایە کە ڕۆژێك مۆزەخانەیەك لە نووسینەکانی من دروستبکات و پارەی چوونە ژوورەوە وەربگرێت. وەك ئەوەی ئەلێزابێس دەناسم لەوانەیە هەوڵ بدات جەستەم پڕکەن و بمخاتە نمایشەوە. لەو نامەیەدا وتبووم کە ئاسایی دوو جۆر ژیان هەیە: گروپێك بەدوای ئاسوودەیی ڕۆح و بەختیارییەوەن .ئەمە باوەڕی ئەوانە و ناچارن پشت بەو باوەڕەی خۆیان ببەستن. گروپەکەی تریش بەدوای واقیعەتدا دەگەڕێن. ئەمانە گوێ بە ئارامی ڕۆحی نادەن و دەبێت ژیانی خۆیان ببەخشنە گەڕان لەپێناوی مەعریفەتدا.

ئەم بابەتە لە ٢١ ساڵیدا بۆمن ڕوون بوو. ئێستا کاتی هاتووە کە ئێوەش فێری ئەوە بن. دەبێ ئەمە پشتیوانتان بێت. دەبێت لەنێوانی ئاسوودەیی و ئارامی یا لێگەڕانی واقیعییەت یەکێکیان هەڵبژێرن! گەڕان بەدوای مەعریفە و ئازادی لەبەندەیی ئاسوودەبەخشی بانسروشتی هەڵبژێرن، بڕیار بدەن کە بەچ شێوەیەك دەتانەوێت پێش بکەون. ئەگەر باوەڕداربوون بەخراپ بزانن و بێخودا بن، لەهەمان کاتدا ناتوانن چاوەڕوانی ئەوە بن کە بگەن بە ئاسوودەیی کەسانی باوەڕدار! ئەگەر خودا بکوژن، ئەوا دەبێ سنوری دەسەڵاتی ئەو پەرستگایەش بەجێ بێڵن کە پاڵتان پێوەداوە."

بروێر بەهێمنی دانیشتبوو، لەپەنجەرەکەوە تەماشای دەرەوەی ئاسایشگاکەی دەکرد. پیاوێکی پیر بەچاوانی نوقاوەوە لەسەر کورسییەکی پێچکەدار دانیشتبوو، و پەرستارێکی گەنج دەیبردە گەڕانێ. بیروڕایەکانی نیچە هێزێکی گومڕاکەر و زۆر بەتوانای هەبوو. کارێکی سادە نەبوو کە بەدەنگ و دوکەڵێکی فەلسەفی دابنێ. لەگەڵ ئەمەشدا بۆ چەندین جار هەوڵی خۆیی دا.

"ئێوە مەبەستەکەتان بەجۆرێك باس دەکەن، دەڵێی من لە کەماڵی هوشیاری ئەوانەدا هەڵبژێردراوم، بەڵاّم هەڵبژاردنی من هێندەش هۆشیارانەوە قووڵ نەبوو. بڕیاری من لەسەر بێخودایی، کەمتر لەڕووی هۆشیارییەوە بوو، و زیاتر لە نەتوانایی باوەڕی داستانە ئاینزاکانەوە بوو. من زانستم هەڵبژارد، چونکە لەپێناوی ئاشکراکردنی نهێنیەکانی جەستەدا تەنیا ڕێگا بوو."

"کەواتە خواستی خۆتان لە خۆیشتان شاردەوە. ئێستا ئەبێ فێربن کە ژیانی خۆتان قەبووڵ بکەن و ئازایەتی ئەوەتان هەبێت کە بڵێن: 'من بەمجۆرەم دەویست!' ویست، نیشانەی ناسینەوەی مرۆڤەکانە بۆکۆنترۆڵکردنی خود و هێز!"

بروێر بەزەحمەت دەیتوانی بە ئارامی دانیشێت. دەنگی نیچە وتاربێژیی وەبیردەهێنایەوە و دەیشلەژاند. بۆچی وەها بوو؟ بێگومان بەهۆی باوکی کەشیشییەوە بوو کە لە پێنج ساڵیدا لەدەستی دابوو. ئایا ڕێی تێدەچێت کە ئەم توانا وحەزی وتاردانەی بە میراتی بۆ مابێتەوە؟

نیچە درێژەی بەقسەکردنەکانیدا. "ئەگەر دەتانەوێ پەیوەستیتان بەو گروپە کەمەوە هەبێت کە بەبێ بوونی خودا چێژ لە شادومانی ئازادی وەردەگرن، دەبێ چاوەڕوانی گەورەترین ئازارەکان بن. ئەمانە دوو ڕوی یەك دراون" ناتوانی بە تەنیا هیچ کامیان تاقیبکەیتەوە! ئەگەر ئازارێکی



کەمتریشتان دەوێت، ئەوا دەبێ بەهەمان شێوەی کە فەیلەسوفە ڕەواقییەکان کردیان و خۆیان بەگەورەترین چێژ سپارد، خۆتان گچکە بکەنەوە."

"پرۆفیسۆر نیچە، من بەهیچ جۆرێك لەو بڕوایەدا نیم کە ئەبێت ئەم جیهانبینییە نەخۆشی ئاسایە پەسەند بکەم. ئەمە زیاتر ڕەنگ و بۆی بیروباوەڕی شۆپنهاوەری هەیە، دواجار بیروباوەڕی تریش هەیە کە کەمتر ڕەشبینانە بێت."

"ڕەشبینانە؟ دکتۆر بروێر بۆ تەنها جارێك ئەوە لەخۆتان بپرسن کە چ کەسانێك بەدوای ئاسایش و ئارامی و بسکوڕی جاویدانەوەن؟ خۆم وەڵامەکەی دەڵێم" کەسانێك بەچاوانێکی داماڵدراو لەهۆش، مێگەل و منداڵەکان!"

"پرۆ فیسۆر نیچە، مەبەستتان ئەوەیە کە گەورەبوون، خەڵاتی ئازارە ..."

نیچە قسەکانی ئەوی بڕی. "نەوەك تەنیا گەورەیی، بەڵکو هێزیش هەیە. درەختێك کە دەیەوێت لووتبەرزانە بەرەو ئاسمان هەڵگژێت، ناتوانێت لەئاست باهۆزەکاندا چاوانی بگرێت. ئەگەر ڕێگا بدەن گوتەیەك لەخۆم دەگوازمەوە" بەر لە چەند ڕۆژێك لەمبارەیەوە شتێکم نووسی."

دیسانەوە نیچە دەفتەری یاداشتەکەی کردەوە و خوێندیەوە: "مرۆڤ بۆ ئەوەی هەسارەیەکی سەماکار بافرێنێ، دەبێت خرۆشێکی تێدابێت."

ئاوازی مامۆستایانەی نیچە وردەوردە زیاتر دەبووە مایەی ئازاری بروێر و وەکو دیوارێك لە نێوانیان دا دروست دەبوو. بروێر بیری دەکردەوە ئەگەر توانای هەبێت نیچە لە هەسارەکان بێنێتە خوارەوە هەموو شتێك ئاسانتر دەبوو! "دیسانەوە زۆر ئەبستراکتی بوون، تکا دەکەم بەهەڵە لە مەبەستەکەم مەگەن، پرۆفیسۆر نیچە. وشەکانتان بەهێز و کاریگەرن، بەڵاّم کاتێك تەنیا نووسینەکانی خۆتانم بۆ بخوێننەوە، ماجەراکە شێوەی گفتوگۆیەکی دوو کەسی لەدەست دەدات، دەرك بەوە دەکەم کە ئێوە چی دەڵێن. بەڵێ ڕاستە. نەخۆشی خۆی لە خۆیدا بەرهەم و گەورەبوون و توانا و هێزێکی داهێنەرانەیە. من ئا بەمە لە قسەکانتان تێدەگەم ..." ـ بروێر سەری نیشاندا ـ "... بەڵاّم لێرەدا شتێك ڕوونادات ..." ـ ئەوجا سکیشی نیشاندا ـ "... ئەگەر بڕیار وابێ هاوکاری من بکرێت، ئەوا قسەکانی ئێوە دەبێت ئا لەوێدا بەمن بگات کە

ڕیشەی ئەزموونی تێدایە. من لەناوەوەمدا هەرگیز هەست بەگەورەبوون ناکەم و هەسارەیەکی سەماکەر نائەفرێنم! لەکۆتاییدا هەست بەتێکەڵی و پێکەڵی دەکەم!."

نیچە پێکەنینێکی کردو پەنجەی شادەی بەرزکردەوە. "دەی هەر ئەمەیە کەخۆتان دەڵێن ئیتر! گرفتەکە ڕێك لەوێدایە! بەهۆی چییەوە هەست بەگەورە بونێك ناکەن؟ بەهۆی چییەوە هزری باڵاتان نییە؟ دوێنێ کاتێك کە پرسیم ئەگەر بیرە نامۆکان بەسەرتاندا باڵا دەست نەبوایە، بیرتان لەچی دەکردەوە، مەبەستم ئەمە بوو. تکایە پاڵ بدەنەوە و چاوانتان داخەن و لەگەڵ مندا تاقیکردنەوەیەکی فیکری ئەنجام بدەن.

ئێمە خۆمان دەسپێرینە دیمەنێکی دوورە دەست. کە دەشێ لەسەر لوتکەی کێوێك بێت و پێکەوە سەیری ئەوێ دەکەین. لەو دوورە دەستەوە پیاوێك دەبینین کە لە توانای سوسەکردنیدا بەئەندازەی هۆشمەندییەکەی، هەستیاریشە. ئێستا سەرنجی ئەو دەدەین، ئەو بەهۆی وەسوەسەوە سەردەمێك بە قووڵی لە ناوەوەی خۆی ڕوانیوە و لەوە زیاتری بینیوە کە حەزی لێبووە! دەشێ کەڵبە بڕندەکانی ڕۆژگار، وای لێکردبێت کە هەستی بە هیچێتی خۆی و فانیبوونی دونیا کردبێت. تا ئەو ڕۆژەی کە ئەو چێژی وەك هۆکارێك بۆ بەندکردنی ترس ئاشکراکرد، ئەم ترسە برینێکی بەسوێ بوو. بۆیە سوپاسگوزارانە ڕێگای بەخۆیدا کە شاوەت بەرەو ئاگایی ئەو بکەوێتە ڕێ و شاوەتیش کە تەحەمولی هیچ ڕەقیبێکی نەبوو، زۆر زوو هەموو خەیاڵەکانی تری دەرکرد. بەڵام هەواوهەوەس بیرناکاتەوە، ستایش دەکات و شتەکان وەیاددەهێنیتەوە. بەم پێیە پیاوەکە دەستیکرد بە خۆسپاردن بە چێژ، خۆی دایە دەست یادگارییەکانی بێرتا، بێرتا شەل. ئیدی تەماشای دوورە دەستی نەدەکرد، بەڵکو خۆی لە خەیاڵی پەرجوئاسای جووڵەی پەنجە و لێوەکانی، گفتوگۆ و زمانگرتنی، ڕێڕۆشتن و لەنگینی ئەودا بەسەردەبرد.

بە خێرایی تەواوی بوونی ئەو لە شتەبچووکەکانەوە ئاڵا. شەقامە پان و پڕدرەختەکانی ئاگایی ئەو کە بۆ هزرینی باڵا و نایاب ئامادەبوون، پڕبوون لە تێوەگلان. یادگارییەکانی لەباتی بیر و خەیاڵی گەورە، وەك تارمایی ڕەنگی پەڕی و ترسێکی بێڕەنگی لێنیشت. تەنها یەك نیگەرانی مایەوە، یەك ئاگایی پۆشراو کە نەختێ ڕەخنەی تێدایە.



پەرێشان لەنێوان گیرۆدەبوونەکانی ئاگاییدا بەدوای ڕەگوڕیشەی هەژمینەکانییەوە بوو. وەك ئەوەی کە وەڵامی وی لەناو زبڵدا بێت، ئەمرۆکەش لەحاڵی ژێراوژوورکردنی پیس و پۆخڵیدا دەیبینن. سەرباری ئەوەش داوا لە من دەکات کە لەگەڵ ویدا خەریکی کنەکردن بم!"

نیچە بێدەنگ بوو، چاوەڕوانی وەڵامێ یا کاردانەوەیەك بوو لەلایەن بروێرەوە. بێدەنگی.

نیچە پێداگری کرد: "بڵێن، ڕاتان چییە لەبارەی پیاوێکەوە کە خستوومانەتە ژێرچاودێرییەوە؟"

بێدەنگی.

"دکتۆر بروێر، بیر لە چی دەکەنەوە؟"

بروێر بە چاوانی نوقاوەوە بە بێدەنگی دانیشتبوو. دەتگوت قسەکانی نیچە ئەوی هیپۆنۆتیزم کردووە. "یۆزیف! یۆزیف! بیرتان لەکوێیە؟"

بروێر تەکانێکی خێرای بەخۆیدا، چاوانی کردەوە و لە نیچەی ڕوانی.

"یۆزیف، تێناگەن لەوەی کە گرفتی ئێوە بەهیچ جۆرێ هەژمێن نییە؟" ڕیشەی هەیەجان و گوشاری ئێوە چییە؟ چ کەسێ گفتی ئاسوودەیی پێداون؟ ئێوە خراپ دەخەون، باشە دەی چییە؟ نەخێر گرفتی ئێوە هەژمێن نییە. گرفتی ئێوە ئەوەیە کە مژارێك بەهەڵە دەتانهەژمێنێ!"

نیچە تەماشای کاتژمێری کرد. "وەك ئەوەی کە دەبینم ئێوەم زۆر درەنگخستووە. با ئەم دانیشتنەش بە داخوازییەك کۆتایی پێبهێنم کە دوێنێ لێمکردن. تکا دەکەم لەم بارەیەوە بیرکەنەوە، کە ئەگەر بێرتا ڕۆحی ئێوەی ڕامنەکردایە، بیرتان لە چی دەکردەوە؟ ئەمە قەبووڵ دەکەن؟"

بروێر سەری ڕاوەشاند و خوداحافیزی کرد.

### گوڵبژێرێك لە یاداشتەكانی دكتۆر بروێر

### دەربارەی ئێكهارد مۆلەر ـ ٦ دیسەمبەری ١٨٨٢

لە درێژەی گفتوگۆی ئەمڕۆماندا، ڕووداوی سەیر قەومان. هیچ شتێك بەو شێوەیە نەبوو كە پێشبینیم كردبوو. ئەو تەنانەت وەڵامی پرسیارەكانیشمی نەدایەوە و هیچ شتێكی لەبارەی خۆیەوە نەگوت. ئەو وەها بە جیدی ڕۆڵی ڕاوێژكاری دەگرێ كە چەندین جار پێكەنین دەمگرێ. لەگەڵ ئەوەشدا ئەگەر لەدیدگای ئەو بڕوانین ئەوا تەواو لۆژیكییە. وەفای بۆ بەڵێنی خۆی هەیە و هەوڵدەدات بەتەواوی وجودییەوە یاریدەی من بدات. بۆیە ڕێزم بۆی هەیە.

تەماشاكردنی جەنگینی هەستی ئەو لەگەڵ گرفتەكاندا، سەرنجڕاكێشە. چۆن دەتوانێت كۆمەكی كەسێكی وەك من، مرۆڤێ لە گۆشت و خوێن، بكات؟ بەڵام ئەم كۆمەكە تا ئێستا بەتەرزێكی دەركنەكراو و پشتەستوور بەمانای زمانەوانییە. ئایا بەڕاستی لایوایە كە دەربڕینی لۆژیكیانە و قسەی جوان دەتوانن گرفت چارەسەر بكەن؟

لە یەكێ لە كتێبەكانیدا دەنووسێت كە لە ستراكتۆری ئەخلاقیاتی فەیلەسوفێكەوە دەتوانیت لەوە تێبگەیت كە ئەو چۆن فەلسەفەیەك دەخوڵقێنێت. بەڵام من لەو بڕوایەدام كە هەمان بابەت بۆ ئەم جۆرە ڕاوێژانەش ڕاست دەبێت. كەسایەتی ڕاوێژكارێك دیاریكەری ڕەوشی كاری ئەوە. بەهۆی ترسی ئەو لە پەیوەندییەكان و هەڵاتنی لە ئینسانەكان و كۆمەڵگا، ڕەوشەكەی ناتایبەتی و پچڕپچڕە. هەڵبەتە ئەو ئاگاداری ئەمە نییە.

بە كۆششكاری تێۆرەكانی دەسازێنێت تاوەكو ڕەوایی بە ڕەفتارەكانی خۆی ببەخشێت و پاساویان بدات. بەهیچ جۆرێ پارێزوانی تایبەتی خۆی ناخاتە بەردەستی هیچ كەسێك. هەرگیز دەستی بۆ هاودەردی درێژناكات و لە بورجێكی زۆر دوور و باڵاوە دەرس دەڵێتەوە. لە پێناوی قەبووڵكردنی خۆیدا سەری دەبەخشێ و هاودەردی مرۆیی لە من دەشارێتەوە. بەڵام جگە لەیەك شت! ئاوا لە كۆتایی دانیشتنی ئەمڕۆدا ـ لەیادم نییە كە دەربارەی چی بوو ـ لەناكاو منی بە یۆزیف بانگكرد. لەوانەیە دروستبوونی متمانە، لەوە زیاتر كە بیرم لێدەكردەوە، من دڵشاد بكات.



ئێمە بە ڕەوشێكی سەیرەوە لەسەر ئەوە دەجەنگین كە كام یەكمان دەتوانێت یارمەتیدەرێكی گەورەتربێت بۆ ئەوی تر؟ ئەم پێشبڕكێیە ئازاری من دەدات. دەترسم كە ئەمە بكشێت بۆ چەسپاندنی ئەسڵی توانای ئەو لەبارەی پەیوەندییە مرۆییەكانەوە. وابزانم دەبێ ئامۆژگاری ماكس بەكاربێنم. دەست لە پێوانەكردنی خۆم هەڵبگرم و هەوڵبدەم تا ئەو شوێنەی كە دەشێت لەوەوە فێری شتەكان ببم. باڵادەستبوون بەسەر ئەم بارودۆخەدا بۆ ئەو زۆر گرنگە. زۆر ئاماژە دەبینم كە خۆی بە سەركەوتوو وێنادەكات. جەخت لەسەر ئەوە دەكاتەوە كە دەتوانێت زۆر شت فێری من بكات، یاداشتەكانیم بۆ دەخوێنێتەوە، تەماشای سەعات دەكات و بەبێ ئەوەی كە ئەركێكم بەسەردا بدات، بە گەورەییەوە ڕێگای مەرەخەسبوون بە من دەدات. ئەمانە گشتیان تووڕەم دەكەن! بەڵام دوایی بەو هۆیەوە خۆم ئارامدەكەمەوە كە من پزیشكم، من بۆ چێژی تایبەتی سۆراخی ئەوم نەكردووە، نەشتەرگەری لووی یەك نەخۆش چێژێكی تایبەتی نییە!

ئەمڕۆ بۆ ساتێكی كورت چوومە خولسەیەكی سەیرەوە. بەڕاستی حاڵم بە جۆرێك بوو، كە دەتگوت لە زیندەخەودام. دەشێ بۆ خەواندنی موگناتیسی ئامادەییم هەبێت.

### چەند بەشێك لە یاداشتەكانی فرێدریك نیچە

### دەربارەی دكتۆر بروێر ـ ٦ دیسەمبەری ١٨٨٢

هەندێ جار بۆ فەیلەسوفەكان گرفتاری دەركردن لە دەركنەكردن گەورەترە. ئەو دەیەوێت لە حەدی خۆی زیاتر و بەوردی لە من تێبگات“ هەوڵدەدات فەرمانی ڕاشكاو و ورد لە من وەربگرێت. حەزدەكات ڕێگای من ئاشكرابكات و ئەویش بەهەمان ڕێگادا بڕوات. هێشتا نازانێت كە ڕێگای من و ڕێگای تۆ هەیە، نەك یەك ڕێگا. بەڵام ڕاستەوخۆ ئەوەم لێناپرسێت، لەباتی ئەوە دەمخاتە ژێر گوشارەوە و گوشارەكانی خۆی بەجۆرێكی تر نیشاندەداتەوە. یانی هەوڵدەدات بە من بسەلمێنێت كە ئاشكراكردنی نهێنییەكانم بۆ ڕەوتی توێژینەوەكانی ئێمە مایەی چاوپۆشیلێكردن نییە، و ئەمەش یارمەتی ئەو دەدات كە بە سانایی بدوێ و فەزایەكی مرۆییانە لە نێوانماندا دروست ببێت. وەك ئەوەی كە لیتەماڵینێكی دووكەسیش بە مانای

*مرۆڤبوون بێت! من هەوڵدەدەم بۆی ڕوونکەمەوە کە توێژەرەوانی واقیعییەت باکیان لە باهۆز و ئاوە لیخنەکان نییە. ئێمە تەنیا لە تەنکاوەکان دەترسین! ئەگەر بڕیاربدەم کە ئەزموونە پزیشکییەکان وەك نمونەیەك بۆ ئەم کارە وەرگرم، داخۆ نابێ بە دەستنیشانکردنێك بگەم؟ زانستێکی زۆر نوێ، یانی دەستنیشانکردنی نائومێدی! لەبارەی خودی ئەوەوە ئەمە دەستنیشانکردنی منە: کەسێکە حەزێکی زۆری لە ئازادکردنی ڕۆحی خۆی هەیە و لەگەڵ ئەمەشدا نایەوێت پێوەندە بیروباوەڕییەکانی خۆی فڕێبدات. ئەو تەنیا بەدوای بەڵێ و هەڵبژاردنی ئەرێنییەوەیە. نایەوێت لە بارەی 'نەخێر' و چاوپۆشیلێکردنەوە شتێك ببیستێت. خۆی فریو دەدات. بڕیار دەدات و کەچی ناشیەوێت خودی بڕیاردەر بێت. دەزانێت کە بەدبەختە، بەڵام ناخوازێت ئەوە قەبووڵبکات کە لەڕێگایەکی هەڵەدا بەدبەخت بووە! چاوەڕێی بارسووکی و دڵدانەوە و بەختیاری لە من دەکات، بەڵام دەبێ بەدبەختییەکی زۆرتری بۆ دروستبکەم. دەبێت وەکو پێشتر سەرلەنوێ بەدبەختییەکی بچووك و بێبایەخی بۆ بگۆڕم بە بەدبەختییەکی گەورەتر و باڵاتر.*

*ئەبێ بە چ شێوەیەك بەڵایەکی بچووك لە ناوببرێت؟ بە چ شێوەیەك ئازار بگۆڕین بە دروستکاری؟ من میتۆدی خودی ئەو بەکار دەهێنم ـ لەبارەی خۆمەوە یان کەسی سێیەمەوە قسان دەکەم ـ کە هەفتەی پێشوو لەسەر من تاقیکردەوە. کاتێ کە نەزانانە هەوڵی دەدا من گومڕابکات بۆ ئەوەی خۆم بەدەستی ئەو بسپێرم" ڕێنومایی ئەوم کرد تاوەکو لە بورجێکی بەرزترەوە لەخۆی بڕوانێت، بەڵام ئەمە لە توانای ئەو زیاتر بوو. وەختەبوو ئەقڵی لەدەستبدات. بۆیە ناچار بووم وەك منداڵێك لەگەڵیدا بدوێم، ناچاربووم بە یۆزیف بانگی بکەم تاوەکو سەرلەنوێ گیانێکی پێببەخشمەوە.*

*بارێکی گرانم لەسەرشانە و لەپێناوی ئازادکردنی خۆم و ئەویشدا، دەجەنگم. لێ وەکو بروێر نیمە" بەدبەختی خۆم دەناسم و بەباوەشی کراوەوە بەرەو پیری دەچم و ئەوجا لۆسالۆمێش شەل نییە. بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەزانم کە ئاشقبوونی کەسێك یانی چی. کەسێ کە پیاو بەئەندازەیەك خۆشی دەوێت، ڕقیشی لێیەتی!*



# (١٦)

بروێر لەو مژارەدا هونەرمەندێکی کارامە بوو کە نەخۆشەکانی خۆی بە ئاڕاستەی گفتوگۆیەکی دۆستانە بکێشێت و ئەم گفتوگۆیە بە ڕاوێژێکی پزیشکی بگۆڕێت. بەڵام بڕیار وانەبوو کە ڕۆژی دوایی لە کلینیکی لاوزۆن لە هۆبەی ژمارە ١٣ بە پێشەکی هۆنینەوە ڕابگات" نیچە ڕایگەیاند کە حاڵی زۆر باشە و نایەوێ کاتی گرانبەهای خۆی بە گفتوگۆ دەربارەی نیشانە گەلێك کە بوونیان نییە، بەهەدەربدات. پێشنیاریکرد باشتروایە کە یەکسەر بچنە سەر بابەتی ئەسڵی.

"دکتۆر بروێر بێگومان سەرەی منیش دێتەوە، چونکە نەخۆشی من هەرگیز بۆ ماوەیەکی زۆر ون نابێت، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بە مەرەخەسی ڕۆیشتووە دەپەرژێینە سەر گرفتی ئێوە، ئایا سەبارەت بەو پێشنیارەی دوێنێ کە بۆ ئەزموونێکی فیکری کردم، هیچ پێشڕەوییەکتان کردووە؟ ئەگەر خەیاڵکردن بە بیرتاوە مژۆڵی نەکردبان، بیرتان لەچی دەکردەوە؟"

"پڕۆفیسۆر نیچە وازبێنن با لە بارەی بابەتیکی ترەوە قسەبکەین. دوێنێ بۆ ماوەیەکی کورت حاڵەتی ڕەسمیت وەلانا و منتان بە یۆزیف بانگکرد، کە بۆ من زۆر ئاسایی بوو، و هەستمکرد لە ئێوە زۆر نزیکتربوومەتەوە و زۆر خۆشیم لێهات. هەرچەندە کە پەیوەندی ئێمە بەهۆی ئیشێکەوەیە، بەڵام ماهییەتی ڕووداوەکە جۆرێك لە سەمیمییەتی پێویستە. ئایا ڕازین کە بەناوی بچووکەوە یەکتری بانگ بکەین؟"

نیچە کە هەموو ژیانی خۆی بەجۆرێ ڕێکخستبوو کە بەپێی توانا خۆی لەم جۆرە پەیوەندییە خۆمانەییانە بپارێزێت، لە نێو خەیاڵیدا ڕۆچوو، سەری وەرگێڕا و بەدوای وشەی گونجاودا گەڕا. لەدواییدا کاتێ کە دیاربوو خۆی لە ڕەتکردنەوەی لێزانانەی ئەم پێشنیارە کەمتوانا بینی، بەنابەدڵییەوە سەری وەك ئاماژەی بەڵێ ڕاوەشاند. لە وەڵامی پرسیاری دواینی بروێردا کە حەز دەکات بە فرێدریك یان فریتز بانگیبکات، نیچە بە گرژییەوە گوتی: "تکادەکەم بڵێن فرێدریك: ئێستا با دەست بە کارەکەمان بکەین!"

"بەڵێ، وا چاکە دەستپێبکەین! با بەدوای پرسیارەکەی ئێوەدا بڕۆین، چی شتێك لە پشتی بێرتاوە شاراوەیە؟ دەزانم کە لەپشتی ئەوەوە چەشمەیەك لە گوشاری قووڵ و تۆخ هەیە کە بە بڕوای من بەر لە چەند مانگێك یان ڕاستتر بڵێم لە چوونە چلساڵیمەوە هەڵقوڵاون. فرێدریك دەزانن لە چل ساڵیدا، ترس نائاسایی نییە. ئامادە بن، تەنها دوو ساڵی ترتان لە بەردەمدایە کە خۆتانی بۆ ئامادە بکەن."

بروێر زۆر چاك دەیزانی کە لەم دەنگەی ناخی ئەو نارەحەتە، بەڵام لە ئەویشدا بەشێك بە تاسەی نزیکبوونەوەوەیە.

نیچە بە ئاگاییەوە وەڵامیدایەوە: "لەمبارەیەوە نیگەرانیم نییە، چونکە من لە بیست ساڵییەوە، چل ساڵەم!"

سەیرە ئەمەی دی چیبوو؟ بێگومان جۆرێکە لە نزیکبوونەوە بەڵام بە دوودڵییەوە! بروێر کەوتە یادی بەچکە پشیلەیەك کە بەمزوانە ڕۆبەرتی کوڕی دۆزیبویەوە. بە ڕۆبەرتی گوت کە جامۆڵەیەك شیری بۆ دابنێت و هەنگاوێ بێتە دواوە. " لێگەڕێ با بەهێمنی شیرەکەی بخواتەوە و لە ئامادەبوونی تۆ ڕابێت، دواتر کە هەستی بە ئاسایش کرد دەتوانی بیلاوێنیتەوە." بروێر هەنگاوێك چووە دواوە.

"ئەبێ بەچی شێوەیەك باسی ئەم فیکرەیە بکەم؟ من خەیاڵی شووم و ترسناکم هەیە. هەندێ کات هەستدەکەم کە ژیانم لە ترۆپکی خۆی ڕەتبووە." بروێر وەستا و بیری لەوە کردەوە کە ئەمەی بەچی شێوەیەك بۆ فرۆید باسکردبوو. "من بە ترۆپك گەیشتوومە و کاتێ کە تەماشای لایەکی تر دەکەم بۆ ئەوەی کە بزانم چی شتێك لە ڕێدایە، دیمەنی دابەزینی خۆم دەبینم.



دابەزین بەرەو پیری، پیرێتی، موی سپی یا..." بە پەنجە لە سەری خۆیدا کە وردە وردە کەچەڵ دەبوو. "... یاخو ئەسڵەن نەبوونی موویەك. ئاخ نا، ئەمە هەمووی نییە. دابەزین هێندەی ئەوە من نارەحەت ناکات کە هەستدەکەم ئیتر بەرزبوونەوەیەك لەئارادا نییە."

"بەرزنابنەوە دکتۆر بروێر؟ بۆ نابێ ئیتر سەرکەون؟"

"دەزانم کە وازهێنان لە نەریتەکۆنەکان گرفتە، بەڵام تکادەکەم کە بە یۆزیف، بانگم بکەن."

"زۆر باشە یۆزیف، لەبارەی ڕاوەستانی سەرکەوتنتانەوە قسە بکەن."

"فرێدریك، هەندێ جار لە کن خۆم وا دەبینم کە بۆ هەرشتێك ڕێگاچارەیەکی ڕازئاسا هەیە، بابەتێکی ئەسڵی بە ڕیشەیەکی قووڵەوە کە دەگۆڕێت بە ئەفسانەیەك و فەرمانڕەوایی ژیانی مرۆڤ دەکات. وەختێ کە مناڵ بووم کەسێ منی بە 'کوڕێژگەیەکی لە ڕادەبەدەر ئایندەڕوون' بانگکرد. ئەم گوتەیە ڕایکێشام. هەزاران جار لە تەنیاییدا ئەم گوتەیەم دووبارەکردۆتەوە، بەزۆری وادەرمدەهێنا کە بە دەنگی بێژەرێکی دەنگ زوڵاڵ بیخوێنمەوە: کوڕێژژژژژگەیەکی لە ڕادددددەبەدەر ئایندەڕڕڕڕوون" بەدەنگی بەرز و زوڵاڵ دەخوێندەوە. هەتا ئەمڕۆش لەژێر کاریگەری ئەم وشانەدام!"

"ئەو 'کوڕێژگە لەڕادەبەدەر ئایندەڕوون'ە چی لێهات؟"

"پرسیارێکی جوانە! زۆرکات هەمان پرسیار لەخۆم دەکەم. کوڕێژگە چی لێهات؟ تەنێ ئەوە دەزانم کە ئیدی ئایندەیەکی ڕوون بوونی نییە و بەسەرچووە!"

"تکایە زیاتر بۆم ڕوونکەنەوە."

"گومانم هەیە کە بزانم. لێ لاموایە کە شتێك بزانم، دەبێ ئامادەکاری تەواوم هەبێت تا بە باڵا بگەم. ئایندەی ڕوون بە مانای بەدەستهێنانی سەرکەوتن لە ڕێی دۆزینەوەی زانستییەوە بوو. من بەڵا و موسیبەتم بەسەر بەدەستهێنانی ئایندەیەکی ڕووندا هێنا. من پزیشك و هاوڵاتییەکی ناسراوم، چەند وتارێکی گرنگی توێژینەوەییم نووسیوە، تا کاتێ کە وێنەی ڕووداوەکان دەکێشرێ، بەهۆی ئاشکراکردنی ڕۆڵی لایبرینتی گوێچکەی ناوەوە لە هاوسەنگی

لەشدا، ناوی من دەهێنرێت. سەرباری ئەوە لە ئاشکراکردنی جەرەیانێکی ڕێکخستنی هەناسەداندا پشکێکم هەیە کە بە ڕیاکسیۆنی هێرینگ ـ برویر بەناوبانگە."

"کەوایە یۆزیف، ئایا پیاوێکی خۆشبەخت نین؟ داخۆ ئایندەیەکی درەوشاوەتان نەبووە؟"

تۆنی دەنگی نیچە برویری گێژ کرد، ئایا بە ڕاستی دەیویست بزانێت؟ برویر دەیویست کە بە جیدی وەڵامی پرسیارەکە بداتەوە.

"بە ئامانج گەیشتوومە. بەڵام بێزراوبوون. سەرەتا نەشئەی سەرکەوتنێکی نوێم هەبوو کە چەند مانگێك بەردەوام بوو. ئەم نەشئەیە وردە وردە بە خێراییەکی زیاترەوە لەناودەچوو. پاشتر چەند هەفتە، چەند ڕۆژ، یا تەنانەت چەند کاتژمێرێك درێژەی دەکێشا. ئەمڕۆ ئەو شادییە هێندە خێرا دادەمرکێتەوە کە ئیتر خەریکە کارم لێناکات. ئەوڕۆ لاموایە کە ئامانجە شاراوەکان، ئامانجی ڕواڵەتی بوون، نەك ئەو ئامانجە گەورەیەی کە بڕیاروابوو کورێژگەیەکی لەڕادەبەدەر ئایندە ڕوون پێی بگات. ئیتر ڕێگای خۆم نادۆزمەوە. ئیدی ئامانجە کۆنەکان بەلامەوە سەرنجڕاکێش نین، و ئیتر ناتوانم ئامانجی نوێ بدۆزمەوە. کاتێ کە لەبارەی ژیانمەوە بیردەکەمەوە، هەستدەکەم خیانەتم لێکراوە یاخود فریودراوم. دەڵێی گۆڵی فەلسەفەی جیهانی هەبوونم خواردووە، یان ژیانم بە شێوازێکی هەڵە بەهەدەرداوە."

"شێوازێکی هەڵە؟"

"شێوازی کورێژگەیەکی لەڕادەبەدەر ئایندەڕوون، نەغمەیەکە کە لە هەموو ژیانمدا لەبەرخۆمەوە گوتوومەتەوە!"

"یۆزیف، شێوازەکە ڕاست بووە، لێ سەماکەتان هەڵەبووە!"

" میتۆدی ڕاست بە سەمای هەڵەوە؟ مەبەستتان چییە؟"

نیچە بێدەنگ بوو.

"مەبەستتان ئەوەیە کە لەوانەیە من وشەی 'ڕوون'م بە هەڵە لێکدابێتەوە؟"

"بەهەمانشێوە وشەی 'لەڕادەبەدەر'یش، یۆزیف."



"تێناگەم، دەتوانن مەبەستەکەتان ڕوونترکەنەوە؟"

"دەشێ فێربن کە مەبەستی خۆتان ڕوونتر دەرببڕن، ئەمەش بۆ خۆتانە. لەماوەی ئەم چەند ڕۆژەدا تێگەیشتم کە لە دەرمانکردنی فەلسەفیدا دەبێ فێری گوێگرتن لە ناوەوەی خۆت ببیت. مەگەر بەمنتان نەگوتبوو کە نەخۆشەکەتان، واتا بێرتا، لەڕێگای باسکردنی هەموو گرفتەکانییەوە خۆی چارەسەر کرد؟ چی ناوێکتان لەو پرۆسەیە نابوو؟"

"'بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵی دڵ' دەستەواژەی ساختەی بێرتا. ئەم زاراوەیە بەمانای ئەوە بوو کە ئەو لە ڕێگای پاکسازی ئاگایی خۆی لە هەموو خەیاڵە ئەزییەتدەرەکان، مێشکی خۆی ئارامدەکردەوە."

نیچە گوتی: "چ وێناکردنێکی گونجاوە! ڕەنگە واپێویست بێت کە هەر لە ئێستاوە لە گفتوگۆکانی خۆماندا ئێمەش ئەم میتۆدە بەکاربهێنین. ڕاتان چییە کە لە بارەی 'کورێژگەی لە ڕادەبەدەر ئایندەڕوون' ەوە سوود لەوە وەربگرین؟"

برویر سەری بردە دواوە. "پێموایە هەموو شتێکم لەمبارەیەوە گوتبێ، ئێستا ئیتر تەمەنێك بەسەر کورێژگەدا تێپەڕیوە. لە ژیاندا بە خاڵێك گەیشتووە کە ئیدی مانایەکی تێدا نابینێتەوە. ئامانجی ژیانی ئەو ـ ئامانجەکانم کە بۆ چنینەوەی میوەی ژیان منیان بۆ پێشەوە دەهاژۆت ـ نەفامانە دێنە بەرچاوم. کاتێ کە بیر لەوە دەکەمەوە کە بەدوای ئامانجی بێهودەوە بوومە و ژیانی خۆمم بەهەدەرداوە، دووچاری نائومێدی دەبم."

"کەوایە دەبایە وەدوی چ ئامانجێك کەوتبای؟"

برویر هەستیکرد بەهێزبووە" چونکە ئێستا نیچە گەرمتر و بە ئومێدێکی زیاترەوە قسەی دەکرد، وەك ئەوەی زەمینەیەکی ئاشنای بۆ ڕەخسابێت.

"دەی ئەوە هەمانشتی خراپە ئیتر! ژیان تاقیکردنەوەیەکە بەبێ وەڵامی ڕاست. ئەگەر توانیبام جارێکی تر لەنوێوە دەستپێبکەمەوە، پێموایە دووبارە هەموو شتێکم بە هەمانشێوە ئەنجامدەدایەوە و هەڵەکانم دووبارە دەکردەوە. بەم دواییە خەیاڵی ڕۆمانێك بە مێشکمدا دێت، خۆزگە توانا و ئامادەیی نووسینم هەبایە! پیاوێکی تەمەن مامناوەندی بهێننە بەرچاو کە ژیانێکی بێبەرهەمی هەیە و لەبەرامبەر مێردەزمەیەکدا دەوەستێت کە دەتوانێت ئیمکانیکی

پێبدات بۆ ئەوەی کە بە هۆشیارییەکی تەواوەوە لە ژیانی ڕابردووی، جارێکی تر بژی. ئاساییە کە پیاوەکە خێرا قەبوڵی دەکات، بەڵام بە هەموو سەرسوڕمان و ترسێکەوە تێدەگات کە هەروەکو پێشووی دەژی، بەدوای هەمان ئامانجەوەیە، هەمان بڕیارەکانی وەردەگرێتەوە و هەمان هەڵەکانی دووبارە دەکاتەوە."

"ئەو ئامانجانەی کە ژیانتان لەسەر بنەماکانی بنیاتناوە لەکوێوە سەرچاوەدەگرن؟ ویستی ئەنجامدانیان بە چی شێوەیەك دێتە نێو بوونتانەوە؟"

"ویستی ئەنجامدانیان! ویست و ویستن وشەگەلی جێبایەخی ئێوەن! کوڕێژگە تەمەن پێنج، دە یا بیست ساڵەکان ژیانی خۆیان خۆشناوێت. تەنانە من نازانم لەبارەی ئەم پرسیارەوە چۆن بیربکەمەوە."

نیچە وەڵامی دایەوە: "بیرمەکەنەوە، بلەز بڕۆن!"

"ئامانج" ئامانج لە کولتوور و دەوروبەرەوە سەرچاوە دەگرن. مرۆ لە ڕێگای هەواوە ئەوانە هەڵدەمژێ و دەیدا بە ناوەوەی. هەموو ئەو کوڕێژگانەی کە لەگەڵیاندا گەورەبوومە، لە فەزای هەمان ئامانجدا هەناسەیان دەدا. هەمووومان دەمانویست لە ناوچەی جوونشین ئەولاتر بچین، ڕێگای خۆمان بەڕووی جیهاندا بکەینەوە و سەرکەوتوو، دەوڵەمەند و لەپێش بین. هەموو دونیاش هەمان شتی دەخواست! هیچ یەك لە ئێمە ئامانجی هوشیارانەی نەبوو" ئامانجەکان لەوێندەرێ بوون و ڕیشەی زەمان و کۆمەڵگا و خێزانی منیان پێکدەهێنا."

"کەچی سوودێکی بۆ ئێوە نەبوو، یۆزیف. ئەوانە زەمینەگەلێکی تۆکمە نەبوون کە بتوانرێ ژیانێکیان لەسەر دابمەزرێت. لەوانەیە بۆ هەندێ گونجاو بن، بۆ نمونە کەسانی کورتبین و داماو کە لە هەموو ژیانیاندا بەدوای سامان و دەسکەوتەوە بوون، یا هەتا بۆ کەسانێك کە بەرەو سەرکەوتن هەڵدەکشێن و ئەو توانایان هەیە کە هەمیشە بەدوای ئەو ئامانجە تازانەوە بن کە دەستیان پێڕادەگات. بەڵام ئێوەش هەروەکو من چاوێکی تیژبینتان هەیە، زۆر لە قووڵایی ژیان دەڕوانن. تێگەیشتن کە گەیشتن بە ئامانجی هەڵە، بێهودەیە و هەبوونی ئامانجی نوێی هەڵەش، بێهودەترە. ئەنجامی لێکدانی سفر لە سفر، هەر سفرە!"



ئەم قسانە کۆششێکی گەورەی لە بروێردا دروستکرد. ڕەنگی هەموو شتەکانی دەورووبەری ـ دیوارەکان، پەنجەرە، سۆپای دیواری و تەنانەت پەیکەری نیچە ـ گۆڕا. بەدرێژایی ژیانی لە چاوەڕوانی ئەم گفتوگۆیەدا بوو.

"بەڵێ، فرێدریك، ئێوە لە هەموو شتەکاندا لەسەر حەقن، جگە لەو باوەڕە سەرسەختانەتان لەسەر ئەوەی کە مرۆڤ ڕێگای ژیانی خۆی بە یاریدەی ویستی هێزی خۆی هەڵدەبژێرێت. بەتەنها مرۆڤ، ئامانجی ژیانی خۆی هوشیارانە هەڵنابژێرێت، ئەم بابەتە بەپێی هەلومەرج و زەمان دەگۆڕێت. وانییە؟"

"حەزنەکردن بە دیاریکردنی ڕێگای ژیان بەو مانایەیە کە مرۆڤ هەبوون و بوونی خۆی بەدەستی چارەنووس بسپێرێت."

بروێر نارەزا بوو: "بەڵام چ کەسێ ئازادی هەڵبژاردنی هەیە؟ کەسێك ناتوانێ لە دیدگاکانی زەمان و کولتوور و زەمانی خۆی پێی ئەولاتر دابنێت..."

نیچە قسەکەی ئەوی بڕی: "مامۆستایەکی زیرەکی جوولەکە، ئامۆژگاری قوتابییە گەنجەکانی دەکرد. ئەو گوتی: "'ئەگەر دەتانەوێ ئازاد بن، دەبێ بکەونە زەمانێکەوە کە لە ئازیزترین کەسانی خۆتان هەڵبێن.' هەنگاوێکی وا لایەقی ئەو کوڕێژگە لەڕادەبەدەر ئایندەڕوونە بوو! دەبێ ئەمە هەمان سەمای دروست بێت بە میتۆدێکی ڕاست."

"سەمای دروست بە میتۆدێکی ڕاست!" بروێر هەوڵیدا کە لەسەر مانای وشەکان چەقبگرێت. بەڵام لەپڕدا لە قووڵاییڕا هەستی بە دڵساردی خۆی کرد.

"فرێدریك، من بەهەموو ئارەزووییەکەوە لەبارەی ئەم شتانەوە قسەدەکەم، بەڵام دەنگێکی ناوەکی بێوەستان دەڵێت: 'ئایا ئەم کارە ئێمە بەرەوپێش دەبات؟' باسی ئێمە دەربارەی هەڵکشانی باڵاییە لە بزوتندا و تەپەی دڵ و سەرقورسی منیش هەروا ماوەتەوە."

"ئارامتان هەبێ، یۆزیف. ئائائۆ. پێویستی بە چەندێ لە کات هەبوو بۆ بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵی دڵ؟"

"ڕاستەکەن. چەند مانگێ درێژەی کێشا! بەڵام خۆ ئێمە چەند مانگێکمان لەبەردەستدا نییە، سەرباری ئەوە جیاوازییەکی بنەڕەتیش هەبوو. ئەو هەمیشە بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی سوودی لەم میتۆدە وەردەگرت، لەکاتێکدا کە ئەم تیۆریچنییەی ئێمە لەبارەی ئامانج و شێوازی ژیانی من، بچووکترین پەیوەندی بە ناڕەحەتییەکانی منەوە نییە!"

وەك ئەوەی کە بروێر قسەی نەکردبێت، نیچە بە ڕەحەتی درێژەی دایە: "نەتانگوت کە دۆزینەوەی وەڵامی ئەم پرسیارانە، بەمزووانە، واتە لە چلەمین ساڵوەگەڕی ژیانتاندا بۆ ئێوە گرنگبوونە؟"

"بەرهەڵستی ئێوە دنەی چاکبوونەوە دەدا، فرێدریك! ئەمە من ناچار دەکات کە لەبەرامبەر خۆمدا زیاتر ئارامبگرم. لەبەر ئەوە ئەگەر ئێوە چلەمین ساڵوەگەڕی لەدایکبوونی من بە سەرنجڕاکێش دابنێن کەواتە دەبێ فشار بۆ خۆم بێنم وەڵامتان بدەمەوە. چلەمین ساڵ، ساڵێکی پڕگرفت بوو، ساڵی دووەمین قەیرانی من. یەکەمین زەڕبەی سەرەکیم لە بیست و نۆ ساڵیدا بەرکەوت. کاتێ کە ئۆپۆلسەر، خاوەنی کورسی ئوستادیی پزیشکی هەناو، بووە قوربانی پەتای گرانەتا، ئەمە لە شانزەیەمی ئاوریلی ساڵی ١٨٧١ دا بوو. من هەرگیز ئەم مێژووە لەبیرناکەم . ئەو مامۆستا و باوکی دووەمی من بوو."

"وای! باوکانی دووەم بۆ من گرنگییەکی زۆریان هەیە، تکایە لەمبارەیەوە زیاتر قسەم بۆبکەن."

"ئەو گرنگترین ئوستادی من بوو. هەموو دەیانزانی کە ئەو منی بە میراتگر و جێنشینی خۆی دەزانی. لە ڕاستیدا وەك شایستەترین کاندید دەبوایە کورسی ئەویان بە من بدایە. کەچی ئەم کارەیان نەکرد. ڕەنگە کەموکوڕی خۆیشم بووبێت. بە بیانووی هۆکاری سیاسی و مەزهەبییەوە یەکێکی تریان هەڵبژارد. لەئاکامدا بەهۆی ئەوەی کە ئیتر ئەوێ شوێنی من نەبوو، تاقیگا و کەرەستەکانی خۆمم بۆ ماڵەوە گواستەوە و عیادەم کردەوە." بروێر بە خەمگینییەوە دوایی پێهێنا: "ئەمە کۆتایی ئایندەی لەڕادەبەدەر ڕوونی خوێندنی من بوو."

"گوتتان ڕەنگە کەموکووڕی خۆتان بێت؟ مەبەستتان چی بوو؟"

بروێر بە چاوانی حیرەتەوە تەماشای نیچەی دەکرد. "وەرە ئەمە ببینە! بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو لە فەیلەسوفەوە گۆڕا بە دکتۆر! ئێوە وەکو پزیشکێ گوێیەکانتان تیژدەکەنەوە. هیچ شتێکتان بەسەردا تێناپەڕێت. ئەم ڕوونکردنەوە کورتەم لەبەر ئەوە زیادکرد چونکە



دەمویست ڕاستگۆ بم. کەچی ئەم برینە هێشتا ئازاری دێت. نەدەبوا لەمبارەیەوە قسەم بکردایە و ئێوەش ڕێك لەویادا گرتمتان."

"ئایا لەوە گەیشتوون کە هەرکاتێ فشارم بۆ ئێوە هێنابێت بۆ ئەوەی بەپێچەوانەی ئارەزووتانەوە شتێك بڵێن، هەوڵتانداوە لە ڕێگای شکۆمەندکردنی منەوە خۆتان بەهێزبکەن؟ ئایا هێشتاوەکو بانگەشەی ئەوە دەکەن کە جەنگێ بەسەر تواناادا لە پەیوەندی ئێمەدا هیچ ڕۆڵێکی نییە؟"

بروێر بە کورسییەکەیدا ڕۆچوو. "دیسانەوە ئەم بابەتە ناخۆشەتان باسکردەوە!" دەستی بە ئاماژەی ڕەتکردنەوە ڕاوەشاند. "وازبێنن با ئیتر لەمبارەیەوە گفتوگۆ نەکەین! تکادەکەم لەوە گەڕێن."

پاشتر درێژەی پێدا: "نا، ئارامبگرن! لێگەڕێن با ڕوونکردنەوەی دواییینم بدەم، ئێوە بە یاساغکردنی خۆتان لە نیشاندانی هەرجۆرە ڕایەکی فەرمی، دەبنە هۆی دروستبوونی پەیوەندییەك کە چاوەڕوانی دروستبوونی بوون. ئەمەش میتۆدێکی زانستی خراپە، ئێوە بەم ئیشەتان کار لە ئەنجامەکان دەکەن."

"میتۆدێکی خراپی زانستی؟" نیچە بۆ ساتێك بیریکردەوە. دواتر وەك ئاماژەیەکی پشتگیری سەری بۆ ڕاوەشاند. "ئێوە ڕاست دەکەن! باسەکە تەواو بوو! بگەڕێینەوە سەر باسەکەی خۆمان. مانای ئەوەی کە ئێوە لە ڕێگای سەرکەوتنی کەسێتی خۆتاندا کارێکی زۆرتان بە ئەنجام نەگەیاندووە، چییە؟"

"چاکە، چەند خاڵێك هەن کە دەبێ بگوترێن. من بۆ نووسین و چاپکردنی وتارە زانستییەکانم کاتێکی زۆرم خەرج دەکرد. لە ئەنجامدا ئامادەکاری خۆمم پشتگوێ خست. لە جڤاتە گرنگە پزیشکییەکاندا ئەندام نەبووم و هۆیەکەشی نازانم. لەوانەیە کە لێرەدا توانا ڕۆڵێکی هەبووبێت، دەشێ کە ترسم لە ململانێ هەبێت. بۆ من کردنەوەی گرێی هەستی هاوسەنگی کۆترێك ئاسانترە لە پێوانەکردنی خۆم لەبەرامبەر ڕەقیبێکدا. گومان دەکەم ئەمەش هەمان ترسە لە ململانێ و کاتێ کە بیر لە بێرتا و کەسێکی تر دەکەمەوە ئەزیەتم دەدات."

"ڕەنگە لەو بڕوایەدا بووبن کە کوڕێژگەیەکی لەڕادەبەدەر ئایندەڕوون، پێویستی بەوە نییە کە ڕێگاکەی بە چنگ و ددان بکاتەوە؟"

"بەڵێ، لە ڕاستیدا هەر هەمان هەستم هەبوو. ئەگەر هۆیەکەی هەرچییەك بێت، خوێندنی ڕۆژانی زانکۆیی من بەسەختی کۆتایی هات. ئەمە یەکەمین زەڕبەیەك بوو بۆ من کە بووە مایەی ئاگاداربوون لە بێهودەبوونم. یەکەمین زەڕبە لە ئەفسانەی وادە بێپایانەکان."

"ئەمە لە بیست و هەشت ساڵیدا. بەڵام کاتێ کە بە چل ساڵی گەیشتن دووەمین قەیران دروستبوو؟"

"ئەوە برینێکی قووڵتربوو. بوونە چل ساڵ ئەو ئومێدە پووچەی لەناوبرد کە هەموو دەرگاکان بە ڕوومدا کراوەیە. بەهۆی زەڕبەیەکەوە لە هەقیقەتێکی بەڵگەنەویستی ژیان تێگەیشتم، لەوەی کە کات بەرەودوا ناگەڕێتەوە و ژیانم بەخێرایی تێدەپەڕێت. لەپێشیشدا ئەمەم دەزانی، بەڵام لە چل ساڵیدا ئەم هۆشیارییە شێوەیەکی تر بەخۆیەوە دەگرێت. ئێستا دەزانم کە ئەو 'کۆڕێژگە لەڕادەبەدەر ئایندەڕوون'ە داهۆڵێك بوو کە من بە بەرزم ڕاگرتبوو، بەهۆی ئەوەی کە من و براکانم بەهەماهەنگی و پێکەوە بەرەو سانی مەرگ دەڕۆیشتین، ئەسڵەن گرنگییەکی نەبوو."

نیچە بە تووڕەییەوە سەری راوەشاند. "ئێوە بینین و مەعریفە ناودەنێن زەڕبە؟ بیرلەوە بکەنەوە کە چەندێ فێربوونە، یۆزیف! تەنها مرۆڤە بەختیارەکان بەم جۆرە شوناسە دەگەن کە ڕابردوو زەمانێکە و ناکرێ لێی دووربیت و هەروەها ئەوەش کە ئیرادە ناتوانێت خواستەکان بگەڕێنێتەوە!"

"بەختیارەکان؟ چ ناولێنانێکی سەیرە! من لە نزیکبوونەوەی مردن تێدەگەم. توانایەکم نییەو بێبایەخم و ژیان مانا یاخود بەهای ڕاستەقینە ناناسێت، کەچێ ئێوەش بە من دەڵێن بەختیار؟"

"ئەو واقیعییەتەی کە ئیرادە ناتوانێت خواستەکان بگەڕێنێتەوە، بەو مانایە نییە کە ئیرادە بێتوانایە! ئەوەی کە وتراوە خودا ـ سوپاس بۆ خودا! ـ مردووە، بەو مانایە نییە کە هەبوونی مانای خۆی لەدەست دەدات! ئەوەی کە مردن نزیکدەبێتەوە، بە مانای ئەوە نییە کە ژیان بێبەهایە. بەڵام ئەمانە شتگەلێکن کە دەمەوێت ئێوەیان لێنزیك بکەمەوە. ئیتر بۆ ئەمڕۆ بەسە" ڕەنگە زۆریش بووبێت. دەمەوێ تکاتان لێبکەم کە لە بارەی دانیشتنی ئەمڕۆوە جارێکی تریش بیربکەنەوە، بەڵام بەقووڵی بیرکەنەوە!"



لەکاتێکدا کە بروێر لە دوایین ڕستەی چاوەڕواننەکراوی نیچە حیرەتمابوو، تەماشای سەعاتی کرد و بینی کە هێشتا دەخولەك کاتیان ماوە، بەڵام ناڕەزایی دەرنەبڕی و مینا قوتابییەکی خوێندنگا کە ڕێگای پێدراوە لەکاتی خۆی زووتر بڕواتەوە بۆ ماڵەوە، لە ژوورەکەی نیچە هەڵات.

***گوڵبژێرێك لە ڕاپۆرتی دکتۆر بروێر***

***دەربارەی ئێکهارد مۆلەر ـ ٧ دیسەمبەری ١٨٨٢***

***ئۆقرە، ئۆقرە، ئۆقرە. ئیستا تازە بە تازە لە مانای ئەم وشەیە تێدەگەم. نابێ دوایین ئامانجم لە دەست بدەم. هەنووکە هەر هەنگاوێ کە بەپەلە و گوێپێنەدانەوە هەڵبهێنرێتەوە، مەحکومە بە شکست. بیر لە دەستپێکی یاری شەترەنج دەکەمەوە. داشەکان بە هێواشی و سیستماتیك دەجوڵێنین تاوەکو ناوکێکی بەهێز دروستبکەین. هەموو جارێ ناتوانرێ لەجووڵەیەك زیاتر بە داشەکان بدرێ و نابێ قەڵا لە وادەی خۆی زووتر بێتە ناو یارییەوە.***

***ئەم کارەش میوە دەدات! ئەو هەنگاوە گەورەیەی کە ئەمڕۆ بەرەوپێشەوە هەڵێنرایەوە، ڕاهێنان بوو لەسەر هێنانی ناوی بچووککراوە. کاتێ کە پێشنیاری ئەوەم کرد، هەناسەی سوار بوو، ئەو لەگەڵ هەموو بانگەشەکانیدا سەبارەت بە ئازادی ڕۆحی، لە دڵەوە وەك ڤییەنایییەکە. ئاوا بەئەندازەی خۆمانە نەبوون، ئاشقی ناونیشانی خۆیەتی! دوای ئەوەی کە چەند جارێك بەناوی چکۆلەوە بانگی ئەوم کرد، خۆیدا بەدەستی ئەم مژارە حەتمییەوە.***

***خێرا فەزایەکی دی زاڵ بوو. دوای چەند خولەکێ کەمێ دەرگاکەی کردەوە، ئاماژەی بەوەدا کە ئەویش قەیرانی زۆری هەبووە. لە بیست ساڵیدا هەستی بە چل ساڵی کردووە. ئیدی من زۆر نەچوومە نێو ئەم مژارەوە، یانی بەڕاستی نەچووم! بەڵام دەبێ دووبارە بەدوایدا بچمەوە!***

***بەڕاستی ڕەنگە ژیرانە بێت کە لەپێناوی یارمەتیدانی ئەودا چاوپۆشی لە هەموو کردەوەکانم بکەم و لەباتی ئەوە خۆم بە دەستی ڕەوتی ڕووداو و هەوڵەکانی ئەو بۆ یارمەتیدان بسپێرم. هەرچەند***

*کە خۆم ناواقیعیتر نیشاندەم و هەوڵێکی کەمتر لە ڕێنوومایی ڕەوتەکەدا بدەم، باشترە. ئەو وەکو سیگمۆند وایە“ وەکو باز تیژبینە و لە هەموو جۆرە ڕیاکارییەك تێدەگات.*

*گفتوگۆی ئەمڕۆ وەکو جارانی پێشوو لە کۆلیژی فەلسەفەی بێرنتانۆ وروژێنەر بوو. هەندێ جار منی تەواو کۆت و بەند ئەکرد. ئایا ئەم کارە پێویست بوو؟ چەندین جار بێزاری خۆمم لە پیربوون، لەناوچوون، پووچی و هەموو خەیاڵە ترسناکەکانم، دەربڕی. زۆر سەیرە کەوا حیکایەتێکی کۆنی وەکو ئەو ‘کورێژگە لەڕادەبەدەر ئایندەڕوون’ە سەرنجی ڕاکێشابوو. دڵنیانیم کە توانیبێتم لە بارەی بابەتە دیاریکراوەکانەوە ئەو بەو ئەنجامە بگەیەنم کە دەیویست!*

*ڕاموایە ئەمڕۆ ڕوونتر لە میتۆدی ئەو تێگەیشتم، بەهۆی ئەوەی کە باوەڕی وایە ئاشقبوونی بێرتا تەنیا بەکەڵکی ئەوە دێت کە من لەمەسەلەی بوون دووربخاتەوە، هەوڵدەدات کە من بەرەو لای ئەو مەسەلانە ڕابکێشێت و پێستەکانیان بکەنێ، لەوانەیە ئەمکارە لە پێناوی بەهێزبوونی هەژمینی مندا ئەنجامبدات. بەمپێیە بێبەزەییانە دەچێتە ناو مەسەلەکانەوە و پێشنیاری هیچ جۆرە یارمەتییەك ناکات. بەو سروشتەوە کە هەیەتی ئەم جۆرە کارانە بۆ ئەو گرفتێك نین.*

*بە ڕواڵەت لەو برِوایەدایە کە دەتوانێت لە ڕێگای گفتوگۆی فەلسەفییەوە یارمەتی من بدات، منیش هەوڵدەدەم کە بۆی ڕوونکەمەوە کە ئەم ئیشە کاریگەری لەسەر من نییە، بەڵام ئەو بە خوێنساردییەوە ـ ڕێك وەکو خۆم ـ درێژە بە ئەزموونەکانی خۆی دەدات و بەخێرایی میتۆدی تازەی دەدۆزێتەوە. میتۆدێکی تازە و داهێنەرانە. لە دانیشتنی ئەمڕۆدا سوود لە تەکنیکی ‘بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵی دڵ’ی من وەرگیرا. چەندێ سەیرە کە مرۆڤ بەتاڵکەرەوە بێت، نەوەك چاودێر. سەیرە بەڵام شتێکی دژەخو نییە.*

*بەڕای من ئەوە غورور و خۆبەزلزانی ئەوە کە دژەخو و بێزارکەرە و بەردەوام دەردەکەوێت. ئەمڕۆ بەڵێنی بە مندا کە مانا و بەهای ژیانم فێربکات، بەڵام ئێستا نا! دەیگوت کە ئێستا ئامادە نیم!*



*گوڵبژێرێك لە یاداشتەکانی فرێدریك نیچە*

*دەربارەی دکتۆر بروێر ـ ٧ دیسەمبەری ١٨٨٢*

*سەرئەنجام سەرکەوتم! گفتوگۆیەکی سەرنجڕاکێشمان هەبوو. گفتوگۆیەك کە زۆرێ لە گومانەکانی منی پشتڕاستکردەوە. من سەروکارم لەگەڵ پیاوێکدایە کە لەژێر قورسایی کولتوور و کارو خێزانەکەیدا بە ئەندازەیەك لەژێر گوشاردابووە کە هەرگیز ئاگای لە خواستەکانی خۆی نەبووە. بەئەندازەیەك سازش و گونجان لەگەڵ بوونیدا تێکەڵ بووە کە وەختێ لەبارەی خواست و هەڵبژاردنەوە دەدوێم، بەجۆرێ سەیرم دەکات وەك بڵێی بە زمانێکی تر قسەدەکەم. لەوانەیە ڕێکەوتن هێندە جووەکان سنووردداربکات کە کەسێك بەئاسانی ناتوانێت خۆی ئازادبکات.*

*ئەگەر سەرکۆنەی بکەم کە ژیانی بەدەستی ڕێکەوت سپاردووە، دەڵێت توانای هەڵبژاردنی نەبووە و وەڵام دەداتەوە کە هیچ کەسێ کە وابەستە بێ بە کولتوورێکی تایبەتەوە، ناتوانێت ئازادانە هەڵبژاردن بکات. ئەگەر لەگوتەی پەیڕەوانی مەسیحییەوە قسەی بۆ بگێڕمەوە، کە دەڵێت دەبێ لە دایك و باوك و کولتووری ڕابردووەوە بەرەو ئازادی بڕۆیت، ئەو کاتە میتۆدی من زۆر مەعنەوی و بەرزەفڕانە وەردەگرێت و بابەتەکە دەگۆڕێت.*

*لەساڵانی گەنجێتیدا تاڕادەیەکی زۆر لە مەعریفە نزیکبۆتەوە، ئەوەی کە زۆر سەرسوڕهێنەرە ئەوەیە کە تا ئەو شوێنە نزیکبۆتەوە، کە توانیویەتی ئەوە بەدەست بهێنێت، بەڵام هێندە وردبین و بە دیقەت نەبووە کە خاوەنەکەی بناسێت. ئەو ـ وەکو هەموومان ـ ‘کورێژگەیەکی لەڕادەبەدەر ئایندەڕوون’ بووە، بەڵام ماهییەتی ئەم ڕستەیەی بۆ ڕووننەبۆتەوە. هەستی بەوە نەکردووە کە کاملکردنی سروشت لە ئەرکەکانی بووە و هەروەها ئەرکی ئەوەی کە دەبێت بەسەر کولتوور و ڕەگ و ڕیشەی خێزانی و چێژ و جووڵەکانی ڕووکاری ژێرەوەی خۆیدا سەرکەوێ و ئەوەبێت کە دەبێت. هەرچۆن بێت ئەو گەورە نەبووە و هەرگیز نەشیتوانیوە دەستبەرداریان ببێت. هەبوونی داهاتوویەکی ڕوونی بە پڕکردنی شتی سادە و کاری هەڵە وەرگرتووە و هێشتا بەم ئامانجەش نەگەیشتووە ـ بەبێ ئەوەی کە هەرگیز توانیبێتی بانگی دەروونی خۆی خامۆش بکات کە بە*

چرپە پێی دەڵێت: "ئەوەبە کە هەیت!" ـ کە دەکەوێتە داوێنی نائومێدیشەوە بانگ و هاوار دەکات کە ڕۆژگار خراپی بەسەرهێناوە. هێشتا ئەو لەم مەسەلە تێناگات!

ئایا هێشتا ئومێدێك بۆ ئەو هەیە؟ لانی کەم لەبارەی چەند پرسیارێکی دروستەوە بیردەکاتەوە و خۆی ناداتە دەست زۆر مەسەلەی خافڵێنەرەوە. بەڵام پڕە لە ترس. بەچ جۆرێ دەتوانم ڕاییبهێنم لەسەر ئەوەی کە سەخت و پتەو بێت؟ ئەو لە پێناوی پتەوبوونی پێستدا گەرماوی سارد بۆ من ڕادەسپێرێ" ئەی ئایا لە پێناوی مەحکەمکردنی ئیرادەی مرۆڤدا هۆ و پێناوێك هەیە؟ لەوە تێگەیشتووە کە ئێمە دۆڕاوی حاڵەتە جیاوازەکانی ڕۆژگارین و ئاگاداری ئەو بابەتەیە کە ئیرادە لە بەرامبەری "بەمجۆرە بوو"، ناتوانایە. ئایا توانای ئەوەم هەیە کە ئەو فێربکەم بۆ ئەوەی بتوانێت "بەمجۆرە بوو"، بگۆڕێ بۆ "من بەم شێوەیەم دەویست"؟

هەرچەندە کە دەشزانێت من حەزم بەوکارە نییە، کەچی پێداگری دەکات کە بە ناوی بچووککراوە بانگی من بکات. بەڵام ئەمە خۆهیلاککردنێکی بێبایەخە" هێندە بەهێزم کە ئەم سەرکەوتنە بچووکە بەئەو ڕەوا ببینم.

نامەی فرێدریك نیچە بۆ لۆسالۆمێ

دیسەمبەری ١٨٨٢

لۆ،

ئەوەی کە من ئازارێکی زۆرم کێشاوە، لەبەرامبەر ئەو پرسیارەی کە ئایا ئێوە خۆتان دۆزیوەتەوە، شتێك نییە، مەگەر وانییە لۆی ئازیز؟ تاوەکو ئێستا من لەگەڵ مرۆڤێکی داماوی وەکو ئێوەدا سەروکارم نەبووە.

دەوڵەمەند بەهۆی سوودی زۆر لەبەخشندەکان، بەتوانا بۆ سوودمەندبوون لە بەخشندەکان
نەزان، بەڵام تیژبین، نەزان بەڵام ڕند
بێسەلیقە، بەڵام لەم نوقسانی ساویلکەیەدا، بێسەلیقەیی و ساویلکەیی
ڕاستگۆ و ئارخەیان لە شتە لاوەکییەکاندا و بەزۆری لاسار"
تێکڕا لەبارەی ڕەفتاری گشتی ڕۆحەوە، درۆزن، ڕەفتاری بەتاڵ لە ڕاستگۆیی



بەبێ هیچ ناسکییەك دڵی تەنها بۆ گرتن و بەخشینە، نا میهرەبانە لە بەخشین و داوادا
بێهەست و بێتوانا لە خۆشویستندا
لە هەڵچوون و هەیەجاندا، هەمیشە نەخۆشئاسا و نزیك لە شێتی لە کاتی هەڵچوون و هەیەجاندا
نەخۆشێکی نزیك لە دێوانەییەوە
بەبێ مافناسی، بێشەرم و ئابڕوو لەبەرامبەر چاکەکاراندا، مافنەناس و بێئابڕوو
لەبەرامبەر چاکەکاراندا
بەتایبەتی
باوەڕپێنەکراو
بەدڕەوشت
لە مەسەلەی شەرەفدا تووڕە ...
دەماغێك بە ڕۆحێکی نیشتووەوە
کەسێتی گوربە ـ ئاژەڵێکی دڕندە کە خۆی دەخاتە شوێنی ئاژەڵێکی ماڵی
نەجیب وەك یادگارییەك لەپێکەوەژیان لەگەڵ نەجیبزادەکاندا
ئیرادەیەکی بەهێز، لێ بەبێ ئامانجی گەورە
بەبێ کۆششکاری و ڕاستگۆیی
نەفسپەرەستی لەگەڵ بێڕەحمیدا، بێڕەحم و هەواپەرست
منداڵی لەپاشەوە داکەوتووی خۆویستی لەئەنجامی پەیوەندی کەموکوڕ و درەنگدا، زایراوی پەیوەندییەکی کەموکوڕ و درەنگوەختی منداڵی لەپاشەوە داکەوتووی خۆویست
بەبێئەوینێ بۆ مرۆڤەکان، کەچی ئەویندار بە خوداوەند
ئاتاج بە گەورەبوون
ژیر و تژی لەخۆپارێزیدا، خۆبەدەستەوەنەدەر لەبەرامبەر شاوەتپەرەستی پیاواندا.

ف.ن.

# (١٧)

هـێرمۆلەر، نەخۆشی هۆبەی ژمارە ١٣، نەخۆشی دکتۆر بروێر، کەمتر بیانووی دەدایە دەست پەرستارانی کلینیکی لاوزۆن کە دەربارەی قسەبکەن. هێرمۆلەر بۆ کارمەندانی تۆژەری کلینیك، نەخۆشێکی نموونەیی بوو. لە هەفتەکانی یەکەمدا تووشی هێرشی میگرەنی نەبوو. کەسێکی قانیع بوو، جگە لە کۆنترۆڵی لێدانی دڵ و پلەی گەرمای لەش و هەناسەدان و فشاری خوێن کە ڕۆژی شەش جار بۆی دەکرا، ئیتر کارێکی وای نەبوو. ـ ڕێك وەکو خانم بیکر ـ بەڕای پەرستارانیش هێرمۆلەر بێئەندازە بە ئەدەب و بێخەوشبوو لە ڕەفتاردا.

بەڵام یەك شت دەبینرا، ئەو وای پێباشبوو کە خۆی هاودەمی خۆی بێت و بەدوای گفتوگۆوە نەبوو لەگەڵ ئەوانی تردا. ئەگەر پەرستاران یان نەخۆشەکانی تر قسەیان لەگەڵدا بکردایە، ئەو بەئەدەب و میهرەبانییەوە، بەڵام بە کورتی وەڵامی دەدانەوە. ژەمەکانی خواردنی لە هۆبەکەی خۆیدا دەخوارد و جگە لە ڤیزیتی ڕۆژانەی دکتۆر بروێر کە پەرستارەکان واگومانیان دەکرد کە ماساژی دەستی و کارەباییە، ئیتر بەشی هەرە زۆری ڕۆژی بەتەنها بەسەر دەبرد. تەنیابوو، لە ژوورەکەی خۆیدا دەینووسی و تا ئەو کاتەی کە کەش و هەوا ڕێگای پێدەدا لە حەوشەکەدا پیاسەی دەکرد و لە کاتی ڕۆیشتنندا پیاسەی دەکرد. هێرمۆلەر لەبارەی "ئەدەبیات"ی خۆیەوە، بەشێوازێکی زۆر موئەدەبانە هەموو جۆرە پرسیارێکی لە بنەوەڕا خامۆش دەکرد. تەنیا ئەوەندەیان دەزانی کە وابەستەیە بە پەیامبەرێکی ئێرانییەوە، بەناوی زەردەشت.



بروێر لە دژیەکی نێوان گوێبیستبوونی و میهرەبانی نیچە لە کلینیك و ئاوازی توند و ئازاردەری نووسینەکانی، سەری سوڕمابوو. کاتێ کە لەمبارەیەوە لەگەڵ نەخۆشەکەیدا قسەیکرد، نیچە زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: "هیچ شتێکی نهێنیئامێز لەم بابەتەدا نییە. ئەگەر پیاو سەدادار بێت، بێگومان دەنگی بەرزتر دەبێت!"

بەڕواڵەت زۆر لە ژیانی کلینکیی ڕازیبوو. بروێری دڵنیادەکردەوە کە ڕۆژەکان نەوەك هەر بەتەنها ئاسایی و بێئازار تێدەپەڕن، بەڵکو گفتوگۆی ڕۆژانەشیان بۆ فەلسەفە کارێکی پڕبەرە. گوتی کە هەمیشە فەیلەسوفەکانی چون کانت و هیگڵی بەکەمزانییوە، چونکە هەوڵیانداوە میتۆدێکی مامۆستایانەیان هەبێت و تەنیا ژمارەیەکی کەمی خوێندەوار لەبەرچاوگیرابوو. بەپێچەوانەوە، فەلسەفەی ئەو لە ژیانەوەیە و بۆ ژیانیشی دەڵێت. دەیگوت کە چاکترین هەقیقەتەکان، ئەو هەقیقەتانەن کە خوێناوڵن و گۆشتی وجوود و هەبوونی مرۆڤ پارچە پارچە دەکەن.

بەر لە ناسینی بروێر، نیچە هیچ هەوڵێکی نەدابوو بۆ تاقیکردنەوەی فەلسەفەکەی. لە سوودمەندبوونی بێئاگابوو. بەڵگەی ئەوەی دەهێنایەوە کە کەسانێ کە لەئەو تێناگەن، هەرچۆن بێت شایانی ئەوەنین کە بۆیان بکەوێتە زەحمەتەوە و دواتر بۆخۆیشیان ژمارەیەکی کەمیان دەرك بە واقیعییەتی ئەو دەکەن. ئەگەر ئەمڕۆش تێنەگەن، خۆ سەد ساڵی تر هەر تێدەگەن! تازە پاش گفتوگۆ بوو لەگەڵ بروێردا کە جیدیانەتر سەرقاڵی ئیشەکەی بوو.

بەڵام لەڕاستیدا کەمتر لەوەی کەدەردەکەوت، ئەو ڕۆژانەی کلینیکی لاوزۆن ڕۆژانێکی بێ دەغدەغە و لەڕوی ڕۆحییەوە پڕبەر بوون، و بۆ نیچە شاعیرانە بوو. ڕووداوە ناکۆك و ژێربەژێرییەکان، هێزی ئەویان کەمدەکردەوە. هەموو ڕۆژێ ڕەنگی نامەی تووڕە و تاسەدار و نائومێدانەی بۆ سالۆمێ، دەڕشت. وێنەی ژنە لەبەردەمیدابوو، و سەرنجی ئەوی لە بروێر وزەردەشت و ڕۆژانێکی پاك کە وەکو دیارییەکی ئاسمانی بوو و بەبێ ناڕەحەتی تێدەپەڕین، بۆ خۆی ڕادەکێشا.

لە یەکەمین هەفتەی نیشتەجێبوونی نیچە لە کلینیکدا، بروێر ڕۆژانێکی پڕ لە ئازار و هەجانی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونکرد. هەرچەندە کە بێئەندازە ئیشی هەبوو، بەڵام ئەو سەعاتانەی کە لە کلینیکی لاوزۆن بەسەریدەبردن، دەبووە مایەی ئەوەی کە ئیشەکەی دوو هێندە بێت. یاسایەکی نکۆڵی لێنەکراوی پزیشکی لە ڤییەنادا هەبوو دەیگوت کە هەرچەندە کەش و هەوا

خراپتر بێت، سەری پزیشك قەرەباڵختر دەبێت. چەند هەفتەیەك بوو كە زستانی تووڕە بە ئاسمانی كپ و بۆرییەوە، بای باكووری هەڵكردبووە سەر و ئەم كەشە تیژ و شێدارە شەپۆلێكی بەردەوامی لە نەخۆشانی بەرەو عیادەكەی بروێر ڕەوانەكردبوو.

ناساغییەكانی مانگی دیسەمبەر بەشی سەرەكی نەخۆشەكانی بروێری پێكدەهێنا. كە بۆ نەخۆشییەكانی وەك برۆنشیت، هەوكردنی سییەكان، گوێگەنین، فارنژیت* و نەخۆشی سییەكان و سینوزیت* دەهاتنە لای. سەرباری ئەوە هەمیشە نەخۆشانێك بە نەخۆشی دەمارگرژییەوە هەبوون. لە ماوەی مانگی دیسەمبەردا دوو نەخۆشی لاو سەردانی عیادەی بروێریان كرد كە هەردووكیان تووشی شەپلە هاتبوون و لێی پیس كردبوون. دەستنیشانكردنێك بوو كە بروێر ترسی لێی هەبوو. ، چونكە نەیدەتوانی هیچ جۆرە دەرمانێك بۆ ئەم جۆرە نەخۆشییە بنووسێ و لەگەڵ خۆیدا ململانێی ئەوەی دەكرد كە ئایا دەبێت نەخۆشەگەنجەكانی خۆی ئاگاداری چارەنووسێك بكاتەوە كە چاوەڕوانی دەكردن، یاخود نا؟ واتا ڕوو لە زیادبوونی نەخۆشیی و هێرشی لاوازكەر كە هەركاتێك لەوانەبوو لەگەڵ كوێری و ئیفلیجیدا ڕووبدات.

لە هەمان هەفتەدا دوو نەخۆش سەردانی عیادەكەی بروێریان كرد كە لەڕووی جەستەییەوە نەخۆش نەبوون و بروێر ڕای وابوو كە بەهۆی هیستریاوە ئازاریان دەكێشا. یەكەمیان ژنێكی سەرە بوو كە بەهۆی تەنیاییەوە توشی هاتنەوەیەكی ماسوولكەیی دەبوو. دوەمین نەخۆشیشیان كچێكی هەڤدەساڵە بوو كە لە ناكاودا پێیەكانی توشی شەپلە دەبوون، تەنها بەهۆی دوو چەترەوە دەیتوانی بڕوات، كە ئەوانی وەك دارعەسا بەكاردەهێنا. ئەو ناوبەناو تووشی بێحەواسی دەبوو، بەجۆرێك كە لێی تێنەدەگەیشتی. قسەی وەك "وازم لێبێنە! بڕۆ! من لە ماڵەوە نیم! من نەبووم!" ی دەكرد.

بروێر لایوابوو كە هەروەكو ئانائۆ. هەردوو نەخۆش بۆ دەروونشیكاری گونجاوبوون، بەڵام ئەم شێوازی چارەسەركردنە بۆ ئەو بە قیمەتی قسەی هیچ و پوچ تەواو دەبوو، و ناوبانگ و

* farenjit: جۆرێ لە هەوكردنی بۆشایی نێوان قورقوڕاگە و بۆری هەوا كە بەهۆی هەوای پیسەوە پەیدا دەبێت.و.ك.

* Sinusite: جیووب، هەوكردن و پیسبوونی چاڵە هێسكییەكانی دەوروبەری لووت كە دەبێتە هۆی ژانەسەری توند و زۆر ناساغی تر.و.ك.



هاوسەنگی دەروونی و ژیانی هاوسەرێتی ئەوی دووچاری نالەباری دەكرد. ئەگەرچی سوێندی خواردبوو كە دەست لە چارەسەری لەڕێگای قسەكردنەوە هەڵبگرێت، كەچی تیماركردن بەو شێوازە باو و بێئەنجامەی وەك ماساژی دەستی و كارەباییش، بۆ ئەو گرفت بوون.

بریا هاوپیشەیەك پەیدادەبوو، تاوەكو بیتوانیایە ئەم دوو ژنەی بۆبنێرێت! بەڵام كێ؟ هیچ كەسێ بەهای ئەم نەخۆشییانەی نەدەزانی. لە دیسەمبەری ١٨٨٢ لە ڤییەنا ـ هەتا لە هەموو ئەوروپایشدا! ـ جگە لە ئەو كەسێكی تر توانای چارەسەركردنی هیستریای نەبوو.

بەڵام تەنها چەند فشارێكی كارەكەی ئەویان بێهێز نەدەكرد، بەڵكو ئەو ئەشكەنجە دەروونییەش كە بەخۆیی دەدا، دەبووە هۆی ئازار بۆی. چوارەمین و پێنجەمین و شەشەمین دانیشتنی گفتوگۆ لەگەڵ نیچەدا لەسەر بنەمای سەرمەشقێك كە لە دانیشتنی سێهەمدا هاتبووە ئاراوە، تێدەپەڕی. نیچە ئەوی ناچار كرد كە لەپێناوی خۆیدا پرسیار لەبارەی پێكهێنەری بوونی خۆیەوە بكات. بەتایبەتی لەبارەی پووچی، تەبایی و سازگاری، هەروەها لەدەستدانی ئازادی و ترس لەپیری و مردنەوە. بروێر بیری دەكردەوە: "ئەگەر بەڕاستی نیچە سەرگەرمی لێكۆڵینەوەی هەژمینە ناوەكییەكانە، بەڕاستی دەبێ لە پێشڕەوییەكانی من شادومان بێت." بروێر هەستی بەوە دەكرد كە مایەی بەزەییە. درزی نێوان ئەو و ماتیلدە بەردەوام بەرەو قووڵبوونەوە دەچوو. گوشارێكی زۆری بۆ دەهات، بەجۆرێ كە دەتگوت لەسەر قەفەزەی سینگی دانیشتووە. لایوابوو كە گیرەیەك پەراسووەكانی دەگوشێ، بە سەختی هەناسەی دەدا. هەمیشە ناچاردەبوو كە هەناسەی قووڵ هەڵبكێشێ، بەڵام هەرچەندە كە زۆریشی لەخۆی دەكرد، نەیدەتوانی ئەو هەیاجانە بكاتە دەرەوە كە سینگی دەگوشی. لەو سەردەمەدا نەشتەرگەرەكان لەوەدا سەركەوتن كە شلەی ناو سییەكانی نەخۆش بەهۆی لوولەوەدەربهێنن، و بروێریش هەندێ جار ئەوەی دەهێنایە پێشچاوی خۆی كە لوولە دەخاتە ناو سینگییە و ترسەكانی خۆی دەردەكێشێت. بەدرێژایی شەو لە كابووسی هەراسناك و بێخەویی ئازاری دەكێشا. دوای چەند ڕۆژێك، بەمەبەستی خەوتن، لە نیچە زیاتر كلۆراڵی بەكاردەهێنا. تاكەی دەیتوانی بەرگەبگرێت؟ ئایا ئەم ژیانە بەهای ژیانی هەبوو؟ هەندێ كات ئەو بیرە بە مێشكیدا دەهات كە ڕێژەیەكی زۆری حەبی خەوێنەر بخوات. ساڵانێك بوو كە هەندێ لە نەخۆشەكانی بەرگەی

ئەشکەنجەیەکی وەهایان دەگرت. ئاخ، بە جەهەنەم! لێگەڕێ با ئەوان بەم ژیانە هیچ و بێبەزەییەوە بنووسێن" بەڵام ئەو ئەمکارە ناکات!

نیچە کە مەبەستی یارمەتیدان بوو، کەمێ دڵنەوایی ئەوی دەکرد. کاتێ کە باسی ئازارەکانی دەکرد، نیچە زۆر بەگرنگی نەدەزانین. "ڕاستە کە ئازاردەکێشن، بەڵام ئەمە بەهای بینینە، دیارە کە دەترسن، بەڵام ژیان بەمانی ڕیسککردنە. پتەو بن!" ئامۆژگاری دەکرد: "خۆ ئێوە گا نین و منیش ئامۆژگاری کاوێژناکەم!"

شەوی دووشەممە، هەشت ڕۆژ دوای ڕێکەوتنیان، برویر لەوە دڵنیابوو کە نەخشەکەی نیچە بە شێوەیەکی قەیراناوی بە بنبەست گەیشتووە. لە دیدی نیچەوە خەیاڵکردنی بێرتا، فیلێکی ئاگایی بوو، یەکێك بوو لە ڕێگاکانی هەڵاتنی ڕۆح، ئەفسوونێك بوو کە لە ژێرەوە وەڵامی پرسیارە دەردناکەکانی پەیوەست بە بوونی پێدەکەنە دەرەوە. نیچە لەوبڕوایەدا بوو کە ئەگەر مژۆڵی مەسەلە گرنگەکانی ژیان بێت، ئەشقی ئەو سەبارەت بەبێرتا دەپوکێتەوە.

بەڵام ئەم کارەی نەکرد! خەونی پڕ لە توند و تیژی دیکە هێرشیان دەهێنایە سەری! بە دڵڕەقییەکی تازەوە داوای مافی خۆیان دەکرد و تێگەیشتنێکی زیاتر و پشکێکی زیاتریان لە ئایندە دەویست. برویر سەرلەنوێ وێنای دەستپێکێکی تازەی دەکرد" هەڵاتن لە قەفەس ـ قەفەسی هاوسەرێتی و کولتوور و کارەکەی ـ هەڵاتن لە ڤییەناوە بەرەو لای بێرتا.

بەمزووانە وێنەیەکی تازە دەهاتە ناوییەوە: دەمەو ئێوارە دەگەڕێتەوە بۆ شەقامی بەیکیر و دەستەیەکی زۆر لە دراوسێ و پیاوانی ئاگرکوژێنەوە پێشوازی لێدەکەن. ماڵەکەی وا خەریکە دەسووتێ! پاڵتۆکەی دەدا بەسەریدا و بەناو ژمارەیەك دەستدا تێدەپەڕێ کە بەرەو ئەو درێژبوون و دەیانەوێت بیگەڕێننەوە. لەکاتی سووتانی ماڵەکەیدا بۆ ڕزگارکردنی خێزانەکەی بە پلەکاندا سەردەکەوێ، بەڵام دەریایەك لە ئاگر و دووکەڵ ڕێگا لە هەموو جۆرە هەوڵێکی ڕزگارکردن دەگرێت. لەهۆش خۆی دەچێت و پیاوانی ئاگرکوژێنەوە دەیهێننە دەرەوە. بە هێمنی پێی دەڵێن کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لە ئاگردا سووتاون. ماتیلدە، ڕۆبەرت، بێرتا، دورا، مارگارت و یۆهانس. هەموو دونیا ئافەرینی ئەم قارەمانێتییەی ئەو دەکەن و ئەویش کەوتۆتە ژێرکاریگەری ئەم ڕووداوە جگەرسووتێنەوە. تووشی ماتەمێکی قووڵ دەبێت و ئازارێکی



وەسفنەکراو دەکێشێت. کەچی ئازادە! ئازاد لە پێناوی بێرتادا، ئازادە لە پێناوی هەڵاتن بۆ ئیتالیا و ئەمەریکا، لە پێناوی ئازادبوون و سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەدا.

ئایا ئەم کارە ئەنجامێکی باشی دەبێت؟ ئایا بێرتا بۆ ئەو زۆر گەنج نەبوو؟ ئایا ئوسوڵەن پەیوەندییەکی هاوبەشیان هەبوو؟ ئایا ئیشقەکەیان بەردەوام دەبوو؟ هەر کە ئەم پرسیارانە بە زەینیدا دەهات، یەکسەر خۆی لەسەرەتای چیرۆکەکەدا دەبینییەوە" لەشەقامی بەیکیر، لەبەرامبەر ماڵێکدا کە دەسووتا!

وێنەکان بە هەموو مکووڕییەکەوە بە هەمان ڕێکی دەهاتن. کاتێ دەستی پێدەکرد دەبوایە تا کۆتایی نمایش بکرایە. تەنانەت جاری واڕێکەوتبوو کە برویر لە پشوویەکی کورتی نێوان دوو نەخۆشدا، خۆی لەبەرامبەر خانوویەکی گڕگرتوودا دەبینییەوە. ئەگەر لە ساتێکی وەهادا خانم بیکر بهاتایەتە ژوورەوە، برویر بەجۆرێ ڕەفتاری دەکرد، وەکو ئەوەی کە مژۆڵی نووسینی شتێکە لە پەروەندەی ناخۆشان و دەیگوت واباشترە کەس بێزاری نەکات.

لە ماڵەوە بەبێ شەرمەزاربوون نەیدەتوانی تەماشای ماتیلدە بکات، چونکە ئەوی لە ماڵێکدا بەندکردبوو کە دەسووتا. بۆیە خۆی لەسەیرکردنی ئەو دەپاراست و کاتێکی زۆرتری لە تاقیگا و تەنیشت کۆترەکانییەوە بەسەردەبرد، زیاتر دەچووە کافێ و لە هەفتەیەکدا دووجار لەگەڵ هاوڕێکانیدا یاری تارووکی دەکرد. نەخۆشانێکی زۆرتری وەردەگرت و شەوانە هیلاك هیلاك بەرەو ماڵەوە دەگەڕایەوە.

ئەی بەسەرهاتی نیچە چێ لێدەهات؟ ئەو هەوڵێکی بۆ یارمەتیدانی بەکارهێنابوو. بەدوای بیرێکی تازەوە بوو. ڕەنگە باشترین ڕێگەی یارمەتیدانی نیچە ئەوە بێت کە لێگەڕێ نیچە یارمەتی بدات! نیچە باش دیاربوو. خواردنی دەرمانی هێورکەرەوەی کەمکردبۆوە و بە نیوگرام کلۆراڵ دەچووە خەوێکی گران و قووڵەوە. جگە لەوە ئیشتیایەکی باشی هەبوو، گەدەی نارەحەتی نەدەکرد و میگرەنی تووش نەببۆوە.

برویر ئیتر نەیدەتوانی لەلای خۆی پێویستبوون بە یارمەتی و نائومێدی خۆی ئاشکرابکات و دەستبەرداری فریودانی خۆی بوو. ئیدی وادیار نەبوو کە لەبەرخاتری نیچە سەردانی ئەو دەکات، نەیدەزانی یاخود هەموو ئەمانە دانیشتنی پڕئەفسوون و هەڵاتنبوون تاوەکو نیچە

ناچاربکات کە لەبارەی نائومێدی خۆیەوە قسەبکات. بروێر لە هێزی فریویدەری چارەسەرکردن لە ڕێگای قسەوە سەری سووڕمابوو. ئەوی بەند دەکرد" یاریکردنی ڕۆڵی چارەسەرویست ئەوی بە چارەسەرویستێك دەگۆڕی. قسەکردن بۆ کەسێك و هێنانە ئارای تاریکترین نهێنی لەگەڵ کەسێکدا و بەرخورداربوون لە تێگەیشتنی تەواوی ئینسانێك، شتێکی مەستکەرانە بوو. کەسێ کە لە هەموو کەس زیاتر تێدەگەیشت و تەنانەت وادیاربوو کە ئەو دەبەخشێت. گەرچی دوای هەندێ لە گفتوگۆکانیان لە پێشوو نائومێدتر دیاربوو، بەڵام بە نائارامییەوە چاوەڕوانی دانیشتنی دواتری دەکرد، چاوەڕوانییەك کە هیچ ڕوونکردنەوەیەکی نەبوو بۆی. متمانەی بە توانا و دانایی نیچە لە زیادبووندا بوو. ئیدی هەرگیز گومانی لەوە نەبوو کە نیچە توانای چارەسەرکردنی ئەوی هەبوو، ئاخ خۆزگە ئەو، واتا بروێر کلیلی ئەم توانایەی پەیدا دەکرد!

ئەی نیچەی ئینسان چی؟ بروێر لەخۆی پرسی: "ئایا لەمەودواش وەکو دوو تۆژەرەوە دیداری یەکتری دەکەین؟ بەهۆی ئەوەی کە ئەو من لەهەموو کەسێکی تر باشتر دەناسێت، یا لانیکەم زانیاری زۆرتری لەبارەمەوە هەیە. ئایا بەئەوەوە پەیوەست بووم؟ ئەو بە منەوە پەیوست بووە؟ ئێمە دۆستین؟" بروێر وەڵامی هیچ یەك لەم پرسیارانەی نەدەزانی. تەنانەت نەیدەزانی کە دەتوانێت پەیوەندی لەگەڵ کەسێکدا هەبێت کە هەمیشە نێوانی خۆی لەگەڵ ئەودا دەپارێزێت؟ "ئایا لەگەڵ ئەودا وەفادار دەمێنێتەوە؟ یان ڕۆژێ خیانەتی لێدەکات؟"

دواتر ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو قەوما. لەکاتی گەڕانەوەی لە سەردانی بەیانیانی لای نیچەوە، خانم بیکر وەك هەمیشە بەپێشوازییەوە چوو. پێڕستێکی دایە کە لە دوانزە ناو پێکهاتبوو کە هەندێکیان لە عیادەکەی دانیشتبوون و خانم بیکر نیشانەی لێکدانێکی سووری لەبەردەم ناوەکانیان دانابوو، هەروەها پاکەتێکی شینی دایە کە نێرەرەکەی دەناسی، دەستوخەتی لۆسالۆمێ بوو. بروێر پاکەتەکەی کردەوە و کارتێکی لێوار زیوینی تێدا دەرهێنا.

***۱۱ دیسەمبەری ۱۸۸۲***



***دکتۆر بروێر،***

***هیوادارم کە ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ سەردانتان بکەم.***

***لۆ***

لۆ! بروێر خەیاڵی ئەوەی کرد کە ئەو ترسی لە بەکارهێنانی ناوی بچووککراوە نییە! دواتر تێگەیشت کە خانم بیکر خەریکبوو قسەی دەکرد.

"ئەو خانمە ڕوسە بەر لە سەعاتێك بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو هات و داوای دیداری ئێوەی کرد." خانم بیکر لەکاتێکدا کە تەوێڵە سافەکەی لۆچ ببوو، قسەی دەکرد. "ڕێگام بەخۆمدا ئەوەی بۆ ڕوونکەمەوە کە ئێوە ئەمڕۆ چەندێ سەرقاڵ بوونە، دوایی ئەو گوتی کە لە سەعات پێنج دەگەڕێتەوە. من ئەوەم نەشاردەوە کە ئێوە دوانیوەڕۆش مژۆڵن. ئەو لە وەڵامدا ئەدرەسی ڤییەنای پرۆفیسۆر نیچەی لە من پرسی! وەڵامم دایەوە کە شتێك نازانم بۆ ئەوە دەبێ لەگەڵ ئەودا قسەبکەن. ئایا ئیشێکی باشم کرد؟"

"بێگومان خانم بیکر، ئیشەکەتان وەك هەمیشە باشە. ئەی چی تر نیگەرانتان دەکات؟" بروێر زۆر باش دەیزانی کە خانم بیکر هەر لە یەکەمین دیدارەوە ڕقێکی زۆری لە لۆسالۆمێ هەڵگرتبوو، سەرباری ئەوە ئەوی بە بەرپرسی ڕووداوی کاتلێگر و ئەزیەتباری چارەسەرکردنی نیچە دەزانی. دیدارە ڕۆژانەییەکانی بروێر لە کلینیکی لاوزۆن، بەجۆرێك ببووە هۆی سنووردارکردنی کاتی سەردانی نەخۆشەکان لە عیادەی شەقامی بەیکیر کە بروێر ئیدی کاتێکی وای نەبوو کە تەنانە یەك وشەش لەگەڵ سکرتێرەکەیدا بلێ.

"دکتۆر بروێر ئەگەر ڕاستتان دەوێ کەمێ تووڕە بووم. ژووری چاوەڕوانی پڕ بوو لە نەخۆش، کەچی ئەو بەجۆرێك هاتە ژوورەوە وەك بڵێی هەموو جیهان چاوەڕوانیەتی و ئاشکرایشە کە دەبێ بێ سەرەگرتن بێتە عیادەکەوە. ئێ بەم حاڵەشەوە هێشتا پرسیاری ئەدرەسی پرۆفیسۆرم لێئەکات! چۆن وائەبێ، ئەو لەلایەکەوە ئێوە بخەڵەتێنێ و لەلایەکی تریشەوە پرۆفیسۆر!"

بروێر هێمنی کردەوە: "هەربەم هۆیەشەوەیە کە دەڵێم ڕەفتارەکەتان لەڕادەبەدەر ئاقڵانە بووە. ئێوە نهێنی پارێز بوون و لایەنگریی نەخۆشەکەمانتان کرد. هیچ کەسێ ناتوانێ کارێکی لەوە باشتر بکات و ئێستاش تکادەم کە هێر وتینەر بنێرنە لام."

ئاوا چارەك لەپێنج لایدابوو کە خانم بیکر هاتنی لۆسالۆمێی ڕاگەیاند. لەهەمانکاتیشدا بروێری ئاگادارکردەوە کە هێشتا پێنج نەخۆش لە ژووری چاوەڕوانی دانیشتوونە.

"لەپێشاندا کێ بکەمە ژوورەوە؟ خانم مایێر دووسەعات زیاترە چاوەڕێیە."

بروێر کەوتبووە دووڕێیانێکەوە، ئاشکرابوو کە لۆسالۆمێ چاوەڕوانی ئەوەبوو یەکسەر بۆ لای بروێر بانگبکرێت.

"خانم مایێر بنێرن و دوای ئەوەش لەخزمەتی فراولێن سالۆمێدا دەبم."

پاش بیست خولەك، ئەو کاتەی بروێر هێشتاکونێ لەسەر فایلەکەی خانم مایێر کاری دەکرد، خانم بیکر ڕێنومایی لۆسالۆمێی کرد بۆ ژوورەوە. بروێر لەجێگای خۆی دەرپەڕی و لەکاتێکدا کە لۆسالۆمێ دەستی بەرەو ئەو ڕاگرتبوو، نزیکی لێوەکانی کردەوە. وێنەی سالۆمێ دوای ئاخر دیداریان لە زەینی بروێردا کاڵ ببۆوە. ئێستا بەدیتنی ئەو خەریکبوو هەناسەی سوار دەبوو. بەئامادەبوونی ئەو عیادەکەی بروێر چەندێ ڕووناکتر دەبوو!

"ئای کیژۆڵەخانمی ئازیز، چ ڕێکەوتێکی چاوەڕواننەکراوی خۆشە! ئەمەم لەیادکردبوو."

"ئێوە لەیادتان کردبووم، دکتۆر بروێر؟"

"نا، ئێوە نا! ئەوەم لەیادکردبوو کە دیتنی ئێوە چەندێ شادیبەخشە!"

"چاکە، کەوایە ئێستا جارێ ورتر تەماشاکەن. سەرەتا ئەم لایە ..." ـ لۆسالۆمێ بە کرێشمەوە سەری بەلای ڕاستدا برد ـ "... دەڵێن ئەم لایەم جوانترە. ئێوە ڕاتان چییە؟ ئایا پەیامەکەمتان بەدەست گەیشت؟ تکادەکەم بەڕاستی بیلێن ئایا بەو نامەیە سووکایەتیم بە ئێوە نەکرد؟"

"سووکایەتی؟ بەهیچ جۆرێ! تەنیا لەوە ناڕەحەتم کە کاتێکی کەمم بۆ ئێوە هەیە. لانی زۆر چارەکە سەعاتێك." بروێر ئاماژەی بۆ کورسییەك کرد و ئەویش وەك ئەوەی کە هەموو کاتی



جیهانی لەبەردستدا بێ، بە ڕوخۆشی و ئارامییەوە دانیشت. بروێریش چووە سەر کورسییەکی تەنیشتی وی. "بێگومان سەرنجتان داوە کە ژووری چاوەڕوانی چەندێ قەرەباڵخە. بەداخەوەم کە کاتێکی زۆرم بۆ نامێنێتەوە."

بەڕواڵەت لۆسالۆمێ بێخەم بوو. هەڵبەتا سەری بەجۆرێ ڕاتەکاند کە ئاگاداری ڕەوشەکەیە. بەڵام حاڵێکی هەبوو ئەوەی نیشاندەدا کە ژووری چاوەڕوانی قەرەباڵخی بروێر هیچ پەیوەندییەکی بەوەوە نییە.

بروێر گوتی: "دەبێت لەماڵی نەخۆشەکانیشم چەند ڤیزیتێکیش ئەنجام بدەم و ئەمشەویش لەئەنجومەنی پزیشکان دانیشتنێکم هەیە."

"ئای ئاغای پرۆفیسۆر، سەرکەوتن باجی خۆی دەوێت."

بروێر هێشتان نەیدەتوانی خۆی ڕازی نیشان بدات. "کیژۆڵە خانم بە من بڵێن کە بۆچی ڕیسکێکی وەها گەورە دەکەن؟ بۆچی بەنامە ئاگادارتان نەکردمەوە تاوەکو من کاتێکی زۆرترم هەبێت؟ هەندێ ڕۆژ هەتتا کاتی هەناسە هەڵکێشانیشم نییە و هەندێ جاریش لەدەرەوەی کلینیك بانگدەکرێم. بەئاسانی دەشیا کە بێنە ڤییەنا و سەردانی من نەکەن. بۆچی سەفەرێکتان کرد کە لەوانەبوو بێهودە بێت؟"

"بە درێژایی ژیانم سەبارەت بەم جۆرە کارە بیرلێنەکراوانەم ئاگاداریان کردوومەتەوە و لەگەڵ ئەمەشدا هەتا ئەمڕۆ هەرگیز ئەزموونێکی نائومێدکەرم نەبووە. گریمان ئەمڕۆش هەمان ساتە. ئێستا من لێرەدا دانیشتوومە و خەریکی گفتوگۆین. ڕەنگە ئەمشەو لە ڤییەنا بەسەر ببەم و سبەینێش دیسانەوە یەکتری ببینینەوە. کەواتە دکتۆر تکادەکەم، بۆچی دەبێ ڕەفتارم بگۆڕم؟ ڕەفتارێك کە سەرکەوتووانە بووە. سەرباری ئەمە من بێئەندازە بێباکم" زیاتر لەبەر ئەوەیە کە ناتوانم کاتی پێشوەختە دیاریبکەم، چونکە نەخشەیەکم نییە. بروسکەئاسا بڕیار دەدەم و بەپێی ئەوە کاردەکەم."

لۆسالۆمێ بێ نیگەرانی درێژەی دایە: "دکتۆر بروێری ئازیز، کاتێ کە لێمپرسین ئایا کارتەکەم خافڵگیری کردوون، هیچ یەك لەم شتانە لە خەیاڵمدا نەبوو. تەنیا دەمویست بزانم کە ئایا لەو سەمیمییەتەی کە من بە ناوی بچووکەوە کارتەکەم واژووکردبوو، بۆ ئێوە نائاسایی نەبوو؟

زۆربەی ڤییەنایییەکان بەبێ نازناویان وا هەست دەکەن کە هەڕەشەیان لێکراوە، لەکاتێکدا کە من لە هەموو جۆرە تەشریفاتێك بێزارم و هەربەم هۆیەشەوەیە کە کاتێ بە لۆ بانگم بکەن دڵشاد دەبم."

بروێر بیری لێدەکردەوە، لانەتی! ئەم ژنە چ ڕەفتارێکی دڵڕفێنی هەیە! لەگەڵ جەنجاڵییەکدا کە هەیبوو، هیچ توانایەکی نەبینییەوە بۆ ڕەتکردنەوەی تکای ئەو، چونکە ئەو وێنەیە بارودۆخی ڤییەناییە دوودڵەکانی لای لۆ خەراتر دەکرد. لەپڕێکدا توانی حاڵەتێکی نائاسایی تێبگات، کە بەر لە چەند ڕۆژێك بۆ نیچەی دروستکردبوو. بەڵام ئەو نیچە دوو هاوڕێی سەمیمی بوون و جگە لەمەش لۆسالۆمێ هێشتا نیوەی تەمەنی ئەوی نەبوو.

"هەڵبەتە بە هەموو ئارەزوویەکەوە. دروستکردنی لەمپەری دەستکرد لە نێوانماندا نابێ لەلایەن منەوە بێت."

"چاکە، کەوایە لۆ! لەبارەی ئەو نەخۆشانەی کە چاوەڕێتانن ئەوەم لێقەبووڵ بکەن کە ڕێزێکی زۆر لە ئیشەکەتان دەنێم. زۆرکات من و دۆستەکەم پاوڵ ڕێ، بیر لە بەشی پزیشکی دەکەینەوە. هەربۆیە لە ئەرکی ئێوە لە بەرانبەر نەخۆشەکانتاندا تێدەگەم و خێرا دەچمە سەر مەبەستی سەرەکیم. بێگومان هەستتان بەوە کردووە کە من بە مەبەستی چەندین پرسیار و زانیاری گرنگی پەیوەست بە نەخۆشەکەمان هاتوومەتە لاتان. واتە بەو مەرجەی کە ئەگەر هێشتا ئێوە پەیوەندیتان مابێت. لەڕێگای پرۆفیسۆر ئۆڤێربەکەوە ئاگاداربووم کە نیچە لە باسیل سەفەری کردووە بۆ ئەوەی کە ڕاوێژی پزیشکیتان لەگەڵدا بکات. جگە لەمە شتێکی تر نازانم."

"بەڵێ ئەو هاتە لای من. بەڵام خاتوو لۆ بڵێن“ ئەو زانیارییانەی کە هێناوتانن لە چی جۆرێکن؟"

"نامەگەلێك لە نیچەوە. وەها ڕەق و توورە و بێئاگا لەخۆی کە هەندێ کات وادەردەکەوێت کە ئەقڵی لەدەستداوە. بفەرموون." دەستەیەك پەڕەی دایە بروێر.

"ئەمڕۆ لە کاتێکدا کە چاوەڕێبووم تاوەکو قسەتان لەگەڵدا بکەم، چەند ڕوونووسێکم لێئامادەکردن."

بروێر یەکەمین نامەی بە خەتی خوێنای سالۆمێ خوێندەوە:



***وای لەم سەوداییە!... بەڕاستی ئەو دەریایە لەکوێیە کە بتوانیت تێیدا نوقم بیت؟***

***من شتانێکی کەمیش کە هەمبوون لەدەستم دان، ناوم“ متمانەی خەڵکی،***

***من زۆر شت لەدەست دەدەم. دۆستێك“ ڕێ. بەدرێژایی ساڵ هەموو شتێکم لەگەڵ***

***ئازارێکی ترسناکدا لەدەست دا کە ئێستاکێ باری ئازاری ئەوان هەڵدەگرم.***

***ئینسان لەچاو دوژمنەکانیدا زۆر دژوارتر دۆستەکانی دەبەخشێت.***

هێشتا بەردەوام بوو، کەچی بروێر لەناکاو دەستی لێهەڵگرت. ڕەنگە وشەکانی نیچە ئەو ڕابکێشێت، بەڵام کە هەر دێڕێکی تری دەخوێندەوە بەمانای خیانەت بوو لە نەخۆشەکەی.

"باشە دکتۆر بروێر، ڕاتان چییە سەبارەت بە نامەکان؟"

"ئێوە بڵێن بزانم لەو باوەڕەدابوون کە دەبێ من ئاگاداری ئەم نامانە بم؟"

"من هەموویانم بەیەکجار وەرگرت. سەرەتا پاوڵ ئەمانەی لەمن شاردبۆوە، بەڵام دوایی بەو ئەنجامە گەیشت کە مافی ئەم کارەی نییە."

"بەڵام بەڕای ئێوە بەهۆی چییەوەیە کە نیشاندانیان بەمن کارێکی ژیرانە بوو؟"

"درێژە بە خوێندنەوە بدەن! تەنیا بخوێننەوە کە نیچە چی نووسیوە! پێموایە کە پزیشکێك دەبێت زانیاری لەسەر ئەوانە هەبێت. ئەو باس لە خۆکوژی دەکات“ سەرباری ئەوە هەندێ لە نامەکان بێمانان و دەترسم کە ئەقڵی لەدەستدابێت. جگە لەوە منیش مرۆڤم و ئەم ڕستە تاڵ و بەئازارانە بەرەو ڕووی منە و ناتوانم وا بەئاسانی لێیان بگەڕێم. ئەگەر ڕاستی بڵێم ئەوا پێویستم بە یارمەتی ئێوەیە."

"تا چ ئەندازەیەك؟"

"من ڕێزێکی زۆرم بۆ ڕای ئێوە هەیە“ ئێوە پسپۆڕێکی خوێندەوارن. ئایا ئێوەش بەهەمانشێوە من دەبینن؟" پەڕەی نامەکانی هەڵدایەوە. "گوێ لەم سەرزەنشتە بگرن: ’بێ هیچ دڵناسییەك‘ ... ’بێتوانا لە خۆشویستندا‘ ... ’بەبێ مافناسی‘ ... ’تووڕە لە مەسەلەی شەرافەتیدا‘ ... یا ئەمە: ’ئاژەڵێکی دڕەندە کە خۆی دەخاتە شوێنی ئاژەڵێکی ماڵی‘ یان تەنانەت ئەمەیان: ’بەڵام خۆ ئێوە مرۆڤێکی ڕیسوان! سەردەمانێکیش من وامدەزانی ئێوە بە فەزیلەت و شەریفن!‘"

بروێر بە تووڕەییەوە سەری بادا. "نەخێر! بێگومان بەمشێوەیە ناتانبینم، بەڵام داخوا ڕای من ـ بەچەند دیدارێکی کورت و گفتوگۆیەکی سنووردارەوە کە بوومانە ـ چەندێ گرنگە؟ ئایا بە ڕاستی ئەمە داوای ئێوەیە؟"

"دەزانم زۆرێك لەو شتانەی کە نیچە دەینووسێت لە کاتی پەرێشانی و تووڕەییدا نووسراون تاوەکو لە من بدات. ئێوە لەگەڵیدا دواون و بێگومان لەبارەی منەوە قسەتان کردووە. دەبێ بزانم کە ئەو لەبارەی منەوە چۆن بیردەکاتەوە؟ ئەمە تکای منە لە ئێوە. ئەو بە چی شێوەیەك لەبارەی منەوە دەدوێت؟ بە ڕاستی نەفرەتم لێدەکات؟ ئایا بە ڕاستی لە دیدی ئەوەوە من هیولایەکی وەهام؟"

بروێر دانیشت و ماوەیەك بێدەنگبوو. دەبایە سەرەتا بیری لە هەموو ئەو مانایانە بکردایەتەوە کە پرسیارەکانی لۆسالۆمێی لەخۆدەگرت.

لۆ درێژەی دایە: "بەڵام بەرلەوەی کە وەڵامی پرسیارەکانی پێشووم بدەنەوە، بەردەوام دەبم و نوقمی پرسیارتان دەکەم. ئایا توانیتان نیچە ڕازی بکەن کە قسەبکات؟ هێشتا پێکەوە هاتوچۆتان هەیە؟ هیچ بەرەوپێش چوونە؟ ئایا توانیتان ببنە پزیشکێ بۆ نائومێدی ئەو؟"

کڕبوو، چاوێکی شەڕانیانەی بە بروێردا گێڕا و چاوەڕێی وەڵامێ بوو. بروێر هەستی کرد کە گوشاری زۆرتر دەبێت، گوشارێك لە هەموو لایەکەوە. لەلایەن ژن، نیچە، نەخۆشانی چاوەڕێی و خانم بیکرەوە. حەزی دەکرد هاوار بکات.

ئاخری هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی: "کیژۆڵە خانمی بەڕێز، زۆر بەداخەوەم کە ئەبێ بڵێم تەنیا وەڵامێك کە ئەتوانم بیدەمەوە، بێوەڵامییە."



"هیچ وەڵامێك نادەنەوە؟" خافڵگیرانە هاواری کرد: "جەنابی دکتۆر، تێناگەم!"

"بیر لە حاڵی من بکەنەوە. بەهیچ جۆرێ پرسیارەکانی ئێوە نەگونجاو نین، بەڵام من ناتوانم بەبێ چاوپۆشیکردن لە نهێنیپارێزی لەبەرامبەر نەخۆشێکدا، وەڵامی ئەوانە بدەمەوە."

"بەم پێیە بێت مانای ئەوەیە کە ئەو لەژێرچارەسەری ئێوەدایە و ئەو دەبینن؟"

"بەداخەوەم، تەنانەت ناتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەشتان بدەمەوە."

"بەڵام لەبارەی منەوە وەك ئاوارتەیەك ڕازی دەبن!" بە ناڕەحەتییەوە دەدوا. "من زیادەڕەو یاخو شەڕکڕ نیم."

"ئەنگێزەکانی کەسی پرسیارکەر گرنگ نین. تەنیا شتێکی ڕاست و دروست مافی نەخۆشە لە پاراستنی نهێنییەکانیدا."

"بەڵام لێرەدا ڕەوتەکە چارەسەرییەکی باوی پزیشکی نییە! هەموو ئەم چیرۆکە بیرۆکەی من بوو! من نیچەم نارد بۆ لای ئێوە تاوەکو ڕێگری لە ڕووداوێکی ناخۆش بکەم، کەواتە مافی خۆمە کە بزانم ئەنجامی ئەزیەتکێشانم بەکوێ گەیشتووە؟"

"بە تەواوی تێدەگەم. شوێنی ئێوە وەك کەسێکە کە نەخشەی باڵەخانەیەکی تاقیکاریی کێشاوە و ئێستا دەیەوێ بزانێ کە باڵەخانەکە چۆنچۆنی دروستکراوە."

"ڕاست بەهەمانشێوەیە و ئێوەش ناتوانن من لەئەو مەحروم بکەن."

"بەڵام ئەگەر ئاشکراکردنی ئەم تاقیکردنەوەیە ئەنجامەکەی بخاتە مەترسییەوە، ئەوسا چ دەڵێن؟"

"شتی وا چۆن دەبێت؟"

"لەم بارەیەوە متمانە بە داوەری من بکەن. ئێوە بۆلای من هاتوون چونکە لاتان وابوو کە من بیریارێکم. لەبەر ئەوە تکاتان لێدەکەم کە متمانە بە ڕایەکەی من بکەن."

"بەڵام دکتۆر بروێر، من شایەتێکی ناپەیوەست نیم. ڕاگوزەرێك نیم کە بەڕێکەوت دەبێتە گەواهیدەری ڕووداوێك و لە لێکۆڵینەوەدا دەربارەی ئەم ڕووداوە دەیەوێت چارەنووسی ئەم

قوربانییە بزانێت! نیچە بۆ من بەهایەکی زۆری هەبوو، هێشتاکونێش هەیەتی. جگە لەوە وەك ئەوەی کە پێشتریش گوتوومە، لەبەرامبەر ئازاری ئەودا بەجۆرێك هەست بە بەرپرسیاری دەکەم. " تۆنی دەنگی ناسکتر و تیژتر بوو. "تەنانەت منیش ئازار دەکێشم. هەقمە کە بزانم؟"

"بەڵێ، منیش ئەم ئازارە لە دەنگی ئێوەدا دەبینمەوە. بەڵام وەك دکتۆرێك لە بەرامبەر نەخۆشەکەما ئەرکناسترم. ئەگەر نەخشەکەتان سەبارەت بە بوونە پزیشك بەجێبگەیەنن، ڕەنگە ڕۆژێ بتوانن لە من تێبگەن."

"ئەی ئەزییەتی من چی؟ ئەوە حیساب نییە؟"

"ئەزییەتی ئێوە خەمبارم دەکات، بەڵام کارێکی ترم لەدەست نایەت. بەداخەوە کە دەبێ ئامۆژگاریتان بکەم کە لەشوێنێکی ترەوە بەدوای یارمەتییەوە بن."

"دەتوانن ئەدرەسی نیچەم بدەنێ؟ من تەنیا لە ڕێگای ئۆڤەربێکەوە دەستم بە ئەو ڕادەگات، کە دڵنیاش نیم نامەکانی منی پێبگەیەنێت!"

برویێر ئیدی وردە وردە لە سەرسەختی سالۆمێ بێزار دەبوو. زانی کە دەبێت چ ڕەفتارێك بگرێتە بەر. "ئێوە زۆر پرسیاری ئاڵۆز دەکەن لەبارەی لێپرسراوی پزیشك لەبەرامبەر نەخۆشەکەیدا. من دەخەنە شوێنگەیەکەوە کە تا ئێستا نەمبووە. لەگەڵ ئەمەشدا دڵنیام کە ناتوانم شتێك بەئێوە بڵێم. نەئەوەی کە ئەو لەکوێ دەژی و حاڵی چۆنە، نە ئەوەش کە ئایا لەژێر چارەسەری مندایە یاخود نا. ئێستاش لەبارەی نەخۆشانەوە دەدوێین، کیژۆڵە خانم." ئەمەی گوت و لەسەر کورسییەکەی هەستا.

"من دەبێت بە نەخۆشەکانما ڕابگەم."

کاتێ کە لۆسالۆمێش لەجێگای خۆی هەستا، دیسانەوە ئەو نامانەی کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی دانییە برویێر. برویێر گوتی: "تکا دەکەم ئەوانە لەگەڵ خۆتاندا بەرنەوە. هەڵبەتە تێدەگەم کە بۆچی ئەوانەتان لەگەڵ خۆتاندا هێناوە، بەڵام ئەگەر بەهەمانشێوەی کە خۆتان دەڵێن ئەو تەنانەت نەفرەت لە ناوەکەشتان دەکات، کەوایە من ناتوانم سوودێك لەم نامانە ببینم. هەتا پێموایە چاوپێداخشاندنیشی هەڵە بوو."



نامەکانی لەدەستی برویێر دەرکێشا و لەسەر پاژنەی پێ وەرسوڕا و بەبێ قسە بۆی دەرچوو.

برویێر عەرەقی ناوچەوانی سڕییەوە و کەوتە ناو کورسییەکەیەوە. ئایا ئەمە دوایین نمایشی لۆسالۆمێ بوو؟ گومانی هەبوو. کاتێ کە خانم بیکر لەدەرگای دا تاوەکو بپرسێت ئیجازە هەیە کە هێر فیفرمان بنێرێتە ژوورەوە کە تائێستاش لەهۆبەی چاوەڕوانیدا تووشی کۆکەیەکی توند ببوو، برویێر تکای لێکرد کە چەند خولەکێ ماوەی بدات.

"هەرچییەکتان دەوێت دکتۆر، تەنیا ئاگادارمکەنەوە. کوپێ چاتان بۆ بێنم؟" برویێر تەنها سەری لەقاند و کاتێکیش کە ژنە دەرگای لەدوای خۆیەوە داخست، بەئومێدی ساتێکی کورتی ئارامی چاوانی خۆی نوقاند. یەکسەر بێرتای لێدەرکەوتەوە.

# (١٨)

بروێر هەرچەندە زیاتر لەبارەی سەردانی لۆسالۆمێوە بیری دەکردەوە، زیاتر توورە دەبوو. بەڵام نەوەك لەدەستی ئەو ـ زیاتر لە ئەو دەترسا ـ بەڵکو لە دەستی نیچە. لە تەواوی ئەو ماوەیەی کە لەبەر ئەوەی ئاوقای بێرتا ببوو، نیچە سەرزەنشت و سەرکۆنەی ئەوی دەکرد ـ زاراوەی خودی نیچە چی بوو؟ ـ "کە لە دەراوی شاوەتدا دەلەوەڕێ" و "لە ئالوودەبوونەکانی ئاگایی خۆیدا لێگەڕین دەکات" لە تەواوی ئەم ماوەیەدا چ کەسێك هاوڕێی بوو؟ بەڵێ! خودی نیچە بە هێمنی لەلای ئەودا لێگەڕینی کردووە!

نەخێر ئەو ئیجازەی ئەوەی نەبوو کە دێڕەکانی ئەم نامانە بخوێنێتەوە! بەڵام داخوا زۆر زووتر لەم بابەتە تێنەگەیشتبوو؟ لەگەڵ ئەو شتانەی کە دەیزانی، دەبایە چی بکردایە؟ هیچ شتێ! نەیدەتوانی هیچ یەکێ لەمانە لەگەڵ نیچەدا بێنێتە ئاراوە.

سەیربوو کە ئەو و نیچە هەریەکە درۆیەکیان کردبوو. هەردووکیان سەبارەت بە پەیوەندییان بە لۆسالۆمێوە بێدەنگیان لێکردبوو. ئایا نیچەش هەروەکو ئەو دوودڵ بوو؟ ئایا نیچەش خۆی بە کەموکوڕ و گوناهکار دەزانی؟ ئایا دەیتوانی ئەم هەستکردن بە گوناهە بە سوودی نیچە بەکاربهێنێت؟ بروێر سبەینێی یەکشەممە کاتێ کە لە قادرمە پانە مەڕمەڕییەکانی کلینیکی لاوزۆنەوە بەرەو ژووری ژمارە سیانزە سەردەکەوت، خۆیی ئاگادارکردەوە: "بە هێواشی بەرەوپێش برۆ! پەلەمەکە! خەریکە شتێکی گرنگ ڕوودەدات. تەنیا بیر لەوە بکەرەوە کە لەماوەی هەفتەی ڕابردوودا چەندێ پێشڕەویمان کردووە!"



دوای لێنۆڕینێکی کورتی نیچە، بروێر یەکسەر دەستیپێکرد: "فرێدریك، دوێشەو خەونێکی سەیرم پێوە بینین. لە چێشتخانەی ڕیستۆرانتێکدا بووم، چێشتلێنەرە ناشییەکان ڕۆنیان ڕشتبووە سەر کاشییەکان. دەخلیسکام و گوێزانێکی ڕیشتاشین کە دەستمی دەڕووشاند لەدەستم دەکەوتە خوارە بۆ ناو درزێك. دوایی ئێوە هاتن" هەڵبەتە لە غەوارەیەك دەچوون. یونیفۆرمێکی ژەنەراڵێتان لەبەردابوو، بەڵام دەمزانی کە ئێوەن. هەوڵتان دەدا یارمەتیم بدەن تاگوێزانەکە دەربێنم. ئاگادارمکردنەوە لەوەی کە ئەم کارە دەبێتە هۆی زیاتر ڕۆچوونی ئەو. لەگەڵ ئەوەشدا هەوڵی خۆتان دا. بەڕاستیش گوێزانەکە زیاتر ڕۆدەچوو. ئێستا ئیتر لە درزێکدا گیرببوو، لە هەرهەوڵێکی تازەشدا بۆ دەرهێنانی، ئەو پەنجەکانمی دەبڕی." بێدەنگ بوو و لە نیچەی دەڕوانی. "ئەم خەونە چۆن لێکدەدەنەوە؟"

"یۆزیف، ئێوە چۆن لێکیدەدەنەوە؟"

"بەشی زۆری ئەوە وەکو زۆرینەی خەونەکانم مۆتەکەیەکە، بەڵام هاتنە ناوەوەی ئێوە دەبێ مانایەکی هەبێت."

"ئایا هێشتا بە ڕوونی خەونەکەتان لەپێشچاوە؟"

بروێر سەری لەقاند.

"دیقەتی بدەن و میتۆدی 'بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵی دڵ' تاقیبکەنەوە."

بروێر سەرەتا هەڵوەستەیەکی کرد و بەترسەوە ڕوانی، بەڵام دوایی هەوڵیدا خۆی کۆبکاتەوە."بزانین چی ڕوودەدات. شتێ ـ وەك گوێزانێکی ڕیشتاشینی من ـ لەدەستم بەردەبۆوە و دوایی ئێوە دەردەکەون."

"لە یونیفۆرمێکی ژەنەراڵێدا..."

"بەڵێ، ئێوە وەك ژەنەراڵێك جلکتان پۆشیوە و دەتانەوێت یارمەتی من بدەن، بەڵام ناتوانن."

"لە ڕاستیدا هەموو شتێك خەراپتر دەکەم" گوێزانەکە زیاتر ڕۆدەبەمە درزەکەوە."

"ئەمە هاوڕێکە لەگەڵ خەیاڵی مندا. بارودۆخەکە خراپتر دەبێت. دڵبەستەیی من بە بێرتاوە، مۆتەکەی خانووی گڕگرتوو و بێخەوی بەردەوام و توند. دەبێ ڕێگایەکی تر وەپێش بگرین!"

"من یونیفۆرمی ژەنەراڵێکم لەبەردایە؟"

"بەڵێ، بەڵام بە ئاسانی لەمە دەگەین. یونیفۆرم سیمبۆلی ڕەفتاری فەرماندەرانە و زمانی ڕەسەنی شاعیرانە و حەز و ئارەزووی ئێوەیە." زانیارییەکی تازە کە لۆسالۆمێ دابوویە، بۆ بروێر حوکمی خاڵێکی بڕندەی هەبوو. "ئەمە نیشانەی نارەزایی ئێوەیە لە هاتنتان بۆ ئاستی من کە لە خۆتان خوارترە. دواتر پەرێشانی من لەبارەی بیرتاوە لەبەرچاوبگرن. من لە ئەزمونە بالینییەکانی خۆمەوە دەزانم کە گرفتەکانم لەگەڵ ڕەگەزی بەرامبەردا چەندێ بەرفراوانە. تەنانەت شیعرێکی ئەویندارانە لە دیدی مرۆڤدا پەنهان نابێت. هەتا گۆتەیش ئەمەی زانیوە. هەر بەهۆی ئەمەشەوەیە کە ئازارەکانی ڤۆرتەری لاو هێندە بەهێزە. ئازاری ئیشقی ڤۆرتەر ئازاری هەموومانە. بێگومان ئێوەش ئەوەتان تاقیکردۆتەوە؟"

کاتێ کە وەڵامێکی لە نیچە نەبیست، بروێر بوێری بەردەوامی پەیداکردبوو. "ئامادەم کە لەسەر مەبلەغێکی زۆر گرەو بکەم کە ئێوەش ئەزموونێکی هاوشێوەی ئەمەتان هەبووە. بۆچی ئەمەم بۆ باسناکەن تاوەکو بتوانین بێپەردە قسان بکەین و یەکسان بین لەگەڵ یەکتری؟"

"بۆ ئەوەی کە ئیدی سەرباز و ژەنەراڵی نارەسەن، فەرمانڕەواو فەرمانبەر نەبین؟ ئای، ببەخشن یۆزیف، من ویستم کە ئیتر باس لە توانا نەکەم، تەنانەت ئەگەر بەو ڕوونیەش باسی بکەیت کە بەڕاستی لە واقیعدا پەلاماری پیاو بدات! لەبارەی ئیشقیشەوە نکوولی لەوە ناکەم کە حەق بەئێوەیە. هەرگیز ئەوە ڕەتناکەمەوە کە ـ لە ئاکامدا منیش ـ و ڕۆمۆت*یش تاڵی ئازاری ئیشقمان چەشتووە. ئێوە باس لە ئازارەکانی ڤۆرتەری لاو دەکەن، بەڵام ئایا ڕێگەم پێدەدەن کە ئەم شیعرەی گۆتە بهێنمەوە یادتان: 'مەردبە و پەیڕەوی لە من مەکە'. دەزانن کە ئەو ئەم دروشمەی لەسەرەتای چاپی دووەمی کتێبەکەیدا نووسیبوو، چونکە زۆرێك لە مێرجاهێلان لاسایی ڤۆرتەریان کردبۆوە و دەستیان بۆ خۆکوژی بردبوو؟ نا یۆزیف، بە وەسفکردنی ڕێگای خۆم من هیچ خزمەتێك بە ئێوە ناکەم. لەکاتی پێویستدا دەتوانم یارمەتیتان بدەم کە خۆتان ڕێگایەك بدۆزنەوە و بەسەر ناهومێدیدا زاڵبن. باشە، مانای گوێزان لە خەونەکەتاندا چییە؟"

* ڕۆمۆت : جۆرێ شەرابی شیرینە. و.فا



بروێر بێدەنگ بوو. دانپیانانی نیچە لەسەر ئەوەی کە ئەویش ئازاری ئیشقی تاقیکردۆتەوە، هەنگاوێکی گەورە بوو. نەدەبا لەهەمانشوێن بوەستێ. نا، بۆ ئەم ساتە بەسبوو. ئەو دیسانەوە لەسەر خۆی چەقی بەست.

"من هیچ قسەیەکم نییە لەسەر دەرکەوتنی گوێزانێك لە خەونەکەمدا."

"بنەما لەیاد مەکەن، یۆزیف. هەوڵی ڕوونکردنەوەی بدەن، بنەمای 'بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵی دڵ' بە وردی ڕەچاو بکەن. هەمان ئەو شتەی کە بە خەیاڵتاندا دێت بیڵێن. هیچ شتێك مەپەڕێنن."

نیچە پاڵی دایەوە و چاوانی نوقاند.

"گوێزان، گوێزان ... دوێشەو ناسراوێکی بێڕیشی خۆمم بینی کە پزیشکێکی چاوە بە ناوی کارڵ کۆکەر. ئەمڕۆ بەیانی بیرمکردەوە کە واباشترە ڕدێنم بتراشم، بەڵام زۆر جار ئەم خەیاڵە دەکەم."

"بەردەوام بن!"

"گوێزان، خوێنبەر، نەخۆشێکی لاوم هەیە کە بەهۆی نائومێدی لە ئارەزووکردنی نێربازی، بەر لە چەند ڕۆژێك بە گوێزانێك شاخوێنبەری خۆی بڕیوە. ئەمڕۆ دەچم بۆ سەردانی ئەو. هەر بەم بۆنەیەشەوە ئەویش ناوی یۆزیفە. ئەگەر چی من ئەم خەیاڵە بەسەرمدا نایەت کە ڕەگەکانم ببڕم، بەڵام بەو شێوەیەی کە بۆم باسکردوونە بیر لە خۆکوژی دەکەمەوە. ئەمانە نەخشە نین، بەڵکو خەیاڵی زووگوزەرن. بەهیچ جۆرێ وێناکردنی واقیعیانەی ئەم کارەم لەخەیاڵدا نییە. لە ئاکامدا ڕەنگە ئەوە هەروەکو ئەوەبێت کە خێزانەکەم لە ئاگردا دەسووتێنم یاخۆ بێرتا دەبەم بۆ ئەمەریکا. هەڵبەتا لەم دواییانەدا بیری خۆکوژی زیاتر بە خەیاڵمدا دێت."

نیچە هێنایەوە یادی کە: "هەموو بیریارە گەورەکان، ئەگەری خۆکوشتن لەبەرچاو دەگرن. خەیاڵی خۆکوشتن جۆرێ دەرمانی هێورکەرەوەیە لە شەوانی درێژدا." چاوانی کردەوە و بە بروێری گوت: "مەبەستتان ئەوەیە کە دەبێت ڕێگایەکی تر بۆ یارمەتیدانی ئێوە بدۆزینەوە؟"

"ڕاستەوخۆ هێرش بکەینە سەر ناوجەرگەی مژۆڵی! ئەگەر بەم شێوەیە نەبێت ئەوا دەبێتە دەردەسەری بۆم و هەموو ژیانم هەڵدەلوشێ. من لێرەدا و لە ئێستادا ناژیم، بەڵکەم لە ڕابردوو یان لە داهاتوویەکدا دەژیم کە هەرگیز بوونی نابێت."

"یۆزیف، درەنگ بێت یا زوو ئەبێ ئەم دلکێشییە لەکەمی بدات. هیچ دوودڵییەك لە ڕاستی و دروستی ئەو تێزەی مندا نییە کە پێیوایە لە پشتی ئەم دلگیرۆییەوە، ترسی ئەسڵی لە بوون شاردراوەتەوە. ئیدی شتێ لەمە ئاشکراتر نییە و هەرچی دوورودرێژتر لەبارەی ئەم ترسەوە قسەبکەین، وەسوەسەی ئێوە بەهێزتر دەبێت. نابینن کە وەسوەسەی زەینیتان هەولدەدات ئێوە لە مەسەلە گرنگەکانی ژیان وەرگێڕێ؟ ئەمە تەنها پێودانگی ئاشنایە بەئێوە بە مەبەستی بەندکردنی ترس."

"فرێدریك، بیروڕای ئێمە خۆ دژی یەکتری نین، من زیاتر دید و بڕوای ئێوە پەسەند دەکەم و ئەم تێڕوانینەش بەڕاست دەزانم. لێ، ئامبازبوون لەگەڵ ئەم وەسوەسە زەینییەدا هەرگیز بەو مانایە نییە کە پاساودانەکەی ئێوە لاوازبووە. ئێوە ئێستا وەسوەسەی زەینی منتان بە کوارگ و ئالفی بێسوود چواند. ڕاستە وایە. ئەوجا ئەمەش ڕاستە کە ئەگەر ڕۆحی خۆم بە میتۆدێکی تاقیبکردایەتەوە هەرگیز وەسوەسەی زەینیم بنجی دانەدەکوتا. لەگەڵ ئەوەشدا بە خێرایی گەشەدەکات و پێویستە لەناوبرێ و ڕیشەکێش بکرێت. میتۆدی ئێوە زۆر تووڵانییە."

نیچە لەسەر کورسییەکەی خۆی بەملاولادا دەسووڕا، دیاربوو کە خۆشی لە ڕەخنەکەی بروێر نەهاتبوو. "باشە دەی ئێوە پێشنیارێکتان هەیە بۆ لەناوبردن؟"

"من دیلی ئەم وەسوەسە زەینییەم" پێناچێ کە ڕێگایەك بۆ هەڵاتن نیشانی من بدات. هەر بە هەمان هۆیشبوو کە سەبارەت بە ئەزموونەکانی ئێوە لە دەردێکی وەها ڕۆحی و ئەوەی کە چی ڕێگایەك توانای هەڵاتنی بۆ فەراهەم کردن، پرسیارم کرد. "

نیچە وەڵامی دایەوە: "منیش کاتێ کە هەفتەی پێشوو داوام لێکردن کە لە دوورەوە خۆتان بخەنە ژێرچاودێرییەوە، هەوڵمدا کە هەمان کار بکەم. دیمەنێکی پێکەنیناوی، هەموو شتە ناڕەحەتکەرەکان بچووکدەکاتەوە. ئەگەر بەڕادەی پێویست خۆمان بەرزکەینەوە بەلوتکەیەك دەگەین کە لەوێدا تەنانەت تراژیدیا بەرچاوناکەوێت."



"بەڵێ، بەڵێ، بەڵێ. " بروێر وردە وردە ڕەنجاوتر دەبوو. "خۆ بە هەستی خۆم دەرکی ئەوە دەکەم. بەڵام فرێدریك، لەگەڵ ئەمەشدا دیاردەی وەك 'لوتکەیەك کە لەوێدا تەنانەت تراژیدیاش دەست لە کاریگەری خۆی هەڵدەگرێت' ئارامییەك بە من نابەخشێت. ببورن کە نائارام دیارم، بەڵام درزێك، درزێکی قووڵ و گەورە لە نێوان مەعریفە و هەست و سۆزی زەیندا هەیە. زۆربەی کات کە شەوان بە ترسێکی مەرگاوییەوە لەخەو ڕادەبم، لەبەرخۆمەوە قسەکەی کۆکەرز دەڵێمەوە: 'تا کاتێ کە ئێمە هەین، مردنێك بوونی نییە و کاتێکیش کە مردن هات، ئیتر ئێمە بوونمان نییە' ئەمە لە ڕادەبەدەر ژیرانەیە. بێگومانم کە ڕاستە. بەڵام کاتێ لە ترسان هەڵدەلەرزێم ئیدی ئەم دروشمە سوودێکی نییە و هەرگیز ئارامی نەکردومەتەوە. لێرەدا فەلسەفە شکست دێنێت. فێربوونی فەلسەفە و بەکارهێنانی فەلسەفە لە ژیاندا دوو شتی زۆر لێکجیاوازن."

"یۆزیف، گرفتەکە لێرەدایە، هەرکاتێك نکۆڵی لە ئاوەز کەین و هەوڵبدەین بە هەوڵە هیچەکانمان کار لە مرۆڤ بکەین، لە ئاکامدا مرۆڤگەلێکی هیچ و گرگن دروست دەکەین. وەختێ کە داوای سوودمەندبوونی شتێك دەکەیت، بەدوای چارەیەکدا دەگەڕێیت کە کار لە شۆڕ و هەیەجانەکان بکات. لەم هونەرەدا ئوستادانێك هەن! ئەوانە کێن؟ واعیزەکانی مەرگ! ئەوانە نهێنی گومڕاکردن دەزانن! بە گۆرانی لێوڕێژ بە سەودا شیرینەکان، مرۆڤ دەخەنە داوەوە. بە منارەی سەر بەگەردوونکێشی کڵێساکانیانەوە مرۆڤی کوڵەبنەمان لێدروستدەکەن، وا نیشاندەدەن کە خۆبەدەستەوەدان شتێکی چێژبەخشە. ئەوان بانگەشەی ڕەهایی و ژیانێکی هەمیشەیی دەکەن. بەڵام لەخۆت بڕوانە کە چ نرخێکت بۆ ئەوانە داناوە! کۆیلەیەتی ئاینزایی، ڕێزداری بۆ لاوازەکان، وەستان، نەفرەت لە جەستە و چێژ و دونیا. نا، ئەم ڕێگا گێژو وێژکەرە بۆ ئێمە بەستراوە! ئەبێ لە خەیاڵی ڕێگەی تردابین کە توانای هەستکردنمان زیاتر بکات."

بریوێر گوتی: "بەڵام خودی بەڕێوەبەری سەحنەی ئاگاییم کە وێنەگەلێکی بێرتا و ماڵەکەمم لە کاتی دەسووتاندا، وە پێشچاو دەخات، لەژێر کاریگەری هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەکدا نییە."

نیچە دەستە نوقاوەکانی ڕاتەکاند. "مەگەر تێناگەن! ئەم وەسوەسەی ئێوە هەموو جۆرە واقیعییەتێکی لەدەستداوە! پرشنگدانەوەی بێرتا، سەرچاوەی هێزی بەکێشکردن و ئیشقێ کە ئێوەی لەخۆگرتووە" ئەم شتانە بوونیان نییە! ئەم وێنانەی کە مایەی بەخشندەیی و هەڵەی

مرۆڤەکانە شایانی بانسروشتیبوون نییە. هەموو مەعریفە و ڕوانگەکان ڕێژەیین. ئێمە شتێك ئاشکرادەکەین کە ئەزموونمان کردووە و توانای ئەوەشمان هەیە ئەو شتەی کە ئاشکرای دەکەین لەناوی ببەین."

بریوێر دەیویست نارەزایی دەربڕێ لەوەی کە گشت ئەم جۆرە سەرزەنشتانە بێهوودەنە، بەڵام ئیتر نەدەتوانر بەر لە نیچە بگیرێ.

"دەمەوێ ئەمەتان بۆ ڕوونکەمەوە، یۆزیف. من دۆستێکم هەیە ـ هەمبوو! ـ بەناوی ڕێ، کە فەیلەسوفێکە. هەردووکمان لەو بڕوایەداین کە خوا مردووە. ئەو لەمبارەیەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ژیانێك بەبێ خودا، بێهودەیە و نائومێدی ئەو تا ئەوڕادەیەیە کە تێڕوانینێکی ئاشقانەی بۆ خۆکوژی هەیە" ئەو هەمیشە مەدالیایەك لە مل دەکات کە کەپسولێکی ژاراوی پێوە هەڵواسراوە. بەپێچەوانەشەوە، بێخودایی بۆ من مایەی خۆشحاڵییە. من چێژ لەم ئازادییە دەبینم. بەخۆم دەڵێم: **'ئەگەر خواوەندەکان بوونیان هەبێت، ئیتر چ شتێك بۆ خولقاندن دەمێنێتەوە؟'** تێدەگەن؟ یەك ئەنجام، یەك مادەی سەرەتایی و دوو واقیعییەت!"

بروێر ڕۆچووە ناو کورسییە نەرمەکەیەوە. لەوە نائومێدتربوو کە بتوانێت سوود لە هێنانی ناوی ڕێ وەربگرێت لە زمانی نیچەوە. بە نارەزاییەوە گوتی: "بەڵام من دەڵێم کە بەڵگاندنێکی وا کاریگەری لەسەر من نییە. فەلسەفاندن بە کەڵکی چی دێت؟ تەنانەت ئەگەر واقیعییەتیش ئاشکرابکەین، ڕۆحی ئێمە بەجۆرێ دروستبووە کە ئەم واقیعییەتەمان لێدەشارێتەوە."

نیچە وەڵامی دایەوە: "وردتر لە واقیعییەتی خۆتان بڕوانن. دەبێ لە دیدێکەوە دەستنیشانی بکەن کە چەنێ پینەپەڕۆ کراوە. چەندێ ناکۆك و پێکەنیناوییە! تەنها بیر لە ئایدیالی ئیشقی خۆتان بکەنەوە ـ لە بیرتا شەل ـ چ پیاوێکی بە شعوور دەتوانێ ئەوەی خۆشبوێت؟ گوتبووتان کە زۆربەی کات شتێکی وا نابیستێ، چاوانی خێل دەبوون، ماسوولکەی باڵ و شانەکانی بەجەمام دەکەوتن و کەشەنگ دەبوون، نەیدەتوانی ئاوبخواتەوە و بەڕێوەبڕوات. بەیانیان ئەڵمانی نەدەزانی و هەندێ ڕۆژ بە ئینگلیزی و ڕۆژانێکی تریش بە بە فەرنسی دەئاخێوت. کەواتە چۆن دەشیا قسەی لەگەڵدا بکرێت؟ دەبایە وەکو ڕیستۆرانتەکان تابلۆیەکی بەسینگەوە بایە تا زمانی ئەو ڕۆژەی ڕابگەیەنێت." نیچە بە گاڵتەکەی خۆی پێکەنی.



بروێر نەیدەتوانی شتێکی پێکەنیناوی تێدا بدۆزێتەوە و دەموچاوی تێکنا. "بۆچی سووکایەتی پێدەکەن؟ ئێوە بۆ تەنیا جارێکیش بێت، بەبێ ئەوەی کە نازناوی 'شەل' لەیادبکەن، ناوی ئەوتان نەهێنا."

"من تەنیا شتێك دووبارە دەکەمەوە کە ئێوە بۆم باسدەکەن."

"هەڵبەت کە ئەو نەخۆشە. بەڵام نەخۆشی کاری نەکردۆتە سەر ماهییەت و خودی ئەو. ئەو جوانە. ئەگەر لە سەرشەقام لەگەڵیدا بڕۆیت، دەبینی کە دەیان سەر بەرەو ئەو دەسوڕێت، ئەو ژیر و هۆشیار و داهێنەرە. سەرباری ئەوە لە شێوازە ژانرە ئەدەبییەکاندا باڵادەستە، تێگەیشتوو و هونەرمەندە. دڵناسك و هەستیار و ـ بەڕای من ـ میهرەبانیشە."

"بەڕای من زۆریش بەهەست و سۆز و میهرەبان نییە. ئەشقی ئەو بۆ ئێوە بە چ شێوەیەکە؟ هەوڵدەدا فریوتان بدات تاوەکو خیانەت لە هاوسەرتان بکەن!"

وەك ئەوەی کە وانییە، بروێر سەری بادا. "نەخێر، ئەمە ..."

نیچە قسەکەی ئەوی بڕی: "هەڵبەت کە بەڵێ! بەڵێ! ناتوانن نکۆڵی لەمە بکەن. وشەی فریودان زۆر گونجاوە. ئەو پاڵی بە ئێوەوە داوە. سەر دەخاتە سەر ئەژنۆکانتان و هەموو هەوڵێکی دەدات کە ژیانی هاوسەرێتیتان نابووت بکات. بە نیشاندانی ئەوەی کە منداڵێکی ئێوەی لە سکدایە، لەبەرانبەر هەموو جیهاندا ڕیسواتان دەکات! ئایا ئەمە ئیشقە؟ خوا من لەم جۆرە ئیشقانە بپارێزێت."

"من سەبارەت بە نەخۆشەکانم نە داوەری دەکەم و نە گاڵتەیان پێدەکەم، فرێدریك. بە ئێوە دەڵێم کە ئەم ژنە ناناسن!"

"سوپاس بۆ خوا! من ئەم جۆرانە ناناسم. باوەڕبکەن یۆزیف، ئەم ژنە خۆشی ناوێن، تەنیا دەیەوێ نابووتتان بکات!" نیچە دڵنیای دەکردەوە و بۆ جەختکردنەوە لەسەر قسەکانی خۆی بە ڕیتمەوە لە دەفتەری یاداشتەکەی دەدا.

"ئێوەی بە هەمانشێوەی ژنانی تر بڕیار لەسەر ئەو دەدەن، ژنانێك كە خۆتان دەیناسن. بەڵام هەڵە دەكەن، هەموو ئەو كەسانەی كە ئەو دەناسن، هەستێكی وەك منیان هەیە. دواتر ئەم گاڵتەكردنە چ سوودێكی هەیە بۆتان؟"

"لێرەشدا وەك زۆرێك لە بیروڕاكانی تر فەزیلەتەكانی خۆتان پێوەند دەكەن. دەبێ ئێوەش فێری گاڵتەپێكردن بن! ئەمە هەنگاوێكە لەڕێی چاكبوونەوەدا."

"فرێدریك، ئێوە لە بارەی ژنانەوە زۆر سەختگیرن!"

"ئێوەش زۆر بەخشندەن، یۆزیف. بۆچی سوورن لەسەر ئەوەی كە پشتیوانی لە بێرتا بكەن؟"

برویێر كە بۆ دانیشتن زۆر تووڕە بوو، هەستا و بەرەو لای پەنجەرەكە چوو. تەماشای پاركەكەی كرد كە پیاوێك بە چاوانی مەرهەماوی پێچراوەوە خۆی بەسەر عەساكەیدا داوە و پێ وەپێ دەڕۆیشت و پاڵی بە پەرستارێكەوە دابوو.

"یۆزیف، هەست و سۆزەكانتان دەربڕن، هیچ شتێك لای خۆتن مەهێڵنەوە."

برویێر لە كاتێكدا كە لە سەیركردنی دەرەوە ماقمابوو، گوتی: "بۆ ئێوە كارێكی ئاسانە كە بوختان بە بێرتا بكەن، بەڵام سوێند دەخۆم ئەگەر ئەوتان ببینیایە، ئاوازی دەنگتان دەگۆڕا و لە هەمبەر ویدا دەكەوتنە سەر ئەژنۆ. ئەو بە تایبەتمەندییەكی فریودەری ژنانەوە بوونەوەرێكی پلەیەك هێلینییە. وتم كە دكتۆرە جێنشینەكەی من بە خێرایی ئاشقی ئەو بوو."

"جێنشینی ئێوە؟ قوربانییەكی تری بێرتا!"

برویێر سەری سووڕمابوو. "فرێدریك مەبەستتان چییە؟ هەرگیز بەمشێوەیە ئێوە ناناسم! ئەم فشارە لە پێناوی چیدایە؟"

"من تەنیا ئەو كارە دەكەم كە لە منتان دەویست. بەدوای ئیمكانێكی تردا دەگەڕێم كە بەسەر وەسوەسەی زەینیتاندا سەركەوم. یۆزیف، لامواییە كە بەشی زۆری نارەحەتی ئێوە لە كینەیەكی شاراوەوە سەرچاوە دەگرێت. شتێ ـ یەك ترس، یەك داپۆشین ـ لە ئێوەدا ڕێگر دەبێت لەوەی كە تووڕەیی خۆتان دیاربخەن. لەباتی ئەوە تۆتكە دەگرن و لە ئازاری خۆتان فەزیلەتێك چێدەكەن، لە قووڵاییتاندا هەست و سۆزتان دائەپۆشن تاوەكو ئیدی هەست بە



كینەیەك نەكەن و خۆتان بە قەدیس دەزانن. ئێوە نەوەك تەنیا ڕۆڵی پزیشكێكی هۆشیار وەئەستۆ دەگرن، بەڵكو بەم وێنەیەوە دەبنە یەك. پێتان وایە حەیفن بۆ ئەوەی كە هەست بە تووڕەیی بكەن. یۆزیف، هەستی تۆڵەكردنەوە بەڕێژەیەك شیفای تێدایە، و كینەی خوراوەش ئەشكەنجەیە!"

برویێر سەری ڕاتەكاند. "نا فرێدریك، دەرككردن واتە بەخشین. بەدوای هەموو نیشانەی نەخۆشییەكانی بێرتادا تاوەكو ژێدەرەكانیان چووم. ئەو خودێكی چاكە. زۆریش چاكە. كاتێ كە باوكی مرد، ئەو كە كچێكی پایەبەرز و خۆبەختكاربوو، نەخۆشكەوت."

"هەموو باوكان دەمرن، باوكی ئێوە، باوكی من و بابی هەموو كەسێكی تریش. ئەمە بەس نییە بۆ پاساودانی نەخۆشی. من ئیمتیازی پاساو و بەهانەهێنانەوە دەبەخشم بە كردەوە. ئیدی ـ چ بۆ تۆ و چ بۆ بێرتاش ـ سەردەمی بیانوو تەواو بووە." نیچە دەفتەری یاداشتەكەی داخست. كات تەواو ببوو.

دیداری دووەمیش بەهەمانشێوەی پڕ لە شەوق و شۆڕ دەستی پێكرد. ئاخری برویێر بە توندی هێرشی كردە سەر وەسوەسەی زەینی خۆی، نیچەش كە هەمیشە بە شەڕكەرێكی چاك دەژمێردرا، گوتی: "باشە، ئەگەر جەنگتان دەوێت، كەوایە فەرموون!" ئەم لەشكركێشییە دەروونناسییە مەزنە سێ ڕۆژ درێژەی كێشا، و یەكێك بوو لە داهێنەرانەترین ـ ونائاساییترین ـ ئۆپەراسیۆنی جەنگی لە مێژووی پزیشكی ڤییەنادا.

نیچە بەر لە هەر ئیشێ، ئەو گفتەی لە برویێر وەرگرت كە بەبێ ئەوەی پرسیار یاخود بەرگری بكات، هەموو فەرمانەكانی ئەنجام بدات. دواتر فەرمانی بە برویێردا كە پێڕستێك ئامادە بكات و دە سووكایەتی تێدا بنووسێت كە چۆن و بەچ شێوەیەك ئەوانە دەخاتە پاڵ بێرتا. دواتر داوای لە برویێر كرد كە ئەوە بهێنێتە بەرچاوی خۆی كە لەگەڵ بێرتادا دەژی، بێرتاش ڕووبەڕووی ئەو لەسەر مێزی قاوەڵتی دانیشتووە، لەناكاو دەست و پێیەكانی كەشەنگ وچاوەكانی خێل دەبن، لاڵ و ملخوارە و لە كاتی وڕێنەدا زمانی دەیگرێ. دواتر نیچە وێنەگەلێكی زیندووتری نیشاندا: بێرتا لە كاتی ڕشانەوەدا، بێرتا لەسەر دەستشۆری و بێرتا لە وەختی ئازاركێشان لە سكپڕبوونێكی خەیاڵی. بەڵام هیچ یەك لەم وێنانە نەیدەتوانی ڕووی وێنەی درەخشانی بێرتا بگرێت.

لە دانیشتنی دواتردا نیچە سوودی لە ڕێگا ڕەقتر و توندتر وەرگرت. "هەرکاتێ کە تەنیا بوون و بیّرتا هاتە خەیاڵتانەوە، بە هەموو هێزێکتانەوە هاواربکەن: 'نـــــــــا!'یان 'بوەستە!' ئەگەر تەنیاش نەبوون، هەر کە لە خەیاڵتاندا خۆی گرت، بەتوندی نوقورچ لەخۆتان بگرن."

دوو ڕۆژی تەواو ژوورەکانی ماڵی بروێر پڕبوو لەهاوارەکانی ئەو و قۆڵیشی پڕ بوو لە پەڵەی شین. جارێك لە فایتۆنەکەدا وەها بەدەنگی بەرز قیژاندی 'بوەستە!' کە فایتۆنچی بە پەلە ئەسپەکانی ڕاگرت و چاوەڕوانی فەرمانی ئەو بوو. جارێکی تر وەها بەهاوارەوە وتی 'نــا!' خانم بیکر ڕایکردە دەرەوەی عیادەکە. بەڵام ئەو مەتەرێزانەی کە ئەم پێڕستە شەڕانییە لێیدان، لەبەرامبەر شۆڕ و شەوقی ئەودا ناتوانابوون و هێزی کەمکردنەوەی پەرێشانی ئەویان نەبوو.

لە شوێنێکی تردا نیچە داوای لە بروێر کرد کە بە دیقەتەوە بەدوای خەیاڵی خۆیەوە بێت و هەر نیوسەعات جارێك لە دەفتەری یاداشتەکەی بنووسێت کە چەندجار و چۆنچۆنی بیری لە بیّرتا کردۆتەوە. بروێر لە پەسەندکردنی ئەم بابەتەدا سەری سوڕمابوو لەوەی کە چۆن تەنانەت یەك کاتژمێر بەبێ ئەوەی کە کابووسی بیّرتا هێرش بکاتە سەر بکاتە مەژگی، تێنەپەڕی. بەپێی ژمێریارییەکانی نیچە، بروێر لە ڕۆژێکدا نزیکەی سەد خولەك و لەساڵێکیشدا زیاتر لە پێنج سەد سەعاتی دەکردە قوربانی وەسوەسەی زەینی خۆی. واتە لە بیست ساڵی داهاتوودا بروێر زیاتر لە شەش سەد ڕۆژی بەنرخی خۆی دەبەخشییە خەیاڵە یەکئاواز و ماندووکەرەکانی. لەگەڵ ئەمەشدا لە داهاتوودا، باجی ئەم وەسوەسە زەینییەی دەدا.

بەم هۆیەوە نیچە تەگبیری بۆ ستراتیژیەتێکی نوێ کرد. فەرمانی بە بروێر دا کە چی بخوازێت یا نەخوازێت، دەبێ لەو کاتانەی کە لە پێشدا دیاریکراون بیر لە بیّرتا بکاتەوە.

"ئێوە بۆ بیرکردنەوە لە بیّرتا، پێداگری دەکەن؟ زۆر باشە! کەوایە دەمەوێت بەڕاستی ئەم کارە ئەنجام بدەن. پێدادەگرم لەوەی کە لە هەر ڕۆژێکدا شەش جار و هەرجارەش چارەکە سەعاتێك بیر لەو بکەنەوە. یەکجاری تریش پێکەوە بەرنامەی ڕۆژانەی ئێوە دەکەینە خول و ئەم چارەکە سەعاتەش دەکەین بە ڕۆژێکی تەواو. دەتوانن بە سکرتێرەکەتان بڵێن کە پێویستیتان بە پشوو هەیە تاوەکو بتوانن ڕاپۆرت یا شتێکی وەك ئەوە بنووسن.



ئەگەر دەشخوازن لەمە زیاتر بیر لەو بکەنەوە، بفەرموون هەڵبژاردن لە دەستی ئێوەدایە. بەڵام دەبێ لە ماوەی ئەم شەش چارەکە سەعاتەدا ئێوە بیر لە بیّرتا بکەنەوە، دواتریش وەختێ کە زیاتر خووتان بەمکارەوە گرت، کاتەکە کەمتر دەکەینەوە." بروێر بە ڕاستی بەرنامەی نیچەی بەجێدەگەیاند، بەڵام هێشتا خەیاڵی لای بیّرتا بوو.

پاشترێ نیچە پێشنیاری ئەوەی کرد کە دەبێ بروێر کیفێکی پارە لەگەڵ خۆیدا هەڵگرێ تاوەکو هەرجارێ کە بیر لە بیّرتا دەکاتەوە، پێنج کرڤیتزەر بخاتە ناویەوە“ دوایش ئەم پارەیە لە کاری خێردا خەرج بکات. بروێر لەم نەخشەیە ناڕازی بوو. دەیگوت دڵنیایە کە ئەم ڕێگایە شکست دەهێنێ، چونکە ئەو بە هەموو ئارەزوویەکەوە پارەی بۆ کاری خێر خەرجدەکرد. لەبەر ئەوە نیچە بڕیاری دا کە ئەو بڕە پارەیەی سەرەوە پێشکەشی ئەنجومەنی دژەجووەکان بکات. بەڵام ئەمەش یارمەتی نەدا.

هیچ شتێك یارمەتی نەدەدا.

***گوڵبژێرێك لە ڕاپۆرتی دکتۆر بروێر***

***دەربارەی ئێکهارد مۆلەر ـ ٩ تا ١٤ دیسەمبەری ١٨٨٢***

***فریودانی خۆم بێهوودەیە. لە دانیشتنەکانی ئێمەدا، دوو نەخۆش لەبەرامبەر یەکتردا دادەنیشن، لەنێوان ئەم دوانەشدا بابەتی من گرنگترە. سەیرە، کە هەرچەندە ئەمە زیاتر لای خۆم بدرکێنم، وادیارە کە زیاتر دەتوانین پێکەوە بە هەمامەنگی کاربکەین. وێدەچێ کە ڕێنوماییەکانی لۆسالۆمێش بۆ دۆزینەوەی ئەم ڕێگایە یارمەتیدەر بێت.***

***ئاساییە کە لای نیچە ناوی ئەوم نەهێنا. هێشتا لەو بارەیەوە قسەدەکەم کە بەڕاستی نەخۆش کەوتوومە. لەگەڵ ئەمەشدا لاموایە کە ئەو هەست بەم مەسەلانە دەکات، هەڵبەت من ئەوانە بێ مەبەست و بە ڕێگای قسەنەکردن لەسەر ئەو دێنمە ئاراوە. کێ چوزانێت؟ ڕەنگە شتێ لە***

دەنگ و ئاواز و شێوەی ڕوخساردا هەبێت. ڕازامێزە" دەبێ لەم بارەیەوە لەگەڵ فرۆیدا گفتوگۆ بکەم. ئەو ئەلاقەیەکی زۆری لەگەڵ ئەم گۆشانەی پەیوەندییە مرۆییەکاندا هەیە.

هەرچەندە زیاتر فەرامۆشی دەکەم کە لە ڕاستیدا ئەوە من بووم مەبەستی یارمەتیدانم هەبوو، شتگەلێکی زۆرتر بۆ من ئاشکرا دەبێت. بۆ نمونە ئەمڕۆ دانی بەوەدا نا کە سەردەمانێك پاوڵ ڕێ دۆستی بووە و هەروەها ئەویش ئەزمونی گۆرانی ئاشقانەی هەبووە. سەردەمانێك ژنێکی وەك بێرتای ناسیوە. ڕەنگە بە قازانجی هەردوکمان بێت کە من لەباتی ئەوەی ئەو ناچاربکەم بە ئاشکراکردنی ڕازەکانی خۆی، بپەرژێمە سەرخۆم!

لەبارەی ئەو میتۆدانەوە دەدوێ کە بۆ یارمەتیدانی خۆی بەکاردێت. بۆ نمونە "گۆڕینی دیمەن" کە بەیاریدەی ئەوەوە لە تاوەرێکی کێشکگیریی دوورەوە بە پێکەنینەوە لەخۆی دەڕوانێت. حەق بەئەوە، ئەگەر مرۆڤ ساتێکی هیچی ئێستا دەگەڵ زەمینەی ژیانێکی تووڵانی مێژووی مرۆڤایەتی و گواستنەوەی ئاگاییدا بەراورد بکات، سروشتییە کە دووەمیان مانای دیاری خۆی لەدەست دەدات. بەڵام بەچی شێوەیەك دیمەنەکانم بگۆڕم؟ فەرمانەکان و سەرکۆنەکردنەکانی کاریگەر نین. هێشتا هەوڵدەدات بتوانم یەك هەنگاو لەخۆم دووركەومەوە، بەڵام ویست و ئارەزوویەکم نییە کە دووركەومەوە لە ناوەندی ئەو ڕووداوانەی کە پەیوەستن بەمنەوە. بەپێی ئەو نامانەی کە بۆ لۆسالۆمێی ناردووە، وا دێتە بەرچاوم کە ئەویش لەم کارەدا سەرکەوتوو نابێت.

... بایەخێکی زۆر بە دەرخستنی تووڕەیی دەدات. ئەمڕۆ ئەوەی لە من ویست کە لە دە ڕێگاوە بێرتا تۆمەتبار بکەم و سووکایەتی پێبکەم. ئەمەش جۆرە میتۆدێکە کە لەوەوە فێربووم. بەتاڵکردنەوەی تووڕەیی، لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە ئاکامێکی هەیە. هەیەجانە کەڵەکەبووەکان دەبێ هەندێ کات بکرێنە دەرەوە. بەپێی وەسفی لۆسالۆمێ لە نامە پڕسووکایەتییەکانی نیچەدا، دەبێ ئەمە شێوازی ویستراوی ئەو بێت. دەتوانم تەسەوری ئەوە بکەم کە لەناو ڕۆحیدا زەخیرەیەکی بێسنووری لە تووڕەیی بێخەوش هەیە. لە خۆم دەپرسم تووڕەیی لە چی؟ لە نەخۆشییەکەی؟ لە بەفەرمی نەناسینی لە بەشی پسپۆڕییەکەی؟ یا لەوەی کە گەرما و ئیشق هەرگیز ژنێکی نەخستۆتە ئیختیارییەوە؟



ئەی چ تۆمەتبارییەك دەکات! خۆزگە دەمتوانی چەند دانەیەك لە شاکارەکانی وەیادبهێنمەوە! وەك ئاوازی دەربڕینی ئەو لە کاتی گوتنی ڕستەی "ئاژەڵێکی دڕندە کە خۆی دەخاتە شوێنی ئاژەڵێکی ماڵی" کەلە بارەی لۆسالۆمێوە بوو، شتێك بوو لاسایی نەدەکرایەوە.

بە پێچەوانەی منەوە، ئەو هاوشێوەی ئەم قسانەی زۆر دەهێنایە سەرزاران، لەبارەی نەتوانایی منەوە لە نیشاندانی تووڕەییدا بەتەواوی حەق بە ئەوە. ئەم مەسەلەیە لە بنەماڵەی ئێمەدا بۆماوەییە و باوك و مامیشم بەهەمانشێوەبوون. لەکۆنەوە سەرکوتکردنی تووڕەیی بۆ ئێمەی جووەکان گرنگییەکی چارەنووسسازی هەبووە. تەنانەت من هەست بە تووڕەیی ناکەم. ئەو پێداگری دەکات کە تووڕەیی بوونی هەیە و لە بێرتایشە. بەڵام بێگومان لەم خاڵەدا تووڕەیی من لەگەڵ تووڕەیی خۆیدا بەرامبەر بە لۆسالۆمێ بەهەڵە بەراورد دەکات.

چەندێ حەیفە کە بەتەواوی کەوتۆتە داوی ئەم ژنەوە! حەزدەکەم کە بمتوانیایە پلە بە پلە هاودەردی خۆمم بۆ ئەو دەربڕیبایە. پیاوێکی ئاوا بێئەزموون لە هاوڕێیەتی ژناندا، ڕێك ئاشقی ژنێك دەبێت کە مەترسیدارترین بوونەوەرێکە کە تا ئێستا دیتوومە و تازە بیست ویەكساڵیشە. مەگەر خوا بەفریای هەمووومان بکەوێت ئەو کاتەی کە دەپشکوێت! تەنیا ژنێکی تریش لە ژیانی ئەودا ئەلێزابێسی خوشکییەتی، کە ئەسڵەن ئارەزوییەکی وەهای لە ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو نییە. واش دەردەکەوێت کە لە پیلانگێڕاندا لە لۆسالۆمێ کەمتر نەبێت. بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت لەو نارەسەنترە!

... ئەمڕۆ لە منی خواست کە بێرتا بەشێوەی نەوزادێکی ناو قۆنداخە وێنابکەم کە خۆی پیسکردووە و لە کاتێکدا بەچاوانی خێلی و ملی خوارییەوە بەرەو من هاواردەکات، پێی بڵێم کە چەندێ جوانە.

... ئەمڕۆ داوای لێکردم کە بۆ هەریەکە لە خەیاڵەکانم یەك کرڤیتزەر بخەمە پێڵاوەکانمەوە و بەدرێژایی ڕۆژ پێیەوە بڕۆم. ئەم داهێنانانە لەکوێوە دێنێت؟ بەڵام وادیارە کە تەواوبوونیان نییە.

... بەدەنگی بەرز بڵێم 'نـــا' و نقورچ لەخۆم بگرم، خەیاڵکردنەکانی خۆم یاداشت بکەم، لەسەر پارەی وردە بڕۆم، پارە پێشکەشی دژەجووەکان بکەم... دەبێ لەڕێگای ئەشکەنجەدانی خۆمەوە وریاببمەوە. نەفامانەیە!

دەڵێین بە سوورکردنەوەی زیخی ژێرپێیان، ورچەکان فێری سەمادەکەن. ئایا شێوازی ئێمە زۆر جیاوازترە؟ بە مەجازاتە بچووکە پاکەکانی دەیەوێت شتێك فێری ڕۆحی من بکات.

بەڵام من ورچی سەماکەرنیم و ڕۆحی من لە شێوازی ڕاهێنەرەکانی ورچ ئاڵۆزترە. ئەم هەوڵانە سەرکەوتوو نابن و سووك و ڕیسواکەریشن!

ئەو لەمبارەیەوە کەموکورتی نییە. ئاخری ئەوە من بووم کە داوام لەو کرد هێرش بکاتە سەر نیشانەی نەخۆشییەکانی من. ئەو تەنیا ئەو داوایانەی منی بەجێگەیاندووە. بەبێ ئەوەی کە بڕوایەکی بە ڕاست و دروستی ئەوە هەبێت" لەسەرەتاوە پێداگری لەسەر ئەم بابەتە دەکرد کە گەورەبوون لە دڵدانەوە گرنگترە.

دەبێ ڕێگایەکی تر هەبێت.

گوڵبژێرێك لە یاداشتەکانی فرێدریك نیچە

دەربارەی دکتۆر بروێر ـ ٩ تا ١٤ دیسەمبەری ١٨٨٢

"سیستم"ێکی چەند خاپینۆکە! ئەمڕۆ بەشێوەیەکی کاتی ڕێگامدا کە هەڵخەڵەتێم! گومان دەکەم کە لەپشتی هەموو گرفتەکانی یۆزیفەوە ڕکێکی سەرکوتکراو هەیە و منیش هەموو هەوڵێکی خۆمم بەکارهێناوە تاوەکو دنەی بدەم. بەڵام ئایا سەرکوتکردنی درێژخایەنی ئارەزووەکان دەبێتە هۆی گۆڕان و لاوازییەکی وەها؟

... ئەو خۆی بە "چاك" دەزانێت. هەڵبەت خۆ جگە لەخۆی و لە سروشت زیانێکیش بەکەس ناگەیەنێت! من دەبێ ئەو پەشیمان بکەمەوە لەوەی کە بەهۆی نەبوونی چنگی زیانبەخشەوە خۆی بەچاك بزانێت.



حەزناکەم کە بەر لەوەی بەدگۆیی فێربێت بڕوا بە دەستبڵاوی ئەو بکەم. ئەو تووڕە نابێت! ئایا دەبێت ئەمەندە لە زەڕبەخواردن بترسێت؟ بەهەمان هۆشەوەیە کە دەیەوێت بە سنگفراوانییەوە بەختیارییەکی بچووك لەباوەش بگرێـت؟ ئایا ترس بە پارێزکاری دادەنێت؟

قایل و سنگفراوان و بە ئەدەبە. دڕندەیی خۆیی لغاوکرووە و گورگی خۆیی گۆڕیوە بە سەگی ماڵی. ئەم کارەی خۆیشی بە ناوەندگیری دەزانێت و ئەمەش دەشێ ناوی ناوەندی بوونیش بێت!

... لەم نێوەندەدا متمانەی بە من پەیداکردووە و بڕوای پێم هەیە. گفتم داوە کە چاکی بکەمەوە، بەڵام پزیشك سەرەتا دەبێ خۆی چاکبکاتەوە. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێ نەخۆشان بە چاوی کەسێ ببینێت کە توانیویەتی خۆی چاکبکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من چاکنەبوومەتەوە. هێشتا تووڕەم و لەهەمان ئەو گرفتارییانە ئازار دەکێشم کە یۆزیف ئازار دەدەن. ئایا لە بێدەنگیمدا خۆم بە کەموکوڕ نازانم لە خیانەتکردن بەرامبەر بە دۆستێك، کە ڕۆژێك سوێندم خواردووە هەرگیز خیانەتی لێنەکەم؟

ئایا دەشێت لەبارەی دەردی خۆمەوە بدوێم؟ بێگومان ئەو متمانەی بە من لەدەست دەدات. ئەم کارە ئازاری ئەو نادات؟ ئایا بیانوو ناهێنێتەوە بۆ ئەوەی کە تاکاتێ کە خۆم چاکنەکەمەوە توانای تیمارکردنی ئەوم نییە؟ بیانووی ئەوەی کە گوشارەکانی من لەجەنگین لەگەڵ خۆدا ئەو پەژێوان بکاتەوە. ئایا بە قسەنەکردن خزمەتێکی زیاتر بەئەو دەکەم یان بەو درکاندنەی کە ئێمە ئازاری هاوبەشمان هەیە و بەهێزێکی یەکگرتووە وە دەبێ بەدوای ڕێگاچارەوە بین؟

... دەبینم کە تا چ ئەندازەیەك گۆڕاوە... و ئیدی هەوڵنادات بە گوشارهێنان بۆ من لە پێناوی نیشاندانی لاوازییەکانم ، هەست بە تواناداریی خۆی بکات.

... ئەم هێرشە بۆ سەر نیشانەی نەخۆشییەکانی ئەو بەخواستی خۆی بوو، خراپترین کارێك بووە کە من تا ئێستا کردوومە. دەمەوێت باڵابەر بم نەوەك بچووککەرەوە! لەگەڵ ئەوەدا ڕەفتارکردن وەکو منداڵێکی بێڕوو کە شایانی زللەیەکە، واتا بەکەمدانانی ئەو و بەهەمانشێوە خۆیشم! لە کاتی تیمارکردندا، ئەگەر تیمارکەر بە کەمبزانرێت، کەواتە چۆن دەکرێ نەخۆش بەرەو باڵا ببرێت؟

دەبێ ڕێگایەك هەبێت.

*نامەی فرێدریك نیچە بۆ لۆسالۆمێ*

*دیسەمبەری ١٨٨٢*

*لۆی ئازیزی من،*

*لۆی ئازیزی من، لەم جۆرە نامانەم بۆ نەنووسن! من چیم داوە لەم بەدبەختییانە! بزانن کە دەمەوێت لە بەرامبەرمدا بوەستن تاوەکو ناچار بە سووککردنتان نەبم.*

*لۆ، چی نامەگەلێك دەنووسن! خۆ کیژۆڵە مناڵ و مرقنەکانیش وەها دەنووسن. من چیم داوە لەم سووك ڕەفتارییانە؟ تێبگەن، دەمەوێت لە بەرامبەرمدا بەرزببنەوە، نەوەك بەو جۆرەی کە خۆتان لەوە گچکەتر بکەنەوە کە هەن. ناتوانم بتانبەخشم، مەگەر بەوشێوەیەی کە ماهییەتێك کە لەسەرەتا لە ئێوەدا بینیمەوە، دووبارە بیبینمەوە و ڕەنگە تەنیا بەهۆی ئەوەوە بتوانم بتانبەخشم!*

*نا، لۆی ئازیزی من، ئێمە هێشتا نەگەیشتووینەتە "بەخشین". دوای ئەوەی کە "سووکایەتی" چوار مانگ کاتی هەبووە تاوەکو بخزێتە ناوەوەی من، ناتوانم هەروا وەك ئاسانی ئاوخواردنەوەیەك بتانبەخشم.*

*خواتان لەگەل لۆی ئازیزی من، ئیتر ناتانبینمەوە. ڕۆحی خۆتان لە پێناوی ڕەفتاری هاوشێوەدا بپارێزن و شتێك کە ئیدی ناتوانن بۆ من قەرەبووی بکەنەوە، بۆ کەسانی تر و بەتایبەتی بۆ ڕێی هاوڕێیم، قەربووی بکەنەوە.*

*من جیهان و لۆم نەئەفراندووە، حەزمدەکرد کە من ئەمکارەم بکردایە، دوایی ئیتر دەمتوانی هەموو کەموکورتییەکانی ڕووداوێ کە لە نێوانی ئێمەدا قەوما، بخەمە سەرشانەکانم.*

*خواتان لەگەڵ لۆی ئازیز، نامەکەتانم تا کۆتایی نەخوێندەوە، بەڵام ئەوەش کە خوێندمەوە هێشتا زۆر بوو...*

*ف.ن*



# (١٩)

فـرێدریك، ئێمە بەرەو پێش ناچین. حالّم خراپتر دەبێت."

نیچە کە بەرەو مێزی نووسینەکەی چەمابۆوە، ئاگای لە هاتنە ژوورەوەی بروێر نەبوو. سەری وەرچەرخاند ویستی قسەبکات، بەڵام بێدەنگ بوو.

"قسەکانم ترساندنی، فرێدریك؟ ئەبێ ترسناك بێت کە نەخۆشێك بچێت بەدوای پزیشکەکەیدا و گلەیی لە خراپتربوونی خۆی بکات! بەتایبەتی کە بە سەروسەکوتێکی وەها ڕێکوپێکەوە بێتەژوورەوە و بەهەموو ئومێدێکیشییەوە کیفە ڕەشە پزیشکییەکەی هەڵگرتبێت.

بەڵام باوەڕبکەن کە ڕوخساری شتەکان هەڵخەڵەتێنەرن. هەقیقەت ئەوەیە کە جلەکانی من لە عەرقدا خوساوە و کراسەکەم بە پێستمەوە چەسپیوە. خەیاڵی بێرتا هەموو بیرێکی لۆژیکیانە هەڵدەلووشێت!"

"خەتای ئەو نییە." بروێر لە تەنیشت مێزی نووسینەکەوە دانیشت. "ئەوە خەتای منە کە ئێمە بەرەوپێش ناچین. من بووم کە ناچارمکردن ڕاستەوخۆ هێرش بکەنە سەر وەسوەسەی زەینیم. هەق بە ئێوەیە، ئێمە بە ئەندازەی پێویست ناچینە قووڵاییەوە، لە کاتێکدا کە دەبێ لەبنجەوە گیایەکە هەڵکێشین، کەچی تەنیا پەلکەکانی پەرش و بڵاو دەکەین."

نیچە پشتڕاسی کردەوە: "بەڵێ، دەڵێی لە دەرهاوردنی بنجەکاندا سەرکەوتوو نابین! دەبێ لەبارەی میتۆدەکەمانەوە جارێکی تر سەرلەنوێ بیرکەینەوە. منیش دڵم ساردبۆتەوە. دیدارەکانی ئەم دواییانەمان هەڵە و بەشێوەیەکی ڕووکاریانە بوو. ئێمە بەدوای چییەوە بووین؟ بەدوای ئەوەی کە دەبێ بیرو ڕەفتاری ئێوە لەگەڵ ڕێکخستن و دەستووره پراکتیکییەکاندا ڕێکبەکەینەوە. ئەمانە دەرمانگەلێکی نەگونجاون لە چەڤرەیەکی مرۆییدا! مەگەر ئێمە ڕاهێنەرێکین؟"

"نەخێر، بەڕاستی لە دانیشتنی ڕابردوودا هەستم دەکرد کە ورچێکم و دەبێ فێرببێ کە لەسەر پێیەکانی خۆی ڕاوەستێ و سەمابکات."

"زۆر ڕاستە! مامۆستا دەبێ ئاستی مرۆڤەکان بەرزکاتەوە، بەڵام من جاری پێشوو چیم کرد؟ ئێوە و هەتا خۆیشم بچووککردەوە، ئەو شێوازانەی کە بۆ ڕامکردنی گیانەوەران دەستدەدەن، لە مەسەلە مرۆییەکاندا سوودێکی نییە."

نیچە وەستا و بە جووڵاندنی دەستی ئاماژەی بۆ کورسییەکە کرد. "دانیشین؟" و لە کاتێکدا کە دادەنیشتن، بروێر بیری لەوە کردەوە کە پزیشکانی داهاتووی نائومێدی، لەوانەیە پێویستییان بە دەزگاکانی لێڕوانینی ناوەوەی چاو و گوێ نەبێت، بەڵام ڕێی تێدەچێت کە ڕەنگە کەرەستەگەلیکی تایبەتییان هەبێت کە بە دوو کورسی ئاسایی دەستپێدەکات.

بروێر دەستی پێکرد. "لێگەڕێن با گەڕێینەوە سەر هەمان ئەو خاڵەی کە بەر لەم هێرشە دڵەڕاوکێ ورووژێنە کە کرایە سەر وەسوەسەی زەینی من. ئێوە ئەو تێزەتان ئاشکراکرد کە بێرتا تەنیا هەستەکانی من لە ڕێدەردەکات و هۆکاری بنەڕەتی ئەو فشارانەی من نییە، کە ڕیشەیان لە ناو ترسی مردن و بێخودایدایە. دەشێ قسەکەی ئێوە ڕاست بێت! لانی کەم ئەوە ڕاستە کە ئارەزووی من بۆ بێرتا، منی خستۆتە ڕووکاری جەرەیانەکانەوە و ڕێگا بە من نادات بۆ هاتنە ناوەوەی هزری قووڵتر.

بەڵام ئەم ڕوونکردنەوەیە بەتەواوی من قایل ناکات. سەرەتا ئەو گرێیە دەمێنیتەوە کە بۆچی بێرتا؟ بۆچی لە هەموو پەناگاکانی ترسهەنگاودا، ڕێك ئەم وەسوەسە نەفامەم هەڵبژاردووە؟ بۆچی خەیاڵکردنێکی تر لە ئارادا نییە؟



ئێوە بێرتا بە ئەفسونێك دەزانن کە بڕیارە من لە ترسی ئەسڵی دووربخاتەوە. بەڵام ئەفسوون وشەیەکی بێگیانە و توانای وەسوەسەی زەینی نیشان نادات. خولیای بیرکردنەوە لە بێرتا، بەشێوەیەکی ناسرووشتی بەهێز و بەرهەڵسی نەکراوە" لەوانەیە مانایەکی نهێنی و بەهێز بشارێتەوە."

نیچە بە لەپی دەستی لە دەسکی کورسییەکەی دا. "مانا! خۆیەتی! لەو وەختەوەی کە دوێنێ لێکجیابووینەوە، بیری منیش بە ئاڕاستەیەکی تەواو هاوشێوەدا دەڕوات. ڕەنگە ڕای دواییی ئێوە کلیلی سەرچاوەکە بێت. ڕەنگە لە سەرەتادا هەڵەمانکردبێت کە سەرنجمان لە مانای وەسوەسەی زەینی ئێوە نەداوە. ئێوە دەڵێن کە توانیتان بەهۆی دۆزینەوەی هۆکاری بنەڕەتی هەریەك لە نیشانەکان، هەموو نیشانە هیستریەکانی بێرتا لەناو ببەن. جگە لەوە بەهۆی نادیاربوونی هۆکاری پەرێشانبوونی ئێوە بۆ بێرتا، لێگەڕانێکی وەها بۆ دۆزینەوەی هۆکاری بنەڕەتی بێسوودە. ئەم مژارە لەلای ئێوە بە ناسینی بێرتا دەستی پێکرد و لەدوای وەستانی دەرمانکردنیش بەهێزتر بوو."

نیچە درێژەی دایە: "لەگەڵ ئەمەدا وێدەچێ کە ئێوە تێگەیشتنێکی ناڕاستتان هەڵبژاردبێت؟ ڕەنگە ئەوانە مانای نیشانە دیاریکەرەکان بووبێتن نەوەك یەکەمین هۆکاری دەرکەوتنی نەخۆشییەکان! دەشێ هەڵەتان کردبێت و لە ڕێگای دۆزینەوەی مانایەکەوە بێرتاتان تیمارکردبێت نەك بەهۆی دۆزینەوەی هۆکارە بنەڕەتییەکانی فشارەوە! ..." ـ نیچە تۆنی دەنگی بەڕادەیەك دابەزاندبوو وەك بڵێی چپە دەکات و دەیهەوێ پەردە لەسەر نهێنییەکی گرنگ هەڵبداتەوە ـ "...دەشێ نیشانەکان گوێزەرەوەی مانا بن و هەر لەگەڵ تێگەیشتنی پەیامەکەدا، نادیار ببنەوە. ئێستا ئەگەر وەڵام ئەرێنی بێت! ئەوا ڕێگایەکی درێژمان لەپێشە، ئەگەر بشمانەوێت بەسەر نیشانەکاندا سەرکەوین دەبێ لەوە تێبگەین کە ئاشوفتەبوونی ئێوە بۆ بێرتا چ مانایەکی هەیە؟!"

بروێر بیری کردەوە، چەنێ سەرنجڕاکێشە! ئاخر دەبێ بەچ شێوەیەك ئێمە مانای وەسوەسەی زەینی بدۆزینەوە؟ هەیەجانی نیچە بروێریشی گرتەوە و لەوە ڕادەما کە ئێستا چ شتێك ڕوو دەدات. بەڵام نیچە پاڵی بە کورسییەکەی خۆیەوە دایەوە و شانەیەکی دەرهێنا و مژۆڵی ڕێککردنی سمبێڵانی بوو. بروێریش خەریك بوو شێت دەبوو.

"چاکە فرێدریك، من چاوەڕوانم!" قرخەیەکی کرد و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. "هەرچەندە زیاتر لێرە دانیشم و چاوەڕوانی بکەم، سینگم توندتر دەبێ و دەبەسترێ. زۆری نەماوە شڵپە بکەم. ئیدی ناتوانم لەمە زیاتر ئاقڵبم. بڵێن، دەبێ چی بکەم؟ دەبێ بەچ جۆرێ ئەم مانایە بدۆزمەوە کە خۆم شاردوومەتەوە؟"

لە کاتێکدا کە نیچە درێژەی بە شانەکردنی سمێڵی دەدا، وەڵامی دایەوە: "هەوڵمەدەن کە شتێك بدۆزنەوە یاخۆ ئاشکرای بکەن! ئەمە ئەرکی منە! ئێوە تەنیا دەبێت هەرشتێ کە لە دڵتاندایە ئەوە بڵێن. تەنها ئەوەم پێبڵێن بەهای بێرتا بۆ ئێوە چەندەیە؟"

"ئەی زیاد لە ئەندازەی خۆی نەمگوتووە؟ ئایا جارێکی تر لە زبڵدانەکانی خەیاڵاتمدا لە بێرتا بگەڕێم؟ ئێوە خۆ هەمموو ئەوانە دەزانن" ماڵ لە کاتی سووتاندا، مردووەکان و هەڵاتن بۆ ئەمەریکا لەگەڵ بێرتادا. دەتانەوێ جارێکی تریش ئەم پۆخڵەواتانە ببیستنەوە؟" برویێر لە جێگاکەی خۆی هەستایەوە و لە پشتی کورسییەکەی نیچەوە دەستیکرد بە هاتوچۆ.

نیچە ئارام بوو، و بە دیقەتەوە قسەی دەکرد. "سەرسەختی و وەسوەسەی زەینی ئێوە من بەرەو خۆی پەلکێش دەکات، یۆزیف. ئایا لەوەدا سەرناکەوین کە بۆ ساتێك ئەوانە بەرزبکەینەوە و چاوێکی بەژێردا بگێڕین؟ واباشترە لە بۆ ئەم پرسیارە زیاتر لە میتۆدی 'بەتاڵکردنەوەی گرێوگۆڵی دڵ' سوود وەربگرین! ئایا بەبێ بێرتا ژیانی ئێوە چۆن دەبوو؟ قسە بکەن. لەوە نیگەران مەبن کە قسەکانتان بێمانایە یا ڕستەی تەواو دەردەبڕن. هەرچی بە خەیاڵتاندا دێت خێرا دەریبڕن!"

"ناتوانم ماسوولکەکانم وەك زەمبەرەکێ کە زۆر ڕاکێشراوە، تا سنووری پارچەبوون تەنگبۆتەوە!"

"واز لە هاتوچوون بێنن، چاوانتان داخەن و هەوڵبدەن ئەو شتانە باس بکەن کەلە پشتی پێڵووەکانتانەوە دەیانبینن، لێگەڕان خەیاڵتان تەواو ئازاد بێ و بەبێ لغاو لەگەڕاندا بێت."

برویێر لە پشتی کورسییەکەی نیچەوە وەستا و دەستی لەسەردانا، بەچاوانی نوقاوەوە پاش و پێشی دەکرد. ڕێك بەو شێوەیەی کە باوکی لەکاتی دوعادا دەیکرد. هێمن و چرپەئاسا دەستی پێکرد و پارچەکانی خەیاڵی پێکەوە لکاند.



"ژیان بەبێ بێرتا ـ ژیانێکی ڕەش وبێ ڕەنگە ـ سنووردارو کورتە، پێوراو و ئەندازەگیراوە ـ بەردەگۆڕە ـ هەمموو شتێك لە سەرەتاوە دیاری کراوە" یەکجارو بۆ هەمیشەیش، دەبێ من لێرەدا، لێرە و لەم شوێنەدا دیداربکەم، هەمیشە، هەمیشە! لە هەمان خاڵدا و بەهەمان کیفی پزیشکییەوە، بەهەمان کۆت و شەرواڵەوە، بەهەمان ڕوخسارەوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕەشترو لاوازتر دەبێت."

برویێر هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و هەستی بە ئاسوودەیی کرد. دانیشت. "ژیان بەبێ بێرتا؟ چ دەبێ؟ من توێژەرم، بەڵام توێژینەوە بێ ڕەنگە. مرۆ دەبێت لەسەر بابەتگەلی توێژنەوەیی کار بکات نەوەك ئەوەی کە بیەوێ بەوانە بژی، من پێویستم بە ئەفسون و تاسە و هەیەجانە. مرۆڤ ناتوانێ بێ جادو بژی. ئەمە مانای بێرتایە: تاسە و هەیەجان و جادو. ئاخر چی کەسێ دەتوانێ بەبێ تاسە و هەیەجان تەحەمولی ژیان بکات؟" چاوانی کردەوە. "بۆ نمونە ئێوە دەتوانن؟ ئەسڵەن کەسێ هەیە کە بتوانێت؟"

نیچە پێداگری کرد: "هەستی خۆتان بدەنە تاسە و هەیەجان و ژیان."

بریویر سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە: "یەکێ لە نەخۆشەکانی من مامانە، ئافرەتێکی پیر کە لەم دونیایەدا بەتەنیایە. دڵی ئەو ڕۆژ بە ڕۆژ لاوازتر دەبێت، وەلێ ئەو بە شۆڕ و شەوقەوە دەژی. یەك جار سەبارەت بە سەرچاوەی تاسەو هەیەجانی ئەو پرسیارم لێکرد، گوتی کە ئەم شەوقە لە ساتێکی زۆر کورتی نێوان بەرزکردنەوەی نەوزادێك لەگەڵ یەکەمین هاواری ئەودا پەیدا دەبێت. ئەو هەر جارێك کە دێتە ناو ئەم دنیا ڕازمێزەوە، سەر لە نوێ ساتی نێوان ژیان و هیچ ئەزموون دەکاتەوە؟"

"ئەی ئێوە چی یۆزیف؟"

"منیش وەکو ئەو مامانەم! دەمەوێ لە نهێنیەکان نزیك بم، دەزانم تا سەو ئارەزوویەك کە سەبارەت بە بێرتا هەستی پێدەکەم، واقیعی نییە، تەواو ناواقیعیە، بەڵام من بە تاسەی ئەفسونەوەم، ناتوانم لە ڕەش و سپیدا بژیم."

نیچە گوتی: "هەمموومان بەتاسەی شۆڕ و شەوقەوەین، یۆزیف، ئارەزوویەکی مەستانە خۆی ژیانە. بەڵام ئایا بەم هۆیەوە ئارەزوومەندی دەبێ وەکو ئەفسون و جادو سوکایەتیبەخش بێت؟ ئایا مرۆڤ ناتوانێ بەسەر ئارەزووی خۆیدا زاڵ بێت؟ لێگەڕێن باسی ڕەبەنێکی بوزاییتان بۆ بکەم لە

سالّی ڕابردوودا لە ئینگادین بینیم. ئەو ڕاهێنەرێکی پاکیزەیی بوو. نیوەی ڕۆژ لە خۆیدا ڕۆدەچوو، چەندین هەفتە لەگەڵ هیچ کەسێکدا قسەی نەدەکرد. لە ڕۆژێکیشدا تەنیا یەکجار شتێکی کەمی دەخوارد، یانی هەر شتێك کە دەیتوانی بە دەرۆزەیی بە دەستی بهێنێت، تەنانەت یەك سێو. بەڵام ئەو لەسەر سێوەکە ڕادەما و وردبۆوە تاسێوەکە سورو ئاودار دەبوو. کاتێ کە ڕۆژ بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت، بە شۆڕ و دڵشادییەوە تەماشای لوقمە هەژارانەکەی دەکرد. یۆزیف، هۆی ئەم ئاخێوانەی من ئەوەیە کە هەرگیز نابێت چاوپۆشی لە شۆڕ و هەیەجان بکرێت، بەڵام دەبێ هەل و مەرجەکانی بگۆڕێت."

بریویر بەسەر پشتگیر کرد.

نیچە داوای لێ کرد: "بەردەوام بن. لە بارەی بێرتا و بەهای ئەوەوە درێژە بە قسەی خۆتان بدەن."

برۆیر چاوانی نوقاند: "دەبینم کە هەردووکمان ڕادەکەین، هەڵدێین. بێرتا بۆ من مانای گیان بەربردن و هەڵاتنە، بەڵام پڕە لە ڕیسك!"

"تاچی ڕادەیەك؟"

"بێرتا واتە ڕیسك، بەر لەوەی کە بێرتا بناسم، یاساو بنەماکانم لەبەرچاو دەگرت. بەڵام ئێستا یاسا و بنەماکان لە ژێر پێ دەنێم و یاری بە ئاگر دەکەم. دەشبێ کەمەبەستی مامان شتێکی هاوشێوەی ئەمە بووبێت. ئەو بیرە لە مێشکدایە کە ژیانم لە بەریەك هەڵوەشێنم و سەرکەوتنی کارەکەم بکەمە قوربانی خیانەت لە هاوسەرم و واز لە خێزانەکەم بهێنم. دەمەوێ کۆچبکەم و لەگەڵ بێرتا دا دەست بە ژیانێکی نوێ بکەم." بریویر بە هێواشی لەسەری خۆیدا.

"شێتییە! زۆرباش دەزانم کە هەرگیز ئەم کارانە ئەنجام نادەم."

"لەگەڵ ئەمەشدا ئەم جەزبە مەترسیدارە، تا سەرسنوری نابووتی ڕاتاندەکێشێت؟"

"ڕامدەکێشێت؟ نازانم. وەڵامی ئەم پرسیارە نازانم. ڕیسکم خۆش ناوێت! ئەگەر شتێك بە کێشم بکات ڕیسك نییە، بەڵکو زیاتر هەڵاتنە. ئەوەش نەوەکو بەرەو مەترسی بەڵکو بەرەو ئاسایش. ڕەنگەلە ئاسایشدا ژیانێکی زۆریشم بەسەربردبێت!"

"یۆزیف، کێ چوزانێ کە ژیانێکی ئارام بە ڕاستی مەترسیدار و مەرگهێنەر نابێت."



"ژیانێکی ئارامی مەترسیدار..." برۆیر بەچرپە چەندین جار ئەم وشانەی لە بەر خۆیەوە دەربڕی.

"... ژیانێکی ئارامی مەترسیدار، فرێدریك، چ فکرێکی گەورەیە. کەواتە بێرتا مانای هەڵاتن لە ژیانێکی ئارامی مەترسیدارە. نەکا بێرتا سیمبوڵی حەز و ئارەزووی من بێت بۆ ئازادی و هەڵاتن لە داوی زەمان؟"

"ڕەنگە داوی زەمانی ئێوە هەرئێستا بێت." نیچە دوای بێدەنگییەکی کورت زۆر بە جیدییەوە گوتی:

"یۆزیف، ئەو هەڵەیە نەکەن کە وابزانن بێرتا دەتوانێت کات بۆ ئێوە ڕابگرێت! کات ڕێگا نادات بەم ئێشە" هەمان شت خەمی گەورەی ئێمەیە و گەورەترین شەڕیش ئەوەیە کە سەرباری هەبوونی ئەم خەمەش ژیان بکەین."

برۆیر تەنها ئەمجارە لەبەرامبەر ئاوازی فەیلەسوفیانەی نیچەدا نارەزایی دەرنەبڕی. لێرەدا جۆرێکی تری فەلسەفاندن لەبەردەستدا بوو. هەڵبەتە نەیدەزانی کە وتەکانی نیچە بەکەڵکی چ شتێکی ئەو دێن، بەڵام هەستی دەکرد کە ئەم وشانە کار لە ناوەوەی ئەو دەکەن.

وتی: "دەتوانم خاترجەمتان بکەم بەوەی کە خەونی ژیانێکی هەمیشەییم نییە. ئەو ژیانەی کە دەمەوێت لەدەستی هەڵێم، ژیانی دکتۆرێکی ڤییەنایییە لە ساڵی ١٨٨٢دا. کەسانێك هەن کە ئارەزووی ژیانی من دەکەن، بەڵام من ترسم لە ژیانی خۆم هەیە. ترسم لە یەکئاوازی و حیسابکارییبوونە. ترسێکی زۆرم هەیە، بەجۆرێ کە هەندێ کات ژیانم وەکو ژیانی کەسێکە کە مەحکومە بە مردن. تێدەگەن مەبەستم چییە، فرێدریك؟"

نیچە سەری ڕاوەشاند. "لە یادتانە کە لێتانپرسیم ـ وابزانم لە گفتوگۆی یەکەمین دانیشتنماندا بوو ـ ئایا سوودێك لە میگرەنەکەم وەردەگرم یاخو نا؟ پرسیارێکی باش بوو، یاریدەی منیشی دا تاوەکو لە گۆشەیەکی ترەوە ژیانم ببینم. بێگومان لەیادیشتانە کە من چ وەڵامێکی ئێوەم دایەوە؟ ئەو وەڵامەی کە میگرەن وای لەمن کرد واز لە کورسی یاریدەدەری ڕاگرایەتی بهێنم. هەموو جیهان ـ خانەوادەکەم، دۆستان، هەتا هاوکارانم ـ خەمیان لەم چارەنووسە سەختە خوارد و من بێگومانم سەردەمێك مێژوونووسان دەنووسن کە چۆن نەخۆشییەکەی نیچە بووە هۆی ئەوەی کە ئەو بە خەمێکی قووڵەوە لەوادەی خۆی زووتر، کارەکەی جێبهێڵێت. بەڵام

خودی نیچە ئەم هەستەی نییە! ڕێك پێچەوانەی ئەمە ڕاستەکەیەتی! کورسی ئوستادی لە زانینگەی باسیل بۆ من وەك حوکمی مەرگ وەهابوو. منی بە ژیانێکی پووچی زانکۆیی مەحکوم دەکرد و جگە لەوە دەبایە بۆ هەموو ژیانم خەریکی دابینکردنی خەرجی ژیانی دایك و خوشکم بوومایە. داوێکی مەرگهێنەر بوو کە هەڵاتن لێی کارێکی ئەستەم بوو."

"دواتریش ڕزگارکەری گەورەی ئێوە، واتا میگرەن بەدواتاندا هات!"

"هەڵبەتە زۆریش جیاواز نەبوو لەم جەنجاڵییە زەینییەی کە دووچاری ئیوە هاتووە. ئایا وانییە، یۆزیف؟ وابزانم ئێمە لەوە زیاتر خاڵی هاوبەشمان هەیە کە بیرمان لێدەکردەوە!"

بروێر چاوانی داخست. هەست و سۆزێکی باش بوو کە خۆی لەگەڵ نیچەدا پەیوەست بزانێت. چاوانی پڕبوون لە فرمێسك و چەند کۆکەیەکی ساختەی کردە بیانوو تاوەکو ڕووی خۆی وەرگێڕێت.

نیچە بە ویقارەوە گوتی: "لێگەڕێن بەردەوام بین. وا خەریکە پێشدەکەوین. ئێمە لەوە تێگەیشتووینە کە بێرتا سیمبۆلی شۆڕ و شەوق و ئەفسون و هەڵاتنێکی مەرگهێنەرە. ئیدی چی دی یۆزیف؟ چی مانایەکی تر لەودا شاراوەیە؟"

"جوانی! جوانی بێرتا ڕۆڵێکی گرنگی لە ئەفسوندا هەیە. من وێنەیەکی ئەوم لەگەڵ خۆمدا هێناوە."

جانتای پزیشکییەکەی کردەوە و وێنەیەکی ئەوی دەرێنا. نیچە چاویلکە ژێرپیاڵەئاساییەکەی کردە چاو و بۆ ئەوەی کە لە ڕووناکیدا تەماشای ڕوخساری ژنە بکات، چووە لای پەنجەرەکەوە. بێرتا سەراپای بە جلێکی تاریکی ئەسپسواری باڵاپۆشبوو. قۆپچەکانی چاکەتەکەی داخستبوو و مەمکەکانی بەرەو سەر هەڵدابوو. تاوەکو لای گەردنی دوو ڕیز قۆپچەی ورد بە خوارەوەی چاکەتەکەیەوە دوورابوون. بەرووخۆشییەوە دامێنی پەرپەرەیی و قامچییەکی سواری بەدەستی چەپییەوە گرتبوو. لوتێکی گەورە و دوو چاوی قەوی ڕەشی هەبوو. قژی کورت و کڵاوێکی کەنارەداری لەسەردابوو. بێرتا لەباتی وێنەگرەکە تەماشای شوێنێکی دووری دەکرد. وەختێ کە نیچە وێنەکەی دایەوە بە بروێر دووبارە لەسەر جێگاکەی دانیشتەوە، لێکدانەوەکەی ئاوەها بوو: "بە ڕوخسار کار لە پیاو دەکات، یۆزیف. ڕاستان دەوێ جوانە، بەڵام من خۆشیم لە ژنانێك نایەت کە قامچی بەدەستەوە دەگرن."



بروێر درێژەی دایە: "بۆیە جوانی لە مانای بێرتا شتێکی جیانەبۆیە. جوانی وەها زۆر کار لە من دەکات، لاموایە لە زۆربەی پیاوان زیاتر. جوانی جۆرێکە لە ئەفسوون. بە سەختی دەتوانم بە وشە ئەوە دەربڕم، بەڵام ژنێ کە پێکهاتەیەکی تایبەتی لە پێست، گوێیەکانی و چاوانی، لووت و لێوێ ـ بە تایبەتی شێوەی لێو زۆر کاریگەرە ـ هەبێت، زاری پیاو دەبەستێ. دەزانم کە گەمژاسا دێتە بەرچاو، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا پێموایە کە ژنانێکی وا توانایییەکی بانمرۆییان هەیە!"

"توانایی لە پێناوی چیدا؟"

"ئاخ، بە من پێدەکەنن!" بروێر دەستەکانی خستە سەر دەموچاوی.

"ئاسوودە بن، یۆزیف. ڕۆحی ڕەخنەگیری خۆت لە کارەکە وەدەرخە و قسان بکەن. دڵنیاتان دەکەمەوە کە مەحکومتان ناکەم!"

"ناتوانم بە وشە شتێکی وا دەربڕم!"

"هەوڵبدەن کە ئەم ڕستەی من تەواو بکەن: 'بە تەماشاکردنی جوانی بێرتا هەست دەکەم ...'"

"بەتەماشاکردنی جوانی بێرتا هەست دەکەم ... ئەرێ، چ هەست و سۆزێکم هەیە؟ هەست دەکەم کە لە ناو ڕیخۆڵەکان و هەناوی دونیا و لە دڵی هەبووندا دانیشتوومە. جێگای من ڕاست هەمانجێگایە. لە شوێنێکدام کە هەموو پرسیارەکان لە بارەی ژیان و ماناوە بێهوودە دەبن. لە ناوەندی ئارامیدام. جوانی ئەو بەڵێنی ئارامییەکی بێسنوور بە من دەدات." تەماشایەکی سەرەوەی کرد. "دەبینین کە هەموو ئەمانە سوودێکیان نییە!"

نیچە ئەوی دڵگەرم کرد. "درێژەی بدەنێ."

"بۆ ئەوەی کە بکەومە ژێر کاریگەری ئەو هێزە ئەفسووناوییەوە، ژن دەبێ نیگایەکی ئەفسووناوی هەبێت. نیگایەکی پەسنکار. دەتوانم زۆر بەڕوونی بیهێنمە بەرچاوی خۆم“ ئەو چاوانێکی درەوشاوەی هەیە و لەسەر لێوە داخراوەکانی بسکەیەکی ناسك نەخشاوە.دەڵێی دەیەوێ بڵێ: ... ئاخ، نازانم!"

"تکا دەکەم بەردەوام بن، یۆزیف! زەردەخەنەکەی وەیادبهێننەوە! هێشتا دەیبینن؟"

"دەڵێت: ’تۆ میهرەبانی و شایستەی پەسندانی، هەرکارێ کە ئەنجامی دەدەیت، چاکە. ئازیزی دڵەکەی من، تۆ بێباکیت، بەڵام ناکرێ کە چاوەڕوانییەکم لە کوڕێژگەکانی تر هەبێت.‘ ئێستا دەیبینم چۆن سەری بەرەو لای ئەو ژنانە دەسوڕێنێت کە لە دەوروبەریدا وەستاون و دەڵێت: ’توخوا ئەو بێهاوتا نییە؟ خۆشەویست نییە؟ حەزدەکەم لەباوەشی بگرم و بیلاوێنمەوە.‘"

"دەتوانن زیاتر لەبارەی زەردەخەنەکەیەوە بدوێن؟"

"واتا، من دەتوانم بەپێی حەزم یاری و دەنگەدەنگ بکەم و هەموو ئەو کارانەی کە هەمیشە حەزملێکردوون دەتوانم بیانکەم. ئەگەر هەر کارێك بکەم ئەو هەمیشە ئاشقی من دەبێت و دەمپەرەستێت."

"یۆزیف، ئایا ئەم بسکەیە چیرۆکێ یاخود کەسێکتان وەیاد دەهێنێـەوە؟"

بروێر وەك ئاماژەی نەخێر سەری ڕاوەشاند. "نەخێر، یادگارییەکی وەهام نییە."

نیچە پێداگری کرد. "بە پەلە وەڵام دەدەنەوە“ بەر لەوەی کە پرسیارەکەم تەواوبکەم، بە سەر ڕاوەشاندن وەڵامتان دایەوە. بەچاوانی ڕۆحتان سەرنجی چاوانی بدەن و چاوەڕێ بکەن."

بروێر چاوانی نوقاند و ئەلبوومی یادەوەرییەکانی هەڵدایەوە. "ئەو کاتانەی کە تەماشای یۆهانسی دەکرد، هەمان زەردەخەنەم لە ماتیلدەشدا بینیبوو. وەختێکیش کە خۆم دە یاخۆ یانزە ساڵان بووم حەزم لە کچێك بوو بە ناوی ماری گۆمپێرس[1] کە ئەویش هەمان زەردەخەنەی بۆ دەکردم! ڕێك هەمان زەردەخەنە! کاتێ کە ماڵیان باریکرد، بێتاقەت بووم. سی ساڵە ئەوم نەبینیوە. بەڵام هەندێ جار لە خەونەکانمدا دەیبینم."

"بەردەوام بن ئایا بزەی سەر لێوی دایکتان لە یاد نەکردووە؟"

"ئەی بۆم باسنەکردن؟ وەختێ کە دایکم مرد من سێ ساڵان بووم. ئەو تەمەنی بیست و هەشت ساڵ بوو، لە دوای وەدنیاهێنانی برا بچووکەکەم لە سەر نوێنی زەیسانی مرد. دەڵێن ژنێکی زۆر باش بووە، من هیچ یادگارییەکم لەگەڵ ئەو نییە، هیچ یادگارییەك."

"ئەی هاوسەرەکەتان؟ ئایا ماتیلدەش ئەم زەردەخەنە دڵڕفێنەی هەیە؟"

1- Gompers



"نەخێر، لەمبارەیەوە زۆر دڵنیا نیم. ماتیلدە لەڕادەبەدەر جوانە، بەڵام خەندەکەی هێزێکی لەخۆیدا هەڵنەگرتووە. دەزانم کە ئەمە قسەیەکی نەفامانەیە، بەڵام ماتیلدە ئەم هێزەی تێدا نییە، لە کاتێکا کە ماری لە دەساڵیدا ئەم هێزەی تێدابوو. لێ ئەمە هەست و سۆزی منە. لە ژیانی هاوسەرێتی ئێمەدا ئەوە منم کە کار لە ئەو دەکەم، تەکم پێوە دەدات و لەناو مندا بە مەبەستی پاڵدانەوە بەدوای شوێنێکدا دەگەڕێت. نا، ماتیلدە بۆ ئەم ئەفسوونە گونجاو نییە. نایشزانم بۆچی وایە."

نیچە کەمێ بیری کردەوە و گوتی: "ئەفسون پێویستی بە تاریکییەکی ڕازامێزە. شایەد مەحرەمبوون و سەمیمییەتی چواردە ساڵ ژن و مێردایەتی ، هەموو ئەفسوونێکی ئەوی گرتبێت. ئایا بەچاکی ئەو دەناسن؟ دەشێ ئێوە تەحەمولی پەیوەندییەکی ئاشقانەتان نەبێت لەگەڵ ژنی جواندا."

"خەریکە بۆم ڕووناکدەبێتەوە. من جگە لە ’جوانی‘ پێویستم بە واژەیەکی تریشە. ماتیلدە هەموو مەرجەکانی جوانی تێدایە، بەڵام جوانی بەبێ دەسەڵات. لە پێناوی جواناسیدا، خاوەنی هەموو شتە شێوەیی و ڕواڵەتییەکانە. ڕەنگە ئێوە لەسەر هەق بن و ئەو بۆ من ئاشنایەکی زۆر سەمیمییە. زۆر بە ڕوونی دەتوانم لە پشتی جوانی ڕوخساری ئەوەوە ژنێك لە گۆشت و خوێن ببینم. سەرباری ئەوە ڕکابەرێکیش بوونی نییە. لە ژیانی ماتیلدەدا تاوەکو ئێستا پیاوێکی تر نەبووە. هاوسەرێتی ئێمە ڕێکەوتنێکە و دەپێشدا بڕیار لەسەر شتەکان دراوە."

"پێم سەیرە کە حەزتان لە ڕکابەرێکە، یۆزیف. بە لە چەند ڕۆژێ گوتتان کە ڕقتان لە هەموو پێشبڕکێیە."

"من لە لایەکەوە ڕکابەر دەخوازم و لەلایەکی تریشەوە نامەوێت. خۆتان گوتتان کە مەرج نییە ژیرانە بێت، هەر شتێك کە بە مێشکمدا دێت، دەیڵێم. ئارامبگرن و لێگەڕێن کە بۆ ساتێك بیرم کۆکەمەوە. بەڵێ، ژنی جوان، لەوە زیاتر توانای هەیە کە پیاوان بتوانن ستایشی بکەن. لەهەمانکاتیشدا ژنێکی وەها زۆر مەترسیدارە“ لەمبارەیەوە من گورزم خواردووە. لەوانەیە بێرتا ژنێك بێ بەتەواوی شکڵی خۆی نەگرتبێ! جوانی ئەو لە قۆناغی تۆڵ*یدایە و هێشتا ناتەواوە.

* تۆڵ: جنین.

نیچە پرسی: "مادامەکینێ ڕکابەرێك بوونی نییە، کەوایە مانای وایە ئیدی ئەو مەترسیدار نییە؟"

"نەخێر، ئەم مژارە زۆر ڕاست نییە. ئەو مەترسییە، چونکە من لە پێگەیەکی باشتردام. تەنانە ئەگەر کەسانی تریش بە تاسەی ئەوەوە بن، من دەتوانم هەموو ڕکابەرەکان لە مەیدان دەربکەم. ئەو زۆر بە منەوە پەیوەستە ـ یابووە ـ ئەگەر خواردنم نەدایەتێ، ئەوا بە هەفتە خۆی لە خواردن بەدوور دەگرت.

ئاساییە کە من وەك پزیشکێ لە ڕەوتی پاشەکشەی نەخۆشەکەم ناڕەحەت بووم. لە هەمبەر خێزانەکەیدا خۆم بە نیگەران نیشان دەدا، بەڵام وەك پیاوێك ـ جگە لە ئێوەش هەرگیز لای کەسێکی تر باسی ئەمە ناکەم ـ چێژم لە سەرکەوتنی خۆم وەردەگرت. ڕۆژێ کە بۆی باسکردم خەونی بە منەوە دیوە لە خۆشیاندا شاگەشکە ببووم. چوونە ناوەوە بۆ دەروونی ئەو، واتا بۆ جێگایەك کە تا ئێستا هیچ پیاوێکی تر ڕێگای چوونە ژوورەوەی پێنەدراوە، سەرکەوتنێکی گەورە بوو! دەزانن کە وێنەکانی خەونێك هەرگیز لەناو ناچێت، کەواتە ئەو جێگایە، شوێنێك بوو کە بۆ هەمیشە لەوێدا دەمێنمەوە!"

"ئەگەر وابێ کەواتە ئێوە بەبێ ئەوەی کە هەرگیز لەبەرامبەر ڕکابەرێکدا بوەستن، سەرکەوتن!"

"بەڵێ، ئەمەش یەکێکە لە تێگەیشتنەکانی بێرتا، شەڕی بێمەترسی، بێگومانی لە سەرکەوتن، بەڵام ژنێکی جوانی مەترسیدار مەسەلەیەکی ترە." برویر بێدەنگ بوو.

"بەردەوام بن، یۆزیف. ئێستا خەیاڵتان لە کوێ خولدەخوات؟"

"بیرم لە ژنێکی مەترسیدار دەکردەوە. ژنێك بە جوانییەکی ڕامکەر و نزیك بە تەمەنی بێرتا کە بەر لە چەند هەفتەیەك هات بۆ عیادەکەم. ژنێك کە پیاوانێکی زۆر ستایشی دەکەن. لە ترسی ئەفسوونی ئەو ئیفلیج ببووم! تەنانەت نەمتوانی بیخەمە چاوەڕوانییەوە و بەر لە نەخۆشانی تر ڕێگای هاتنە ژوورەوەم پێدا. وەختێکیش شتێکی لێخواستم کە پێچەوانەی ئاکاری پزیشکی بوو، ناچاربووم هەموو هێزی خۆم بخەمە کار تاوەکو ئەو کارە نەکەم."



نیچە گوتی: "ئاخ، من ئاشنامە بەو بارودۆخە دژوارە. دەبێ لە هەموو شتێك زیاتر لە ژنی خوێنشیرین بترسیت. هەڵبەت نەك لەبەر ئەوەی کە هەیە، بەڵکو لەبەر ئەو شتەی کە ئێمە لەو دروستی دەکەین. خەمهێنەرە!"

"خەمهێنەرە، فرێدریك؟"

"خەمهێنەر بۆ ژنێ کە هەمیشە بە نەناسراوی دەمێنێتەوە و خەمهێنەر بۆ پیاو. من ئەم کارەساتە دەناسم."

"ئایا بێرتایەك لە ژیانی ئێوەشدا هەبووە؟"

"نەخێر. زیاتر کەسێك بوو کە شێوەی لەو نەخۆشە دەچوو کە ئێوە باستان کرد. ژنێ کە مرۆڤ ناتوانێ چاوپۆشی لێبکات."

برویر بیری کردەوە. "لۆسالۆمێیە، بێگومان لۆسالۆمێیە! ئاخری لەبارەیەوە قسەدەکات!" برویر حەزی نەدەکرد لە ناوەندی باسەکە دەرچێت، کەچی پرسی: "بۆ ئەو خاتوونەی کە نەتانتوانی چاوپۆشی لێبکەن، چی ڕوویدا، فرێدریك؟"

نیچە بێدەنگی لێکرد و سەعاتەکەی دەرهێنا. "ئەمڕۆ کانزایەکی زێڕمان ئاشکراکرد و لەوانەیە هەردووکیشمان زۆر شتمان بە نەسیب بووبێت، بەڵام کات تێدەپەڕێت و من دڵنیام کە هێشتا ئێوە زۆر شتتان پێیە بۆ گوتن. تکایە لەبارەی بەهای بێرتاوە درێژە بە قسەی خۆتان بدەن."

برویر دڵنیابوو کە تائێستا بەو ڕادەیە لە باسکردنی گرفتە تایبەتییەکانی خۆی نزیك نەبۆتەوە. ڕەنگە ئاخر لێدانی هۆشیارانە هۆی ئەم جووڵانە بووبێ. بەڵام کاتێ کە بۆ چەندەمین جار نیچە داوای لەوکرد: "جارێ دەستمەکێشنەوە، ئایدیاکان لە هەڵچووندان." برویر دووبارە دەستی بە قسانکردەوە. "من گیرۆدەی ژیانێکی دوولایەنەم“ ژیانێکی شاراوە کە بەنرخە لام ، لەگەڵ ژیانێکی بەرچاوی هاوڵاتییەك، کە کوشندەیە. زۆر ڕوون و بەسادەیی دەتوانی دیاری بکەیت کە لە کوێدا کۆتایی دێت. دەکرێ کۆتایی ئەمە و هەر هەنگاوێکیش کە لەم ڕێگایەدا هەڵدەهێنرێتەوە، ببینرێت. ڕەنگە زۆر مناڵانە بێت، بەڵام ژیانێکی دوو لایەنە دیارییەکی زیادی ژیانە و مژدەی درێژتربوونەوە و فراوانتربوونی ژیان دەدات."

نیچە سەری لەقاند. "مەبەستتان ئەوەیە لە کاتێکدا کە ژیانی نەمری و جاویدانی شاردراوەتەوە کات توانا دیارەکانی ژیان قووت دەدات."

"بەڵێ، هەڵبەت من بەم شێوەیە دەرم نەبڕی، بەڵام مەبەستم هەمانشتە. جگە لەوە هەستکردن بە بێهاوتاییش هەیە ـ ڕەنگە ئەمە گرنگترین بابەت بێت ـ وەختێ کە لای بێرتا بووم هەمیشە بەسۆراخمدا دەهات وهێشتاکەش کاتێ کە بیر لەو دەکەمەوە هەر سۆراخم دەکات. بەختیاری! ئەم وشەیە لە هەموو وشەکی دی زیاتر دەربڕی ئەم حاڵەتەیە."

"یۆزیف، من هەمیشە لەو بڕوایەدابووم کە مرۆڤ بەپلەی یەکەم ئارەزووی خۆیی خۆشدەوێت، ئینجا کەسێ کە ئارەزوومەندی ئەوە."

بروێر بە سەرسوڕمانەوە دووبارەی کردەوە: "سەرەتا ئارەزووی خۆیی خۆشدەوێ، ئینجا کەسێ کە ئارەزوومەندی ئەوە؟ حەزدەکەم ئەمە یاداشت بکەم."

نیچە پەڕەیەکی لە کۆتایی دەفتەری یاداشتەکەی کردەوە و چاوەڕێ ما تاوەکو بروێر ڕستەکە بنووسێت و دەقی بکا و بیخاتە گیرفانی چاکەتەکەیەوە.

بروێر گوتی: "جگە لەمە بێرتا لە تەنهایی دەرمدێنێت، من هەمیشە لە پووچی ناوەوەم ترساوم. هەتا ئەگەر تەنیابوون پەیوەندی بە بوون یا نەبوونی ئینسانەکانی تریشەوە نەبێت. دەزانن مەبەستم چییە؟"

"ئاخ، داخۆ کەسێ لە من باشتر ئەمە دەزانێت؟ هەندێ جار وادەزانم لە هەموو دنیادا کەسێ نییە کە بەقەدەر من تەنیا بێت و ڕاست بە هەمانشێوەی ئێوە ئەم تەنهاییەی منیش هیچ پەیوەندییەکی بە ئەوانی ترەوە نییە. تەنانەت من ڕقم لەو کەسانەشە کە لە تەنیاییم دەکەن و لەگەڵ ئەمەشدا نایانەوێ هاوڕێیەکی ڕاستەقینەم بن."

"مەبەستتان چییە؟ فریدریك؟"

"واتا شتێك کە من نرخی بۆ دادەنێم ئەوان نرخی بۆ دانانێن! هەندێ جار وەها لە ناوەوەی ژیانم وردەدەبمەوە و تەماشای دەوروبەری خۆم دەکەم، بەوپەڕی ترسەوە تێدەگەم کە هیچ کەس هاوڕێم نەبووە و تەنها زەمان هاوڕێم بووە."



"ناتوانم کە تەنیایی خۆم بە هی ئێوە بەراورد بکەم، بڕوام وایە کە هەرگیز بوێری ئەوەم نەبووە تا ئەو ڕادەیە لە تەنهاییدا بەرەوپێش بچم."

نیچە گوتی: "لەوانەیە بێرتا ڕێگربێ لەوەی کە بچنە ناو تەنهاییەوە."

"گومان ناکەم کە بتوانم لەمە زیاتر بەرەوپێش بچم. بەپێچەوانەوە من سوپاسگوزاری بێرتام کە تەنیایی من لەناو دەبات. کە ئەمەش لایەنێکی تری بەنرخی بوونی بێرتایە لەلای من. لە دوو ساڵی ڕابردوودا هەرگیز تەنیا نەبوومە. بێرتا هەمیشە لەگەڵما بووە، لەماڵی باوکی یاخۆ لە نەخۆشخانە هەمیشە چاوەڕوانی دیداری من بووە و وا ئەمرۆش لە ناوەوەمدا چاوەڕێم دەکات."

"ئێوە شتێك بەهی بێرتا دەژمێرن کە لە ڕاستیدا کاری خۆتانە."

"تێناگەم."

"لە ڕاستیدا ئێستا ئێوە بەقەدەر پێشوو تەنیان، هێندە تەنیا کە بۆهەموو کەسێ پێویستە. ئێوە پەیکەرێکتان بۆ خۆتان خولقاندووە و لەوێدا بەدوای ئارامیدا دەگەڕێن. ڕەنگبێ باوەڕداربوونتان لە ئەندازەی بیرکردنەوەتان زیاتر بێت!"

بروێر دژایەتی کرد: "بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئەو هەمیشە لە لای منە ـ یا ساڵ و نیوێکی تەواو لامبووە ـ تا ڕادەیەك ڕاستە. هەرچەندێکیش کە ئەو بارودۆخە زۆر ترسناك بوو، بەڵام بە چاکترین و زیندوترین ڕۆژگاری من دەمێنێتەوە. من هەموو ڕۆژێ ئەوم دەدی، بەردەوام بیرم لەو دەکردەوە و شەوانە خەونم پێوە دەدی."

"یۆزیف، ئێوە وەسفی بارودۆخێکتان بۆ من کرد کە لەوێدا خەونە هەمیشەییەکانی ئێوە ، ئیتر ئەو نەبوو. ئەمە چۆن بوو؟ ئێوە بەدوای بێرتادا دەگەڕان ...؟"

"ئەم خەونە هەمیشە بەترسێکی کتوپڕ دەستپێدەکات. زەوی ژێرپام ڕۆدەچێت و من بەدوای بێرتادا دەگەڕێم و نایدۆزمەوە ..."

"بەڵێ، بێگومان ئەم خەونە کلیلێکی گرنگی لەخۆیدا هەڵگرتووە، ئەو ترسە کتوپڕە چ جۆرێکە؟ ئایا زەوی دەمدەداتەوە؟"

بروێر سەری وەك ئاماژەی ئەرێ ڕاوەشاند.

"یۆزیف، کەوایە بۆچی دەبێ ڕێك لەم ساتەدا بەدوای بیرتادا بگەڕێن؟ ئایا بۆ ئەوەیە کە پارێزگاری لەو بکەن؟ یاخود ئەو پارێزگاری لە ئێوە بکات؟"

بێدەنگییەکی تووڵانی بەسەر هەردووکیاندا زاڵ بوو. بروێر دووجار سەری بەرەوژوور ڕاگرت، وەك ئەوەی کە بیەوێ زۆر لەخۆی بکات تاوەکو وردتر بێت. "من ئیتر ناتوانم درێژەی بدەمێ. ئەمە شتێکە وێنا ناکرێ، ئاگاییم ڕێگری دەکات و تاوەکو ئێستەکانێ بەم شێوەیە هەستم بە ماندویی نەکردووە. هێشتا نیوەڕۆ دانەهاتووە، کەچی واهەست دەکەم کە بەبێ نووچدان چەندین شەو و ڕۆژم لە تاقیگادا بەسەر بردووە."

"بەڵێ، منیش واهەست دەکەم کە کاری ئەمڕۆ زۆر سەخت بوو."

"بەڵام لاموایە سوودبەخش بوو. دەبێ خواحافیزی بکەم. تا سبەینێ خواتان لەگەڵ، فریدریك."

***گوڵبژێرێك لە ڕاپۆرتی دکتۆر بروێر***

***دەربارەی ئێکهارد مۆلەر ـ ١٥ دیسەمبەری ١٨٨٢***

*دوای ماوەیەك، دیسانەوە بەر لە چەند ڕۆژێك داوام لێکرد کە قسەکانی لای من بدرکێنێت. کەچی ئەمڕۆ ئامادەبوو. گوشاری بۆ دەهات کە شتەکانیم بۆ ئاشکرابکات، دەیگوت کە پێشکەوتنی ئەکادیمیانەی خۆی بە تەڵەیەك دەزانێت و خۆشی لە خەرجی دایك و خوشکی نەهاتووە، تەنیایە و لەبەر خاتری ژنێکی گەنج ئازاردەکێشێت.*

*بەڵێ، سەرەنجام بڕیاریدا کە نهێنییەکانی خۆی لەگەڵ مندا بێنێتە ئاراوە و منیش بە هەموو هەوڵێکەوە کە بەر لەمە دابووم دەبوایە زۆرم لەو نەکردایە کە ئەو لەم ڕێگایەوە هان بدەم. ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی کە نەمدەویست قسەکانی ئەو ببیستم، نا لەوە خراپتر! بەڵکو ئەو کاتەی کە ئەو دەئاخافت من ئێرەییم پێدەبرد" نەمدەویست کەسێ کاتەکانم بەرێ بۆخۆی!*

*ئایا هەر چواردە ڕۆژ بەر لە ئێستا نەبوو کە بە هەموو هێزێکمەوە هەوڵمدەدا لانی کەم لایەنێکی بچووك لە ژیانی ئەو بزانم، لای ماکس و خانم بیکر گلەییم کردبوو کە ئەو زۆر*



*کەمدو و نهێنیپارێزە، کاتێ کە گوێم بردە نزیکی لێوەکانی، بیستم لەژێر لێوەوە ورتەی دەهات: "یارمەتیم بە!" و دڵنیام کردەوە کە: "متمانە بە من بکە!"*

*چ شتێك ڕوویدا کە وا من ئەمڕۆ ئامادەبووم ئەوانە وەلابنێم؟ ئایا کەسێکی تێرنەخۆرم لێدەرچووە؟ هەرچی ئەم گفتوگۆ ڕاوێژییانە زیاتر درێژەی دەبێ، کەمتر تێدەگەم کە ماجەراکە چییە. بەڵام بەکێشکردنێکی تایبەتی هەیە. هەمیشە بیر لە گفتوگۆکانمان دەکەمەوە کە هەندێ جار تەنانەت ئەو خەونانەش دەڕەوێننەوە کە پەیوەستن بە بیرتاوە. دانیشتنەکانمان بەرنامەی ڕۆژانەمان دیاریدەکەن و منیش بە تاسەی ئەو سەعاتەوەم و نائارامانە لە چاوەڕوانی دانیشتنی پاشتریدام. ئایا بەم هۆیەوە بوو کە بیانووەکانی ئەوم قەبووڵکرد؟*

*لەوانەیە لە ئایندەدا ـ کێ چوزانێ چی کاتێ، ڕەنگە پەنجا ساڵی تر ـ چارەسەرکردن بەقسە ببێتە بەشێك لە بەرنامەی کاری ڕۆژانە. ڕەنگە "پزیشکانی پسپۆری ترس"، ڕاست وەکو پسپۆرەکانی تر لە کۆلیژە پزیشکییەکاندا (یا شایەد لە کۆلیژە فەلسەفییەکانیشدا!) دەورە ببینن.*

*ئایا لە داهاتوودا "پزیشکانی پسپۆری ترس" بەچی جۆرێ شەرحی حاڵ وەردەگرن؟ بەڵام ئێستا تەنها یەك مژارمان لەبەردەستە" فێرکردنی پەیوەندییەکان! چونکە گەورەترین گرفتەکان لەمەوە دائەکەون. بەهەمانشێوەی کە نەشتەرگەرەکان بە توێکاری دەستپێدەکەن، "پزیشکە پسپۆرەکانی ترس"یش لە ئایندەدا دەبێ وەکو یەکەمین هەنگاو ئەوە فێربن کە دەرك بە ماهییەتی ئەو پەیوەندییە بکەن کە لە نێوان پزیشکی یامەتیدەر و ئەو کەسەدایە کە یارمەتی دەدرێت. لەبەر ئەوە ئەگەر من بمەوێت بە یاریدەی بونیادی تیۆری ئەم شێوازە چارەسەرییە کۆمەکێ بکەم، دەبێ ئەوە فێر ببم کە ڕاست وەکو مێشکی کۆترێك، بەشێوەیەکی ڕاست و دروست لێی بکۆڵمەوە.*

*هەرچەندە لێکۆڵینەوەی پەیوەندییەك کە خۆم بەشێکم لێی، هەروا ئاسان نییە. بەڵام لەگەڵ هەبوونی ئەم گرفتە تایبەتانەشدا لاموایە شتێکە شایانی تێگەیشتنە.*

*سەروەختانێ بەچاوێکی ڕەخنەگرانەوە لەوم دەڕوانی، بەڵام ئەوڕۆ ئیدی ئەمکارە ناکەم. بەپێچەوانەوە ئەوڕۆ چاوانم لەدەمی وی بڕیبوو و ڕۆژبەڕۆژیش باوەڕم بەوە توندوتۆڵتر دەبێت کە ئەو دەتوانێت یارمەتیم بدات.*

سەروەختانێ وامدەزانی کە دەتوانم یارمەتی ئەو بدەم بەڵام ئەمڕۆ ئیدی بیر لەمە ناکەمەوە، من چتانێکی کەمم هەیە کە بیدەم بەو، بەڵام ئەو دەتوانێت هەموو شتێك بەمن بدات.

سەروەختانێ خۆمم بە ئەو بەراورد دەکرد، وەکو یاریزانێکی شەترەنج داوم دەنایەوە، بەڵام ئەورۆ ئیدی ئەمکارە ناکەم! بینینی قووڵی ئەو جێی سەرنجدانە. تێگەیشتنی ئەو بەر لە هەموو شتێك دەگرێت. من مینا باڵندەیەك کە بۆ باز ئەبلەق دەبێت، وەها تەماشای ئەو دەکەم، ئایا لە ئەندازەی خۆی زیاتر وەسفی دەکەم؟ ئایا دەمەوێ لەبەرتر و لەسەروی منەوە بێت؟ ڕەنگە هەر لەبەر ئەمەبێ کە نامەوێ شتانێك بژنەوم کە ئەو دەیهەوێ بیانڵێت؟ ڕەنگە حەز نەکەم لەبارەی ئازار و هەڵەکانییەوە هیچ شتێك بژنەوم.

ڕۆژانێ دەمویست بزانم کە بەچ شێوەیەك دەتوانم لەو نزیك ببمەوە، بەڵام ئەمڕۆ ئیتر بەدوای ئەمەوە نیم. زۆربەی کات بەرامبەر بە وی هەست بە پەیوەندییەکی گەرم و گوڕ دەکەم. ئەمە شتێکی تازەیە. وەختێ کە بارودۆخی خۆمانم لەگەڵ ڕۆبەرتدا بەراورد دەکرد کە دەیویست پشیلەکەی دەسەمۆ بکات: "هەنگاوێك بەرەو دوا برۆ و لێگەڕێ با لە ئارامیدا شیرەکەی بخواتەوە و دواتر دەتوانی بیلاوێنیتەوە." بەڵام ئەمڕۆ لە کاتی گفتوگۆدا وێناکردنێکی ترم هەبوو: دوو بەچکە پشیلەی خاڵخاڵی لە تەنیشتی یەکەوە سەریان پێکەوە ناوە و لەیەك قاپدا شیردەخۆنەوە.

شتێکی سەیرتر. بۆچی من باسم لەو ژنە جوانە کرد کە بۆ کلینیکەکەم هاتبوو؟ ئایا حەزدەکەم کە ئەو لە دیداری من و لۆسالۆمێ ئاگاداربێت؟ ئایا یاریم بە ئاگر کرد؟ دەمویست لەدەستی بدەم؟ یاخۆ دەمویست ناوبڕێك لەنێوانماندا دروست بکەم؟

ئەی ئەو بۆچی گوتی ڕقی لە ژنانی قەمچی بەدەستە؟ مەبەستی ئەو لەوە تەنیا دەکرێ ئەو وێنەیەی لۆسالۆمێ بێت کە نازانێ من دیتوومە. دەبێ بزانێت کە هەست و سۆزی ئەو سەبارەت بە لۆسالۆمێ جیاوازییەکی زۆری نییە لەگەڵ پەیوەندی من بە بێرتاوە. یانی ئەو لە تەنهاییدا دەستی بۆ من درێژکردووە؟ ڕێگای گاڵتەکردنی بەخۆی داوە؟ ئێمە هەردوکمان کە دەمانەوێ پەیوەندییەکی ڕاستگۆیانە لەنێوانماندا هەبێت، لێرەدا دانیشتوینە، لێ هەردوو دیلی شەیتانی پەنهانکارین.



لە شتێکی تریش تێگەیشتوومە! نیچە بۆ من هەمان ئەو شتەیە کە من بۆ بێرتا بووم. بێرتا دانایی و زیرەکی منی بەشێوەیەکی زۆر واقیعییانە دەخەملاند. ئەو شتانەی کە دەمگوتن لای ئەو نرخیان زیاتر بوو. لە ئاگری دیداری مندا دەسوتا و نائارامانە چاوەڕوانیی دەکرد. بەڵێ، تەنانەت دەپاڕایەوە کە لە ڕۆژێکدا دووجار سەردانی بکەم!

بێرتا دەرمانی هەموو ئازارەکانی من بوو، بە تەنها نیگایەکی ئەو منی لە تەنهایی ڕزگاردەکرد، ئەو مانا و تێگەیشتنی بە ژیانی من دەبەخشی. زەردەخەنەی پاکیزانەی ئەو مەرهەمی برینەکانی من بوو. ڕێزی دەگرتم و منی لە هەموو جۆرە حەز و ئارەزوویەکی پڕوپووچ دەبەخشی. ئیشقێکی سەیربوو کە تێیدا هەریەکەمان لە ئەفسوونی ئەوی تردا نوقم ببوین!

بەڵام من سات لەدوای سات ئومێدەوارتر دەبم، هێزێکی شیفابەخش لە گفتوگۆکانی ئێمەدا هەیە و منیش دڵنیام کە ئەمە وەهم نییە.

سەیر ئەوەیە کە من لەدوای چەند کاتژمێرێك زۆرێك لەو مژارانە لەیاد دەکەم کە باسیان دەکەین، جۆرێ لە فەرامۆشی تایبەتی کە لەگەڵ بیرکردنەوەی گفتوگۆکانی کافێدا بەراورد ناکرێت. ئایا دەشێ کە فەرامۆشییەکی کارا بوونی هەبێت؟ کە ئەمەش نەوەك بەهۆی بێبایەخییەوە، بەڵکو بەهۆی بایەخدارییەکی زۆرەوە فەرامۆش بکرێت؟

من ڕستەیەکی بزوێنەرم یاداشتکرد: "مرۆڤ سەرەتا ئارەزووی خۆیی خۆشدەوێت، ئینجا کەسێ کە ئارەزوومەندی ئەوە."

هەروا ئەم ڕستەیەش: "ژیانێکی دڵنیایی بەخش، مەترسیدارە." نیچە دەڵێ کە ژیانی شارنشینی من مەترسیدارە. لاموایە مەبەستی ئەوەیە کە ئەم مەترسییە هەڕەشە لە من دەکات کە خۆم لەدەست بدەم و ببمە هەمان ئەوەی کە ئێستا هەم. بەڵام داخۆ من هەم؟

**دەربارەی دكتۆر بروێر ـ ١٥ دیسەمبەری ١٨٨٢**

*ئاخری گەڕانێكی نایابمان كرد! نوقمبوونە كەمخایەنەكان لە ئەستێڵە قووڵەكان و لە ئاوی چیاودا بسكوڕی دەكردین. من لە ژیاندا تەنها یەك فەلسەفەم لاقەبووڵە! تەنها نرخ بۆ ئەو فەلسەفەیە دادەنێم كە لە بەردی خارا ئەزموون داتاشێت. ئەو ئازاتر دەبێت. ئیرادە و ئازار ڕێگای پێنیشان دەدەن. ئایا كاتی ئەوە نەهاتووە كە مەترسییەكان لەگەڵ ئەودا بێنمەئاراوە؟*

*هێشتا خەڵكی ئامادەنینە كە سوود لە وانە فەلسەفییەكانی من وەربگرن. چ وەختێ ئامادە دەبن؟ پەنجا یا سەد ساڵی تر؟ ڕۆژگارێ دادێ كە خەڵكی ئیدی لە مەعریفە ناترسن. جلكی "فەزیلەت" ناكەن بە باڵای لاوازیدا و ئازایەتییەكی وەها پەیدادەكەن كە پێوەندەكانی "تۆ دەبێت!" پارچە پارچە بكەن. دواتر مرۆڤەكان خوازەری دانایی زیندو و گیانداری من دەبن و لە پێناوی ژیانێكی ڕاستگۆیانەدا پێویستیان بە ڕێنوێنی دەبێت، ژیانێك لە پێناوی سەركەوتندا، لە پێناوی زاڵبوون بەسەر شاوەت و چێژدا. ئەوە كامە چێژە كە لە گوێڕایەڵی بەهێزترە؟*

*هێشتا زۆرگۆرانیم هەیە كە بیانڵێم. ڕۆحی من بە ئاوازەكان ئاوسبووە و زەردەشتیش لە جاران شایستانەتر بانگم دەكات. كاری پراكتیكی پیشەی من نییە. لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ ئیش بەئاكام بگات و دەبێ بەدیقەتەوە نەخشەی بنبەستەكان و ڕاستەڕێیەكان بكێشرێت.*

*ئەمڕۆ لە كارەكەماندا گەیشتینە خاڵی پێكگەیشتن. بزوێنەرەكەی چی بوو؟ جێگرتنەوەی چەمكی "مانا" لە باتی "ڕەگ و ڕیشە"!*

*بەر لە دوو هەفتە یۆزیف باسی ئەوەی بۆ كردم كە توانیویەتی بە گێڕانەوەی بێرتا بۆ ڕەگ و ڕیشەی هەموو گرفتەكان، ئەو لە نیشانەی نەخۆشییەكانی ڕزگار بكات. بۆ نمونە نەخواردنەوەی ئاوی بەو ڕێگایە چارەسەركردوە كە یارمەتی بێرتای داوە تاوەكو ئەو ڕۆژە بێنێتەوە یادی خۆی كە ژنێك لەكاتی ئاودان بەسەگەكەی لە پەرداخەكەی ئەودا، خافڵگیری كردووە. من هەر ئەوكاتە ڕەشبین بووم و ئەمڕۆش زیاتر ڕەشبینم. ئایا بینینی سەگێك كە لە پەرداخێك ئاو بخواتەوە، شتێكی ركهەڵایسێنە؟ بۆ هەندێ كەس ڕەنگە وابێت! داخۆ دونیا ژێراو ژووربووە؟ نەخێر! ئایا ئەم هەستكردنە بەرەنجامی هیسترییایەكە؟ هەرگیز!*



*نا، لێرەدا ترسێكی قووڵ و كۆن ئاشكرا دەبێت، نەوەك هۆ و هۆكارەكەی! هەر بەو هۆیەوە بوو كە چارەسەرییەكەی یۆزیف هەمیشەیی نەبوو.*

*كلیلی گرێیەكە لە نێو ماناكەیدایە. نیشانەی نەخۆشی، بە تەنها قاسیدی ئەو پەیامەیە كە ترس خەریكە لە ناوەوەڕا دەردەكەوێتەوە دەرەوە! فشارگەلێكی زۆر بە ڕیشەیەكی قووڵەوە لە زومرەی مردن، مەرگی خودا، تەنیایی و ئامانجی بوون و ئازادی بۆ هەتاهەتایە پاشەكشە دەكەن و لە ئێستادا زنجیرەكانی خۆیان دەپسێنن و دەرگا و پەنجەرەكانی ئاگایی دەلەرزێنن. ئەوانە نەوەك هەر دەیانەوێت ببیسترێن، بەڵكو ژیانیشیان دەوێت!*

*ئەم "یاداشتە ژێرزەمینییە" سەرسوڕێنەرە ڕوسییە وا لە من دەكات كە بەدوایدا بچم" دەستیۆڤسكی دەڵێت شتانێك هەن كە مرۆڤ تەنیا لای دۆستەكانی ئاشكرایان دەكات" هەندێ لە شتەكانیشی تەنانەت لای ئەوانیش ناڵێت و زۆر مەسەلەی تریش هەن كە مرۆڤ هەتا لای خۆیشی نایاندركێنێت! شتانێك كە یۆزیف تەنانە تاوەكو ئێستاكەش لای خۆی نەیدركاندووە، دەبێ لە هەمان ئەو مەسەلانە بێت كە ئێستاكە لەئەودا دەپشكوێن.*

*دەبێت بەها و نرخی بێرتا لە بۆ یۆزیف گریمانە بكەین. ئەو هەڵاتنە، یەك هەڵاتنی مەترسیدار، هەڵاتن لە مەترسییەكانی ژیانێكی دڵنیایی بەخش. سەرباری ئەوە ئارەزومەندی و ئەفسوون و جادویش هەیە. ڕزگاركەرێكە كەسێكی مەحكوم بە مەرگ دەبەخشێت یاخۆ ڕزگاری دەكات. هێزی بانمرۆیی هەیە. بێشكەی ژیان و بیسەری دانپێدانانە و لە بەرامبەری وەحشیگەری و ئاژەڵێتیدا یۆزیف دەبەخشێت. بێرتا بە یاریدەی هێزی ئیشقە نەمرەكەی و ئامادەیی هەمیشەیی و ژیانی هەردەمییانەی یۆزیف لەناو خەونەكانیدا، لەبەرامبەر ڕكابەرەكانیدا سەركەوتنێكی حەتمی بەئەو دەبەخشێت. ئەو لەهەمبەر ددانە دڕندەكانی زەماندا وەك قەڵغانێكە. ڕزگارییە لە پووچی ناوەكیانە و پارێزگارییە لەبەرامبەر ژیان لە بۆشاییدا.*

*بێرتا ڕوخساری مەزنییە و چاوەزاری پارێزگاری و ڕزگارییە! یۆزیف بروێر ئەمە ناودەنێت ئیشق، بەڵام لە ڕاستیدا ناوی پاڕانەوەیە.*

*شەیتان دوژمنی بیروباوەڕە. كەشیشەكان، هەروەكو باوكی من هەمیشە مێگەلیان لە شەیتان پاراستووە. شەیتان لە پێناوی ئەوەی كە بیروباوەڕ لەناوببات، بەردەوام لە شێوەی جیاوازدا دەردەكەوێت و لەناو ئەمانەشدا هیچ یەكێكیان لە بەرگی گومان و دڵەڕاوكێ مەترسیدارتر و شەڕانیتر نییە.*

*بەڵام چی کەسێك پاسەوانیی ئێمە دەکات؟ قەدیسێکی شوێنکەوتەی قوتابخانەی سۆفستایی؟ چی کەسێ ئێمە لە مەترسییەك ئاگاداردەکاتەوە کە لەگەڵ ئیشقی هەقیقەت و نەفرەتکردن لە بەندایەتیدایە؟ ئایا بڕیارە کە ئەمە سەرلەنوێ دەستپێکردنەوەی من بێت؟ ئێمەی گومانباران، دوژمنان و شەیتانی تایبەتی خۆمان هەیە کە پایەکانی گومانی ئێمە دەڕوخێنێ و تۆوی باوەڕ لە گۆشەیەکدا دەپژێنێت کە هەرگیز چاوەڕوانی ناکەین. کەواتە ئێمەش خودایان دەکوژین و وەك چارەیەکی کاتەکی مامۆستایان و هونەرمەندان و ژنانی جوان بەموقەدەس دەزانین. یۆزیف بروێری تۆژەری بەناوبانگ، چل ساڵە بەشێوەیەکی ناواقیعیانە زەردەخەنەیەکی بێگوناهی کچۆڵەیەك بەناوی ماری بە شتێکی ئەرێنی دەزانێت.*

*ئێمەی گومانباران دەبێ چاوەدێر و تۆکمە بین. ئارەزوکردنی باوەڕ، واتا سەرکێشی. دەبایە بتدیایە کە چۆن بروێری بێباوەڕ بەتاسەی درێژەپێدانی ژیان و هەستکردنی نیگایەکی پڕ لە خۆشەویستییە لەبەرامبەر خۆی، چۆن بە تاسەی لێبوردن و پەرستن و ژیانێکی ئارامەوەیە. ئایا ڕێی تێدەچێت کە وەك ئەسقەفی گەورەی گومانباران هەڵبژێردرابم؟ ئایا دەبێ خۆم تەرخانکەم بۆ دەرخستن و لەناوچوونی حەزوئارەزووی ئاینزایی لەهەموو فۆرم و شێوەیەکانیدا؟ دوژمن بەهێزە" گەرمێتی ئیمان هەمیشە بەهۆی ترسان لە مەرگ و ترسی لەیادکردن و پووچییەوە سەرلەنوێ دەبێتەوە جێگای ڕەخنەلێگرتن.*

*ئەی مانا ئێمە بەرەو کوێ دەبات؟ ئەگەر لەوەدا سەرکەوتوو بووین کە مانای وەسوەسەی زەینی ئاشکرابکەین، چ شتێك ڕوودەدات؟ ئایا نارەحەتییەکانی یۆزیف لەناودەچن؟ ئەی نارەحەتییەکانی من چی لێدێت؟ کەی؟ ئایا یەك گونجی بچووك بۆ شەپۆلەکانی هاودەردی لەمبارەیەوە بەسە؟ یان پێویستی بە نوقمبوونە؟*

*ئەی کام مانا؟ دیارە کە نیشانەی هاوبەشی پەیوەست بە ماناوە زۆرن و یۆزیفیش هێشتا زۆر مانای جیاوازی گرفتاربوونی بێرتای نەدۆزیتەوە.*

*ڕەنگە واپێویست بکات کە دەستنیشانی یەك بە یەکی ماناکان بکەین تاوەکو ئیتر بێرتا جگە لە مانای بێرتا، واتایەکی تری نەبێت. کاتێ کە باری ماناکانی بێرتای لەکۆڵکرایەوە، بروێر دەتوانێ لەو بوونەوەرە ترساوەدا، دەستنیشانێکی مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە بکات کە بێرتا هەیە و بروێر هەیە و هەموویشمان هەین.*



# (٢٠)

بــروێر ڕۆژی دواتر پاڵتۆیەکی چەرمینی لەبەردابوو، کلاوێکی ڕەشی لەدەست گرتبوو و هاتە ناوژووری نەخۆشخانەوە. "فرێدریك، تەماشای دەرەوە بکەن! ئەو گۆ داپۆشراوە مەیلەوزەردە دەبینن لە ئاسماندا؟ دەیناسنەوە؟ هەتاوی ڤییەنا جارێکی تر شانازی بەئێمە بەخشیوەتەوە. ڕازین بەهەمان بۆنەوە کەمێك بگەڕێین؟ هەردوکمان دەڵێین کە لەهەوایەکی کراوەدا توانای بیرکردنەوەی زیاترمان هەیە."

نیچە کە لە پشتی مێزی نووسینەکەیەوە دانیشتبوو، وەك زەمبەلەك لەشوێنی خۆی دەرپەڕی. بروێر تاوەکو ئێستا جووڵەیەکی واخێرای لەو نەدیبوو. "لەوە باشتر نابێت. لەم سێ ڕۆژەدا پەرستارە میهرەبانەکان نەیانهێشت پێم لە دەرگا بەرمەدەرەوە. ئێستا دەتوانین بۆ کوێ بچین؟ کاتی تەواومان هەیە کە لە هەموو ڕێگا بەردەڕێژەکان تێپەڕین؟"

"من ئەم بەرنامەیەم بۆ خۆم داناوە. مانگی یەکجار لە ڕۆژانی شەممەدا دەچمە سەر مەزاری دایك و باوکم. حەزدەکەن ئەمڕۆ لەگەڵ مندا بێن؟ ماوەی نێوان ئێرە و گۆڕستان بە فایتۆن لە کاتژمێرێك کەمترە، زۆر درەنگتان ناخەم، هەر ئەوەندە کاتم دەوێت کە چەپکەگوڵێ لەسەر گۆڕەکەیان دابنێم. دواتر دەتوانین بە درێژای گەسگەسکزارەکە ڕێبکەین و کاتژمێرێك لەناو دارستان و ئاڵفجارەکاندا پیاسە بکەین و دەمەونێوەڕۆ دەگەڕێینەوە. من لە ڕۆژانی شەممەدا تەنیا دوانیوەڕوان دەچمە کلینیك.

تا نیچە مژۆڵی پۆشینی جل و بەرگەکانی بوو، برویر چاوەڕوان مایەوە. هەڵبەت نیچە زۆرجار جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە حەزی لەهەوای سارد هەیە، بەڵام وەك دەیگوت هەوای سارد لەگەڵ ئەودا نەدەگونجا. لەبەر ئەوە بۆ خۆپاراستن لە هێرشی میگرەنی، بەر لەوەی کە پاڵتۆکەی لەبەر بکات، دوو هێلەکی ئەستووری بەسەر یەکەوە لەبەرکرد و ملپێچێکی ئاوا دوومەتری بۆ چەند جارێك بەدەوری ملیدا پێچا. بۆ پارێزگاری لە ڕووناکی توند، چاویلکەیەکی سەوزی کردە چاوانی و لە دواییدا کڵاوێکی سەوزی ناوچەی بایێری کردە سەری.

لە ڕێگای گۆڕستاندا، نیچە دەربارەی مانای زاراوەی فایلە پزیشکییەکان و نووسینی پزیشکی و ئەو یاداشتانە پرسیاری کرد کە لەناو گالیسکەکەدا بوون. برویر بەدەربڕینێك پێی گوت کە گالیسکەکەی بریتییە لە عیادەی دووەمینی ئەو.

"هەندێ ڕۆژ، زۆربەی کاتەکانی من لە گالیسکەدا تێدەپەڕێت. بەم دواییانە قوتابییەکی لاوی پزیشکی بە ناوی سیگمۆند فرۆید داوای لێکردم کە ئیجازەی بدەمێ تاوەکو ڕۆژێ هاوڕێیەتیم بکات، چونکە حەزیدەکرد کە وێنەیەك لە ژیانی ڕۆژانەی پزیشکێك بەدەست بێنێت. ئەو سەری سوڕمابوو لە ئەو هەموو کاتە زۆرەی کە لە گالیسکەدا بەسەری دەبەم، خێرا بەو ئەنجامە گەیشت کە کاری لێکۆڵینەوەیی لە کاری پراکتیکی باشتر و خۆشترە."

فایتۆنەکە لە بەشی باشووری شەقامەکەوە بەشێوەیەکی پشتێنەیی ڕێیدەکردو لە پردی شوارتزن بێرگە[1]وە پەڕییەوە. لە کڵاوی فەرەنگەوە تێپەڕی و لە شەقامی سەرەکییەوە گەیشتە گۆڕستانی سەرەکی شار. فایتۆنچی لە سێیەمین دەروازەی گەورەوە بەرەو گۆڕستانی جووەکان لایدایەوە و وەستا. ئەو، دە ساڵ دەبوو کە بەردەوام برویری دەهێنایە سەر مەزاری داك و بابی. گالیسکە بە هێواشی لە هەزارلۆغانەیەکەوە بە شەقامی پڕ لە داردا دەڕۆیشت کە هەندێکیان بۆ ڕۆشتنی فایتۆنەکە تەنگبوون. ئاخری لە تەنیشت قەبرستانەکەوە ڕایگرت. وەختێ کە برویر و نیچە دابەزین، فایتۆنچی چەپکە گوڵێکی گەورەی لەژێر کورسییەکەی دەرهێنا و دایە برویر. هەردوو پیاو لە بێدەنگیدا ڕێگای بەردەڕێژنەکراوی نێوان گۆڕەکانیان بڕی. لەسەر هەندێ لە گۆڕەکان تەنیا ناو و ڕۆژی مردن هەڵکۆڵرابوو، هەندێ لە گۆڕەکانیش ڕستەی کورتی یادگارییان

1- Schwartzenberg



لەسەربوو، لەسەر هەندێکیشیان ئەستێرەی داود و دەستە سیمبۆلییەکانی ڕۆحانییەك کە خەریکی دوعاکردن بوو بۆ مردووەکان، بەشێوەیەکی بەرجەستە هەڵکۆڵرابوو.

برویر ئاماژەی بۆ ئەو گوڵە تازانەکرد کە زۆرێك لە گۆڕەکانیان دەڕازاندەوە . "ئێرە سەرزەمینی مردووەکانە و ئەوێش ..." ـ ئاماژەی بە بەشێکی کۆنتر و پەرپووتی گۆڕستان کرد ـ "... مردووە واقیعییەکان. هیچ کەسێك بە گۆڕەکانی ئەوانەدا ڕاناگات، چونکە هیچ کەس لە زیندووەکان ئەوانەی وەیادناکەوێتەوە. ئەوانە دەزانن کە مردن واتای چییە."

برویر لەهەمبەر گۆڕێکی گەورەی خێزانەکەیاندا کە بە دیوارێکی جوان پەرژین کرابوو، وەستا. لەوێدا دوو کێل هەبوون. کێلێکی ستوونی بچووك کە لێی نووسرابوو (ئەدۆلف برویر ١٨٤٤ ـ ١٨٧٤) لەگەڵ کێلێکی گەورە لە مەڕمەڕی خۆڵەمێشی کە ئەم نووسینەی لەسەر بوو:

**لیۆپۆڵد برویر ١٧٩١ ـ ١٨٧٢**

**باوك و مامۆستایەکی ئازیز**

**کە هەردەم لەیادی کوڕەکانیدا دەمێنێتەوە**

**بێرتا برویر ١٨١٨ـ ١٨٤٥**

**دایك و هاوسەری بەڕێز**

**کە لە هەڕەتی جوانیدا لەدونیا دەرچوو**

برویر ئینجانەیەکی گڵێنەی لەسەر گۆڕەکە هەڵگرت و گوڵە وشکەکانی مانگی ڕابردووی دەرێنا، بە دیقەتەوە گوڵە تازەکانی تێخست و ساقەکانی ڕێکخست. پاشترێ بەردێکی ساف و بچووکی سیلیسی* لەسەر هەریەك لە کێلەکان دانا.

* سیلیس: جۆرە بەردێکە کە جووەکان لەسەر مەزارەکانیان دایدەنێن. و.ك.

نیچە کە هەستی بەوە دەکرد دەبوا بۆ چەند ساتێك برۆیر بەتەنیا بەجێبێڵێت، بەدەم پیاسەوە لە باریکە ڕێیەکەوە بە نێوانی بەردە گرانیت و مەڕمەڕەکاندا ڕەتبوو. بە ماوەیەکی کەم گەیشتە ناوچەیەکی تایبەتی جوولەکە دەوڵەمەندەکانی ڤییەنا ـ لە ناویاندا گۆڵدشمیتزەکان[2]، گۆمپێرزەکان[3]، ئالتمانەکان و وێرتهایمەنەکان هەبوو کە لە مردنیشدا هەروەکو ژیانیان لەگەڵ ڤییەناییە ئەرستۆکراتەکاندا هەوڵیان دەدا یەکسان بن ـ هەروەها لە بەردەمی پێپلیکانەیەکی سەنگینی ئاسنیندا کە دەوری قەبرە شکۆمەند و ئارامگا هەمیشەییەکانی ئەو بەرەبابانەی گرتبوو، چەندین پەیکەر دانرابوون. لەولاتریشەوە فریشتەی بەردین لەسەر بەردەگۆڕەکان وەستابوون کە وەها بەردیدەی نیچە کەوتن وەك بڵێی بەدەستە بەردینەکانیانەوە ڕوویان کردبووە ئاسمان بۆ سەرنجڕاکێشان و مانەوەی یادەوەرییان دەپاڕانەوە.

لەپاش دەخولەك برۆیر گەیشتەوە بە ئەو. "دۆزینەوەی ئێوە کارێکی ئاسان بوو، فرێدریك. بەجۆرێ لەبەرخۆتانەوە قسەتان دەکرد کە بەئاسانی دەبیسترا."

وەختێکیش کە برۆیر لەگەڵ هەنگاوەکانی ئەودا خۆی ڕێکخستەوە، نیچە گوتی: "لە زۆربەی گەڕانەکانمدا گفتوگۆکانم سەروادارن، ڕاتان لەبارەی ئەمەوە چییە:

**بەرد ئەگەر کوێر یا کەڕیش بێت**

**دیسان لە بێدەنگیدا دەپاڕێتەوە: لەیادم مەکە!"**

دواتر بە هەمان حاڵەتەوە پرسی: "ئەدۆڵف کێ بوو؟ مەبەستم ئەو سێیەمین برۆیرەی لای دایك و باوکتان بوو."

"ئەدۆڵف تەنیا برام بوو. ئەو بەر لە هەشت ساڵ کۆچی دوایی کرد. دەڵێن دایکم لەدوای لەدایکبوونی ئەو مردووە و لە پاش ئەویش دایە گەورەم لە شارەکەی خۆیەوە باریکرد بۆ لای

2- Goldschmidts
3- Gomperzens



ئێمە، بەڵام ئەویش ماوەیەکی زۆر نەژیا." برۆیر لەژێر لێوەوە گوتی: "هەموویان ڕۆیشتوونە و منیش دوایین کەسم."

"ئەی بەردە سیلیسەکان چی بوون؟ من زۆر کێلم بینی کە بەردی سیلیسیان بەسەرەوە بوو."

"نەریتێکی زۆر کەونی جووەکانە بۆ ڕێزگرتن لە مردووان و وەك نیشانەیەکە بۆ ئەوەی کە لەیادمان نەکردوونە."

"نیشانەیە بۆ کێ؟ ببورن یۆزیف، تۆزێ زۆر لێتان نزیك دەبمەوە."

برۆیر دوو پەنجەی کرد بە ناو پاڵتۆکەیدا بۆ ئەوەی کەمێ یەخەکەی شل بکاتەوە. "ئاساییە، ئێوە لەو جۆرە پرسیارانە دەکەن کە سەردەمێ من لە فرێدریکم دەکرد. بەڵام سەیر لەوەدایە کە خودی مرۆڤ بکەوێتە تەنگەبەرییەکەوە کە لە ڕۆژگارێکی تردا تێیهاوێژراوە. من وەڵامێکم پێ نییە بۆ پرسیارەکەی ئێوە. من لە پێناوی هیچ کەسێکدا سیلیسەکان لەوێدا دانانێم. هەروەها بۆ ئەوەش نییە کە پەیڕەویم لە نەریتێك کردبێت یاخۆ لەبەر ئەوە بێ کە کەسانێکی تر ببینن ـ من ئیتر خۆ ماڵەبابێکم نییە و تەنیا کەسێکم کە دێمە سەر ئەم گۆڕە ـ لەبەر خاتری باوەڕ بە خورافات یاخود ترس یا ئەسڵەن بە خاتری وەرگرتنی پاداشتیش نییە لەو دونیایەدا” لە منداڵیمدا، وەك بزیسکەیەکی نێوان دوو بۆشایی وێنای ژیانم دەکرد. تاریکی پێش لەدایکبوون و تاریکی دوای مردن."

"ژیان بە ئەندازەی بزیسکەیەك لە نێوانی دوو بۆشاییدا. چی وێنایەکی جوانە یۆزیف، بەڵام ئایا لە ڕاستیدا سەیر لەوەدا نییە کە ئێمە زیاتر ڕووە و تاریکی دووەم دەڕۆین تاوەکو یەکەم؟"

برۆیر بۆ پشتگیری لە ئەو سەری لەقاند و دوای بێدەنگییەکی کورت درێژەی بە قسەکانی دا. "سەبارەت بە بەردە سیلیسەکان پرسیتان کە لە پێناوی چ کەسێکدا ئەو بەردانە لەوێدا دائەنێم؟ داخۆ بەم کارەم شتێك لەدەست دەدەم؟ دانانی ئەو بەردە گچکانە، ئەرکێکی گران نییە."

"ئەی پرسیارێکی بچووکی تر یۆزیف، ئەم پرسیارە لە پێناوی ئەوەدایە کە وەختێکی زیاترمان هەبێت بۆ بیرکردنەوە!"

"ئەوەیان چییە؟"

"بۆچی نەتانگوتبوو کە ناوی دایکتان بێرتا بووە؟"

برویر هەرگیز چاوەڕوانی پرسیارێکی وەها نەبوو . مات و بێدەنگ ڕووی بەلای نیچەدا وەرگێڕا. "بۆچی دەبا ئەم کارەم بکردایە؟ ئەوەشم بە ئێوە نەگوتبوو کە کچە گەورەکەم ناوی بێرتایە. مژارێکی بێبایەخ بوو. وەك وتم، من سێ ساڵان بووم کە دایکم مرد و هیچ یادگارییەکم لەگەڵیدا نییە."

نیچە قسەکەی ئەوی ڕاستکردەوە: "ڕاستە لە ئاگاییتاندا یادگارییەکتان نییە، بەڵام بەشی گەورەی یادەوەرییەکانی ئێمە لە نائاگاییماندا درێژەی بە ژیانی خۆیان دەدەن. بێگومان ئێوە دەزانن کتێبی ***فەلسەفەی نائاگایی*** هارتمن کامەیە؟ دەشێت لە هەموو کتێبفرۆشییەکان دەستتان بکەوێت."

برویر سەری لەقاند؟ "بەڵێ زۆرباش دەزانم ئەم کتێبە کامەیە، لە کافێدا چەندین کاتژمێری بەردەوام سەبارەت بەوە گفتوگۆمان کردووە."

"جۆرێك لە بلیمەتی لەم کتێبەدا هەیە. هەڵبەتە بلیمەتی وەشانخانەکە نەوەك هی نووسەر. هارتمن بە زۆری لایەنگرێکی جۆراوجۆریی فەلسەفەیە کە بە هزری گۆتە و شۆپنهاوەر و شلینگ ئاشنایە. بەڵام ئافەرین بۆ دۆنکەر[٤] ی بڵاوکەرەوەکەی!" نیچە کڵاوە سەوزە بایرییەکەی داگرت. "لێرەدا ڕووبەڕووی پیاوێکیت کە دەتوانێت کتێبێك بگەیەنێت بە دەستی هەموو خوێنەرێك لە ئەورووپادا. چاپی نۆیەم! ئۆڤێربەك بە منی گوت کە زیاتر لە سەد هەزار دانە فرۆشراوە! بیهێنە بەرچاوی خۆت! منیش لەو خەیاڵەدام کە بەتەنیا دووسەد خوێنەر، کتێبێکم بکڕن!"

ئاخێکی هەڵکێشا و دووبارە کڵاوەکەی خستەوە سەر ناوچەوانی.

"ئێستا با بگەڕێینەوە لای هارتمن. ئەو زۆر بەچاکی چەندین لایەنی تایبەتی نائاگایی دەخاتەڕوو و لە کۆتاییشدا دوودڵییەك لە شوێنێکدا ناهێڵێتەوە کە بەشێکی گەورە لە یادەوەری و سەرچەشمەی هزری ئێمە لە دەرەوەی ئاگاییدا کاردەکەن. من لەگەڵ ئەم ڕایەدا کۆکم، لی بەڕای من بە ئەندازەیەکی پێویست تێیدا ڕۆناچێت. لەو باوەڕەدام کە بە سەختی دەکرێ ئەوە بخەملێنرێت کە ژیان ـ ژیانی واقیعی ـ تاچ حەدێك بەهۆی نائاگاییەوە دیاری دەکرێت. ئاگایی

4- Duncker



هیچ نییە لە پێستێکی ناسك زیاتر کە دەوری هەبوون دەدات" چاوی خوێنەر دەتوانێ لە پشتەوەی ئەمە بڕوانێت و حەزە بەراییەکان و ڕەمەك و تەنانەت ناوەوەی کارگەکانی حەزکردن بە هێز، بینێت.

یۆزیف، دوێنێ ئێوە لە بارەی نائاگاییەوە قسەتان کرد، کاتێ کە خەریك بوو بەرجەستەی ئەوەتان دەکرد کە بچنە ناو خەونەکانی بێرتاوە، بە ڕاستی چیتان گوت؟ ئایا ڕێگاتان هەبووە کە بچنە ناوەوەی ئەو، واتا چونەژوورەوە بۆ ناوچەیەکی پیرۆز کە هیچ هەڵەیەکی تێدا ڕوونادات؟ بەڵام ئەگەر هێشتا وێنەی ئێوە لە ناو خەیاڵی ئەودا بێت، کەواتە وەختێ کە بیر لە شتێکی تر دەکاتەوە وێنەی ئێوە لەکوێدا دەپارێزێت؟ کەواتە دەبێت ئەمبارگەڵی تری یادەوەری لە نائاگاییدا بوونی هەبێت."

ئەوان لە هەمان ساتدا تووشی دەستەیەکی کەم لە خەڵکی تازیەدار هاتن کەلە دەوری گۆڕێکی کراوەی ژێر بانێك کۆببوونەوە. چوار کارمەندی بەهێزی گۆڕستان بە پەتی ئەستوور تابووتەکەیان دائەهێڵا بۆ ناو گۆڕەکە و پرسەداران و نەخۆشان و تەنانەت پیرەکانیش ڕیزیان بەست تا هەریەکە و سێ خاکەناز خۆڵ بکەنە سەر گۆڕەکە. لە کاتێکدا کە هەوای شێدار و شیرین و بەچێژی بۆ خاکی تازە هەڵکەنراویان هەڵدەمژی، برویر و نیچە درێژەیان بە پیاسەکردنی خۆیان دا. لە سەری دوو ڕێیانێکدا برویر بە هێمنی باڵی نیچەی گرت تاوەکو تێیبگەیەنێ کە دەبێ بەرەو لای ڕاست بڕۆن.

دیسانەوە برویر سەرەداوی قسەی لەدەست گرتەوە. "لەبارەی یادەوەرییەکانی نائاگاییەوە بەتەواوی لەگەڵتاندا هاوڕام. ئەزمونەکانی من لە هیپنۆتیزمەکردنی بێرتادا، لەمبارەیەوە بەڵگەیەکی کاریگەرە. فرێدریك، بەتەنێ دەمەوێ بڵێن کە مەبەستتان چییە؟ بێگومان ئەوە نییە کە من لەبەر ئەوە بێرتام خۆشدەوێت چونکە هەمان ناوی دایکمی هەیە؟"

"ئایا شتێکی سەرنجڕاکێش لەو بابەتەدا نابینن، یۆزیف؟ لەگەڵ ئەوەی کە چەندین کاتژمێر لەبارەی نەخۆشی ئێوە و بێرتاوە قسەمان کرد، کەچی تازە بە تازە ئەوڕۆ بە من دەڵێن کە دایکتان ناوی بێرتا بووە؟"

"من بە دەستی ئەنقەست ئەوەم لە ئێوە نەشاردەوە، چونکە هەرگیز هیچ پەیوەندییەکم لە نێوانی دایکم و بێرتادا بەدی نەکردووە. هێشتاکەش پێموایە کە ئەم مژارە هیچ پەیوەندییەکی بە گرفتەکانی ئێمەوە نییە. بێرتا لە بۆ من“ بێرتا پاپن هایمە. من هەرگیز بیر لە دایکم ناکەمەوە، وێنەی ئەو هەرگیز لەبەرامبەر چاوانی نێوخواهی مندا دەرناکەوێت."

"بەڵام بە درێژایی ژیانتان گوڵتان لەسەر گۆڕەکەی داناوە."

"من گوڵم لەسەر مەزاری کەسەکانی خێزانەکەم داناوە!"

برویێر لەگەڵ ئەوەشدا کە دەیزانی لاساری دەنوێنێت، بەڵام نەیدەویست ڕاشکاوانە باوەڕی خۆی ئاشکرا کات. هەڵبەتا کۆششکارییەك کە نیچە لە لێکۆڵینەوەی سایکۆلۆژییانەی خۆیدا خەرجی دەکرد، هەستی دەستخۆشی و ڕێزی لە برویێردا دروست دەکرد.

"دوێنێ لە هەموو مانا وێناکراوەکانی بێرتامان کۆڵییەوە و یادەوەرییەکی زۆر ئاشکرابوون، بەڵام باشە چۆن شتی وا دەبێت کە ئەسڵەن ناوی دایکتان بەبیردا نەیەت؟"

"دەبێ چۆنچۆنی وەڵامی ئەم پرسیارەتان بدەمەوە؟ یادەوەرییەك کە نائاگایی نین خۆیان لە ناسینەوەی ئاگایی من دەدزنەوە. نازانم لە کوێدا وەنەوز دەدەن. ئەوانە ژیانێکی تایبەتی خۆیان هەیە، من بەتەنێ دەتوانم باس لە ئەزموونی خۆم بکەم، واتا لە شتێك کە واقیعییەتی هەیە، بۆ من بەر لە هەرشتێك بێرتا وەکو بێرتا، واقیعییەتی هەیە."

"بەڵام یۆزیف، گرفتەکەیش هەر لێرەدایە! دوێنێ ئیدی چ شتێك لەوە باشتر دەیتوانی ڕۆشنتربێت کە پەیوەندی ئێوە بە بێرتاوە، پەیوەندییەکی ناواقیعییە، خەیاڵێك کە لە وێنە و حەزەکانەوە چنراوە بچووکترین پەیوەندی بە بێرتای ڕاستەقینەوە نییە؟

دوێنێ لەوە تێگەیشتیتن کە خەیاڵکردنی ئێوە بە بێرتاوە، لەهەمبەر ئایندە و ترسی پیری، مردن و لەیادکردندا ئێوە دەپارێزێت. ئەمڕۆ لەوە تێدەگەم کە وێنەی ئێوە بۆ بێرتا سەرباری ئەمانە پڕە لەو تارماییانەی کە بە ڕابردووەوە وابەستەن. یۆزیف، تەنها ساتی ئێستا واقیعییەتی هەیە. ئێمە لە ئاخریدا بە تەنیا ئەم ساتەوەختە ئەزموون دەکەین. بێرتا واقیعی نییە. ئەو وێنەیەکی خەیاڵییە و پەیکی ئایندە و ڕابردووە."



برویێر تاوەکو ئێستا بەو ڕادەیە دڵنیایی لە دەنگی نیچەدا نەدیبوو. لە هەر وشەیەکدا دڵنیاییەکی ڕەها شەپۆلی دەدا.

نیچە گوتی: " لێگەڕێن با بەجۆرێکی تر ئەوە بڵێم. ئێوە پەیوەندی نێوان خۆتان و بێرتا بەجۆرێك وێنادەکەن کە لێکجودا نابێتەوە. پەیوەندییەکی سەمیمی و هەڵقولاوی دڵ کە ناتوانرێ وێنابکرێت. ئایا بەم شێوەیە نییە؟"

برویێر جەختی کردەوە.

نیچە بەردەوام بوو: "لەگەڵ ئەمەشدا من بەتەواوی بێگومانم کە بەهیچ جۆرێ پەیوەندییەکی تایبەتی ئێوە و بێرتا بەیەکەوە نابەستێتەوە. بەڵکو بەپێچەوانەوە، لەو بڕوایەدام کە ئەگەر ئێوە بتوانن وەڵامی ئەم پرسیارە دەستنیشانکەرە بدەنەوە، مژۆڵی زەینی ئێوە نامێنێت. چەند کەس لەنێو ئەم پەیوەندییەدایە؟"

فایتۆنەکە لە دوورترەوە چاوەڕێ بوو. ئەوان سواربوون و برویێر فەرمانی بە فایتۆنچی دا کە لە حەساری گۆڕستان بیانباتە دەرەوە.

لەناو فایتۆنەکەدا برویێر درێژەی بە قسەکردنی خۆی دا. "لە پرسیارەکەتان تێناگەم، فرێدریك؟"

"زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە هەرگیز پەیوەندییەکی تایبەتی لە نێوانی ئێوە و بێرتادا پەیدا نابێت. ئێوە و بێرتا هەرگیز بە تەنیا پێکەوە نابن. هەمیشە ئەو جەنجاڵییە بەسەر خەیاڵکردنتاندا زاڵ دەبێت کە ژنانی جوان نیشاندەری ڕزگاری و پارێزگارین و پیاوانی بێڕوخساریش هەمیشە لە جەنگین لە پێناوی بێرتادا لەلایەن ئێوە ژێردەکەون. دایکتان، بێرتا برویێر، هەروەها ئەو کچۆڵە دەساڵەیە بەخۆی و زەردەخەنەیەکی میهرەبانانەوە دێنە ناو سەحنەی خەیاڵکردنی ئێوەوە. یۆزیف، ئەمە زۆر ڕوونە کە پەرێشانیتان ئەسڵەن پەیوەندییەکی بە بێرتاوە نییە!"

برویێر سەری ڕاوەشاند و لە خەیاڵدا ڕۆچوو. نیچەش بێدەنگی لێکرد و ئیدی قسەیەکی نەکرد. وەختێ کە دابەزین، برویێر داوای لە فایتۆنچی کرد کە پاش سەعاتێکی تر بێتەوە بە دوایاندا.

لەم ساتەدا خۆر لە پشتی گەواڵە هەورێکی ڕەشی گەورەوە خۆی شاردبۆوە و هەردوو پیاو ناچاربوون لە نێوبایەکی ساردا ڕێبکەن کە بەر لەچەند ڕۆژێك بە ئالفجارەکانی ڕووسیادا ڕەتببوو. تا چەناگەیان قۆپچەی پاڵتۆکانیان داخست و بلەز ڕۆشتن. نیچە بێدەنگییەکەی شکاند.

"یۆزیف، زۆر سەیرە کە گۆڕستانەکان من هێور دەکەنەوە. بێگومان پێمگوتوونە کە بابم کەشیشی لایەنگری لۆتەر بوو. باسی ئەوەشم کرد کە گۆڕستانی گوند شوێنی وازیکردنی من بوو؟ ئایا نووسینەکەی مۆنتێنی[٥]تان دەربارەی مردن خوێندۆتەوە، کە لەو نووسینەدا، لەبەرامبەر گۆڕستاندا داوای هەبوونی ژوورێکمان لێدەکات بە چاوەندازێکەوە، بانگەشەی ئەوە دەکات کە ئەمکارە مێشك ئازاد دەکات و هەستی مرۆڤ دەگێڕێتەوە بۆ ڕووکردن لە لایەنە بەشەکییەکانی ژیان. ئایا بۆ ئێوەش گۆڕستانەکان هەمان مانایان هەیە؟"

بروێر گوتی: "من زۆر باش دەزانم ئەم پارچەنووسینە کامەیە و لای من بەهایەکی زۆری هەیە. بەڵێ، کاتی واهەبوو کە پیاسەکردن بەناو گۆڕستاندا بۆ من حاڵەتێکی ئارامبەخشی هەبوو. بەر لە ساڵانێك کە پێموابوو ناتوانم بەسەر ئەو زەربەیەدا زاڵبم کە لە بێتاقەتی لە درێژەپێدانی خوێندنی زانکۆییمەوە سەرچاوەی گرتبوو، لەلای مردووەکاندا بەدوای دڵنەواییدا دەگەڕام. گۆڕەکان بە ڕێگایەکی تایبەتی ئارامم دەکەنەوە، ڕێگایان پێ دەدام کە گرنگی بە شتە بێبایەخەکانی ژیان نەدەم. تا ئەو کاتەی کە ئەم بابەتە بەهۆی زەربەیەکەوە گۆڕا!

"بۆچی؟"

"نازانم بۆچی، بەڵام وردە وردە گۆڕستان حاڵەتی مەرهەماسا و پەندپێدانی خۆی لەدەست دا. ئیدی ڕێزێکم نەبوو بۆی و فریشتەی سیمبۆلی گۆڕستان و نووسراوی سەرگۆڕەکان لەبارەی ئارامگرتن لە خوادا، زیاتر نەفامانە دەهاتە بەرچاوم تاوەکو جێگای بەزەیی. بەر لە چەند ساڵێك جارێکی تریش بیروباوەڕی من گۆڕا. ئێستا ئیتر گۆڕستان بە بەردەگۆڕەکانی و پەیکەرەکانی و پاردەکانییەوە* من دەترسێنێت. ڕاست وەکو منداڵێك لە هەموو جێگایەکدا تارماییم دەبینی و هەرجارێ کە دەچوومە سەر مەزاری دایك و باوکم، هەمیشە بە ترسەوە تەماشای دواوەی خۆم دەکرد. سەردانەکانم هەڵپەسارد و ئیدی لەگەڵ کەسێکدا بۆ ئەوێ دەچووم، و جار لەدوای جاریش ئەم دیدارانە کورت تر دەبنەوە. بە زۆری لە دیداری مەزاری دایك و باوکم دەترسێم و هەندێ جار کە لە بەرامبەریاندا دەوەستێم، خۆم دەبینم وەختێ کە گۆڕەوشارم دەکەن."

5- Montaigne

* پاردە : مقبرە



"وەکو ئەو مۆتەکەیەی کە زەوی ژێر پێتان ڕۆدەچێت."

"سەیرە کە ئێوە ئەمە دەڵێن، فرێدریك! ڕاست بەر لە چەند خولەکێ ئەم خەونە بە خەیاڵمدا هات!"

"ڕەنگیشبێ بە ڕاستی خەونێك بێت لەبارەی گۆڕستانەوە. ئایا لە خەونەکەتاندا بەم شێوەیە نەبوو کە بە قووڵایی چل پێ ڕۆدەچوون و لەسەر بەردێك دەکەوتن؟ مەگەر باستان لە ڕووکارێك نەکرد؟"

بروێر گوتی: "ڕوکارێکی مەڕمەڕی! کە نەمتوانی لە ڕەمزی ئەو نووسینانە تێبگەم کە لە سەری نووسرابوون! ئۆف، شتێکی تریش هەیە و هێندەی کە دەزانم تا ئێستا باسم نەکردووە. لەبارەی ئەو قوتابییە تازەوەیە، سیگمۆند فرۆید. پێشتر لەو بارەیەوە دوابووم کە ڕۆژێك هاوڕێیەتی کردبووم."

"بەڵێ."

"دەی باشە، ئەو بە تایبەتی بە خەونەکانەوە سەرگەرمە. زۆربەی کات لە خەونی هاوڕێکانی دەپرسێت. بەتایبەتی ژمارەی ڕێك و وشە بۆ ئەو سەرنجڕاکێشن و کاتێ کە باسی کابووسەکەمم بۆ کرد، ڕایەکی لە بارەی پەرتبوون لە نێوانێکی تەواو چل پێییدا، نیشاندا. لەبەر ئەوەی کە ئەم خەونەم لە نزیکەی چل ساڵەی تەمەنمدا بینیوە، فرۆید لەو بڕوایەدا بوو کە دەشێ چل پێ، نیشانەی چل ساڵی بێت!"

نیچە هەنگاوەکانی خۆی هێواش کردەوە و ئافەرینی خۆی بە چەپڵە لێدان نیشاندا. "زۆر نایابە! چل پێ نییە، بەڵکو چل ساڵە! گرێوگۆڵی خەونەکە خەریکە دەکرێتەوە! کاتێ کە بوونە چل ساڵان، ئەو وێناکردنە لە ئێوەدا بەهێز بوو کە خەریکە دەکەونە ژێر زەوی و بۆ سەر ڕووکارێکی بەردین ڕۆدەچن. بەڵام ئایا ئەم کەڤرە بە مانای کۆتایی هاتن و مردنە؟ یا بە ڕێگایەکی تر کەوتنێك و بەم هۆیەشەوە ڕزگاربوون نیشان دەدات؟"

نیچە بێ ئەوەی کە چاوەڕێی وەڵام بێت، بە دەنگێکی بەرزەوە درێژەی بە بیرکردنەوەی خۆی دا.

"ئەی ئەگەر بزانن کە زەوی دەستی بە نەرمبوونەوە کرد، ئێوە بەدوای کام بێرتاوە بوون؟ بێرتای جاحێڵ کە بە ڕواڵەت ئارامی بە ئێوە دەبەخشێت؟ یا دایکێك کە سەردەمانێك ڕوخساری ئارامی بووە و ناوی لەسەر بەردە گۆڕ هەڵکەنراوە؟ یان هەردوو بێرتا؟ لە هەر بارێکدا ئێوە لە ئاستانەی پیریدان و تەمەنی دایکیشتان لە کاتی مردنیدا کەمێ لە بێرتا زیاتر بوو!"

بروێر نائومێدانە سەری ڕاوەشاند. "کام بێرتا؟ چۆن دەتوانم وەڵامێکی ئەم پرسیارە بدەمەوە؟ هەر بەر لە چەند مانگێك بوو کە لاموابوو چارەکردن بە قسە، ڕۆژێك دەتوانێ ببێتە زانستێك! بەڵام چۆن دەکرێ کە وەڵامێکی گونجاو بە ئەم پرسیارانە بداتەوە؟ وتەکانی ئێوە هێزێکی وەهایان هەیە کە من دەبزوێنن و واقیعییانە دەکەونە بەرچاوم. بەڵام ئایا دەتوانرێ پاڵ بە هەستێکەوە بدرێ؟ باوەڕدارانی مەزهەبی، لە هەموو شوێنێکدا هەست بە بوونی خودا دەکەن . ئایا بڕیارە هەست و سۆزەکانی ئەوان لە من کەمتر لەبەرتر بن؟"

نیچە کە خەریکی بیرکردنەوە بوو گوتی: "لە خۆم دەپرسم ئایا خەونەکانی ئێمە زیاتر لە سوسەکردن و هەست و سۆزمانەوە بۆ واقیعییەتی بوونمان، نزیك نین؟"

"سەرگەرمی ئێوە بە خەونەکانەوە من خافڵگیر دەکات، فرێدریك. لە کتێبەکانی خۆتاندا بە دەگمەن ناوێکی ئەوانە بێنن. من تەنیا تێڕامانی ئێوەم لەم بارەیەوە لە یادە کە ئایا ڕۆحی کێوی تا ئەمڕۆ لە خەونەکانی ئێمەدا بە زیندویی ماوەتەوە؟"

"بەڵێ، گومان دەکەم کە ئێمە لە خەوندا، ئەرکە مرۆییەکانی پێشینەکانی خۆمان جارێکی تر ئەنجام دەدەینەوە. بەڵام خەونەکان بۆ من تەنها لە ناوبڕێکی دوورەوە ڕاکێشەرن" بە داخەوە بە دەگمەن لە یادمدا دەمێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا بەم زووانە خەونێکی سەیر و ڕوونم بینی."

هەردوو پیاو لە بێدەنگیدا دەڕۆیشتن و تەنیا دەنگی شکانی لقەکان یان خشەخشی گەڵا وشکەکان دەبیسترا. ئایا نیچە باس لە خەونەکەی خۆی دەکات؟ لەم نێوەندەدا بروێر فێرببوو کە هەرچی کەمتر پرسیار لە نیچە بکات، ئەو داووخواستانە سەبارەت بە خۆی قسە دەکات، باشتر وابوو کە هیچ نەڵێت.

دوای چەند دەقەیەك دیسانەوە نیچە دەستی بە قسان کردەوە. "خەونم کورتە و چون خەونەکانی ئێوە لەبارەی ژن و پیاوەوەیە. لە خەونمدا لە گەڵ ژنێکدا دەژیم و کێشمەکێشێ ڕوو دەدات.



وابزانم هەردووك لێفەیەکمان ڕادەکێشا، بە هەرشێوەیەك بێ دوای چەند دەقەیەك لە پێخەفەکەمەوە پێچرابووم، پێخەفەکان بە جۆرێ توندوتۆڵ پێچرابوونەوە کە نەمدەتوانی بجووڵێمەوە و لەوەبوو پشووبڕ ببم. لە عەرەقدا خووسابووم. هەستام و ئەم هاوارە لەسەر لێوانم بوو: 'ژیان بکە! ژیان بکە!'"

بروێر هەوڵیدا لە وەیادهێنانەوەی خەونەکەدا هاوکاری نیچە بکات، بەڵام ناکام بوو. ئەمە تەنیا پەیوەندی فیکری نیچە بوو لە هاوشێوەی پێخەفێکی پێچراوەدا لەگەڵ مۆمیاکردنی میسرییەکان دا. بەپێی ئەو خەونە ئەو گۆڕابوو بە مۆمیایی کراوێك.

بروێر گوتی: "ئەم بابەتە سەرنجی منی ڕاکێشا چونکە خەونەکانی ئێمە ڕاست بە پێچەوانەی یەکترەوەن. من خەون بە ژنێکەوە دەبینم کە لە مردن ڕزگارم دەکات، کەچی ژنی ناو خەونەکەی ئێوە هۆکاری مردنە!"

"بەڵێ، بێگومان مانای خەونەکەی من ئەمەیە و ڕێك لەگەڵ باوەڕی منیشدا دێتەوە! خۆشویستنی ژن، واتا سوککردنی ژیان!"

"تێناگەم فرێدریك، دیسانەوە خەریکە بە کینایە و لوغزەوە قسە دەکەن."

"مەبەستم ئەوەیە کە مرۆڤ ناتوانێت بەبێ ئەوەی کە چاوپۆشی لە پیسییەکانی ژێر پێست بکات ـ واتا خوێن، ڕەگەکان، چەوری، ماسولکە و پاشەڕۆ ـ ژنێکی خۆش بوێت. ئەسڵەن فسیۆلۆژیا نەفرەتییە. ئاشق پێویستی بە نیگایەکە بە دیدێکی نا واقیعی ئەرێنییەوە، ئەو دەبێ نکۆڵی لە هەقیقەت بکات. لێ بۆ من ژیانێکی نا واقیعی وەك ژیانە لە ناو مردندا!"

بروێر ئاهێکی قووڵی هەڵکیشا. "واتا لە ژیانی ئێوەدا هەرگیز جێگایەك بۆ ئەوین بوونی نییە؟ دۆستی من، هەتا ئەگەر بڕیار وابێ کە ئێشق لە ناویشمان ببات، بەڵام بیستنی ئەم قسانە خەمێکی قووڵتری بۆ ئێوە خستە دڵمەوە."

"من خەون بە ئیشقێکەوە دەبینم کە زیاتر لە بارەی تاسەی دوو ئینسانەوەیە بۆ دۆستایەتی یەکتری. لە ڕابردوویەکی دووردا بۆ یەك جار گومان کرد کە ئەوەم دۆزیوەتەوە، کەچی بەهەڵەدا چووم."

"مەگەر چی ڕویدا؟"

بروێر هەستی کرد کە نیچە بە هێواشی سەری ڕاوەشاند. ئیدی واباشە گوشاری بۆ نەهێنێ. ئەوان درێژەیان بە ڕۆیشتن دا. نیچە سەرلەنوێ سەرەداوی قسەی لەدەست گرتەوە. "من خەون بە ئیشقێکەوە دەبینم کە دوو ئینسان بە تینوێتییەکی هاوبەشی بەرزەوە، پێکەوە دەبەستێتەوە، بەڵام ڕەنگیشبێ ئیشق بۆ ئەم مەبەستە وشەیەکی گونجاو نەبێت، دەشێ دۆستایەتی وشەیەکی ڕاستتر بێت."

گفتوگۆی ئەمڕۆیان چەندێ لەوانی تر جیاواز بوو! بروێر هەستی کرد زۆر نزیکە لە نیچەوە. حەزی دەکرد قۆڵ بە قۆڵی ئەودا بکات و لەگەڵیدا بڕوات، لە هەمانکاتدا هەستی بە نائومێدی دەکرد. دەیزانی کە لەم ڕۆژانەدا ناتوانێت چاوەڕێی یارمەتیدان بێت، یارمەتییەك کە پێویستی پێی هەبوو. قسەکردن لە کاتی پیاسەکردندا، ڕێگەی نەدەدا کە بە ڕادەی پێویست لە خۆیدا ڕۆبچێت. هەستەکانی مرۆڤ وەك هەورێك لە هەڵم کە لە دەمەوە دەردەهات، یا دەنگی ئەو لقە وشکانەی کە بە هەڵکردنی با لە یەکتری دەخشان و بەرەو زەوی لە جووڵەدا بوون، پەرش و بڵاو دەبوونەوە.

جارێك بروێر کەمێ بۆ دواوە گەڕایەوە، نیچە کە لای بەرەو ئەو کردبۆوە سەیری لێهات کە هاوڕێکەی ـ کە کڵاوەکەی بەستیەوە بوو ـ لە حاڵێکدا دەبینێت کە لە بەرامبەر گیایەکی بچووکدا چەماوەتەوە.

بروێر گوتی: "گوڵە ئەنگوشتانە* لانی کەم چل نەخۆشی دڵ زایفم هەیە کە مانەوەیان لە ژیاندا پەیوەستە بە شکۆمەندی ئەم ڕێسراوە هیچەوە."

برینەکانی هەردوو پیاو بەهۆی بینینەوەی گۆڕستانەوە هاتبۆوە سوێ. خۆیان بە دەستی یادگاری دەسپارد. نیچە باسی خەونێکی کرد کە لە شەشساڵیدا واتا ساڵێك دوای مردنی باوکی بینی بووی.

"هێشتا بە شێوەیەکی وا ئەوەم لە یادە کە وا دەزانم دوێنێ شەو بووە. گۆڕێ کرایەوە و باوکم بە کفنی مەرگییەوە هاتە دەرەوە. بە پەلە بەرەو لای کڵێسا ڕۆیشت و لە کاتێکدا کە منداڵێکی

* گوڵە ئەنگوشتانە یان دیژیتاڵ گوڵێکی دوو سێ ساڵەیە کە لە دەشت و ماڵانیشدا دەڕوێنرێت و مادەیەکی لێدەردەهێنرێت بە ناوی دیژیتالین کە لە دەرمانسازیدا بەکاردێت.و.ك



لە باوەش گرتبوو، گەڕایەوە. بە منداڵەکەوە چووە ناو گۆڕەکەوە. زەوی سەر هەردووکیان دەمی لێکنایەوە و بەردە گۆڕەکە لەو شوێنەدا کە زەوی دەمی دابۆوە، دانرایەوە.

لە هەمووی خراپتر ئەوە بوو کە کەمێ دوای ئەم خەونەی من، براکەم نەخۆش کەوت و لە ئەنجامی کەشەنگبوونەوە مرد."

بروێر هاواری کرد: "چی ترسناکە! چەندێ ترسێنەرە کە مرۆڤ شتێکی وەها لە پێشەوە ببینێت! ئەمە چۆن لێکدەدەنەوە؟"

"من لێکدانەوەیەکم نییە، ماوەیەکی زۆر ترسم لە هەموو شتێکی میتافیزیکی هەبوو، بە شۆڕ و شەوقەوە دوعام دەکرد. بەڵام لە ساڵەکانی دواییدا ئەو بیرە گوشاری بۆ مێشکم دەهێنا کە ئەم خەونە بە هیچ جۆرێ پەیوەندی بە برامەوە نییە و ئەوە من بووم کە باوکم بۆ بردنی هاتبوو. ئەو خەونە نیشانەی ترسی من بوو لە مەرگ."

هەردوو پیاو کە بە شێوەیەکی پاساونەویست هەستێکی مەتبوعیان بەرامبەر بە یەکتر هەبوو، خۆیان دایە دەستی یادگاری. بروێر دەربارەی وەیشومەیەکی نادیار لە ماڵی باوکیدا خەونێکی خۆی گێڕایەوە، هێنایەوە یادی کە باوکی لە کاتێکدا شاڵێکی ئاسمانی سپی تایبەت بە نزای لە خۆیەوە پێچابوو، بە نائومێدییەوە نزای دەکرد. نیچەش باسی مۆتەکەیەکی کرد کە لە خەونەکەیدا هاتۆتە ژووری نووستنییەوە و پیرەمێردێکی لە سەروەختی مردندا لەسەر چرپاکەی خۆی دۆزیبۆوە کە بە توندی و پچڕ پچڕ هەناسەی هەڵدەکێشا.

بروێر بە دەم بیرکردنەوەوە گوتی: "هەردووکمان زۆر زوو بەرمردن کەوتووین و تاڵی لەدەستدانمان چەشتووە. من بەش بەحاڵی خۆم لاموایە کە هەرگیز بە تەواوی بەسەر ئەوەدا زاڵ نەبوومە. ئێوە بۆ ئەو شتەی کە لە دەستتان داوە، چیتان کرد؟ ئایا هەستتان بە کەموکورتی دەستی پارێزگاری باوك نەکرد؟"

"پارێزگار یان پلیشێنەرەوە؟ ونکردن کامەبوو؟ من لەم بارەیەوە هێشتا بە ئەنجامێك نەگەیشتوومە. لەوانەیە لە منداڵیدا ئەمە ونکردن بووبێت، بەڵام لە گەورەییدا نەخێر."

بروێر پرسی: "یانی چی؟"

"یانی من هەرگیز تەسلیمی گوشاری باوکم نەبووم کە لەسەر شانەکانم بوون. هەرگیز بارگرانی داوەری ئەو خامۆشی نەکردم، هیچ کاتێ کەسێ فێری ئەوەی نەکردم کە ئامانجی ژیانی من ئەوەیە کە تاوانی نائومێدکردنی باوکم بدەمەوە. شایەد مردنی ئەو جۆرێك لە خەلات و ڕزگاری بوو. لەبەر ئەمە پەیوەندییەکانی ئەو بۆ من ڕێگر نەبوون. من درامە دەستی خۆم. توانیم بەشوێن ڕێگای خۆمدا بڕۆم، ڕێگایەك کە پێشتر کەسی پێدا نەڕۆیشتبوو. چاك بیرکەنەوە! منی دژە کریستیان، چۆن دەمتوانی لەگەڵ باوکێکی کەشیشدا کە لە هەمبەر هەر یەك لە دەستکەوتەکانمدا ڕوخساری لە ئازاردا تێك دەچرژا و دەیتوانی بیروڕای من لە دژی وەهەم، بە هێرشی تایبەتی لە دژی خۆی لێکبداتەوە. چۆن دەمتوانی بیرە ناڕاستەکان بکەمە دەرەوە و بە دوای هەقیقەتی تازەوە بم؟"

بروێر گوتی: "لە لایەکی ترەوە ئەگەر ئێوە لە شوێنی خۆتانەوە لە پارێزگارییەك بەرخوردار بوونایە، ئایا دەشیا دژە کریستیان بن؟"

نیچە وەلامێکی نەدایەوە و بروێریش وازی لە باسەکە هێنا. هێدی هێدی فێر دەبوو کە خۆی لەگەڵ ڕیتمی نیچەدا بگونجێنێت. ئەو پرسیارانەی کە لە خزمەتی واقیعییەتدا بوون، ڕێپێدراو و تەنانە پەسەندیش بوون" بەلام هەموو گوشارێکی زیادە دەبووە هۆی بەرهەڵستیکردن.

بروێر ئەو سەعاتەی دەرهێنا کە دیاری باوکی بوو. کاتی ئەوە هاتبوو کە بەرەو لای فایتۆنەکە بگەڕێنەوە. پیاسەکردن بە ئاڕاستەی بادا ئاسانتر بوو.

بروێر گوتی: "دیار نییە کە ئێوە لەمن ڕاستگۆتر بن. ڕەنگە بیروباوەڕی باوکم لەوە زیاتر کە من بیری لێدەکەمەوە، کەمتر منی پاراستووە. بەلام زۆر بە توندی هەست بە کێماسی ئەو دەکەم."

"هەست بە کێماسی چی دەکەن؟"

بروێر بیری لە باوکی کردەوە کە چۆن ئەو پیرەمێردە لە کاتێکدا کە کلاوی تایبەتی نزای لەسەر کردبوو، بەر لە خواردنی نانەسادەکەی کە ماسی و پەتاتەی کولاو بوو، دوعای دەخوێند. زەردەخەنەکەی ئەوی هێنایەوە یادی خۆی کاتێ کە لە پەرستگا دانیشتبوو، و لە کوڕەکەی دەڕوانی و بە ماندوییەوە ڕیشکی شالی دوعاکەی لە پەنجەی دەئالاند. بیری لەو ڕێگرییەی ئەو دەکردەوە کە لەکاتی یاری شەترەنجدا ڕێگا بە کوڕەکەی بدات جووڵەیەك لە نوێوە بکاتەوە. "یۆزیف، دەستت بە داشی یارییەوەیە، ڕێگای ئەم کارەت پێنادەم!" وەختێ کە قوتابییە



گەنجەکان خۆیان بۆ تاقیکردنەوە ئامادە دەکرد و هەموو بەشەکانی ڕوون دەکردەوە، دەنگە زولالەکەی ئەو ناوەی دەگرتەوە.

"کێماسی سەرنجدانی ئەو لە هەموو شتێك زیاترە. ئەو هەمیشە یەکەمین سەیرکەری من بوو. تەنانەت کاتێ کە ڕۆحی دەشێوا و یادگای یارمەتی نەدەدا. سەرکەوتنەکان و دەستنیشانکردنە باشەکان و ئەنجامی تاقیکردنەوەکانم و هەتا یارمەتییەکانم بۆ مەبەستە خێرییەکان بۆ ئەو باس دەکرد. دوای مردنیشی تەماشاچیم لەدەست دا. سالانێك ئەو چاودێری سەرکارەکانم بوو، تاقیدەکردنەوە و دوایی پشتگیری دەکرد. هەرچی وێنەی ئەو ڕەنگپەڕیوتر دەبێت، زیاتر لەگەڵ ئەو ترسەدا دەجەنگم کە کار و سەرکەوتنەکانی من کاتییەوە هیچ مانایەکی واقیعی نییە."

"یۆزیف، دەتانەوێ بلێن تا کاتێ کە سەرکەوتنەکانتان لە ڕۆحی بێجەستەی باوکتاندا دەژیان، مانایەکی پەیدا دەکرد؟"

"دەزانم کە نا مەنتیقییە. ڕاست وەکو پرسیارکردنە لە بارەی دەنگی کەوتنی درەختێکەوە لە جەنگەلێکی چۆلدا. ئایا کارێك کە نەبینرێت، بێ بایەخە؟"

"جیاوازی تەنیا لەوێدایە کە درەخت گوێچکەی نییە، بە پێچەوانەشەوە، ئێوە کەسێکن کە مانای پێدەبەخشن."

"فرێدریك، ئێوەش لە من غەڕاترن. غەڕاتر لە هەموو ئەو مرۆڤانەی کە تا ئێستا بینیومن! هێشتا لە یادمە کە لە یەکەمین پێکگەیشتنماندا لە بە دەستهێنانی هێزی ئەفراندن و ئەنگێزەدا، بەهۆی تواناتانەوە حیرەت مابووم."

"ماوەیەکی دووروودرێژە کە بە ئەنجامێك گەیشتوومە، مرۆڤ بە ناوبانگی خراپەوە باشتر لە ویژدانی ناڕەحەتی خۆی کەنار دەکەوێت. هەڵبەت من تینووی ناوبانگ نیم. بۆ خەڵکانێکی زۆر نانووسم و ئارامگرم. ڕەنگە هێشتا قوتابییەکانم نەهاتبنە دنیاوە، بەلام دەزانم کە داهاتوو هی منە. هەندێ لە فەیلەسوفەکان دێنە دونیاوە تاوەکو دوای مردنیان ناوبانگ پەیدا بکەن!"

"بەلام فرێدریك، ئایا لە ڕاستیدا بەناوبانگبوونی دوای مەرگ، جیاوازییەکی بنەڕەتی لەگەڵ ئارەزووی من بۆ نیگای خێرخوازانەی باوکم، هەیە؟ ئێوە دەتوانن چاوەڕوان بن، هەتا ئەگەر ئەم چاوەڕوانییە درێژەش بکێشێ، بەلام ئێوەش بەتاسەی وەلامێکەوەن."

بێدەنگییەکی دوورودرێژ باڵی بەسەردا کێشان. ئاخری نیچە سەری ڕاوەشاند و گوتی: "لەوانەیە. ڕەنگە لە منیشدا چەند خۆپەسەندییەك هەبێت، کە ئەبێ بەسەریاندا زاڵ بم.".

بروێر بێ ئەوەی کە قسەیەك بکات، پشتگیری کرد. ئەوەی بەسەردا تێنەپەڕی کە بۆ یەکەمین جار نیچە لەبارەی کەسێتی خۆیەوە حەقی بە ئەو دابوو. ئایا ڕێی تێدەچێت کە پەیوەندییان بە خاڵێکی هاوبەش گەیشتبێ ؟

نا، وەکو ئەوەی کە پەلەی کردبێت! چونکە نیچە دوای کەمێ بیرکردنەوە گوتی: "لەگەڵ ئەمەشدا جیاوازییەك هەیە لە نێوانی حەز لەبارەی پشتگیریکردنی دایك و باوك و حەزی بەرزکردنەوەی ئاستی نەوەی داهاتوودا."

هەرچەندە بروێر دڵنیابوو کە ئەنگێزەکانی نیچە زۆریش خۆبەختکارانەتر نین لەوانەی ئەو، بەڵام خۆی لەهەر جۆرە ڕادەربڕینێك پاراست" ئەویش عەشقی بە یادەوەرییە دێرینەکانی دەبەخشی. لەو ڕۆژەدا بەجۆرێ کەوتە بەرچاوی بروێر، وەك ئەوەی هەموو ئەنگێزەکان ـ ئەنگێزەکانی نیچە و ئەو ـ یەك سەچاوەیان هەبێت. حەزکردن بۆ هەڵاتن لە لەبیرچوونەوەی دوای مردن. ئایا ئەو هەموو شتێکی بەم تاریکییە دەبینی؟ لەوانەیە کاریگەری گۆڕستان بووبێت. ڕەنگیشە لە مانگێکدا یەکجار سەردان زۆر بێت. تەنانەت ئەم کاریگەرییە ناخۆشەش نەیدەتوانی حاڵەتی خۆشی ئەم گەڕانە لەناو ببات. بیری لە دۆستایەتی کردەوە بە پێناسەی نیچە. دوو ئینسان کە تینوێییەکی هاوبەش بۆ واقیعییەت بەیەکەوە پەیوەستیان دەکات. ئایا بەڕاستی ئەمەش تینوێتی نەبوو کە ئەمڕۆ ئەو و نیچە هەوڵی دامرکاندنەوەیان دەدا؟ بەڵێ ئەوان دۆست بوون.

بە خەیاڵی بروێر ئەمە بیرێکی دڵنەوایی بەخش بوو، هەتا نەیدەتوانی ئەوە لە خۆی بشارێتەوە کە دڵبەستەییان لە زیادبووندا بوو، کەچی گفتوگۆ ڕۆشنکەرەوەکانیشیان بەقەد گەردێك یارمەتی لەناوبردنی ناڕەحەتییە ڕۆحییەکانی ئەوی نەدابوو. بۆیە لەبەر خاتری هاوڕێیەتی هەوڵی دەدا کە ئەم خەیاڵە ئازاردەرانە لە خۆی دوور بخاتەوە.

بەڵام دیاربوو کە نیچە ـ وەك دۆستێك ـ دەتوانێ خەیاڵی ئەو بخوێنێتەوە. "یۆزیف، من چێژێکی زۆر لەم گەڕانە دەبینم، بەڵام نابێ ئێمە هۆکار و ئامانجی ئەم دیدارانەمان لەیاد بکەین کە گۆشارە دەروونییەکانی ئێوەیە."



کاتێ کە لە هەورازێکی بچووکەوە سەردەکەوتن، بروێر خزا و بە بنە دەوەنێکەوە خۆی گرتەوە.

"ئاگاداربن فرێدریك، سەرەوژوورکەیەکی مەترسیدارە."

نیچە دەستی بەرەو بروێر درێژکرد و پاڵیان پێکەوە دا.

نیچە گوتی: "من هەر ئێستا بیرم لەوە کردەوە کە هەرچەندە گفتوگۆکانمان بێئامانج بکەوێتە بەرچاو، بەڵام هەمیشە بە ئاڕاستەی دۆزینەوەی ڕێگاچارەیەك دەبزوێت. هەڵبەت ئەبێ ئەوە بدرکێنم کە شەوهێرشەکەمان بۆ سەر مژۆڵی فیکری ئێوە بێ ئاکام بوو، بەڵام لەم ڕۆژانەی دواییدا هۆکاری بەئەنجامنەگەیشتنی ئێمە دەرکەوتووە، چونکە هۆکاری ئەم مژۆڵییە بیرتا نییە ـ یان لانی کەم بێرتا بە تەنیایی ـ بەڵکو هەندێ مانایە کە لە بێرتادا کۆبوونەتەوە. تا ئێرە هاوڕاین، وانییە؟"

بروێر بە سەر بۆی سەندەوە و دەیویست بە ئەدەبەوە ناڕەزایی دەرببڕێ و بڵێ کە قسانێکی وا حەکیمانە و ڕۆشنبیرانە هیچ یاریدەیەکی ئەو نادات، بەڵام نیچە بە گەرم و گوڕییەوە درێژەی بە قسەکانی دا: "ئێستا دەرکەوت کە گەورەترین هەڵەی ئێمە دانانی بێرتا بوو لە چەقی هێرشەکانماندا. ئێمە دوژمنێکی واقیعیمان پەیدا نەکردووە."

"دەی دوژمنی واقیعی کێیە؟"

"ئێوە ئەمە دەزانن، یۆزیف! بۆچی من ناچار دەکەن کە ناوەکەی بڵێم؟ دۆژمنی ئەسڵی ئێوە، مانای ئەسڵی مژۆڵی زەینی ئێوەیە. بیر لە گفتگۆ فیکرییەکەی ئەمڕۆمان بکەنەوە، چەندین جار گەڕاینەوە سەر بابەتی ترسی ئێوە لە پووچی و لەیادچوونەوە و مردن. ئەم ترسە لە کابووسەکەی ئێوەدا، لە زەمینێکی پتەودا کە ڕۆدەچێ، لە کەوتنی ئێوەدا بۆ سەر بەردێکی مەڕمەڕی، لە ترسی ئێوەدا لە گۆڕستان، لە ترسی ئێوەدا لە بێ سوودبوون، لە ئارەزووی ئێوە بەپێی بینین و لە یادەوەری مانەوەدا، شاراوەتەوە.دژە نەریتی و ئەنتیکە ئەندێشی ئێوە لەوێدایە کە گەڕان لەدوی هەقیقەت بۆ خۆتان دیاریدەکەن، بەڵام ناتوانن تەحەمولی شتێ بکەن کە دەیدۆزنەوە."

"فرێدریك، دەبێ ئێوەش بە هەمان ئەندازە ترستان لە مردن و بێخودایی هەبێت. لە سەرەتادا من بەردەوام پرسیارم دەکرد: 'چۆن تەحەمول دەکەن؟ چۆن ڕووبەڕووی ئەم ترسە دەبنەوە؟'"

نیچە بە ئاوازێکی فەرمییەوە گوتی: "ڕەنگە کاتی ئەوە هاتبێ کە پێتان بڵێم کە تا ئێستا ئێوەم بە ئامادە نەدەزانی بۆ ئەوەی گوێ لە قسەکانم بگرن."

برۆیر کە لە کنەکردنی ئەم قسەیەی نیچەدا بوو، وای پێباش بوو کە ئەم جارە لێنەگەڕێت دەنگی پەیامبەر ئەزییەتی بدات.

"یۆزیف، من ئەوە فێری کەس ناکەم کە دەبێ 'تەحەمول' ی مردن بکرێ، یان 'ڕووبەڕووی' ببیتەوە. ئەم کارە ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی هەڵخەڵەتاندنی خود! تیۆری من ئەوەیە: لە کاتی خۆیدا بمرە!"

"لە کاتی خۆیدا بمرە!" برۆیر بە بیستنی ئەم قسانە هەم لە قووڵاییەوە پەرێشان بوو، هەم ترسا. گەڕانی بە چێژی دوانیوەڕۆ، لە ناکاو گۆڕا بە ڕووداوێکی تاڵ و جیدی. "'لەکاتی خۆیدا بمرە!' تو خودا ئێوە بڵێن مەبەستتان لەم وتەیە چییە؟ تکا دەکەم فرێدریك، چەندین جار پێمگوتوونە کە تەحەمولی ناکەم، ئێوە چەندین جار شتی زۆر گرنگتان لە شێوەی مەتەڵدا دەربڕیوە، بۆچی ئەمە دەکەن؟"

"ئێوە دوو پرسیارتان کرد، دەبێ وەڵامی کامیان بدەمەوە؟"

"یەکەم ڕوونکەنەوە. لە کاتی خۆیدا مردن یانی چی؟"

"کەسێ کە لە کاتی خۆیدا و بە تەواوی بژی، ترسێکی لە مردن نابێت. کەسێ کە هەرگیز لە کاتی خۆیدا نەژی، ناتوانێت لە کاتی خۆیدا بمرێت. سەرکەوتوانە و بە کامڵی ژیان بکە! ئەگەر مرۆڤ ژیانی کردبێت، ئەگەر بە کامڵی ژیابێت، ترسێکی لە مردن نابێت! ئەگەر لە کاتی خۆیدا نەژی، نایشتوانێ لە کاتی خۆیدا بمرێت."

برۆیر لە ئاسانەی نائومێدیدا ئاهێکی هەڵکیشا. "ئەمەی تر یانی چی؟"

"لەخۆتان بپرسن، یۆزیف. ئایا خودی ئێوە ژیانتان کردووە؟"

"فرێدریك، ئێوە وەڵامی هەر پرسیارێك بە پرسیارێکی تر دەدەنەوە!"

نیچە وەڵامی دایەوە: "ئێوەش ئەو پرسیارانە دەکەن کە وەڵامەکانیان دەزانن!"



"ئەگەر بەم شێوەیە کەوایە بۆ دەبێ بپرسم؟"

"بۆ ئەوەی کە ناچار نەبن وەڵامی خۆتان ببیستن!"

برۆیر چونکە دەیزانی کە حەق بە نیچەیە، بێدەنگی لێکرد. دەستی لە بەرهەڵستی هەڵگرت و لەناوەوەی خۆی کۆڵییەوە. "ئایا ژیانم کردووە؟ من لەوە زیاتر پێشڕەویم کردووە کە چاوەڕوانم دەکرد. پەیوەندییە تۆکمەکان، سەرکەوتنە زانستییەکان، خێزان و منداڵ، بەڵام پێشتر لەبارەی هەموو ئەوانەوە قسەم کردووە."

"هێشتا هەر لە وەڵامدانەوەی پرسیارەکانم خۆتان دەدزنەوە. ئایا خۆتان ژیانتان کردووە؟ یا خۆتان بە دەستی ژیان سپاردووە؟ ئایا ئەمەتان دەویست؟ کاتێ کە پرسیار دەکەم ئایا خۆتان ژیانتان کردووە، مەبەستم هەمان شتە. ئایا بە تەواوی سوودتان لە ژیان وەرگرتووە؟ خەونەکەتان بهێننەوە یاد. لە کاتێکدا کە خێزانەکەتان تووشی وەیشوومەیەك ببوو، باوکتان بە نائومێدی دەپاڕایەوە. ئایا لێکچوونێکتان لەگەڵ ئەودا نییە؟ ئایا ئێوەش بە نائومێدییەوە شایەتی دروست نەژیانی خۆتان نین؟"

برۆیر هەستی کرد کە فشاری ناوەوەی بەشێوەیەکی تەحەمولنەکراو زیاد دەکات. پرسیارەکانی نیچە لە ناوەوەی ئەودا بە قووڵی بنجی دادەکوتا، و ئەویش لە بەرامبەریدا بێتوانا بوو. هەناسەی بۆ نەئەدرا و سینگی خەریك بوو دەتەقی. بۆ ساتێك وەستا و بەر لەوەی کە وەڵام بداتەوە، سێ جار هەناسەی قووڵی هەڵکێشا.

"وەڵامی من دەزانن! نەخێر، نەمدەویست! نا، بەو شێوەیەی کە دەمویست ژیانم نەکردووە! بەو شێوەیە ژیام کە بڕیاری لێدرابوو بژم. من ـ منی ڕاستەقینە ـ لە قەفەسی ژیانمدا بەندکراوم."

"یۆزیف دڵنیام کە هەر ئەمە ڕیشەی ترسی ئێوەیە. دڵتەنگی ئێوە لە ژیان نەکردنەوەیە کە دەیەوێت سینگتان بتەقێنێت، و دڵی ئێوەش لەگەڵ ڕیتمی کاتی لەدەستچوودا لێدەدات. کات، پێویستی بە نەمرییە. کات هەموو شتێك قووت دەدات و دووبارە شتێك ناداتەوە. بیستنی ئەم قسانە لە دەمی ئێوەوە ترسناکە کە بەو شێوەیە ژیانتان کردووە کە بڕیاری لێدرابوو بۆتان! چەندێ ڕق هەڵایسێنە کە بێ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی ئازادی ـ بە هەموو مەترسییەکانییەوە ـ بەرەو پێشوازی مردن بڕۆیت!"

نیچە وەستابوو، دڵڕەقانە و بێ هیچ دوودڵییەك بە دەنگێكی پێغەمبەرانەوە درێژەی بە فێركردن دەدا. نائومێدی باڵی بەسەر برویێردا كێشا. ئێستا ئیدی زۆر چاك دەیزانی كە ڕێگای دەربازبوونی نییە.

بە ورتە ورتێكەوە وتی: "فرێدریك، قسانێكی جوانە، زۆر كارم لێدەكات، لە دڵمدا جێگیر دەبێت، بەڵام زۆر زۆر دوورە لە ژیانی منەوە. بە شوێنكاتێكەوە كە من هەمە 'هەوڵدان لە پێناوی ئازادی' یانی چی؟ چۆن دەمتوانی كە ئازاد بم؟ بارودۆخی من لەگەڵ ئێوەدا جیاوازە، ئێوەیە كە تەنیان و توانیوتانە لە ژێرباری پلەكانی زانكۆدا هەڵبێن. تازە ئیتر بۆ من درەنگە! من خێزان، نەخۆش، كارمەند و قوتابیم هەیە. تازە زۆر درەنگە! ئێمە دەكارین تا هەتایە قسە بكەین. بەڵام توانای گۆڕینی ژیانم نییە. ژیانی من لەگەڵ ژیانی كەسانی تردا زۆر لێكهاڵاوە."

بێدەنگییەكی تووڵانی باڵی بەسەردا كێشان و برویێر بە دەنگە ماندووەكەیەوە بێدەنگییەكەی شكاند: "بەڵام ناتوانم بخەوم و ئیتر باری ئازار و گوشاری ناوەكی سینگم پێهەڵناگیرێت." بای سارد كاری لە ناوەوەی پاڵتۆكەی دەكرد، سەرمای بوو، پێچێكی تری ملپێچەكەی بەسەر گەردنیدا هێنایەوە.

نیچە باڵی ئەوی گرت و ئەم جووڵە نائاساییە لەلایەن ئەوەوە بوو. بە هێواشی گوتی: "دۆستی ئازیز، من ناتوانم بە ئێوە بڵێم كە دەبێ چۆن ژیانتان بگۆڕن، چونكە ئەگەر ئەو كارە بكەم، ئەو كاتە ئیتر ئێوە بەپێی بەرنامەی كەسێكی تر دەژین. بەڵام كارێك هەیە كە دەتوانم بیكەم. دەتوانم دیارییەك بە ئێوە بدەم. بەهێزترین ئەندێشەم پێشكەشی ئێوە دەكەم. ڕەنگە لاتان ئاشنا بێت، چونكە ئەوەم لە كتێبی **مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە** یشدا باسكردووە. ئەم ئەندێشەیە بنەمای كاری دواترم و ڕەنگیشە هەموو كارەكانی دواتری من بێت."

دەنگی نزمكردبۆوە و بە شكۆمەندی و جیدییەوە قسەی دەكرد، گوایە دەیویست تۆنێكی ڕەسمی نیشان بدات و وتەكانی دوایی لە لوتكەی هەموو ئەو شتانەدا دابنێت كە تا ئێستا گوتراوە. هەردوو پیاو قۆڵ لەناو قۆڵ دەڕۆیشتن، برویێر بە جیدییەوە تەماشای پێشەوەی دەكرد و چاوەڕوانی پەیامی ترسناكی نیچە بوو.



"یۆزیف، هەوڵبدەن ڕۆحی خۆتان بەتاڵ بكەنەوە. ئەم بارودۆخەی خوارەوە بهێننە بەرچاو. چی دەبێت كە ئەهریمەنێك بە ئێوە بڵێت: 'ئێوە ناچارن ئەم ژیانەی ـ كە هەنووكە هەتانە و تا ئێستا بووتانە ـ جارێكی تر و زۆرجاری بێشوماری تریش، تێیدا بژینەوە" هیچ شتێكی نوێی تێدا نەبێت، بەڵكو ئەبێ هەموو ئازار و چێژ و هەموو ئەو شتە نەگوتراوە گەورە و بچووكانەی ژیانتان، سەرلەنوێ بۆتان ڕووبداتەوە و هەمووشیان بە هەمان ڕێكخستنی پێشوو بێت.' بۆ نمونە، ئەم ڕەشەبایە و درەختەكانی ئەویا و زەمینی خزۆك، تەنانە گۆڕستان و ترس، ئەم ساتە ناسكانەی نێوان من و تۆ كە قۆڵ لەناو قۆڵ بە چرپە قسان دەكەین؟"

كاتێ كە برویێر وەڵامێكی نەدایەوە، نیچە بەردەوام بوو: "وای دابنێین كە سەعاتی لمینی هەردەمیبوون، هەمیشە بگەڕێتەوە و ئێمە، من و ئێوە، ئەم جارە دانەیەك لە دانەكان بین ..."

برویێر هەوڵی تێگەیشتنی دەدا. "ئەم خەیاڵكردنە ... چۆن ..."

نیچە پێداگری كرد: "لە خەیاڵكردنێك باڵاترە. زیاتر واقیعییەتە تا تاقیكردنەوەیەكی فیكری. گوێ لە قسەكانی من بگرن! هەموو خەیاڵەكانی تر لە مێشكتان بكەنە دەرەوە! بیر لە هەردەمیبوون بكەنەوە. لە ڕابردوو بڕوانن، وێنای ئەوە بكەن كە لە كاتی ڕوانین لە ڕابردوو بێپایان دوورن. كات بێپایان بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە. بەڵام ئەگەر كات هەتا بێپایان بگات، نابێ هەموو ئەو شتانەی كە دەتوانن ڕوو بدەن، بە دڵنیاییەوە ڕوویدەن، وانییە؟ نابێ شتێك كە هەر ئێستا لە ڕوودایندایە، جارێكی تر ڕوویداتەوە، وانییە؟ هەر شتێك كە لێرەوە تێپەڕێت، نابێت پێشتر لەم ڕێگایەوە ڕۆیشتبێت" ئەگەر هەموو شتێكیش لە كاتی بێپایاندا بەسەرچووبێت، كەواتە یۆزیف، ئەركی ئەم ساتە وەختە كە ئێمە پێكەوە لەژێر ئەم درەختە گفتوگۆ دەكەین، چی دەبێت؟ داخۆ نابێ ئەمەش پێشتر ڕوویدا بێت؟ هەروەها كات كە تا بێپایان بۆ دواوە دەگەڕێتەوە، نابێ تا بێپایان بۆ پێشەوەش بڕوات؟ ئێمە نابێت لەم ساتەدا و لە هەموو ساتەكاندا دووبارە ئامادەییمان هەبێت؟ "

نیچە بێدەنگی لێكرد تاوەكو برویێر قسەكانی ئەو هەزم بكات. نزیكی نیوەڕۆ بوو، بەڵان ئاسمان تاریك داهاتبوو. بەفرێكی ورد پڕووشەی دەكرد و فایتۆن و فایتۆنچی لە پێشیانەوە دەركەوتن.

هەردوو پیاو لە ڕێگای گەڕانەوە بۆ كلینیك، درێژەیان بە گفتوگۆكەی خۆیان دا. نیچە دەیگوت كە گریمانەكەی ئەو لەمەڕ گەڕانەوەی سەرمەدییانەوە، هەرچەندە كە ئەگەر لەسەرەتادا بە

تاقیکردنەوەیەکی فیکریشی دانابێ، کەچی مایەی سەلماندنە. بەڵگەی نیچە بە پاڵپشتی دوو بنەمای میتافیزیکی بوو، چونکە کات و ئەنەرژی "مادەی ئەسڵی بوونەوەران" بێپایانە. نیچە بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەگەر وادابنێین حاڵەتە شیاوەکانی جیهان سنووردار، و کات بێسنوور بێت، کەواتە ئەنجامێك دەست دەکەوێت کە دەبێ هەموو حاڵەتە شیاوەکان ڕووبدات و بارودۆخی هەنووکەیی، نیشاندەری یەك دووبارەبوونەوەیە. ڕاست وەکو بارودۆخێك کە بەسەرمان بردووە و بەسەری دەبەین و هەروا شتی تریش. گەڕانەوە بەرەو ڕابردوو وەکو پێشڕەویکردنە بەرەو داهاتوو.

حیرەتی بروێر بەرەو زیادی دەڕۆیشت. "دەتانەوێت بڵێن کە لە ڕەوتی ڕووداوە تەواو ئیختیارییەکاندا، دەبێ جارێکی تر ئەم ساتە ڕووبداتەوە؟"

"بیر لە کات بکەنەوە کە هەمیشە هەبووە. کاتێك کە تا ڕابردوویەکی بێپایان دەڕوات. لە هەناوی ئەم کاتە بێپایانەدا، تێکەڵەی هەموو ڕووداوەکان کە پێکهێنەری جیهانن، نابێ بێپایان دووبارە ببنەوە؟ وەکو زارێکی گەورەی یاری؟"

"زۆر ڕاستە! زاری گەورەی یاری هەبوون!"

لەگەڵ ئەمەشدا بروێر گومانی هەبوو لە بەڵگەهێنانەوەی فەلسەفەی بوونگەرایی نیچە بۆ گەڕانەوەی سەرمەدییانە. نیچە بۆ ماوەیەك داووخواستانە وەڵامی هەموو پرسیارەکانی دایەوە، بەڵام لە کۆتاییدا ئارامی لێبڕا و شانەکانی ڕاوەشاند.

"یۆزیف، ئێوە چەندین جار لە منتان خواست کە هاوکاری کردارییانەتان بکەم. چەندین جار تکاتان کرد کە شتێکی بەنرختان نیشان بدەم، شتێکی کە هێزی گۆڕینتانی هەبێت! ئێستا ئەو شتەی کە داواتان دەکرد دەتاندەمێ، کەچی ئێوە وازی لێدێنن و دەپەرژێنە سەر شتە لاوەکییەکان! گوێ بگرن دۆستی من، گوێ لە قسەم بگرن، ئەمە گرنگترین شتێکە کە تا ئێستا بە ئێوەم گوتووە. ڕێگا بدەن کە ئەم بیرانە کاری گەورەی خۆیان بکەن و دڵنیاتان دەکەمەوە لەوەی کە بەشێوەیەکی بنەڕەتی بتانگۆڕێت!"



بروێر نەکەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە. "بەڵام چۆن دەتوانم بەبێ بەڵگە ئەم قسەیە قەبووڵ بکەم؟ چۆن ئەبێ لەپڕێکا بڕوا بکەم؟ ئایا دەستم لە مەزهەبێك هەڵگرتووە تاوەکو ڕوو لە مەزهەبێکی تر بکەم؟"

"سەلماندنی بێپایان کێشەیە. هێشتا تەواو نەبووە و پێویستی بە ساڵانێکی زۆرە بۆ کارکردن. هەرچەندە من جارێکی تر دوای ئەم باسە ئیدی زۆر دڵنیا نیم کە پێویست بێت ئەم هەموو کاتە لە پێناوی کەماڵکردنی بەڵگەهێنانەوەی جیهانی هەبووندا، خەرج بکەم، چونکە لەوانەیە لە کۆتاییدا کەسانی تری وەکو ئێوەش ڕێگا بەخۆیان بدەن کە هەستەکانیان لە ڕێ دەرچن و سەرگەرمی پەلبەندییە ناسکەکانی بەڵگەهێنانەوە بن و مەسەلەی سەرەکی واتا پایەداری ڕۆح و گەڕانەوەی سەرمەدی بە تەواوی لە یاد بکەن."

بروێر لە ڕا نیشاندان خۆپارێزی کرد. لە پەنجەرەی فایتۆنەکەوە لە دەرەوەی ڕوانی و بە هێواشی سەری لەقاند.

نیچە گوتی: "باشە، من ڕێگایەکی تر تاقی دەکەمەوە. لانی کەم ناتانەوێت بیدرکێنن کە دەشێ گەڕانەوەی سەرمەدی هەبێت؟ چاوەڕێ بن، هەتا پێویستی بەمەش نییە! با بڵێین ئەم مەسەلەیە دەشێ هەبێت یان هەر ئێستا دەشێ ببێت. ئەوەندە بەسە. لانی کەم ئەمە زیاتر مایەی ڕوودانە و دەسەلمێنرێت تاوەکو ئەو چیرۆکە منداڵانەی سەبارەت بە نەفرینی سەرمەدیانە! ئەگەر وای دابنێین کە ئەوە دەبێت، چ شتێك لەدەست دەدەن؟ ئایا ناتوانن ئەوە بە مەرجی نیچە حیساب بکەن؟"

بروێر پشتگیری لێکرد.

"کەواتە حەزدەکەم تکاتان لێبکەم کە لێرەدا و هەر ئێستا لەبارەی پێویستبوونی گەڕانەوەی سەرمەدییەوە بۆ ژیانتان بیر بکەنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی تیۆری نا، بەڵکو بە شیاوترین شێوەی پراکتیکی!"

بروێر گوتی: "گریمان هەر کارێك کە ئەنجامی دەدەم و ئازارێ کە دەیکێشم، تاهەتایە بەردەوام ئەزموونی کەم؟"

"بەڵێ. گەڕانەوەی سەرمەدی بەو مانایە کە دەبێ ئامادە بن هەر بڕیارێ کە وەریدەگرن، بۆ هەمیشە بیدەن. هەمان مەسەلەیش لە بارەی کارە ئەنجامنەدراوەکانەوە، لە بارەی هزرگەلێ کە بە مردوویی هاتوونەتە دونیاوە و هەر هەڵبژاردنێکیش کە دوورەپەرێزی لێبکرێت، ڕاست دەبێت و دەنگی نەبیستراوی ویژدانی ئێوە بۆ هەمیشە بە شکۆوە بانگتان دەکات."

سەری بروێر گێژی دەخوارد. نەیدەتوانی درێژە بە گوێگرتن بدات. هەوڵیدا کە بیری خۆی لە سەر سمێڵە پڕەکانی نیچە کۆبکاتەوە کە لەگەڵ هەر وشەیەکدا بەرز و نزمی دەکرد. بەهۆی ئەوەی کە سمێڵی نیچە دەمولێوی ئەوی بە تەواوی دادەپۆشی، هەرگیز دیار نەبوو کە چی کاتێ سێڵی دواتری وشەکان ڕەوان دەبن. هەندێ جار نیگاکانیان بەر یەك دەکەوتن، بەڵام چاوی نیچە بە ئەندازەیەك کاریگەر بوو کە بروێر سەرلەنوێ نیگای بەرەو لووتی قەوی و گۆشتنی، یاخود برۆ پڕەکانی کە وەکو سمبێڵانی لەسەرەوەی ڕووخساریدابوون، ئاڕاستە دەکرد.

ئاخری بروێر پرسیارێکی کرد: "کەواتە گەڕانەوەی سەرمەدی بەڵێنی جۆرێ لە نەمری دەدات؟"

نیچە هاواری کرد: "نەخێر! من ئەوەتان فێر دەکەم کە هەرگیز نابێت لەبەر خاتری بەڵێنە پووچەکانی ژیانێکی تر لە داهاتوودا، ژیان بکەیت یاخود ژیان وێران بکەیت. تەنیا ئەم ژیانە و ئەم ساتە سەرمەدییە. ئیدی دوای ئەوە ژیانێك بوونی نییە، ئامانجێك نییە کە ئەم ژیانەی بەرەو لا خواربێتەوە و دادگاییەکیش بوونی نییە. ئەم ساتە بۆ هەمیشە درێژ دەکەیتەوە و ئێوە تەنها سەیرکەری خۆتانن."

بروێر سڕ بوو. کاتێ کە دەرکی بە مانا و چەمکی ترسناکی گریمانەکەی نیچە کرد، خۆی بە دەستەوە دا و جۆرێك لە ڕووناکی و بێداری دەروونی پێدا هات.

"یۆزیف، من دیسانەوە ئەوەم لێتان دەوێت کە لێگەڕێن ئەم بیرە کارتان لێبکات. لە ئێوە دەپرسم کە ئایا ئەم وێناکردنە بۆ ئێوە، ڕکهەڵایسێنە؟ یان حاڵی کەسێکتان هەیە کە هەرگیز شتێکی لەمە خودایی تری نەبیستووە؟"

بروێر لەخۆیەوە زیڕەی لێهەستا و گوتی: "ڕکهەڵایسێنە! ژیان هەمیشە بەو هەست و سۆزەوە تێدەپەڕێت کە هەرگیز تامی ئازادیمان نەچەشتووە و ژیانمان نەکردووە!"

"کەواتە دەبێ بەجۆرێك بژین کە ئەم وێناکردنە پەسەند بکەن!"



"ئەمڕۆ تەنها ئەو بیرە دڵنەوایی بەخشە پەسەند دەکەم کە هەمیشە ئەرکەکانم لە هەمبەر کەسانی تردا ئەنجامداوە."

"ئەرك؟ چۆن دەتوانن ئەم تازیارییە بە ئەرك بدەن و بیخەنە پێش ئیشق بە خۆتان و پێش ئارەزووتان بۆ ئازادییەوە؟ کاتێ کە ئێوە لێکۆڵینەوەتان بە خۆتان نەبەخشیوە، ئەرك تەنیا یەك وشەی ڕووکەشانەیە بۆ سوود وەرگرتنی خەراپ لە کەسانی تر لە پێناوی خۆبەرزکردنەوەدا."

بروێر هەموو هێزی کۆکردەوە و بۆ دوایەمین جار بە توندی ناڕەزایی دەربڕی. "هەڵبەتە کە لە بەرامبەری کەسانی تردا بە ناوی ئەرکەوە شتێك هەیە و من ڕاستگۆیانە ئەو ئەرکەم بەجێ هێناوە. لانی کەم لەم بارەیەوە ئازایانە لەسەر ڕای خۆم پێداگری دەکەم."

"یۆزیف، زۆر باشتر دەبوو ئەگەر کەمێ لەو ئازایەتییەتان لە ڕێگای گۆڕینی خۆتاندا خەرج بکردایە. ئەرك و ڕاستگۆیی، ڕیاکاری و پۆشەرێکن کە دەتوانی بە چاکی لە پشتییەوە خۆت بشاریتەوە. ئازادکردنی خود، یەك 'نەخێر' ی پیرۆزە، تەنانەت لە بەرامبەر ئەرکیشدا."

بروێر بە ترسەوە لە نیچەی دەڕوانی.

نیچە سەرسەختانە درێژەی پێدا: "چەند جار لێم بیستن کە دەڵێن دەتانەوێت خۆتان بن؟ چەند کەڕەت گلەییتان کرد کە هەرگیز بە ئازادی ئاشنا نەبوون؟ دڵخۆشی، ئەرکناسی و ئەمەکداری میلەکانی زیندانەکەتانن. ئێوە بەم فەزیلەتە بچووکانەوە لە نێو خاکی ڕەشدا ون دەبن. دەبێ بە ناڕەسەنی خۆتان ئاشنا بن. ناکرێ کە ئازادیتان سنوورێکی هەبێت" حەز و تەنانە تاسەی ئازادیشتان لەناودا هەیە. سەگە کێوییەکانتان لە ناوەوەڕا پاسی چێژی ئێوە دەکەن و ئێوەش دەتانەوێ ئازاد بن. گوێ بگرن! ناژنەون؟"

بروێر کڕوزایەوە: "بەڵام من ناتوانم ئازاد بم! خێزاندارم. لە بەرامبەر منداڵەکانم و قوتابییەکانم و نەخۆشەکانمدا ئەرکم لەسەرشانە."

"ئینسان بۆ ئەوەی کە بتوانێت شتێك لە خۆی گەورەتر دروست بکات، پێویستە لە پێشدا خۆی چێکرا بێت. بێجگە لەم شێوەیە ئەوا منداڵانێك بە حەزێکی دەروونی وەهاوە دێنێتە بوون بۆ ئەوەی بۆشایی دەوروبەری خۆیی پێ پڕبکاتەوە. ئەرکی ئێوە وەك باوکێك ئەوە نییە کە

یۆزیفێکی تری وەك خۆتان دروست بکەن، بەڵکو دەبێت شتێکی باڵاتر، پەروەردەکەر و کشتیاری داهاتوو بخوولقێنن."

نیچە درێژەی بە کنەکردنی خۆی دا: "ئەی هاوسەرتان چی؟ ئایا ئەویش وەك ئێوە لەم هاوسەرێتییەدا بەند بووە؟ هاوسەرێتی نابێت زیندان بێت، بەڵکوم دەبێ باخێك بێت کە شتێکی باڵاتر و گەورەتری تێدا گەشەبکات. ڕەنگە تەنها ڕێگاچارەی دەربازبوون لە ژن و مێردایەتییەکی وەها، وازلێهێنانی بێت."

"من جەستەم بە پەیوەندییەکی پیرۆز بەخشیوە."

"هاوسەرێتی شتێکی مەزنە. ئەو کاتە ڕووداوێکی گەورەیە کە هەردووکیان بمێننەوە و یەکتریان خۆش بوێت و پەیوەندییان بپارێزن. بەڵێ ژن و مێردایەتی سەرهاتێکی مەزنە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ..." نیچە بێدەنگ بوو.

بروێر پێداگری کرد: "بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چی؟"

"ژن و مێردایەتی شتێکی مەزنە، بەڵام ..." ـ تۆنی دەنگی نیچە تیژ و بڕندە تر بوو ـ "... باشترە کە بەر لەوەی ئەو تۆ تێك بشکێنێ، ئێوە دەستبەرداری ئەو ببن!"

بروێر چاوانی داخست و نووقمی ئەندێشەکانی خۆی بوو. ئیدی تا کۆتایی گەڕانەکەیان هیچ کام لەو دوانە وشەیەکیان نەگوت.



***یاداشتەکانی فرێدریك نیچە***

***دەربارەی دکتۆر بروێر ـ لە ١٦ دیسەمبەری ١٨٨٢***

*گەڕانێك کە هەتاو بوو دەستی پێکرد و بە هەور کۆتایی هات. دەشێ زۆر چووبینە قووڵایی گۆڕستانەوە. ڕەنگە دەبوایە زوتر بگەڕاینایەتەوە؟ ئایا بە فیکرێکی پڕ لە تەنگوچەڵەمە، ئازاری ئەوم دا؟ گەڕانەوەی سەرمەدی، کوتەکێکی قورسە. ئەوانەی کە بە ڕادەیەکی پێویست بەهێز نینە، لەناویاندەبات.*

*نا! دەروونناس کە دیارخەرێکی گرێ دەروونییەکانە، دەبێ لە کەسانی تر سەختتر و پتەوتر بێت. بێجگە لەم شێوەیە زۆر زوو لە توندی هاوخەمی دەماسێ و قوتابییەکانیشی لە تەنکاوەکاندا نووقم دەبن.*

*بەڵام لە کۆتایی گەڕانەکەماندا فشارێکی زۆر بۆ یۆزیف هاتبوو، بە ئەستەم دەیتوانی قسە بکات. هەندێ کەس بە مکوومی نایەنە دونیاوە. دەروونناسێکی ڕاستەقینە دەبێ وەکو هونەرمەندان، بە ئیشقەوە سوود لە تەختەی نیگارکێشی خۆی وەربگرێت. ڕەنگە کەمێ زیاتر پێویستی بە سەمیمییەت و ئارامگرتن هەبێت، ئایا بەر لەوەی کە بتوانم فێری چنینی پارچەی بکەم، دەبێ خۆم ڕووتکەمەوە؟ ئایا بەر لەوەی کە ئازادی لە پێناوی شتێکدا فێری ئەو بکەم، ئازادبوونم لە شتێك فێر کرد؟*

*نەخێر! ڕێبەر دەبێت وەك زەوی کەناری ئاوهەڵدێر بێت، نەك عەسای بن هەنگڵ . ڕێبەر دەبێ ئەو ڕێگایانە نیشان بدات کە لە بەرامبەر قوتابییەکانیدایە. بەڵام ئەو مافی نییە ئەو ڕێگایە هەڵبژێرێت.*

*تکا لە من دەکات: "ببە ئوستادی من. یارمەتیم بدە تاوەکو بەسەر نائومێدیدا زاڵ بم." ئایا دەبێ بیروڕاکانی خۆم بشارمەوە؟ ئەرکەکانی قوتابییەك چییە؟ ئەو دەبێت لە سەرمادا مەحکەم ببێت و پەنجەکانی پلەکانەکان بگرێت. بەر لەوەی کە ڕێگای ڕاست بدۆزێتەوە، دەبێ چەندین جار لە ڕێگا هەڵەکاندا هەنگاو هەڵبێنێتەوە.*

*لە نێو کێوەکاندا، نزیکترین ڕێگا، ڕێگای نێوان دوو کەپکە، بەڵام لە پێناوی بڕینی ئەم ڕێگایەدا پێویستی بە پێی گەورە هەیە. ئەگەر زۆر بکەومە پێش قوتابییەکانمەوە، ون دەبن. دەبێ فێربم کە شەقاوی بچووك بهاوم. ڕەنگە ئەورۆ بە توندی ڕۆیشتبین. من گرێی خەونێکم کردەوە، بیرتایەکم لە یەکێکی دی جیاکردەوە، سەرلەنوێ مردووەکانم شاردەوە و مردنم لەکاتی خۆیدا فێرکرد. هەموو ئەمانەش تازە سەرەتای تیۆری گەڕانەوەی سەرمەدییانەیە.*

*ئایا ئەوم زۆر ڕۆبردە قووڵایی بەدبەختییەوە؟ هەندێ جار لەوە نگونتر دەکەوێتە بەرچاو کە گوێ لە من بگرێت. بەڵام داخوا من چیم ویست؟ چیم لەناوبرد؟ بەها ترانسێندێنتاڵییەکان و بیروباوەڕە لاوازەکان! شتێك کە دەکەوێت، دەبێ پێشێلیش بکرێ!*

*ئەمڕۆ تێگەیشتم کە باشترین وانە ئەوەیە کە لە قوتابییەکانت فێردەبیت. ڕەنگە حەق بەو بێت" ئەگەر لە منداڵیمدا باوکم لە دەست نەدایە، ژیانم چەندێ جیاواز دەبوو! لەوانەیە بەهۆی مردنییەوە ڕقم لەو بێت، چونکە ڕووبەڕوی ئەم سەختییە دەبمەوە! و چونکە هێشتا پێویستم بە هەبوونی تەماشاچییەك هەیە، هەروەها بە دەنگێکی بەرزەوە ئەم کارە دەکەم!*

*بێدەنگی ئەو لە کۆتایدا منی نیگەران کرد. چاوانی کرابوونەوە. بەڵام وادیاربوو کە نابینێت. بە زەحمەت هەناسەی دەدا.*

*بەڵام دەزانم کە کۆتایی ئەم دژوارییانە ڕووناکییە.*



# (٢١)

ئازادکردنی کۆترەکان بۆ ئەو مانای سەختی جیابوونەوە لە هاوسەرەکەی بوو. بروێر بە گریانەوە قوفڵی دەرگای قەفەسەکانی دەکردەوە و قەفەسی باڵندەکانی بەرەو لای پەنجەرەکە دەبرد. وادیاربوو لە سەرەتادا کۆترەکان هەستیان نەدەکرد، بە ماتییەوە لە کاسەی زەردی دانەکانیانەوە تەماشای بروێریان دەرکرد کە بە ڕاوەشاندنی دەستەکانی ئەوانی بەرەو ئازادی هەڵدەدا.

کاتێ قەفەسەکانی ڕاوەشاند و بە دەستەکانی پێیداکێشان، کۆترەکان لە زیندانەکانیانەوە کە دەرگاکانیان بە ڕویاندا کرابۆوە، دەرچوون و بەبێ ئەوەی هەتا بۆ یەك جاریش چاوێك بەرەو پەرستارەکەیان بگێڕنەوە، لە ئاسمانی سووری سپێدەدا هەڵفڕین. بروێر بە خەمێکی قووڵەوە لەوانی دەڕوانی هەر ڕاوەشاندنێکی باڵی زیوینی باڵندەکان، دەرگایەکی بەڕوی لێکۆڵینەوە سەرکەوتووەکانی ئەودا دادەخست.

ماوەیەکی زۆر، تەنانەت وەختێ کە ئاسمان هیچی تێدا نەما، لە پەنجەرەوە تەماشای دەرێی دەکرد. ئەو دەردناکترین کاتەکانی ژیانی خۆی تێپەڕاندبوو، کەچی هێشتا لە دەمەبۆڵەی بەیانی زووی لەگەڵ ماتیلدەدا، بە تەواوی سست بوو. چەندین جار ئەو نمایشەی لە خەیاڵیدا دووبارە دەکردەوە و بە ناومێدییەوە بەشوێن وشەی گونجاوتردا دەگەڕا کە کەمتر سوکایەتی بەخش بێ، تاوەکو ئەوە لە ژنەکەی بگەیەنێت کە بەجێی دێڵێت.

گوتبووی: "ماتیلدە، نازانم ئەمە جگە لەوەی کە بە ڕاشکاوی بیلێم، دەبێ بەچ شێوەیەکی تر بیڵێم. پێویستە ئازاد بم. خۆم بە زیندانی دەزانم، نەوەك بەهۆی تۆوە، بەڵکو بەهۆی ژیانمانەوە. ژیانێك کە داووخواستانە هەڵم نەبژاردووە."

لە کاتێکدا کە ماتیلدە بە تەواوی پەشۆکابوو، تەماشایەکی ئەوی کرد.

برویر درێژەی بە قسەکانی دا: "لە ناکاو پیر بووم. خۆم بە پیرەمێردێ دەزانم کە لە گۆڕی ژیان و کار، سەرکەوتن و خێزان و میراتی کولتووری خۆمدا بەندکراوم. هەموو شتێك لە پێشدا بۆم دیاریکرابوو، و من هیچ یەکێکیانم نەدەویست. شانسێکی ترم دەوێت! دەبێ پێگەیەك بەدەست بێنم تاوەکو خۆم بدۆزمەوە."

ماتیلدە گوتی: "پێگە؟ خۆت بدۆزیتەوە؟ تۆ باس لە چی دەکەیت، یۆزیف؟ تێناگەم، چیت دەوێت؟"

"هیچ شتێکم لە تۆ ناوێت! تەنیا شتێکم لەخۆم دەوێت. پێویستە ژیانی خۆم بگۆڕم! جگە لەم شێوەیە، بەبێ ئەوەی کە لە مانای ژیانکردن تێگەیشتبم، لە دونیا دەردەچم."

"یۆزیف، ئەمە شێتییە!" دەنگی ماتیلدە کەمێ بەرزتر بۆوە و چاوانی لە ترسدا کرابوونەوە. "چیت بەسەرهاتووە؟ لەکەیەوە ژیانی من و تۆ لێکجودا بۆتەوە؟ ئێمە پێکەوە هاوبەشین پێکەوە پەیمانی ژیانمان گرێداوە."

"بەڵام من چۆن دەتوانم شتێك کە هەرگیز هی من نەبووە، دابەشی بکەم؟"

"ئیدی مەبەستتان تێناگەم. 'ئازادبوون'، 'خۆدۆزینەوە'، 'هەرگیز نەژیان'، قسەکانتان مانایەکیان بۆ من نییە. چی شتێك ڕوویداوە لێت، یۆزیف؟ خەریکە چی بەسەرماندا دێت؟" دەنگی ماتیلدە لەرزی.دەستە نوقاوەکانی خستە سەر لێوانی، ڕووی وەرگێڕا و دەستی بە گریان کرد.

یۆزیف بە تیاماوییەوە تەماشای دەکرد کە چۆن گریان جەستەی ژنەی دەلەرزاند. بەرەو لای چوو. ژن لە کاتێکدا سەری بەرەو دواوە برد و پاڵی بە پشتی قەنەفەکەوە نابوو. بە دژواری هەناسەی دەدا، وەختێ کە فرمێسکەکانی بەسەر جلەکانیدا دەتکا، مەمکەکانی بەرزونزمیان



دەکرد. ویستی بۆ دڵدانەوە دەستی بخاتە سەر شانەکانی، کەچی ژنە دەستانی وەلا نا. بەخێراییەکی بروسکەئاسا تێگەیشت کە لە ژیانیدا بە چوار ڕێیانێك گەیشتووە و ڕووی لە هەموو ئەوانی تر وەرگێڕاوە" جیابوونەوە ڕووی دا. ئیتر مافی بەسەر شانەکانی، پشت و سینگی هاوسەرەکەیەوە نەبوو. ئەو سەبارەت بە دەستلێدانی ماتیلدە، چاوپۆشی لە مافی خۆی کردبوو. لەمەودوا دەبێت بەبێ پارێزگاری جەستەی گەرمی ئەو ڕووبەڕووی دونیا ببێتەوە.

"ماتیلدە، باشترین چارە ئەوەیە کە من خێرا بڕۆم. ناتوانم بڵێم بۆ کوێ، واتا خۆیشم نازانم. بۆ هەموو مەسەلەکان لەگەڵ ماکسدا هەماهەنگی دەکەم. جگە لەو جلانەی کە لە بەرمدایە، لەگەڵ باوڵێکی بچووك و کەمێ پارە بۆ نانخواردن، هەموو شتێك بۆ تۆ جێدەهێڵم و شتێك هەڵناگرم."

ماتیلدە بەردەوام بە هانکەهانك دەگریا. وا دەهاتە بەرچاو کە دەستی پێڕاناگەیەت، ئایا ئەسڵەن قسەکانی ئەوی بیستبوو؟

"هەرکە شوێنی نیشتەجێبوونم دیاری بوو، ئاگادارت دەکەمەوە."

هێشتا هیچ کاردانەوەیەك لەئارادا نەبوو.

"دەبێ بڕۆم. دەبێ ژیانم بگۆڕم و سوکانەکەی بە دەستی خۆمەوە بگرم. ئومێدەوارم زەمانێ بتوانم چارەنووسێکی خۆخوازراوم هەبێت. بارودۆخی هەردووکمان باشتر بێت. ڕەنگە منیش هەر ئەمەم بوێت، بەڵام من دەبێ بمەوێ، دەبێ بمەوێت."

ماتیلدە بە ناخۆشییەوە دەگریا و ڕووی بە ئەو نەدەدا. برویر ژوورەکەی بەجێ هێشت.

کاتێ کە دەرگای قەفەسی کۆترەکانی دەبەست و دەیخستنە ناو قەفەسەکانی تاقیگەوە، خەیاڵی ئەوەی کرد کە ئەم هەموو قسەکردنە دۆڕاوانە نا میهرەبانانە بووە. قەفەسێك بە چوار کۆترەوە مابۆوە کە نەیاندەتوانی بفڕن، ئەو کۆترانەی کە هەستی هاوسەنگییان بووە قوربانی تاقیکردنەوەکان. دەیزانی کە دەبێ بەر لە ڕۆیشتنی بیانکوژێ، بەڵام بەهۆی ئەوەی کە ئیدی بەرپرسیاری کەسێ یان شتێك وەئەستۆ بگرێ، خۆی دەپاراست. لەبەر ئەوە جامولکەی ئاو و دانەکانی ئەوانی پڕکرد و کۆترەکانی بەدەستی چارەنووس سپارد.

"نا، نەدەبا من لە بارەی ئازادی و ویستن، بەندبوون و چارەنووس و دۆزینەوەی خۆمەوە قسەم بکردایە، ئاخر لەکاتێکدا کە خۆیشم لێی تێناگەم، ئەو چۆن دەیتوانی لە مەبەستی من تێبگات؟ کاتێکیش کە فریدریك منی بەم جۆرە هزرانە ئاشنا کرد، تێگەیشتنێکی کەمم لەبارەیانەوە هەبوو. لە بارەی زاراوەی تری وەك ‘پشوی ئەکادیمی’، ‘گوشاری زۆر’، ‘هیلاکی’، ‘ئاکنجیبوونێکی پشوو بەسەربردن لە ئەفەریقای باشوور’ بدوامایە، زۆر باشتر دەبوو. ئەم وشانە بۆ ئەو ئاسانتر بوون، باشتر دەیتوانی ڕوونیبکاتەوە بۆ خێزان و ناسراوان.

ئەوی وای، خەڵك! دەبێ چی بە خەڵك بڵێت؟ من ئەوم خستە چی حاڵەتێکی سەیروسەمەرەوە! نەخێر، ئارامبگرە! ئەمە گرفتی ئەوە، نەك من! قەبوولکردنی بەرپرسیاری کەسانی تر، چی بۆ من و چی بۆ ئەوانی تر، کەوتنە ناوداوە!"

دەنگی پێی سەرقادرمەکان زنجیرەی خەیاڵی بروێری پچڕاند. ماتیلدە وەها بە توندی دەرگاکەی کردەوە، ماڵی بە دیوارەکەدا. وەکو تارمایی لێهاتبوو. ڕەنگی ڕوخساری پەڕیبوو.قژی کێویانە و بەشێوەیەکی نارێك و پێك بژ ببۆوە و چاوانی سوور هەڵگەڕابوون.

"یۆزیف، ئیتر نابینی من بگریم. ئێستا دەمەوێ وەڵامت بدەمەوە. ئەو شتانەی کە پێت گوتم، هەڵە و خراپ و نەفامانە بوون. ئازادی! ئازادی! تۆ باس لە ئازادی دەکەیت! و ئەمەش بە من دەڵێیت! چەنێ پێکەنیناوییە! منیش حەزم لێبوو کە لە ئازادی تۆ، یانی لە ئازادی پیاوان بۆ خوێندن و هەڵبژاردنی کاری خۆم، بەرخوردار بم. تا ئێستا هیچ کاتێ بەم ئەندازەیە هەستم بە کێماسی خوێندن نەکردوە، حەزم دەکرد کە قسە و لۆژیك بە فەرمانی من بوونایە، تاوەکو بۆت بسەلمێنم کە تا چی ڕادەیەك خۆت دەکەیتە گاڵتەجاڕ!"

ماتیلدە بێدەنگی لێکرد و لە کاتێکدا کە تەشریفاتە بە ئەدەبانەکانی بروێری ڕەت دەکردەوە، بە توندی کورسییەکی ڕاکێشایە لای مێزی نووسین، دانیشت بۆ ئەوەی هەناسەیەك هەڵکێشێت و بۆ ساتێکیش چاوەڕوانی کرد.

"دەتەوێ بڕۆیت؟ دەخوازی بڕیاری تازەی ژیانت وەربگری؟ ئەو بڕیارانەی کە پێشتر داوتن، لە یادت نەکردووە؟ تۆ منت وەك هاوسەری خۆت خواست، هەست ناکەیت کە بەم کارە ئەرکێکت لە بەرامبەر من و کەسانی تر وە ئەستۆگرتووە؟ ئەم خواستەی تۆ کاتێ کە خۆت ڕێزی بۆ



دانایێیت، چەندێ بە نرخە؟ ئایا چییە، هەوا و هەوەس یان هەست وسۆزێکی تێپەڕ؟ هەرچۆن بێت ویستن نییە!"

ئەم ماتیلدە نوێیە ترسناك بوو" بروێر دەیزانی کە ئێستا ئیدی نابێ حولحولی و نەرم بێت."دەبوایە بەر لە هەنگاوهەڵێنانەوە من بەرەو لای ‘ئێمە’ و ‘من’ بوومایەتەوە. من بەر لەوەی ئامادەیی ئەوەم هەبێت کە بڕیاری واقیعی بدەم، بڕیارم دا."

ماتیلدە بیری هێنایەوە: "ئەمەیش بڕیارێکە. چی کەسێ ویستویەتی ‘من’ بێت، کەسێ خۆ هەرگیز ‘من’ نەبووە؟ ئایا ساڵی داهاتوو بانگەشەی ئەوە دەکەیت کە ‘من’ ی ئێستای تۆ بە ڕادەیەکی پێویست پاك نەبووە و شتێك کە لەم ساتەدا دەتانویست، حیساب ناکرێت؟ هەموو ئەمانە خۆ هەڵخەڵەتاندنە، دەرگایەکی پشتەوەیە تا بتوانی بەهۆی ئەوەوە، شانت لەژێر بڕیارەکانی خۆتدا خاڵی بکەیتەوە. لە وەختی پەیمانی ئێمە کە لەبەردەم حاخامدا وەستابووین، وەڵامی نەرێنیمان بە هەموو ئەگەرەکانی تر دایەوە. من بە چاکی دەمتوانی کەسێکی تر هەڵبژێرم. ئۆی، بەڵێ! ستایشکاری زۆرم هەبوو، خودی تۆ منت بە جوانترین ژنی ڤییەنا ناوبرد!"

"هێشتاش هەر وایت."

ماتیلدە سەری سوڕما، بەڵام ئەو دەستبەرداری ئەم وشەیە بوو کە هاتبووە ناو قسەکانییەوە و درێژەی پێدایەوە: "تێناگەی لەوەی کە ناتوانی پەیمانێك لەگەڵ مندا ببەستی و دواتر کتوپڕ بڵێیت: ‘ئای نەمزانی، من هەڵیدەوەشێنمەوە، بەڕاستی نازانم.’ ئەمە نائەخلاقی و شەرانیانەیە."

بروێر وەڵامێکی نەدایەوە. هەتا نەیدەوێرا هەناسەش بدات. ماتیلدەیش هەم لەسەر حەق بوو هەم ناحەق.

"تۆ دەتەوێت هەڵبژاردن بکەیت و لە هەمانکاتیشدا هەموو شتێك بۆ خۆت بهێڵێتەوە. من لەبەر خاتری ویستی تۆ ناچاربووم چاوپۆشی لە ئازادی بکەم ـ خۆ هەندێ لە ئازادیم هەر لە بەردەستدا بوو. لانی کەم ئەوەندە ئازادیم هەبوو کەبتوانم خۆم مێردی خۆم هەڵبژێرم ـ بەڵام تۆ ناتەوێت واز لە هیچ شتێك بهێنیت. تەنانەت لەو ئازادییەش کە ڕێگا بە تۆ دەدات خۆت بخەیتە بەردەستی یەك نەخۆشی بیست و یەك ساڵەوە."

یۆزیف سوور هەڵگەڕا. "کەوایە گومانی خەراپت لەم مەسەلەیە هەیە. نەخێر ئەم ڕووداوە پەیوەندی بە بێرتا یا ژنێکی ترەوە نییە."

"قسەکانت شتێك دەڵێن و سووری دەموچاویشت شتێکی تر. یۆزیف، دەشێ من خوێندەوارییەکی زۆرم نەبووبێت ـ ئەگەرچی ئەمەم نەویستووە ـ بەڵام گێل نیم!"

"ماتیلدە، بە سووکی لە مەبەستم مەڕوانە! من لە پێناوی تێگەیشتنی تەواو لە بوونی خۆم، لە ململانێدام. هەر پیاوێك ئەرکێکی لەبەرامبەر کەسانی تردا هەیە، بەڵام ئەرکێکی پیرۆزتریشی لە بەرامبەر خۆیدا هەیە. پیاو ..."

"ئەی ژن چییە؟ کەواتە بوون و ئازادی ئەو چی لێ بەسەردێت؟"

"من تەنیا باس لە پیاوان ناکەم، مەبەستم مرۆڤەکانە ـ ژن و پیاو بە گشتی ـ هەموومان دەبێت هەڵبژاردن بکەین."

"من وەکو تۆ نیم. کاتێ کە ویستی من کەسانی تر پێوەند بکات، ناتوانم داوای ئازادی بکەم. ئایا تەنانەت بۆ یەك ساتیش بیرت لەوە کردۆتەوە کە ئازادی تۆ بۆ من بە چی نرخێك دەکەوێتەوە؟ هاوسەری بێوەژن یا بەجێهێڵراوای تۆ چی ئیماکاناتێکی دەبێت؟"

"تۆیش هەروەکو من ئازادیت، تۆ گەنج، دەوڵەمەند، دڵڕفێن و ساغیت."

"ئازاد؟ یۆزیف، ئەمڕۆ هەستت لە کوێیە؟ باش بیرکەوە، داخۆ ژنێك چەندێ ئازادی هەیە؟ لە خوێندن بێبەش بووم، لە ماڵی باوکمەوە هاتمە ماڵی تۆ، تەنیا لە پێناوی ئەوەی کە ڕێگام پێ بدرێ فەرش و مۆبیلەکانم خۆم هەڵیانبژێرم. دەبوایە بۆ ئەم کارە دایکم ودایە گەورەم ڕازی بکردایە و ئەمەش کارێکی ئاسان نەبوو!"

"بەڵام ماتیلدە، ئەمە تۆیت کە کولتوور، کۆت و بەندت دەکات نەوەك واقیعییەت! بەر لە چەند هەفتەیەك خانمێکی گەنجی ڕووسی بۆ ڕاوێژکردن هاتە عیادەکەمەوە، بە دڵنیاییەوە ئازادی بۆ ژنانی ڕوس لە ژنانی ڤییەنایی کەمتر دەستەبەر کراوە. لەگەڵ ئەمەشدا ئەم ژنە گەنجە ئازادی خۆی بەدەستهێناوە. لە خێزانەکەی یاخی بووە و پێداگری لەسەر خوێندنی خۆی دەکات، ئەو مافە بۆ خۆی بەدەست دێنێت تاکو بەوجۆرە بژی کە دەیەوێت. تۆیش دەتوانی ئەم



کارە بکەیت! ئازادی لەوەی کە هەرکارێك حەزت لێیە بیکەیت، تۆ دەوڵەمەندی! دەتوانیت ناوێکی تر بۆ خۆت هەڵبژێریت و بڕۆی بۆ ئیتالیا!"

"چەندێ پڕوپووچانە قسە دەکەیت! ژنێکی جوولەکەی سی وشەش ساڵە سەفەرێك بە مێژوویی دنیادا دەکات. یۆزیف، تۆ وەکو نەفامێك قسە دەکەیت! بەئاگا بێرەوە! لە واقیعییەتدا بژی، نەوەك لە قسەدا! ئەرکی مناڵەکان چی لێدێت؟ ناوی خۆم بگۆڕم، ئایا دەبێ ئەوانیش ناوی خۆیان بگۆڕن؟"

"بەڵام ماتیلدە، هێشتا ماوەیەکی زۆر بەسەر زەوجینماندا تێنەپەڕیبوو کە تۆ لە هەموو شتێك زیاتر بە تاسەی منداڵەوە بوویت. منداڵ لە دوای منداڵ، تکام لێکردی کە کەمێ ئارام بگریت."

ماتیلدە زمانی خۆی گەست، تووڕەیی خۆی هەوسارکرد و سەری وەرگێڕا.

"ماتیلدە، من ناتوانم بە تۆ بڵێم کە چۆن دەبێ خۆت ئازاد کەیت. من ناتوانم ڕێگایەك نیشانی تۆ بدەم، چونکە لەم حاڵەتەدا ئیتر ڕێگای تۆ نابێت. بەڵام ئەگەر بوێریت هەبێ بێگومان دەیدۆزیتەوە."

ژنە هەستا و ڕووە و دەرگاکە ڕۆیشت، پاشتر بەرەو بروێر وەرگەڕا و گوتی: "گوێبگرە یۆزیف، تۆ ئازادی خۆتت دەوێت، دەتەوێت لە ئازادیدا هەڵبژاردنی خۆت بکەیت، کەوایە بزانە کە ئەمە لە هەمانکاتدا تۆ دەخاتە بەردەم بڕیارێك. گوتت دەبێ خۆت ژیانی خۆت هەڵبژێریت و ڕەنگە ڕۆژێك ئەم ڕێگا هەڵبژێردراوە تۆ ڕابکێشێتەوە هەمان شوێن، بەڵام منیش هەڵدەبژێرم یۆزیف، هەروەها پێت دەڵێم کە گەڕانەوەیەك بوونی نییە. تۆ ئیدی هەرگیز ناتوانیت جێگای خۆت لە تەنیشتی منەوە ببینیتەوە، چونکە ئەگەر ئەمڕۆ پشت لەم ماڵە بکەیت، ئیتر خۆم بە هاوسەری تۆ نازانم. تۆ ئیتر هەرگیز ناتوانیت بۆ ئەم ماڵە بگەڕێیتەوە، چونکە ئیدی خانوی تۆ نابێت!"

یۆزیف چاوانی داخست و ملی خوارکردەوە. گوێی لە دەنگی دەرگاکە بوو کە دای بە یەکدا و ماتیلدە بە تووڕەییەوە لە قادرمەکانەوە چووە خوارەوە. هێشتا بێهەست بوو لەو زەربانەی کە خواردبووی، پەشۆکابوو. قسەکانی ماتیلدە ترسناك بوون. لەگەڵ ئەمەشدا لەسەر حەق بوو، بڕیار دەبێت پاشگەزبوونەوەی نەبێت.

بیری کردەوە: "ئێستا ئیتر کاتی هاتووە. ئاخری شتێك ڕووی دا، ئەویش واقیعی و لە ژیانی واقیعیدا نەك لە خەیاڵدا. چەندین جار ئەم ساتەم هێنابووە بەرچاوی خۆم. ئێستاش وا تاقی دەکەمەوە! ئێستا دەزانم کە سەرەداوی ژیان بەدەستەوەگرتن و دیاریکردنی چارەنووسی خۆت، یانی چی. ترسناك و لە هەمانکاتدا جوانە."

پێداویستییەکانی کۆکردەوە و منداڵەکانی کە هێشتا لە خەودا بوون، ماچکرد و لەژێر لێوەوە ماڵاوایی لێکردن. تەنها ڕۆبەرت هەستا و بە منگەمنگەوە وتی: "بۆ کوێ دەڕۆیت، بابە؟" و خێرا خەوبردییەوە. هەموو شتێك چەندێ بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو بەرەوپێش دەچوو! بروێر لای سەیربوو کە لە پێناوی پارێزگاریکردن لەخۆی چۆن هەست و سۆزی خۆی سەرکوت دەکات. لە قادرمەکان هاتە خوارەوە و چوو بۆ کلینیك. لەوێدا ڕێساکارێکی باشی بۆ خانم بیکر و سێ هاوکاری نووسی کە نەخۆشەکانی خۆی دەنارده لای ئەوان.

ئایا دەبێ نامەی ماڵاوایی بۆ دۆستەکانیشی بنووسێت؟ سەری گێژی دەخوارد. نەدەبا هەموو پردەکان لەدوای خۆیەوە وێران بکات؟ نیچە وتبووی کەسایەتییەکی نوێ تەنیا لە خۆڵەمێشی ژیانی کۆنەوە دەژییێتەوە. بەڵام دوایی هێنایەوە یادی کە نیچەش پەیوەندی خۆی لەگەڵ چەند هاوەڵێکی کۆنیدا پاراستووە. هەتا کە نیچەش بەتەواوی جیانەبووبێتەوە، بۆ دەبێ ئەو تا ئەم ڕادەیە پێداگری لەگەڵ خۆیدا بکات؟

دوایی چەندین نامەی بۆ ڕوونکردنەوەی بەسەرهاتەکە بۆ نزیکترین دۆستانی وەك، فرۆید، ئێرنست فلایشەل، فرانس بێرنتانۆ نووسی. هۆکاری ڕۆیشتنی خۆی بۆ هەموویان ڕۆشنکردەوە. هەرچەندە ئەوەی دەزانی کە مادام هۆکارەکانی بە خێرایی و بە چەند خەتێك نووسیووە، ڕەنگە ناخوێنا و ئاڵۆز بێت. داوای لە هەموویان کرد کە لێی تێبگەن و خاترجەم بن لێی. "ئەم کارە، هەنگاوێکی خۆوسەریانە نەبوو. زۆر بەڵگەی باشم بۆ بڕیارەکەم هەیە، دواتر باشتر ڕوونیان دەکەمەوە."بروێر لە بەرامبەر فلایشەلدا، هاوڕێی پاتۆلۆژیستی خۆی کە لە کاتی توێکاریی جەستەیەکدا کە بە شێوەیەکی مەترسیدار دوچاری نەخۆشی ببوو، هەستی بە لێپرساوێتییەکی گەورە دەکرد. ساڵانێك بوو کە لە مەسەلەی پزیشکی و ڕۆحیدا بۆ دۆستەکەی بە پاڵپشتێك دەمێردرا“ ئێستا ئیدی ئەوی لەم یارمەتییە بێبەش دەکرد. لە بەرامبەر فرۆیدیشدا هەستی بە گوناه دەکرد، چونکە ئەو نەوەك تەنها وابەستە بوو بە ئامۆژگارییە دۆستانە و پسپۆرییەکانی



بروێرەوە، بەڵکو پێویستی بە پاڵپشتی دارایی ئەویش هەبوو. بروێر ئومێدەوار بوو کە فرۆیدی لاو، لەگەڵ ئەوەی کە زۆر ئافەرینی ماتیلدەی دەکرد، ڕۆژێ ئەم هەنگاوەی بروێر تێبگات و بیبەخشێت. بەشێکی کورتی بۆنامەی دواین زیاد کرد و تێیدا ئەوەی درکاند کە بۆ خۆی هەموو قەرزەکانی فرۆیدی داوەتەوە.

وەختێ کە لە قاڵدرمەکانی خانووی ژمارە حەوتی شەقامی بەیکیرەوە هاتە خوارەوە، فرمێسك لە چاوانییەوە سەری کرد. لە کاتێکدا کە چاوەڕێی فایتۆنچی بوو، تابلۆ مسینەکەی سەر دەرگاکەی خوێندەوە: دکتۆر یۆزیف بروێر، پزیشکی گشتی، نهۆمی دووەم. جاری دادێ کە کە بێتەوە ڤییەنا ئیدی ئەم تابلۆیە لێرە نابێت. عیادەکەشی بەهەمانشێوە. هەڵبەت کەرپوچ و بەردەگرانیتەکان هێشتا لە هەمان شوێن دەبن، بەڵام ئیتر کەرپوچی ئەو نین“ ژوورەکانی نۆڕینگە بۆ ماوەیەکی زۆر ڕۆحی ئەو لە خۆیاندا ناهێڵنەوە. هەمیشە لە کاتی بینینی ماڵە کۆنەکەی داك و بابیدا ئەم هەستەی بەسەردا زاڵ دەبوو. خانووێکی سادە کە هەناسەی دڵوابەستەییەکی گەرم و لە هەمانکاتدا چونیەکییەکی دەردناکی تێدا هەڵدەکێشا. ئێستا ئەو خانووە بنەوانی خێزانێکی تر بوو کە هەوڵی داهاتەکەی دەدا. ڕەنگە کوڕێژگەگەلی لە ڕادەبەدەر ئایندە ڕوون لەوێدا گەورە بن کە لە داهاتوودا دەبنە دکتۆری چاك.

بەڵام ئەو، واتا یۆزیف، مایەی جێگرتنەوە بوو“ لەبیر دەکرا و کات و ژیانێکی تر ئەو کەلێنەیان پڕ دەکردەوە کە ئەو بەجێی دەهێشت. دە بیست ساڵی تر مردووە، بە تەنیا دەمرێت. بیریکردەوە، گرنگ نییە مرۆ لە چی کۆمەڵگایەکدا بێت، چونکە هەرچۆن بێت هەمیشە بە تەنیا دەمرێت.

بەوە دڵنەوایی خۆی کرد کە ئەگەر مرۆڤ تەنیا بێ و مەبەستە چاولێپۆشراوەکان جگە لە فریودان، شتێکی تر نەبن، کەواتە ئەو ئازادە! بەڵام کاتێ کە سواری فایتۆنەکە بوو، ڕووناکییەك سەرلەنوێ نیگەرانی کردەوە. چاوی بە ماڵەکانی تری شەقامەکەدا گێڕا. ئایا هەستیان بە ڕۆشتنی ئەو کردبوو؟ هەموو هاوسێکانی لە کەناری پەنجەرەکەوە وەستابوون؟ ئەبێ لەوە گەیشتبن کە ئەم ساتە چ سەنگینییەکی بێکۆتای هەیە! سبەینێ تێدەگەن؟ ئایا ماتیلدە بە پشتیوانی چالاکانەی دایك و خوشکی شتەکانی ئەو فڕێ دەداتە دەرەوە؟ بیستبووی کە هەندێ لە ژنان لە بەرامبەر سووکایەتیدا، کاری وا دەکەن.

یەکەمین شوێنی مەبەست ماڵی ماکس بوو. ماکس چاوەڕێی دەکرد. چونکە دوای ئەو ڕۆژەی کە بروێر لەگەڵ نیچەدا بۆ گۆڕستان چووبوو، بەردەوام بە ئەوی گوتبوو کە بڕیاری داوە ژیانی خۆی لە ڤیيەنا ڕزگار بکات و تکای لێکرد کە بەرپرسیارێتی مەسەلەی دارایی ماتیلدە وەئەستۆ بگرێت.

سەر لە نوێ ماکس هەموو هەوڵی خۆی خستە کار کە تاوەکو ئەو لە بڕیاری عەجوولانە و وێرانکەرانەی خۆی پاشگەز بکاتەوە. بێ ئاکام بوو. ڕای بروێر نەدەگۆڕا, ئاخری ماکس دەستی لە هەوڵدان هەڵگرت و دیاربوو کە بڕیاری پێلەجێیی ئاوەڵزاوەکەی پەسەند کردووە. هەردوو پیاو یەك کاتژمێری تەواو لەبارەی سەرمایەگوزاری خێزانییەوە بیریان دەکردەوە. بەڵام کاتێ کە بروێر ئامادەی ڕۆیشتن دەبوو، لەپڕ ماکس لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی و بە لەشە تێکسمڕاوەکەیەوە ڕێگاکەی گرت. بروێر بۆ ساتێك ترسا کە ڕەنگە بیەوێت ڕێگری لە ڕۆیشتنی بکات. بەڵام دوایی ئاشکرا بوو کە ماکس دەیەوێت لە باوەشی بگرێت. بە دەنگێکی لەرزۆکەوە گوتی: "کەواتە ئەمشەو باسوخواسێکی شەترەنج نابێت؟ یۆزیف، ژیان وەکو پێشتر نابێت. دڵم زۆر تەنگ دەبێ بۆت. تۆ باشترین دۆستی من بووی."

بروێر لەو کاتەدا کە زۆر کاری لێکرا بوو، نەیدەتوانی بدوێ، توند ماکسی بەخۆیەوە گوشی و بە خێرایی بۆی دەرچوو. لە گالیسکەکەدا دەستوری بە فایتۆنچی دا کە بیباتە ڕێگای ئاسن و بەر لە گەیشتنی بە شوێنی مەبەست بە فایتۆنچی گوت کە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ دەڕواتە سەفەرێ. کرێی دوو مانگی ئەوی دا و بەڵێنی دا کە گەڕایەوە ڤیيەنا، پەیوەندی لەگەڵ بگرێت.

لە کاتێکدا کە چاوەڕوانی شەمەنەفەر بوو، بە توندی ڕەخنەی لە خۆی گرت" کە بۆچی بە فایتۆنچی نەگوت ئیتر هەرگیز ناگەڕێتەوە؟ "دوای ئەوەی کە دە ساڵ کاری بۆ کردبووی، چۆن توانیت ئەو پیاوە بەڕێزە هەڵخەڵەتێنیت؟" کەچی لەگەڵ ئەمەشدا خۆیی بەخشی. ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە لە توانای ئەو بەدەر بوون، دەیویست بڕوات بۆ سویسرا. بۆ گوندی بچووکی کرویتزلینگن[1]، کە مانگێك زیاتر دەبوو بێرتا لە ئاسایشگای بیلیوو خەوێنرابوو. سەیری لەوە دەهات کە حەزەکانی چەندێ ئاڵۆز بوون. کەی و چۆن بڕیاری دابوو بڕوات بۆ سەردانی بێرتا؟

1- Kreuzlingen



ئەو ساتەی کە شەمەنەفەرەکە تەکانی دا و جووڵا، بروێر سەری پاڵدایەوە بە پشتی کورسییەکەیەوە، چاوانی نوقاند و ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژەی یەك جاری تر هێنایەوە بەرچاو.

فرێدریك ڕاستی دەکرد. لە هەموو ئەو ماوەیەدا ئازادی ئامادە بووە، تەنها دەبایە ئەو بیگوتایە: "دەبوایە بەر لە ساڵانێك ژیانی خۆم بەدەست بهێنایە! هێشتا ڤیيەنا پایەدارە. بەبێ منیش ژیانی هەر پایەدار دەبێت. بەڵام بەهەر شێوەیەك بێت، دە یا بیست ساڵی تر دەرك بە نەبوونی من دەکرێت. ئەگەر لەدیدگای فەلسەفەی بوونگەراییەوە لێی بڕوانم، چی گرفتێکی تێدایە؟ من چل ساڵەم، براکەم بە هەشت ساڵی مردووە، بەر لە دە ساڵ باوکم و پێش سی و شەش ساڵیش دایکم، لە دونیا دەرچوونە. دەمەوێ تا کاتێ کە دەتوانم بە چاکی ببینم و بەڕێوە بڕۆم، خاڵێکی لێکدەر بۆ ژیانم بەدەست بهێنم. چاوەڕوانی زۆرم هەیە؟ ماندوو بووم لەوەی کە ئیدی خزمەتی کەسانی تر بکەم. فرێدریك ڕاست دەکات، ئایا دەبێ تاکۆتایی تەمەن لە ژێر بەندی نێڵەی ئەرکدا بم؟ ئایا دەبێ تا هەتایە بە خەمەوە بژیم؟"

هەوڵی دا بخەوێت، بەڵام هەر کات کە وەنەوزی دەدا، خەونی بە منداڵەکانییەوە دەبینی. زەحمەت بوو بۆی کە ئەوان خۆیان بە بێباوك بزانن. قسەکەی فرێدریك کەوتەوە یادی کە دەیگوت: کەسێ کە خۆی ئەفرێنەر نییە و ئامادەی خولقاندنی کەسانی داهێنەر نییە، نابێ منداڵێك بخولقێنێت. لە ناخەوە حەقی بە ئەودا. هەڵەیە کە مرۆڤ بە هۆی مەبەست و تەنیانەبوون و مانا بە ژیان بەخشین، منداڵدار بێت. هەروەها هەڵەیە کە مرۆڤ بەهۆی پرژاندنی تۆو بۆ ئایندە، داوای نەمری بکات، وەك بڵێی ئەم تۆوانە هەڵگری 'ئاگایی' مرۆڤ بن!

"ئەی لەگەڵ ئەمەشدا منداڵان چییان لێ بەسەر دێ؟ تەنانە ئەگەر هەڵەیەکیش بووبێ، یان بەر لەوەی کە بە خواستی ئاگایی بکەم، و بە زۆر لێم بارکرابن، خۆ منداڵەکانم بوونیان هەیە!" نیچە شتێکی لەم بارەیەوە نەگوتبوو. "ماتیلدەش هەڕەشەی کردوە کە هەرگیز ئەوان نابینیمەوە."

بروێر دووچاری دڵەڕاوکە بوو" بە خێرایی لەخۆی دوورخستەوە. "نا! ئەم خەیاڵە شوومانە دەردەکەم! فرێدریك ڕاست دەکات. ئەرك و ئەدەب و ئەمەکداری، خۆبەختکاری و میهرەبانی، دەرمانگەلێکی خەوێنەرن کە لایلایە دەڵێن و مرۆڤ بەرەو خەوێکی وەها قووڵ دەبەن کە کەس لە کاتی پێویستدا تا کۆتایی تەمەنی لە خەو ڕانابێت و تەنێ لە پێناوی ئەوەیە کە تێبگات هەرگیز نەژیاوە. من تەنها یەك ژیانم هەیە، یەك ژیان کە ڕەنگە تا هەمیشە دووبارە ببێتەوە.

نامەویٚ تا هەتایە خەفەت بۆ ئەوە بخۆم کەمادام ناچاربوومە بە ئەنجامدانی ئەرك لەبەرامبەر منالّەکانمدا، ئیتر لەدەست دەرچوومە.

ئێستا شوێنکاتێکی تر بەدەستهاتووە کە خودێکی تر لە خۆڵەمێشی ژیانی ڕابردووم چێبکەم! دواتر کاتێ کە هەولّی خۆمم بە ئاکام گەیاند، مندالّەکانم بەدەست دێنمەوە. لەمەودوا ئیتر لە بارەی یاسا کۆمەلاّیەتییەکانەوە لە ژێر دەستی ماتیلدە دا نابم! باوکێك چۆنچۆنی دەتوانێ ڕێگایەك کە بەرەو منالّەکانی دەڕوات، بگۆڕێت؟ وەکو تیرێك ڕێگام بەرەو ئەوان دەکەمەوە! بەلاّم ئێستا دەبێ ئەوان بدەمەوە دەستی چارەنووسیان. من ناتوانام. خەریکە نوقم دەبم و دەبێ سەرەتا خۆم ڕزگار بکەم.

ئەی ماتیلدە چی بەسەر دێت؟ فرێدریك دەلّێ تەنها ڕێگای ڕزگاربوون لە هاوسەرێتییەك، کۆتایی پێهێنانییەتی! 'وا باشترە کە بەرلەوەی هاوسەرێتییەك مرۆڤ تێکبشکێنێت، وازی لێبێنین!' ڕەنگە خودی ماتیلدەش لەژێر باری ئەم ژن و مێردایەتییەدا ورد بووبێت. لەوانەیە بەبێ من بارودۆخی باشتر بێت. ئەویش لە من کەمتر بەند نەبووە. بێگومان لۆسالۆمێ ئەم بڕوایەی هەیە. چی دەگوت؟ هەرگیز ئامادە نییە داووخواستانە وەکو قوربانییەك ببێتە مرۆڤێکی لاواز و خۆی لە بەرامبەری کەسانی تردا بچووکبکاتەوە. ڕەنگە ڕۆشتنی من ماتیلدە ئازاد بکات!"

درەنگانێ بوو کە شەمەنەفەرەکە گەیشت بە کۆنسنانتس. بروێر چوو بۆ پانسیۆنێکی ناخۆش لەنزیك وێستگەکەدا، لەبەرخۆیەوە گوتی کە دەبێ لە شوێنە پلەدوو و پلە سێیەکاندا ڕابێم. ڕۆژی دواتر فایتۆنێکی بە کرێ گرت و ڕۆشت بۆ ئاسایشگای بیلیڤو لە کرویزلینگن. دوای ڕۆشتنی بە ڕۆبەرت بێنزوانگەر[1]ی سەرپەرشتیاری ئاسایشگاکەی گوت کە سەردانێکی کتوپڕ ئەوی گەیاندۆتە ژنێف ـ لە نزیکی بیلیڤو ـ و توانیویەتی بۆ دیداری نەخۆشی پێشووی فراولین پاپن هایم بێت.

هەرچەند داواکەی بروێر مژارێکی نائاسایی نەبوو. لە بیلیڤو ئەویان بە باشی دەناسی. ئەو هاوڕێی کۆنی لۆدڤیگ بینزوانگەری سەرپەرشتیاری پێشووی ئاسایشگا و باوکی سەرۆکی

1- Robert Binswanger



ئێستا بوو کە تازە مردبوو. بەم هۆیەوە دکتۆر بینزوانگەر خێرا داوای کرد کە کەسێك بڕوات بە دوای خاتوو پاپن هایمدا. "ئەو ئێستا پیاسە دەکات و لەگەلّ پزیشکی چارەسەرکاری واتە دکتۆر دورکیندا، خەریکی ڕاوێژە."

بینزوانگەر چووە لای پەنجەرەکەوە. "ئێوە دەتوانن لە باخەکەدا ئەو ببینن."

"سوپاستان دەکەم، دکتۆر بینزوانگەر، ئەزیەتباری ئەو دوانە مەبن. لەو بڕوایەدام کە ڕاوێژی پزیشك و نەخۆش لە پێشی هەموو شتێکەوەیە. جگە لەوە ئەمڕۆ چ خۆرەتاوێکی خۆشە، ئێمە ماوەیەکی زۆر لە ڤییەنا لەوە بێبەش بووین. ئەگەر ڕێگا بدەن لە باخەکەدا چاوەڕێ دەکەم. دواتر بەلامەوە گرنگە کە بتوانم بەبێ سەرنجڕاکێشانی خاتوو پاپن هایم، بارودۆخی ئەو، بەتایبەتی ڕێڕۆیشتنی بخەمە ژێر چاودێرییەوە."

بروێر لە سەر یەکێ لە بالّکۆنە پانەکانی نهۆمی خوارەوەی ئاسایشگا، بێرتای بینی کە لە نێوان یەکێ لە ڕێگا پەرژینکراوەکاندا، لەگەلّ پزیشکەکەیدا هاتوچۆی دەکرد. بە وردی شوێنێکی هەلّبژارد کە لێوەی ببینێ. لەسەر کورسییەکی پانی سپی دانیشت کە بەهۆی لقی پەرشی یاسەمینەوە، درەختێ کە لەسەر هەیوانێکی سەروترەوە بوو بەتەواوی داپۆشرابوو. لەم بەرزاییەوە دەیتوانی بە ڕوونی بێرتا ببینێ و ڕەنگە تەنانەت کاتێك کە لەبەردەمییەوە تێدەپەری، دەنگی قسەکردنی ببیستێ.

لەهەمانکاتدا بێرتا و دورکین لەژێر نیمکێتەکەی* ئەوەوە تێپەڕین و دوورکەوتنەوە. بۆنی ئەستۆخۆدۆسەکەی* گەیشتە لووتی بروێر و بە قوولّی بۆنی عەترەکەیی هەلّمژی و هەستی بە پێویستییەکی توند بۆ ئەو کرد. بێرتا چەنێ ئەژنۆشکێن بوو! لەناکاو وەستا. پێی ڕاستی هاتەوە یەك" بروێر هاتەوە یادی کە کاتێ لەگەلّ ئەودا دەچوونە گەڕان چەندین جار ئەم ڕووداوە قەومابوو. پالّی بە دوورکینەوە دا. چەندێ توند پێیەوە نووسابوو! ڕۆژێکیش ڕێك ئاوا پالّی بە بروێرەوە دەدا. ئێستا بە دوو دەست ئەوی گرتووە.

* کورسی پانی سێکەسی

* شائەسپەرەم، گیایەکی بۆنخۆشە، لە پوونە دەچێ و لە بواری پزیشکیدا بەکاردێت.

ئێستا ماسولکەی سەرەوەی ڕانی ڕاستی بێرتا بە توندی دەلەرییەوە! دەستی بەرەو ئەوێ برد. بروێر دەیزانی کە هەنووکە چی شتێك ڕوودەدات. دوورکین بە خێرایی نەخۆشەکەی بەرزکردەوە و ئەوی بەرەو نزیکترین نیمکێت برد و بەهێواشی لەسەری داینا. ئێستا سەرەی ماساژکردن دێت. بەڵێ دورکین دەستکێشەکانی داکەند، بە ئارامی دەستەکانی بۆ ژێر پاڵتۆکەی برد و لەسەرخۆ دەستی بە ماساژدانی ڕانی کرد. ئایا ئێستا بێرتا بەهۆی ئازارەوە دەناڵێنێ؟ بەڵێ، بروێر لە دوورەوە گوێی لێبوو. ئایا ئێستا ئەو چاوانی وەکو حاڵەتی خولسە دەنوقێنێ و دەستەکانی بەرەو ژوور سەری دەهێنێ و خاچەکەی ملی دەگوشێ کە لەسەر سینگی دەهات وەدەچوو؟ بەڵێ! هەروەها ئێستا دەستماڵەکەشی دەکەوت.. ئەرێ، ئەو بینی کە دەستەکانی ژنە بە هێواشی بەرەو خوارەوە ڕۆشتن و قۆپچەکانی کردەوە. دەیزانی کە داوێنەکەی هەڵدەکشێ. هەمیشە هەروا بوو! فەرموون! ئەژنۆی بەرزکردەوە ـ هەڵبەت تا ئێستا بروێر ئەمەی نەبینی بوو ـ و دامێنی تا کەمەری هەڵکشا. دورکین لەبەرامبەریدا بەکووڕی وەستابوو، بە حەپەساوی سەیری ئاوەڵکراسە ناسك و کاڵەکەی دەکرد کە لە جۆری باتیست بوو.

بروێر لە ژوور شانەکانی دورکینەوە تەماشای دەکرد و بەقەدەر ئەو ترسابوو. "ئەو بێچارەیە داپۆشە!" دورکین هەوڵیدا داوێنی بێرتا چاك بکات و قۆپچەکانی پاڵتۆکەی دابخات. بەڵام دەستەکانی بێرتا ڕێگای لێدەگرت. چاوانی داخرابوون. ئایا چووبووە خولسەوە؟ وادیاربوو دورکین وروژابوو ـ بروێر بیری کردەوە: "سەرسوڕمانی ناوێت!" ـــ و بە تووڕەییەوە تەماشای دەوروبەری دەکرد، خۆشبەختانە کەس دیار نەبوو! تەنگبوونەوەی دەماریی کۆتایی هات. دورکین هاوکاری بێرتای کرد تاوەکو هەستێ و بە وریاییەوە چەند هەنگاوێك بنێت.

بروێر حاڵەتێکی تایبەتی هەبوو، وەك بڵێی جەستەی بەجێهێشتووە، نمایشێکی دەدی. شتێکی ناواقیعی لەخۆیدا هەڵگرتبوو، وەکو ئەوە بوو کە لەبەرزترین قاتی شانۆیەکی گەورەوە تەماشای نمایشێك بکات. هەست و سۆزی چی بوو؟ ئایا ئێرەیی بە دکتۆر دورکین دەبرد کە باڵابەرز و گەنج و ڕەبەن بوو، بەتایبەتی کاتێ کە بێرتا توند خۆی پێوە دەنووساند، ئەم کارە بروێری بریندار دەکرد؟ هەڵبەت کە نەخێر! هەرگیز هەستی بە دوژمنی و ئێرەیی نەدەکرد، بەهیچ کلۆجێ. بە پێچەوانەوە لە ناوەوە خۆی وا دادەنا کە زیاتر بە دوورکینەوە پەیوەستە. بێرتا لە نێوانی ئەواندا نەبوو. بێرتا هەردووکیانی لە بابەتێکی هاوبەش نزیکدەکردەوە، واتا لە ڕاڕایی.



ئەو دوو گەنجە درێژەیان بە گەڕانی خۆیاندا. وەختێ کە بروێر تەماشایکرد ئەمجارەیان لەباتی نەخۆش، دکتۆر بەکووڕی دەڕوات، زەردەخەنەیەکی کرد. لە قووڵایی دڵەوە هەستی بە هاوخەمی جێنشینەکەی دەکرد. چەندین جار ناچاربووە لە تەنیشت بێرتاوە پیاسە بکات و هەیەجانی لەڕادەبەدەری خۆی بشارێتەوە؟ بروێر لەژێر لێوەوە گوتی: "دکتۆر دورکین، خۆشحاڵبن لەوەی کە هێشتا زستانە! لە هاویندا کە پاڵتۆیەك لەئارادا نییە، زۆر خراپتر دەبێت!"

ئەو دوانە گەیشتبوونە کۆتایی ڕێگاکە و گەڕانەوە و دیسانەوە بەرەو ئەو دەهاتنەوە. بێرتا دەستی نایە سەر گۆناکانی. بروێر بینی کە پێڵوی چاوانی دەفرێ و زانی کە ئازار دەکێشێت. ئەم حاڵەتە هەموو ڕۆژێ دەردەکەوت و تەنیا بەهۆی بەکارهێنانی مۆرفینەوە کەمدەبۆوە. بێرتا وەستا. بروێر چاك دەیزانی کە ئێستا چی ڕوودەدات. سەیربوو. دووجار هەستیکرد کە چۆتە حاڵەتی یارمەتیدەران یا سوفۆلەری* شانۆوە کە دەقی ئەکتەرەکان دەخوێنێتەوە. "بەجۆرێك کە قامکە گەورە بە هێواشی بدات لە ئێسکی لووتی، دەستت بخەرە سەر دەموچاوی. بەڵێ چاکە، ئێستاش بە فشارێکی کەمەوە پێڵووەکانی ماساژ بدە. دووبارە، دووبارە، چاکە!" دەیبینی کە ڕوخساری بێرتا ئارامتر دەبۆوە. بێرتا مەچەکەکانی دۆرکینی گرت، سەرەتا دەستی ڕاست و پاشان دەستی چەپی بەرەو لێوی برد. ئەم کارە زەڕبەیەکی لە بروێر دا. ئەو تەنها یەك جار دەستەکانی بروێری بەمشێوەیە ماچکردبوو، ئەو کاتەش قووڵترین کاتی پەیوەندییان بوو. بێرتا لە دۆرکین نزیکتر بۆوە. بروێر دەنگی ئەوی دەبیست. "باوکە گیان! باوکە گیان!" دڵی بروێر لەجیگای خۆی هەڵکەنرا، چونکە ڕۆژێك ئەویشیی بەم ناوە بانگکردبوو.

ئیدی شتێکی نەژنەوت، نەیویست ببیستێ. لەشوێنی خۆی هەستا و بەبێ ئەوەی کە بچووکترین ڕوونکردنەوەیەك بە پەرستار بدات، بیلیڤوی بەجێهێشت و بەرەو لای فایتۆنەکە چوو. گەڕایەوە بۆ کۆنستانس و ـ بەجۆرێ کە ئەسڵەن نەیزانی چۆنە ـ خۆی گەیاندە شەمەندەفەر. دەنگی تیژی شووتی جوولەی شەمەندەفەرەکە هێنایەوە بەخۆیدا. بەدڵێکی وەهاوە کە بەتوندی لێیدەدا پاڵیدایەوە بە کورسییەکەیەوە و بیری لەو شتە دەکردەوە کە بینیبووی.

* Souffuleur: کەسێ کە لە شوێنی نمایشی شانۆدا بە هێواشی یارمەتی ئەکتەرەکان دەدات و دەقەکانیان بیردێنێتەوە.

"پێشتر تابلۆی مسینی عیادەکەی لە ڤییەنا وماڵی باوکی و ئێستاش بێرتای لەدەستدابوو. هەموو شتێ بەبێ گۆڕان درێژەی دەبێت. هیچ یەکێ لەوانە بۆ درێژەدان بە ژیان بەمنەوە وابەستە نین. من شایستەی جێنشینبوونم. بوونی من بۆ درامای بێرتا گرنگ نییە. بوونی هیچکامێکمان گرنگ نییە. نە من، نە دۆرکین و نەئەوانی تریش کە دوای ئێمە دێن."

شتێکی باوبەدەربوو. بۆ کارکردن لەسەر ئەم هەموو بابەتانە پێویستی بە کاتی زیاتر هەبوو. ماندوو بوو، پاڵیدایەوە و چاوانی داخست و لەگەڵ یادگارییەکانی بێرتادا بەدوای ئارامییەوە بوو. بەڵام شتێك ڕووی نەدا! هەنگاوە هەمیشەییەکانی لەم ڕێگایەدا هەڵێنایەوە، نمایشی دەستپێکی وێناکرد، کەمێ چووە دواوە تاوەکو بەسەرهاتەکان ڕەوتی ئاسایی خۆیان وەربگرن و چاوەڕێی ئەو شتەبوو کە دەبایە بهاتایە، چونکە هەمیشە بێرتا دیاریکەری ڕووداوەکانی دواتر بوو، نەوەك ئەو. بەڵام شتێك ڕووی نەدا! هیچ شتێك نەبزوا! تەختی شانۆ وەکو تابلۆیەکی جێگیربوو کە هەموو شتێك لە چاوەڕوانی فەرمانێکی ئەودا بوون.

برۆیر تاقیکردەوە و بەوئەنجامە گەیشت کە بەتەواوی دەتوانێ بەپێی ئارەزووی خۆی بێرتا بکاتە ژوورەوە یان دەرەوە. ئەگەر بانگی بکردایە بەهەموو ئارەزوییەکەوە دەردەکەوت و ڕەفتاری بە تەواوی بەپێی حەزی برۆیر بوو. بەڵام بێرتا زیانی سەربەخۆیی خۆیی بینی. وێنەکەی یەخی بەست تاوەکو برۆیر بیجوولێنێ. داوەکە پچڕابوو. ئیدی برۆیر دیل نەبوو، ئیدی بێرتا هەوساری ئەوی لەدەست نەبوو.

برۆیر زۆر سەری لەم گۆڕانە سوڕدەما. تا ئێستا لەبارەی بێرتاوە بەو شێوە جیاوازە بیری نەکردبۆوە. یا نەخێر، ئەمە شێوەی جیاواز نەبوو، بەڵکو سەنگینی و سەربەخۆیی بوو. ئەو پەیوەندییە فرەڕەو و ئاگرینە، ئەوتاسە و تەنانەت تاڵیەش لەناوچووبوو. بۆ یەکەمین جار تێگەیشت کە ئەو و بێرتا هاوڕێی ئازارەکانی یەکتربوون. بێرتایش بە ئەندازەی برۆیر دیل بوو، چونکە ئەویش ئەوە نەبوو کە دەبایە ببوایە. ئەویش ژیانی خۆی نەدەویست، بەنەفرەتکرابوو تاوەکو تەماشای شانۆیی هەمیشەیی و دووبارەی ئەو ژیانە بکات کە خۆشی ڕۆڵی تێدا دەبینی.

برۆیر هەرچەندە زیاتر بیری لەمە دەکردەوە، کارەساتی ژیانی بێرتای بۆ ڕوونتردەبۆوە. بێرتا ئەم مەسەلانەی نەدەزانی، ڕەنگە ئەو نەك تەنها لە ئەگەری هەڵبژاردن، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی دەستی لە ئیدراکی ئاگایی هەڵگرتبوو. چی کاتێ لە خولسەدا نەبوو؟ پەرێشان فیکرببوو و



تەنانەت هەستی بە ژیانی خۆی نەدەکرد؟ برۆیر لەوە گەیشت کە نیچە لەمبارەیەوە هەڵەبووە. ئەو قوربانی بێرتا نەبوو، بەڵکو هەردووك قوربانیبوون. چەندێ شت فێرببوو! خۆزگە دەیتوانی کە سەرلەنوێ دەستپێبکاتەوە و دووبارەببێتەوە بە پزیشکی وی. ئەو ڕۆژە لە بیلیڤو تێگەیشت کە چارەسەرییەکەی چەندێ سەرەتایی بووە. چەندێ نەزانانە بوو کە وەختی چەندین مانگی لە پێناوی ململانێ لەگەڵ نیشانەی نەخۆشەکانی ئەودا بەفیڕۆداوە ـ کێشمەکێشێکی گەمژانە و ڕواڵەتی ـ لەگەڵ ئەوەی کە لە قووڵاییدا شەڕێکی ڕاستەقینە، شەڕێك بەسەر ژیان و مردندا لە ڕوودانداببوو.

شەمەندەفەر بە هاتوهاوارەوە لە تونێلەکەوە ڕەتبوو. ڕووناکی درەوشاوەی خۆر برۆیری لەبیرکردنەوە خست و دیسانەوە گرفتەکەی ئێستای بەیادهێنایەوە. ئەو لەڕێگای ڤییەنادا بوو، دەیویست بچێت بۆ لای ئووا بێرگەری سکرتێری پێشینی خۆی. لەناوفارگۆنەکەدا بەسەرسوڕمانەوە تەماشای دەوروبەری خۆیکرد. بیریکردەوە: "دیسانەوە شتێك ڕوویدا! لە شەمەنەفەردا دانیشتوومە و بەرەو لای ئووا دەڕۆم و ئەسڵەن نازانم کە کەی و چۆن ئەم بڕیارەم داوە کە بەرەو لای ئەو بڕۆم؟"

خێرا دوای گەیشتنی بە ڤییەنا فایتۆنێکی بە کرێ گرت و بۆ ئاپارتمانەکەی ئووا چوو. کاتژمێر چواری دوانیوەڕۆ بوو“ دەیویست بگەڕێتەوە، چونکە گومانی ئەوەی دەکرد ـ ئومێدەوار نەبوو! ـ کە ئووا لەسەر ئیش بێت، بەڵام لەماڵەوە بوو. دیاربوو کە لە دیتنی برۆیر ترسا و بە چاوانێکەوە کە لە حیرەتدا کرابوونەوە، لەبەرامبەریدا وەستا. کاتێ کە برۆیر ئیجازەی چوونەژوورەوەی خواست، ژنە دوای گێڕانی چاوێك بە دەرگای ئاپارتمانی هاوسێکانیدا، قەبوولێکرد. برۆیر خێرا لای ئەودا هەستی بە ئارامی کرد. شەش مانگ بەسەر دوایین دیداریاندا تێدەپەڕی، بەڵام دەردەدڵکردن بۆ برۆیر وەکو جاران ئاسایی بوو. هەموو ڕووداوەکانی لەزەمانی دەرکردنی شەرمئاوەرانەی ئووەوە بۆ باسکرد. هەر لە دیداری لەگەڵ نیچەدا تا گۆڕانێ کە کەمکەم تێیدا دروست ببوو. باسی لە بڕیارەکەی سەبارەت بە جەنگین لەپێناوی بەدەستهێنانی ئازادی و بەجێهێشتنی ماتیلدە و منداڵەکانی و سەردانی دووبارەی بۆلای بێرتا، کرد.

"ئێستەکانێش من ئازادم ئووا، بۆ یەکەمین جار لە ژیانمدا دەتوانم ئەو کارە بکەم کە خۆشیم لێدێت و بڕۆم بۆ ئەو شوێنەی کە حەزم لێیەتی. زۆر زوو، ڕەنگە هەر خێرا دوای گفتوگۆکەمان

برۆم بۆ وێستگەی شەمەنەفەر و شوێنێك دەستنیشان بكەم. هێشتا نازانم بۆ كوێ دەڕۆم، لەوانەیە بچم بۆ باشوور، بۆ ئیتالیای پڕخۆرەتاو."

ئووا كە ژنێكی قسەخۆشبوو، و هەمیشە هەریەك لە ڕستەكانی ئەوی بەیەك پەرەگراف وەڵام دەدایەوە، كەچی زۆر كەمدو دەهاتە بەرچاو.

برویر بەردوام بوو: "هەڵبەتە تەنیا دەبم، ئێوە من دەناسن، بەڵام ئازادم لەوەی كە هەركەسێكم خۆشبوێت و ببمە ئاشنای."

ئووا بێدەنگ بوو.

"ئایا داوا لە دۆستێكی چاك و كۆنی خۆم بكەم كە هاوڕێیەتیم بكات بۆ سەفەری ئیتالیا؟"

برویر باوەڕی نەدەكرد چی دەڵێت. لەناكاو بە چاوەكانی ناوەوەی كۆترەكانی دەبینی كە بۆ قەفەسەكانیان دەگەڕانەوە.

بە داخەوە یا خۆشبەختانە ئووا لە ئاماژەكەی ئەو تێنەگەیشتبوو، لە باتی ئەوە پرسیارەكانی خۆی تەنگی پێهەڵچنی.

"ئێوە لەبارەی چی جۆرە ئازادییەكەوە قسەدەكەن؟ مەبەستتان لە 'ژیان نەكردن' چییە؟" باوەڕنەكردانە سەری بادا. "یۆزیف، من لە مانای ئەمانە تێناگەم. هەمیشە ئێرەییم بە ئێوە بردووە بۆ ئازادییەكانتان. ئەمن چی ئازادییەكم هەبوو؟ كاتێ دواكەوتنی كرێی خانوو هەمیشە هەڕەشە لە كەسێ بكات و قەردی قەساب لای ئەو زیاتر ببێت، بایەخێكی زۆر بە ئازادی نادات. ئێوە دەتانەوێ لە كارەكەی خۆتان ئازاد بن؟ كەوایە ئیشی من ببینن! كاتێ منتان دەركرد، ناچاربووم یەكەمین پێشنیار پەسەند بكەم و ئێستاش تەنیا ئارەزووم ڕزگاربوونە لە ئێشكی شەوانە نەخۆشخانە."

ئێشكی شەو! كەوایە بەهۆی ئەمەوە ئێستا لە ماڵەوە بوو. "من پێشنیارم بۆ ئێوە كرد كە بتاننێرمە شوێنێك، بەڵام ئێوە وەڵامی هیچ یەك لە نامەكانی منتان نەدایەوە."



ئووا وەڵامی دایەوە: "من هێشتا گێژی ئەو زەربەیە بووم. ئەو ڕووداوە دەرسێكی تاڵبوو. مرۆڤ جگە لە خۆی نابێت لەكەسی تر دڵنیا بێ و نابێ پشت بە كەس ببەستێت." بۆ یەكەمین جار ڕاستەوخۆ لە برویری ڕوانی.

برویر زۆر شەرمەزار بوو لەوەی كە ئەوی بە تەنیا جێهێشتووە و دەستی بە داوای لێبوردن كرد، بەڵام ئووا درێژەی پێدا و باسی لە كارەكەی و شوكردنی خوشكی و تەندروستی دایكی و پەیوەندی لەگەڵ گێرهارد دا كرد، گوتی كە پارێزەرێكی گەنج بوو، ئووا لەكاتی نەخۆشیدا لە نەخۆشخانە ئەوی ناسیبوو.

برویر هەستی بەوە كرد كە بەو سەردانەی ئەوی خستۆتە ژێر گوشارەوە و خۆی بۆ ڕۆیشتن ئامادەكرد. كەمێكی مابوو بۆ دەرگاكە، دەستی ئووای گرت. دەیویست شتێكی لێبپرسێت، بەڵام هەڵوەستەی كرد. ئایا هێشتا ئەو حەقەی هەبوو كە پرسیاری تایبەتی لێبكات؟ بڕیاریدا كە ئازایەتی بنوێنێت. هەڵبەتە كە داوی ناسكی دۆستایەتی نێوانیان بەشێوەیەكی نەشیاو پچڕابوو، بەڵام هاوڕێیەتییەك كە لە ئەنجامی پانزەساڵ كاركردنی هاوبەشەوە دروست ببوو، وا بە ئاسانی لەناو نەدەچوو.

"ئووا من دەڕۆم، بەڵام تكادەكەم كە وەڵامی دوایین پرسیارم بدەرەوە."

"بپرسن."

"من ناتوانم ئەو كاتە لەیاد بكەم كە زۆر لێكنزیك بووین. لە یادتانە، كە درەنگە شەوێك لە عیادە دانیشتبووین و من كاتژمێرێكی تەواو قسەم بۆ كردن؟ باسم لەوە كرد كە چەندێ خۆنەگر و نائومێدانە هەستدەكەم بەرەو بێرتا بەكێش دەكرێم. ئێوە گوتتان كە نیگەرانی منن و وەكو دۆستێك نەتاندەویست لەناوچوونی من ببینن. دواتر دەستمتان گرت ـ ڕاست وەكو ئێستا كە من دەستی ئێوم گرتووە ـ و دڵنیاشتان كردمەوە كە بۆ یارمەتیدانی من ئامادەن هەموو كارێك بكەن و هەرداوایەك كە هەمبێت بۆم جێبەجێ بكەن. ئووا ناتوانم بە ئێوە بڵێم كە چەندین جار، ڕەنگە سەدان جار ئەم گفتوگۆیەم لەلای خۆم دووبارەكردبێتەوە، چەنێ بەنرخ بوو بۆم و چەندێ خەمم لەوە خوارد، چونكە تا ڕادەیەك ئاشقی بێرتابووم كە نەمتوانی پێشنیاری

بەشکۆی ئێوە قەبوولبکەم. ئێستا پرسیاری من ئەوەیە کە ... دەمەوێ بزانم ... بەڕاستیتان بوو؟ ئایا دەبوایە داواکەتانم قەبوولبکردایە؟"

ئووا دەستی لە دەستی برۆیر دەرهێنا و بە هێواشی خستییە سەرشانی و بە دوودڵییەوە گوتی:"یۆزیف، نازانم چی بڵێم! حەزەکەم ڕاستگۆبم، بەداخەوە کە ناتوانم وەڵامێکی تری پرسیارەکەتان بدەمەوە، بەڵام لەبەر خاتری دۆستایەتی دێرینەمان دەمەوێ ڕاستگۆ و ڕاشکاوبم. یۆزیف، من ئەم گفتوگۆیەم لەیاد نییە."

برۆیر دوای دوو کاتژمێر بە پشتی چەماوەوە لە فارگۆنێکی پلەدووی شەمەنەفەرێکی نەفەرهەڵگردا بەرەو ئیتالیا دەڕۆیشت.

لەوە تێگەیشت کە بە درێژایی ساڵی ڕابردوو ئووا پشتێکی زۆر گرنگ بووە بۆی. حیسابی ئەوەی کردبوو، و هەمیشە لەوە دڵنیابوو کە ئەگەر پێویستییەکی بەو هەبێت، بێگومان فریای دەکەوێ و یارمەتی دەدات. چۆن دەیتوانی لەیادی کردبێت؟

لەبەرخۆیەوە گوتی: "باشە چاوەڕوانی چیت؟ چاوەڕێی کە ئەو لە تاریکی ژوورێکدا مادەیەکی دژەبی لەخۆی بدات و چاوەڕێ بێت تا تۆ دەرگای لێبکەیتەوە و ئەو بەرەو ڕووناکی دەربهێنیت؟ تۆ چل ساڵەیت، ئەوەندە تەمەنت تێپەڕاندووە کە بزانیت ژنەکانی نێو ژیانت بۆ خۆیشیان دەژین. ئەوانیش ژیانی خۆیان هەیە و ژیانیان بەردەوام دەبێت. گەورە ئەبن، پیرەبن و شتانی نوێ فێردەبن. تەنها مردووەکان ناگۆڕێن. تەنیا بێرتای دایکت، بەسووکی لە شەپۆلەکانی ڕۆژگاردا لوولدەخوا و هەمیشە چاولەڕێی تۆدەبێت."

لەناکاو ئەم خەیاڵە ترسناکە بە مێشکیدا هات کە تەنها ژیانی بێرتا و ئووا تێناپەڕێت بەڵکو ماتیلدەش هەروەکو ئەوانە، بەبێ ئەو درێژە بە ژیانی خۆی دەدات و ڕۆژێك دادێ کە کەسێکی تری خۆشبووێت. ماتیلدە، ماتیلدەی ئەو لە کەناری کەسێکی تردا! وێناکردنی ئەمە شتێکی خەمناك و تەحەمولنەکراو بوو. فرمێسك دەموچاوی داپۆشیبوو. تەماشای سەرەوەی کرد، ئەو شوێنەی کە باوڵەکەی لەسەر دانابوو. دەستی پێیدەگەشت، دەسکە مسینەکەی لەدەستگرت. بەڵێ، دەیزانی کە دەبێ چی بکات. دەبایە دەسکی باوڵەکەی بگرتایە و ئەوی دابگرتایە و دەبوو لە وێستگەی پاشتر کە گرنگ نەبوو چ وێستگەیەکە دابەزێ. بە شەمەنەفەرێکی تر بڕوا



بۆ ڤییەنا و داوای لێبوردن لە ماتیلدە بکات. هێشتا درەنگ نەکەوتبوو. بێگومان دووبارە ماتیلدە قەبوولی دەکردەوە.

بەڵام پاشتر نیچە لە بەرچاوانیدا دەرکەوت و ئەم بەرنامەیەی پوچەڵکردەوە.

"فرێدریك، من چۆن توانیم دەستبەرداری هەموو شتێ ببم؟ چەندێ نەفام بووم کە ئاماۆژگارییەکانی ئێوەم لەگوێگرت!"

"بەر لە یەکترناسینمان ئێوە هەموو شتێکی سەرەکیتان وەلاخستبوو، فرێدریك. هەر لەبەر ئەمەش نائومێد بوون. داخۆ لە یادتان نییەکە چەندێ گلەییتان لە مردنی ئەو کورێژگە لە ڕادەبەدەر ئایندە ڕوونە، دەکرد؟"

"بەڵام ئێستا ئیتر هیچ شتێکم بۆ نامێنێتەوە!"

"هیچ شتێك، هەموو شتێکە! بۆ ئەوەی کە بەهێز بن دەبێ سەرەتا ڕەگ و ڕیشەی خۆتان بە قوڵایی هیچدا ڕۆببەن و فێربن کە پاشەکەوتێکی وردتان لە تەنیاترین تەنیاییەکانی خۆتاندا هەبێت."

"هاوسەرم! خێزانەکەم! من ئەوانم خۆشدەوێ. چۆن توانیم جێیانهێڵم؟ لە وێستگەی پاشتر دادەبەزم!"

"ئێوە تەنها لەخۆتان هەڵدێن. تەنیا بیرلەوە بکەنەوە کە هەرساتێك هەتاهەتایە دوبارە دەبێتەوە. بیر لەوە بکەنەوە کە تاهەمیشە لە ئازادی خۆتان هەڵدێن!"

"من ئەرکم لەسەرشانە ..."

"تەنیا ئەو ئەرکەتان هەیە" ئەوەبیت کە هەیت. بەهێز بن، جگە لەم شێوەیە هەمیشە لە پێناوی ئەوەی کە خۆتان بەرزبکەنەوە سوودی خەراپ لەوانی دی وەردەگرن."

"بەڵام ماتیلدە چی لێدێت؟ پەیمانەکەی چی بەسەر دێ؟ ئەرکم لە بەرامبەر ..."

"ئەرك! ئەرك! بەهۆی ئەم فەزیلەتە بچووکانەوە ئێوە خۆتان لەناو دەبەن. فێربن کە نارەسەن بن. لە خۆڵەمێشی ژیانێکی کۆن، خودێکی تازە دروست بکەن."

به درێژایی سەفەری بۆ ئیتالیا قسەکانی نیچە بەدوایەوە بوون.

"گەڕانەوەی سەرمەدی."

"کاتژمێری لمینی هەردەمییانەی بوون، هەمیشە دەگەڕێتەوە."

"لێگـەڕێن ئـەم بیرانــە کــاری خۆیــان بکــەن و دڵنیاتــان دەکەمــەوە بەشـێوەیەکی بنــەڕەتی دەتانگۆڕێ."

"ئایا ئەم وێناکردنە بۆ ئێوە ڕکهەڵایسێنە. یا دەڵێی هـەرگیز شـتێکی لەمـە خـودایی ترتـان نەبیستووە؟"

"بەجۆرێ بژین کە بتوانن، وێناکردنی پەسەن بکەن."

"مەرجی نیچە."

"لەکاتی خۆیدا ژیان بکە!"

"لە کاتی خۆیدا بمرە!"

"جەسارەتی گۆڕینی باوەڕتان هەبێت!"

"ئەم ژیانە، ژیانی هەمیشەیی ئێوەیە."

هەموو شتێك بەر لە دوو مانگ لە ڤینیسیاوە دەستیپێکرد. ئێستا دەگەڕایەوە بۆ هەمان شاری قەیاغە گچکەکان. کاتێ کە شەمەنەفەرەکە لە سنووری ئیتالیا و سویسراوە تێپەڕی، وردە وردە زیاتر وشەی ئیتالیایی بەرگوێ دەکەوت. خەیاڵی لە ئەگەرە بێکۆتاکانەوە لایدا و بەرەو واقیعییەتی سبەینێ وەرگەڕا.

کاتێ کە لە ڤینیسیا دادەبەزێت ئەبێ بۆ کوێ بڕوات؟ ئەمشەو لەکوێ ئەخەوێت؟ سبەینێ چی دەکات؟ ئەی دووسبەی؟ دەبێ کاتی خۆی چۆن بەسەر ببات؟ نیچە کاتی خۆی چۆن دەگوزەراند؟ کاتێ کە نەخۆش نەبوو دوچووە گەڕان. مژۆڵی فەلسەفە دەبوو، دەینووسی. بەڵام ئەوە ڕێگای نیچە بوو.



یەکەمین شتێ کە برویر لێیتێگەیشت ئەوە بوو کە دەبێ خەرجی ژیانی دابینبکات. پارەیەك کە لەبەر پشتوێنەکەیدا بوو، تەنیا بەشی چەند هەفتەیەکی دەکرد. دواتر بە فەرمانی ماکس بانکەکەی مانگانەیەکی کەمی دەخستە حیسابەکەیەوە. ئاشکرابوو کە دەیتوانی وەك پزیشکێ کاربکات. لانی کەم سێ لە قوتابییە کۆنەکانی لە ڤینیسیا دەژیان. کردنەوەی عیادە کارێکی سەخت نەبوو، تەنانەت زمانیش ڕێگرێکی گەورە نەبوو. ئەو گوێیەکی باشی هەبوو، جگە لەوە کەمێ ئینگلیزی و فەڕەنسی و ئیسپانیایی دەزانی و بەم هۆیەوە دەیتوانی بەخێرایی فێری ئیتالیایی ببێت. بەڵام داخۆ ئەو وازی لەو هەموو شتە هێنابوو تاوەکو لە ڤینیسیاش وەکو ڤییەنا بژی؟ نا، هەموو ئەم شتانەی بەجێهێشتبوو. ڕەنگە دەیتوانی لە ڕیستۆرانێکدا ئیشبکات. برویر بەهۆی کۆچی ناوادەی دایکییەوە و بەهۆی لاوازی زۆری نەنکییەوە فێری خواردن دروستکرن ببوو، تەنانەت هەندێ کات لە شەقامی بەیکیریش لە ئامادەکردنی خواردندا بۆ خێزانەکەی، بەشداری دەکرد. گەرچی ماتیلدە دەستی پێهەڵدەگرت و لە موبەق دەریدەکرد، بەڵام ئەو بە ئارامی لە پشتی ئەوەوە دەچووە چێشتخانە، بۆ ئەوەی تەماشای ئیشی چێشتلێنەر بکات. ڕەنگە ئیشکردن لە ڕیستۆرانێکدا باشترین کار بێت. هەڵبەت ئەو نەوەك تەنیا بەڕێوەبردنی ڕیسیتۆرانتەکانی لە ئەستۆ دەگرت و بەحیسابدا ڕادەگەیشت، بەڵکو چێشتی لێدەنا و خزمەتگوزاری پێشکەشی موشتەرییەکانیش دەکرد.

دەرەنگانێ بوو گەیشتە ڤینیسیا. لە پانسیۆنێکی نزیك بە وێستگەی شەمەنەفەر ژوورێکی بە کرێ گرت. بۆ سبەینێ ڕۆژی دواتر بەلەمێکی گرت و بەرەو ناوەندی شار چوو، لەکاتێکدا کە لە خەیاڵی خۆیدا نوقم ببوو، چەندین سەعات لەناوشاردا وێڵگەردی کرد. لەکاتی تێپەڕیندا زۆرێك لە ڤینیسیاییەکان لەکاتی تێپەڕیندا تەماشایان دەکرد. وەختێ کە وێنەی خۆی لە شووشەبەندی مارکێتێکدا بینی لەم حاڵەتە تێگەیشت. ڕیشێکی درێژی هەبوو، پاڵتۆ و کڵاو، چاکەت و پانتۆڵ و بۆینباخی پۆشیبوو، ڕەنگی هەموویان ڕەشبوو. وەك غەریبەیەك، ڕاست وەکو دکتۆرێکی جوولەکەی ڤییەنایی کە پێدەنێتە ساڵەوە، دیاریدەدا. دوێنێ لەوێستگە چەند ژنێکی لەشفرۆش کە بەدوای موشتەرییەوە بوون، سەرنجیان ڕاکێشا. هیچ یەکێکیان لێی نزیك نەبوونەوە. سەیری لێنەهات، دەبوایە ڕیشی بتاشێ و جلی تازییە دابکەنێت.

ورده ورده نەخشەیەك لەمێشكیدا خۆی گرت. دەبایە بەر لە هەرشتێ سەرتاشخانەیەك و دواتر مەغازەیەكی جلكفرۆشی بدۆزێتەوە. دەبوا بە زوویی ئیتالییایی فێرببوایە و دوای دوو، سێ هەفتە بۆ كاركردن لەدوای ڕیستۆرانتێك بگەڕایە.

لەوانەبوو كە ڕیستۆرانتی نەمسایی یاخۆ نەمسایی ـ جوولەكە لە ڤینیسیا هەبێت. لەو ڕێگایەدا زۆر كەنیسەی بینیبوو.

بەهۆی گوێزانە كولەكەیەوە سەرتاشەكە سەری ئەوی بە تووڕەییەوە بەملاوبەولادا دەخست. باربەرەكە پیاوێكی نائارام و عەبووس بوو. بروێر بیریكردەوە: "مافی خۆیەتی، شەست لیرە بۆ ئەم هەمووریشە هێشتا كەمە." بروێر بە ئاماژەیەك داوای لێكرد كە دەست بپارێزێ و بۆ ئارایشێكی پاك و لەسەرخۆ دووسەد لیرەی خستە بەرچاوی.

دوای بیست خولەك كە تەماشای ئاوێنەی شكاوی سەرتاشەكەی كرد، بەزەیی بە ڕوخساری خۆیدا هاتەوە، ڕوخسارێك كە ماوەی بیست ساڵ بوو نەیدیتبوو. بیری لەوە نەدەكردەوە كە تێپەڕینی ڕۆژگار تەنانەت كاریگەری خۆی لەسەر بێشەلانی ڕیشی پڕیش بەجێدێڵێ. تەنها ناوچەوان و برۆكانی لاسارییان لەبەرامبەر ڕۆژگاردا نواندبوو، خۆڕاگرییان بەخشیبووە ئەو بەشانەی ڕوخساری كە خۆیان پێداهەڵواسیبوو. لۆچی قووڵ بە تەنیشت لووتییەوە بەرەوخوارەوە دروستببوون و ڕوومەتی و لێوەكانیان لێكجیادەكردەوە، لۆچی بچووكتریش بەشێوەیەكی ئاسۆییانە لە كەناری چاوانییەوە بوون. گەردەنی چرچهەڵگەڕاو و پیسی كە لە ملی پەلەوەر دەچوو، لەژێر چەناكەیەوە دەركەوتبوو. ئەی چەناكەی! لەبیری چووبوو كە ڕیشی زۆری بەشكۆوە، چەناكە كورتەكەی داپۆشیبوو كە ئێستا بێپەنا، تەڕوئاوێزان لەژێر لچییەوە سەری دەرهێناوە.

لەكاتی گەڕان بەدوای مەغازەیەكی جلفرۆشیدا لە پۆشاكی ڕێبوارانی دەڕوانی و بڕیاریدا كە چاكەتێكی كورتی تەقەڵ ئەستووری نیلی، لەگەڵ جووتێ پێڵاوی توندو تۆڵ و پاڵتۆیەكی ئەستووری خەتدار بكڕێ. بەڵام گشت ئەو كەسانەی كە ئەو لەم جلانەدا دەیبینین، لەو گەنجتربوون. كەوایە پیاوانی بەتەمەنتر چییان دەپۆشی؟ ئەسڵەن لەكوێ بوون؟ بەڕای ئەو هەموویان زۆر گەنج بوون. چۆن دەكرا لەگەڵ كەسێكدا ببێتە دۆست؟ چۆن ژنانی بناسیایە؟ ڕەنگە باشتر وابێ كە لەگەڵ گارسۆنێك یان مامۆستایەكی زمان ببێتە هاوڕێ.



بیری كردەوە: "نەخێر! من ژنێكی تازەم ناوێت! ئیتر ژنێكی هاوتای ماتیلدە نادۆزمەوە. خۆشم دەوێت. ئەم شتانە گشتی نەفامانەیە. بۆچی ئەوم بەجێهێشت؟ تازە بۆ دەستپێكردنەوەیەكی تر زۆر پیرم. من پیرترین مرۆڤی ئەم شەقامەم. ڕەنگبێ جگە لەو پیرەژنە گۆچان بە دەستە یان ئەو پیرەمێردە سەوزەفرۆشە لە هەموویان پیرتر بم. لەناكاو هەموو شتێك بەدەوری سەریدا سووڕیخوارد. بە زەحمەت دەیتوانی لەسەر پێیەكانی ڕاوەستێت. بیستی كە یەكێك لە پشتەوە بانگی دەكات.

"یۆزیف، یۆزیف!"

"ئەمە دەنگی كێیە؟ من ئەم دەنگە دەناسمەوە!"

"دكتۆر بروێر! یۆزیف بروێر!"

"چی كەسێ دەزانێ كە من لێرەدام؟"

"یۆزیف دەنگی من دەبیستیت؟ من ئێستا بە پێچەوانەوە لە دەوە تاوەكو یەك دەژمێرم. لەگەڵ ژمارە پێنجدا چاوانتان دەكەنەوە. لەگەڵ ژمارە یەكدا بەتەواوی بە خۆتاندا هاتوونەتەوە. دە، نۆ، هەشت، حەوت ..."

"ئەم دەنگە دەناسمەوە!"

"حەوت، شەش، پێنج ..."

بروێر چاوانی كردەوە، ڕوخساری پێكەنیناوی فرۆیدی بینی كە بەسەریدا چەمابۆوە.

"چوار، سێ، دوو، یەك! ئێوە هەر ئێستا ڕادەبن."

بروێر ترسا. "چ شتێك ڕوویداوە؟ سیگمۆند من لەكوێم؟"

"ئارام بن، هەموو شتێك ڕێكوپێكە. یۆزیف، ڕابن!" فرۆید بەدەنگێكی لێبڕاوانە و لە هەمانكاتدا بە تكاوە قسەی دەكرد.

"چ شتێك ڕوویداوە؟"

"یۆزیف، دەبێ ئێوە ئەمە بەمن بڵێن. من تەنیا كارێكم كرد كە ئێوە داواتان لێكردم."

بروێر هێشتا گێژ دیاربوو، لەبەر ئەوە فرۆید گوتی: "لە یادتان نییە؟ دوێشەو هاتن بەدوای مندا و داوتان لێکردم کە ئەورۆ کاتژمێر یازدە بێمە لاتان تاوەکو لە ئەزموونێکی دەروونناسیانەدا هاوکارتان بم. کاتێ کە هاتمە ژوورەوە، داواتانلێکردم بتانخەوێنم، من وەك پاندۆلێك سوودم لە سەعاتە بەرکییەکەی خۆتان وەرگرت."

بروێر دەستی بۆ گیرفانی هێلەکەکەی برد.

"یۆزیف، سەعاتەکەتان لێرەیە، لەسەر مێزی تەنیشت مۆبیلەکە. کەواتە لەیادتان نییە؟ داواتان لێکردم کە من قسەتان پێبکەم، تاوەکو بچنە خەوێکی قووڵەوە و یەکسەری ڕووداوەکان بەرجەستە بکەن. گوتتان دەبێ یەکەمین بەشی تاقیکردنەوەکە پەیوەست بێ بە خوداحافیزییەوە ـ خواحافیزی لە خێزان، دۆستان و هەتا نەخۆشانیش ـ ئەگەر منیش بەپێویستم بزانیایە دەبوایە بە دەستوراتی وەك ـ 'خوداحافیزی بکە!' یا 'گەڕانەوەیەکی دی بوونی نییە' ڕێنوومایییتان بکەم. بەشی دووەمیش دەبوا لە پێناوی دەستپێکردنی ژیانێکی نوێدا بێت و دەبایە منیش بە دەربڕینی چون 'بەردەوام بن!' یا 'ئێستا دەتانەوێ چی بکەن؟' هانتتان بدەم."

"بەڵێ، بەڵێ، ڕاستە. ئێستا دووبارە بەیادی دێنمەوە، سیگمۆند. سەعات چەندە؟"

"سەعات یەکی پاشنیوەڕی ڕۆژی یەکشەممەیە. ئێوە بەپێی بەرنامە دوو کاتژمێری تەواو لەحاڵەتی خولسەدا بوون. خێراکە وا ئەوانی تر خەریکە بۆ نانخواردن دەگەن."

"بە وردی بۆم باسکەن کە چی ڕوویدا. چیتان بینی؟"

"یۆزیف، زۆر زوو خەوتن و لە تەواوی ئەم کاتەدا لە ڕووی ڕۆحییەوە لێرە نەبوون. من زۆر باش تێدەگەیشتم کە بەسەرهاتگەلی بزوێنەر لە ڕووداندایە، جەنگێ ڕوویدا، بەڵام ئەم درامایە لەسەر سەحنەی دەروونی ئێوەدا نمایش دەکرا.

دوو سێ جار وادیار بوو دەتانویست بەخۆتاندا بێنەوە و من دووجار هیپۆنۆتیزمتانم کرد. بەوهۆیەوە بەئێوەم گوت کە لەسەفەردان و لەکاتی جوولاندا هەست بە تەکانەکانی شەمەنەفەر دەکەن، گوتم سەرتان پاڵدەنەوە بەشتی کورسییەکەوە و وەنەوز بدەن. دیاربوو کە هەموو جارێك کاریگەر دەبوو. ئیدی ناتوانم شتێکی زیاتر بڵێم. دەمبینی بۆ چەند جارێك بەقووڵی دڵتەنگ دەبوون، چەندین جار گریان و دووجا زۆر ترساو دەرکەوتن. لەم ساتانەدا پرسیم کە ئایا



دەتانەوێ بێدار ببنەوە؟ بەڵام بەهۆی ئەوەی کە بەئاماژەی سەر ڕەتتانکردەوە، دیسانەوە دڵگەرمترم کردن."

"ئایا بە دەنگی بەرز قسەمکرد؟" بروێر بەو ئومێدەوە چاوانی دەوڵییەوە کە بەچاکی بەخۆیدا بێتەوە.

"بەدەگمەن. بە زۆری تەنها لێوەکانتان دەجووڵا و من لام وابوو کە خەوتان بە گفتوگۆیەکەوە دەبینی، بەڵام تەنها توانیم یەك وشە تێبگەم. چەندین جار ماتیلدەتان بانگکرد، ناوی بێرتایشتان هێنا، ئایا لەبارەی کچەکەتانەوە دەدوان؟"

بروێر بیری لەوە کردەوە کە دەبێ چۆن وەڵامبداتەوە؟ دەیویست هەموو شتێ بڵێت، بەڵام سروشتی ڕێگای ئەم کارەی پێنەدەدا، ئاخر فرۆید هێشتا بیست و شەش ساڵە بوو، وەك باوك یا براگەورەیەك لەوی دەڕوانی. هەردووکیان خوویان بەوەوە گرتبوو، و بروێر هەستی دەکرد کە هێشتا بۆ گۆڕانکاری ئامادەییەکی وای نییە.

سەرباری ئەوە دەیزانی کە هاوڕێ گەنجەکەی تاچ حەدێك لە ئیشق و سێکسدا بێئەزموونە. ئەوەی یادهێنییەوە کە فرۆید بەهۆی بانگەشەی بروێر سەبارەت بەوەی کە ژمارەیەکی زۆری تێکچوونی دەمارەکان لە پەیوەندییە هاوسەرێتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن، چەندێ پەرێشان و گێژ ببوو. هەروەها بەر لە چەند ڕۆژێك بەهۆی دەستبردن بۆ ژنانەوە شنیتسلەری لاوی مەحکوم کردبوو. تاچ ڕادەیەك فرۆید دەیتوانی لە پیاوێکی خێزانداری چل ساڵە تێبگات کە گرفتاری نەخۆشە بیست و یەك ساڵەکەی خۆی ببوو؟ بەتایبەتی ئێستا کە سیگمۆند خەریك بوو ماتیلدەی دەپەرست! نا، گوتنی نهێنییەکانی بە فرۆید هەڵەبوو. واباشبوو کە لەگەڵ ماکس یان فرێدریکدا لەم بارەیەوە قسە بکات!

"کچەکەم؟ من بە تەواوی نازانم سیگمۆند، نایەتەوە یادم. بەڵام ناوی دایکم بێرتا بووە، ئەمەتان دەزانی؟"

"ئای، بەڵێ، لەیادم کردبوو، بەڵام داخۆ کاتێ کە ئەو مرد ئێوە زۆر بچووك نەبوون، یۆزیف؟ کەواتە بۆ دەبێ ئێستا خواحافیزی لەو بکەن؟"

"لەوانە هەرگیز بە تەواوی لەو جیانەبوویێتمەوە. لاموایە شێوە و شكڵی تایبەتی لە كەسانی بەتەمەنەوە دەچنە ناو ' ئاگایی' منداڵێكەوە و دواتر سەرسەختانە خۆیان لە ڕۆیشتن بەدوور دەگرن. ڕەنگە پێویست بێ بەر لەوەی كە مرۆڤ بتوانێ بەسەر هزریدا زاڵبێت، بەزۆر ئەوانە بكاتە دەرەوە!"

"سەرنجڕاكێشە، وازبێنن با بیركەمەوە كە چیتان گوت. بیستم كە دەتانگوت: 'ئیتر نامەوێ پزیشك بم ...' و دواتر، ڕێك بەرلەوەی كە خەبەرتان بكەمەوە، گوتتان: 'بۆ دەستپێكردنەوەیەكی تر زۆر پیرم'! یۆزیف، دڵم لە كنەكردنی ئەمانەدا خەریكە دەتەقێت، مانای ئەم شتانە چییە؟"

بروێر بەدەم هەڵبژاردنی قسەكانییەوە بیری دەكردەوە. "سیگمۆند، هەر ئەوەندە دەڵێم كە هەموو شتێك بۆ ئەم پرۆفیسۆر مۆلەرە دەگەڕێتەوە. ئەو سووربوو لەسەر ئەوەی كە بە قووڵی بیر لە ژیان بكەمەوە و لەوێدا بۆم ڕوونبۆوە كە بە نوقتەیەك گەیشتووم و زۆرینەی بڕیارەكانم بەجێهێشتووە. لە ناكاو لەخۆمم پرسی ئەگەر هەڵبژاردنێكی ترم بكردایە چۆن دەبوو؟ ژیانێكی ترم هەڵدەبژارد كە بەبێ پیشەی پزیشكی و خێزان و كۆمەڵگای ڤیەنایی دەبوو. لەبەرئەوە بڕیارمدا كە ئەم تاقیكردنەوە فیكرییە ئەنجام بدەم. تا ـ بەشێوەی ئەگەرێك ـ تێبگەم كە مانای ئازادبوون لە هەلومەرجی خۆخوازانە و هەروەها لە ژیانێكی تر چییە؟"

"ئەی چ شتێكتان دەستكەوت؟"

"من هێشتا زۆ بێهەستم. بۆ ڕێكخستنی فیكرم پێویستم بە كاتە. بەڵام هەست و سۆزێكی زۆر ڕووناك بەزۆر دەیەوێت خۆی بخاتە بەرابییەوە. چونكە نابێ ڕابردووی ژیان، ئینسان بخاتە ژێر كۆنترۆڵی خۆیەوە. لەم حاڵەتەدا مرۆڤ لە چل ساڵیدا هەست دەكات هەرگیز ژیانی نەكردووە. چ شتێك فێربووم؟ ئەوە فێربووم كە دەبێت ئێستا بژیم تاوەكو لە پەنجا ساڵیدا بەخەمەوە تەماشای ساڵە تێپەڕیوەكانی ژیانم نەكەم. ئەمە بۆ ئێوەش هەر ڕاستە، سیگمۆند. هەركەسێك ئێوە بناسێت، چاك دەزانێت كە زۆر زیرەكن. بەرپرسیارییەكی سەختتان لەسەرشانە" هەرچی تۆوی دەوڵەمەندتر بێت، ئەگەر هاتو كەموكورتی نواند لەئاست نەناشتنیدا، ئەوا هەرگیز نابەخشرێت."



"وا دەردەكەوێت كە گۆڕاون، یۆزیف. ڕەنگبێ ئەم زیندەخەوە گۆڕیبێنی. تا ئێستا هەرگیز بەم جۆرە لەگەڵ مندا قسەتان نەكردووە. سوپاسگوزارم و دڵنیایی ئێوە لە توانای من، هەم هانم دەدات هەم باری لێپرسراوێتیم زیاد دەكات."

بروێر گوتی: "شتێكی تریش فێربووم، یا ئەمە پەیوەستە بە مژاری پێشووەوە؟ نازانم، هەرچۆن بێت دەبێ بەجۆرێ بژین كە وای دابنێین ئازادین. هەتا ئەگەر نەشتوانین چارەنووسمان دیاریكەین، دەبێ لەبەرامبەریدا ناڕازی بین. دەبێ داوای چارەنووسی خۆمان بكەین. دەبێ وەڵامێكی پۆزەتیڤ بە چارەنووسی خۆمان بدەینەوە. بەجۆرێكە وەك بڵێی ..."

لە دەرگایاندا.

ماتیلدە گوتی: "ئێوە هێشتا لێرەن؟ ڕێگام دەدەن بێمە ژوورێ؟"

بروێر بە خێرایی بەرەو لای دەرگاكە چوو، پێشوازی لە ماتیلدە كرد كە قاپێك سۆسیسی گەرمی بەدەستەوە بوو، و هەڵمی لێهەڵدەستا. "یۆزیف، تۆ زۆر حەزت لەم خواردنەیە، ئەمڕۆ هاتەوە یادم كە دەمێكی زۆرە لەم سۆسیسانەم بۆ لێنەناویت. خواردن ئامادەیە. ماكس و ڕاشل لێرەنە و ئەوانی تریش بە ڕێگاوەن. ئێوەش سیگمۆند، ئاساییە كە دەمێننەوە، چییە با نەخۆشەكانتان سەعاتێ ئۆقرە بگرن."

بروێر بە سەر ئاماژەیەكی بچووكی كرد و فرۆید بە چاكی لەماناكەی گەیشت و بە تەنیا جێی هێشتن. بروێر دەستی بەدەوری كەمەری ماتیلدەدا ئاڵقەكرد. "دەزانی ئازیزم، زۆر سەیرە كە پرسیت ئایا هێشتا ئێمە لە ژوورەوەین یان نا؟ دوایی بە دووردرێژی بۆتانی باسدەكەم، بەڵام ئێمە سەفەرێكی تووڵانیمان كرد. لاموایە كە ماوەیەكی زۆر دوور بوومە. بەڵام ئێستا ئیتر گەڕامەوە بۆ ماڵەوە."

"زۆر باشە یۆزیف." دەستی خستە سەر ڕوومەتی بروێر و بە خۆشییەوە ختووكەی ڕیشیدا. "چەندێ خۆشە كە دووبارە لەبەردەمدایت، دەڵێم بۆت تەنگ ببوو."

بەپێی عادەتی ماڵی بروێر خواردنێكی زۆر سادە ئامادە كرابوو. تەنیا نۆ كەسی گەورە لەدەوری مێزەكە بوون. دایك و باوكی ماتیلدە، ڕووت ـ خوشكێكی تری ماتیلدە ـ و مامیێری مێردی، ڕاشل وماكس و فرۆید. هەشت منداڵیش لەسەر مێزی تایبەتی خۆیان لە هۆڵەكەدا دانیشتبوون.

کاتێ کە ماتیلدە قاپی گەورەی سووپخۆرییەکەی بردە دەرەوە کە سووپی پەتاتەی تێدابوو، لەژێر لێوەوە گوتی: "بۆ ئەوەندە سەیرم دەکەیت؟" وەختێکیش کە بەلەمێکی گەورەی پڕ لە زمانی سوورەوە کراوی گۆلکی خستە سەر مێزەکە بەگوێچکەیدا چپاند: "یۆزیف، تۆ دەستەپاچەم دەکەیت!" جارێکی تریش کە لە کاتی کۆکردنەوەی قاپەکاندا هاوکاری دەکرد تاوەکو بتوانن شیرینی بێنن، گوتی: "دەستت لابە، وا سەیرم مەکە!"

بەڵام یۆزیف بڕیارینەدابوو کە گوێ لە قسەکانی ماتیلدە بگرێت، بەجۆرێ تەماشای ڕوخساری ژنەکەی دەکرد دەتگوت بۆ یەکەمین جارە دەیبینێت. کە بینی تێپەڕینی ڕۆژگار تەنانەت کاری لەویش کردووە، زۆر خەمگین بوو. گۆناکانی هێشتا ساف بوون ـ ژنە لەم ڕووەوە هێشتا سەرکەوتوو بوو ـ بەڵام لە هەمانکاتدا نەدەکرا بەرگری لەهەموو سەنگەرەکان بکرێ و لە هەموو جێگایەك زیاتر چاوانی و گۆشەکانی لێوی ، لۆچی وردیان نیشان دەدا. تاڵی خۆڵەمێشی لە نێوان قژە بریسکەدارەکەیا بەدی دەکرا، کە لە پشتی سەرییەوە بە توندی بەستبووی. لەکەیەوە؟ ئایا لەم بارەیەوە ئەویش گوناهی هەبوو؟ ڕەنگە ئەگەر پێکەوە یەکگرتووبوونایە، زیانێکی کەمتر ڕووبەڕوویان دەبۆوە.

"بۆ دەست لەم کارە هەڵگرم؟" کاتێ کە قاپەکانی کۆدەکردەوە، بۆ ماوەیەکی کورت یۆزیف دەستی لەکەمەری ئەو ئاڵاند و دواتر تا موبەقەکە بەدوایدا ڕۆیشت. "بۆچی نابێ سەیرت بکەم؟ ئەزییەتم دایت؟ خەریکە دەگریت!"

"بەڵێ یۆزیف، فرمێسکی خۆشییە! بەڵام کاتێ کە بیر دەکەمەوە فرمێسکی ناڕەحەتیشە کە دەبوایە من چەندێ ئارام بگرم، ئای، ئەسڵەن ئەمڕۆ زۆر سەیرە. لەگەڵ سیگمۆندا سەبارەت بە چی قسەتان دەکرد؟ دەزانی لە کاتی نانخواردن چی پێگوتم؟ دەیەوێت یەکەمین کچی ناوبنێت ماتیلدە! دەیگوت کە دەیەوێت دوو ماتیلدە لە ژیانیدا هەبێت."

"باشە، ئێمە هەمیشە دەمانزانی کە سیگمۆند زۆر هوشیارە، بەڵام ئێستا ئیتر سەلماندی! بەڕاستی ڕۆژێکی زۆر سەیرە. بەڵام ڕۆژێکی گرنگیشە، چونکە بڕیارمدا کە تۆ بهێنم!"

لەپڕا ماتیلدە سینی کوپە قاوەکانی لەسەر زەوییەکە دانا و بەهەردوو دەستی سەری بروێری گرت، دەموچاوی بەرەوخۆی ڕاکێشا و ناوچەوانی ماچکرد. "یۆزیف تۆ کهولت خواردۆتەوە؟ خەریکە



قسەی پڕوپووچ دەکەیت؟" دووجار سینییەکەی هەڵگرت. "بەڵام خۆشیم لێدێت." بەر لەوەی کە دەرگاکە بەڕووی ژووری نانخواردندا بکاتەوە جارێکی تر سەری وەرگێڕاو گوتی: "لاموابوو بەر لە چواردە ساڵ ئەم بڕیارەت داوە!"

"ماتیلدە گرنگ ئەوەیە کە من ئەمڕۆ ئەم بڕیارەم داوە، ئەمڕۆ و هەموو ڕۆژێك."

دوای خواردنی پارچەیەك کێکی دەستکردی ماتیلدە و خواردنەوەی قاوەیەك، فرۆید بەپەلە چوو بۆ نەخۆشخانە و بروێر و ماکسیش بە گلاسی کونیاکەکەیانەوە بۆ ژووری خوێندنەوە دەرۆیشتن و خۆیان بۆ دەستێك یاری شەترەنج ئامادە دەکرد. دوای یارییەکی کورت و بەبێ تێگیران، کە تێیدا ماکس بە قەڵاکەی خۆی ڕووبەڕووی بەرگری فەرەنساییانەی بروێر بۆوە و یارییەکەی بردەوە، ماکس دەستی کردبوو بە دووبارە ڕێککردنەوەی داشەکان. بروێر دەستی خستە سەردەستی هاوەڵزاواکەی و گوتی: "حەزدەکەم قسە بکەین." ماکس نائومێد بوو. پۆڕۆی دووەمی داگیرساند و بەدەم چاوەڕوانیکردنەوە هەورێکی شینی لەدووکەڵ کردە دەرەوە.

لەکاتی گفتوگۆ کورتەکەی بەر لە چەند هەفتەیەکەوە کە بروێر بۆ یەکەمین جار لەبارەی نیچەوە قسەی کردبوو، هەردووپیاو زیاتر لێکنزیك ببوونەوە. ماکس کە بیسەرێکی بە تاقەت و ورد بوو، لە ماوەی دوو هەفتەی ڕابردوودا بە ئارەزوویەکی زۆرەوە گوێی لە ڕاپۆرتەکانی بروێر لەبارەی ئێکهارد مۆلەرەوە گرتبوو. دیار بوو ئەمڕۆش سەبارەت بە گفتوگۆکەی گۆڕستان و تاقیکردنەوە زۆر گرنگە سەیرەکەی بەر لە نیوەڕۆی لەگەڵ فرۆیدا، بە ڕاستی کەوتۆتە ژێر کاریگەری ڕوونکردنەوە درێژەکانی بروێرەوە.

"کەواتە تۆ لە حاڵەتی زیندە خەودا سەرەتا لاتوابوو کە دەمەوێت ڕێگات لێبگرم بۆئەوەی کە ڕێگا لە ڕۆیشتن بگرم؟" شایەت هەرئەم کارەم دەرکرد. ئیتر کەسێ نەدەما کە شەترەنجی لێبەرمەوە! بەڵام بەڕاستی دەڵێم یۆزیف، تۆ بە ڕواڵەت گۆڕاوی! بەڕاستی بڕوات وایە کە بۆ هەمیشە بێرتات لەسەر دەرکردووە؟"

"جێگای باوەڕ نییە، ماکس. ئێستا دەتوانم وەك مرۆڤەکانی تر بیر لەویش بکەمەوە. ڕاست وەکو ئەوەیە کە نەشتەرگەرییەکم ئەنجامدابێ و تێیدا وێنەی بێرتام لە یادەوەری هەستی خۆمدا

پاککردبێتەوە! بۆ من گومانێکی تێدا نییە کە ئەم کارە کاتێك ڕوویدا کە ئـەوم لەگـەڵ پزیـشکی تازەی تازە چارەسەرکاریدا لە باغێکدا بینی!"

ماکس سەری ڕاوەشاند. "تێناگەم. یا باشتروایە کە تێنەگەم؟"

"دەبێ هەوڵدەین کە تێبگەین. ڕەنگە ئەوە هەڵەبێ کە پەیوەندی مـن بـە بیرتـاوە لـە سـاتێکدا لەناوچووبێ کە ئەوم لەگەڵ دکتۆر دۆرکیندا بینی، یا پێموابوو کە دیومـە، ئەگەرچـی لەوکاتـەدا خەیاڵم بەئەندازەیەك واقیعی بوو، بەڵام من ئەو ڕووداوە بەڕاسـت وەردەگـرم. گومـان دەکـەم کـە مژۆڵی زەینیم بە یارمەتی زەحمەتەکانی مۆلەر کزببوو، بە تایبەتی لەم ڕێگایەوە نیشانی مـنی دا کە تاچ ڕادەیەك بێرتا کاریگەری لەسەر من هەیە. دواتر خەیاڵکردنی هیپۆنۆتیزمیانـەی بێرتـا و دکتۆر دورکین، دوایەمین داویشی پچڕاند. بێرتام لەحاڵێکـدا بـینی کـە ڕاسـت هـەمان جووڵـە و ڕەفتاری دەکرد کە من دەمزانی، وەختێ کە ئۆتۆماتیکیانە وەك بلێی لەبەریکردبێ، بـۆ ئەویـشی ئەنجامدەدا، وێناکردنە ئیجبارییەکان، هێزی خۆیان لەدەستدا. بەیەکجاری بۆم دەرکەوت کـە ئـەو بێتوانایە و بەرپرس نییە لە ڕەفتارەکانی. هەڵبەت سەرگەردانی ئەو لە من کەمتر نەبوو. ماکس، ئێمە لە درامای هاوبەشی مژۆڵی زەینی خۆماندا، دوو ئەکتەری میوان بووین."

بروێر بە پۆزەوە پێکەنی. "بەڵام بیهێنەرە بەرچاوی خۆت کە گۆڕانێکی زۆر بـەنرخ لـە هەسـت و سۆزی من سەبارەت بە ماتیلدە لە ڕووداندایە. ئەم هەسـت و سـۆزە لـە خـەودا پێویـستی خـۆی ڕاگەیاند و لەو کاتەوە وردە وردە زۆرتر بووە. بە درێژایی نانخواردن چاوم لەسەری بوو، هەسـتم بـە حەزێکی ناسك دەکرد."

ماکسیش زەردەخەنەیەکی گاڵتەئامێزانەی کرد. "بەڵێ، بینینم کـە چـۆن واقـت وڕمـابوو، ئـەو چەندێ لەم کارە تەریق دەبۆوە! بینینی ئێوە لەم حاڵە ناسکەدا، ڕێك وەکو جـاران وابـوو. ڕەنگـە مەسەلەکە زۆر ئاسان بێت. چونکە تامی لەدەستدانی ئەوت چەشتووە، تـۆ تێگەیـشتی کـە چـی هاوسەرێکت هەیە."

"بەڵێ، ئەمەش هەیە. بەڵام هۆکاری تریش هەن. دەزانیت، من ساڵانێك لەبەرامبـەر هەوسـارێك کە لاموابوو ماتیلدە کردوومی، بەرهەڵستیم دەکـرد، هەسـتم دەکـرد مـنی سـنووردارکردووە و تینووی ئازادی بووم. ئازادی لە پێناوی ناسینی ژنانی تر و هەبوونی ژیانێکی تەواو جیاوازدا."



بەڵام کاتێ کە گوێم لە ئامۆژگارییەکانی مۆلەر گرت و ئەم ئازادییەم بەدەستهێنا، لە ترسا سـەرم گێژبوو. لە هەموو ئەو ماوەیەی کە خەوتبووم، هەموو هەوڵێکی خۆمدا تا لـەم ئازادییـە ڕزگـارم بێت، سەرەتا هەوسارەکەمم لەبەردەمی بێرتـا و دواتـر لەبـەردمی ئـوادا گـرت و بـە دانـەکانم پچڕاندم و گوتم: "'لغاوم بکەن، تکا دەکەم، تکا دەکەم! من نامـەوێت ئـازاد بم! مـن نامـەوێت ئازاد بم!' ئەگەر بمەوێ ڕاستی بڵێم، ئەوا دەڵێم کە ئازادی منی تا ڕادەی مردن ترساند."

لەکاتێکدا کە کارێکی زۆری لێکرابوو، ماکس سەری ڕاوەشاند.

بروێر بەردەوام بوو. "لە یادتە کە باسم لە یادەوەری حاڵەتی هیپۆنـۆتیزم کـرد لـە ڤینیـسیا، لـە ترسی سەرتاش و لەترسی بینینی وێنەی پیربـووم لـە ڕیـزی مارکێتـەکانی جلفرۆشـیدا کـە مـن بەتەمەنترین کڕیار بووم؟ بیرم هاتەوە کە مۆلەر لەمبارەیـەوە دەیگـوت: 'دەبـێ مـرۆڤ دوژمـنی واقیعی هەڵبژێرێت.' بەنەزەرم ئەم ڕستەیە کلیلی مەتەڵەکەیە! ساڵانێکە من لەگـەڵ دوژمنێکـی خەیاڵیدا دەجەنگم. دوژمنی من چارەنووس بوو نەك ماتیلـدە. دوژمنـە واقیعییـەکان: فـەوتان و مردن و ترسی خۆم بوو لە ئازادی. سەرکۆنەی ماتیلدەم دەکرد کە ڕێگا لەوە دەگرێت من چـەندین مەسەلە بۆ خۆم بخەمەڕوو کە لە ڕاستیدا نەمدەویست بیانخەمە ڕوو! چـەند کـەس لـە ئێمـە ئـەم بەڵایە بەسەر ژنەکانیاندا دەهێنن؟"

ماکس گوتی: "منیش هەم. دەزانی کـە زۆر بـیر لـە منـداڵی هاوبـەش و سـەردەمی خوێنـدنمان دەکەمەوە، دەناڵێنم: 'ڕۆی! هەموو شتێك ڕۆی! چۆن دەشێ کە ئەم سەردەمەم لەدەستدابێت؟' بە دزیشەوە ئەم گوناهە دەخەمـە ئەسـتۆی ڕاشـل، وەك بڵێـی کۆتـایی هـاتنی منـاڵیم و پیربـوونم بەدەستی ئەو بووبێت!"

"بەڵێ، مۆلەر دەڵێت دوژمـنی واقیعـی 'ددانـە بڕنـدەکانی ڕۆژگـارە' بـەڵام بـە ڕێگایـەك کـە باسناکرێت ئیدی خۆم لەبەردەمی ئەم ددانانەدا نابینمەوە. ئەمڕۆ بۆ یەکەمین جار وا هەسـتدەکەم کە خۆم ئەم ژیانەم خواستووە. من ئەم ژیانەم هەڵبژاردووە و پەسەندی دەکەم، ئەسـڵەن ئـارەزووی ئەوە ناکەم کە بەجۆرێکی تر بژیامایە."

"یۆزیف، هەرچەندێکیش کـە ئـەم پرۆفیـسۆرەی تـۆ زیـرەك بێـت، بـەڵام بـەڕای مـن تـۆ بـەم هیپۆنۆتیزمە فێڵت لەو کردووە. ڕێگایەکت دیوەتەوە کـە بـەبێ ئـەوەی کـە هەڵنەوەشـاوە بێـت

بڕیاریکی هەڵنەوەشاوە بێنیتە قۆناغی نمایشەوە. بەڵام لەیەك شت تێناگەم، ئەو بەشەی تۆ کەرێبەری ئەم ئەزموونەی لەئەستۆدا بوو، لەکاتی هیپۆنۆتیزمدا لەکوێ بوو؟ بەدرێژایی ئەو کاتەی کە لە خولسەدا بووی، دەبوایە بەشێکی تۆ سەبارەت بە شتێك کە ڕوویدەدا، بەئاگابوایە."

"ڕاستە، ماکس. شایەتی ئەو 'من'ەی کە بەشەکانی تری 'من'ی هەڵدەخەڵەتاند لەکوێ بوو؟ تەنانەت کاتێ کە بیر لەوە دەکەمەوە، حاڵم تێکدەچێت. ڕەنگە ڕۆژێ کەسێکی زیرەك ئەم گرێ کوێرەیە بکاتەوە. بەهەر شێوەیەك بێ بڕواناکەم فێڵم لە مۆلەر کردبێت. بەپێچەوانەوە هەستەکەم کە ئەوم نائومێد کردووە. من بەپێی ڕێنووماییەکانی ئەو کارم نەکرد، ڕەنگیشە سنوور و تخووبەکانی خۆمم ناسیبێت زۆر جار دەڵێت کە هەموو کەس دەبێ خۆی بڕیاربدات کە بەرگەی چەندێ لە هەقیقەت دەگرێت.

باشە من بڕیاری خۆمم داوە. سەرباری ئەوە ماکس من وەك پزیشکێ شکستم خوارد، نەیشمتوانی شتێك بەو بدەم. هەتا لەوە خراپتر ئەوەیە کە ئەسڵەن کۆششێکی تر بۆ یارمەتیدانی ئەو ناکەم."

"یۆزیف، خۆت تەمێ مەکە. هەمیشە بە توندی ڕەخنە لەخۆت دەگریت. تۆ لەگەڵ ئەودا جیاوازیت. سەبارەت بە دامەزرێنەرانی مەزهەبی ئەو دەرسەت لەیادە کە لەگەڵ پرۆفیسۆر یۆدڵ[1] دا پێکەوە دەمانگوزەراند؟ بەوانەشی دەگوت 'خەیاڵپەروەران'. ئەم هێزە مۆلەرەی تۆش هەر پیاوێکی وەهایە. یەك ئەندێشەوان! من زۆر دەمێکە ناتوانم کە ئیتر بزانم کامتان دکتۆرن و کامەتان نەخۆشن، بەڵام ئەگەر بەڕاستی تۆ پزیشکی ئەوبوویت و دەتتوانی ئەو بگۆڕیت ـ کە ناتوانیت ـ ئایا بەڕاستی ئەمەی دەویست؟ ئایا تا ئێستا بیستراوە کە خەیاڵپەروەرێك، خێزاندار یان ماڵی هەبێت؟ نەخێر، ئەمە دەبێتە فەوتانێك. ڕەنگە چارەنووسی ئەوە بێت کە پێشبینیکەرێکی تەنها بێت."

"دەزانی گومانی چی دەکەم؟" ماکس دەمی قوتووی داشماڵی شەترەنجەکەی کردەوە. "تا ڕادەیەك دڵنیام کە ئەو بە ڕادەیەکی پێویست تیماربووە. ڕەنگە کۆتایی بە چارەسەرکردنی هاتبێت. ڕەنگە درێژەپێدانی ئەم تیمارکردنە بۆ نەخۆش و دکتۆریش شووم بێت!"

1- Jodl



# (٢٢)

ماکس لەسەر حەق بوو. کاتی کۆتایی پێهێنانی بەسەرهاتەکە بوو. لەگەڵ ئەمەدا وەختێ دووشەممە، یۆزیف چووە ژووری ژمارە سیانزە و ڕایگەیاند کە بە تەواوی چاکبۆتەوە، بۆخۆیشی سەری سوڕما. نیچە کە لەسەر لێواری چرپاکە بە دانیشتنەوە خەریکی شانەکردنی سمێڵی بوو، لە ئەو سەرسوڕماوتر دەهاتە بەرچاو.

هاواری کرد: "چاکبونەتەوە؟" و شانە لە قاپلۆخە کیسەڵ دروست کراوەکەی خستە سەر پێخەفەکەی. "بەڕاستی دەڵێن؟ چۆن دەشێ؟ وەختێ کە ڕۆژی شەممە خواحافیزیمان لەیەکتری کرد، لەهەموو کات پەرێشانتر دەهاتنە بەرچاو. نیگەرانتان بووم. ئایا زۆر ڕەق بووم؟ چاوەڕوانی زیاترم دەکرد؟ لەخۆم دەپرسی کە ڕەنگبێ حەز بکەن ئەم کارە ڕابگرن. هەڵبەتە ئەم پرسیارەم لەخۆم دەکرد، بەڵام هەرگیز چاوەڕوانی ئەوە نەبووم کە باسی چاکبوونەوە بکەن!"

"بەڵێ فرێدریك خۆیشم لە ڕادەبەدەر حیرەت ماوم، زۆر ناچاوەڕوانکراو بوو، لە پاشی گفتوگۆی دوێنێمان ڕویدا."

"دوێنێ؟ دوێنێ یەکشەممە بوو. ئێمە دوێنێ گفتوگۆیەکمان نەبوو."

"چۆن فرێدریك، هەمانبوو، بەڵام ئێوە ئامادە نەبوون! داستانێکی درێژە."

"یۆزیف، چیرۆکەکەتان بگێڕنەوە! ورد و درشتیم بۆ بگێڕنەوە. دەمەوێ بزانم کە چاکبوونەوە چییە؟" لە ناکاو لە جێگای خۆی هەستا.

"کەواتە وەرن با لە شوێنی گفتوگۆی هەمیشەیی دانیشین." بروێر ئەمەی گوت و لەسەر کورسییە ڕەحەتەکەی خۆی دانیشت و دەستی پێکرد. "زۆر شتم بۆ گوتن هەیە ..." لەم نێوەندەدا نیچە کە بەرەو پێشەوە چەمابۆوە، وەها لە بیری خۆیدا نوقم ببوو، کە بۆ پاراستنی هاوسەنگی ناچار بوو لەسەر لێواری کورسییەکە دابنیشێت.

نیچە داوای لێکرد: "لە دوانیوەڕۆی یەکشەممەوە دەست پێبکەن. ئەو ڕوداوانەی کە دوای گەڕانەوەکەمان قەومان."

"ئاخ، بەڵێ! لەو شاڵاوە دڕندانەیەوە! چی گەڕانێکی نائاسایی و ترسناك بوو! ڕاست دەکەن. کاتێ کە گەیشتینە فایتۆنەکە، حاڵم زۆر خەراپ بوو. هەستێکی سندانئاسام هەبوو، قسەکانتان وەك لێدانی چەکوش بوو. قسەکانتان بۆ ماوەیەکی زۆر لە زەینمدا دەمێننەوە، بە تایبەتی ڕستەیەك."

"کام ڕستە؟"

"تەنیا ڕێگای ڕزگاری هاوسەرێتی من، وازلێهێنانییەتی. یەکێ لە قسە پۆشراوەکانی ئێوە بوو" هەرچی زیاتر لە بارەیەوە بیرم دەکردەوە، زیاتر گێژی دەکردم!"

"کەوایە یۆزیف، دەبوایە مەبەستی خۆم ڕوونتر دەربڕیایە. مەبەستی من ئەوە بوو کە هاوسەرێتی باش تەنێ بە شێوەیەك دەتوانێت بوونی هەبێت کە بە تەنیا لە پێناوی مانەوەی بوونی هەردوو کەسەکەدا گرنگ نەبێت."

بەهۆی ئەوەی کە بروێر پرسیارامێزانە لەوی ڕوانی، نیچە گوتی: "مەبەستم ئەوەبوو کە بۆ ئەوەی دوو کەس بۆ یەکتری باش بن، هەریەکەیان سەرەتا دەبێت بۆ خۆی باش بێت. تا ئەو کاتەی کە لە تەنیایی خۆمان تێنەگەین، ئێمە وەك قەڵغانێك لە بەرامبەر تەنیاییدا سوود لە یەکتری دەبینین. تەنیا کەسێك دەکارێ ئیشق پێشکەش بەوی تر بکات، کە بتوانێ وەکو هەڵۆ ئازایانە بژی" تەنیا ئەو توانای ئەوەی هەیە کە ئارەزووی بوونێکی باڵای بۆ ئەوی دی هەبێت. لەبەر ئەوە هاوسەرێتییەك کە مرۆڤ نەتوانێت دەستبەرداری بێت، ئەوا مەحکومە بە شکست."

"دەتانەوێ بڵێن کە تەنیا ڕێگای ڕزگاری هاوسەرێتی ئەوەیە کە لە کاتی پێویستدا ئامادەی ئەنجامدانی ئەرکی خۆی بێت؟ وابزانم ئەم بەم شێوەیە ڕوونترە." بروێر بۆ ساتێك بیری کردەوە. "ڕوونکردنەوەیەکە کە دەشێ بۆ کەسانی سەڵت و ڕەبەن لە ڕادەبەدەر ڕۆشنکەرەوە بێت، بەڵام پیاوی خێزاندار دەخاتە تەنگەژەیەکی سەختەوە. بەکەڵکی چ شتێکی من دێت؟ ڕاست وەك ئەوەیە کە کەشتییەك لە ناوەندی



دەریادا دروست بکەین. لەبەر ئەوە ڕۆژی شەممە لەگەڵ ئەم پارادۆکسە* قەدەرێکی زۆر خەریکی ململانێ بووم، کە دەبێت لە پێناوی ڕزگارکردنی هاوسەرێتییەکەم بە یەکجاری وازی لێ بهێنم، بەڵام دواتر لەناکاو تێگەیشتم." نیچە کە زۆر بە دیقەتەوە گوێی دەگرت، چاویلکەکەی هەڵگرت و دیسانەوە بەرەوپێشەوە چەمایەوە. بروێر خەیاڵی ئەوەی کرد: "ئەگەر کەمێکی تر بێتە پێشەوە، دەکەوێتە خوارەوە." بەڵام گوتی: "لەبارەی هیپۆنۆتیزمەوە چی دەزانن؟"

نیچە وەڵامی دایەوە: "ئەو خووە موگناتیسییە ئاژەڵییە؟ خەواندنی موگناتیسی؟ زۆر کەم دەزانم. تەنیا ئەوە دەزانم کە خودی مێسمێر* سەرسەرییەك بوو. بەڵام بەم نزیکانە خوێندمەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە دکتۆرە موعتەبەر و بەناوبانگەکانی فەڕەنسا بۆ دەرمانکردنی هەندێك لە نەخۆشان سوودیان لە میتۆدی مێسمێر وەرگرتووە و ئێوەش بۆ دەرمانکردنی بێرتا سوودتان لێبینیوە. تەنیا ئەوە دەزانم کە حاڵەتێکی وەکو خەو دروست دەکات کە مرۆڤ لەناویدا بێحەد قسەی کەسانی تر وەردەگرێت."

"لەمە زیاتر، فرێدریك.حاڵەتێکە بۆ مرۆڤ کە دەشێ لە خەییاڵدا ئامادەیی بینینی دیاردە زیندووەکانی هەبێت. ئەمە ئایدیای من بوو، کە ڕەنگە بتوانم بەهۆی هیپۆنۆتیزمەوە ڕێگا چارەیەك بۆ گرفتی هاوسەرێتیم بدۆزمەوە، بەڵام لە ژیانی واقیعیدا گۆڕانێکی پێنەبەخشیم."

بروێر هەموو ئەو ڕووداوانەی بۆ نیچە باسکرد کە بەسەریدا هاتبوو. هەڵبەتە تاڕادەیەك هەمووی! دەیویست سەیرکردنی بە دزی بێرتا و دکتۆر دۆرکین لە باغی ئاسایشگای بیلیڤودا باس بکات، کەچی لە دواییدا بڕیاریدا کە ئەوە لە کن خۆی بپارێزێت. تەنیا باسی لە سەفەرکردن بۆ ئاسایشگا و دەرچوونی لە ناکاوی خۆی کرد.

نیچە گوێی دەگرت، وردە وردە زیاتر و جیدی تر سەری ڕادەوەشاند و چاوانی بەهۆی سەرنجدانی توندییەوە، ماق مابوون. کاتێ بروێر گەیشتە کۆتایی بەسەرهاتەکە، نیچە بێ جووڵە و بێ دەنگ دانیشت.

"فرێدریك، زمانتان بەستراوە؟ ئەمە یەکەمین جارە بەم شێوەیە دەتانبینم. هەڵبەت هێشتا خۆیشم گێژم، بەڵام حاڵێکی زۆر باشم هەیە. هەست بە زیندوێتی دەکەم. باشترین حاڵی ئەم ساڵانەی دواییمە! هەست دەکەم پەیوەستم بە ئەمڕۆوە و بە تەواوی لای ئێوەم، نەك ئەوەی کە بە ڕواڵەت خۆم لێرە و خەیاڵم لای بێرتا بێت."

---

* پارادۆکس/ دژەبیر

* Mesmer / ئەو کەسەی کە لە ساڵی ١٧٧٥ دا بۆ یەکەمین جار خەواندنی موگناتیسی لە ڤییەنا ئەنجام دا. و.ف

نیچە بە دیقەتەوە گوێی دەگرت، لێ قسەیەکی نەدەکرد. بروێر بەردەوام بوو: "لە هەمانکاتیشدا کەمێ خەمگینم، فرێدریك. بە بێمەیلییەکی زۆرەوە واز لە گفتوگۆکانمان دێنم. لەم دونیایەدا ئێوە لە هەموو کەس زیاتر زانیاریتان سەبارەت بە من هەیە و پەیوەندیمان بۆ من بەهایەکی زۆری هەیە. سەرباری ئەمە شەرمەزاری دەکێشم! پاشتریش لە چاکبوونەوەم شەرمەزارم. بە ڕای خۆم بە هیپۆنۆتیزمکردنی خۆم، ئێوەم دوور هەڵداوە. بەبێ ئەوەی کە ئازایەتی بنوێنم، نواندم! دەبێ لەمن دڵسارد بن."

نیچە بە گەرمییەوە سەری ڕاوەشاند. "نا هەرگیز بەمجۆرە نییە."

بروێر بە نارەزاوە گوتی: "من پێوەرەکانی ئێوە دەناسم، دەبێ لاتان وابێ کە پاشەکشەم کردووە! چەندین جار بیستوومە کە دەپرسن: 'چەندێ بەرگەی هەقیقەت دەگرن' من دەزانم کە ئێوە بەوە توانای ڕۆحێك دەپێون. پێم وایە وەڵامی من ئەمە بێت: 'زۆر بەرگە ناگرم!' تەنانەت لەژێر هیپۆنۆتیزمیشدا لە ژێر باری ئەم ئەزموونە دەرنەچووم. هەوڵمدا ئەوە بەرجەستە بکەم کە بەدوای ئێوەدا هاتوومە بۆ ئیتالیا. تا ئەو شوێنەی کە ئێوە دەڕۆن و چاوەڕوانی من دەکەن، ڕۆیشتم، بەڵام بوێری خۆمم لەدەست دا."

نیچە لە کاتێکدا کە هێشتا سەری ڕادەوەشاند، چەمایەوە و سەری خستە سەر دەسکی کورسییەکەی بروێر و گوتی: "نا یۆزیف، ئێوە زۆرتان بڕی و هەتا لەزۆربەی خەڵك زیاتر ڕۆیشتن."

بروێر ئەمەی پەسەند کرد. "دەشێ تا سەر تخووبی توانای سنووردارم ڕۆیشتبم. ئێوە هەمیشە جەختتان کردووە کە دەبێ من ڕێگای خۆم بدۆزمەوە و مافی ئەوەم نییە کە بەدوای هەر ڕێگایەکەوە، یان ڕێگای ئێوەوەبم. ڕەنگبێ ڕێگای من بە ژیانێکی سوودمەند و ئەولاتر لە کار، کۆمەڵگا و خێزان کۆتایی بێت. لەگەڵ ئەمانەشدا هەست دەکەم کە ئەم چاوەڕوانییەم بەدی نەهێنا و لەباتی ئەوەی کە وەك ئێوە تەماشای پرشنگی ڕووناکی واقیعییەت بکەم، ئاسوودەیی و ئارامیم هەڵبژارد."

"بەپێچەوانەوە، من هەندێ کات حەز دەکەم کە بتوانم بەرەو سێبەر هەڵبێم."

تۆنی دەنگی نیچە غەمگین و پڕ لە تاسە بوو. ئاهی قووڵی ئەو سەر لە نوێ بروێری بەخۆیدا هێنایەوە کە لەم کردەیەدا دوو نەخۆش هاوبەش بوون، لێ تا ئێستا هاوکاری یەکێکیان کرابوو. لەبەرخۆیەوە خەیاڵی دەکرد: "ڕەنگە هێشتا درەنگ نەبێت."

"فرێدریك، سەرباری ئەوەی کە هەست بە تیمارکراوی خۆم دەکەم، هێشتا حەز ناکەم گفتوگۆکەمان کۆتایی بێت."



نیچە ئارام، بە هۆشیاری و پێداگرییەوە سەری بە نیشانەی نەخێر، ڕاوەشاند."ئێمە گەیشتووینەتە کۆتایی کار. کاتی ئەوە هاتووە کە کۆتایی بە قسەکانمان بهێنین."

بروێر نارەزا بوو. "ئەمە خۆویستییە کە ئێستا دەست هەڵبگرین. من زۆر شتم وەرگرت، لێ لە بەرامبەردا زۆر شتی کەمم بە ئێوە دا. هەڵبەت ئێوە بۆ خۆیشتان بواری ئەم کارەتان پێنەدام. ئێوەبە ئەندازەیەك سەرسەخت بوون، تەنانەت هێرشێکی میگرەنیشتان پێ ڕەوا نەبینیم!"

"گەورەترین دیارییەك کە دەتانتوانی بە منی بدەن ئەوەبوو کە لە ڕێگای تێگەیشتن لە چاکبوونەوە، هاوکاریم بکەن."

بروێر وەڵامی دایەوە: "لاموایە کە گرنگترین خاڵ، ناسینی دوژمنی ڕاستەقینە بوو. هەر کە تێگەیشتم دەبێ لەگەڵ دوژمنی ڕاستەقینە ـ کات، پیری و مەرگ ـ دا بجەنگم، بۆم ڕوونبۆوە کە ماتیلدە نە دوژمن و نە ڕزگارکەری منە، بەڵکو زۆر سادەتر، یەك هاوڕێیە کە بازنەی ژیانم لەگەڵدا دەپێوێت. بەجۆرێك کە ناوترێت، ئەم هەنگاوە ئاسانە هەموو ئیشقی لەدەستچووی منی بۆ ئەو ڕەها کرد. فرێدریك، ئەمڕۆ ئەو وێناکردنە پەسەند دەکەم کە ژیانم تاهەتایە بەم شێوەیە دووبارە بێتەوە. لە کۆتاییدا دەتوانم بڵێم: 'بەڵێ من ئەم ژیانەم دەویست. ژیانم ئاساییە.'"

نیچە بە نائارامییەوە وتی: "هەڵبەت دیارە کە ئێوە گۆڕاون و دەبێ منیش بە میکانیزمی ئەم گۆڕانە ئاشنا ببم، ئەبێ بزانم کە چۆن کەوتۆتە کار!"

"تەنیا بەم شێوەیە دەتوانم باسی ئەوە بکەم. ترسی پیری ـ یان بەهەمان شێوەی کە ئێوە دەڵێن 'چاوچنۆکی کات ' دوو ساڵی تەواو منی لە پەلوپۆخستوو. من کوێرانە بەرگریم دەکرد. لە باتی دوژمنی ڕاستەقینە، هاوسەرەکەمم دەکردە ئامانجی هێرشەکانم و لە کۆتاییدا بە نائومێدییەکی زۆرەوە لە باوەشی کەسێکدا بەدوای ئازادیدا دەگەڕام، کە نەیتوانی ئازادم بکات."

بروێر ساتێ بێدەنگی لێکرد و بە تیاماوی سەری خوراند. "نازانم ئەبێ چۆن باسی ئەوە بکەم، بەڵام ئێستا بە یاریدەی ئێوە دەزانم کە کلیلی ژیانێکی لێوڕێژ لەوەدایە کە شتێکی حەتمیم بوێت و دواتر شتێك کە خواستوومە خۆشم بوێت."

نیچە سەری سوڕمابوو، قسەکانی بروێر بووە مایەی ئەوەی کە بە شێوەیەکی کاتی نائومێدییەکەی لە یاد بکات.

"'چارەنووست خۆش بوێت.' سەیرە کە ئێمە لە ڕووی ڕۆحییەوە چەندێ لە یەکتری نزیکین! من بڕیارم وابوو کە خۆشویستنی چارەنووس بخەمە بەشی دوایین و کۆتایی ڕزگارکردنی ئێوەوە. بیرم کردەوە کە ئەوە نیشانی ئێوە بدەم کە چۆن دەتوانن لەگەڵ گۆڕینی 'بەم شێوەیە بوو' بۆ 'ئەم شێوەیەم دەویست' بەسەر نائومێدی خۆتاندا زاڵ بن. بەڵام ئێوە بەردەمتان لێگرتم. بەهێزبوون، تەنانەت بەجێمان. بەڵام ..." بە هەیەجانەوە بێدەنگی لێکرد، و دواتر گوتی: "... بەڵام نەتانگوت کە چۆن سەرکەوتن لە دەرکردنی ئەو بیّرتایەی کە ئاگایی ئێوەی ڕامکردبوو، و ئارامی لێبڕیبوون؟!"

"بایەخێکی نییە. لەوە گرنگتر ئەوەیە کە ناچار نەبیت کە خەفەت بۆ ڕابردوو بخۆیت، بەڵکو... "

نیچە بە نائومێدییەکەوە کە بروێری ترساند، بە دەنگی بەرز گوتی: "گوتتان کە دەتانەوێت شتێك بەمن بدەن، لە یادتان کرد؟ کەواتە شتێك بە من بدەن، بە هەموو ورد و درشتێکییەوە بڵێن کە چۆن ئەوتان دەرکرد!"

بروێر لەبەر خۆیەوە وە یادی هێنایەوە: "ئەوە من بووم کە بەر لە دوو هەفتە دەپاڕامەوە بۆ ڕێنوماییەکی پراکتیکی و نیچەش سوور بوو لەسەر ئەوەی کە بە هیچ کلۆجێ ڕێگایەك نییە و هەموو کەسێ ئەبێ واقیعییەتی خۆی پەیدا بکات. دەبێ باری چ ڕەنجێکی گران هەڵگرێت کە ئێستا بە ئومێدی دۆزینەوەی شیفای خۆی لە چاکبوونەوەی مندا، واز لە ڕێنوماییەکانی خۆی بهێنێت."

بروێر بڕیاریدا کە تەسلیمی داواکەی نیچە نەبێت.

گوتی: "فرێدریك، زۆر حەزم لێیە کە وەك قەرەبووکردنەوەیەکی ئەوەی کە ڕویداوە ئەم کارە بکەم، بەڵام دەبێ ئەوە دیارییەکی واقیعی بێت. دەنگتان زەرورەتێك نیشان دەدات و کەچی مەبەستی خۆشتانم لێدەشارنەوە. بە تەنیا ئەمجارە متمانەم پێبکەن! ڕاست بڵێن چیتان لە من دەوێت؟ ئەگەر لە توانامدا بێت، لە قووڵایی دڵەوە دەتاندەمێ."

نیچە بە خێراییەوە لەسەر کورسییەکەی هەستا و چەند دەقەیەك بە هەیەجانەوە هاتوچووی کرد. لە تەنیشتی پەنجەرەکەوە وەستا و لە کاتێکدا کە پشتی لە بروێر بوو، لە دەرەوەی دەڕوانی. بەجۆرێ دەستی بە قسان کرد کە دەتوت ئاڕاستەی قسەکردنی زیاتر بەرەو خۆیەتی تاوەکو بروێر. "پیاوێکی قووڵ پێویستی بە دۆستەکانییەتی. ئەگەر هاتوو لەمەشی کەم بوو، ئەوا هێشتا خودایانی خۆی هەیە. بەڵام من نە دۆستێکم هەیە و نەخودایەك. منیش ـ وەکو ئێوە ـ ئارەزووگەلێکم هەیە کە کەمتر نییە لە ئارەزووکردنی هەبوونی دۆستێکی کامڵ. دۆستایەتییەکی سەمیمانە و یەکسان لە نێوان دووکەسدا. چی وشەیەکی مەستکەرانەیە، چەندێ دڵدانەوە و ئومێدی بۆ کەسێکی وەك من لەناوخۆدا هەڵگرتووە کە هەمیشە تەنها



بووە و هەردەم بەدوای مرۆڤێکدا دەگەڕێ ـ و هەرگیز ئەوەشی نەدۆزیتەوە ـ کە بە تەواوی بەوەوە پەیوەست بێت.

هەندێ کات لە نامەکانمدا بۆ خوشك و دۆستەکانم، دەردەدڵم دەکرد، بەڵام کاتێك ڕووبەڕووی ئینسانەکان دەوەستمەوە شەرمەزار دەبم و ڕوو وەردەگێڕم."

بروێر بەئارامییەوە پرسی: "بەهەمانشێوەی کە ئێستا ڕوو لە من وەردەگێڕن؟"

"بەڵێ." نیچە بێدەنگ بوو.

"فرێدریك، ئێستا ناتانەوێت ڕازە شاراوەکانی دڵی خۆتان بۆ من خویا بکەن؟"

لە کاتێکدا کە هێشتا لە پەنجەرەکەوە نیچە لە دەرەوەی دەڕوانی، سەری ڕاوەشاند. "هەرکاتێ کە تووشی تەنیاییەکی تەحەمولنەکراو دەبووم، و ڕاملێبوو کە لەبەردەمی کەسانی تردا لە نائومێدی هەڵبێم، هەستم بە بچووکبوونەوەیەکی وەسفنەکراو دەکرد، وەك بڵێی لەخۆم نامۆبووم و ئەو مونتەهایەی کە لە بوونمدایە، پەیمانشکێنی دەکات.

زۆر ڕێگام بە کەسانیتر نەداوە کە دەردە دڵم بۆ بکەن. لەترسی ئەوەی نەوەك کەسێ ناچار بکەم کە بەهەمان هۆ لەبەردەستی مندا بێت. بە توندی خۆم لە هەموو ئەم شتانە دوورەپەرێز دەگرت، تا ئەو ڕۆژەی کە ..." ـ بەرەو لای بروێر گەڕایەوە ـ "... بە دەستگوشین ئەو پەیمانە سەیرەمان بەست. ئێوە یەکەمین کەسن کە لەبەرامبەریدا وەستام، تەنانەت لە سەرەتادا ئەو ترسەم هەبوو کە ئێوەش خیانەتم لێبکەن."

"ئەی دوایی چی بوو؟"

"لە سەرەتادا من لە باتی ئێوە شەرمەزار دەبووم، لە ژیانمدا ناچاربووبووم کە دانپیانانێکی وەها سادە ببیستم. هیلاك و لە ڕادەبەدەر ڕەشبین بووم و داوەریم لەبارەتانەوە دەکرد. هەست وسۆزم چەندین جار گۆڕا و وردە وردە زیاتر ئافەرینی ئازایەتی و ڕاستگۆییتانم دەکرد. دواتر متمانەی ئێوە کاری لێکردم و ئەمڕۆ لە خەفەتی ئەوەی کە دەبێت لێکجوودا ببینەوە، زۆر خەمبارم. دوێنێ شەو خەونم پێوەبینین، خەونێکی خەمناك بوو."

"چی خەونێکتان دی، فرێدریك؟"

نیچە لەلای پەنجەرەکەوە بۆ سەر جێگاکەی گەڕایەوە و ڕووە و بروێر گوتی: "لە کلینیکێکدا لەخەو ڕادەبم، دونیا تاریك و ساردە. هەموو ڕۆیشتوونە. بەدوای ئێوەدا دەگەڕام. چرایە دادەگیرسێنم لە ڕاڕاوە بێکۆتا و

چۆڵەکەدا ڕێدەکەم. دواتر لە قادرمەکانەوە سەردەکەوم و دەچمە ژوورێکەوە کە دیمەنێکی سەیر لەوێدا چاوەڕوانی دەکردم. ئاگرێك، بەڵام نەوەك ئاگری سۆپایەك، بەڵکو ئاگرێکی ڕاستەقینە بە پێڵەدار و ڕێك لە ناوەڕاستی ژوورەکەدایە کە هەشت بەردی باریك و درێژ بەشێوەی ستوونی دەوریان تەنیوە، دەتگوت لەوێدا دانیشتوونە تا خۆیان گەرمکەنەوە. لەناکاو خەمێکی قووڵ دامەدەگرێ و دەکەومە گریان و ... لەخەو ڕادەبم."

بروێر گوتی: "خەونێکی سەیرە. ئایا ڕایەکی تایبەتیتان لەبارەیەوە هەیە؟"

"من تەنیا هەست بە خەم و تاسەیەکی قووڵ دەکەم. تائێستا لەخەونمدا نەگریابووم. ناتانەوێ هاوکاریم بکەن؟"

بروێر جارێکی تر داوا سادەکەی نیچەی بۆ خۆی دووبارە کردەوە: "ناتانەوێ هاوکاریم بکەن؟" چەندێ بەتاسەوە چاوەڕێی شتێکی وەها بوو! ئایا بەر لە سێ هەفتە ئەوە بە خەیاڵیدا دەهات کە تکایەکی وا لەو بژنەوێت؟ نەدەبوا پۆزسیۆنی خۆی لەدەست بدات.

بەدەنگێکی بەرزەوە بیری کردەوە: "هەشت بەرد لە بەرامبەر ئاگرێکدا گەرم دەبنەوە. چ وێنەیەکی سەیرە. ئێستا گوێ لە ڕای من بگرن. بێگومان ئەو هێرشە میگرەنییەی خۆتانتان لە مێوانخانەی شلیگڵ لە یادە؟"

نیچە سەری لەقاند. "زیاتریشم لە یادە. هەڵبەتە تاوێکیش تەواو بەئاگا نەبووم."

بروێر گوتی: "شتێك هەیە کە ئەو کاتە من لە ئێوەم شاردەوە. کاتێ کە بێهۆش کەوتبوون، چەند وشەیەکی خەمگینتان گوت، بۆ نمونە 'هیچ جێیەك.' "

ڕوخساری نیچە نەگۆڕا. "'هیچ جێیەك؟' دەبێ مەبەستم چی بێت؟"

"گومانەکەم کە پێتان وایە پەیوەست نین بە 'هیچ جێیەك.' وە، نە پەیوەستن بە دۆستانی خۆتانەوە و نە بە کۆمەڵگاوە. فرێدریك، من بزانم ئێوە بەتاسەی شوێنێکەوەن کە بتوانن پێوەی پەیوەست بن، بەڵام ترستان لە ئارەزووی خۆتان هەیە!"

بروێر هەوڵیدەدا تا ئەوپەڕی توانا دەنگی گونجاو بێت: "بە تایبەتی دەبێ ئەم وەرزە بۆ ئێوە وەرزی تەنیایی بێت. ژمارەیەکی زۆری نەخۆشەکان ئێستا بەڕێدەکرێن تاوەکو لە لای خێزانەکانی خۆیان جەژنی کریسمس بگێڕن. ڕەنگێ بەو هۆیەوە بێ کە لە خەونتاندا ژوورەکان چۆڵن. ئێوە بەدوای مندا دەگەڕێن و ئاگرێك دەدۆزنەوە کە هەشت بەرد گەرم دەکاتەوە. دڵنیام کە ماناکەی دەزانم. ژمارەی خێزانی ئێمە حەوت



کەسین. پێنج منداڵ و من و هاوسەرەکەشم. ئایا دەشێ کە ئێوە بەردی هەشتەم بن. خۆ ناشێ خەونەکەتان نیشاندەری ئارەزووی ئێوە بێت بۆ دۆستی لەگەڵ من و ژیان بێت لە ماڵەکەی مندا؟ ئەگەر بەم شێوەیە، ئەوا لە ناخی دڵەوە بەخێرهاتنی ئێوە دەکەم."

بروێر بۆ پێشەوە چەمایەوە و قۆڵی نیچەی گرت.

"فرێدریك، وەرنە لای من. لەوانەیە نائومێدی من لەناوچوویێت، بەڵام نابێ بەم هۆیەوە ئێمە لەیەکتری جیاببینەوە. ئەم ڕۆژانی پشووە ببە بە میوانی ئێمە، یان لەوە باشتر، ئەم زستانە لای ئێمە بەسەر ببەن. بەم کارە من زۆر شادومان دەکەن."

نیچە بۆ ساتێکی زووگوزەر دەستی خستە بان دەستی بروێر. دواتر بە پەلە هەستا و بەدەوری ژوورەکەدا سووڕایەوە و بەرەو پەنجەرەکە چوو. بایەکی توند لەلای باکووری ڕۆژاواوە، بە توندی تنۆکە بارانەکانی بە پەنجەرەکەدا دەدا. نیچە گەڕایەوە.

"سوپاسی بانگهێشتان ئەکەم بۆ ماڵەکەتان، بەڵام ناتوانم قەبوولی بکەم."

"بۆچی ناتوانن؟ فرێدریك. دڵنیام کە هەم بۆ ئێوە و هەم بۆ منیش چاکە. ئێمە ژوورێکی میوانمان هەیە کە ئاوا بەقەد ئەم ژوورە دەبێت، لەگەڵ ژوورێکی خوێندنەوەدا کە دەتوانن بە هێمنی تێیدا بنووسن."

نیچە بە هێواشی بەڵام لێبڕاوانە سەری ڕاوەشاند. "بەر لە چەند دەقەیەك باس لە تەنیایی بوو. ئێوە باستان لەوە کرد کە بوێری ڕۆیشتنی تا سەر تخووبی توانای سنووردارتان هەبووە. منیش لەسەر سنووری خۆم، واتە لە سەر سنووری توانا و شایستەییم لە پەیوەندییە مرۆییەکاندا، وەستاوم. لە هەمان ئەمکاتەدا کە ڕووبەڕوو لە دڵەوە پێکەوە قسە دەکەین و لە قووڵایی ڕۆحی یەکتری دەڕوانین، من پێم لە سنوورەکانی خۆم زیاتر تێپەڕانندووە."

"فرێدریك، دەتوانرێ سنوورەکان بگۆڕدرێن و ببرێنە پێشەوە. وەرن با هەوڵی خۆمان بدەین!"

نیچە هاتوچووی دەکرد. "هەرکە ئیعتراف بکەم: 'ئیتر من لەمە زیاتر تەحەمولی تەنیایی ناکەم!' بەجۆرێ کە ناوترێ ڕێزۆمەندی خۆمم کەمکردۆتەوە و خیانەتم لەخۆم کردووە. ڕێگای ڕەنگرێژراوی من داوا دەکات کە لە بەرامبەر ڕاڕایی کوێرەڕێکاندا بەرگری بکەم."

"بەڵام فرێدریك، ئێوە خۆ ناتانەوێت لەپێناوی تەسلیمبوون بە کەسانی دی، دەستبەرداری خۆتان بن! جارێك گوتتان کە دەتوانن لەبارەی مرۆڤبوونەوە زۆر شت لە منەوە فێربن. کەوایە ڕێگا بدەن ئەوەتان فێرکەم! گومانباری و چاودێربوون هەندێ جار ئاقڵانەیە، بەڵام هەندێ جاریش دەبێ مرۆڤ هەموو

بەدگومانییەکانی وەلابنێت و لێگەڕێ دەستی لێبدەن." دەستی درێژکرد. "وەرن فرێدریك، لە تەنیشتمەوە دانیشن."

نیچە گوێڕایەڵانە بۆ سەر جێگاکەی خۆی گەڕایەوە و دانیشت. چاوانی نوقاند و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. کاتێ کە چاوانی کردەوە بوێری ئەم بازدانەی پەیدا کرد.

"یۆزیف، ماجەراکە ئەوە نییە کە لەوانەیە خیانەت بە من بکەن، بەڵکو زیاتر ئەوە من بووم کە خیانەتم لە ئێوە کرد و درۆم کرد. من لە هەمبەر ئێوەدا ڕاستگۆ نەبووم و ئێستاش کە منتان بۆماڵی خۆتان داوەتکردووە و وردەوردە خەریکە زیاتر لێکنزیك دەبینەوە، ئەم خیانەتە زیاتر ئازارم دەدات! کاتی ئەوە هاتووە کە قەرەبووی بکەمەوە، ئیتر نابێ درۆیەك لە نێوانی ئێمەدا هەبێت! ئەگەر ڕێگا بدەن، دەمەوێت دەردەدڵتان بۆ بکەم" دۆستی من گوێ لە چیرۆکی من بگرن."

نیچە سەری وەرگێڕا و چاوێکی بە تابلۆی ئەسفەهاندا گێڕا و بە دەنگێکی لەرزۆکەوە دەستی بە قسەکرد:
"بەر لە چەند مانگێك گرفتاری ئەفسوونی ژنێکی جاهێڵ و ئاوارتەی ڕوس بووم، بەناوی لۆسالۆمێ. بەر لەئەو ئەسڵەن ڕێگام نەدابوو کە هەرگیز دڵم گرفتاری ژنێك ببێت. لەوانەیە هۆی ئەوە بێت کە منالێیم بە توندی لەژێر کاریگەری ژناندا بووە. داوی مردنی باوکم، ژمارەیەکی زۆری ژنی وشك و سەختگیری وەك دایکم، خوشکم، دایەگەورەم و پورەکانم دەوری منیاندا. ئەشێ ئەمە زەمینەی ڕەفتاری بەدەستهاتووی من بووبێت، چونکە هەموو کاتێ بە ڕقەوە تەماشای پەیوەندییەکی ئاشقانەم لەگەڵ ژنێکدا دەکرد. هەمیشە پەیوەندی ئاشقانە ـ و ژن ـ م بە داو و لادانێکی مەترسیدار دەزانی کە دەبوونە ڕێگری پەیامەکەم. بەڵام لاموابوو کە لۆسالۆمێ لەگەڵ ئەوانی تردا جیاوازە. هەرچەندە جوان و لەخۆبایی بوو، بەڵام لەهەمووی گرنگتر لە ڕووی ڕۆحییەوە لەگەڵ مندا دەگونجا. هەستم پێدەکرد. ڕێگا تازە بەرەو ژوورکەکانی نیشان دەدام کە بەر لەو بۆ سیخوڕیکردنی ئەوانە بوێری تەواوم نەبوو. ئومێدەواربووم کە قوتابی و میراتگر و درێژەپێدەری ڕێگای فیکری من بێت.

بەڵام دواتر ئەو ڕووداوە ناخۆشە قەوما! تاسە و ئارەزووم منی خستە هەیەجانەوە. لۆسالۆمێ سوودی لەمە وەرگرت و لەبەرامبەر پاوڵ ڕێدا، کە وەك دۆستێکی دێرینە ئێمەی بە یەك ئاشناکردبوو، دەستی بە یاری کرد. منی خستە ئەو گومانەوە کە پیاوی چارەنووسی ئەوم، بەڵام کاتێ کە پێشنیاری زەوجینم بۆ کرد، منی لەخۆی دوورخستەو. هەموویان خیانەتیان لێکردوومە: ئەو، ڕێ، خوشکم کە هەموو هەوڵێکی خۆی خستەکار تاوەکو داوی پەیوەندی نێوانمان بپچڕێنێت. ئێستا هەموو شتێك بێهودەیە و وەکی دوورخراوەیەك دەژیم، دوور لەهەموو ئەوشتانەی کەلام خۆشەویستبوون."



بروێر گوتی: "لە یەکەمین دیدارماندا، ئاماژەتان بۆ سێ جار خیانەت کرد..."

"یەکەمین کەس ڕیچار واگنەر بوو. واگنەر بەر لە چەند ساڵێك خیانەتی لێکردم. ئێستا ئیتر تیغی ئەو خیانەتە کول بووە. مەبەستم لە دوو خیانەتی تریش لۆسالۆمێ و پاوڵ ڕێ بوو. بەڵێ ئەو کاتە مەبەستم لەوانە بوو. بەڵام بەجۆرێ خۆم نیشاندەدا وەك بڵێی بەسەر ئەو قەیرانەدا زاڵ بوومە. خیانەتی من هەمان ئەم شتە بوو، چونکە لە ڕاستیدا تا ئەم سەعاتە بەسەر هیچدا زاڵ نەبووم. لۆسالۆمێ لە قووڵایی ئاگایی مندا لانەی کردووە. نیازی نییە بداتە لاوە. هیچ ڕۆژێك و بە زۆریش هیچ سەعاتێك نییە کە بیر لەو نەکەمەوە و زۆربەی کاتیش ئەم بیرکردنەوەیە تژییە بە نەفرەت. حەز دەکەم بیبینم و لە بەرچاوی خەڵکدا ڕیسوای بکەم، دەمەوێت لە خاکی ڕەشدا بیبینم. دەبێ لێم بپاڕێتەوە تاوەکو دووبارە لەگەڵیدا باشبم! ئینجا دووبارە هەست و سۆزی پێچەوانەی ئەمە پەیدا دەکەمەوە. بە تاسەی بینینیەوەم، لای خۆمەوە وێنای ئەوە دەکەم کە دەستی دەگرم و بەسەر دەریاچەدا قەیاخسواری دەکەین و سڵاو بۆ هەڵاتنی هەتاو دەکەین ..."

"ئەو بێرتای ئێوەیە؟"

"بەڵێ، ئەو بێرتای منە! هەرکاتێ کە مژۆڵی خەیاڵی خۆتان خۆتان باسدەکرد، هەر وەختێ کە نائومێدانە هەوڵتان دەدا ئەو لە ئاگایی خۆتان وەدەرنێن، هەر کاتێ کۆششتان دەکرد کە لە مانای ئەو بگەن، زەحمەتتان بۆ منیش دەکێشا! ئێوە بارێکی دووجارەتان بەسەرشانەوە بوو، باری من و باری خۆشتان! من ـ وەکو ژنێ ـ خۆم دەشاردەوە و کاتێ دەردەکەوتم کە ئێوە دەڕۆیشتن, پێیەکانم دەخستە شوێن پێیەکانی ئێوە و هەوڵمدەدا لاسایی ئێوە بکەمەوە. من ترسنۆکی خۆمم لە پشتی ئێوەوە دەشاردەوە و سەرباری هەبوونی مەترسی و نەنگییەکانی ئەم ڕێگایەش، کەچی بە تەنیا بەجێم دەهێڵان."

فرمێسك لە چاوانی نیچەوە دەچۆڕا و بە دەسترێك پاکی دەکردەوە.

دواتر سەری بڵندکردەوە و لە چاوانی بروێری ڕوانی. "ئێستا دانپیانانی شەرمهێنەری منتان بیست. ئێستا تێدەگەن کە چاکبوونەوەی ئێوە بۆ من چەندێ ڕاکێشەرە؟ ئازادبوونی ئێوە دەتوانێ بۆ ئازادبوونی منیش بەس بێت. بێگومان تێدەگەن کە بەچی هۆیەك دەبێ بزانم کە چۆن بێرتاتان لە ئاگایی خۆتان وەدەرنا! ئەبێ پێم بڵێن!"

بەڵام بروێر سەری ڕاوەشاند. "یادی خولسەکەم خەریکە کەمڕەنگ دەبێتەوە. بەڵام فرێدریك، تەنانەت ئەگەر بیشمتوانیایە وردەکارییەکانی بێنمەوە یادم، دەبێ چ سوودێکی بۆ ئێوە هەبێت؟ خۆتان بە منتان

گوت کە یەك ڕێگا بوونی نییە، و تەنها واقیعییەتی بەرز و باڵا ئەوەیە کە هەرکەسێ بۆ خۆیی دەدۆزێتەوە."

نیچە سەری دانەواند. "بەڵێ، بەڵێ ڕاست دەکەن."

بروێر سینگی پاکردەوە و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. "لەبەر ئەوە من ناتوانم شتێك کە دەتانەوێت ببیستن، پێتان بڵێم، فرێدریك." کرپوو، دڵی بە توندی لێیدەدا. ئێستا سەرەی ئەو بوو کە ئیعتراف بکات. "بەڵام شتێك هەیە کە دەبێ پێتانی بڵێم، منیش ڕاستگۆ نەبووم و ساتی ئاشکراکردن بۆ منیش وا دەگات."

گومانێکی تاریك جەستەی داگرتەوە. هەر شتێ کە دەیگوت یان دەیکرد، بێگومان نیچە ئەوەی بە چوارەمین خیانەتی ژیانی خۆی حیساب دەکرد، بەڵام ئیدی ڕێگایەك بۆ گەڕانەوە نەبوو.

"فرێدریك، دەترسم کە ڕەنگبێ ئیعترافی من بە قیمەتی لەدەستدانی دۆستایەتی ئێوە تەواوببێت. بەڕاستی حەز دەکەم کە بەم شێوەیە نەبێت. دۆستی من، تکا دەکەم باوەڕبکەن ڕێزێك کە سەبارەت بە ئێوە هەستی پێدەکەم، بۆتە مایەی ئەم درکاندنە. بۆیە ترسی ئەوەم هەیە شتێك کە دەمەوێت پێتانی بڵێم، ئەگەر لە دیوێکی تری ئەم ڕووداوەوە بیبیستن، و وا هەست بکەن کە خیانەتتان لێکراوە، ئەوا ئەمە بۆ من مایەی تەحەمولکردن نابێت."

ڕوخساری نیچەی واق ورماو و مردووئاسا وەك دەمامکێکی لێهاتبوو، کاتێ کە بروێر درێژەی بە قسەکانیدا، نیچە هەناسەیەکی هەڵکێشا.

"لە مانگی ئۆکتۆبەردا، چەند هەفتەیەك بەر لە یەکەمین دیداری ئێمە، بۆ بەسەربردنی پشوویەکی کورت لەگەڵ ماتیلدەدا لە ڤییەنا بووم. لەوێ لە هۆتێل پەیامێکی سەرسوڕهێنەرم بەدەست گەیشت."

بروێر دەستی بە گیرفانی چاکەتەکەیدا کرد و کارتەکەی لۆسالۆمێی دا بە نیچە. سەیری کرد کە لە کاتی خوێندنەوەی نامەکەدا، چاوانی نیچە لە حیرەتدا، زەقببوونەوە:

***٢١ ئۆکتۆبەر ١٨٨٢***

***دکتۆر بروێر،***

***دەبێ لەمەڕ بابەتێکی گرنگەوە لەگەڵتاندا بدوێم. ئایندەی فەلسەفەی ئەڵمانی لە مەترسیدایە. سبەی کاتژمێر نۆ لە کافێی سۆرینتۆ چاوەڕوانتان دەبم.***

***لۆسالۆمێ***



نیچە بە پەنجە لەرزۆکەکانییەوە کارتەکەی بەرەو ئەو ڕاگرت و بە توندی گوتی: "تێناگەم، چی ..؟"

"پاڵبدەنەوە فرێدریك، چیرۆکێکی درێژە و دەبێ لەسەرەتاوە بۆتان باسبکەم."

بروێر بیست دەقەی تەواو لەبارەی دیداری لەگەڵ لۆسالۆمێدا، قسەی کرد، لەو کاتەی کە چۆن لە ڕێگای براکەیەوە جینا، لەبارەی تیمارکردنی ئانائۆ. وە زانیاری وەرگرتووە و هەروەها باسی لە داوای یارمەتی ئەو و ڕازیبوونی خۆی کرد.

"فرێدریك بێگومان لە خۆتان دەپرسن کە ئایا پزیشکێك دەست دەداتە ڕاوێژێکی ئاوا نائاساییی یان نا؟ کاتێکیش کە بیر لە گفوگۆی خۆم دەکەمەوە لەگەڵ لۆسالۆمێدا، خۆشم باوەڕناکەم کە داوای ئەوم قەبووڵ کردبێت. بیهێننە بەرچاوی خۆتان، ئەوەی لە من دەویست کە بۆ دەرمانکردنێ بە دوای چارەیەکدا بگەڕێم کە لە ڕووی بالینییەوە بە چارەسەر حیساب نەدەکرا و وەکو نەخۆشێکی ناشاد بیبەستمەوە. بەهەرحاڵ سەرکەوتوو بوو لە بەدەستهێنانی ڕازیبوونی من. لەوە زیاتر، ئەو لەم کارەدا خۆی بە لایەنی ڕاوێژ دەزانی. لە دیداری دواییینی ئێمەدا لە بارەی 'نەخۆشەکەمان' ەوە داوای ڕاپۆرتێکی کرد!"

نیچە بە قەهرەوە هاوری کرد: "چی؟ بەم تازەکییە ئەوتان بینیوە؟"

"ئەو بەر لە چەند ڕۆژێك بێئاگادارکردنەوەی پێشین هات بۆ عیادە و پێداگری دەکرد کە شێوازی چارەسەریمی بۆ باسبکەم. من شتێکم نەگوت و ئەو بە تووڕەییەوە عیادەکەمی جێهێشت."

ئەو کاتە بروێر لەبارەی ڕەوتی کاری هاوبەشیانەوە باسی لە هەوڵدانەکانی خۆی کرد. هەوڵە بزێوەکانی لەپێناوی یارمەتیدانی نیچە و ئاگاریی ئەو لەوەی کە نیچە لە دووری لۆسالۆمێدا، نائومێدیی خۆی دەشارێتەوە، تەنانەت دانی بە فێڵی خۆیدا نا لەبارەی داوای یارمەتی لە نیچە بۆ سەرکەوتن بەسەر نائومێدی خۆیدا، چونکە دەیویست ڕێگا لە سەفەری ئەو بگرێت.

بە بیستنی ئەم ئیعترافە نیچە لە شوێنی خۆی ڕاپەڕی. "کەواتە هەمووی خەڵەتاندن بوو؟"

بروێر گوتی: "لە سەرەتادا بەڵێ، مەبەستم بوو کە ڕۆڵی نەخۆش بگێڕم و وردە وردە لەگەڵ ئێوەدا ڕۆڵەکەم بگۆڕم. ئەوەی مایەی سەرسوڕمانە ئەوەیە کە دواتر دەرکەوت بەبێ ئەوەی ئاگام لێبێت، ڕۆڵێ کە دەمگێڕا، ڕۆڵ نەبوو، ئازارێ کە وانیشانم دەدا هەیە، لە ڕاستیدا هەبوو!"

ئیدی چی شتێکی تر بۆ گوتن هەبوو؟ بروێر بە دیقەتەوە بیری کردەوە، بەڵام لای وا نەبوو کە شتێکی پەڕاندبێ، ئیدی ویژدانی ڕەحەت بوو.

نیچە بە چاوانی نوقاوەوە بەرەوڕووی وی دانیشتبوو، سەری پاڵدابۆوە بە دەستەکانییەوە. بروێر بە نیگەرانییەوە پرسی: "فریدریك، حاڵتان باش نییە؟"

"سەرم! بزیسکەیەك لەبەر هەردووچاومدایە! مەیدانی بینینم ... "

بروێر خێرا گەڕایەوە بۆ ڕۆڵبینینی پزیشك. "میگرەنێك لە ڕێگادایە. هێشتا دەتوانین بەری لێبگرین. باشترین دەرمان لە ئێستادا کۆفیئین و ئەرگۆتامینە. لە جێگای خۆتان نەجولێن! من هەر ئێستا دەگەڕێمەوە!"

بە خێرایی لە ژوور دەرچوو، لە قادرمەکانەوە بەرەو ژووری چاودێری و لەوێشەوە بەرەو چێشتخانە ڕۆیشت. دوای چەند خولەکێ بە سینییەکەوە گەڕایەوە کە کوپێك و قۆرییەك قاوەی خەست و ئاو و حەبی لەسەر بوو. "تکا دەکەم سەرەتا حەبەکان بخۆن، دواتر قۆرییە قاوەکە بەتاڵکەنەوە."

هەر کە نیچە حەبەکانی قووتدا، بروێر گوتی: "دەتانەوێ ڕاکشێن؟"

"نا، نا، دەبێ بەسەرهاتەکە ڕوونکەینەوە!"

"کەواتە تا ئەتوانن سەرتان بۆ دواوە پاڵدەنەوە، من کەمێ ژوورەکە تاریك دەکەم. هەرچەندێ جوولەی بینایی کەمتر بێت، باشترە." بروێر پەردە کرکرەکانی سێ پەنجەرەی دادایەوە و کۆمپێرسێکی ساردی بۆ ناوچەوانی نیچە دروستکرد. چەند دەقەیەك بە بێدەنگی لەو ژوورە تاریکەدا دانیشتن. دواتر نیچە بە دەنگێکی هێواشەوە دەستی بە قسە کرد.

"چەندێ بێزانسیانەیە، یۆزیف! هەموو ئەو شتانەی کە ڕوویانداوە، بێزانسیانەیە. کەڵەکبازی و دیسانەوە کەڵەکبازی!"

بروێر پرسی: "بەڵام من چیم پێدەکرا؟ " لەسەرخۆ دەدوا، چونکە نەیدەویست میگرەنەکە بجووڵێنێت. "ئەوەی کە دەمتوانی تەنها ئەوەبوو کە دەبوایە خێرا ئەو پێشنیارەم ڕەتبکردایەتەوە. یان دەبوا زووتر لای ئێوە بمدرکاندایە؟ بەڵام ئێوە دەگەڕانەوە و بۆ هەمیشە نادیار دەمانەوە!"

نیچە وەڵامی نەدایەوە.

بروێر پرسی: "ڕاست نییە؟"

"بەڵێ من لەگەڵ یەکەمین شەمەنەفەردا دەگەڕامەوە. بەڵام ئێوە درۆتان لەگەڵدا کردم. ئێوە ئەو بەڵێنەتان بە مندا کە..."



"فریدریك، من بە هەموو بەڵێنەکانمەوە پابەند بووم. بەڵێنمدابوو کە ناوتان ئاشکرا نەکەم، نەمکرد. کاتێکیش کە لۆسالۆمێ پرسیاری ئێوەی کرد ـ کە هەڵبەتە دوای ڕوونکردنەوە گونجاوترە ـ خۆم لێبەدوورگرت. تەنانەت نەمگوت کە هێشتا یەکتری دەبینین. گفتێکی تریش هەیە کە دیسانەوە بەویشەوە پابەندبووم، فریدریك. لەیادتانە کە پێمگوتن لە کاتی بێهۆشییەکەتاندا قسەتان دەکرد؟"

"بەڵێ."

"وشەیەکی تر: 'یارمەتیم بە!' بوو، کە چەندین جار دووبارەتان کردەوە."

"'یارمەتیم بە؟' ئەمەم گوت؟"

"چەندین جار! قاوەکەتان بخۆنەوە، فریدریك." فریدریك کوپە خاڵییەکەی پڕ لە قاوەی ڕەش و خەست کرد.

"من هیچ شتێکم لە یاد نییە. نە 'یارمەتیم بە!' و نە 'هیچ جێیەك' . ئەوە من نەبووم کە قسەم دەکرد."

"بەڵام فریدریك، دەنگی ئێوە بوو. 'من'ی تری ئێوە قسەی لەگەڵداکردم و منیش بەڵێنم بەو 'من'ەی تردا کە یارمەتیتان بدەم. منیش هەرگیز ئەم بەڵێنەم ژێر پێ نەخستووە. قاوە بخۆنەوە، چوار کوپ بخۆنەوە."

لەکاتێکدا کە نیچە بەزۆر قاوەی تاڵی دەخواردەوە، بروێر کۆمپێرسە ساردەکەی چاکرد. "سەرتان چۆنە، واباشترنییە کە پشوو بدەن؟"

نیچە بە ئارامییەوە گوتی: "حاڵم زۆر باشترە. حەزناکەم ئەم باسە بوەستێنم. ئەم کارە جار بەجار زیاتر لە درێژەپێدانی قسەدا من دەوروژێنێت. من تەواو ڕاهاتووم بە کارکردن لەم بارودۆخەدا. تەنها کەمێ ڕاوەستن" دەمەوێت ماسوولکەی لاجانگ و پێستی سەرم کەمێ ماساژبدەم." لە کاتێکدا کە بە هێواشی قسەی دەکرد، سێ تا چوار دەقیقەی تەواو هەناسەی قووڵی هەڵکێشا. پاشتر گوتی: "ئێستا باشتر بووم. من خۆم ڕاهێناوە کە هەناسەکانم بژمێرم و ئارامبوونەوەی ماسوولکەکان بهێنمە بەرچاوی خۆم. هەندێ جار وردبوونەوەی تەواو لەسەر هەناسەدان دەبێتە مایەی ئارامی دەروونیش. ئایا تێبینیتان کردوە هەناسەیەك کە هەڵیدەمژین، هەمیشە لەوە ساردترە کە دەیدەینەوە؟"

بروێر تەماشایکرد و چاوەڕێ بوو. خەیاڵیکرد: "لەم وەزعەدا هێرشی میگرەنی دیارییەکی ئاسمانییە! ـــ ئەگەر بە شێوەیەکی کاتیش بێت ـ میگرەن نیچەی ناچارکردبوو کە لەسەر جێگاکەی خۆی مێنێتەوە."

لەژێر کۆمپێرسە ساردەکەدا تەنیا دەمی نیچە دیار بوو. سمێڵی بە جۆرێ دەجوولایەوە وەك ئەوەی بڵێی دەیەوێت شتێك بڵێت. بەڵام دیاربوو کە بیروڕای گۆڕا.

ئاخری زەردەیەك لەسەر لێوانی دیاریدا. "ئێوە نیازتان بوو ڕێنوومایی من بکەن و منیش لام وابوو خەریکە ڕێنوومایی ئێوە دەکەم."

"بەڵام شتێك کە وەك دەمامکێك دەستیپێکردبوو، ئێستا ڕاستتر دەکەوێتە بەرچاو، فرێدریك."

"لۆسالۆمێش لەو ڕۆڵەدا کە ئارەزووی لێبوو، واتە بەرزکردنەوەی قامچی و فەرماندەیی و ڕابەریکردن لە ڕاست هەردووکماندا، خۆی لە پشتی ئەم ڕووداوەوە شاردبۆوە. ئێوە بە ئازایەتییەوە ئیعترافتان کرد، بەڵام شتێکتان نەگوتووە."

بروێر لەپێ دەستەکانی بەرەو سەرەوە وەرگێڕا. "ئیدی من شتێك ناشارمەوە."

"چۆن، ئەنگێزەکانتان دەشارنەوە! زەحمەتی زۆر، ئەو دەسکیسانە، کاتی گرانبەها و ئەنەرژی ئێوە لەم ڕێگایەدا بە خۆڕایی نەبووە. ئێوە دکتۆرێکی سەرکار و پڕئیشن. بۆچی ئەم هەموو ئەزیەتەتان بەگیان کڕی؟ بەچی هۆیە بەم کارە ڕازیبوون؟"

بروێر وەڵامی دایەوە: "چەندین جار هەمان ئەم پرسیارەم لەخۆم کردووە. وەڵامەکەی نازانم“ نازانم ڕەنگە زۆرتر لەبەر ئەوە بوویێت کە لۆسالۆمێ ڕازی و خۆشحاڵ بکەم. نەمدەتوانی داواکەی ڕەتکەمەوە."

"کەچی لەکۆتایشدا نەتانبینی."

"هەڵبەت وایە، بەڵام لەم نێوەندەدا بەئێوە ئاشنابووم و چەندین گفتم بە ئێوە دابوو."

"ڕێزم هەیە بۆتان، ئێوە بە بەرگریکردنتان لەبەرامبەر لۆدا کارێکی گەورەتان کرد، کە من هەرگیز نەمتوانی بیکەم. تەنها شتێکم پێبڵێن: ئەو چۆن لە ڤینیسیا توانی ئێوە ئەفسونی خۆی بکات؟"

"دڵنیانیم لەوەڵامی ئەم پرسیارە. تەنیا دەزانم کە دوای تێپەڕینی کەمتر لە نیوسەعات قسەکردنمان لە بەرامبەریدا ئەو هەست و سۆزەم لادروستبوو کە توانای ڕەتکردنەوەی داواکەییم نییە."

"بەڵێ، منیش لەبەرامبەریدا بەهەمانشێوە بووم."

"دەبوایە بتانبینیایە لە کافێکەدا کە بەچی متمانە بەخۆبوونێکەوە بەرەو مێزەکەم دەهات."



نیچە پشتگیری کرد: "ئوۆف، بەڵێ. ئەو هەنگاوە بەشکۆیانەی کە دەڵێی شاژنی ڕۆمە. ڕێڕۆشتنەکەی دەناسمەوە. هیچ کاتێك گوێ بە لەمپەرەکان نادات، وەك ئەوەی کە هیچ کەس و هیچ شتێك بوێری ئەوەی نەبێ کە کۆسپی سەر ڕێگای بێت."

"زۆرجوان شیتانکردەوە، متمانەبەخۆبوونێکی زۆری هەیە. جۆرێ سەربەخۆیی لە کارەکانی، ڕوخساری، جلکپۆشین و مۆدێلی پرچیدا دەردەکەوێت. ئەو لەو دیوی هەمموو دابونەریتەکانەوەیە."

نیچە سەری ڕاوەشاند: "بەڵێ، پلەی ئازادی ویستراوی ئەو زۆر بەرزە و مایەی ڕێزە. لەم بارەیەوە دەبێ سەرمەشقی هەمموومان بێت." بە وریاییەوە سەری وەرگێڕا و بەهۆی ئەوەی کە نیشانەیەکی گاڵتەجاڕی لە ڕوخساری بروێردا نەبینیبوو بە تەرزێکی چاك خافڵگیر بوو. "هەندێ جار بیرم کردۆتەوە کە دەبێ بە دیدی جۆرێك لە بازدان و گۆڕان لە لۆسالۆمێ بڕوانرێ. بەتایبەتی کاتێ کە بیردەکەمەوە ئازادی ئەو لە نێوانی بێشەلانی جۆگەیەکی بۆرژوازیدا، دەپشکوێ. ئایا دەزانن کە باوکی ژەنەراڵێکی ڕوس بووە؟" بەخێرایی بەرەو لای بروێر وەرگەڕا و لێیڕوانی. "گومان دەکەم کە خێرا لەگەڵتاندا زۆر سەمیمی بوویێت، وانییە؟ هەروەها پێشنیاریشی کرد کە بە ناوی بچووککراوە بانگی بکەن، نا؟"

"زۆر ڕاستە، سەرباری ئەوە لە کاتی قسەدا ڕاستەوخۆ سەیری چاوانمی دەکرد و دەستی دەخستە سەر دەستم."

"ئای زۆر سەمیمانە دێتە بەرچاو. لەیەکەمین دیدارماندا خێرا لەگەڵماکرایەوە و کاتێ کە ویستم بڕۆم، داوای لێکردم تا میوانخانە لەگەڵما بێت."

"ڕێك هەمان کاریشی لەگەڵ مندا کرد!"

نیچە حیرەت مابوو، بەڵام درێژەی بە قسەکانیدا: "دەیگوت: پێی خۆش نییە بەم زووانە لە من جیاببێتەوە و حەز دەکات کاتێکی زیاتر لای من بەسەر ببات."

"ڕاست هەمان دەستەواژەشی بۆ من بەکارهێنا، فرێدریك. کاتێکیش کە بیانووم هێنایەوە بۆ ئەوەی کە ڕەنگە هاوسەرم نیگەران ببێت لەوەی کە لەگەڵ خانمێکی گەنجدا قۆڵ لەناوقۆڵ ببینێت، تووڕە بوو."

نیچە بە هێواشی پێکەنی. "زۆر چاك دەتوانم بەرجەستەی بکەم. ئەو نرخێکی زۆر بۆ هاوسەرێتی دانانێت. بەڕای ئەو ئەم کارە تەعبیرێکی جوانە بۆ ئەوەی کە هەردوو ڕەگەز خۆیان بۆ ئاستی داوخواستانەی قوربانیبوون، دابەزێنن."

"ئەمانە بە تەواوی قسەی ئەون!"

نیچە ڕۆچووە ناو کورسییەکەی خۆیەوە. "ئەو بە ئاسانی لە سنووری هەموو دابونەریتەکانەوە تێدەپەڕێت، بەڵام لە پەیوەندی لەگەڵ پیاوان و پەیوەندی سێکسیدا زۆر داوێنپاکە."

برویێر بە سەر بۆی سەندەوە: "بەڵام ڕەنگە ڕەفتارەکانی ببێتە هۆی بەدتێگەیشتنی. ئەو کچێکی گەنجە کە ئاگای لە دڵڕفێنی خۆی نییە لە دیدی پیاوانەوە."

"یۆزیف من لەم بارەیەوە بڕوایەکی ترم هەیە. ئەو بەچاکی لەم توانا و دڵڕفێنییەی ئاگادارە. ئەو لەوەدا بەدوای سوودێکدا دەگەڕێ کە پیاوان ڕام بکات، سوودی خراپیان لێوەردەگرێ و دواتر شوێنی قوربانییەکی تر دەکەوێت."

برویێر درێژەی دایە: "هەروەها بە دڵڕفێنی خۆی گشت مەسەلەکان لە سنووری دابونەریتی باو تێدەپەڕێنێت! مرۆڤ بەبێ ئەوەی کە خۆی بیهەوێت، دەبێتە هاوکاری ئەو. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەمزانی لەڕێگایەکی ڕاستگۆیانە و پاکەوە نامەکەی واگنەری دەستنەکەوتووە، کەچی خوێندمەوە و لەمە ناڕەحەت بووم."

"چی؟ نامەی واگنەر؟ ئەسڵەن ئاگام لێنەبووە کە نامەیەك ونبووە! دەبێ ئەوەی لە تاتینبێرگ، لەکاتی مانەوەدا هەڵگرتبێت. بەڕاستی ڕوو لەهیچ ئیشێك وەرناگێڕێت!"

"فرێدریك، تەنانەت ئەو ژمارەیەکی لە نامەکانی تۆی نیشانی مندا! منیش ماستاوچییانە بەهۆی ئەوەی کە متمانەی پێکردبووم، هەستم بە شادوومانی کرد." برویێر لای وابوو ئەم ساتە قەیراناویترین کات بوو.

نیچە بەجۆرێ لەجێگای خۆی ڕاپەڕی دەتگوت پەزپەزەکۆڵە گەستویێتی. کۆمپێرسی ژانەسەرەکەی لەدەموچاو پەڕی. "ئەو نامەکانی نیشانی ئێوەدا؟ وای ژنی ڕووهەڵماڵڕاو!"

"فرێدریك، تکادەکەم میگرەنەکەتان لەیاد بێت! ئەم کوپەی ئاخریش بخۆنەوە، دواتر دیسانەوە پاڵدەنەوە و لێگەڕێن با کۆمپێرسەکە بخەمەوە سەر دەموچاوتان."

"بفەرموون جەنابی دکتۆر! لەمبارەیەوە تەسلیمی ئێوەم، بەڵام لاموایە کە ئیتر مەترسیم لەسەر نەمابێت. چونکە ئیتر بزیسکە لەبەردەم چاوانمدا نابینم. وادیارە دەرمانەکانتان کاری خۆی کردووە."

نیچە پاشماوەی قاوە شلەتێنەکەی بە قومێك خواردەوە. "ئیتر قاوە بەسە! زۆر زیاتر بوو لەو ڕێژەیەی کە لە شەش مانگدا دەیخۆمەوە!" دوای ئەوەی کە بۆتاقیکردنەوە چەند جارێك سەری بەملاولادا سووڕاند کۆمپێرسەکەی بە برویێر دا.



"ئیدی پێویستم بەمە نییە، وادیارە تێپەڕیوە، چەندێ سەرنجڕاکێشە! ئەگەر هاوکاری ئێوە نەبوایە، لەوانەبوو چەند ڕۆژێ ئازارم بکێشایە. بەداخەوە ..." ـ شەرمەزارانە سەیرێکی برویێری کرد ـ "... کە ناتوانم هەمیشە ئێوەم لە تەنیشتەوە بێت!"

برویێر بە سەرلەقاندن پشتگیری کرد.

"یۆزیف، چۆن توانی نامەکانی من نیشانی ئێوە بدات؟ ئەی ئێوە چۆن توانیتان بیانخوێننەوە؟"

برویێر دەیویست قسە بکات، بەڵام نیچە بە بەرزکردنەوەی دەستی داوایلێکرد کە بێدەنگ بێت. "پێویست ناکات پاساوی کارەکەتان بدەنەوە. من لە شوێنکاتی قەیراناوی ئێوە تێدەگەم و سەرباری ئەمە بۆ ئەوەی کە ببنە جێمتمانەی ئەو، دەرك بە هەستی ڕازیبوونی ئێوە دەکەم. کاتێ کە نامە ئاشقانەکانی ڕێ و ژیلۆ ـ کە مامۆستایەکی ڕوسی ئاشقی لۆسالۆمێ بوو ـ یشی نیشانی مندا، هەمانحاڵم هەبوو."

برویێر گوتی: "چاك دەزانم کە دەبێ ئازاربەخش بێت بۆتان، منیش ئەگەر بزانم کە بێرتا لەبارەی تایبەتیترین ساتەکانمانەوە لەگەڵ کەسێکی دیدا قسەی کردووە، هەست بە شکان دەکەم."

"ڕەنگە بەئازار بێت، بەڵام بەسوودە. هەموو ئەو شتانەی تریش کە لە دیدارەکانتاندا لەگەڵ لۆسالۆمێ ڕوویداوە، بۆم باسکەن. ئەسڵەن گوێ بە من مەدەن!"

ئێستا برویێر تێگەیشت کە بۆچی لە کاتی هیپۆنۆتیزمدا، گەڕانی بێرتای لەگەڵ دکتۆر دۆرکیندا، بۆنیچە باسنەکرد. ئەمە هەمان هەیەجان و هەست و سۆزێ بوو کە بەهۆیەوە لە بێرتا جیاببۆوە و نیچەش ڕێك پێویستی بەمەبوو، نە شیکردنەوەی ئەزموونە تایبەتییەکانی تر و نە دەرکی هەمان هەست و سۆز لە ڕێگای هەستەوە، بەڵکو پێویستی بە ئاگایی خودی ئینسانە سەبارەت بە بابەتەکە کە بۆ لادانی پەردەی فریودەری مانا، توانای پێویستی هەبوو. هەمان ئەو ئاگاییەی کە ئەوکچە بیست و یەك ساڵە ڕوسەی لەپشتەوە حەشاردابوو.

چی دژە ژەهرێك بەهێزترە لەوەی کە نیچە بزانێت ڕۆژێ کە لۆسالۆمێ ئەوی بەرەوخۆی ڕاکێشاوە، بەهەمان جادووی شەڕانییانەوە کەسێکی تری فریوداوە؟ لەبەر ئەوە برویێر لە یادەوەرییەکانی خۆیدا بەدوای هەموو بەشەکانی دیدارەکانی خۆی لەگەڵ لۆسالۆمێدا گەڕا. بەوردی قسەکانی ئەوی بۆ نیچە دەگێڕایەوە. لە لایەکەوە باسی لە نمایشەکانی و جووڵانی سەری دەکرد و لە لایەکی تریشەوە باسی لە زەردەخەنە، خوارکردنەوەی سەر بە لایەکدا، سەیرکردنی ئافەرینامێزی ڕاشکاوانە، زمانێك کە بەدەوری لێوەکانیدا دەهێنا و دەستێ کە لەسەر دەستی برویێری دادەنا، کرد. نیچە گوێی دەگرت، سەرە زلەکەی بردبووە دواوە و چاوانی نوقاندبوو، بە پەرێشانییەوە خۆی دابووە دەست هەست و سۆزەکانی.

"فرێدریك، لەکاتی قسەکانی مندا چ شتێك بەمێشکتاندا هات؟"

"زۆرشت، یۆزیف."

"زۆر شت هەیە. لەوە زیاتر کە مرۆڤ بتوانێ وێنایان بکات."

"بەدوای ماناوە مەبن، باشترە ناوەوەتان خاڵیبکەنەوە."

نیچە چاوانی کردەوە و لە بروێری ڕوانی تاوەکو دڵنیابێت کە ئیتر خەڵەتاندنێك لەئارادا نییە.

بروێر پێداگری کرد: "ئەم کارە بکەن. ئەوە بەجۆرێ لە ڕاسپاردەی پزیشکی بزانن. نەخۆشێك دەناسم کـە سوێند دەخوات ئەمکارە یارمەتییەکی زۆری ئەویداوە."

نیچە بە گومانەوە دەستی پێکرد: "کاتێ لەبارەی بێرتاوە قسەتان دەکرد، کەوتمە بیری یادگارییەکانی خۆم لەگەڵ ئەودا. زۆر لەیەك دەچوون. ڕەفتاری ئەو لەبەرامبەر ئێوەدا، ڕێك وەك ڕەفتاری ئەوبوو لەگەڵ منـدا“ واهەستدەکەم کە یادگارییە پیرۆزەکانمیان لێتێۆراندوومە."

چاوانی کردەوە: "زۆر کێشەیە کە مرۆڤ لێگەڕێ خەیاڵی قسەبکات! خەجاڵەت دەبم."

"باوەڕبکەن من دەتوانم بیسەلمێنم کە ئەمجۆرە هەستکردن بە شەرمەزارییە کەس لەناونابات! بەردەوام بـن، لێگەڕێن هەست وسۆزی ناسکتان بەسەرتاندا فەرمانڕەوایی بکات، بەم هۆیەوە بەهێز دەبن!"

"متمانەم پێتان هەیە، چونکە بە زمانێکی بەرتر و بەهێزتر قسەدەکەن. جگە لەوە ..." نیـچە قـسەکەی بڕی و سوور بۆوە.

بروێر هانیدا: "چاوانتان بنووقێننەوە. ڕەنگبێ ئەگەر من نەبینن، ئاسانتر بێت بۆتان، یان لەسـەر چـرپاکە ڕاکشێن."

"نا، واباشترە دانیشم. دەمویست بڵێم بەهۆی ئەوەی کە لۆتان ناسیوە، خۆشـحاڵم. ئێـستا مـن دەناسـن. لەلایەکەوە هەست بە نزیکی دەکەم لەگەڵتان و لەلایەکی تریشەوە هەست بە ڕق و تووڕەیی دەکەم." نیچە بۆ ماوەیەکی کەم چاوانی کردەوە، دەتگوت دەیەوێ دڵنیـابێ کـە داخـۆ بروێـری زیـز نـەکردووە و دواتـر بەدەنگێکی لەسەرخۆوە درێژەی پێدایەوە: "قینم لە بێرێزییە. ئێوە ئیشقی منتان شێلا،خستتانە خاکـەوە. ئێرەم ژانەکات." بە مشت لە سینگیدا.

"ئەم دەردە زۆر باش دەناسم، فرێدریك. منیش تامی ئەوەم چەشتووە. لەیادتانە کە هەرجارێك بێرتاتان بە شەل ناودەبرد، تاچی ڕادەیەك تووڕە دەبووم؟ لەیادتانە . . ."



نیچە قسەکەی بروێری بڕی: "ئەمڕۆ من سندانم و قسەکانی ئێوەش وەکو لێدانی چەکوشێکە کـە ئیـشقی بەدی من مشتوماڵ دەدات."

"بەردەوام بن، فرێدریك."

"من جگە لە خەم و شکست هەستێکی ترم نییە. چ شتێك هەیە لە دەستم نەدابێ؟"

"ئەمڕۆ چیتان لەدەست داوە؟"

"هەموو ساتە ناسك و خۆشەویستەکانم لەگەڵ لۆدا لەناوچوو. ئەوێنێ کە پێکەوەی دەبەسـتین، لەکوێیـە؟ لەناوچوو! هەموو شتێك بوو بە خۆڵەمێش، ئێستا تێدەگەم کە لۆم لەدەستداوە!"

"بەڵام فرێدریك، لەدەستدان دەبێ لە خاوەندارێتی ئەولاتر بێت."

دیسانەوە نیچە دەنگی نزمکردەوە، دەتگـوت نایـەوێ نـازکی خـەیاڵی بەقـسە لـەناوببات. "لـە ڕۆخـی دەریاچەدا من و لۆ چووینە سەر گردێك و ئاوابوونی خۆری زێڕینمان بینی. دوو هەوری سوور بەشێوەی دوو ڕوخسار کە خەریکبوو لەیەك نزیك دەبوونەوە، لەژوور سەرمانەوە ڕەتبوون. ئێمە بەر یەککەوتین، یەکتریمان ڕاموسی. لە ساتێکی پیرۆزدا بووینە یەك، تەنیا ساتێکی پیرۆز کە لە ژیانمدا تاقیمکردۆتەوە ..."

"ئایا تا ئێستا لەبارەی ئەم ساتەوە قسەتان کردووە؟"

"ئەو دەیزانی! من لە سەفەرەکانمدا بەزۆری کارتم بۆ دەنارد و تیایاندا لەبارەی ئاوابوونی خۆر، هـەورەکان و بای ئەو دەریاچەیەوە دەمنووسی."

بروێر گوتی: "ئەی ئەو چی؟ ئیا ئەو هەرگیز قسەیەکی لەو دەریاچەیە کرد؟ ئایـا ئـەم سـاتە بـۆ ئـەویش پیرۆزبوو؟"

"ئەو هەمووی دەزانی!"

"بەهۆی ئەوەی کە لۆسالۆمێ لەو بڕوایەدا بوو کە دەبێ من هـەموو شـتێك لـەبارەی ئێـوەوە بـزانم، زۆر گرنگ بوو بۆی کە بەهەموو لایەنەکانییەوە باسی گشت دیدارەکانتانم بـۆ بکـات. لـە کۆتاییـدا دڵنیـای کردمەوە کە شتێکی نەپەڕاندووە. ئەو بە دووورودرێژی لەبارەی لۆسرەن، لایپزیـك و ڕۆمـا و تاتینبێرگـەوە قسەیکرد، بەڵام فرێدریك سوێند دەخۆم کە ئەو بابەتەی زۆر بەلاوەکییانە باسـکرد. وا دیـارە ئـەم ڕووداوە کارێکی وای لەونەکردووە. شتێکی تریش فرێدریك، ئەو گوشاری بۆ خەیاڵی خۆی هێنا تاوەکو بیهێنێتەوە

یادی کە ئایا تـا ئێـستا ئێـوەی ماچـکردووە یـان نـا؟ بـەڵام دەیگـوت کـە ئەسـڵەن شـتێکی وەهـای بیرناکەوێتەوە!"

نیچە قسەیەکی نەکرد. چاوانی پڕئەسرین بوون و سەری بۆ خوارەوە شۆڕکردەوە.

بروێر زۆرر چاك دەیزانی کە ئەم کارەی دڵڕەقانەیە. ئەوەشی دەزانی کە ئەگەر ئێستا بێبەزەیی نەبێت، ئەوا لەگەڵ نیچەدا بەدکرداربووە. ئەم شوێنکاتە زۆر دەگمەن بوو کە ئیتر دووبارە نەدەبۆوە.

"لە قسە ڕەقەکانم ببوورن، فرێدریك، چونکە من تەنیا بە قسەی یەك ئوستادی گەورە دەکـەم: 'لـەپێناوی نارەحەتییەکانیی دۆستەکەتدا، ئارامگایەك و لە هەمانکاتدا تەختێکی سەخت بە.'

نیچە بە گرژییەوە وەڵامی دایەوە: "ئێوە بەدیقەتەوە گوێتان گرتووە. چی تەختێکی سەختە! وازبێنن بابڵێم چەندێ سەختە. دەبێ چۆن توندی و دژواری ئازارمتان بۆ باسبکەم؟ پانزە ساڵە لەگەڵ ماتیلدە دەژین. ئێوە ناوکی ئەسڵی ژیانی ئەون، ئەو خۆشییەوێن، نازتان دەداتێ و دڵخۆشیتان دەداتەوە و کاتێکیش کە درەنگ دەکەون نیگەرانتان دەبێت. دەزانن ئەگەر لۆسالۆمێ لە ئاگاییمـدا بکەمـە دەرەوە ـ بەهەمانـشێوەی کـە دەبینم ئێستا ئەم ڕێکەوتە لە جەنگەی ڕوودانیدایە ـ ئیتر چیم بۆ دەمێنێتەوە؟"

چاوانی نیچە بروێری نەدەبینی، بەڵکو زیاتر ڕووی لەناوەوە بوو، دەتگوت خەریکی خوێندنەوەی دەقێکە لە ناوەوەی خۆیدا.

"دەزانن کە تا ئێستا دەستی هیچ ژنێکی تـرم وەبەرنەکـەوتووە؟ دەزانـن کـە هیـچکاتێ دەسـتلێنەدان و ڕووپێنەدان، واتای چی؟ دەزانن کە ژیانی ئادەمیزاد چی مانایەکی هەیە ئەگەر بە تەواوی پشتگوێ بخرێت؟ هەندێ جار چەندین ڕۆژ تێئەپەڕێت و کەسێ نییە من قسەی خۆمی لەگەڵدا بکەم. مەگەر ئەوەنـەبێ کـە ڕۆژباش یا شەوباش لە میوانخانەچییەك بکەم. بەڵێ، یۆزیف ئێوە بەتەواوی لەسەر حەقبوون کە ئاماژەتـان بەوشەی 'هیچ جێیەك' کرد. من بەهچ جێیەکەوە پەیوەست نیم. زاگە، دۆستانێکی جێمتمانە کـە بتـوانم قسەیان لەگەڵدا بکەم، بۆفییەك کە بتوانم ماڵێ تێبخەم و ماڵێکیشم نییە. تەنانەت وڵاتێکم نییە، چونکە لە نەتەوەی ئەڵمانیم تێپەڕاندووە و هەرگیز ئەوەنەش لە سویسرا نامێنمەوە کە بتـوانم داوای پاسـپۆرتێکی سویسرایی بکەم."

نیچە بە کنەکردنەوە لە بروێری ڕوانی، واتدەزانی دەیهەوێ بروێر داوای بێدەنگبوونی لێبکات. بەڵام بروێـر بێدەنگ بوو.



"ئاخ یۆزیف، من بۆ تەحەمولکردنی تەنیایی بە زۆر ڕێگای جیاواز خۆم دەخاپێنم. بەخۆم دەڵێم : 'دەبـێ لە مێگەل جیاببمەوە تاوەکو بتوانم بەدوای هزرەوە بم.' دەڵێم: 'هاودەمەکانی من ، پێشینانی مەزنن کـە بەدزییەوە لە گۆشەی تاریکی خۆیانەوە بەرەو هەتاوی من دێن.' گاڵتە دەکەم بـەترس لـە تـەنیایی. مـن هۆشیاری دەدەم و بەرگەی ئازارێکی زۆر دەگرم، بێئەندازە بەرەو ئایندە دەفڕم و بەبێ دۆست دەمێنمـەوە. دڵنیاتان دەکەمەوە: 'زۆر پێویستە کە بەڕاستی دەرك نەکرێم" هەتا لەمە زیـاتر مـن دەبـێ بگەمـە ئـەو ڕادەیەی کە خراپ لێمتێبگەن و ببمە مایەی نەفرەتی واقیع. ڕێك ئەمـەش نیـشانەری ئەوەیـە کـە مـن لەسەر ڕێگایەکی ڕاستم!' بانگەشەی ئەوە دەکەم کە: لەبەرامبەر تەنیاییدا بـە ئازایەتییـەوە سەرسـەختی بەهەدەردان، بەبێئەوەی کە لە گەلەیەك بم یا بە بیروباوەڕێکی نادروستەوە خودایەك بپەرسـتم، بەڵگەیەکـە بۆ گەورەیی من. بەڵام دیسانەوە ئەو وێناکردنە ترسناکەم تووشدەبێتەوە..." ـ بۆ ساتێك بێـدەنگ بـوو، دواتر دەستی پێکردەوە: "بەهەموو ئازایەتییەکەوە لەوە دڵنیام کە فەیلەسوفێکم لەدوای مـەرگ ناوبـانگ پەیدا دەکەم، فەیلەسوفێك کە سبەینێیەکی دوور هی ئەوە، تەنانـەت لەگـەڵ ئاگایـشمدا بـە گەڕانـەوەی سەرمەدییانە، کەچی ترسی مردن لە تەنیاییدا هەمیشە بەدوامەوەیە. دەزانن یانی چی کە مرۆڤێك لەگەڵ ئەو خەیاڵەدا بژی کە چەندین ڕۆژ یا چەندین هەفتە تەرمەکەی لە ژوورێکدا بمێنێتەوە تـاوەکو بۆگەنەکـەی سەرنجی غەریبەیەك بۆ خۆی ڕابکێشێت؟ هەوڵدەدەم سکونایی خۆم بدەم، لە تەنیاییدا زۆر لەگـەڵ خۆمـدا دەدوێم. لەترسی سەدای دەنگم، بەدەنگی بەرز قسەناکەم. تەنیا بوونەوەر و تەنیاکەسێك کە ئەم بۆشاییەی پڕدەکردەوە، لۆسالۆمێ بوو."

بروێر نەیدەتوانی نارەحەتییەکانی لەقاڵبی وشەدا دەرببڕێت، هەروەها نەیدەتوانی بۆ دڵنیاکردنەوەی نیچە و قسەکردن لەبارەی پەنهانترین نهێنییەکانیەوە قەدرزانی لەئەو بکات، لە بێدەنگیـدا گـوێی لـە قـسەکانی دەگرت. بەڵام لە ناوەوەیدا ئەو ئومێدە چەکەرەی دەکرد کە ڕەنگە سەرکەوتووبێ لـەوەی کـە 'پزیـشکێك بێت بۆ نائومێدی'.

نیچە بەردەوام بوو: "ئێستا بە یاریدەی ئێوە تێگەیشتم کـە لۆسـالۆمێ جگـە لـە وەهمێـك شـێکی تـر نەبووە."سەری لەقاند و لە پەنجەرەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. "دکتۆر ئەمە دەرمانێکی تاڵ بوو."

"بەڵام فرێدریك، ئاخۆ ئێمەی لێکۆڵەرەوانی واقیعییەت، لە پێناوی بەدواداچوون لەم ڕێگایەدا، نابێـت واز لە هەموو وەهمەکان بهێنین؟"

نیچە هاواری کرد: "واقیعییەت! یۆزیف لەیادمکرد کە بڵێم، لێکۆڵەرەوانی واقیعییـەت دەبێـت شـتێکی تریش فێربن. ئەویش ئەوەیە کە واقیعییەت یەك وەهمە کە هەڵبەتـە نـاتوانین بێئـەو بـژین. لەبـەر ئـەوە

لۆسالۆمیٚ لەبەرخاتری بینینێکی نویٚ و نەناسراو، فەرامۆش دەکەم. تەماشاکردنی ڕۆیشتنی ئەو و ئەوەی کە ئیتر شتێك نامێنێتەوە، کێشەیە."

"شتێك لە لۆسالۆمیٚ نامێنێتەوە؟"

"شتێکی باش نامێنێتەوە." نیچە بە ژانەوە دەموچاوی تێکنا.

برویٚر هانیدا: "بیری لێبکەنەوە. لێگەڕێن با وێنەکانی بێتە بەرچاوتان، چی دەبینن؟"

"یەك باڵندەی شکاری. هەڵۆیەك بە پەنجەی خوێناوییەوە، گەلەگورگێك بە ڕابەرایەتی لۆ، خوشك و دایکم دەبینم."

"پەنجەی خوێناوی؟ بەڵام ئەو هەوڵیدا کۆمەك بە ئێوە بگەیەنێت. فرێدریك ئەو زەحمەتێکی زۆری کێشا. لەبەر خاتری ئێوە سەفەری بۆ ڤینیسیا و ڤییەنا کرد."

نیچە وەڵامی دایەوە: "لەبەر خاتری من نەبوو! ڕەنگە لەبەر خۆی و قەرەبووکردنەوەی گوناهەکانی بووبێت."

"وانەکەوتە بەرچاوم کە ئەو هەست بە گوناه بکات."

"کەواتە لەوانەیە لەبەر هونەربێت. ئەو ڕێزێکی زۆری بۆ هونەر و کارەکانی من دادەنا. ستایشی کتێبێکی دەکرد کە نووسیم و هەروا کتێبێکی تریش کە خەریکە تەواو دەبێت، دەبیٚ قەبووڵی ئەوە کەم کە بینینێکی وردی هەبوو. سەیرە کە من لە مانگی ئاپریلدا، واتە بەر لە نزیکەی نۆ مانگ ئەوم ناسی، ئێستا هەستدەکەم کە کارێکی گەورە لە ناوەوەمدا خەریکە گەشە دەکات. کوڕەکەی من زەردەشت، واخەریکە دێتە دونیاوە. کیٚ چوزانیٚ؟ ڕەنگە ئەو بەر لە نۆ مانگ تۆوی زەردەشتی لە ڕۆحی مندا چاندبێت. ڕەنگە قیسمەتی ئەو بێت کە ڕۆحە بەپیتەکان بە کاری مەزن ئاوسبکات."

برویٚر بە توندی ناڕەزایی دەربڕی: "کەواتە بەپێی ئەم تیۆرییە، لۆسالۆمیٚ کە لەبەر خاتری ئێوە سەردانی منی کرد، ئەسڵەن دوژمنی من نییە؟"

نیچە بە مشت بە دەسکی کورسییەکەی خۆیدا کێشا. "نەخێر. ئەمە ئێوە دەیڵێن، نەوەك من. ئێوە هەڵەن! هیچکەس ناتوانیٚ ئەوەم پێقەبووڵ بکات کە ئەو هەرگیز لە بیری مندا بووە! ئەو تەنها لەبەرخۆی سەردانی ئێوەی کرد و بەدوای مەبەستی خۆیەوە بوو! ئەو هەرگیز منی نەناسی. ئەو سوودی خراپی لەمن وەرگرت. هەموو ئەو شتانەی کە ئەمڕۆ بە منتان گوت، ڕاکەی من مکومتر دەکەن."



"تاچی ڕادەیەك؟" هەرچەندە کە برویٚر وەڵامی ئەوەی دەزانی کەچی پرسی.

"تاچی ڕادەیەك؟ خۆ ئەوە دیارە. خۆتان گوتتان کە لۆ هاوشێوەی بێرتای ئێوەیە، ئەو بووکەڵەیەکە. ئەو بەو پەتە نادیارانەوە هەمان سەمای خۆی دەکات، ئێستا لەگەڵ من، ئێوە یان کەسێکی تر جیاوازییەکی نییە. هەموو پیاویٚ بەتەنیایی بێبایەخە. ئەو هەردووکمانی بەیەك شێواز هەڵخەڵەتاند. بەهەمان فێڵ و زیرەکی، بە هەمان ڕەفتار و گفتەکانییەوە!"

"بەم حاڵەشەوە ئەم بووکەڵەیە بەسەرتاندا باڵادەستە و هەستی ئێوە دێنێتە سەما" لەخۆتان دەپرسن کە داخۆ چی بیرێك لەبارەی ئێوەوە دەکاتەوە و بەتاسەی بەرکەوتنی ئەوەوەن."

"نا، ئەمە تاسە نییە، ئیتر نییە. من بەتەنیا هەست بە تووڕەیی دەکەم."

"تووڕەیی لە لۆسالۆمیٚ؟"

"نەخێر، ئەو نرخی تووڕەیی منی نییە. من لە خۆم و لە تاسەیەك تووڕەم کە منی ناچارکرد ئارەزووی ژنێکی وەها بکەم."

برویٚر لەخۆی پرسی: "ئایا هۆی هەستکردنێکی ئاوها ناخۆش، مژۆڵی زەینی، یان تەنهاییە؟ دەرکردنی لۆسالۆمیٚ لە 'ئاگایی' نیچە تەنها یەك هەنگاوە لە ڕێگاچارەی بەسەرهاتەکە. من دەبێت ئەو برینەش دەرمانبکەم کە درووستیکردووە."

بەدەنگی بەرز پرسی: "سەبارەت بە خۆتان بۆچی هێندە تووڕەن؟ بەیادی دێنمەوە کە گوتتان، ئێمە هەموومان ئەو سەگە وەحشییانەمان هەیە کە لە توندی تاسە و هەوەس لەژێرزەمینەکانماندا پاسدەکەن. چەندیٚ حەزمدەکرد بتانتوانییایە کەمیٚ گونجاوتر داوەری بکەن و ئاگایەکی زیاترتان لە ئینسانییەتی خۆتان بوایە!"

"ئایا ئەو بەردە سنوورییە سەرەتاییانەی منتان لەیادە؟ من چەندین جار ئەم بەردانەم فڕێداوە یۆزیف. بەخۆمم گوتووە، 'خۆت بە!' واتا نەك تەنیا نابیٚ گۆڵ لە خۆمان بکەین، بەڵکو نابیٚ ڕێگا بدەین کە ببینە قوربانی کەسی تریش. بەڵام ئەگەر لە جەنگیندا بکەوینە ژێر توانای لایەنی بەرامبەرەوە، باشترە لە قوربانیبوون لەبەرامبەر بووکەڵەیەکدا کە تەنانەت مرۆڤیش نابینێت. ئەمە نابەخشرێت!"

"ئەی ئێوە فرێدریك، ئایا ئێوە هیچ کاتیٚ لۆسالۆمێتان بینیوە؟"

نیچە سەری بەرزکردەوە، دەیویست بزانێت: "مەبەستتان چییە؟"

"لەوانەیە ئەو لەبەرانبەر ئێوەدا ڕۆڵی ئەکتەرێکی شانۆی دیبێت، بەڵام ئەی ئێوە چی؟ ئێوە چ ڕۆڵێکتان بینی؟ ئایا ئێمە، من و تۆ، بەڕاستی کردارێکی جیاوازمان لەگەڵ ڕەفتاری ئەودا هەبووە؟ ئێوە ئەوتان بینیوە یان تەنیا بەدوای بەرژەوەندییەکانی خۆتانەوە بوون؟ ئایا ئەوتان لەپێناوی بیری پێشکەوتنخوازانەیدا پەسەند نەدەکرد و ئەوتان وەك زەوییەکی بەپیت بۆ بەربوومە باشەکانتان و میراتگری خۆتان نەدەبینی؟ یا بەهۆی ئەوەی کە ئێوەش وەك من تەنیا جوانی و جاهێڵی ئەوتان بینی؟ ئەوتان وەك بالیفێکی ساتن* یاخود دەفرێك بینی کە دەتانتوانی ئارەزووی خۆتانی تێدا بەتاڵکەنەوە؟ ئەی ئایا ئەو غەنیمەی شەڕێکی نێوان ئێوە و پاوڵ ڕێ نەبوو؟ ئایا بە ڕاستی ئەوتان بینی، پاوڵ ڕێ ـ تان بینی کە دوای یەکەمین دیدارتان داواتان لێکرد کە لەلایەن ئێوەوە داوای هاوسەرێتی لەو کیژۆڵەیە بکات؟ من گومان دەکەم ئەم ژنە لۆسالۆمێ نەبووە کە ئێوە حەزتان لێکردووە، بەڵکو مرۆڤێکی وەك ئەو بوو."

نیچە شتێکی نەدەگوت. بروێر بەردەوامی پێدا: "من هەرگیز ئەو گەڕانەی خۆمان لەیاد ناکەم، ئەو گەڕانە ژیانی منی لە زۆر ڕووی جیاوازەوە گۆڕی. ڕەنگە لە هەموو شتەکان گرنگتر کە لەو ڕۆژەدا فێربووم ئەوە بێ کە من بە تەنیا حەزم لە بێرتا نەدەکرد، بەڵکە زۆر ماناشم دەدایە پاڵی. زۆرمانا کە بچووکترین پەیوەندیشی بەئەوەوە نەبوو، خۆشمویست. لەو ڕۆژەوە چاوانی من کرانەوە و من تێگەیشتم تاکو ئێستا بەوجۆرەی کە بەڕاستی هەبوو، بێرتام نەبینیبوو. ئێمە تا ئێستا بە ڕاستی یەکترمان نەدیوە. فرێدریك، ئایا ئەمە لەبارەی ئێوەشەوە ڕاست نابێت؟ ڕەنگە خەتای کەسیش نەبێت، ڕەنگە بە ئەندازەی ئێوە سوودی خەراپ لە لۆسالۆمێش وەرگیرابێت. ڕەنگبێ هەموومان ئازارێکی هاوبەشمان هەبێ و ڕاستییەکانی بوونی خۆمان نەبینین."

نیچە بە دەنگێکی توند بەڵام گیراوەوە قسەی دەکرد، دەنگی خەریکبوو دەبڕا. "دەرکی خواستەکانی ژن بۆ من گرنگ نییە. لەمە گرنگتر ئەوەیە کە لەسەر ڕێگاکەیان لاچم. ژنان شتەکان تێکدەدەن و لەناوی دەبەن. ڕەنگە واباشتربێ بڵێم، من بۆ ئەوان دروست نەبووم و کۆتایی بە باسەکە بێنین. پێدەچێ بۆ من بەسوود نەبێت. هەندێ کات پیاو وەك پێویستی بە خواردنێکی باش، ئاوا پێویستی بە ژنێکیش هەیە."

بیروڕای شەڕانیانەی نیچە، بروێری لەگۆ فیکران ڕاکرد. کەوتە بیری شەوقێکەوە کە ماتیلدە و خێزانەکەی پێشکەشی ئەویان دەکرد. هەتا کەوتە خەیاڵی چێژێکەوە کە سەیرکردنی تازەی بۆ بێرتا بەئەوی دەبەخشی. وێناکردنی ئەو حاڵەتەی کە هەرگیز دۆستەکانی لەم چێژە سوودمەند نابن، خەمگینی دەکرد. بەڵام نەیدەزانی بەچ شێوەیەك ڕەشبینی نیچە سەبارەت بە ژنان چابکاتەوە. ڕەنگە بروێر چاوەڕوانی زۆری کردبێت. لەوانەیە نیچە ڕاست بکات کە دەیگوت، ڕەفتاری بەرامبەر بە ژنان، لە ساڵانی سەرەتای

---

* Satin جۆرێ قوماشە.



ژیانییەوە پەیدابووە . لەوانەیە ئێستا ئەم ڕەفتارە وەها قووڵبووبێتەوە کە ئەگەری هەموو جۆرە چارەسەرییەکی بەقسەی لەناودەبرد. کاتێ کە بروێر بەم ئەنجامە گەیشت، هەستیکرد کە گەیشتۆتە کۆتایی زانستی خۆی. سەرباری ئەوە کاتی لەدەستدەدا“ ئیتر بەمشێوەیە زۆر دەستی بە نیچە ڕانەدەگەیشت.

نیچە لە پڕدا و بلەز چاویلکەکەی داکەند. دەموچاوی لە هەردوودەستیدا شاردەوە و بەدەنگی بەرز گریا.

بروێر گێژو وێژ ببوو. دەبا شتێکی بگوتایە. "منیش کاتێ تێگەیشتم کە دەبێ واز لە بێرتا بهێنم، گریام. زۆر سەختە کە مرۆڤ دەستبەرداری خەیاڵکردن و جاد و ئەفسوون ببێت. بەخاتری لۆسالۆمێ دەگرین؟"

لەکاتێکدا کە نیچە دەموچاوی خستبووە ناو دەستماڵەکەیەوە، بە هنگەهنگێکی زۆرەوە لووتی پاکردەوە و سەری بە توندی ڕاتەکاند.

"بۆ تەنیاییتان؟"

دیسانەوە سەری ڕاوەشاندەوە.

"فرێدریك، دەزانن بۆچی دەگرین؟"

نیچە بە قوڕگێکی گیراوەوە گوتی: "بە تەواوی نا."

لەناکاو بیرێکی سەیر بە خەیاڵی بروێردا هات. " فرێدریك، تکا دەکەم ئەمە تاقیکەنەوە. حەز دەکەن ئەوە وێنا بکەن کە فرمێسکەکانتان دەنگێکیان هەیە؟"

نیچە دەستماڵەکەی داگرت و بە حیرەتەوە تەماشای بروێری کرد.

بروێر تکایکرد: "هەوڵی خۆتان بدەن، تەنها یەك دوو دەقە ئەم کارە بکەن. چی دەڵێن؟"

"ڕاموایە کە پێکەنیناوی دەبم."

"منیش لە کاتی ئەنجامدانی ئەو ئەزموونە تایبەتیانەی کە پێشنیارتان دەکرد، پێکەنیناوی دەهاتمە بەرچاو. کەواتە تکادەکەم لەبەرخاتری من ئەم لوتفە بنوێنن و هەوڵی خۆتان بدەن."

لە ساتێکدا کە نیچە خۆی لە چاوانی بروێر دەپاراست، دەستی بە قسانکرد. "ئەگەر یەکێ لە ئەسرینەکانی من بیتوانیایە قسەبکات، دەیگوت ..." ـ ئێستا ئیدی بە چرپە قسەی دەکرد ـ "‘ئاخری ئازاد بووم! ئەم هەمووساڵانە بەندکرابووم! هاوار لە دەستی ئەم پیاوە، ئەم پیاوە وشکە کە قەت منی ئازاد نەکرد!‘ ئایا مەبەستتان هەر ئەوە بوو؟"

بەدەنگی ئاسایی خۆی پرسیاری دەکرد.

"بەڵێ چاکە، زۆر چاکە، چیتر دەڵێن؟"

"چی تر دەڵێن؟ فرمێسکەکان دەڵێن . . ." ـ دیسانەوە بەدەنگێکی وێردئاساوە ـ "ئازادی چەندێ خۆشە! چل ساڵە لە ئەستێلێکی وەستاودا بەند بووم. ئاخری ئەم پیاوە لەخۆباییە باری خـۆی سـووکدەکات! ئاخ! چەندێ حەزمدەکرد هەڵبێم! بەڵام ڕێگایەك بۆ دەرچوون نەبوو تا ئەو کاتەی کە ئەم پزیشکە ڤییەناییە ئەو دەرگا ژەنگلێدراوەی کردەوە." نیچە بێدەنگ بوو، بە دەستماڵ فرمێسکەکانی سڕییەوە.

بروێر گوتی: "سوپاسگوزارم. دەرگایەکی ژەنگلێدراو کرایەوە. چ پێداگوتنێکی جوانە. ئێستا بە دەنگی خۆتان باس لەو خەمە بکەن کە خۆی لەپشتی ئەم فرمێسکانەوە شاردۆتەوە."

"ئەمە خەم نییە. بە پێچەوانەوە کاتێ کە بەر لە چەند دەقەیەك سەبارەت بە ترسم لەبارەی تەنیامردنەوە قسەم بۆکردن، هەستم دەکرد لە ڕادەبەدەر سووکبووم. نەك بەهۆی شتێکەوە کە دەمگوت، بەڵکو تەنها لەبەر ئەوەی کە دەمگوت، بۆئەوەی کە ئاخری دەتوانم هەست و سۆزەکانم دەربڕم."

"لەبارەی ئەو هەست و سۆزەوە زیاتر بۆم بڵێن."

"ئەمە هەستێکی شکۆمەند و بزوێنەرەو ساتێکی پیرۆزە. هەر بەوهۆیەشەوە گریام. هەر لەبەر ئەمەشە ئێستا دەگریم. تا ئێستا هەرگیز نەمتوانیوە ئەم کارە بکەم. دەمبینن! ئیتر ناتوانم بەر لە فرمێسکەکانم بگرم!"

"باشە فرێدریك، فرمێسك پاکەرەوەیە."

نیچە کە دەموچاوی لەناو دەستەکانیدا شاردبۆوە، سەری ڕاوەشاند.

"سەیرە، بەڵام ڕاست لە هەمان ساتی کە من ـ بۆ یەکەمینجار لە ژیانمدا ـ بەهەموو ترسناکیەکییەوە تەنیاییم قەبووڵ دەکەم، کەچی لەناودەچێت! ڕێك لەو کاتەی کە بەئێوەم گوت تاوەکو ئێستا بەرهیچ کەسێك نەکەوتووم، کەچی دەهێڵم کەسێ بەرمکەوێت. ساتێکی وەسفنەکراوبوو، دەتوت چینێکی قەبەی سەهۆڵ شکا و بوو بە هەزاران پارچەوە."

بروێر گوتی: "ئەمە پارادۆکسێکە! تەنیایی بەس لەناو تەنیاییدا هەیە، هەر کە دابەشبوو، لەناودەچێت."

نیچە سەری بەرزکردەوە و بە هێواشی فرمێسکەکانی لە ڕوخساری سڕییەوە. پێنج شەش جار سمێڵی شانەکرد و دیسانەوە چاویلکە قەبەکەی لەچاوکردەوە. دوای بێدەنگییەکی کورت گوتی: "دەبێ شتێکی تریشتان بۆ ئاشکرابکەم." تەماشای سەعاتی کرد. "ڕەنگە دوایین ئیعترافی من بێت. یۆزیف. کاتێ کە ئەمڕۆ هاتنە ژوورەکەمەوە و ڕاتانگەیاند کە گرفتەکانتان چارەسەر بووە، هەستم بە شکست کرد! چونکە ئیتر هۆیەك بۆ گفتوگۆ لەگەڵتاندا نییە و بۆ ساتێك ئاوڕیستی خۆم بووم و تووشی نائومێدی بووم لەوەی کە نەمتوانی شادی بۆ ئازادی ئێوە بگێڕم. ئەم جۆرە خۆویستییە شایستەی بەخشین نییە."



بروێر پەرچی دایەوە: "تەنانەت شایستەی بەخشینیش نییە!. خۆتان بۆتان باسکردم کە ئێمە لە چەندین بەشی جیاواز دروستبووینە کە هەریەکەیان حەزی بە دەرکەوتنە و ئێمە تەنیا دەتوانین بەرپرسیارێتی ئەنجامی ئەم ڕێکەوتنە وەئەستۆ بگرین، نەوەك حاڵەتی دەروونی هەربەشێك. ئەم زاراوەی خۆویستییەی ئێوە مایەی چاوپۆشییە، ڕێك بەو هۆیەی کە ئەوەندە نرختان بۆ داناوم کەچی ئێستا لەگەڵ مندا ئەوە دێننە ئاراوە. دۆستی ئازیزم ئارەزوو دەکەم کە وشەی ’شایستەی نەبەخشین‘ لە گەنجینەی وشەکانتاندا بکوژێتەوە."

سەرلەنوێ چاوانی نیچە پڕبوونەوە لە فرمێسك و دەستماڵەکەی دەرهێنایەوە.

" فرێدریك، هۆی ئەم فرمێسکانە چییە؟"

"هۆیەکەی سەدای ئێوەبوو لە دەربڕینی ’دۆستی ئازیز‘ دا، بەزۆری وشەی دۆستم بەکار دەهێنا، بەڵام تائێستا هەرگیز ئەم وشەیە بەمنەوە پەیوەست نەبووە. من هەمیشە خەونی ئەو جۆرە دۆستییەم هەبووە کە حەزی دوو مرۆڤ بۆ شتێك زیاتر لێکیان نزیکدەکاتەوە و لەناکاو ئەوە لێرەدا دەبینم! هەر ئەمە من و تۆی لێکنزیك کردەوە! هەر یەکێ لە ئێمە پشکێکی هەیە لە زاڵبوونی ئەوی تر بەسەرگرفتەکانیدا. من دۆستی ئێوەم. ئێوە دۆستی منن. ئێمە دۆستین. ئێمە دۆستین." نیچە بۆ ساتێك دڵشاد دیاربوو. "یۆزیف، ئەم ڕستەیە چی زایەڵەیەکی خۆشی هەیە. حەزدەکەم چەندین جار دووبارەی کەمەوە."

"فرێدریك، کەواتە داوەتی من قەبووڵ بکەن و بمێننەوە. بیر لە خەونەکەتان بکەنەوە. دەتوانن ببنە ئەندامی خێزانەکەی ئێمە و کۆڕەکەمان گەرمترکەن."

کاتێ کە بروێر ئەم قسانەی کرد، نیچە ڕێك دانیشت و بەرلەوەی کە وەڵام بداتەوە، بە هێواشی سەری لەقاند: "ئەم خەونە هاوکات و بەئەندازەیەك من ڕادەکێشێت و ئازارم دەدات. من وەك ئێوەم، هەڵبەت کە حەز دەکەم لە تەنیشتی وەجاخێکەوە خۆم گەرمکەمەوە، بەڵام لەوە دەترسم کە ئارامی بەسەرمدا زاڵ بێت. ئەمە بەمانای خیانەتکردنە لە خۆم و لە پەیامەکەم. بۆ من وەکو مردنە، ڕەنگە هەمان لێکدانەوەی ئەو بەردە جێگیرە بێت کە خۆی گەرمدەکاتەوە."

نیچە هەستا و ماوەیەك هاتوچووی کرد و لە پشت کورسییەکەی خۆیەوە وەستا. "نا، نا، دۆستی من، بەشی من گەڕانە لەدوی هەقیقەت لەودیوی تەنیاییەوە. کوڕەکەم" زەردەشت پڕدەبێت لە دانایی و کامڵ دەبێ، بەڵام تەنها هەڵۆ وەك هاوڕێی تاقانەی خۆی دەوێت. ئەو دەبێ بە تەنیاترین ئینسانی سەر ڕووی زەمین."

نیچە بۆ چەنەمین جار سەیری سـەعاتی کـرد. "یۆزیـف، مـن لـەو ماوەیـەدا ئەوەنـدە زانیـاریم لەسـەر دابەشکردنی کاتی ڕۆژانەی ئێوە پەیداکردووە کـە ئێـستا بـزانم نەخۆشـانی تـر لـە چـاوەڕوانی ئێـوەدان. حەزناکەم لەمە زیاتر لەکاتی ئێوە بگرم. هەر یەك لە ئێمە دەبێ بەڕێ خۆییدا بڕوات."

بروێر بە حوزنەوە سەری ڕاوەشاند. "بەهۆی ئەوەی کە ناچارین مالاّوایی لە یـەك بکـەین، زۆر خـەمبارم. ئەمە ناعادیلانەیە. ئێوە یارمەتییەکی زۆری منتاندا و بەپێچەوانەشەوە یارمەتییـەکی کـەمتان لـە مـن وەرگرت. هەولّی خۆمدا کە سێبەری بەهێزی لۆ لە ژیانی ئێوەدا لەناوببەم، ڕەنگە سەرکەوتبم و ڕەنگیـشە ژێرکەوتبم، تێپەڕینی ڕۆژگار نیشانی دەدات، بەلاّم لاموایە زۆر شت ماوە کە دەمانتوانی بەسـەریاندا زالّ ببین."

"یۆزییف، بەهای ئەو شتە بەکەم مەبینن کە بەمنتان داوە. بەهای دۆستی خۆتـان و ئاگـایی لـەوەی کـە هیولایەك نیم و ئەو توانایەم هەیە کە دەستم درێژکەم و دەستێك بگرم، بەکەم دانەنێن. تا ئەمڕۆ بە تەواوی باوەڕم بـە گوتـەی 'چارەنووسـی خـۆت هەلّبـژێرە' نـەبوو، چـونکە خـۆم ناچـارکردبوو ـ یاباشـتر بلّـێم قەبوولّمکردبوو ـ کە چارەنووسی خۆم خۆشبوێت. بەلاّم ئێـستا دەزانم و بـۆ ئەمـەش قـەرزارباری ئێـوە و خێزانی میواندۆستی ئێوەم. دەزانم کە دەتوانم ئازادانە بڕیاربدەم. من هەردەم تـەنیا دەبم، بـەلاّم ئێـستا چ جیاوازییەك، چ جیاوازییەکی جوان هەیـە، ئـەوەی کـە ئـەنجامی دەدەم، دەمـەوێت. چارەنووسـی خـۆت هەلّبژێرە و خۆشتبوێ."

بروێر و نیچە لە بەرامبەر یەکدا وەستان، تەنها کورسییەك لەیـەکی جیادەکردنـەوە. بروێـر کورسـییەکەی دوورخستەوە. ڕوخساری نیچە جۆرێ لە ترس و هەیەجانی بەخۆوە گرت، بەلاّم کـاتێ بروێـر بـە باوەشـی کراوەوە بەرەو ئەو ڕۆیشت، ئەویش باوەشیکردەوە.

دەوروبەری نیوەڕۆی هەژدەی دیسەمبەری ١٨٨٢، یۆزیف بروێر گەڕایەوە بۆ عیادەکەی خۆی، گەڕایەوە بۆ لای خانم بیکر و نەخۆشانی چاولەڕێی. دواتر نانی نیوەڕۆی لەگەلّ هاوسەری و مندالّەکانی، دایك و باوکی ژنەکەی، دۆسـتێکی لاو و مـاکس و خێزانەکەیـدا، خـوارد. دوای وەنـەوزێکی کـورت خـەوی بـە یـاری شەترەنجەوە بینی. ئـەو سـی سـالّی تـر وەك پزیـشکێ کـاری کـرد، بـەلاّم ئیـدی هـەرگیز سـوودی لـە 'چارەسەرکردن بە قسە' وەرنەگرتەوە.

لە هەمانڕۆژدا، نەخۆشی ژووری ژمارە سیانزە، ئێکهارد مۆلـەر سـواری فایتۆنێـك بـوو تـاوەکو لـە کلینیکی لاوزۆنەوە بڕوات بۆ وێستگەی شەمەنەفەر. دەیویست سەفەربکات بـۆ باشـوور، دەیویـست بەرەو هەتاوی گەرم، ئاسمانی سامالّ و جێژوانی خۆی بڕوات. جێژوانێکی بەنرخ لەگـەلّ پەیامبـەرێکی ئێرانی بەناوی زەردەشت.

# دوا وتە

فرێدریك نیچە و یۆزیف بروێر لە ژیانیاندا هەرگیز سەردانی یەكتریان نەكردووە. لەبەر ئەوە ناتوانرێ دیداری ئەوانیش بە لەدایكبوونی دەرونشیكاری بزانرێ. بەلاّم هەلومەرجی ژیانی كەسایەتییە سەرەكییەكان كە لە ڕۆمانەكەدا هاتووە، لەسەر بنەمایەكی واقیعی بووە و ڕشتەی سەرەكی ڕۆمانەكە ـ ئازاری دەروونی بروێر، نائومێدی توندی نیچە، ئانائۆ.، لۆسالۆمێ، دۆستایەتی نزیكی نێوان بروێر فرۆید ـ و دەرونشیكاری تەنها دەبێ لە ساڵی ١٨٨٢ وە سەری هەڵدابێت و دەبێ سەلەنوێ بە شێوەیەكی تازە پێكەوە ببەسرێتەوە.

فرێدریك نیچە لە بەهاری ساڵی ١٨٨٢ دا لەڕێگای پاوڵ ڕێ ـ وە لۆسالۆمێ دەناسێ ولە مانگەكانی دواییدا و لە نێوانی ئەو دوانەدا پەیوەندییەكی ئاشقانەی ئەفلاتونی كورت بەلاّم توند، دروست دەبێت. لە دواییدا لۆسالۆمێ وەك نووسەر و لێكۆڵەرەوە ناوبانگ دەردەكات، لێ لەم نێوەندەدا بەهۆی دڵپاكی و پەیوەندی ئەڤینداراانەی لەگەڵ فرۆید و دۆستایەتی لەگەڵ ڕاینەر ماریا ریلكە، لە یادەوەرییەكاندا دەمێنێتەوە.

پەیوەندی نیچە لەگەڵ لۆسالۆمی داّ بەهۆی پاوڵ ڕێ و دەستێخستنە خراپەكانی ئەلیزابێسی خوشكی نیچەوە، بە پەیوەندییەكی ئاڵۆز گۆڕابوو، كۆتاییەكی بەلاّهێنی بۆ ئەو هەبوو، ساڵانێكی زۆر بەهۆی ئەو هەستەوە ئازاری دەكێشا كە خیانەتی لێكراوە. مانگەكانی كۆتایی ساڵ ١٨٨٢ ـ زەمەنێك كە ڕووداوەكانی ڕۆمانەكەی تێدا ڕوودەدات ـ نیچە بە سەختی نائومێد ببوو، تەنانەت مەترسی خۆكوشتنی لەسەربوو. نامە نائومێدانەكانی بۆ لۆسالۆمێ كە بەشێكیان لە كتێبەكەدا هاتوون، ئەگەرچی نەشتوانرێ دەستنیشانی ئەوە بكرێ كە كامیانی هەروا نووسیوە و كامیان بۆ لۆ نێردراوە ، بەلاّم باوەڕپێكراو و ڕاستن. جگە لەوە نامەكەی واگنەر بۆ نیچە، نامەیەكی ڕاستە.



پزیشكی ڤییەنایی، یۆزیف بروێر بۆ تیماركردنی بێرتا پاپن هایم ـ یا ئانائۆ. ـ كات و تێگەیشتنێكی زۆر خەرج دەكات. ئەو لە نۆڤەمبەری هەمان ساڵدا، ڕەوتی تیماركردنی ئەم نەخۆشە لەگەڵ دكتۆری لاو سیگمۆند فرۆید، دێنێتە ئاراوە. بەهەمانشێوەی كە لە كتێبەكەدا هاتووە، زۆر كات لە ماڵی بروێر میوان بووە و لە ساڵی ١٨٨٥ دا ڕاپۆرتی ڕەوتی تیماركردنی ئانائۆ. وەك یەكەمین كار لە كۆمەڵە وتاری هاوبەشی بروێر و فرۆید، بەناوی لێكۆڵینەوەیەك لەبارەی هیستریاوە، چاپدەكرێت. كارێك كە زەنگی دەستپێكردنی دەروونناسی لێدەدات.

بێرتا پاپن هایمیش وەك لۆسالۆمێ ژنێكی باوەدەر بوو. ساڵانێك دوای چارەسەركردنی لەلایەن بروێرەوە، بۆ ڕێزگرتن لە كارە ئازایانەكانی وەك یاریدەدەری كۆمەڵایەتی و فیمینیست لە ساڵی ١٩٥٤، لە ئەڵمانیا پولێكی تایبەت بە یادی ئەوەوە چاپكرا. ئەوە هەمان ئەو ئانائۆ. یە بوو كە لە ساڵی ١٩٣٥ دا لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی كتێبی **ژیان و بەرهەمەكانی سیگمۆند فرۆید** لە نووسینی ئێرنست جۆنز بۆ خەڵك ڕوونبۆوە.

ئایا بە ڕاستی یۆزیف بروێر ئاشقی بێرتا پاپن هایم ببوو؟ ئێمە شتێكی زۆر لەبارەی ژیانی تایبەتی بروێرەوە نازانین، بەلاّم لێكۆڵینەوەكان نیشانی دەدەن كە ئەم بابەتە شتێكی مومكین بووە. گوزارشی هاوسەردەمەكانی ئەم كەسانە ناچونیەكییەكی زۆری تێدایە، بەلاّم هەموویان لەسەر ئەوە هاوڕان كە تیماركردنی بێتا پاپن هایم لەلایەن بروێرەوە بۆتە هۆی دروستبوونی ئاڵۆزییەكی سۆزدارییانەی توند بۆ هەردووكیان. بروێر بە ئەندازەیەك ئالودەی ئەم نەخۆشە ببوو، كە كاتێكی زۆری خۆی لەم نەخۆشەیدا خەرجدەكرد و ماتیلدەی هاوسەری لێ زویربوو، و ئێرەیی بە بێرتا دەبرد. فرۆید لەبارەی ئەم مەفتوونبوونەی بروێرەوە بە دووروودرێژی لەگەڵ ئێرنست جۆنزدا قسەی كردووە و لەنامەیەكیدا بۆ دەستگیرانەكەی مارتا بیرنایز، ئەوی دڵنیاكردبۆوە كە شتێكی وەها هەرگیز لەئەو ڕوونادات.

جۆرج پۆلاكی دەروونناس لەم ڕووەوە لێكۆڵینەوەی كردووە و لەوە دڵنیایە كە ڕیاكسۆنی توندی بروێر بەرامبەر بە بێرتا بەهۆی مەرگی ناوەختی بێرتای دایكییەوە بووە.

چیرۆكی سكپڕی بێرتا و كەوتنی بروێر لە زانستی دەروونناسیدا بەشێوەیەكی ئەفسانەیی دەركەوتووە. فرۆید لە نامەیەكیدا كە لە ساڵی ١٩٣٢ بۆ ئیشتیڤان سوایگی دەنووسێت، بۆ یەكەمین جار باس لەم بەسەرهاتە دەكات، كە ئێرنست جۆنز لە بیۆگرافیاكەی فرۆیدا سوودی

لەوە وەردەگرتووە. بەڵام بەم زووانە لەبارەی هەقیقەتی ئەم بەسەرهاتەوە گومانێك دروستبووە. ئەلبرێشت هێرش مۆلەر لە بیۆگرافییەکدا کە لە ساڵیی **١٩٧٨** دا بۆ بروێری نووسیوە، گوتوویە کە ئەم ڕووداوە جۆرێك لە پڕوپاگەندەی فرۆید بووە. خودی بروێر لەم بارەیەوە هەرگیز هیچی دەرنەبڕیوە. هەڵبەت بڵاوبوونەوەی ئەمە و باسکردنی لەڕادەبەدەری سەرکەوتنی خۆی لە ساڵی **١٨٩٥**دا، بووە هۆی ئەوەی کە زیاتر سەرگەرمی ئانائۆ. بێت.

بە سەرنجدانی ڕۆڵێکی زۆر گرنگ کە یۆزیف بروێر لە گەشەکردن و پێشکەوتنی دەرونشیکاریدا هەیبووە، سەرمان لەوە سووڕدەمێنێ کە ئەو تەنیا بۆ ماوەیەکی کورت مژۆڵی ئەم کارە بووە. بەبڕوای مێژوونووسانی زانستی پزیشکی، یۆزیف بروێر لەلایەکەوە یەکێك بووە لە بەنرخترین لێکۆڵەرەوانی هەستی هاوسەنگی و لەلایەکی تریشەوە پزیشکێکی بێهاوتا بووە لە دەستنیشانکردنی نەخۆشی و لە یادەوەرییەکاندا دەمێنێتەوە. ئەو پزیشکی خانەوادەیی خەڵکە دیارەکانی ئەو سەردەمەی ڤییەنا بوو.

نیچە لە هەموو تەمەنی خۆیدا لە بێهێزی جەستەیی ئازاری کێشا. بەهۆی ئەوەی کە نائومێدی سەختی ئەو لە ساڵی **١٨٨٩** دا بۆۆوە مایەی تێکچوونێکی دەروونیانەی گران و ئیفلیجکەر. (ئەگەری ئەوە هەیە کە مردنی ئەو لە ساڵی **١٩٠٠**دا بەهۆی سیفلیسەوە بووبێ کە بەر لە چەند ساڵێك دووچاری ببوو.)، بەڵام شتێکی بەڵگەنەویستە کە ناڕەحەتییەکانی سەردەمی لاوێتی ئەو هۆکاری تری هەبووە. ڕەنگە میگرەنی سەخت ئازاری زۆری دابێ. (وێنەی بارودۆخی تەندروستی ئەوم بە پشتیوانی کاری ئیشتیڤان سوایگ کێشاوە کە لە ساڵی **١٩٣٩** دا بەناوی پۆرترێتی نیچەوە کردوییەتی). نیچە لەبارەی ئەم نەخۆشییەوە سەردانی زۆر پزیشکی ئەوروپای کردبوو. بەهیچ جۆرێ نامومکین نییە کە ڕایانسپاردبێت سەردانی یۆزیف بروێری پزیشکی ڤییەنایش بکات.

بە پێچەوانەوە، نیگەرانی لۆسالۆمێ بۆ نیچە و سەردانی ئەو بۆ لای بروێر ئەسڵەن لەگەڵ کەسایەتی ئەودا ناگونجێ. بەپێی بیۆگرافیای سالۆمێ دەردەکەوێت کە ئەسڵەن هەستی بە گوناه نەکردووە و پەیوەندییەکی ئەڤیندارانەی زۆری بەبێ ناڕەحەتییەکی تایبەتی وازلێهێناوە. بەپێی زانیاری من لۆسالۆمێ مرۆڤێکی زۆر کەمدو بووە و هەرگیز لەبارەی پەیوەندییە تایبەتییەکانی خۆی لەگەڵ نیچەدا ڕایەکی دەرنەبڕیوە. نامەکانی ئەو بەردەست نەکەوتوونە.




ڕەنگە ئەلێزابێسی خوشکی نیچە ئەوانی دڕاندبێت، چونکە دوژمنی لۆسالۆمێ بوو، و تاکۆتایی تەمەنی ڕقی لێیبوو. لەڕاستیدا لۆسالۆمێ برایەکی بەناوی جینیا هەبووە کە لە ساڵ ی **١٨٨٢** دا لە ڤییەنا لە بەشی پزیشکی خوێندوییەتی. هەڵبەتە ڕێی تێناچێت کە لەو ساڵەدا لە کۆلیژ بروێر باسی ئانائۆ. ی کردبێت. نامەی نیچە بۆ پیتەر گاست (لە کۆتایی بەشی دوانزەدا)، هەروەها نامەی ئەلێزابێس بۆ نیچە (لە کۆتایی بەشی حەوتەمدا)، هەروەها کلینیکی لاوزۆن و کەسایەتییەکانی فایتۆنچی و ماکسی ئاوەڵزاوای بروێر، کەسایەتی خەیاڵین. (بەڵام ڕاستە کە بروێر ئارەزوییەکی زۆری بۆ یاری شەترەنج هەبووە.)، هەموو خەونە باسکراوەکان جگە لە دووخەونەکەی نیچە ـ خەونێك کە باوکی لە گۆڕ دێتە دەرەوە و خەونی پیرەمێردێکی هەناسەسوار لەسەر نوێنی مەرگ ـ خەیاڵین.

لە ساڵی **١٨٨٠** دا دەرونشیکاری نەبووە و هەرگیز نیچەش بەم مژارەوە سەرقاڵ نەبووە. بەڵام من لە خوێندنەوەیەکمدا لەبارەی نیچەوە تێبینی ئەوەم کرد کە ناسینی خود و خۆدروستکردن بۆ ئەو گرنگییەکی زۆری هەبووە. لەڕووی مێژوویشەوە تەنها فیکرەم لەو کتێبانەی نیچەوە وەرگرتووە کە بەر لە ساڵی **١٨٨٢** نووسیونی. زیاتر سوودم لە **مرۆڤانە، زۆر مرۆڤانە، تێبنییە ناوەختەکان، سپێدە** و **دانایی شادان** وەرگرتووە. هەڵبەت وامدانا کە فیکری کتێبی **وەهای گوت زەردەشت** کە چەند مانگ دوای کاتی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە دەنووسرێ، لە ماوەیەکی زۆر بەر لەوە لە خەیاڵیدا بووە.

سوپاسی پرۆفیسۆر ڤان هارڤی دەکەم کە ڕێگای پێدام لە سیمینارەکانی پەیوەست بە نیچەوە لە زانکۆی ستانفۆرد بەشداری بکەم و بۆ گفتوگۆی بەسوود و تێڕوانینە تایبەتییەکانی بۆ کارەکەم، سوپاسگوزارم. هەروەها قەرزاری هاوکارانم لە کۆلیژی فەلسەفە کە ئیجازەم وەرگرت لە هەموو سیمینارەکانیان دەربارەی فەلسەفەی ئەڵمانی، بەشداری بکەم، بۆ ڕێکخستنی ڕۆمانەکە بە بیروڕاکانیان هاوکارییەکی زۆریان کردم.

سوپاسی مارلینی هاوسەرم دەکەم، کە هەمیشە توندترین ڕەخنەگری من بووە و لە یەکەمین هەنگاوەکانەوە تا دوایەمین قۆناغ لەگەڵمدا بووە و تەنانەت ناوی کتێبەکە بیرۆکەی ئەو بوو.



**لۆسالۆمێ، پاوڵ ڕێ و فرێدریك نیچە**

**١٨٨٢ لە لۆسرین**





**یۆزیف برویر لە ١٥ ژانویەی ساڵی ١٨٤٢ لە ڤییەنا لەدایك بووە. لە دوای خوێندنی بەشی پزیشکی، برویر کە دکتۆرێکی هەناوی بوو خەریك بوو بە لێکۆڵینەوە لەبارەی هەستی هاوسەنگی و فیسۆلۆژی هەناسەدان لە پەیوەندی بە سیستمی کۆئەندامی دەمارەوە. لەگەڵ سیگمۆند فرۆیدا کتێبێکی لێکۆڵینەوەیی لەبارەی هیستریاوە نووسی. یۆزیف برویر لە ٢٠ ژونی ساڵی ١٩٢٥ لە شاری ڤییەنا کۆچی دوایی کرد.**

**ئەم وێنەیە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی ساڵی ١٨٩٠ کە برویر و ماتیلدەی خێزانی نیشان دەدات.**

**( وێنەی ئەرشیفی دیرۆك و هونەری بەرلین)**



يۆزيف برويێر له ١٥ ژانويەی ساڵی ١٨٤٢ له ڤيیەنا لەدايك بووە. له دوای خوێندنی بەشی پزيشكی، برويێر كه دكتۆرێكی هەناوی بوو خەريك بوو بە لێكۆڵينەوه لەبارەی هەستی هاوسەنگی و فيسۆلۆژی هەناسەدان له پەيوەندی به سيستمی كۆئەندامی دەمارەوە. لەگەڵ سيگمۆند فرۆيدا كتێبێكی لێكۆڵينەوەيی لەبارەی هيستریاوە نووسی. يۆزيف برويێر له ٢٠ ژونی ساڵی ١٩٢٥ له شاری ڤيیەنا كۆچی دوايی كرد.

ئەم وێنەيە دەگەڕێتەوە بۆ كۆتاييەكانی ساڵی ١٨٩٠ كه برويێر و ماتيلدەی خێزانی نيشان دەدات.

( وێنەی ئەرشيفی ديرۆك و هونەری بەرلين)





لۆ ئەندرياس سالۆمێ له ١٢ فێبریوەری ساڵ ١٨٦١ له سانپترسبۆرگ وەك كچه ژەنەراڵێك هاته دنياوە. له ساڵ ١٨٨٧ دا لەگەڵ فريدريك كارڵ ئەندرياسی ڕۆژهەڵاتناسدا ژيانی هاوسەری دروستكرد. ئەو ئارەزوييەكی زۆری له هەبوونی پەيوەندييەكی شادومانانه لەگەڵ ناودارانی ئەو كاتەی وەك نيچه و ڕيلكه و فرۆيد هەبوو.

ڕۆمان و وتار و چيرۆكی زۆری نووسيوە. له ٥ فێبریوەری ساڵی ١٩٣٧ له گۆتينگن كۆچی دوايی كرد.



**سیگمۆند فرۆید باوك و دامەزرێنەری دەروننناسی لە ٦ مەی ساڵی ١٨٥٦ لە فرایبۆرگ هاتۆتە دونیاوە. ئەو بەر لە سەرقاڵبوون بە دەرونشیکارییەوە کاتەکانی خۆی دەبەخشییە لێکۆڵینەوە لەبارەی فیسیۆلۆژی و پاتۆلۆژی مێشك. لە ساڵ ١٩٠٢ بڕوانامەی پرۆفیسۆری خۆی لە ڤییەنا وەرگرت و بەهۆی ئەوەی جوولەکە بوو لە ساڵ ١٩٣٨ کۆچی کرد بۆ ئینگلستان. فرۆید لە ٢٣ سێپتەمبەری ساڵ ١٩٣٩ لە لەندەن کۆچی دوایی کرد.**



Bertha Pappenheim – 'Anna O.'



**بێرتا پاپن هایم (ئانائۆ.) لە ساڵی ١٨٥٩ لە ڤییەنا لەدایکبووە و لە نێو خێزانێکی دەوڵەمەندی جوولەکەدا گەورە بووە. بەهۆی نارەحەتی هیستریکییەوە کە لە ئەنجامی مردنی باوکییەوە تووشی ببوو، لە ساڵ ١٨٠٠تا ١٨٨٢ لە ژێر چاودێری یۆزیف بروێردا دەرماندەکرا کە ناوی خوازراوی ئانائۆ. ی پێدابوو.**

**بێرتا پاپن هایم یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی یەکێتی ژنانی جوولەکە و ساڵانێکی زۆر بەڕێوەبردنی یەکێتی ژنانی ئەڵمانیای لەئەستۆدا بوو. لانەی بۆ سۆزانییە گەنجەکان دروستدەکرد و لە دژی ئەو کردەوانەی کە بەرامبەریان دەکرا خەباتی دەکرد. لەپاڵ ئەم چالاکیانەوە چیرۆکی دەنووسی و لێکۆڵینەوەکانی لەبارەی مەسەلە تیۆرییەکانی ژنانەوە دەنووسی. لە ساڵی ١٩٣٦ دا کۆچی دوایی کرد.**

## وتەیەکی پێویست

لەڕاستیدا دەبوایە بەر لە سێ ساڵ ئەم کتێبە بکەوتایەتە بەر چاوی خوێنەرانی کورد. زستانی ٢٠٠٢ بوو کە بۆ یەکەمین جار ئەم ڕۆمانەم بە زمانی تورکی خوێندەوە و بەهۆی بەپێزی و پێویستبوونی کتێبخانەی کوردی بەم کتێبە، لە زمانی تورکییەوە دەستم بە وەرگێڕانی کرد. بەڵام بەداخەوە لەوماوەیەدا کە دەمویست بەرەو ئەورووپا بڕۆم، لەلایەن جەندرمەی تورکەوە گیرام و دەستنووسی وەرگێڕانی یەکەمی ئەم کتێبە و ٧٥٠ لاپەڕە دەستنووسی ترم لەلایەن ئەو جەندرمانەوە فڕێدرایە تەنەکەی خۆڵەوە.

لە دوای گەڕانەوەم و بەدرێژایی ئەو سێ ساڵەی ڕابڕدوو ئەم ڕووداوە وەك حەسرەتێکی گەورەی ژیانمی لێهاتبوو. تەنها ڕێگایەك بۆ گۆڕینی ئەم حەسرەتە بە شادییەك، بڕیاردانی دووەمم بوو بۆ دووبارە وەڕگێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە، بەڵام ئەمجارەیان لە زمانی تورکییەوە نا، بەڵکو لە زمانی فارسییەوە. هەر بۆیە لە بەهاری ٢٠٠٥ دا وەرگێڕانە فارسییەکەم کەوتە بەردەست و بەبێ پشوو دەستمدایەوە وەرگێڕان و لە دوای تەواوکردنی وەرگێڕانی دەقە فارسییەکەش دۆستی ئازیز کاك هەمزە کوێرئۆغلو لە وەشانخانەی دۆز لە ئیستانبول وێڕای سوپاسێکی زۆرم بۆی، ئەو زەحمەتەی خستە بەر خۆی و نوسخەیەکی لە وەرگێڕانە تورکییەکە بۆ هێنام و پاش بەراوردکردنەوەی دەقەکان و سەرباری زۆر جیاوازی نێوانیان توانیم بە دڵنیاییەوە دەقە کوردییەکە بنێرمە چاپخانە.

ئەوەی کە دەمێنێتەوە لەم پێشەکییە کورتەدا بیڵێم ئەوەیە کە سوپاسی مامۆستا ڕێبوار سیوەیلی دەکەم کە بە وەرگێڕانەکەدا چووەوە و ماندووبوونێکی زۆرێکی کێشا و دڵنیایی زیاتری پێبەخشیم بۆ بڵاوکردنەوەی. هەروەها سوپاسی مامۆستا موراد حەکیم و هەریەك لە هاوڕێیانم مامۆستا عەبدوڵا و کاك نەوشیروان و کاك فەرەیدون و تەواوی دۆستانی ترم دەکەم کە لە دابینکردنی شوێنێکی ئارامدا کۆمەکیان کردم و هانی زیاتریان دام بۆ تەواوکردنی ئەم کارە. هەروەها سوپاسی هەر بەڕێزێکی تر دەکەم کە ئەگەر بە تەنها وشەیەکیش بێت هاوکاری کردبم بە تایبەتی کاك بەختیار مستەفا کە لە پیتچنی بەشێکی کتێبەکەدا هاوکاری کردم.

وەرگێڕ